جۆیلّ شارۆن

# دە پرسیاری کۆمەڵناسی

وەرگێڕانی

**هێمن شەریف**

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)
سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ 121
کۆڵانی ـ 44
ژ. خانوو ـ 1

www.hoshiari.org
govarynovin@yahoo.com

ناوی کتێب: دە پرسیاری کۆمەڵناسی
وەرگێڕان بۆ کوردی: هێمن شەریف
تایپ: ئەیمەن ئەمین، نژۆ مستەفا، محمد حبیب
دیزاینی ناوەوە: ئەمیرە عومەر
بەرگ: ئەمیرە عومەر
کاروان عەبدوڵلاّ صۆفی
چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی
تیراژ: (1000) دانە
ژمارەی سپاردن: ( 1642 ) ی ساڵی 2009 ی وەزارەتی رۆشنبیری
ژ. زنجیرە : (205)
لەبلاّوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی ............................................ | 5 |
| کۆمەڵناسان چۆن لەکۆمەڵگا دەکۆڵنەوە؟ .................... | 9 |
| مانای مرۆڤ بوون چییە؟ .................................... | 39 |
| کۆمەڵگا چۆن دروست دەبێت؟................................. | 66 |
| بۆچی خەڵکی لە کۆمەڵگادا یەکسان نین؟ ..................... | 101 |
| بۆچی بڕوامان بەوە هەیەکە ئەنجامیدەدەین؟ .................. | 143 |
| پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و واقیعیەت ........................... | 157 |
| ئایا مرۆڤەکان ئازادن؟ ......................................... | 174 |
| روانگەی کۆمەڵناسی: هێزی کۆمەڵگا ......................... | 180 |
| بۆچی هەمووان ناتوانن وەکو ئێمە بن؟ ....................... | 216 |
| بۆچی بەخترەشی لەجیهاندا هەیە؟ ........................... | 249 |
| ئایا تاکەکەس گۆڕان دروستدەکات؟ .......................... | 296 |
| ئایا کۆمەڵناسی گرنگە؟ ................................ | 335 |
| پاشکۆ | |
| ئایا دەکرێت گشتاندن دەربارەی تاکەکان ئەنجامبدەین؟ ..... | 353 |

# پێشەکی

کۆمەڵناسی دیدگایەکە، شێوازێکی تێڕوانین و بیرکردنەوەیە بۆ لێکۆڵینەوەی جیهان. کۆمەڵناسی بایەخ و گرنگی خۆی دەدات بە مرۆڤ وەکو ئەندامێکی ناو کۆمەڵگا، بۆ ئێمەش، ئەگەر بمانەوێت ببینە کۆمەڵناس، مەسەلەو بابەتە کۆمەڵناسیەکان ئەشێ گرنگی خۆی هەبێت.

ئەم کتێبە سەرباری ئەوەی بۆ ئەو خوێندکارانە نوسراوە، کە وانەکانی بنەماکانی کۆمەڵناسی دەخوێنن، بۆ ڕەخنەگرانی کۆمەڵناسی کە بەزۆری ڕەخنەکانیان بێبنەمان، نوسراوە. هەروەها بۆمامۆستایان، دەروننناسان، هونەرمەندان، شاعیران و ئەو لێکۆڵەرەوانەش کە هەر لەژیانی خۆیاندا ڕووبەڕووی ئەم پرسیارانە دەبنەوە، بەڵام ئاراستەو دیدگاکانیان جیاوازە.

ئەم کتێبە دیدگای کۆمەڵناسی بەخستەڕوی دە پرسیارو وەڵامدانەوەیان دەناسێنێت، لێرەشەوە دیدگای کۆمەڵناسیانە دەخاتەڕوو.

کۆمەڵناسان هەمیشە لەبەردەم ئەم پرسانەدا ڕادەمێنن و بەدوای وەڵامەکانیاندا دەگەڕێن. کۆمەڵناسان چۆن لەکۆمەڵگا دەکۆڵنەوە؟ ئایا کۆمەڵگا دەبینرێت؟ ئایا لایەنگیریمان نابێتە بەربەست لەبەردەم لێکۆڵینەوەیدا؟ ئایا کارەکانمان دەتوانن بابەتیبن؟ ئەی بابەتیبوون خۆی چییە؟



مانای مرۆڤ بوون چییە؟ ئایا سروشتی مرۆڤایەتی ئەوەیە کە لەکاتی هاتنەدنیادا هەمانە؟ ئایا هۆش کلیلی مرۆڤایەتییە یان زمان یان کولتوور؟ جگە لەمانە، ئەی مرۆڤ چییە؟

چۆن کۆمەڵگا دروست دەبێت؟ چ شتێك دەبێتە هۆی بەردەوامیبوونی ژیانی کۆمەڵگا و مانەوەی؟ چۆن دەتوانین هاوکاری یەکتر بکەین؟ ئایا ترس و گوشارو هێز دەبنە هۆی هاوبەندیمان یان خۆمان حەزدەکەین لەگەڵ کەسانیتردا بین؟

بۆچی خەڵك لەکۆمەڵگادا یەکسان نین؟ ئایا نایەکسانی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی مرۆڤ؟ یان هەرلەسروشتی کۆمەڵگادا ڕەگی داکوتاوە، یان ئەوەتا مرۆڤەکان دروستی دەکەن؟ ئایا بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان مەحاڵ نییە؟ بۆچی بڕوامان هەیە بەوەی ئەنجامی دەدەین؟ ئایا بیرو باوەڕەکانمان بۆ کۆنترۆڵدەکرێت؟ کۆمەڵگا چۆن ئەو باوەڕانە دەخولقێنێت؟ ئایا باوەڕەکانمان هی خۆمانن؟

ئایا مرۆڤەکان ئازادن؟ ئایا بەسەر ژیانی خۆماندا زاڵین؟ ئەوهێزانە کامانەن کاریگەرییان دەبێت بەسەر بیرو باوەڕەکانمانەوە؟ ئازادی چییە؟ بۆچی بەلامانەوە گرنگە وابزانین ئازادبین؟ ئایا هەندێك لەکەسانیتر زیاتر لەئێمە ئازاد نین؟

بۆچی هەموو کەس ناتوانن وەك ئێمە بن؟ ئەی بۆچی دەمانەوێت کەسانیتر وەکو ئێمە بن؟ بەهاکان چین؟ ئیتنۆسێنتەریزم چییە؟ ئیجابییە یان سلبی؟ ئایا مرۆڤەکان جیاوازن؟

بۆچی بەختڕەشی لەجیهاندا هەیە؟ بۆچی ژیان تائەم ڕادەیە دژوارە؟ کۆمەڵگا چۆن کێشەکان دروستدەکات؟ ئایا دروستکرنی کۆمەڵگایەکی باشتر مەحاڵ نییە؟ بەخترەشی چییە؟ شیاوی ئەوەیە خۆتی لێدووربگریت یان هەر تێی دەکەویت؟

ئایا تاك دەتوانێت گۆڕان دروستبکات؟ چ شتانێك دەبنە ڕێگری؟ بۆچی کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردا دێت؟

ئایا کۆمەڵناسی گرنگە؟بۆچی؟ ئایا جیهانێکی باشتر دەخولقێنێت؟ باشتر تێماندەگەیێنێت لەخۆمان؟

ئەمانە دە پرسیارن کە ئەم کتێبە پێکدەهێنن و ئەوپرسیارە گرنگانەن کە لەڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە وەلآمیان دەدرێتەوە. ئەشێ ئەم پرسیارانە پرسیاری فەلسەفەو زانست و زانستی پزیشکی و مێژوو جوگرافیاو هتد.. بن، بەلآم لەم کتێبەدا بەتەنها وەلآمی کۆمەڵناسیانە و دیدگاکانی بەرچاو دەکەون، کتێبەکەش ناوی(دە پرسیار لەڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە) یە بەلآم پێمان جوانتر بوو ناونیشانی (دە پرسیاری کۆمەڵناسی) بکەین بەناونیشانی کتێبەکە. بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەم پرسیارانە تەنها پرسیاری کۆمەڵناسی نین و ئەکرێ هەر زانستەو بەچەشنێکی جیاواز وەلآمیان بداتەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە کتێبەکەی لەیازدە پرسیار پێکدێت، نووسەر نەیویستوە ناوی کتێبەکەی بکات بە(یازدە پرسیار لەڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە) لەبەرئەوەی چاپی یەکەمی تەنها دە پرسیار بوون و لەچاپی دووەمدا یازدەهەم پرسیاری بۆ زیاد کردووە لەشێوە پاشکۆیەکدا، پرسی کۆتایی کتێبەکەشی پرسێکی گرنگە: ئایا گشتاندن دەربارەی تاکەکان بکەین؟

پرۆفیسۆر شارۆن مامۆستای کۆمەڵناسییە لەزانکۆی ویلایەتی مۆرهید لە مینسوتای ئەمەریکا. بابەتەکانی جێی بایەخی ئەو لە کۆمەڵناسیدا، جگە لەبنەماکانی کۆمەڵناسی، هێزی کۆمەلآیەتی، دەروونناسی کۆمەلآیەتی و تیۆری کۆمەلآیەتییە.

وەرگێڕانی ئەم جۆرە کتێب و سەرچاوە زانستیانە ڕەنگە کارێکی مەحاڵ نەبێت، بەلآم سادەو ئاسانیش نییە، ئەو هەولآنەی لەم بوارەدا دەدرێن، هەوڵی تاکەکەسین نەك کارێکی دەستەجەمعی. هەرچەندە من بەشێکی سەرەکی بەئەرکی مامۆستاکانی زانکۆی دەزانم لەم بوارەدا هەنگاو بنێن نەك هەر وەرگێڕێکیتر، چونکە زانینی زمانی زانستەکە گرنگترە لەو زمانەی لێوەی وەردەگێڕدرێت. هاندەری سەرەکی منیش



لەوەرگێڕانی ئەم کتێبەدا وەکو خوێندکارێکی بەشی کۆمەڵناسی(جگەلەوەی کتێبەکەم بەشیاوی ئەوە زانیوە بەزمانی کوردی هەبێت و بەسودمەندم بینیووە بۆ خوێندکارانی ئەم بەشە، چونکە کاریگەریەکی بەرچاوی هەبوو لەسەر شێوازو گۆرانی ئاراستەی بیرکردنەوەی خودی خۆم) ویستوشمە خزمەتێك پێشکەشبکەم بە خوێنکاران و هەوادارانی کۆمەڵناسی، ئەمەش وەك وەفایەك بەرامبەر بەم بەشە بێنازەی خوێندن لەزانکۆ. هەرچەندە وەرگێرانەکەی لەچەند کاتێکی جیاوازو ڕەنگە بچڕبچڕدا ئەنجامدرابێت، بەلآم ئەمە کاری نەکردۆتە سەر یەك ستایڵی زمانی داڕشتن تیایدا.

دواجار ئەگەر چی خۆم زۆر لەوە بە بچوکتر دەبینم کە بتوانم کەمترین بۆشایی دنیای گەورەی کۆمەڵناسی بەزمانی کوردی پڕبکەمەوەو پڕکێشی ئەوە بکەم ئەدرەسی ئیمەیلەکەم بخەمە بەردەستی خوێنەران، بەلآم خۆشەویستی زۆرم بۆ کۆمەڵناسی و ئەم کتێبە، ناچارم دەکات بەوەی ئامادەبم بۆ قبوڵکردنی هەر جۆرە ڕەخنەو تێبینی یان ڕونکردنەوەیەك بەم ناونیشانە.

sharefhemin@yahoo.com

**هێمن شەریف**
**زستانی** 2009

# کۆمەڵناسان چۆن لەکۆمەڵگا دەکۆڵنەوە؟

## توێژینەوەی جیهانی کۆمەڵایەتی

### زادگای بەڵگەهێنانەوەی عەقڵی ( عەقڵگەرایی )

ئێمە بۆ زۆر شت کەیۆنانیە کۆنەکان (کە شارستانییەتەکەیان نزیکەی 300 ساڵ بەر لە زایین گەشتە لوتکە) داویانە بە جیهان، قەرزاری ئەوانین، ئەوان چەندیین شاکاریان لە پەیکەرسازی، سواڵەتکاری(هونەری قوڕکاری)، بیناسازی و هونەری شانۆییان بۆ ئێمە بەجێهێشتووە، ئەوان مێژووی بیرکاری، زانست، ئەدەبیات و دیموکراسییان خستە ژێر کاریگەری خۆیانەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی باسی ئێمەیە، تێڕوانینی تایبەتی ئەوانە لەپێناو تێگەیشتنی واقیع. کولتووری ئەوان دەستپێکەر و هاندەری لێکۆڵینەوەی فەلسەفی بوو، تا ئەمڕۆش نوسینەکانی سوکرات، ئەفلاتون و ئەرەستۆ لە مێژووی هزردا بێ هاوتان، بەڵام ئەوە بە تەنها هزرو ئەندێشەکان نین کە بەرجەستەبوون، بەڵکو تێڕوانین و ئاراستەی رەخنەیی ئەوان، تێڕوانینی بەگومانی ئەوانە کە چەقی بیرکردنەوەی رۆژئاوا پێکدەهێنێت .

فەیلەسوفانی یۆنان، لە گەڕانو وێڵبونیاندا لەپێناو تێگەیشتنی بابەتەکانو دیاردەکان، ئاراستەی رەخنەگریی ئەوانی لە بەرامبەر هزرەکاندا خولقاند — پرسیارکردن لەو هزرانەی کە خەڵکی لەو زەمانەدا باوەڕیان پێی بوو، بە پرسیارکردنی بەردەوام لە بیروباوەڕ و هزرەکان، فەیلەسوفانی یۆنانی، بەوکەسانەی گوێیان لە وتەکانی ئەوان دەگرت و ئەوکەسانەی دواجار نووسینەکانی ئەوانیان دەخوێندەوە، فێریان دەکردن کە هێزو توانا بە تەنها وەکو بنەمای حەقیقەت وەرنەگرن و بەچاوی گومانەوە سەیری بکەن کەلە کۆمەڵگای یۆنانیدا بانگەشەی راستیبوونیان دەکەن. ئەوان بەڵگەیان دەهێنایەوە کە دروستی و نادروستی هەر هزر و بیروباوەڕێك دەبێت بە پێودانگێکی بێلایەنی تاوتوێ بکرێت. پێودانگ و هەڵسەنگاندنێك کە دەبێتە رێگری ئەوەی خەڵکی شتێکیان تەنها بەهۆی ئەوەوە کە (وا هەست دەکرێ باشە) یان بەوەی بڕوایان هەیە، گونجاوە، باوەڕ بکەن. ئەم پێوانەی هەڵسەنگاندنە (بەڵگەی عەقلانی)بوو، ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن (لۆژیك)، دەتوانین بە بەکارهێنانی هێڵێکی راست دەستنیشانی بکەین کەهێڵێك درێژترە لەوی تر، بەهەمان شێوە دەتوانین بە بەکارهێنانی یاساکانی لۆژیك دەربارەی دوو هزر دەستنیشانی بکەین کامیان راسترە لەوی تر .

یۆنانیەکان بەڵگەی لۆژیکیان هێنایەکایەوەو لەوە بەدوا یاساکانی لۆژیك، کە بە تێپەڕبوونی زەمەنو دۆزینەوەی رێسای نوێ گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، بە بنەمای تێگەیشتنی دیاردە و دەرکەوتەکان لە جیهانی مەعریفەدا گۆڕاون، ئەگەر هزرێك لۆژیکیە، لە رێساکانی لۆژیکەوە دەستکەوتووە، ئەگەر هزرێك رەتدەکرێتەوە، لەبەرئەوە نییە لەو هزرە بێزارین، یان لەگەڵ ئەوبیرو باوەڕەی ئێمە لەسەری کۆکین، سازگار و گونجاو نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە ئەتوانین لەرێگەی ئەم ڕێسایانەوە بێ لایەنانە هەڵە و نادروستیەکەی بسەلمێنین. ئەمەش رەهەندی دەرخستنە کەلە دیاریکردنی هزرێکی باشدا گرنگی خۆی هەیە. پێخۆش بوون و ناخۆش بوونی ئێمە هیچ بەهایەکی نییە. بەرلە یۆنانیەکان، حەقیقەت پەیوەست بوو بەوەوەی چ کەسێك دەیدرکاند، لە کوێدا نووسرابوو، یان پێوەرە نالۆژیکیەکانیتر، ڕابەری سیاسی،

ئەوەی لایەنگران و دارودەستەکەی پێیان دەوت بڕوای پێ ئەکرد، رابەری ئایینی و مەزهەبی، ئەوەی بوونەوەرێکی میتافیزکی پێی دەوت، باوەڕی ئەکرد، بازرگان لە گۆشەی شەقامێکدا باوەڕی بەشتێك دەکرد، کە دۆستێکی باش پێی وتبوو، یان وا دەرئەکەوت باش بێت.( تەنانەت ئەمڕۆ کە بۆ زۆربەی ئێمە مایەی پرسیارە ئەگەر شتێك بەمانای حەقیقەت وەرنەگرین کاتێك بە روونی دەخرێتە روو رواستی و درووستییەکەی دەسەلمێت).

بە زمانێکی سادە، فەیلەسوفانی یۆنان فێریان کردین هزروبیرەکان ئەوکاتە ڕاستو دروستن، کە لە رێگەی پرۆسەی بەڵگەهێنانەوەی وردەوە پێیان بگەین، واتە ئەوکاتەی کە لە رێگەی رێساکانی لۆژیکەوە بیسەلمێنین، بنەمای بەڵگەهێنانەوەی لۆژیکی لەراستگۆیی پێکدەێت: هزری خۆتان بەلارێدا مەبەن تا ئەوەی ئەتانەوێت بیسەلمێنن، زێدەڕەوی تیا مەکەن، بە دەرەنجامە سەرەتایی و پەلەپڕوسکێکان باوەڕمەکەن، هاوار مەکەن لەبەرئەوەی هزرێك هەڵەیە تەنیا لەبەرئەوەی لەگەڵ بیروباوەڕی تۆدا ناسازگارە، بەگومانەوە سەیری ئەو کەسانە بکەن کە لۆژیکی نین، ئاگاداری ئەوکەسانەبن بە فێڵ ناچارتان دەکەن بەشتێك لەسەر بنەمایەکی نالۆژیکی رازی بن، لەجیاتی ئەوەدا بەو هزرو بیروباوەڕانە رازی ببن کە لەرێگەی لێکۆڵینەوەی وردەوە رێکخراوە و بەدەست هاتوون، هزرێك جیا بکەنەوە: لە تیۆرو گریمانەکانی وردبەرەوە، بەدوای کەم و کورتییکانیدا بگەرێ، بەپێی ئەو شتانەی تر کە پێشتر سەلمێنراوە و جێگیر بووە. ئەو هزرەیش شیبکەرەوەو بەشە گەورەو بچوکەکانی جیابکەرەوەو پاشان لە هەریەکەیان بکۆڵەرەوە، ئەگەر راستی بیرو هزرێك لەم رێگەیەوە بسەلمێت، ئەوکات ئەتوانیت تاڕادەیەك دڵنیابیت شتێکی نزیکت لە راستییەوە دۆزیوەتەوە. ئەگەر نا، ئەبێت رەتبکرێتەوە، بە چاوپۆشی لەوەی کێ ئەوە دەڵێت، بە چاوپۆشی لەوەی تۆ تا چ رادەیەك دەتەوێت باوەڕی پێ بکەیت، دواجاریش بەچاوپۆشی لەوەی ئەمە هەر ئەو شتەیە کە بەردەوام فێری تۆ کراوە.



شارستانییەتی یۆنان سەرەنجام رووی لە ئاوابوون کرد، هەیمەنەشی لە جیهانی رۆژئاوادا کەم بووەوە و کەنیسەکانی مەسیحی وەکو تاکە سەرچاوەی حەقیقەت دەرکەوتن و جێگەیان گرتەوە. لە ساڵی 300 زاینی تا 1400 گرنگترین ئاراستەو تێڕوانینی حەقیقەت، رۆح و ئیمان و بیروباوەڕی ئاینی بوو، چاوەڕوانی لە خەڵك ئەوەبوو ئەوەی کەنیسە فێریانی دەکرد قبوڵی بکەن و وەریبگرن، نەك ئەوەی تاکەکەس سەربەخۆ بەدوای ڕاستی و دروستی بیروهزرێکدا بگەڕێ، رۆحی شیکردنەوەی ڕەخنە و عەقلانییەت و بیروباوەڕ و هزرەباوەکان وەکو تازەگەری و گەندەڵی بیروباوەڕ ناسێنرابوو، سزاشی هەبوو. لەگەڵ دەرکەوتنی ئەمە و پاش ماوەیەك، رۆحی فەلسەفەی یۆنانی جارێکی دی لە کۆمەڵە رۆشنبیرەکاندا سەریهەڵدایەوە و بە دەرکەوتنی فەلسەفەی رەخنەیی و زانست لە سەدەی پانزەدا، گۆڕا بۆ هێزێکی بەتوانا لە جیهانی رۆژئاوادا، دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی زانستی کۆمەڵایەتی لەسەدەی هەژدەهەم و دامەزراندنی کۆمەڵناسی وەکو زانستێکی کۆمەڵایەتی لەسەدەی نۆزدەدا، لە دەرەنجامەکانی ئەم گۆڕانانەبوو و بۆ بەشێك لەو نەریتە رەخنەییە گۆڕا.

## بەڵگە هێنانەوە، زانست، کۆمەڵناسی
## پێویستبوون بە کۆمەڵناسی زانستی

هەرکات هەوڵ ئەدەم کۆمەڵناسی بۆ دۆستێکی ماتماتیکزان باس بکەم، وەڕس دەبێت و دەڵێت، (وا دەزانم تێگەشتنی بیرکاری، بە بەراوردکردن لەگەڵ هەستی مرۆڤەکاندا ئاسانە)، کاتێك لە شیکارکردنی  کێشە و بابەتە کەسی و کۆمەڵایەتی و دونیاییەکان، دوچاری سەرلێشێوان دەبین، دەردەکەوێ گشتاندن دەربارەی مرۆڤەکانیتر تەنیا بەهۆی ئاڵۆزی ئەوان کارێکی دژوارە، بەڵام تەنها ئەم ئاڵۆزیە نییە ببێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵناسی بەشێکی دژوار بێت، کەسانێك بەم وێناکردنەوە

روودەکەنە کۆمەڵناسی کە شتگەلێك دەربارەیان واتە دەربارەی مرۆڤ و کۆمەڵگا دەزانن، بە پێچەوانەی ماتماتیکەوە، چ شتێك دەتوانێت ئاشناتر بێت لە کۆمەڵناسی؟ ناچار کردنی تاکەکان بە گومانکردن بەوەی لە پێشتردا (دەیزانن)، دژوارە، رازیکردنیان بە داننان بەوەی، ئەوەی دەیزانن راست نییە، لەوە دژوارترە.

بۆ ساتێك بیر لەمە بکەرەوە، هزر و بیرەکانمان دەربارەی مرۆڤەکانو ناوەرۆکی کۆمەڵگا لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟ ئێمە لە کۆمەڵگایەکداین، فێرمان دەکات بەهزر و بەها گرنگەکانی رازی بین، کەسانێك کە فێرمان دەکەن لە کۆمەڵگا و سیستمەکەی سود وەردەگرن و بەرژەوەندیەکیان هەیە، کورتەی قسە ئەوەیە ئێمە هەموومان بوونەوەرێکی کولتوورین، هزرو بیرە بنەڕەتییەکان، بەهاو رەوشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا فێردەبین و لە وێناکردن و زەینی خۆمان و جیهانی کۆمەڵایەتیماندا بەرجەستەی دەکەین، بیروباوەڕی کولتوورێك پێویستی بە راستبوون یان سەپاندن نییە، ئێمە بەبێ پرسیارکردن لێی، پێی رازی دەبین، چونکە ئەوانە شتانێکن لە رابردووی کۆمەڵگاوە وەکو میرات بۆمان ماوەتەوە، کۆمەڵایەتیبوون لەساڵەکانی سەرەتای ژیاندا ئێمە دەکاتە بونەوەرێکی چالاکی کۆمەڵگا، بەهۆی کۆمەڵایەتیبوونی سەرەتاییەوە، هرز و بیرەکانی ئەوکەسانەی راستەوخۆ لە دەورمانن، وەردەگرین، وەکو منالآنی کەم تەمەن شتێکی لەوە باشتر نازانین، ناچار دەبێت بە دایك و باوك و کەسانی نزیك پەیوەست بین، ئەوەی ئەیزانن، فێرمانی بکەن، وردەوردە کە گەورەش دەبین، قوتابخانە، تەلەفزیۆن، هاوڕێ و هۆکارو کارتێکەرەکانی تری کۆمەلأیەتیبوون هزر و بیری زیاتر دەخەنە بەردەستمان و زۆرێك لەم هزرانەش هزرەکانی پێشوترمان بەهێز دەکەن، کاتێك دەچینە هۆڵی خوێندنەوە لە زانکۆ، رووبەڕووی مامۆستایەك دەبینەوە، کە ئەو هزرە کۆمەلأیەتیانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، یان کاتێك لەگەڵ کەسێکی بیرورا جیاوازدا روبەڕو ئەبینەوە، رەنگە بکەوینە ژێر کاریگەریەوە و بیروبڕوا و هزرەکانمان بگۆڕین، بەلآم بەرپرسیاریەتی،



سەلماندن و بەرجەستەکردنی هزرە نوێکانە، نەك بیر و باوەڕە کۆنەکان. ئێمە بەر لە ئامادەبوون بۆ رەدکردنەوەی ئەو هزرانەی سەرچاوەی گرتووە لە کۆمەلأیەتیبوونی سەرەتایی ئێمەوە (بەڵگە)یەك کەجێی باوەڕکردن بێت داوا دەکەین. **زۆربەی خەڵك هەڵسەنگاندنی جیدی بیروباوەڕیان دەربارەی مرۆڤ و کۆمەڵگا لە رێگەی بەکارهێنانی پێودانگ و هەڵسەنگاندنی فەیلەسوفانی یۆنان بە دژوار دەزانن، چونکە بەکۆمەلآیەتیبوونی ئەو بیروباوەڕە تا رادەیەکی زۆر بووەتە بەشێك لە بوونی ئەوان.**

لەگەڵ بوونی ئەمەدا، گومانکردن ئامانجی سەرەکی کۆمەڵناسییە، ئۆگەست کۆنت (1798 – 1857) بیریاری فەرەنسایی کە زاراوەی **کۆمەڵناسی** داهێنا و ڕوونی کردەوە، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ڕەوتی ڕەخنەیی یۆنانیە کۆنەکان دەتوانێت و ئەبێت دەربارەی کۆمەڵگا بەکار بهێنرێتەوە. لە راستیدا تەنانەت کاتێك ئەم رەوشانە خێراتر دەڕۆن، پێویستە بە وردی پاڵپشتبن لەسەر ئاراستەو تێڕوانینی زانستی، پێوانەی هەڵسەنگاندنێ کە تەنانەت لە بەڵگەهێنانەوەی عەقڵی پێویستترە، زانستیش داوا دەکات پێوانەی هەڵسەنگاندنێکی بێلایەنانە لەسەر راستی یان ناراستی هزر و بیرێك بەکار بهێنرێت، بەلآم ئەمە نەك تەنها ئەبێ لەگەڵ لۆژیکی راستدا گونجاوو سازگار بێت، بەڵکو دەبێ لەسەر بنەمای (بینینی ورد)یشەوە دامەزرابێت. کۆنت باوەڕی وابوو ئامانجی هەربەشێك کەبونیاد دەنرێت، واتە کۆمەڵناسی یان (زانستی کۆمەڵ)، شیکردنەوەی سروشتی وردی کۆمەڵگا لە ڕێگەی بینینی وردەوەیە ئەگەر پێویست بێت، زانستی نوێ، ئەوەی کولتوور دەربارەی کۆمەڵگا فێرمان دەکات، دەخاتە ژێر پرسیارەوە و ئاماژە بەو هزرانە ئەکات کە بینراون و جەختیان لەسەر کراوەتەوە نەك وەرگرتن و رازیبوون بەوەی لە پێشوودا بۆمان گوازراوەتەوە. لەسەردەمی کۆنتەوە تا ئەمرۆ ئامانجی کۆمەڵناسی بریتیبووە لەوەی تێبگات کۆمەڵگا چییە؟ بە چاوپۆشی لەوەی خەڵکی دەیانەوێت چی بێت. ئەمە بەڵگەی بوونی کۆمەڵناسیە و خاڵی بەهێزیشی بووە.

## سەلماندنی ئەزموونی

ڕۆحی سەلماندنی عەقلانی، ناسێنەری ئەو ڕاستیەیە کەدەبێ بنەمای حەقیقەت لە عەقڵ و لە تاووتوێکردنی وردی هزرەکانەوە بەدەست بێنین. سوکرات یەکێك لە گەورەترین فەیلەسوفان ئەمەی باشتر لە هەمووان خستە ڕوو، ڕەوشی لێکۆڵینەوەی سوکراتی کۆمەڵێکی لێکدانەبڕاوە لە پرسیارەکان، ئەو پرسیارانەی ڕووبەرووی کەسێك دەبێتەوە، بەم ڕەوتەی، گومانە بیرلێنەکراوەکانی وردی خەڵك و دەرەنجامە نا لۆژیکیەکانی و بەڵگە لاواز و بێهێزەکان کە بۆ کۆمەڵێك لە خەڵکی جێی پاڵپشتی و هێز بوو، دەخستە ڕوو. سوکرات بە پرسیارەکانی پتر لەوەی حەقیقەت دەربخات پێچەوانەی حەقیقەتی دەخستە ڕوو. بەم کارەی دەبووە هۆی ئەوەی خەڵکی ئەو سەردەمە بەشێوەیەکی وردترو بیرمەندانە تر بەدوای حەقیقەتدا بگەڕێن .

ئەم جەختکردنەوەیە لەسەر بەڵگە هێنانەوەی عەقڵی، زانستی هاوچەرخی بونیادنا. گومانی فەلسەفی و ئەو هزرەی کە دەبێ بەهۆی پێوانەی هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەی عەقلانییەوە بەدەرەنجامێکی ورد بگەیت، گۆڕدرا بۆ بەڵگە هێنانەوەیەك کە بنەما وبناغەی زانستەکەی پێکهێنا. ئەو بەڵگەهێنانەوەیش بە **سەلماندنی ئەزموونی** ناسراوە. سەلماندنی ئەزموونی لە هەڵسەنگاندنی ڕاستی یان ناراستی هزرێکدا، پشت ئەستورە بە بینینی ورد. هزروبیرێك بەهۆی عەقڵەوە دروست دەبێت، بەلآم پێویستە بە شێوازی تاقیکرنەوە ئەزموون بکرێت. واتە ئەوەی دەتوانین لە جیهانی دەوروبەرماندا ببیبینین و ئەزموون بکرێت. ئایا ئەم هزرە بە بینینی تەواو لە تاقیگەیەکدا یان بەهۆی میکرۆسکۆب یان تەلەسکۆب دەگونجێت؟ ئایا ئەو هزرە لەگەڵ ئەوەی ئێمەدا کەلە ژینگەی سروشتی ژیانی ڕۆژانەدا و پێشینەی مێژوویی یان لەهەڵبژاردنەکانی حکومەتدا دەیبینین، سازگارە ؟

تەنانەت یۆنانیەکان زۆرجار سودیان لە سەلماندنی ئەزموونی وەردەگرت. لە ڕاستیشدا هەندێك سەلماندنی ئەزموونی دەگەڕێننەوە بۆ ئەرخەمیدس "بیریاری ناوداری یۆنان و یەکێك لە یەکەمین زاناکانی مێژوو". ئەرخەمیدس دەیویست بزانێت چۆن ئەتوانێت قەوارەی شتێکی کەڵەکەبوو (وەکو تاجی پاشایەتی) بپێوێت. دیارە قەوارەی تاجێك ناکرێت بە پشت بەستن بەهێڵکێشان لەسەری پێوانە بکرێت، چونکە شێوەکەی وا دروست کراوە ئەم کارە ئەستەم بێت. ڕۆژێك لە کاتی خۆشۆردن لە حەمام، هەستی بەوە کرد لەکاتی چونە ناو ئاوەکە، ئاوەکە سەردەکەوێت و کاتێ دێتەدەر ئاوەکە دادەبەزێت. بروسکەیەك لەهزریدا بوە هۆی ئەوەی وەلآمەکەی دەستکەوێت: بۆ دۆزینەوەی قەوارەی هەرشتێك، ئەوەندە بەسە دەفرێك ئاو کە بەهۆیەوە شتەکە جێگۆڕکێ دەکات پێوانە بکەین دەگێڕنەوە ئەرخەمیدس بە ڕووتی ڕای کردە سەر جادە و هاواری دەکرد (دۆزیمەوە ! دۆزیمەوە ! )

ئەرخەمیدس چۆن وەلآمی پرسیارەکەی دۆزیەوە؟ بە زمانێکی سادە دەتوانین بڵێین بینی. ئەم نموونەیە بە باشی نیشانی ئەدات کە سەلماندنی ئەزموونی چییە؟ ئەو بەڵگەیەیە کە دەبینرێت. لەوە گرنگتر ئەوەیە کاتێك هزر و بیرێك لەڕووی بەڵگەی ئەزموونییەوە پاڵپشتی لێدەکرێت، خەڵکیش دەتوانن تیایدا بەشداربن و لە بارودۆخی جیاوازدا ببیبینن. سەرەنجام ئەم جۆرە سەلماندنە بنەمای هەموو زانستەکانی پێکهێنا لە فیزیا و بایۆلۆژییەوە بگرە هەتا دەروونناسی و کۆمەڵناسی.

سەلماندنی عەقڵی و سەلماندنی ئەزموونی هەردووکیان پێوانەی هەڵسەنگاندن و ئەندازەگیرین. ئەوە بیروباوەڕی خەڵك نییە کە حەقیقەت دیاری دەکات، بەڵکو **چۆنییەتی گەشتن بە بیروباوەڕەکانیانە** حەقیقەت دەستنیشان دەکات. ئایا دەکرێ ئەو بیروباوەڕە بە فۆڕمێکی عەقڵی یان ئەزموونی بسەلمێنرێت؟ یان تەنها و تەنها لەبەرئەوە قبوڵ دەکرێ چونکە کەسێك وا دەڵێت یان لەبەرئەوەی وانوسراوە؟ سەلماندنی عەقڵی یان ئەزموونی شتێکە بەو مانایەی کە ناچارین لە ڕەهەندێکدا هەنگاو بە هەنگاو، بە ڕوونی باسی بکەین چۆن گەشتووینەتە دەرەنجامەکان بۆئەوەی کەسانی تر بتوانن چاو بخشێننەوە بەو شتەی ئێمە سەلماندوومانە.

بۆئەوەی بتوانن بەڵگە و بینراوەکان تاوتوێ بکەن، بەڵگەیتر بخەنە بەردەست، یان دەقاودەق هەمان پرۆسەی ئێمە دووپات بکەنەوە یان بزانن ئەم بەڵگانەی ئێمە تاچ رادەیەك گونجاون، ئەمە شێوازێکی بنەڕەتیە لە فەلسەفە و زانستدا، بە واتایەکی دی ئەمە پرۆسەی دیموکراتیە، چونکە بەڵگەکان پەیوەستی کەس نین. هەر شتێك ناسراوە پێویستە لەگەڵ کەسانیتردا باس بکرێت تا ئەوانیش دەرفەتیان بۆ هەڵسەنگاندنی هەبێت.

سەلماندنی ئەزموونی، بنەمای **کۆمەڵناسی** و زۆرێك لەهزرە باسکراوەکانی ئەم کتێبەیە. ئەم ڕەوشە بنەمای دەرەنجامەکانە لە بەشەکانی تری کۆمەڵناسیدا لە لێکۆلینەوەی خێزان و ئاین هەتا توێژینەوەی شۆڕش و کولتوور. بینین بنەمای زانستە و کەوابوو بنەمای کۆمەڵناسیشە. بەڵگەیەك شیاوی رازیبوون بێت ئەو بەڵگەیە کە تاکەکەس بتوانێت **بیبینێت** و لەگەڵ کەسانی تردا بەشداری تیادا بکات. بۆئەوەی ئەوانیش بتوانن بیبین، پێی ڕابگەن، ڕەخنەی لێ بگرن، پەرەی پێ بدەن، یان ڕەدی بکەنەوە، بینین دەتوانێت لە تاقیگەدا یان لەژینگەی سروشتیدا بێت. ئێمە دەتوانین کەسانی ناسراو، ئەو پرسیارانەی کەلە فۆڕمی پرسیارەکەدا نیشانەی لێ دراوە، بیرەوەری و یاداشتەکانی رۆژانە و نامەکان ببینین. دەتوانین کەسەکان لە کۆمەڵێکدا، کۆمپانیایەکدا، گروپێکی ئاییندا، تیپی وەرزشیدا، یان لە سوپادا ببینین. دەتوانین وتەکانی ڕابەرە سیاسییەکان، وتارە نوسراوەکانی رۆژنامەکان، کتێب و پرۆگرامەکانی خوێندن، یان گۆڤارەکان ببینین. هەندێکجار بینین تارادەیەك ئاسانە، بۆ نموونە تێبینیکردنی ئەوەی چەند کەس ژمارە (1)ی بۆ پرسیاری (7) لە فۆڕمی پرسیارەکەدا نیشانەی لێداوە، یان چەند کەس لە هەموویاندا لە خوار تەمەنی21 ساڵیەوە لە ساڵی 1993 لە مینسوتا خۆیان کوشتووە. هەندێکجاریش بینین زۆر دژوارترە و لێکۆڵەرەوان دەبێ لە ڕوانینەکانیاندا زۆر بە تەرکیز و وردبن، چۆن کەسانی هەژار بەدوای کاردا دەگەڕێن؟ چۆن سەرمایەداران لە حکومەتدا خۆ



دەنوێنن؟ کوڕە چکۆلەکان چی بە کچەچکۆلەکان دەڵێن کەرەنگدانەوەی تێگەیشتنی ئەوان لەرۆڵە جنسیەکانە ؟ بەچاوپۆشی لەوەی پرسیارەکە چی بێ، ئەگەر توێژەران بەکاری کۆمەڵناسیدا سەرقاڵ دەبن، پێویستە سود لە بەڵگە و بینراوە ئەزموونییەکان وەرگرن بۆ سەلماندنی هزر و بیرەکانیان. ئەو بەڵگە و بینراوانەی کەسانی تریش بتوانن بیبینن و کۆنترۆڵی بکەن.

دوو نموونە دەربارەی کاری ئەزموونی لە کۆمەڵناسیدا، ئاشناتان دەکات بەوەی کۆمەڵناسان چۆن ((دەبینن)). یەکەم نموونەمان لێکۆڵینەوەکەی دۆرکهایمە دەربارەی هۆکاری خۆ کوشتن لە کۆتایی سەدەی پانزەدا .

دۆرکهایم نیگەرانی ئەو ڕێژە زۆرە بوو لە خۆکوشتن لە زۆرێك لە کۆمەڵە و کۆمەڵگاکان لە ئەوروپادا. ئەو توانی بە لەبەرچاوگرتنی رێژەی خۆکوژیەکان لە هەر سەدهەزار کەس لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، هەست بە رێژەی خۆکوشتن بکات. پەیوەندیەکی شیاوی سەرنجی لە ڕێژەی خۆکوژی لەفەرەنسا لەماوەیەکدا دۆزیەوە و تێگەیشت کە ڕێژەی خۆکوژی لە فەرەنسادا بە بەراورد لەگەڵ هەندێك کۆمەڵگایتردا زیاتر و لە هەندێك کۆمەڵگای تر کەمترە. درۆکهایم نەیویست بزانێت ئەو رێژەیە لە نێوان کۆمەڵگاکاندا جیاوازە و بۆچی لە نێوان کۆمەڵەکانی ناو کۆمەڵگایەك جیاوازن، دواتر ئەو تیۆر و گریمانەیەی خستە روو کە ئەم رێژانە تاڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری یەکیەتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگاکاندان، واتە کاریگەریەکەی لە یەکانگیری و یەکپارچەیی کۆمەڵگاوەیە. ئەو نەیدەتوانی رێژەی یەکگرتویی.. کۆمەڵایەتی.. ((ببینێت))، لەبەرئەوەی، ئەوەی بەشێوەیەکی لۆژیکی دەربارەی یەکگرتویی لە کۆمەڵە جیاوازەکاندا بیری لێدەکردەوە، پراکتیزەیی کرد. بۆ نموونە بەڵگە دەهێنێتەوە کە کۆمەڵانی کاتۆلیك ڕێژەی یەکیەتی کۆمەڵایەتیان زیاترە لەچاو کۆمەڵانی پرۆتستان. چونکە کاتۆلیکەکان زیاتر لە کەنیسەدا ڕیشەیان هەیە، لەکاتێکدا پرۆتستانتەکان جەخت لەسەر پەیوەندی تاك بە خواوەند

دەکەنەوە. لەگەڵ ئەوانەشدا درۆکهایم دەیسەلمێنێت کە گۆمەڵگای یەهودی زیاتر لە هەردوو کۆمەڵگای کاتۆلیك و پرۆتستانت یەکگرتوو و یەکپارچەیە (چونکە یەهودیەکان لە ئەوروپای کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، مەزهەبەکەیان لە تەواوی لایەنەکانی ژیانی رۆژانەیاندا، زاڵ بووە).

کەوابوو درۆکهایم ئامادەبوو بینراوی پەیوەندیدار بەڕێژەی خۆکوژیەوە هەست پێبکات. ئەوەی چاوەڕوانی دەکرد دۆزیەوە، کۆمەڵگاکانی پرۆتستانی زۆرترین ڕێژەی خۆکوژیان هەبوو. کۆمەڵگاکانی یەهودیش نزمترین ڕێژەی خۆکوژی.. کۆمەڵگاکانی تریشی لەبەرامبەریەکدا دانا و بەراوردی کردن، کۆمەڵگاکانی شاری لە بەرامبەر کۆمەڵگای لگوند نشین، کەسانی دەرچووی زانکۆ و ئەوانەی کەزانکۆیان نەخوێندبوو، لە هەردوو کۆمەڵگاکانی تاکگەراتر ڕێژەی خۆکوژیان زیاتر بوو. درۆکهایم ئەو زانیاریانەی تاوتوێ کرد کە حکومەت کۆی کردبوونەوە. زانیاری کەم وکورت، ناتەواو، رەنگە لایەندار. هەڵبەتە پێویست ناکات تێورەکەی ئەو دەربارەی یەکیەتی کۆمەڵایەتی و ڕێژەی خۆکوژی قبوڵ بکەین، بەلاّم ئەوە گرنگە کە دەزانین چۆن بیری دەکردەوە و چۆن سەرنجی داوە و بینیویەتی. دەتوانرێت هەمان زانیاری بۆ چاوخشاندنەوە بەکارەکەی ئەودا ببینین و لێی بکۆڵینەوە یان دەتوانرێت نیشان بدرێت هەمان زانیاری دەکرێت لە ڕێگەی ترەوە هەست پێ بکرێت. ئێستاش دەتوانین لە ئەمەریکا یان لە هەر شوێنێکی دی جیهان زانیاری بەدەست بێنین و لێی بکۆڵینەوە. ناچارنین وتەی درۆکهایم بۆ هەموو شتێك بە پێویست بزانین .

نموونەی دووەم توێژینەوەیەکە (روزا بێت کانتەر) لە ساڵی 1977 بلاّوی کردۆتەوە. کانتەر خوازیار بوو بزانێت چۆن سیستەمی ڕێکخراوە گەورەکان، بەپێی ناوەرۆکیان لە دژی یەکسانی لە نێوان پیاوان و ژناندا کار دەکەن؟ ئەو ئەیزانی چەندین ڕێگەی بۆ (بینین)ی پیاوان و ژنان لە کۆمپانیا گەورەکاندا هەیە، ئەو ئەیتوانی بەدواداچونێکی سەرانسەری ئەنجام بدات، ئەیتوانی لەگەڵ بەرپرسەکانی



کۆمپانیا گەورەکان گفتوگۆ بکات، یان ئەیتوانی دەربارەی ڕێژەی ئەوژنانەی لە بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبردن یان لە دەستەی بەڕێوەبەرانن لە کۆمپانیا گەورەکاندا زانیاری کۆبکاتەوە. بەلاّم ئەوەی کانتەر بڕیاریدا لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ بوو دەربارەی کۆمپانیایەکی گەورە. کانتەر بۆ نموونە چەند فۆڕمێکی پرسیاری لەڕێگەی پۆستەوە بۆ هەندێك لە فرۆشیاران و بەرپرسانی فرۆشتن نارد. لەگەڵ زۆرێك لەکارکەران دەربارەی کارو سەرقاڵیان لەکۆمپانیادا گفتوگۆی کرد. بەچەشنێکی ڕێکخراو سەد فۆڕمی هەڵسەنگاندن کە لەڕێگەی کاری سکرتێرەکانەوە پڕکرابووەوە، تاوتوێ و خوێندنەوەی بۆکرد. لە باس و خواسە گشتیەکاندا ئامادەبوو، بەرنامەی فێرکاریەکانی تەماشا کرد و کۆمەڵێك بەڵگەنامەی لە دەرەوەی کۆمپانیادا دراسە کرد.

بەشێوەیەکی ناڕەسمی لەگەڵ فەرمانبەران لەکاتی نانی نیوەڕۆدا، لە ساڵۆن و هۆڵی کاردا، لە هەرشوێنێکیتر کە دەیتوانی بیانبینێ، چاوپێکەوتنی ئەنجام دەدا. دیارە سەرکەوتنی توێژینەوەکەی بەوەوە پەیوەست بوو تاچ رادەیەك بتوانێت زانایانی تری کۆمەلاّیەتی ڕازی بکات کە ڕەوشەکانی وردو بابەتیانە بوە. خاڵی بەهێزی توێژینەوەکەی ڕۆچون و وریایی ئەو بوو کەدەیتوانی لەلێکۆڵینەوە لەکۆمپانیایەکی گەورە بەدەستی بێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەکار دەبرد لە بینیندا. خاڵی لاوازیش ئەوەبوو تەنها بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەیەك کۆمپانیا کات و بودجەی ئابووری تەواوی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا پێویست ناکات باوەڕ بەدەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەی ئەو بکەین. ئێمە ئەتوانین توێژینەوە لە روویەکی ترەوە ئەنجام بدەین، دەتوانین دەرەنجامەکانی ئەو لەگەڵ دەرەنجامەکانی تردا لە بەدواداچونەکانیدا بەراورد بکەین. دەتوانین توێژینەوە و بەدواداچونی سەرتاسەری کۆنترۆڵکەین یان خۆمان ئەنجامی بدەین. یان دەتوانین

زانیاریە دەسهاتووەکانی دەوڵەت، کە پێشتر دەربارەی هەموو کۆمپانیا گەورەکان کۆکراونەتەوە، تاوتوێ بکەین.

ئەمانە باشترین لێکۆڵینەوە نین لە کۆمەڵناسیدا، بەڵام نموونەی باشن بۆئەوەی بزانین بینینی ئەزموونی چییە. لەساڵی 1918 (تۆماس و زنایکی) زانیارییەکیان دەربارەی جوتیارانی بەڕەگەز هەنگاری کە نیشتەجێی ئەمەریکا بوون، بڵاو کردەوە. تیایدا یادەوەری و یاداشتەکانی رۆژانە و نامەکانی ئەم کۆچبەرانەیان تاوتوێ کردبوو. لەساڵی 1920 (فریدریك تراشەر) و هاوکارانی دەربارەی سەدان شەقاوەو چەقۆکێش و لادەرو تاوانبار لە شیکاگۆ، لەگەڵ بینینی رەفتار و خوەکانی ئەندامانیان لەسەر شەقامەکان و گفتوگۆ لەگەڵیاندا لێکۆڵینەوە و بەدواداچونیان کرد. (رۆبەرت و هیلین لیند) لە بارەی کۆمەڵگای (مانسی) لە ئیندیانا بە دەمپرسیارکردنەوە ماڵ بەماڵ خەڵکی دەگەڕان لە پێناو هەستکردن بە چینی کۆمەڵایەتی و تواناکانی لە کۆمەڵگادا. لە ساڵی 1944 (گونار میردال) لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی دەرباری پەیوەندییە نەژادییەکان بڵاوکردەوە. لێکۆڵینەوەکەی لەسەر بنەمای بەدواداچون و بینینی بەڵگە و بەڵگەنامە و مۆزەخانەکان و رەفتاری بەرامبەری کۆمەڵایەتی رۆژانە و ڕوداوە کۆمەڵایەتییەکان بوو. لە ساڵی 1970 (سامۆئیل ستوفەر) و هاوکارانی لێکۆڵینەوەیەکی گەورە و بەبایەخیان دەربارەی سەربازانی ئەمریکی لە جەنگی جیهانی دووەم بڵاوکردەوە. لەساڵی 950 (ئۆدۆر ئادیرنۆ و هاوکارانی لەسەر بنەمای بیستراو بینراوەکانی خۆیان لە گفتوگۆ وپرسیارنامەکانی خەڵکدا دەربارەی تێروانینی تاکەکان سەبارەت بە کەمینەکان لێکۆڵینەوەیەکیان ئەنجامدا بەناوی (کەسایەتی پەیڕەوکەر –کەسێك پەیرەوی لەکەس یان گروپێکی تر بکات–) لەساڵی 1950. (رۆبێرت بێلز) لێکۆڵینەوەیەکی بەشێوەیەکی ئەزموونی لەبارەی (رابەری لە گروپە بچوکەکاندا) ئەنجامدا، ئەمەش بە بینین و بەدواداچوونی وردو درشت و گفتوگۆکردن لەگەڵ



گروپە بچوکەکاندا. (فی سی رایت میلز) لەسەر (هێز و توانا) لە ئەمریکادا لێکۆڵینەوەی کرد ئەمەش بە ناردنی نامەی تاکەکان لەپەراوێزە جۆراوجۆرەکان و رۆژنامەکاندا. (ویلیام سۆڵ) لە ساڵانی 1960 و 1970 دەیویست بزانێت چۆن چینی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر سەرکەوتن هەیە لە سیستمی فێرکردن لە ئەمریکادا. لەبەرئەوە بە راپرسیەکی گشتی لەخوێندکاران، ئەوانی لە سەرتاسەری سیستمی فێرکردن لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا خستە بواری توێژینەوەوە. (گاری ئالان فاین) پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوونی بەر لەنەوجەوانی لەڕێگەی چۆنییەتی رەفتاری کوڕان لەتیپە وەرزشیەکانی بالەی لیتل لیگ تاوتوێ کرد. ژمارەی لێکۆڵینەوەکانی ئەزموونی لەکۆمەڵناسیدا لەوە زیاترە بتوانین ناویان بهێنین، بەڵام ئەم کورتەیە تارادەیەك نیشانمان دەدات چۆن بینین لەبەرامبەر تەکنیکی لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر و فراوان لەم سەدەیەدا سود و کەڵکی لێ وەرگیراوە.

## بینین لە کۆمەڵناسیدا

کۆمەڵناسی زانستێکی تایبەتە. بینینی گروپەکان، کۆمەڵەکان، هێز، رەفتاری بەرامبەر، یان چینە کۆمەڵایەتییەکان ئاسان نییە. چونکە هەموو ئەوانە شتی سروشتی وەکو گەلا، پێست، تاوێر یان ئەستێرە نین. بینینی هزرەکان یان بەهای تاکەکان، ئەخلاق یان ئومێدەکانیشیان ئاسان نییە. لەبەرئەوە زانا دەبێت ببینێت چۆن مرۆڤەکان خۆیان نیشانی بەرامبەر دەدەن وچی دەکەن، چی دەڵێن و چی دەنوسن؟ ئەوکات دەبێ ئەو دیوەی بابەتەکان ببینین و بونی راستیەکی کۆمەڵایەتی شاراوەتر بەدەست بێنن. بەم پێیە کاتێك تاکەکان پێکەوە کار دەکەن، ئێمەبوونێکی گروپی دەبینین، ئەوکاتەش تایبەتمەندیەکانی گروپەکان و شێوازی پێکهاتن و کارایان و کاریگەریان لەسەر رەفتاری تاکەکەس لە بینینەکانماندا دەستدەخەین. بۆ نموونە کاتێك درۆکهایم هەولێدا لەکۆمەڵگا تێبگات، سەرنجی

خۆی چڕکردەوە لەسەر دروشمەکانی خەڵك، بێحورمەتی ئەخلاقی. ئەو نیشانی دا چۆن ئەم رەفتار و باوەڕانە هەژموونی کۆمەڵگا بەسەر خو و رەفتاری مرۆییەوە دەردەکەون و پێویستیەکانیانی لەپێناو مانەوەی کۆمەڵگادا خستەڕوو.

کۆمەڵناسان تێروانینێکی تەسکبینانە و نەشیاو بۆ نەرمی نواندنیان دەربارەی زانست نییە. بە پێچەوانەوە، بە بڕوای ئەوان زانست دەبێ ناسراو و دیار و ڕەوشەکانی جۆراوجۆر بن، ئەوان رازی بەوەی کە دڵنیایی (ڕێژەی 100٪) ئەستەمە، لەبەرئەوە دەبێت هزرەکانیان دەبێت ئەزموونی و کاتیی بمێنێتەوە. ماکس ڤێبەر بڕوای وایە دەبێت هەموو زاناکان ئامادەبن پێچەوانەبوونی بیروڕا و هزرەکانیان بە دەرکەوتنی دیاردەی نوێ لە قۆناغی ژیانی خۆیاندا ببینن، بەتایبەتی ئەو زانایانەی لەمرۆڤ دەکۆڵنەوە. ئەو جەخت دەکاتەوە کەبابەت و خاڵی شاز بۆ هەموو دەرەنجامەکانی ئێمە بوونی هەیە، بەڵام ئەو بابەتە شازانە حاشا لەدەرەنجامەکان ناکەن بەڵکو، زیاتر بۆ شێوەیەکی کاتی و ئاڵۆز دەیگۆڕن. بۆ نموونە تاکەکان لە هەمان چینی کۆمەڵایەتی کەتیایدا لەدایك بوون ژیانی خۆیان دەبەنە سەر، بەڵام هەمووان بەو جۆرە نین. ئێمە دەبێت بپرسین بۆچی لەدایکبونمان بەم ئەندازەیە لەدیاریکردنی پێگەی کۆمەڵایەتیدا گرنگە و بۆچی شازەکان بوونیان هەیە. لەگەڵ هەموو دەرەنجامگیریەکدا پرسیار و رەوتی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە دروست دەبێت و لەگەڵ هەر دەرەنجامگیریەکدا کەسانی بەگومان بڕیار دەدەن بەشێوازێکی جیاواز تاقییان بکەنەوە، حەقیقەت کۆتایی نییە، تا کۆمەڵناسی و (زانستەکانیتر) دەستنیشانی بکات. ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوام و هەمیشەییە و تیایدا زاناکان لە ڕێگەی نوسینەکانیانەوە هزر و بەڵگەکانی خۆیان دەخەنە ڕوو و چاوەڕوان دەکەن تا خەڵك پێی رازی یان نارازی بن.

خۆپارێزی کۆمەڵناسان لە رازیبوون بەروانگەیەکی تەسکبینانە لە بارەی زانستەوە لە توێژینەوە جۆراوجۆرەکان و داهێنەری ئەواندا دەبینرێت. کۆمەڵناسان



بەئەزموونکاری تاقیگەیی سەرقاڵ نابن، میکرۆسکۆب بەکارناهێنن. مشکەکان لە ڕێگا ئاڵۆز و تەنگەکاندا راونانێنت. مادە کیمیاییەکان لە بۆریەکانی تاقیگەدا تیکەڵ ناکەن. ئەوان هەرکات بتوانن لە ئەزموونگەری تاقیگەیی سود وەردەگرن. بەڵام ئەم جۆرە تاقیکاریانە لە کۆمەڵناسیدا کەمتر لە زانستە تایبەتەکانی تردا باوە. هەرچەندە زاڵبونی تەواو بەسەر ژینگە بۆ دڵنیابوون لەبەرهەمی ئەنجامەکان گونجاوە بەڵام بەزۆری ئەم کارە ئەستەمە. دەبێت ئێمە ئەو بارودۆخانەی بەتەواوی زاڵ نین بە سەریاندا ببینین و تا ئەو جێگەیەی ئەستەم نییە و دەسئەدات چاودێری بکەین تا ئەوەی بەڕاستی رودەدات بسەلمێت و بیزانین کە پێویستە دەربارەی ئەو دەرەنجامەی بەدەستی دێنین خۆبەکەمزان، بێفیز تر بین لە زانایانی فیزیا و کیمیا. ئەگەر بمانەوێ هزرێك دەربارەی ئەوەی بۆچی گۆڕانی کۆمەڵایەتی روو دەدات تاقیبکەینەوە، دەتوانین ڕوداوەکان بە وردی ببینین و ئەو زانیاریانەی بڵاوکراونەتەوە لەرۆژنامە و لێدوانە گشتیەکان لەئەوروپای رۆژهەڵاتی ئەمڕۆدا کۆبکەینەوە و بەراودی بکەین لەگەڵ ڕوداوە هاوشێوەکان، رۆژنامەکان و لێدوانەکان لەئەوروپای ڕۆهەلاَت لەنیوەی سەدەی نۆزدەدا. بینینی ڕێك و نەزمداری خەڵك دژوارە. ئێمە دەبێت ڕەوشە داهێنەرەکان بخولقێنین کە گونجاو بێت لەگەڵ ئاڵۆزی بابەتێك کە دراسە و بەدواداچوونی لەسەر دەکرێت واتە_ کۆمەڵگای مرۆیی_ بن. لەبەرئەوەی هێزی بزوێنەری مرۆڤەکان بەزۆری هزرەکان و بەهاکان و تێڕوانینەکان و ئارەزوە ئەخلاقیەکانن کە ناتوانرێت ببینرێن بەڵکو تەنیا دەتوانین لەرێگەی فۆڕمی راپرسی، گفتوگۆ و شیکاری وتەکان و نوسراوەکانی ئەوانەوە هەستی پێ بکەین. بۆ هەستکردن بەدژایەتی، هاوکاری نابەرابەری، سازگاری و دەسەڵات کۆمەڵناسان کەسەکان لەناو گروپەکان و لەهەرکوێ بتوانرێ بدۆزرێنەوە، دەبینن، ئەوان دەچنە کۆمەڵگایەکەوە بۆماوەی ساڵێك یان دوو ساڵ لێتوێژینەوەی لەبارەوە دەکەن. ڕێژەی تاوان و سەرپێچییەکان، ڕێژەی خۆکوژی، ڕێژەی تەلاَق و ڕێژەی بێکاری

تاووتویٚ دەکەن تا بزانن چ تایبەتمەندیەك کۆمەڵگایەك دیاریکراو دیاری دەکەن. کۆمەڵناسان سروتەکانی ژیانی رۆژانە و سروتە رەسمیە ئاینزا-مزهەب- ەکان دەبینن تا بزانن خەڵك دەربارەی ژیانیان چۆن بیر دەکەنەوە. یەکبەیەکی خو و رەفتارە مرۆییەکان، دەتوانێت ببێتە بابەتی توێژینەوەی کۆمەڵناسان، چونکە دەتوانن یاریمەتیمان بدەن مانای وێنەیەکی گەورەتر کە بەئاسانی نابینرێت بدۆزینەوە. ئەوەی لە بینینەکانماندا شیاوی دڵنیابونن، هەڵدەگرین، ئەو دەسکەوتانەی باوەڕمان پێیەتی دەپارێزین و ئەو ئەندێشانەی پشت ئەستور بە بەڵگە و بینراوەکان نین، پشت گویٚ دەخەین.

## **بابەتیبوون لەزانستدا**

زانست تەنها بینین نییە، بەڵکو **بینینی ورد**. ئامانجی زانست بینینەوەی بینراوەکانی ئێمەیە و هاوکاری کردنی ئێمە تا دیاری بکەین ئەوەی کە دەیلێین، بینیمومانە.، لە راستیدا (**بوونی هەیە**) نەك ئەوەی دەمانەوێت بیبینین. ڤێبەر زانست و زانستی کۆمەڵناسی وەکو زانست- لێکۆڵینەوەی (خاڵی لە بەها) پێناسە دەکات: هەوڵێکە بۆ بینیی ورد و بابەتی جیهان (بەوجۆرەی کە هەیە) نەك ئەو جۆرەی ئێمە دەمانەوێت. مەبەستی ئەوەیە تاکە بەڵێنی ئێمە دەبێت بەتوێژینەوەیەکی زانستی بێت، دەرەنجامەکانیشمان هەمیشە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر ناتەواو دەمێننەوە.

بابەتی بوون بە واتای بینینی جیهان بەیەك (شت)، جودا لە خۆمان و جیاکردنەوەی لە هەستە زەینییەکانمان تا ئەو شوێنەی ئەگەری هەیە. هەرچەندە کارێکی ئاسان نییە. چاوەکانمان فریومان دەدەن. ئێمە بە سروشتی خۆمان ئەوەی دەمانەوێت بیبینین، دەیبینین. ئارەزوو دەکەین شتەکان بەپێی ئەوەی لەکۆمەڵگای خۆماندا فێر بووین ببینین، بەپێی ئەو هزر و بەهایانەی خومان پێوەگرتوون و



هەستی دڵنیاییمان پیٚ دەبەخشن. زانست ئەم لایەنگیریە دەناسێنێتەوە و لێکۆڵەر ناچار دەکات بەسەریدا سەرکەوێت. ئەمە بەڵگەی پشت بەستنی ئێمەیە بە رێبازێکی زانستی کەشتێك زیاتر لە کۆنترۆڵی سیستماتیك و و رێك و پێکی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە نییە. ئەمە بەڵگەی بوونی رێساگەلێکە کە زانایان رێکەوتون لەسەرخستنە رووی بابەتێك، دارشتنی بیرۆکەیەك، ئەزموونی ئەو بیرۆکەیە، ئەنجامگیری و پەیوەندی ئەو ئەنجامگیریە بەو بابەتەی لەسەرەتاوە باس کراوە، بەدواداچونی بۆ بکەن. یاسا ورد و بیرلێکراوەکان، رێنومایی زانایان دەکات چۆن بیردۆزێکی باش بخولقێنن، چۆن نمونەیەك دیاری بکەن، چۆن لێکۆڵینەوەیەکی ورد ئەنجام بدەن، چۆن رێنومایی خوێندنەوەیان بکەن تا تەنیا لەسەر ئەو بابەتەی کە دەیانەوێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، تەرکیزی پێبکەن. رێنوماییە وردەکان نیشانی زانایان دەدات کە چۆن زانیاری بە توێژەرانی دیکە بدەن کە بەچ شێوازێك هزرێك فۆرمەلە بوە. چۆن ئەزموون بەدەست هاتوە، چ شتێك بینراوە و چۆن دەرەنجامەکان چۆن راڤە کراون. هەموو ئەو رێسایانەی پێویستە زانایان لەبەرچاوی بگرن ئامانجێکی بنەڕەتیان هەیە. تا ئەو جێگەی ئەگەری هەیە چاودێری ئەوە بکەن کەکارێك کە ئەنجام دەدرێت بابەتی بێت و لایەنگیری تاکەکەسی زانا تا ئاستێکی بەرچاو کەم بکاتەوە.

هەڵبەتە بابەتی بونی تەواو، بەتایبەت کاتێك باسەکە توێژینەوەی کۆمەڵگا و مرۆڤ بێت، ئەگەری نییە. بەدەست هێنانی بابەتی بونی تەواو بەئەگەری زۆر لەزانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دژوارترە لەزانستە سروشتیەکان تەواو و رەنگە لە کۆمەڵناسیدا ئەستەمتر بێت لە هەر زانستێکیتری کۆمەڵایەتی. هەموو زانایان لایەنگیریەکی زۆریان هەیە کە هیچ کات ناتوانن بە تەواوی لێی بەئاگا بن و ئەمە لایەنگیرانەیش کەم تا زۆر لەلێکۆڵینەوەکانی ئەواندا رەنگ دەداتەوە. جەخت کردنەوە لەجیهانی کۆمەڵایەتی نەك جیهانی ژیاری لایەنگیری زیاتر لەکۆمەڵناسیدایە، بەهەمان شێوە کەجەخت

کردنەوەی دەروون ناسی بۆ گەشە کردنی تاك پشت ئەستورە، ئەو پرسیارانەی دەیانپرسین، شێوەی ئەنجامی خوێندنەوەکانمان، شێوازەکانی نمونەوەرگرتنی ئێمە، شیکردنەوەی ئێمە لە خوێندنەوەکان دەیانکەین و ئەنجام گرتنەکانمان، هەموو ئەو لایەنگیریانەن کەئەگەری هەیە.

یەکێك لەو هۆکارانەی کە کۆمەڵناسی لە بابەتی بووندا، بەتایبەتی رووبەرووی دژواری دەبێتەوە، ناوەرۆکی کۆمەڵگایە. خەڵك بەگشتی "لەوانەش کۆمەڵناسان" لە کۆمەڵگادا ڕەگ و ڕیشەیان هەیە و کولتووری کۆمەڵگایان فێرکراوە. ئەم کولتوورەش دەوری ئێمەی داوە و پێمان دەڵێت چی راستەو چی ناراستە. ئێمە لایەنگیری کردن لەکولتوورێك فێربوین کە بەتەواوی ئاگاداری نین. بۆ تێگەیشتنی جیهان بە شێوازێکی بابەتی پێویستە هەوڵ بدرێت تا بەسەر ئەو کولتوورەدا زاڵ بین، دووبارە بیناسینەوە و تا ئەو شوێنەی دەکرێت تێی بگەین. هەر زانستێك ناچار بوە لەسەرەتادا ئەو کارە بکات بۆ نمونە کولتووری رۆژئاوا سەردەمێکی زۆر باوەڕیان وابوو کە زەوی چەقی جیهانە، سروشت ڕاوەستاوە و زەوی تەختە و ناجولێت. زانایان لەپێناو سەلماندنی ئەوەی کە ئەو بڕوایانە هەڵەن دەخرانە ژێر سزا و چاودێری و تەنانەت لە سێدارەیەش دەدران.

بەشێوەیەکی گشتی خەڵك نایانەوێت کولتووریان بخرێتە ژێر پرسیارەوە. لەوێوە کە کۆمەڵناسانیش ئەندامی کۆمەڵگان رەنگە بەو جۆرەی کەبانگەشە دەکەن یان دەیانەوێت، وردبین و واقیع بین نین. کولتووری ئێمە هزرگەلێکمان بۆ ئامادە دەکات کە لەکاتی ڕوبەڕوبوونەوە لەگەڵ خەڵك و کولتوورەکانی دی، ئەوان بەشتێکی سەلمێنراو لەقەڵەم دەدەین. ئەوەی کە هەژاری و تاوان لە کەسە تەممەڵ یا خراپەکارەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە کۆمەڵگاکەمان جێگەیەکە کە تیایدا هەر کەسێك دەتوانێت ببێت بەو شتەی کەدەخوازێت، کە کرداری مرۆیی تەنیا لەهەڵبژاردنی تاکەکەسیەوە سەرچاوە دەگرێت و بەگشتی دورە لەکاریگەریە



کۆمەڵایەتییەکانەوە و ئەوەی کە بەلەبەرچاوگرتنی جیاوازیە بیۆلۆژیکیەکان لەرووی نەژاد، رەگەز، بۆ هەستکردن بەجیاوازیە مرۆییەکان گرنگە. بەچاوپۆشین لەراستی یا ناراستی ئەم هزرانە، ئێمە بە جۆرێك تیایدا ڕۆچوین واقیعبینیمان بۆدژوار دەکات و رەنگە ئاسان نەبێت بۆمان هزرەکانی زاناکانی کۆمەڵایەتی کەدەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان بە پێچەوانەی بیروباوەڕەکانی ئێمەوەیە لەبەرچاو بگرین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی هەست پێبکەین پێویستە ڕوبەڕووی لایەنگیریەکانی خۆمان ببینەوە و بە شێوازێکی بابەتی لێیان بکۆڵینەوە. **بەتەواوی لەبەر ئەمەیە کەزانستی کۆمەڵناسی پێویستە.**

## دوو گریمانەی زانستی

ئاینزا–مەزهەب–ەکان چەند گریمانە و تیۆرەیەکیان دەربارەی جیهان هەیە، ئەوان زیاتر گریمانەی ئەوە دەکەن خودایەك هەیە و کۆمەڵێك ڕێسای ئەخلاقی بە مرۆڤایەتی داوە تا بەپێی ئەوانە ژیان بباتەسەر. زۆربەیان گریمانەی ئەوەیان هەیە رۆحی مرۆڤەکان لەدوای مردن دەمێنێت، بۆیە خودا کۆمەڵێك شتی ڕاستەقینەی بە مرۆڤایەتی داوە. زانستیش دەربارەی جیهان چەند گریمانەیەك دادەنێت. یەکەم گریمانە ئەوەیە کە سروشت یاسای خۆی هەیە. دووەم گریمانە ئەوەیە کە ڕوداوە سروشتیەکان هۆکاری روداوە سروشتیەکانی ترن.

## یاسای سروشتی لە زانست و کۆمەڵناسیدا

بڕوابوون بەوەی سروشت یاسای خۆی هەیە، واتە بڕوابوون بەوەی رێسایەك کە شایانی پێشبینی و تێگەیشتن نییە بەسەر سروشتدا زاڵە. زانایان لەوباوەڕەدان کە ڕاڤەکردنی پێشوەخت و پێشبینی داهاتوو ئەستەم نییە. چونکە ڕوداوەکان بەپێی ڕێسای سروشتی ڕوو دەدەن. ئەوە نەزم بەسەر سروشتدا بالآدەستە نەك بێ نەزمی

و پەرێشانی و ڕێکەوت بون و نەشیاو بۆ پێشبینی کردن. بەم پێیە دەتوانین گشتاندن بۆ ڕوداوەکان لە سروشتدا بکەین. لەبری ئەوەی بە تەواوی باوەڕمان هەبێت کە هەر ڕوداوێك تایبەتە بە کەسێك، دەتوانین گشتاندن بکەین دەربارەی نەخۆشی، هێزی ڕاکێشانgravity، پێکهاتەی مادده، هێز، گیاوگژەکان و هەموو بونەوەرانی زیندوو، چونکە گریمانەی ئەوە دەکەین کە هەرکام لەوانە شایانی تێگەیشتنو تارادەیەك پێشبینیکردنن. ئامانجی زانست ئەوەیە هەست بەو ڕێسا سروشتیانە بکات، هۆکار و پاڵنەری زانایان دۆزینەوەی چارەسەرکردنی ئەو مەتەڵانەیە کەوا دەزانرێت لە سروشتدا بوونیان هەیە.

لەپێش دەرکەوتنی زانستدا، خەڵکی سروشتیان بەکاردانەوەی هێزە میتافیزیکیەکان لێکدەدایەوە، خودا یان خوداکان بەشداریان دەکرد و دیاریان دەکرد کێ دەمێنێت و کێ دەمرێت . ئەو جەنگانە چین ڕوودەدات و کێ دەیباتەوە؟ چ پێشکەوتنێك ڕوودەدات و چ زیانێکی لێ دەکەوێتەوە؟ ڕەنگە جیهان لە ڕاستیدا بەهۆی هێزە میتافیزکیەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێ و ڕێسای سروشتی گرنگ نەبێت. بەڵام زانست، ئەگەر بیەوێت شتێك بدۆزێتەوە، ئەبێن لەسەر بنەماو پایەی ئەم گریمانەیە بجولێتەوە کە ڕوداوەکان بەهۆی نەزم و ڕێسای لە سروشتدا روو دەدەن. ڕوداوەکان لە سروشتدا بەم جۆرە ڕوو دەدەن کە یاسایەکی سروشتی بنەڕەتی هەیە.

کۆمەڵناسی زانستە و کەواتە وەکو زانستەکانیتر، گریمانەی ڕێسای سروشتی دەکات. ئەگەر ئێمە جیهان دابەش بکەین بەسەر سروشت و ئەودیوی سروشت (فیزیك و میتافیزیك) دەتوانین مرۆڤ لەکوێی جیهاندا دابنێین؟ (ئیما نوئێل کانت) بڕوای وابوو ئێمە بەشێکین لە هەردوو جیهان، تا ئەو شوێنەی بەشێك و سەر بە جیهانی سروشتین دەتوانین ڕەفتارەکانمان لە ڕێگەی زانست و بینینەوە دەربخەین. جگە لەوەی دەربارەی تایبەتمەندیەکانی مرۆیی وەکو ڕۆح، دەتوانین گشتاندن



بکەین بەسەر مرۆڤەکاندا بەگشتی. چونکە ڕێسای سروشتی بەسەر ئەوانیشدا باڵا دەستە. کاتێك بوونی فیزیکی مرۆڤ (بۆ نموونە : دڵ، خوێن، چاوەکان، ئەندامە سێکسیەکان) بەش بەش و جیادەکەینەوە، بینین ئاسانتر دەبێت. بەڵام زانای کۆمەڵایەتی وەکو کۆمەڵناس، بڕوایەکی دیاری هەیە کە بەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەکو کۆمەڵگا، گروپەکان، ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی بەرامبەر، کۆمەڵایەتیبوون، وە لەگەڵ دژیەکی کۆمەڵایەتیشدا باڵا دەستە. ئەوانیش بەشێك لە سروشتن کەواتە شوێنکەوتەی یاساکانی سروشتن. نە کۆمەڵگا و نە تاك هیچ کامیان بەشێوەیەکی تەواو بێوێنە و ناوازە گەشە ناکەن. گەشە کردن نەزم و ڕێسایەکی هەیە کە ئێمە دەتوانین هەستی پێ بکەین و بۆ هەستکردن بەگەشە کردن و کاریگەری هەموو کۆمەڵەکان دەتوانین گشتاندن ئەنجام بدەین.

مرۆڤەکان بەشێك لە سروشت بوون و شوێنکەوتەی نەزم و ڕێسایەکن کە دەتوانرێ دابەش بکرێت و هەستی پێ بکرێت و پێشبینیش بکرێت. بۆ نموونە کاتێك تاکەکان دەستدەکەن بە نواندنی کردەی دو لایەنە(کارلێکی کۆمەڵایەتی)، ئەوان بەشێوەیەکی گشتی  سیستمێکی نایەکسانی، کۆمەڵێك لە چاوەڕوانی بۆ هەر بکەرێك– کەسێك کە کردەوە ئەنجام دەدات– (پێی دەڵێن ڕۆڵ) و ڕوانگەیەکی هاوبەش لەراستیەکان (کەپێی دەڵێن کولتوور) دەهێننە بوون. کاتێك کۆمەڵگایەك دەبێتە پیشەسازی، ڕەوتێکی بەهێز لە ئاراستەی دورکەوتنەوەی لە سوننەت و نزیکی لە تاکگەرایی دروست دەبێت. لەو شوێنانەدا کە ڕەگ و ریشەی تاك لە گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا لاوازتر بووە ڕێژەی خۆکوژی بەرز دەبێتەوە . کاتێك چاوەڕوانییەکانی گروپە ستەم لێکراوەکان لەوەی گروپی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگادا دەتوانێ یان دەیەوێ زیاتر بڕوا، شۆڕش و تەنانەت ڕاپەڕینی فراوان ڕوودەدات. بەڵگە و بینراوەکان نیشانی ئەدەن کە ئەم جۆرە نموونانە لە رابردوودا روویداوە و لە داهاتووشدا روو دەدات، ئێمە دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵێك بەڵگە و نموونە بکەین

و ئەوە بسەلمێنن چ بارودۆخێك یارمەتی ئەوان ئەدات و بۆچی جیاوازییەکان یان نموونە جۆراوجۆرەکان دروست دەبن.

هەزاران نموونەی کۆمەڵایەتی هەن، هەندێکجار ئێمە دەتوانین ئەونموونانەی کە دەربارەی هەمووان ڕاستن نیشان بدەین، بەڵام بەزۆری ئەو نموونانە نیشان دەدەین کە دەربارەی ژمارەیەکی زۆر لە کەسەکان راستە. ئێمە دەتوانین پانتایی و، ئاراستە و گریمانە لە جیهانی کۆمەڵایەتیدا بخەینە ڕوو، بەڵام خستنەڕووی دڵنیاییەکان و رێسا ڕەهاکان زۆر سەختە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارە لە زانستەکانی تریشدا دەست دەدات. کەسێك کە تووشی ڤایرۆسی H.I.V دەبێت تووشی نەخۆشی ئایدز نابێت، ئێمە ناتوانین پێشبینی بکەین چەندە دەخایەنێت کەسێك لە نەخۆشیەك چاك بێتەوە یان بمرێت. ناتوانین بە تەواوی پێشبینی بکەین چ کاتێك بومەلەرزە ڕوودەدات، یان ئەوەی کە ئایا کەسێکی دیاریکراو لە قوتابخانە یان لە زانکۆ خوێندن تەواو دەکات! ئابووری ناسان ناتوانن بە ڕەهایی بڵێن چ زەمەنێك قەیرانی ئابووری، داشکانەوە و دابەزینی نرخەکان ڕوودەدات. ناتوانن بە تەواوی و لەسەداسەد پێمان بڵێن ئەگەرماڵیاتەکانمان زیاد بکەین یان کەم بکەینەوە چی بەسەر ئابوریدا دێت، لەگەڵ ئەمانەشدا زانست تێگەیشتن و هەستی ئێمەی لەسەر ئەم جۆرە بابەتانە فراوان کردووە، تا نموونە و بەڵگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی زیاتر دەربارەی جیهان بدۆزینەوە، شارەزایی بەسودتر بەدەست دێنین و زیاتر دەتوانین پێشبینی داهاتوو بکەین و تەنانەت فۆرمیشی پێ ببەخشین. ئەگەر ئەوەی ئێستا ئەیزانین لەگەڵ ئەوەی خەڵکی لە ڕابردوودا دەربارەی هەژاری، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، خۆکوژی و ئالودەبوون بە ماددەی بێهۆشکەر، نایەکسانی رەگەزی و تاوان و سەرپێچی و چینی کۆمەڵایەتی دەیانزانی، بەراورد بکەین، بە ئاسانی تێدەگەین، چەندە پێشکەوتوین لە زانست و زانیاریدا. ئەمڕۆ کە، هەموومان تێدەگەین ئەم بارودۆخانە، تارادەیەك، لە دەرەنجامی بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبن. بەڵام بەر لە سەدەی



هەژدە کاریگەری کۆمەڵگا لەسەر رەفتاری مرۆڤەکان نەزانراو بوو، سروشتی مرۆیی، کەموکورتی ئەخلاقی و کەسایەتی، یان هێزە میتافیزیەکیەکان تەنها پێوەری ئەوان بوون بۆجیاکردنەوە.

## فاکتەری سروشتی لە زانست و کۆمەڵناسیدا

دووەم تیۆرو گریمانەی زانست ئەوەیە کە ڕوداوەکان لە سروشتدا بەهۆی روداوە سروشتیەکانی ترەوە دروست دەبن. شتەکان بەهۆی ئەو هێزە سروشتەی ئێمە پێی دەڵێین هێزی ڕاکێشان (gravity) دەکەونە سەر زەوی، ئەوهێزەش کە شتەکان بەرەو چەقی زەوی ڕادەکێشێت لە شێوەی سوڕانی زەویەوە سەرچاوە دەگرێت. میکرۆبەکان هۆکاری هەندێك لە نەخۆشیەکانن، بۆماوەیی بیۆلۆژیکی دەبنە هۆکاری دروستبوونی شێوازەکانی شێرپەنجە. تاوان و سەرپێچی، هەندێکجار هۆکارەکانی هەژارین. ئامانجی گشتی تاقیکاریەکان لە زانستدا، هەوڵدانە بۆ پێوەندکردنی گۆڕاوە سەربەخۆکان (کاریگەریەکان، فاکتەرەکان) بە گۆڕاوە پەیوەستەکانەوە (دەرەنجام، کارتێکەرەکان)، بۆئەوەی نیشانی بدات هەرکات گۆڕاوی X ڕویدا، گۆڕاوی y دەخولقێنێت.

دەستنیشانکردنی هۆکار ئاسان نییە. دەبێ زانایان لەپێناو دەرخستنیدا بواری جۆراوجۆر بخەنەکار. سەرنج بدەن دەستنیشانکردنی ئەوەی کە جگەرەکێشان یەکێکە لە هۆکارەکانی شێرپەنجەی سی، تا چەند دژوار بووە. پێویستە بسەلمێنرێت کەسانێك کە جگەرە دەکێشن زیاتر لەوانەی نایکێشن لە مەترسی تووش بووندان. دەبێ نیشان بدرێت ئەو جگەرەکێشان لەگەڵ پیسبوونی هەوا یان خواردنی گۆشتی سور نییە کە دەبێتە هۆی شێرپەنجە، بەڵکو تەنها جگەرەکێشانە دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆتوشبوونی. ئەبێ نیشان بدرێت کەسێك تا جگەرە بکێشێت، زیاتر ئەگەری ئەوەی هەیە دووچاری شێرپەنجەی سی ببێت. پێویستە

ئەوە بسەلمێنرێت کە کەسایەتی، رەگەز، چین، یان شوێنی نیشتەجێبوون نییە کە دەبێتە فاکتەری جگەرەکێشان و دواتریش دەبێتە فاکتەری شێرپەنجەی سی، بەڵکو خودی جگەرەکێشان پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە شێرپەنجەی سیەوە هەیە. دەبێت هەوڵ بدەین لەمە زیاتر بڕۆینە پێش.. چ کاراکتەرێك بە تەواوی لە جگەرەکێشاندا دەبێتە هۆی شێرپەنجە؟ ئایا نەکێشانی جگەرە لەو مەترسیە کەم دەکاتەوە؟ ئایا چالاکیەکانیتر یان تایبەتمەندیەکانی مرۆیی ئەم مەترسیە لەسەر جگەرەکێشەکان زیاد دەکات ؟

کۆمەڵناسی فاکتەرە سەرەکیەکان لەسەر مرۆڤەکان تاقی دەکاتەوە. باوەڕ و خورەفتارە مرۆییەکان دەبنە هۆکار. زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دی لەم گریمانەدا لەگەڵ کۆمەڵناسیدا هاوبەشن، دەروننانسی پێمان دەڵێت چۆن ژینگە و بۆماوە لە پێکهاتەی تاکدا کردەی دوو لایەنەیان هەیە و چۆن تایبەتمەندییەکانی تاك، بەنۆرەی خۆی، ئەوەی ئەو بیری لێدەکاتەوە و ئەنجامی دەدات، شێوەیەکی پێدەبەخشن. ئابووری هێزە ئابورییەکان لە کۆمەڵگەدا بەش بەش دەکات. زانستی سیاسی دەڕوانێتە هێزە سیاسییەکان. مرۆڤ ناسی(ئەنسرۆپۆلۆجی) هێزە بایۆلۆژی و کولتووریەکان تاوتوێ دەکات. دەروننانسی کۆمەڵایەتی نیشانمان دەدات کە چۆن خەڵکی دی کەلە دەوروبەرمانن دەبنە هۆکار و کارتێکەری کردەوەکانمان.

بەهۆی ئاڵۆزی مرۆڤەوە، بەکارهێنانی گریمان و تیۆری بنەڕەتی و فاکتەر لە زانستی کۆمەڵایەتیدا بە تەواوی و رێژەی 100٪ دژوار ترە لە بەکارهێنانی لە زانستی سروشتیدا (واتە زانستی فیزیا و ئارکۆلۆژی). بەکەمی دەتوانین هۆکارێکی ئاشکراو یەکلاکەرەوە پۆلێن بکەین سەبارەت بەوەی تاکەکان بیر لەچی دەکەنەوە، ئەنجامی دەدەن. ئێمە بەزۆری مەبەست و ئەگەرەکان دەخەینە ڕوو. بەڵام زیاتر رەنگە یەك هۆکار لە زانستی کۆمەڵدا (کاریگەر) influence یان (هۆکاری یاریدەدەر)contributing factor دیاری بکەن. ئەم جۆرە زانیارییە بە هەموو



کەم و کورتیەکانییەوە زۆر بەبایەخە. ئازاردانی تاکەکەس لە منداڵیدا کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەرئەوەی دواتر کەخۆی بوو بەدایك یان باوك ئازاری منالأن بدات. لە ئەمریکادا لەدایك بوون لە هەژاریدا کاریگەری هەیە لەسەر دەرفەتی دەوڵەمەند بوون و سەرکەوتن لە خوێندندا و گەشتن بە سەرۆك کۆماری. کۆمەڵناسی لە سەدەی نۆزدەدا لە باوەڕپێکردنی کۆمەڵگا بەوەی کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، جیاوازیەکی گرنگی لە ڕەفتار و خودی تاکدا دەخولقێنێت، رۆڵێکی زۆر کاریگەری هەبووە. بۆ نموونە لەبەرچاوی بگرە بەر لە ساڵی 1900 هیچ جۆرە پێوەرێکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆکوژی لەئارادانەبوو. کارەکەی دۆرکهایم لەم زەمینەدا رێگا خۆشکەر بوو بۆ: کۆمەڵگەکان ڕێژەی خۆکوژییان جیاوازەو ڕێژەی خۆکوشتن دەرەنجامی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو یەکیەتی کۆمەڵایەتی یان رێژەی گۆڕان و جۆراوجۆری کۆمەڵایەتییە. زۆرینەی خەڵك ئەمڕۆ بەوە رازین کە خۆکوژی بڕیارێکی تەواو تاکە کەسی نییە و کۆمەڵگا لە زۆر لایەن و رەهەندەوە کاریگەری لەسەر ئەو بڕیاردانە هەیە. کارە کەسیەکانی وەکو تاوان و تیاچون و جیابوونەوە و هەڵبژاردنە کەسیەکان وەکو منالبوون تاڕادەیەك دەرەنجامی ئەو جیهانە کۆمەڵایەتییەیە کە تاك تیایدا دەژی. ئەو قوتابخانانەی کە تیایدا جیاوازی نەژادی دەکرێت بارودۆخێکی پەروەردەیی‌و فێرکردنی نایەکسان دەخولقێنێت. هەموو ئەو هۆکارانەی دی کە نایەکسانی لە موچەو پلەو کاروپیشەدا دروست دەکەن، کاریگەری خۆیان لەسەر هێزە کۆمەڵایەتییەکان هەیە.

## کۆمەڵناسی: زانینی مەتەڵی کۆمەڵگا

لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی وەکو زانینی مەتەڵێکی گرنگ یان دۆزینەوەی ڕازێکی گەورەیە. ئێمە بەشە بچوکەکانی مەتەڵ– نەزانراوەکە– کۆدەکەینەوە. بۆنموونە بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەلاق، بەرزبوونەوەی ڕێژەی ژنان لە هێزی کاردا، بەرپرسیاری زیاتر سەبارەت بە هەڵبژاردنی تاك، ژیانی درێژتر.. کاتێك ئەم بەشانە کۆدەکەینەوەو لەلای یەکتر دایاندەنێین ئەوکات مانا پەیدا دەکەن. ریزبەندی هەرکام لەم بەشانە لەگەڵ ئەوانی تردا هەمیشە سەرسوڕهێنەرە. ئێمە ڕووداوە جیاکان و بەرواڵەت بێ ماناکان هەڵدەبژێرین (کەسانێ کە لە ڕیزی سینەمادا وەستاون، کۆمەڵێك کە لە یاری دووگۆڵیدا هاتونەتە جۆش، شۆڕشێك لە ئەوروپای رۆژهەلاَت) ئەوانە دەبینین و تۆماری دەکەین. هیچ کام لەم ڕووداوانە بە تەنها دەروازەیەك نین بۆشیکارکردنی نەزانراوەکان. بەلاَم لەلای یەکتردا شتیی زۆرمان دەربارەی ناوەرۆکی کۆمەڵ و گروپەکان، چۆنییەتی پێکهاتنیان، تێگەیشتنی کۆمەڵگا پێدەڵێن. مەتەڵ، یان ڕاز بێ کۆتاییە. ئەم مەتەڵە هەرگیز نازانرێت، بەلاَم دەتوانین کەم کەم بگەینە تێگەیشتنێکی نوێ.

ئاشناکردنی ئێوە بە ئالۆزی ئەم مەتەڵە– نەزانراوە، نیشان دانی پرۆسەی بەردەوامی دۆزینەوە کە کۆمەڵناسی دیاری دەکات– دژوارە، نیشاندانی بەشەکان بە ئێوە بێ هەوڵدان بۆ بەراورد کردنی ئەوان لەگەڵ یەکتر بزوێنەرە. دراسەی زانستی بەشەکان ئاسانترە، لەگەڵ ئەوەشدا بەلای زۆربەی کۆمەڵناسانەوە، کۆمەڵناسی شتێکی زیاتر لەبەش دەخاتە ڕوو. تێگەیشتنی سەرلەبەری نەزانراوی کۆمەڵگا هێشتا شێوەیەکی سەرسوڕهێنەری بەخۆوە گرتوە. ئامانجی ئەم کتێبە، هەوڵدانە بۆ نیشاندانی هەندێك لە شێوازەکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵناسان و هەوڵەکانیان بۆ تێگەیشتنی ئەم نەزانراوە.



## پوختە و دەرەنجام

کۆمەڵناسی، بەپێی سروشتی خۆی، تێڕوانینێکی پرسیارئامێزانە و (ڕەخنەگر)انەیە. هەموو زانستێك دەبێ لەسەر شارەزایی پشت ئەستور بە ئەزموونی ڕۆژانەی تاکەکان، گومان بکات. بەلاَم کۆمەڵناسی بەتایبەت، ئەبێ لەم بوارەدا گومانی خۆی هەبێت و ئەم گومانە بە پرسیار، گەڕان، گومان و تێڕوانینی شیکاری بە تێگەیشتنی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی کۆتایی بێت. ئەم روانگەیە لەوەی زۆر لەکەسەکان بەسەلمێنراوی لەقەڵەم دەدەن، گومان دەکات.

ئەم بەشە بە باسکردنی یۆنانی کۆن و خزمەتە زۆرەکانیان بە کۆمەڵگای مرۆیی دەستی پێکرد. ڕەنگە ناودارترین کەس لەناو هەموو یۆنانی کۆندا سوکرات بووبێت. سوکرات فەیلەسوفێك بو هەرگیز لەو وەلاَمانەی کەسەکان دەیاندایەوە، رازینەبوو. ئەوەی خەڵك بیریان لێدەکردەوە سوکرات ئەیخستە ژێر پرسیارەوە و ئەوانی ناچار دەکرد ڕەخنە بگرن.. (چاکە چییە؟)، (فەزیلەت چییە؟)، (کۆمەڵگای باش چییە؟) ئەو وەلاَمانەی کەسەکان دەیاندانەوە، وەلاَمی نەزانانەو کەم بایەخ بون کە فێری بوو بوون بەلاَم کەمتر بیریان لێ کردبووەوە. بەچاوپۆشی لەوەی خەڵك چ وەلاَمێکیان دەدایەوە، سوکرات پرسیارێکی تری هەبوو کە زیاتر بیری دەهەژاند. لە روانگەی ئەوەوە فێرکردن پێویستە بەمشێوە بێ، بەدوادا چون و گەڕانی بەردەوام بۆ تێگەیشتن لە رێگەی پرسیارکردنەوەوە و دەرخستنی پرسیارە روو کەشیەکان کە دەبێتە هۆی ئەوەی فێرخواز لە بری لەبەرکردن و پاراستنی شتە فێربوەکانی، هزرێك لە رێگەی لێکۆڵینەوەی وردەوە بەدەست بێنێت.

پەیامی کۆمەڵناسانیش ئەمەیە، دەربارەی وەلاَمی ئەو پرسیارانەی خەڵکی دەیدەنەوە لێکۆڵینەوە بکات و ئەوەی ئەوان باوەڕیان پێیەتی، ئاشکرا بکات. واقیع لە رێگەی کۆنترۆڵی لایەنگری کەسی و کۆمەلاَیەتیی تاوتوێ بکات و بە رون و

ئاشکرایی زیاتر مرۆڤ له کۆمەڵگەدا ببینێت. کاتێ زۆربەی تاکەکانی ئەمڕۆ بانگەشەی ئەوە دەکەن سیستەمی سەرمایەداری فریادرەسی مرۆڤایەتیە، کۆمەڵناسان باس و خواستەکانی سەرمایەداری تاوتوێ دەکەن. ئێمە هۆکاری تاوان و بابەتە پەیوەندیدارەکانی زۆربوونی ڕێژەی زیندانی دراسە دەکەین، کاتێك که زۆربەی خەڵك تەنها دەربارەی ناشیرینی تاوان و پێویستی جیاکردنەوەی تاکەکەسە مەترسیدارەکان لە کۆمەڵگای ڕێگەپێدراو و یاسایی بیر دەکەنەوە. ئێمە کار کردەکانی مەزهەب له کۆمەڵگەدا دراسە دەکەین ئەو کاتەی زۆرینەی خەڵك مەزهەب به بەشێك له جیهانی پیرۆز دادەنێن کەنابێ دراسە بکرێت، بەڵکو دەبێ پێی رازی بین و بەکاری بهێنین بۆ ڕێنوێنی کردنی مرۆڤەکان. ئێمە دنیای لاوانی یاخی بەمەبەستی تێگەیشتن له کولتوور، کاردانەوەکانی نەوجەوان لەسەر کۆمەڵگا دراسە دەکەین کاتێك زۆرینەی خەڵکی دەیانەوێت ئەم جۆره گروپانە لەناو بچن. بەڵام چەندین رەهەند لەنایەکسانی و ستەم دەبینین که خەڵکی لەبەرچاوی ناگرن، ئێمە مانای لەرێدەرچون و ئەنجامەکانی لەرێدەرچون لەکۆمەڵگا و هۆکارەکانی دراسە دەکەین و هەوڵ ئەدەین ئامانجی دروشمی کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرا بکەین، نەك تەنها بیانخەینە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە. کۆمەڵناس لە ئاستی کاروباری بەڵگەنەویست و دیاردا خێراتر دەڕوات و ئەو پرسیارانە دەکات کە زۆرینەی خەڵك نایکەن، (بەهەمان شێوە کە پیتەر بەرگ بانگەشەی دەکات) و رازی بەوەی کە حیکەمەتی یەکەم ئەوەیە کەشتەکان هەرگیز بەوجۆرە نین کەدەهاتنە بەرچاوە.

لەلای یەکتر دانان و تێگەیشتنی مەتەڵی کۆمەڵگا دابینکەری ئاراستەیەکی رەخنەگرانەیە بەرامبەر بەتێگەیشتن و ئەمەش جەوهەری زانستە. لەم بەشدا هەوڵمداوە نیشانی بدەم که دراسەی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی زانستی گرنگە، چونکە زانست جەخت لەسەر سەرنج و بابەتیبون دەکاتەوە. ئەم بەشە جەختی لەسەر سێ خاڵ کردوەتەوە تا نیشانی بدات چۆن کۆمەڵناسان هەوڵ ئەدەن لەکۆمەڵگا بگەن:



1– دەبێ هزرەکان به لێکۆڵینەوەی ئەزموونی جەختی لەسەر بکرێتەوە. ئەم جۆره لێکۆڵینەوانە، پێویستە ورد و ئافرێنەر و جۆراوجۆر بن.

2– کۆمەڵناسی وەکو زانستێك ئەبێ بەردەوام له هەوڵی ئەوەدا بێت بابەتی بێت. دەبێ کۆمەڵناس ئەو هزره زۆرانەی کە خەڵك وەکو بەشێك لە کولتووری خۆیان وەریانگرتووه به روانینێکی رەخنەگرانەوه تاوتوێ بکات. ئەم کارەی کۆمەڵناسیش، زانستەکە دژوار دەکات .

3– مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆیی بەشێکن لە سروشت لەبەرئەوه کۆمەڵێك ڕێسای سروشتی بەسەریاندا باڵادەستە. گریمانی ئەوه دەکرێت کە ڕوداوه مرۆییەکان هۆکارێك دروستی دەکەن که به شێوەیەکی دیاریکراو هۆکاری سروشتین ( بۆنمونە هۆکاری کۆمەڵایەتین).

ئەگەر بمانەوێ کەسەکان بە سیستمێکی باوەری دامەزراو باوەڕیان هەبێت، بوونی کۆمەڵناسی دور نییه لەمەترسیەوه. لەم بەر ئەوەیه "کۆمەڵناسی رەخنەیی" لە ئەوروپای ڕۆژهەلات و یەکیەتی سۆڤیەتدا پێشنەکەوت. و لەبەر ئەمەیە کەویلایەتە یەك گرتوەکانی ئامریکا لەدەیەکانی 1980 و 1990 ((کە بڕیاری بەناچار کردنی جیهان دابو بۆ رازیبوون بەشێوازەکانی و هاندانی هاوولاتیەکانی بۆ گرنگی دان بەپێشکەوتنی مادیی بوو)) و هەمیشە لەگەڵ شێوازەکانی رەخنەیی کۆمەڵناسی بەدروستی رووبەرو نەبۆتەوە.

ئەگەر گرنگە بەشێوەیەکی راست هەست بەژیانی خۆمان بکەین، دەبێ سەیری خۆمان بکەین، دەبێ شێوازەکانی رەفتاری خۆمان دراسە و تاوتوێ بکەین، دەبێ لەوەی ئەیزانین و ئەی بینین گومانمان هەبێت. خوێندن و فێربوونی زانستە مرۆڤایەتییەکان دەبێ بەمشێوەبێت، ئەمەش ئامانجی کۆمەڵناسی به پلەی زانستە.

# مانای مرۆڤ بوون چییه؟

## سروشتی مرۆیی‌و کۆمەڵگاو کولتوور

زنجیرە تەلەفزیۆنی (ناوچەی نیوەتار) لە ساڵانی دەیەی 1960 سەرسوڕهێنەرو جارجارەش هەراسێنەر بوو. هەست بەوە دەکرا ئەگەر بینەران بە وردی دوای داستانەکەی بکەوتنایە، لە کۆتاییدا شتێکی سەرسوڕهێنەرو ترسناك یان حەپەسێنەر یان هەردوو پێکەوە چاوەڕوانیان دەکات. بەشێك لەوەی لە یادی مندا ماوە سەفەری گەشتیارەجیهانییەکانی ئەمەریکایی بوو کە لە هەسارەیەکی دووردەستەوە هاتبوون‌و نیشتبوونەوە. ئەوان لەگەڵ سەرنشینانی ئەو هەسارە (کە زۆر لە مرۆڤ دەچوون) بوونە دۆست‌و خۆشحاڵ بوون بەوەی هەوارگەیەکی بەشکۆو باشیان دۆزیەوە کە زۆر هاوشێوەی خانوو هەوارگەکانی هەسارەکەیان بوو، بەڵام سەرەنجام پەییان بەوە برد ناتوانن ئەو خانووە بەجێ بهێڵن‌و زیندانی بوون. ئەوکات دیوارێك کرایەوەو جامی شووشەیەکی گەورەی دەرخست کە بینەرانی لە ناوەوەیان دەڕوانی، گەشتیارەجیهانییەکان بەناونیشانی (هۆموساپینەکان Homo Sapiensلەهەسارەکەوە بۆزەوی) وەکو نمایش دایان نابوو.

لەوکاتەوە تائێستا، پرسیارێك گینگڵم پێدەدات کە رەنگە کەمتر کەسێك لەدوای سەیرکردنی ئەو زنجیرە تەلەفزیۆنییە هاتبێت بە زەینیاو کردبێتی: ئەو بوونەوەرە



زەمینییە کە ئێمە بە مرۆڤی ناودەبەین، دەبێت چی بکەن تا تێبگەن مرۆڤەکان بە راستی بەچ شێوەیەکن؟ ئەگەر ئەم پرسیارە بە دەربڕینێکی تر بکەین دەتوانین بپرسین: مرۆڤ چییە؟ چ شتێك ئێمە دەکات بە مرۆڤ و تایبەتمەندیمان چییە؟ لە چ ساتێکدا ئێمە هاوشێوەی بوونەوەرە زیندووەکانی ترین؟ لەچ ساتێکدا لەگەڵ زیندەوەرەکانی تردا هاوبەشین؟ چۆن لەگەڵ ئەواندا جیاوازین؟ رەنگە ئەم پرسیارانە مرۆڤی بیرمەندی لەهەمان سەرەتای بوونەوە ئازاردابێت، تەماشای دەوروبەر بکە: کرمەکان، سەگەکان، پشیلەکان، هەنگەکان، مێرولەکان‌و تەنانەت ماسییەکانیش دەبینین، ئایا لەناو هەموویاندا ئێمە بێهاوتاین؟ هەمووجۆرەکانی تری زیندەوەران هاوتایان نییە(لەیەك ناچن)، بەڵام ئێمە چۆن بێهاوتاین؟ ماهیەت‌و جەوهەری جۆری ئێمە چییە؟ ئەوگەشتیارە جیهانیانە لە قەفەسدا دەبێ چی بکەن تا ماهیەتی جۆری خۆیان کە شوناسیان پێکدەهێنێت ئاشکرابکەن؟

دەتوانین لەگەڵ ئاشنایەتی بەم بابەتەدا دەستپێبکەین: ئێمە خەسڵەتی هاوبەشی زۆرمان لەگەڵ زیندەوەرەکانی تردا هەیە. مرۆڤەکان لە گروپی شیردەرەکانن، بەومانایە کە ئەوان زاو زێ دەکەن. ڕەگەزی مادە پارێزگاری لە منداڵەکانی دەکات‌و بەشێك لە لاشەی مرۆڤەکان بەموو داپۆشراوە. هەروەها ئێمە لە گروپە یەکەمینەکانین primates، کەوابوو ئێمە لەو شیردەرانەین کە بە بەشێك لە سروشت دادەنرێن، ئەمەش بە لێهاتویی لەدەست و هۆش‌و تایبەتمەندی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکرێت. فەیلەسوفان بیروڕای جۆراوجۆریان خستووەتەڕوو دەربارەی ئەوەی کە ئایا خاسیەتی بەرجەستە یان تایبەتمەندی بنەڕەتی ئێمە چییە. ئەوان ئاماژەیان بەتوانای ئێمە لە دروستکردن‌و بەکارهێنانی ئامێرەکان، خۆشەویستی، جیاکردنەوەو دەستنیشانکردنی باش لە خراپ، هەستکردن و بیرکردنەوە و بەکارهێنانی زمان و قسەکردن کردووە. پیاوانی ئاینی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئێمە خاوەنی ویژدان و ڕۆحین. رەنگە ئەوان

جەختیش بکەنەوە لەسەر ئەوەی کە ئێمە بەشێوەی خوداوەند خولْقێنراوین (لەبەرئەوە زیاتر لە هەموو بوونەوەرەکانی تر لە خوداوە نزیکین)، یان خۆویستو تاوانکارین (لەبەرئەوە وەکو زیندەوەرەکانی ترین). ڕەخنەگرێکی بەدبینتر لەوبڕوایەدایە ئێمە تەنها زیندەوەرێکین لەگەڵ جۆرەکەی خۆیدا دەجەنگێت (لەگەڵ ئەوەشدا زیندەوەرانی تر بەرامبەر بە جۆرەکەی خۆیان توندو تیژو شەڕانگێز نین).

ڕەنگە دەروونناسان جەخت لەسەر ئەم ڕاستیە بکەنەوە کە مرۆڤەکان لەلایەن غەریزەکانەوە جڵەوکراون و کەسایەتی نائاگایان بزوێنەریانە، وەکو زۆرێک لە زیندەوەرانی تر دەبن یان بە پێچەوانەی زیندەوەرانی ترەوە بەپێی بیروباوەڕەو ئەو ئیدراکاتانەی لەکۆمەڵگاوە وەریدەگرن ڕەفتاردەکەن. دەروونناسان زیاتر بڕوایان وایە مرۆڤەکان لە یەکەمین ساڵەکانی ژیانیاندا تایبەتمەندیگەلێك دەستدەخەن کە دەرەنجامی کاریگەری بەرامبەرو بۆماوەیی و ژینگەیە.

کۆمەڵناسانیش قسەی زۆر دەربارەی سروشتی مرۆڤ دەکەن. بڕوایان وایە تایبەتمەندییە بێهاوتاکانی ئێمە ئەوەیە کە ئێمە:

1. بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیین، لەو ڕوانگەیەوە کە ژیانمان پەیوەستە بە شێوازی جۆراوجۆرو ئاڵۆز لەگەڵ کەسانی ترو کۆمەڵگادا.

2. بوونەوەرێکی کولتوورین، لەو ساتەدا ئەوەی هەین و ئەنجامی دەدەین دەرەنجامی غەریزە نەبووە، بەڵکو دەرەنجامی بیروباوەڕو بەهاو ڕێساگەلێکە کە لە کۆمەڵگاکەماندا دروستبوون.

بەبێ ئەم تایبەتمەندییە بنەڕەتییانە، ئێمە ئەوە نەدەبووین کە ئێستا هەین. ئێمە بخەنە ناو قەفەسێکەوەو هەریەك لەم تایبەتمەندییانەمان لێ بسەنەرەوە، ئەوکات بینەرانو سەردانکەرانی باخچەی ئاژەڵ شتێکی زۆر جیاوازتر دەبینن. کە وابوو، بۆ ناسینی جۆری مرۆڤ و پەیبردن بەوەی ئەم دوو تایبەتمەندییە بنەڕەتییە بە چ شێوەیەك دێنە ناو ژیانمانەوە گرنگە. هەروەها ناسینی پەیوەندی دوولایەنەو ئاڵۆزی



نێوان کۆمەڵگاو کولتوور گرنگە: کولتووری ئێمە لە ژیانی کۆمەڵایەتیمانەوە سەرچاوە دەگرێتو بەردەوامی ژیانی کۆمەڵایەتیمان بە کولتوورەوە بەندە.

## مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە

بەمانایەکی گشتیتر، زۆربەی زیندەوەران بوونەوەری کۆمەڵایەتیین. ماسیەکان کۆمەڵایەتیین لەو ڕوانگەیەوە کە بەشێوەی گرووپ– دەستە جەمعی– مەلەدەکەن. ڕەنگە ئەوە لەپێناو پاراستنی خۆیاندا بێت. هەنگەکانو مێرووەکان لە هەر کۆمەڵگایەکی مرۆیی ڕێکخراوترن. نزیکترین خزممان، مەیمونو شەمپازییەکان کۆمەڵایەتیینو ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەوان هاوشێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەیە.

ئەو بانگەشەیەی کە دەڵێت مرۆڤە سەرەتاییەکان کۆمەڵایەتیبوون ئەو ڕاستییە دەردەخات کە ژیانی کۆمەڵایەتیمان هەمیشە گرنگ بووە بۆمان و مرۆڤەکان هەرگیز بەبێ ئەم تایبەتمەندییە نەبوون. مرۆڤە بەدەویەکان (بیاباننشینەکان) کەسانێکی گۆشەگیرو دابڕاو نەبوون، بەڵکو بوونەوەرێك بوون لەگەڵ یەکتر کردەی دوولایەنەیان هەبووە، بەکۆمەڵایەتیبوونو پەیوەستی یەکتر بوونو تەواوی ژیانی خۆیان لەگەڵ بەرامبەرەکاندا گوزەراندووە. بەڵگەنەویستە هەندێك (ڕەنگە لەگەڵ بەساڵاچوونیاندا) ژیانێکی دوور لە خەڵکی هەڵبژێرن، ئێستاش بەهەمانشێوە کەسانێکی زۆر کەم وا دەکەن، بەڵام هەمووان لە سەرەتای ساڵەکانی ژیانیاندا کۆمەڵایەتیین و زۆربەیان لە تەواوی ژیانیاندا کۆمەڵایەتی دەبن.

## مانەوە

مانای "کۆمەڵایەتی" بوون چییە؟ لە سادەترین مانادا واتای ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤەکان لە پێناو مانەوەیاندا پێویستیان بە کەسانی بەرامبەرە. منالاَن بۆ مانەوەی فیزیکی خۆیان پێویستیان بە گەورەکانە: بۆ خواردن، پەناگەو

پالْپشتیکردن. زۆر بەڵگە ئەوە نیشان دەدەن منالاَن بۆ پشتگیرکردنی لایەنی هەستو سۆز و عەشقو خۆشەویستی، پێویستییان بە گەورەکانە. وا دیارە گەشەی ئاسایی — تەنانەت ژیانیش — بەم پشتیوانییەوە بەندە. توێژینەوەکان دەربارەی ئەو منالاَنەی کە لە دایەنگەکاندا بەخێوکراونو گەورەبوونو کردەی دوولایەنەی زۆر کەمیان لەگەڵ گەورەکاندا هەبووە، نیشانی ئەدەن ئەو منالاَنە دووچاری گورزو زیانی فیزیکی و فیکریيو هەستەوەری دەبنو زیانەکانیش گەورەتر و کاریگەرترن (Spitz، 1945). هەڵبەت دەرخستنی منالاَنی کارەساتبار کە لە دایەنگەکانی دەوڵەتی ڕۆمانییدا گەورەبوو بوون سەلمێنەری راستی هەمان گرفتە: لەبەرچاونەگرتنی پێویستییە سۆزدارییە بنەرەتییەکانی منالاَن، گەشەکردنی دوادەخستو زۆربەشیان دەمردن.

گەورەکانیش پێویستییان بە خەڵکیو بەوانی ترە. ئێمە لە پێناو مانەوەی سروشتی خۆماندا بە بەرامبەرەکانمانەوە پەیوەستین و بەندین. ئێمەی گەورەش لەپێناو عەشقو خۆشەویستی و پشتگیری، مانا و بەختەوەری وابەستەی بەرامبەرەکانمانین. کە وابوو، مانەوەی مرۆڤ، کارو فەرمانێکی کۆمەڵایەتییە: هەموو پێویستییە (سروشتیو سۆزدارییەکانمان) لە ڕێگەی کردەی دوولایەنە(کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە) لەگەڵ بەرامبەرەکانماندا بەدیدێن.

## فێربوونی شێوازەکانی مانەوە

کۆمەڵایەتیبوون بەو مانایەش دێت ئەوەی دەبین، تا ئەندازەیەکی زۆر پەیوەستە بە کۆمەڵایەتیبوونمانەوە. بەکۆمەڵایەتییبوون ڕەهەندێکە تیایدا نوێنەرە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا (دایکانو باوکان، مامۆستایان و ڕابەرانی سیاسیی، ڕابەرانی ئاینی و میدیاکانی هەواڵ) شێوازەکانی ژیان لە کۆمەڵگادا فێری خەڵکی دەکەن و خەسڵەتو تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ئەوان پێکدەهێنن.



با ئێستا بگەڕێینەوە سەر بابەتی مانەوە: خەڵكو بەرامبەرەکانمان نەك تەنها بۆ بەدیهێنانی پێویستییەکانمان گرنگن، بەڵکو بۆ فێربوونو شێوازەکانی مانەوەشمان گرنگن. ئەو کارانەی کەئێمە بەشێوازێکی غەریزیی ئەنجامیاندەدەین زۆر سنوردارن: (مژین، خاڵیکردنەوەی سك، هەناسەدان، عەرەقکردن، گریان، بینین، بیستنو کاردانەوە سادەکانی تر). بەلاَم ئێمە بە زانیاری چۆنییەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ دەوروبەرمان لە دایك نابین. لەدایکبوویەکین نازانین چۆنچۆنی لە جیهانی خۆدا بەسەربەرین. نازانین چۆنچۆنی لەگەڵ ئەوانی بەرامبەرماندا، ئاو، هەوا، سەرچاوەکانی خۆراك، سەرپەناو شتەکانی دی هەڵسوکەوتبکەین. نازانین بەچ شێوەیەك لە رێگەی غەریزەوە بەردەوامی بە مانەوەی خۆمان بدەین بەو جۆرەی کە سروشتی کۆمەڵایەتیمان دەیخوازێت. ئێمە ناچارنین فێری (پێویستبوون) بە خواردن ببین، بەلاَم فێردەبین چۆن خۆراك بەدەستبهێنین. (لە ڕێگەی کشتوکاڵەوە، ڕاوو ڕاوە ماسی یان کڕینیان). ئەگەر بمانەوێت تەنها کەمێك لەوکارانەی خوارەوە بژمێرین: پێویستە فێرببین چۆنچۆنی پەناگە دروستبکەین، چەكو ئامێر بەکاربهێنین، جلوبەرگ ئامادەبکەینو لەگەڵ ئەوانی تردا هەڵسوکەوتبکەین. لە ڕاستیدا ئێمە لە پێناو مانەوەی خۆماندا، لەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژین، دەبێت هەزاران شت فێربین، لە فێربوونی ئەلفو بیّ وە هەتا فێربوونی باشترین شێوەی جلوبەرگپۆشینو قسەکردن. کورتەی قسە ئەوەیە کە مرۆڤەکان لە جیهانێکدا دەژین کە تیایدا بەکۆمەڵایەتییبوون بۆمانەوەیان پێویستە.

## تایبەتمەندییەکانی تاك

بەکۆمەڵایەتییبوون، جگە لەوەی فۆرمەکانی مانەوەمان پێنیشاندەدات، بۆ خولْقاندنی تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانیشمان پێویستە. ئامادەیی و سەلیقەو مەیلو هۆگرییەکان، بەهاکان و تایبەتمەندییە کەسییەکان، بیروباوەڕو هزرەکانو

ئەخلاقی ئێمە کۆمەڵە سیفاتێك نین کە لە کاتی لەدایکبووندا هەمانبێت، بەڵکو ئەمانە خەسڵەتگەلێکن کە لەڕێگەی بەکۆمەڵایەتییبوون لەناو خێزان و قوتابخانەو گرووپە هاوتەمەنەکان، گردبوونەوەو تەنانەت لە میدیاکانیشەوە دەستماندەکەون.

ئەوەی دەبین، بەهۆی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزەوەیە لە بۆماوەو بەکۆمەڵایەتییبوون. رەنگە ئێمە ئامادەییەکی بایۆلۆژیی دیاریکراومان هەبێت، بەڵام بەرامبەرەکانمان بە چ شێوەیەك ڕەفتارمان لەگەڵ دەکەن، چ شتانێکمان فێردەکەن، ئەو هەلانەی بۆماندەسازێنن، هەموویان لەوەدا گرنگن کە وا ئێمە چین. ئێمە لە کردەی دوولایەنەدا(کارلێکی کۆمەڵایەتییدا) لەگەڵ خەڵك، ڕەوتی ژیانی خۆمان هەڵدەبژێرین: تاوان یان کاروکاسپی ڕێپێدراو، فێربوون لە قوتابخانە یان فێربوون لە کاتی کاردا، ژیانی تەنهاییو زگوردێتی یان ژیانی هاوسەرداری، ژیان لە کێڵگە یان لە شاردا. هەندێك لە ئێمە رەنگە هەموو جۆرە ئامادەییەکمان تیادا بێت، بەڵام ئەگەر ئەو ئامادەییە بۆ دەستخستنی داهات لە ڕێگەی ماددەی بێهۆشکەرەوە بخەینەکار یان بۆ هاوکاریکردنی خەڵك لە چارەسەرکردنی گرفتەکانیاندا، پەیوەست و بەندە بە کردەکانی دوولایەنەی ئێمەو بەکۆمەڵایەتییبوونمانەوە.

هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ژناندا لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەم خاڵە بە باشی ڕووندەکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر بمانەوێت وردتربین، ئەم وەسفە زیاتر دەربارەی ژنانی سپی پێستی ئەمریکا ڕاستە. لە قۆناغەکانی داگیرکارییدا، ژنان بەو هۆیەوە بەکۆمەڵایەتی دەبوون کە دەبوونە دارایی و موڵکی پیاوان. نەك تەنها دایكو باوك، هاوسێکان، مەزهەبو دۆستان، دەبوونە هۆی بەکۆمەڵایەتییبوونی ئەوان، بەڵکو فرسەتگەلی سنورداریش بۆ ژنان لە کۆمەڵگادا هەبوو کە ئەم مەبەستەی دەهێنایەدیو ژنانی لەو یاساغە تێدەگەیاند چی بکەن  تا لە کۆمەڵگادا سوودمەند بن. سەرەنجام پەیوەندی نێوان ژنانو پیاوانی سپی پێست گۆڕاو ئەوەش ئەوکاتە بوو کە ژنان زیاتر بۆ چاودێریکردن لە خێزان لە بەرامبەر پشتگیری ئابووری



پیاوانەوە بەکۆمەڵایەتی بوون. لە سەدەی بیستەمو بەتایبەت لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، ئەم پەیوەندییە بەرەو پەیوەندیەکی یەکسانتر ڕۆشت. لەگەڵ زۆر بوونی بوارەکانی ئابووری، ژنانی سپی پێست حەقدەستی کارو باریان وەردەگرت، سەرکەوتنی ئەوان لە جیهانی سیاسەت و پەروەردەو فێرکردن و ئابوورییدا، بە شێوەیەکی بەرچاو ڕۆڵی ژنی لە کۆمەڵگادا گۆڕی. لە دوای جەنگ، دیدگای ئێمە دەربارەی جیاوازییەکانی نێوان ژنانو پیاوان کاڵتربوەوە. تا دەیەی ساڵی 1990، ئەو بیرو باوەڕەی (کە ژنان هەموو شتێکیان تایبەتکردبوو بە پیاو) ئێستا ژنان دەتوانن ئەنجامیبدەن، بیّ بەربەست قبوڵکرابوو، ئەگەرچی فرسەتو بوارەکان هێشتا سنووردار بوون. هزرێکی لەم شێوەیە کاریگەری لەسەر بەکۆمەڵایەتییبوونی منالانیش دەبێت. بەکۆمەڵایەتییبوون بەپێی ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە ژیاندا فۆرمەلە دەبێت، کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت. من 25 ساڵ لەمەوبەر بە خەویش نەمدەبینی کە ژنان لە مەیدانی ئەسپسواری، لەشجوانی، لەیاری باڵەی خێرادا fast pitch softball ڕکابەری پیاوان بکەن. هەرگیز خەیاڵم نەدەکرد ژنان لە هێزە چەکدارییەکاندا، لە هێزی پۆلیسو لە بازرگانیو کاروکەسابەتدا لەگەڵ پیاواندا ڕکابەرییەکی سەرکەوتوو ئەنجامبدەن. خەیاڵەکانی من لە بەکۆمەڵایەتییبوونمدا گەمارۆدرابوو، بە تەواویش لەنێوان ئەو شتانەی ژنانو پیاوان دەیانتوانی ئەنجامیبدەن جیاوازیمدەکرد. هەلو بەکۆمەڵایەتییبوون کاریان لەسەر یەکتر کردووەو بەرهەمی کۆمەڵگایەکە کەمتر لەسەر بنەمای ڕەگەز دابەشو پۆلێنکراوە. ئەگەرچی ڕێگری و بەربەستەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە کۆمەڵگادا هەر دەبن. ئێمە بە ئاشکرا ئەزموونێك لە ژیانی واقیعیمان لە پێشدایە کە بەڵگەگەلێکی ئاشکرا لە پشتڕاستکردنەوەی ئەم هزرەدا دەخاتەڕوو، ئەویش ئەوەیە بەکۆمەڵایەتییبوون لە فۆڕمەلەکردنی کەسایەتیی تاکەکاندا زۆر کاریگەرە.

تێگەیشتنی ئەم خاڵە گرنگە: پرۆسەی بەکۆمەڵایەتییبوون زۆر ئاڵۆزو پێچاوپێچە. بەکۆمەڵایەتییبوون نەك تەنها فێربوونی شتانێکە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا گرەنتیدەری نموونەسازیی ڕەفتاری مرۆییە لەسەر بنەمای ڕەفتاری ئەو کەسانەی کە ڕێزیانلێدەگرین. بەکۆمەڵایەتییبوون لە دەرەنجامی هەڵو بوارە بەرچاوەکان"بۆ کەسانێکی وەکو ئێمە"و کاریگەربوونە بە سەرکەوتن‌و شکستەکانمان. کاتێك بەم شێوەیە لە بەکۆمەڵایەتییبوون بڕوانین، باشتر دەتوانین هەست بە شوێنەوارە زیانبەخشەکانی جیاوازیی ڕەگەزیی، جیاوازیی نەژادیی‌و ئازارو چەرمەسەریی بکەین.

ئەو هەلانەی کە گرووپە سەرمایەدارو باڵاکان لە کۆمەڵگادا هەیانە، منداڵەکانیان بە جۆرێك بەکۆمەڵایەتی دەکەن ڕێگاکان نزیکتر دەبڕن لەچاو زۆربەی کەسانی تر لە کۆمەڵگادا: واتە قوتابخانەو زانکۆ بەناوبانگەکان و بەدەستهێنانی بڕوانامەی تایبەتییو پێگەی کۆمەڵایەتیی باڵاو ژیانێکی دەوڵەمەندانە دابیندەکەن. ڕۆبێرت کۆلز Robert Coles (1997) دەرەنجامی کۆتایی بەکۆمەڵایەتییبوون لە چینە سەرمایەدارەکاندا بە "شیاو" وەسفدەکات: منداڵانی سەرمایەدارەکان فێردەبن کە شیاوی شتگەلێکی تایبەت‌و دیاریکراون لە ژیانیادا، کە منداڵانی تر لێی بێبەشن و زۆربەیان تەنانەت ناشزانن شتێکی لەوشێوەیە هەر هەیە. "منداڵ شتگەلێکی زۆری هەیە، بەڵام زیاتری دەوێت‌و چاوەڕوانی زیاتریش دەکات" (لا 55). لەوەی دایك‌و باوك دەیدەن‌و فێریدەکەن، منداڵانی دەوڵەمەندو خۆشگوزەران فێردەبن دەبێ لە ژیاندا چاوەڕوانی چ شتگەلێك بکەن، ئەوشتانەی کە بە هۆی کۆمەڵایەتییانەوە دەبێ بۆ ئەوان هەبێت.

ڕەنگە بەکۆمەڵایەتییبوون بە تەواوەتی دەستنیشانی نەکات ئێمە چین، بەڵام کاریگەرییەکەی نکوڵی لێناکرێت. ئەو شتەی کە هەریەك لە ئێمە بووین و خاوەنیی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کردەی دوولایەنەمان لەگەڵ بەرامبەرەکانماندا، هەر بۆیە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییمان تایبەتمەندیی و سیفاتی کۆمەڵایەتیین. کۆمەڵناس



جەختدەکاتەوە کۆمەڵایەتیبوون بە چ شێوەیەك لەسەر هەڵبژاردنەکان و تواناکان و مەیل‌و خواست و بەهاکانمان، لەسەر بیروباوەڕو ئەندێشەو دیدگاکانمان کاریگەری دادەنێت (یان ئەو ڕێگایەی لە ژیاندا دەیگرینەبەر). بەهەمانشێوە کە لە بەشەکانی دواتردا دەیبینین، بەکۆمەڵایەتییبوون شتێك نییە تەنها لە قۆناغەکانی منداڵیدا بەسەرماندا بێت، بەڵکو لە تەواوی ژیانماندا ڕوودەدات. لە هەر قۆناغێکی ژیاندا خەڵك‌و بەرامبەرەکانمان فێرماندەکەن یان نیشانماندەدەن دەبێ چۆن ڕەفتار بکەین و بیر لە چی بکەینەوە. ڕەنگە بەکۆمەڵایەتییبوونی سەرەتا(یەکەم) گرنگترین قۆناغی بەکۆمەڵایەتییبوون بێت، بەڵام بەکۆمەڵایەتییبوونی دواترو دوای ئەوە پێدەچێت ڕەوتی ئاقارە یەکەمینەکان بەهێزبکات یان ڕێنوماییکەر بێت بۆ ڕەوت‌و ئاقاری نوێ. بەکۆمەڵایەتییبوون، خوو ڕەفتاری تاکێك پێکدەهێنێت‌و شێوازێکە پێماندەڵێت: ئێمە بەپێی سروشتی خۆمان بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیین.

## تایبەتمەندییە بنەڕەتییە مرۆییەکان

ئێمە چاوێکمان گێڕا بەشێوەی بەکۆمەڵایەتییبووندا: مانەوەمان پەیوەستە بە کەسانی ترەوە، شێوازەکانی مانەوەمان لە ڕێگەی ئەو شتەی کەسانی تر فێرماندەکەن فێردەبین‌و تایبەتمەندییەکانی خۆمان تاڕادەیەکی زۆر لەڕێگەی بەکۆمەڵایەتییبوون لەلای کەسانی تر دەستماندەکەوێت. تایبەتمەندی چوارەمی مرۆڤ ئاگاداری ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەیە: واتە مرۆڤایەتیمان.

لە چ قۆناغێکدا بوونەوەری مرۆیی دەبێتە مرۆڤ؟ ڕابەرانی ئایینی لەم بوارەدا جیاوازیی بیروڕایان هەیە: هەندێك بەڵگە دەهێننەوە کە ئەم کارە لە قۆناغەکانی دووگیانبووندا ڕوودەدات، لەکاتێکدا کەسانێکی دیکە دەڵێن لەو قۆناغەدا کە کۆرپەلە دەتوانێت سەربەخۆ بمێنێت یان لەکاتی لەدایکبووندا یان ساڵێك پاش لەدایکبوون ئەم کارە ڕوودەدات. لە ڕاستیدا لە هەندێك لە دیدگا مەزهەبییەکاندا منداڵان

بەشێوەیەکی تەواو مرۆڤ نین. لە ڕوانگەی هەندێکیشەوە، ژنان بەشێوەیەکی تەواو مرۆڤ نین. ڕابەرانی ئایینی لەهەر کۆمەڵگایەکدا لە پێناسی کەسە دیاریکراوو خراپەکارەکان یان جیاوازەکان وەکو کەسانێك کە تەواو مرۆڤ نین‌و لەبەرئەوە شایانی مافی مرۆیی نابن هاوڕابوون. ڕابەرانی سیاسیش وا پێناسەی دەکەن کە ئەوە چ شتێکە کە ئەگەر مرۆڤ خاوەنی بێت مافی تەواوی مرۆیی ئەو دابیندەکات (ئەم کارە هەندێجار پاڵپشت بەهاوڵاتیبوون، ئەندامێتی قەومی، گرووپی، مەزهەبی جنسیەت، تەنانەت بیروباوەڕە سیاسییەکانیش ڕاستە). فەیلەسوفان، دەروونناسان و بایۆلۆجیناسان و هونەرمەندانیش تێڕوانینی خۆیان هەیە. گەرچی ئەم باسە زۆر هەستیارو ئاڵۆزە، بەڵام زۆر گرنگیشە. ئەم مەسەلەیە لە دەورو خولی گەوهەری مرۆییدا دەخولێتەوە. ئەگەر ئێمە بڕوامان بە ڕۆح هەیە، ئەوە وەکو تایبەتمەندییەکی دیاریکراو بەکاریدەهێنین. ئەگەر بە مافەکانی مرۆیی کە خوداوەند بە مرۆڤی بەخشیوە لە قۆناغی دووگیانبووندا بڕوامان هەبێت، ئەوە بەناونیشانی تایبەتمەندییەکی دیاریکەرو بەرچاو بەکاریدەهێنین. ڕەنگە فەیلەسوفان لەسەر عەقڵ وەکو تایبەتمەندییەکی دیاریکەر جەخت بکەنەوە، دەروونناسان لەسەر هۆشی مرۆڤ و، بایۆلۆجیناسان لەسەر بەرهەمیی تۆو یان لەدایکبوون یان پێکهاتنی کۆرپەلەی تەواو.

لەڕاستیدا ئەم مەسەلەیە، مەسەلەی مەزهەبی و سیاسیی‌و زانستیەو کەمتر گونجاندنی هەیە. زانایان هەوڵدەدەن سیفاتێکی بەرچاو، کە بوونەوەرە مرۆییەکان دەکاتە مرۆڤ دیارییبکەن: بۆ نموونە هۆش، توانای چارەسەری گرفتەکان، بەکارهێنانی زمان، یان کولتوور. کۆمەڵناسان جەخت دەکەنەوە لەسەر سێ تایبەتمەندی پەیوەندار پێکەوە: سوودوەرگرتن لە شەقڵ و هێماکان(Symbols)، پێشکەوتن وگەشەدان بە خود، بیرکردنەوە. تەنها کاتێك ئەم سێ تایبەتمەندییە مرۆییە هەبن، ڕەفتاری مرۆیی سەردەردێنێت‌و ئەمەش خاڵی جیاوازییانە لەگەڵ



زیندەوەرەکانی تردا. ڕەنگە کۆمەڵناس زیادەڕۆیی بکات، بەڵام لێرەدا خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە: ئەم سێ تایبەتمەندییە کە بۆ مرۆڤ بنەڕەتین، بەشێوەی کۆمەڵایەتی دروستدەبن. لەم واتایەدا، مرۆڤایەتی ئێمە تەنها لە ڕێگەی ڕەفتارو کردەی دوولایەنی کۆمەڵایەتییەوە دەردەکەوێت. ئێمە لەکاتی لەدایکبوونماندا بوونەوەرێکی ناتەواوین، کە دەتوانین وەکو مرۆڤەکانی تر ڕەفتاری هێزەکیمان(بالقوە) هەبێت، بەڵام ئەو تواناییە تەنها لە ڕێگەی ژیانی کۆمەڵایەتیمانەوە دەچێتە بواری کردارو جێبەجێکردنەوە، هەرکام لەم تایبەتمەندییانە بە کورتی تاووتوێدەکەین.

***سوود وەرگرتن لە شەقڵ و هێماکان***. هەتا زیاتر دەربارەی مرۆڤەکان بزانین، سوود وەرگرتنیان لە **هێماکان** گرنگییەکی بنەڕەتی تر دەستدەخات. هێما شتێکە جێگرەوەی شتێکی ترەو ئێمە بەمەبەستی پەیوەندی لەبری ئەو شتەی تر بەکاری دەهێنین. ئەگەر چی ئێمە لە ڕێگای سوودوەرگرتنی نەخوازراو لە زمانی جەستە، حاڵاتی نائاگاییانەی روخسار پەیوەندی دروستدەکەین، هێماکان خاوەنی ئەم تایبەتمەندییە زیادەن کە کەسی سوود وەرگر لێیان تێدەگات. پەیوەندی هێمایەکی مانادارە: ئەم پەیوەندییە دەرخەری شتێکە بۆ کەسی بەرقەرارکەرو بۆ ئەوەش کە پەیوەندی دەستدەخات.

وشەکان باشترین نموونەی هێماکانن. لەبری هەر شتێك دەتوانین بەکاریان بهێنین. ئێمە وشەکان بۆ تێگەیاندنی مەسەلەیەك لە خەڵك بەکاردەهێنین‌و سوودیان لێوەردەگرین بۆ بیرکردنەوە. بەڵام جگە لە وشەکان، دەستنیشانیدەکەین کە کردە دیاریکراوەکان بریتین لە هێماکان (تەوقەکردن، ماچکردن، بەرزکردنەوەی دەست). مرۆڤەکانیش هەندێ لە شتەکان وەکو هێما لەبەرچاو دەگرن: بۆ نموونە ملوانکە، مستیلە، خاچ‌و شتەکانی تری ئارایشکردنی موو، ئەم جۆرە شتانە خۆبەخۆ مانادار نین، بەڵام لەبەرچاو دەگیرێن.

ئەم جۆرە نیشاندانانە representations لە کوێوە سەرچاوەدەگرن یان سەر هەڵدەدەن؟ ڕاستە زۆرێک لە گیانلەبەران بە ڕێگایەک لەگەڵ یەکتر پەیوەندی دروستدەکەن: بۆ نموونە دەمجوولاندن، جووڵەی ئاماژەدەری بۆنکردن، لرخەلرخکردن، لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرتری ئەم رەفتارانە غەریزین. ئەوان فێرنابن‌و بە گشتی لەنێوان جۆرەکاندا هەن. ئەو شتانە بە شێوازێکی خۆبەخۆ لەلایەن بوونەوەرە زیندووەکانەوە ئەنجامدەدرێن، پێناچێت بە لای بوونەوەرێکەوە کە بەکاریاندەهێنێت هیچ مانایەکی هەبێت. (بۆ نموونە هەنگ لە ڕێگەی سەماکردنەوە لەگەڵ هەنگەکانی دی پەیوەندی دەبەستێت، بەڵام کاتێک کە شانەکەیان خاڵی بووەو هەنگەکانی دی هیچ کامیان لەوێ نین هەتا ئەم خۆی نمایشبکات و سەماکەی ببینن، کەچی دیسان ئەم کاردەکات.) بەڵام لە سنووری گیانلەبەرەکاندا تا لە مرۆڤ نزیکببینەوە، شێوەکانی پەیوەندی تایبەتمەندییەکی جیاواز دەردەخات: کردەکان دەرخەری شتێکی ترن تەنها لەبەرئەوەی لە کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتییدا بەم جۆرە ڕێکەوتنی لەسەر کراوە. بە دەربڕینێکی تر، هۆکارەکانی پەیوەندیی، بنەمای کۆمەڵایەتییان هەیە. لەوێدا کە هێماکان لە بنەماوە ماناگەلی کۆمەڵایەتییان هەیە، هەر شتێك کە دووبارە دەرکەوێتەوە وخۆبنوێنێ، مانای ئەوەش دەردەخەن کەواتە فێری بوونەوەری زیندوو دەکرێت بۆیە زیندەوەر فێردەبێت‌و تێدەگات کە شتێك نیشاندەری شتێکی ترە. کاتێك کە کردەیەك ئەنجامدەدرێت، زیندەوەر پەیام نانێرێت، بەڵکو واتاکەی تێدەگات. دیارە مرۆڤەکان بۆ هەر شتێك کە ئەنجامیدەدەن‌و هەن پەیوەستن بە دووبارەکردنەوەی هێماکان کە سەرچاوەی کۆمەڵایەتییان هەیە. تەنانەت ئەگەر بوونەوەرەکانی تر بەم مانایە هێماکان بەکاربهێنن، ئەم سوودوەرگرتنە زۆر سنووردارە.

توانایی دروستکردنی هێماکان‌و بەکارهێنانیان بە شێوەیەك کەسی بەکارهێنەر تێیانبگات بەشێکە لە گەوهەری کۆمەڵایەتی social essence ئێمەو ئەم توانایيە



هێندە بە لامانەوە گرنگە بێگومان بەیەکێك لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لە گەوهەری کۆمەڵایەتییماندا دێتە ئەژمار. بیهێنەرە بەرچاوی خۆت ئێمە بە هێماکان چی دەکەین: بۆ گواستنەوەی هزرەکان، هەستەکان، مەبەستەکان، شوناسەکان سوودیان لێوەردەگرین، بۆ گەیاندنی ئەوەی دەیزانین بە کەسانی بەرامبەرمان و بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵیاندا و هاوکاریکردنیان لە ڕێکخراوێکدا، بۆ فێربوونی ڕۆڵ و هزر و بەها و ڕێساو ئاکارەکان. دەتوانین ئەوەی فێریبووین بیگوازینەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، ئەوان دەتوانن ئەوەی خەڵك فێریانکردوون فراوانیبکەن. ئێمە هێماکان بەکاردەهێنین بۆ بیرکردنەوە: بۆ بیرکردنەوە لە داهاتوو، ڕابردوو بەکاردێنین، ڕێچارەگەلێك لەپێناو چارەسەری کێشەکان دەخەینەڕوو، لەبەرچاویدەگرین بە چ شێوەیەك ڕەفتارەکانمان رەنگە ئەخلاقیی یان نائەخلاقیی بن، (تەعمیمکردن) گشتاندن (دەربارەی هەر شتێك، وەکو هەموو بوونەوەرە زیندووەکان، هەموو گیانلەبەران، یان هەموو مرۆڤەکان). هەروەها لە نێوان پالێوراوە لێهاتوو زۆرلێنەهاتووەکان بۆ پێگە بالاکانی دەوڵەت جیاکردنەوەی وردبینانە ئەنجامدەدەین. سەرتاپای ژیانمان بە سوود وەرگرتن لە هێماکان تەنراوە. ئەو هێمایانە بەهۆی فاکتەری سروشتییەوە بۆ ئێمە دروستنەبوون، بەڵکو مرۆڤەکان لە کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتیدا خوڵقاندوویانن. لەڕێگەی کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتییەوەیە کە ئێمە وێناکردنەکان representations ی خۆمان دەخوڵقێنین، دەیانگوازینەوەو دەرکیاندەکەین.

***شوناسی تاك.*** بەمجۆرە مرۆڤەکان تەنها لە ڕێگەی کردەی دوولایەنە لەگەڵ خەڵکدا، ئاگایی خودی self awareness پەیدادەکەن‌و ئەمەش بە یەکێك لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ ئەژماردەکرێت. مرۆڤەکان تێدەگەن ئەوان وەکو (بکەرێك) objects لە ژینگەدا هەن. "ئەمە منم." "من هەم." "من دەژیم‌و من

دەمرم." "من بیردەکەمەوە، من رەفتاردەکەمو من جێی باس وخواسی کردەکانی کەسانی ترم." ئەمجۆرە لە خۆنواندنە self – realization نابێ بەردەوام فەرزبکرێت، ئەم کارە لە ڕێگەی کردە دوولایەنەکانەوە دەردەکەوێت. ئێمە خۆمان لە نیگاو گوفتارو کردەکانی کەسانی تردا دەبینین، لەڕێگەی بەکۆمەڵایەتییبوونەوەیە خۆمان وەکو بکەرێك لە دەوروبەردا دەبینینەوە. هاتنەدیو بەرکەماڵ بوونی شوناسی تاکەکەس لە تەواوی قۆناغەکاندا ڕوودەداتو هەر قۆناغێك بە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستە. لە ڕێگەی کردەی دوولایەنەوە لەگەڵ کەسانی بەرجەستە(گرنگ significant others)، یەکەم جار لە خودی خۆمان self ئاگادار دەبین، ئەوەش لە نیگای کەسێکی تردا لە کاتێکدا دەبینین. (رەنگە منالان خۆیان لە یەکەم نیگای دایکیاندا، دواتر لە نیگای باوکو پاشان مامۆستای باخچەی ساوایان – هەموو لە ڕۆژێکدا ببینن.) بە تێپەڕینی زەمەن،( کەسانی تری گرنگ)ی لای ئێمە لەیەك (گشتدا) ڕیز دەبن، لە "ئەوان"، لە"کۆمەڵگا"، لە"کەسانی تر"دا، یان ئەوەی جۆرج هێربرت مید بە" گشتاندنی ئەوانی تر generalized other" ناویدەبات، دەستدەکەین بە سوودوەرگرتن لە" گشتاندنی کەسانی تر" بۆ بینینی خۆمان. پاشان ئێمە خۆمان هاوکات لە پەیوەندییەکدا لەگەڵ گرووپێکدا یان کۆمەڵگا یان کەسانێکی زۆردا دەبینینەوە، بەم پێیە کردەکانمان هەماهەنگکردن لەگەڵ "گشت–کل–"ێکی ڕێکخراودا ڕێنوماییدەکەین: خێزانمان، قوتابخانەی سەرەتاییمان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەموو خەڵکی کەنیسەی خۆمان، یان هەموو مرۆڤایەتی. پەیوەندییەك لە نێوان کردەکانمانو ئەم "گشتە"ـە ڕێکخراوانەی تردا دەبینینو دەرکپێدەکەین.

به شێوەیەکی دیاریکراو، ئێمە دەتوانین سێ کار ئەنجامبدەین، چونکە خاوەنی شوناسی کەسیی خۆمانین. سەرەتا، دەتوانین کاریگەریی کردەکانی خۆمان ببینینو دەرکی پێبکەین، دەشتوانین کاریگەریی کردەی کەسانی تر لەسەر خۆمان ببینینو



دەرکپێبکەین. لەبەرئەوە ئێمە دەتوانین بە دانانی ستراتیجییەکان ڕابگەین. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی خواستی خوێندندا، خوێندکاران دەتوانن خۆیان تاقیبکەنەوە: تواناکانیان، هۆگریی و بەهاکان، سەرکەوتنەکانو دەساوردەکانی ڕابردوویان تاوتوێ بکەنو هەڵیسەنگێنن. ئەوان دەتوانن ئەزموونەکانیان، دەرفەتەکانی داهاتوویانو هەلی کارکردنی نائەستەم هەڵسەنگێنن. ئەوان ئەشێ هەوڵبدەن ئایا بە کارەکەیان ئاسوودە دەبن یان نا.

**دووەم**، شوناسی تاك توانای دادوەریمان دەربارەی خۆمان پێدەدات: ئەوەی هەینو ئەوەی ئەنجامیدەدەین، پێمانخۆشبێت یان پێماننناخۆشبێت، هەستی غرورو سەربەرزی، یان هەستی خۆبەکەمزانین و خۆبەکەمگرتن. ئێمە چەمکی خود self – concept، شوناس identity و خۆشویستنی خود(خود ئەڤینی) self – love و ڕقلێبوونی خود self – hat پەیدادەکەین.

**سێیەم**، خود بە مانای خۆپاراستن و کۆنترۆڵی خودە self control. واتە تواناکانمان لەڕێنومایيکردنی کردەکانی خۆماندا. دەتوانین پێشیانپێبگرین یان بە ئیرادەی خۆمان ئازادیان بکەین. دەتوانین لە ڕەوتێکدا بجوڵێینو لە دوای هەڵسەنگاندنی، بڕیاربدەین لە ڕەوتێکی تەواو جیاوازدا ڕێبکەین. ئێمە بە ناچاری شوێنکەوتەی دەوروبەرو ژینگەی خۆمان نین – دەتوانین کردەکانمان لە کاتی بڕیاردانا بگۆڕینو دەتوانین کارێکی جگە لەوەی فێریانکردوین ئەنجامبدەین.

هەتا زیاترماناو گرنگی "بوونی خۆمان" تاووتوێبکەین، باشتر دەتوانین بە ناونیشانی یەکێك لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی خۆمان بناسین. ئەمەش تایبەتمەندییەکە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتیی دروستبووە: بەبێ پەیوەستبوونمان بە کردارە بەرامبەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هەرگیز شوناسی تاکەکەس نەدەبوو.

هـەتا زیـاتر مانـاو گرنگـی بـوونی خـود تاووتوێبکـەین، باشـتر دەتـوانین وەکـو تایبەتمەندییەکی سەرەکیی خۆمان بیناسین. ئەمەش تایبەتمەندیی و سیفەتێکە بـە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی هاتووەتەبوون.

***زەین.*** جۆرج هێربرت میـد کۆمەڵناسـانی ئاگـادارکردەوە کـە توانـای بیرکردنـەوە پەیوەندی نزیکی لەگەڵ شوناسی کەسییو بـەکارهێنانی هێماکانـدا هەیـە. میـد ئـەم تواناییەی ناونا زەین. مرۆڤ وەکو گیانلەبـەرەکانی دی(بـە مێشکەوە لەدایکـدەبێت، بەڵام زەین، توانای بیرکردنەوەیە دەربارەی ژینگە) چۆنییەتیەکەی لە ڕێگەی ژیـانی کۆمەڵایەتییەوە دێتەبوون. هێماکـان ئـەو دەرکەوتـە دووبارانـەن کـە گونجـاون و بـۆ پەیوەندی لەگەڵ خۆماندا سوودیان لێوەردەگرین. ئەمـەش نـاودەنێین بیرکردنـەوە، هەموو ئەم پەیوەندییانەش کە ئێمـە بیرکردنـەوەی پێـدەڵێین، (میـد) ناوینـا زەیـن. مرۆڤەکان یەکسەر وەڵامی دەوروبەری خۆیان نادەنەوە، ئەوان شـتگەلێك بـۆ خۆیـان نیشاندەکەن، دەوروبەر لە زەینی خۆیانـدا دەسـتکاریدەکەن، شـتگەلێك وێنادەکـەن تەنانەت لە جیهانی سروشتیشدا بوونیان نییە، بـژاردەی جۆراوجـۆر تاووتوێدەکـەن، کردەکانیـان ڕادەهێـنن‌و لەبەرچـاویدەگرن ئـەوانی تـر چـۆن ڕەفتاردەکـەن. (بـە واتایــەکی دی، وێنــەی جیهــانی خۆیــان دەکێــشن (بڕیــار دەدەن کــە لــە پێگــە جیاوازەکاندا چۆن هەڵسوکەوتبکەن، ئـەوان وەڵامـی دەوروبـەریان نادەنـەوە.) ئـەم تواناییانە کە بۆ مرۆڤـەکان زۆر بنەڕەتییـە لـە ڕێگـەی هێماکـان‌و خـودەوە ئەگـەری بوونی دەبێت (بەهەمانشێوە کە پێشتر بینیمان) تەنها لە ڕێگەی کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتییەوە دروستدەبن.

کەوابوو بەکۆمەڵایەتییبوون بەو مانایەدێت کە مرۆڤەکان لەپێناو مانەوەی خۆیاندا بە کەسانی ترو بۆ فێربوونی شێوەکانی مانـەوە پێویـستیان بـە بەکۆمەڵایـەتییبوون هەیە. بەکۆمەڵایەتییبوون خەسڵەتە کەسییەکانی ئێمـەش دەخولقێنێت. هـەروەها



کـردەی دوولایەنـەی کۆمەڵایـەتی لـەپێناو بەرکـەماڵبوونی خـودو گەوهـەری ئێمـەدا گرنگـە: کـردەی دوولایەنـەی کۆمەڵایـەتی خەسـڵەتە بنەڕەتییـەکانی ئێمـە( واتـە بەکارهێنانی هێماکان)و شوناسی کەسییو زەین دەخولقێنێت.

## کردەی دوولایەنە( کارلێکی کۆمەڵایەتی )و ژیان لە کۆمەڵگادا

دواجار مرۆڤەکان بـە مانایـەکی تـریش کۆمەڵایـەتیین. بەهـەر هۆیـەك بێـت، ئێمـە تەواوی ژیانی خۆمان لە کردەی دوولایەنەو لەناو کۆمەڵگەدا دەبەینە سەر. ئەگەر لـە جۆری مرۆڤ بڕوانین: بەدرێژایی کات تەنها لە دەوروبەری ئەوانی تر — خـەڵك — نـین، لەگەڵ خەڵك کار دەکەین. هەرکەسێکیش مرۆڤـەکان بـە شـێوازێکی گـشتی ببینێـت لەوەدا کە هەتا ئەم ڕادەیە ژیانیان کاریگەری لەیـەکتر وەردەگرێـت سەرسـامدەبێت. ئێمە بەردەوام بکـەری کـردەی کۆمەڵایـەتیین. کاریگـەریمان لەسـەر خـەڵك دەبێـت، لەگـەڵ خـەڵك پەیوەنـدی دروسـتدەکەین، لـە خـەڵك هەڵـدێین، خـەڵك فریـودەدەین، هەوڵـدەدەین هـەژموون ودەسـەڵاتمان بەسـەریاندا هـەبێت، ئەوانـەی دەبنـە هـۆی سـەرگەرمیمان تەماشـایاندەکەین، خۆشەویـستی خۆمـان نیـشانی خـەڵك دەدەیـن، مۆسیقابۆ خەڵك لێدەدەین یان هونەرێك دەخولقێنین و شتی تریش. هەر کارێك ئێمـە ئەنجامیـدەدەین ڕەگـەزێکی کۆمەڵایـەتی لەپێـشتەوەیە، چـونکە خـەڵك لەبەرچـاو دەگرین‌و حسابیان بـۆ دەکـەین. دەرەنجـام، ئێمـەش پـەلکێش دەبینـە نـاو کـردەی دوولایەنـە لەگـەڵ خەڵکیـدا، بۆیـە ئـەوەی ئەنجامیـدەدەین کاریگـەری جێـدەهێڵێت بەسەر ئەوەی خەڵك ئەنجامیدەدەن. هەروەها ئێمە کە پێکەوە کاردەکـەین لـە هـەر لایەکـەوە هەڵـسوکەوت زیاددەکـات: هاوکـاریی و هـەرەوەزییکردن، گفتوگـۆکردن، بەڵگەهێنانەوە، خوێندن و فێربوون، یاریکردن، عەشق دەربـڕین، یـاری تێـنس، یـان پەروەردەکردنی منداڵان. ئێمـە هەمیـشە رووبـەڕووی کـردەی کۆمەڵایـەتی‌و کـردەی

دوولایەنەی کۆمەڵایەتیین، ئەوەش گەواهیدەرە لەسەر ئەوەی تا چ ڕادەیەك ژیانی کۆمەڵایەتیمان گرنگە سەبارەت بەوەی کە هەین.

بەڵام ئێمە لەناو ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیشدا جێگیر بووین. تەواوی ژیانمان لە گروپەکاندا، لە ڕێکخراوە ڕەسمییەکاندا(formal organizations)، لەناو کۆبوونەوەو جڤاتدا(community) هەروەها لەناو کۆمەڵگەدا دەبەینە سەر. ئێمە ژیانێکی ڕێکخراومان هەیەو جیا نین لە خەڵك. هەر کەسەو ژیانی خۆی لە جیهانێکدا دەگوزەرێنێت کە خاوەنی ڕێسای کۆمەڵایەتی (وەکو ئەخلاق، یاسا، دابونەریت)و نموونە کۆمەڵایەتییەکان (سیستمە دامەزراوەکانی نایەکسانی، خێزانە جۆراو جۆرەکان، قوتابخانەکانو پەرستنی مەزهەبی)یە. جیهانێك کە زیاتر ئەو کارانەی ئەنجامیدەدات ڕێنمایی دەکات. هەروەها هەوڵدەدەین بەشێوازێکی گشتگیر تێیبگەین کە مرۆڤەکان چین. ئێمە ناچار هەندێ لە گیانلەبەران دەبینین لە کۆمەڵگایەکدا لەدایکدەبن کە خۆیان دروستیاننەکردووەو بە ئەگەرێکی زۆرەوە سەراسەری ژیانیان لە کۆمەڵگەیەکدا دەبەنە سەر و ژیان دەدۆزنەوە تیایدا کە پڕە لە پەیوەستبوونو وابەستەیی بە حەشاماتێك لە گروپەکان و ڕێکخراوەی ڕەسمیو چەند کۆمەڵێك. بینینی مرۆڤەکان لە ژینگەیەکدا کە گشتگری ڕێکخراوێکی گەورەتر نییە، واتای بینینی ژیانی راستەقینەی ئەوان نییە. ئێمە بوونەوەرێکی گۆشەگیرو تاك و تەنها نین، بەڵکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیین: ئێمە لەناو ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا دەژین.

جەختکردنەوە لەو هزرەی کە مرۆڤەکان بەپێی ماهیەتیان کۆمەڵایەتیین، دەرککردنی مەسەلەیەکی قوڵە دەربارەی چییەتیمان. ئەگەر ژیانی کۆمەڵایەتیمان لێقەدەغەبکەن ئیتر هیچ شتێك نامێنێتەوە بۆ مرۆڤ بوونمان. مانەوەمان بە تەواوی بەندە بە کۆمەڵگاوە، ئەوەی هەین(هەم وەکو تاکەکانو هەم وەك جۆر) تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتییەوەو تاڕادەیەك هەرکارێك ئەنجامیدەدەین



لەسەر بنەمای کردەی کۆمەڵایەتی، کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتیو ڕێکخراوی کۆمەڵایەتییەوە بەهێز و جێگیرە.

## مرۆڤ بوونەوەرێکی کولتووریە

ئەم قسەیەی کە "مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە" مانای ئەوەیە کە ئێمە بە چەند تایبەتمەندییو سیفاتێکی دی جیادەکرێینەوە کە پێشتر باسکراون. زۆرێك لە بوونەوەران کۆمەڵایەتیین، بەلام ئەوە چ شتێکە هەندێك لە گیانلەبەرن دەکاتە بوونەوەرێکی کولتووری؟ وەڵامی ئەم پرسیارە گرەنتی دیاریکردنی ئەو بابەتەیە کە ئەساسی کۆمەڵگا چییە. زۆربەی گیانلەبەرانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای غەریزە لەگەڵ یەکتر دەژین. سروشت فەرماندەدات ئەوان هاوکاری بکەنو بە وردیش ڕێنمایاندەکات ئەو هاوکارییە چۆن بێت. هەنگە کارکەرەکان و شاهەنگەکانو هەنگەکانی تر دەزانن چی دەکەن، بیریشناکەنەوە چۆنچۆنی ڕۆڵە جیاوازەکانی خۆیان بگێڕن. لەڕاستیدا ئەوان بە کۆمەڵێك غەریزەوە لەدایکبوون کە ڕەفتاری ئەوان کۆنترۆڵ دەکاتو هاوکاریو هەرەوەزی دەسازێنێت.

هەندێك لە گیانلەبەران فێردەبن چۆن لە کۆمەڵگادا هەڵسوکەوتبکەن، بەڵام فێربوونی ئەوان زیاتر لاسایی کردنەوەیە، ئەوان ئەو شتەی گیانلەبەرانی تر ئەنجامیدەدەن تەماشایدەکەنو هەمانشت ئەنجامدەدەنەوە. بەم پێیە ئەوان فێری پێگە و پایەی خۆیان دەبن لە ڕێکخراودا. لە هەندێك کۆمەڵگا ئاژەڵی – حیوانی – یەکانی تریشدا گەورەکان فێری بچووکەکان دەکەن چی بکەنو چی نەکەن. ئەم فێربوونە غەریزییە، واتە سروشت فەرمان بە بوونەوەری زیندوو دەکات چۆن منداڵان پەروەردە بکرێن. هەڵبەتە دیاریکردنی ئەوەی هەندێ لە گیانلەبەران تا چ ڕادەیەك نزیك دەبنەوە لە کولتوور دژوارە، بەڵام ڕوونو ئاشکرایە کە مرۆڤەکان کولتوورینو

ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیشیان لەسەر پایەی کولتوور بونیادنراوە نەك لەسەر بنەمای غەریزەو لاساییکردنەوەی سادە یان فێربوون لەسەر بنەمای جۆرەکان.

مرۆڤەکان وەکو بوونەوەرانێکی کولتووری بەم هۆیەوە لە کۆمەڵگادا ڕەفتارگەلێکی دیاریکراویان هەیە کە تێڕوانینێکی هاوبەشیان هەیە سەبارەت بە دەوروبەرەکەیان. ئەم تێڕوانینە هاوبەشە هەندێجار پێیدەڵێن کولتوور. کولتوور کۆمەڵە پێکهاتەیەکە لە هرز و بەهاو نۆرمەکان (شێوەکانی کار، دابونەریت، یاساکان و ئاکار) کە خەڵکی بۆ ناونیشانی ڕێنومایی بۆ دەرککردنو زاڵبوون بەسەر خۆیاندا بەکاریدەهێنن. بەم چەشنەیە دەتوانین بزانین چۆنچۆنی لەگەڵ یەکتر بژین و پێکەوە هاوکاری یەکتربکەین. مرۆڤەکان دنیای خۆیان دەپشکننو دەگەڕێن، فێریدەبنو ئەوەی فێری دەبن فێری کەسانی تریشی دەکەن. زانست بە مردنی تاکەکان لەناوناچێت، بەڵکو دەگوازرێتەوە بۆ خەڵکی تر. میراتێك هەیە کە هەرتاکێك لە کۆمەڵگادا فێریدەبێتو بەکاریدەهێنێت، خەڵکی بە تەواوەتی پەروەردەناکرێن، لەگەڵ کولتووردا ئەوان دەتوانن تێبگەن خۆیانو بەرامبەرەکانیان چی دەکەنو دەبێ چی بکەن. بەهۆی ئەم تایبەتمەندییە کولتوورییەوە، کۆمەڵگاکان جیاوازیگەلێکی بەرچاویان هەیە. هەر کۆمەڵگایەك تێڕوانینو ئاقارێکی تاڕادەیەك تایبەت بە تاکەکانی دەربارەی ژیان هەیە. کولتوور ڕێکخراوەکانی خەڵکی دەستنیشانو جیادەکاتەوە.

لەلایەکەوە، کولتوور مانای ئەوەیە ئێمە جیهان بەپێی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆمان دەبینین، لەلایەکی ترەوە، بەو مانایە دێت کە ئێمە مانا بەجیهانی خۆمان دەبەخشین. ئێمە جیهانێکی تەواو بزوێنەر نابینین کە تەنها وەڵامی ئەو بدەینەوە. بەڵکو ئەوە لە ڕێگەی ماناگەلێکەوە کە لە کردەی دوولایەنەوە وەریدەگرینو تێیدەگەین. کاتێك کولتوورمان دەگۆڕێت، تێگەشتنمان لە جیهانو کردەشمان گۆڕانی بەسەردا دێت.



تەنانەت جیهانی دەروونییمان کولتوورییە، نەك هەر فیزیکی بە تەنها. حاڵەتی فیزیکیو دەروونییمان ئەو کاتەی کە شتێك بەسەرماندا ڕوودەدات لەوانەیە بگۆڕێت (بۆ نموونە کاتێك کەسێك تفەنگێك بەرەو ڕوومان دەگرێت یان ناکاوگیرمان دەکات یان پێماندەڵێت خۆشیدەوێین). بەڵام گۆڕانی حاڵەتی دەروونییمان خۆبەخۆ وەڵامناداتەوە. ئەگەرچی زۆرێك لە ئاژەڵان بەسەر ژینگەی دەوروبەریاندا هاواردەکەن، ئەشێ ئێمە ئەوە بە ڕق ناوبەرین، بەڵام مرۆڤەکان خاوەنی ئەم توانایەن کە ئەو چۆنییەتیە لە خۆیاندا دەرکپێبکەن. ئەوان لە خەڵکیەوە فێربوون کە ڕق لە عەشق و حەسوودی و غرورو نەفرەتو ترس جیاکەنەوە. کولتوور فێرماندەکات چ زەمەنێك گونجاوە تووڕەببینو کەی گونجاوە دەریببڕین. ئێمە فێردەبین بە چ شێوەیەك ڕقی خۆمان کۆنترۆڵبکەین، چۆن دەریخەینو چۆن بەرامبەر ڕقی خۆمان هەست بە تاوان و پەشیمانیی یان خۆشحاڵبین. هەروەها کولتوور شتگەلێکی زۆرمان دەربارەی ڕق فێردەکات"ڕق ئاساییە" "ڕق یەکێکە لە فاکتەرەکانی دەمارگیری"(ڕق پەیوەندی بەئامانج نەگەیشتنەوە هەیە) ئێمەش لەم هزرانەوە بۆ دەرککردنی وەڵامە دەروونییەکانی خۆمان سوود وەردەگرین. تەنانەت زاراوەی ڕق — ئەو ناونیشانەی کە بەدەروونی خۆمانی دەدەین — کولتوورییە. پسپۆڕان دەتوانن چەندجۆرێکی جیاوازی ڕقو ئاستە جیاجیاکانمان نیشانبدەن. ئێمە تەنانەت دەتوانین فێرببین چ کاتێك ڕق "تەندروست"و "ناتەندروست"ـە. دەشتوانین فێربین چۆنو چ کاتێك بۆ ئامانجەکانمان "سوودمەند" یان "زیانبەخش"ـە.

ئێمە بە شێوەیەکی کولتووری خەڵکانمان ڕیزبەند(پۆلێن)ی کردووەو ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەین، نەك "بە شێوەیەکی سروشتی" ئێمە خەڵکی چینی ناوەندو کەسانی چینی کرێکار و هاونەوایانو بێنەوایان و مرۆڤە باشو خراپەکانیش دەبینین. ئەمانە هەموو کولتوورین. یارمەتیماندەدەن واقیع ڕیزبەندی بکەین، ڕەفتارێکیش کە لە

زەمانێکدا یا لە کۆمەڵگایەکدا بە ڕەفتارێکی لادەرانە ئەژماردەکرێن، ڕەنگە لە کۆمەڵگایەکی تردا بەوجۆرە دانەنرێت (بۆنموونە، فرەهاوسەری، هاورەگەزبازی، بەکارهێنانی کۆکاین، جیابوونەوەی ژنو مێرد).

ماکس ڤێبەر، لە تەواوی بەرهەمەکانیدا جەخت لەسەر ئەم خاڵە گرنگە دەکاتەوە کە ئێمە لە جیهانی مانادا دەژین. بەڵگە دەهێنێتەوە کە بۆ دەرککردنی ڕەفتاری مرۆییمان دەبێ تێبگەین خەڵك بەچ شێوەیەك دنیای خۆیان پێناسە دەکەن، چۆن دەربارەی بیریلێدەکەنەوە. بیرکردنەوەی ئەوان پەیوەستە بەو کولتوورەوە کە بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە ڤێبەر سەرنجی خۆی لەسەر کاریگەری کولتووری ئاینی چڕدەکاتەوە. بۆ نموونە، نیشانیدەدات کە لە سەدەی حەڤدەهەم، ئاکاری ئاینی پرۆتستانییەت کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر شێوەی ڕەفتاری تاکەکان لە دنیای کارو پیشەدا هەبوو. بەتێڕوانینی ئەو، ئاینی پرۆتستانی ئاکاری کارێکی بەهێزی لە کۆمەڵگادا برەوپێدا کە بووە هاندەری تاکەکان لە هەوڵدان بۆ سەرکەوتنی ئابووریی. ئێمە بوونەوەرێکی گۆشەگیر نین، ئێمە لە ڕێگەی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆمانەوە و بیرکردنەوەی خۆمان دەربارەی جیهان فراواندەکەین کە کاریگەریی بەسەر چۆنییەتی ڕەفتارمانەوە لە جیهاندا جێدەهێڵێت.

## گرنگی کۆمەڵایەتیبوون و کولتووری بوون

کۆمەڵایەتیبوونو کولتووریبوونی ئێمە چ گرنگییەکی هەیە؟ کۆمەڵایەتیبوونو کولتووری بوون بەر لە هەر شتێك، بەو مانایە دێت کە ئێمە لەکاتی لەدایکبووندا شیاو و لەبارین بۆ نەرمی نواندن و خۆگۆڕین، دەتوانین گۆڕانی زۆر دەستخەینو لەڕەوتە زۆر جیاوازەکاندا بجولێین. لەوشوێنەوە کە ئێمە کۆمەڵایەتیو کولتوورین، دەتوانین لەخواترس یان تاوانبار، سەرباز یان بەڕێوەبەر، جوتیار یان پەرستار بین. تاك دەتوانێت تەنها ببێت بەو شتەی دەیناسێت، ئەمەش پەیوەستە بەوەی



فێریدەبێت. ئەگەرچی بایۆلۆژی ڕەنگە لە جیاکردنەوەی ئێمە لە یەکتر بەشدار بێتو ئیمکان بدات بە هەندێك لە ئێمە کە لە هەندێك لە بوارەکاندا ڕێژەیەك بەرامبەر ئەوانی تر پلەیەکی باشترمان دەستکەوێت.

ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەسەر بنەمای کولتوور بنیاتنراون نەك غەریزەو تەقلید، یان فێربوونی جۆری گشتی، لە ڕوانگەی شتگەلێکەوە کە بەگرنگ دەزانرێت، لە ڕووی ئامانجەکانی بەکۆمەڵایەتیکردنی خەڵکی خۆیان زۆر جیاواز دەبن. ئێمە دەتوانین نەتەوەیەکی ئاشتیخواز بین یان خەڵکێك کە ستایشی یاساگەری دەکەن. ئەشێ وەکو نەتەوەیەك باوەڕمان هەبێت کە گرنگترین ئامانج لە ژیاندا پارەپەیداکردنە، یان دەتوانین بڕوامان وا بێت کە ژیانی باش ژیانێکی سەخاوەتمەندانەو هاوکات بە لەخۆ بوردواندنە. ئێمە دەتوانین تەئکید بکەین لەسەر رابردوو ئێستاو داهاتوو، لەسەر خەڵك یان شتەکان، ڕکابەریی یان هاوکاری، بە ژیانی ئەم جیهانە یان ژیانی دوای مردن، مۆسیقای ڕۆك یان ئۆپێرا. سروشت فەرمان ناکات کۆمەڵگا چی بێت، بەهەمانشێوە فەرماننادات تاك چی بێت. کردەی دوولایەنەی کولتوور وادەکات لەبەرئەوەی ئێمە کۆمەڵگایەکی جیاوازو فراوانمان خولڨاندووە ئەمە بەو مانایەش دێت کە لەگەڵ دەرکەوتنی زروف و بارودۆخی نوێدا، خەڵك دەتوانن بگەنە شتگەلێکی تازەو شێوەی هەڵسوکەوتیان بگۆڕن. واتە بە پێچەوانەی یەکەمینەکانی ترەوە، مرۆڤەکان دەتوانن شێوازی هەڵسوکەوتەکانیان هەڵسەنگێننو هەوڵە کۆمەڵیەکانی خۆیان باشبکەن. ئەوەش کە بە چ شێوەیەك کۆمەڵگا واقیع پێناسەدەکاتو دەیگۆڕێت. کۆمەڵگای کشتوکاڵی دەگۆڕێت بە کۆمەڵگەی پیشەسازی، کۆمەڵگا ئاشتیخوازەکان گرنگیدانیان بەلای جەنگ یان بیناسازیدا دەچێت، سەلیقەکان لە زەمینەی خواردنو مۆسیقاو تەکنەلۆژیادا بەتێپەڕینی زەمەن دەگۆڕێت.

کۆمەڵایەتیبوونو کولتووری بوون بەو مانایەش دێت کە ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی ئێمە کۆنترۆڵدەکەن. ئێمە لەناو چوارچێوەیەك لە هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا جێگیربووین، ئەوەی ئەنجامیدەدەین، ئەوەی هەین و ئەوەی بیری لێدەکەینەوە، پێکدەهێنن‌و کۆنترۆڵیدەکەن. کولتوورو ڕۆشنبیرییەك کە وەریدەگرین دەبێتە بەشێك لە ئێمەو بەسەر هەر لایەنێك لە ژیانی ئێمەدا کاریگەری دەبێت. بە پێچەوانەی گیانلەبەرەکانی ترەوە، ئەوە سروشت نییە کە فەرمانمانپێدەکات. هەروەها بە پێچەوانەی ئەو شتەی زۆربەمان رەنگە بیری لێبکەینەوە، ئەم هەڵبژاردنە ئازادانە نییە کە زۆرێك لە بڕیارەکانمان تایبەت‌و دەستنیشاندەکات.

پەیوەندی ئێمە لەگەڵ دەوروبەری خۆشماندا دەگۆڕێت، چونکە کۆمەڵایەتیی‌و کولتوورین. ئەمەش وەڵامی ئەوە نییە ئەو شتەی کە ئەنجامیدەدەین تایبەتماندەکات، بەڵکو کۆمەڵایەتیبوون لە کۆمەڵگایەکی رۆشنبیرو خاوەن کولتووردا بەو مانایە دێت ئێمە دەستدەکەین بە دەرککردنی خۆمان، بەڵام ئێستا میکانیزمی هزرو بەهاو ئاکارو ئامانجمان هەیە کە لە دیدگای ئەوانەوە ڕوودەکەینە ژیان. لەڕێگەی سوود وەرگرتن لە هێماکانەوە، خودو زەین — کە هەموو لە کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرن ئێمە لە کولتووری خۆیدا کۆمەڵایەتییدەکات، ئێمە دەتوانین جیهانی خۆمان بکێشین و بەرجەستەبکەین و ئەو هزرانەی کە تایبەتە بە خودی خۆمانەوە بیهێنینە بوون. کورتەی قسە ئەوەیە کە ئێمە هەم کۆمەڵایەتی‌و هەم کولتوورین و دەتوانین دەربارەی جیهانی خۆمان بیربکەینەوەو زاڵبین بەسەر ئەوەی لەم جیهانەدا ئەنجامیدەدەین. مرۆڤەکان وەڵامدەرەوەی جێگری و هەڵچوون نین، بەڵکو ئەنجامدەرانی کردەی دوولایەنی کۆمەڵایەتی و هزرمەند و چالاکن.



## پوختەو دەرەنجام

سەیری دەوروبەرتان بکەن. سەیری پۆلی وانەکانتان، ناو زانکۆ، بەشە ناوخۆییەکان، خانووماڵەکانتان بکەن. سەیری تەلەفزیۆن بکەن‌و لە شەقام‌و فرۆشگاکانیش وردببنەوە. تەماشای یاریەکانی تۆپی پێ و کۆنسێرتە سەمفۆنییەکان‌و نمایشە هونەرییەکان بکەن. ئەوەی دەیانبینی چییە؟ جەوهەرو ماهیەتی ڕاستی ئەو بوونەوەرەی دەیبینین‌و ئێمە مرۆڤی پێیدەڵێین چییە؟ وەڵامی کۆمەڵناسی بۆ ئەم پرسیارە بریتییە لەمە، ئەوەی دەیبینیت:

1. بوونەوەرێکە سروشتی کۆمەڵایەتی هەیە، مانەوەی پەیوەستە بە کەسانی ترەوە، شێوازەکانی مانەوەی خۆی لە خەڵکەوە فێردەبێت، لە ڕێگەی بە کۆمەڵایەتیبوونەوە هەمتایبەتمەندی مرۆیی‌و هەمتایبەتمەندی کەسی دەستدەخات‌و لە کۆمەڵگادا ژیان بەسەردەبات.
2. بوونەوەرێکە سروشتی کولتووری هەیە، بەپێی ئەوەی لە کۆمەڵگادا فێریدەبێت جیهان ڕاڤە دەکات، لەبەرئەوە بوونەوەرێکە کە سروشتی بایۆلۆژی دیاریی ناکات، بەڵکو زۆر جۆراوجۆرە.

رەنگە سەرەنجام ئاشکرا بێت کە کحولیەکان، هاورەگەزبازی، هۆش، لێهاتوییە وەرزشییەکان‌و شتی تریش ئەساسی زیندەوەرزانییانیان هەیە. لەگەڵ ئەمەدا هەڵەدەبێت بە جۆرێکی تێهەڵکێش لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا بەریەککەوتوون‌و بانگەشەبکەین کە تەنها زیندەوەرزانی گرنگە. هەموو تایبەتمەندییەکانمان وەکو تاکی مرۆیی بە هۆی کۆمەڵگاو کولتوورییەوە بەهێزدەبن یان نابن. ڕێساکانی ئێمە شێوەکانی تێڕوانینمان بۆ بەرامبەرو خۆمان، پاداشت‌و سزاکانمان، ئەو چاوەڕوانییەشی بۆ خۆمان‌و بۆ خەڵکی هەمانە، هەموو کۆمەڵایەتیین. لە ڕاستیدا شارەزابوونی ئەم خاڵە گرنگە ئەگەرچی زیندەوەرزانی لەوانەیە لە دەرخستنی

جیاوازییە کەسییەکاندا گرنگی هەبێت، بەڵام لە دەرخستنی جیاوازیی نێوان گرووپەکان گرنگییەکی زۆر کەمتری هەیە. گرووپەکۆمەڵایەتیەکان لەبنەڕەتەوە بە هۆی جیاوازیە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانەوە جیاواز دەبن.



# کۆمەڵگا چۆن دروست دەبێت؟

## بناغەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی

لەسەدەی پانزەدا، ئەوروپییەکان سەرانسەری جیهانیان تەنی و زۆر نەتەوەیان تێکشکاند. بە درێژایی چەندساڵێك (تادەیەی1950) چەندین کۆمەڵگایان بە تەواوی لەناوبردو کۆمەڵگای نوێیان بوونیادنا. ئەوروپییەکان لەناو خۆشیاندا کەوتنە جەنگ و توندوتیژیی و چەندجارێك ئەوسنوورانەیان لەنێوان ئەوەی پێیاندەوت نەتەوە دروستکرد و گۆڕییان و وایاندەزانی نەتەوەو کۆمەڵگاکان ماهیەتێکی یەکسانیان هەیە. بەکورتی دەتوانین بڵێین ئەوان یاریان بە کۆمەڵگا دەکرد، دیارییاندەکرد کە کۆمەڵێك قەومی دیاریکراو پێکەوە پەیوەندییان بەیەك کۆمەڵگاوە هەیە و خەڵکانی تر سەر بە کۆمەڵگاکانی ترن. زۆرجار سنوورگەلێکیان بونیادەنا، چەند حکومەتێکیان پێکدەهێنا، کۆمەڵێك یاسایان دادەنا و دەیانوت کۆمەڵگایەکی نوێمان دروستکردووە. زۆر لە شوێنەکان دووچاری شەڕە ناوخۆییەکان دەبوون(لەوانە ویلایەتەکگرتوەکانی ئەمریکا)، ئەم جۆرە جەنگانەش کۆمەڵگای دەگۆڕی، پێچەوانەی ئەوەی خەڵکی بیریان لێدەکردەوە کە کۆمەڵگا پێکدەهێنێت. جەنگ و کۆنفرانسە ئاشتیئامێزەکان سنوورەکانیان لەسەرەتاوە دروستدەکردەوە. پێشتر لە ساڵی 1871 ز، هێزەکانی (داگیرکەری پروس) نەتەوەی ئەڵمانیان دروستکرد،

بوونێکی سیاسییان پێبەخشی و ڕایانگەیاند ئەڵمانیا وەکو هەر کۆمەڵگایەکی تر کۆمەڵگایە. لە ساڵی 1918 ز، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، سەرکەوتووانی جەنگی سنوورەکانی ئەڵمانیا، ئەم وڵاتەیان لە سەرەتاوە دروستکردەوەو پادشایی نەمسا و مەجەرستان دابەشبوو بەسەر چەند نەتەوەیەکدا، کە هەر یەك واینیشاندەدا کۆمەڵگایەکی جیاوازەو تایبەتە. نەمسا، چیکۆسلۆڤاکیا، مەجەرستان و ئەوانی تریش. لەگەڵ دەرکەوتنی هیتلەر، ئەڵمانیا بەرەوسنوورەکانی بەر لە جەنگی جیهانیی یەکەم فراوانکارییانکرد. نازییەکان بانگەشەی ئەوەیاندەکرد کە هەموو نەمسایەکان و ئەو ئەڵمانیانەی لە چیکۆسلۆڤاکی ئەوکاتە دەژیان سەر بە کۆمەڵگای ئەڵمانین. ئەوانەی تر کە سەر بە کۆمەڵگای ئەڵمانی نەبوون دەکوژان و لەناودەبران یان خزمەتی داگیرکەرانی ئەڵمانییان دەکرد.

پەرێشانی دەربارەی ئەوەی کە چ شتێك کۆمەڵگایەك پێکدەهێنێت و کۆمەڵگا و نەتەوەکان چۆن لەگەڵ یەك جیاوازن، گرنگە. کۆمەڵگا لەسەرەتای ژیانی مرۆڤەکانەوە هەبووە. کۆمەڵگا ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتییە، پێکهاتووە لە خەڵکانێك کە خاوەنی مێژوو کولتوور و پێکهاتەو کۆمەڵێك لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و زیاتریش زمان و شوناسی هاوبەشن. "ئێمە کۆمەڵگایەکین!"،"ئەمە نەتەوەی منە!"،"ئەمە کۆمەڵگای منە" ،"ئەمەش منم" بە پێچەوانەی ڕێکخراوەکانی تری خەڵکەوە، کۆمەڵگا بە گەورەترین ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی وێنادەکرێت کە تاك خۆی بە وابەستەی دەزانێت. لە جیهانی مۆدێرندا ( لە1500 بە دواوە) نەتەوەکان یان دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە خەڵکانێك پێکدێن کە ڕێساگەلێکی هاوبەش بەسەریاندا باڵادەست و حاکمە. نەتەوە ڕێکخراوەیێکی سیاسی خەڵکە، ڕێکخراوی سیاسی گشتگری حوکمەت و یاساو سنوورە فیزیکیەکانە. سنووری نەتەوەکان بە زۆری کۆمەڵگایەك لەبەردەگرێت، هەندێجار نەتەوەیەك پێکدێت کە کۆکراوەی چەند کۆمەڵگا یان بەشێك لە کۆمەڵگایەکە.



کاتێك دەڵێین کۆمەڵگا ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتییە بەو مانەیە دێت کە خاوەنی تایبەتمەندیی و سیفەتی هاوبەشە لەگەڵ هەموو جۆرەکانی تری ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا. ئێمە لەناو هەموو ئەم ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییانەدا ژیان دەبەینەسەر. لە کۆبوونەوەکانی (نیۆرك سیتی، پۆرتالاند، میناپۆلیسی باکوور)، لەناو ڕێکخراوە رەسمییەکاندا(هارڤارد، کارگەی جەنەراڵ، کۆمپانیای مارین)، لە گرووپەکان (دراوسێ، هاوڕێیان، خێزان). هەموو ئەم ڕێکخراوانە نموونەکانی ڕێکخراوە کۆمەڵاتیەکانن، هەرکامیان خاوەنی مێژوو کولتوور و پێکهاتەو شوناسی هاوبەش بووە و زۆر جاریش تەنانەت زمان و بونیادی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەم ڕێکخراوانە کە لە ناو ناخی کۆمەڵگادا بوونیان هەیە، لەو کۆمەڵگایەوە کاریگەریی وەردەگرن و شوێنکەوتەی ئەو گۆڕاوانەن کە لەو کۆمەڵگایەدا ڕوودەدەن. کۆمەڵگا گەورەترین ڕێکخراوی کۆمەڵایەتییە کە تاکەکان خۆیان بە وابەستەی دەزانن و تیادا بەکۆمەڵایەتیی دەبن. کۆمەڵگا تاڕادەیەك(نەك هەمیشە) دوورو درێژترین مێژووی هەیە. تا ئەو جێیەی کە کۆبوونەوەبچوکترەکەی من (هاتریەکان) گەورەترین ڕێکخراوێکە کە من خۆم بەپەیوەستی دەزانم و تیایدا بەکۆمەڵایەتی بووم( لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە لەناو کۆمەڵگای گەورەتری ئەمەریکادا بوونی هەبێت ) ئەمە کۆمەڵگای ڕاستەقیەی منە نەك ئەمەریکا.

ئایا لوبنان کۆمەڵگایە (ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی خەڵك) یان نەتەوە (سیستمی سیاسی)یە یان هیچکامیان؟ بۆ ماوەیەکی دووورودرێژ لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم وا دەزانرا کە لوبنان هەم کۆمەڵگایەك و هەم نەتەوەیەکیشە. خەڵکی خۆبەگەورەزان ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە نەتەوەیەکە ( ڕێکخراوێکی سیاسی کەتیایدا قەومی جیاوازو فرەمەزهەب لەگەڵ یەکتر دەژین)، وادەزانرا کولتووری هاوبەش و شوناسی هاوبەش کۆمەڵێك لە دامەزراوەو پێکهاتەی کۆمەڵایەتییان پێکهێناوە کە تیایدا هەرەوەزیی و هاوکاریی لەبرەودا بوو. وا دەزانرا هەم

مسولّمانەکان و هەم مەسیحیەکان، وەفادارن بەرامبەر دەولّەتێك کە لوبنانە. تەنانەت لەگەلّ ئەم جیاوازیی و ناکۆکییە دەستەجەمعی و گرووپیانەشدا (ئابووری، مەزهەبی و مێژوویی) کۆمەلّگایەك لەسەروەختی دروستبووندا بوو. کۆمەلّگایەك زۆرینەی خەلّکەکەی خۆیان بە بەشێك دادەنالێی، کۆمەلّگایەك گۆڕابوو بە نەتەوەیەك و حوکمەتێك کە خزمەتی هەموو کۆمەلّە جیاوازەکانی دەکرد. لە سەرەتای دەیەی 1970 دا وا دەرکەوت ئەو کۆمەلّگایە لە دەرئەنجامی جەنگی ناوخۆیی مسولّمانەکان دژی مەسیحیەکان، مسولّمانان دژی مسولّمانەکانی تر و مەسیحیەکان دژی مەسیحیەکانی تر لەناوچوو. رەنگە لوبنان هێشتا لەسەر نەخشە هەبێت، بەلاّم شتێك ڕویدا کە بەردەوامییەکەی کۆمەلّگایەکی مەحالّی بونیاتنا. لوبنان هێشتا نەتەوەیەکە، بەلاّم دژایەتیی و شەڕخوازی نێوان کۆمەلّەکان، بوونی حکومەت لەو نیشتیمانەدا زۆر دژوار دەکات. ئەگەر چی لوبنان هەنگاوگەلێکی نا لەپێناو بوون بە کۆمەلّگا، لەوانەیە هێشتا نەبووبێتە کۆمەلّگا، بەلّکو هێشتا نەتەوەیەکە کە لە دانیشتوانی جۆراوجۆر پێکهاتووە.

یەکێك لە گەورەترین هێز لە جیهانی مۆدێرندا ناسیۆنالیزم یان نەتەوە پەروەرییە. ناسیۆنالیزم بەو مانایە دێت نەتەوەیەك هەستدەکات کۆمەلّگایەك پێکدەهێنێت و مافی خۆیەتی لە ولاّتەکەیدا فەرمانڕەوایی خۆی بکات. ئەگەر نەتەوەیەك بوونی نەبێت، وەکو فەلّەستینییەکان، ئەوکات ناسیۆنالیزم بانگەشەی ئەوە دەکات کە پێویستە نەتەوەیەك هەبێت. لە ڕاستییدا دەتوانرێت ناسیۆنالیزم بەمەنزلّگەی هەستی وەفاداری بەرامبەر بە کۆمەلّگایەك تێبگەین کە یان بووە بە نەتەوەیەك و سنوور و دەولّەتی تایبەتی خۆی هەیە یان هێشتا نەبووە بە نەتەوە بەلاّم خەلّکی تیایدا هەستدەکەن بوون بە نەتەوە مافی خۆیانە. ناسیۆنالیزم هێزێکی بەتوانایە کە سەرهەلّدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم. لە بەریتانیاو فەڕنساو ئیسپانیاو نەمسا و پروس و ئیتالیا و ڕوسیا، تاکەکان وەفادار بوون بۆ حکومەتەکانیان،



ئەمەش تاڕادەیەك بەو هۆیەوە بوو کە وایاندەڕوانی ئەو حکومەتانە بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەلّگادا حوکمدەکەن کە خەلّکەکەی خۆیان بە بەشێك لەو دەزانن. شۆڕشی ئەمریکا لەسالّی 1776ز و فەڕنسا لە 1789ز خالّی گەڕانەوە بوو بۆ ناسیۆنالیزم. ئەو فەرمانڕەوایانەی وا دەردەکەوتن تەنها نوێنەری خۆیانن نەك کۆمەلّگا، لابران، دامەزراوەی سیاسیی و ڕابەرانی سیاسیی لەبری ئەوان دانران کە نوێنەری کۆمەلّگایەك بوون کە خەلّکی بەرامبەریان هەستیان بە وەفاداری دەکرد. لەڕاستیدا لەگەلّ ئەوەی لەشکرەکانی ناپلیۆن کۆمەلّگا ئەوروپییەکانی داگیردەکرد و ستراتیجیەتی شۆڕشی فەڕەنسایان گەشە پێدەدا، بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن گەشەیان بە ناسیۆنالیزمیش دەدا. هەر ئەم هەستە بوو کە لە دلّ و دەروونی ئەوروپییەکاندا بێدار بوەوە و سەرەنجام سەریکێشا بۆکردنەدەرەوەی هێرشبەرانی فەڕەنسی. ئەو خەلّکەش هەستیاندەکرد بەشێکن لە کۆمەلّگایەك، حکومەتێکی تر بۆی نییە بەسەریاندا فەرمانڕەوایی بکات. هەروەها لە سەدەی نۆزدەش بەریتانیا، ئەلّمانیا، فەڕەنسا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ولاّتەکانی تری ڕۆژئاوا زۆر ئیمپراتۆریان خولّقاند، ئەوانیش یارمەتیدەری ناسیۆنالیزم بوون. نەتەوە تێکشکاو و داگیرکراوەکان دەربارەی کۆمەلّگاکەی خۆیان هەستیان بە وەفاداری دەکرد و بانگەشەکاری مافی دروستکردنی حوکمەت و سنوورەکانی بوون کە لەگەلّ ئەو کۆمەلّگایەدا گونجاو بێت.

ناسیۆنالیزم بە ئاشکرا، لە دەیەی 1990 بە دوا یەکێکە لە گرنگترین ئایدیاکان لە جیهاندا. یەکێتی سۆڤیەت (ئەو نەتەوەیەی کە لە ڕەگەزو پێکهاتەی جەنگ، یەکێتی ئابووری و مێژوو زۆرداری دروستبوو) چی دی بوون نەما. ئەم ولاّتە دابەشبوو بەسەر نەتەوەگەلێکی جۆراوجۆردا و ئەو کۆمەلّگایەی کە ئیمپراتۆری ڕوسیا لە زەمانی کۆنەوە ئەوانی لەبەر گرتبوو جارێکی دی سەری هەلّدایەوە و بانگەشەی ئەوەیاندەکرد ئەوانیش دەبێ ببنە نەتەوەیەك. ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست پڕە

لە هەست و تاسەی ناسیۆنالیستی کە هێزی سیاسی ڕەسمی دەخاتە ژێر مەترسییەوە و جاریَ بە جەنگی ناوخۆیی و جارێك بە جەنگە نێودەڵەتییەکان بەکێشدەبێت. یەکێك لە فاکتەرە سەرەکیەکانی ئەم ئاشوبە گەڕانە بەدوای ڕێگایەکدا بۆ دروستکردنی سیستمێکی سیاسی (نەتەوەیەك) بۆ کۆمەڵگای فەڵەستینییەکان. ئێرلەندا، ئەڵمانیا، ئیسرائیل، ڤێتنام، هیندستان و پاکستان و جەزایر، تەنها ژمارەیەك لە نەتەوە مۆدێرنەکانن کە تەنها دەتوانرێت مێژوویان لە زەمینەی ناسیۆنالیزمی سەدەی بیستەم دا ببینرێت. ئەمڕۆ ئێمە شایەدحاڵی ئەو پەرێشانیانەین کە تاڕادەیەك سەرچاوەکەی لە سنووربەندییە دەستکردەکانی جیهانەوەیە، ئەویش ڕایدەگەیەنێت "لێرە یەك نەتەوە هەیە. ئێوەی خەڵکی ئەبێ فێربن پێکەوەبژین!"

ناسیۆنالیزم ئەو هێزەیە کە هەڕەشە لە یەکگرتوویی هەموو نەتەوەیەك دەکات. کۆتایی هاتنی لەئارادا نییە: هەموو گرووپەکان کە خۆیان بە کۆمەڵگایەکی جیاواز و سەربەخۆ لە قەڵەم دەدەن خوازیاری ڕەزامەندین. ئەگەر گروپی نەتەوەی ئیسلام (مسوڵمانانی ڕەشپێست) لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بگۆڕێن و نەتەوەیەك پێکبهێنن، ئەوکات دەتوانین چی بڵێین دەربارەی وڵاتی (کۆکلوکس کلان) یان کۆمەڵگایەکی جودا و سەربە خۆی دانیشتوانی ئەمریکا؟ ڕابەرانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەبێ چی بکەن تا هەموو مەیل و خواستەکانی نەتەوەخوازییانە لە ناو نەتەوەی خۆیدا ڕازیبکەن. ئایا ئینگلستان کۆمەڵگایەکە، یان لە ڕاستیدا وڵاتێکی پادشایی لێکدراوە لە ئینگلستان، سکۆتلەند، ویلز و ئێرلەندەی باکوور؟ رەنگە زەمانە کۆمەڵگایەکی یەکگرتووی تیا دروستبکات، بەڵام رەنگە ڕۆژێك ناسیۆنالیزمێك دەرکەوێت و کۆمەڵگای بچوکتر (بە ڕواڵەت بەشێك لە ئینگلستانی یەکگرتوو) خوازیاری نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیابن و رەنگە کۆمەڵگا یەکگرتووەکەیان دا بەشبکەن بەسەر چەندین کۆمەڵگای جیاواز و دابەشبوو و کە هەرکامیان خاوەنی



نەتەوەی خۆی بێت. ئەبراهام لینکۆڵن ڕووبەڕوی پرسی ناسیۆنالیزم بووەوە لەباشوری ئەمەرکادا: ئەو تووشی جەنگێك بوو سەرەنجام سەرکەوتن، لە جەنگەکەدا توانی باشور ناچاربکات کە هێشتا ئەوان بە شێکن لە نەتەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەگەر باشوور براوەی ئەو جەنگە بوایە، ویلایەتە یەگکرتوەکانی ئەمریکا دەبووە دوو نەتەوەی جیاواز و دوو کۆمەڵگای جیاواز. لەڕاستیدا ئەگەر باشوور لەو جەنگەدا سەرکەوتایە، پێدەچوو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا یەکگرتوو نەبێت و لە وانەبوو هەر ویلایەتێك نەتەوەیەکی جودا و سەربەخۆ بێت. بەهەرحاڵ، ئەو جەنگە سەرکەوتنێك بوو بۆ گۆڕان بەیەك نەتەوە و بە تێپەڕینی زەمەن باکور و باشوور بەچەشنێکی بەرچاو گۆڕان بە کۆمەڵگایەك. هەرچەندە یەکگرتن بەناوی نەتەوە و کۆمەڵگاوە دژوار بوو (ئێستاش هەندێجار هەر دژوارە)، بەڵام ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا خاوەنی ئیمتیازێکی باش بوو. ئەم وڵاتە سەر زەمینی ئەو کۆچبەرانەبوو کە بە ئیرادەی خۆیان کۆمەڵگای ئەوروپیان جێهێشتبوو تا کۆمەڵگا و نەتەوەیەکی نوێیان خوڵقاند. بیهێننە بەرچاوی خۆتان کە ئەگەر کۆمەڵگاگەلێکی زۆری جیاواز لە مێژووی ئێمەدا دەربکەوتنایە ئێمە ڕووبەڕووی چ دژوارەییەك دەبوینەوە. وەفاداریی بەرامبەر بە نەتەوەیەك زۆر دژوارتر دەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بزاڤە بەهێزەکان لە ئاڕاستەی دروستکردنی نەتەوەی سەربەخۆ و جیاواز و فراواندا دەبوون.

کۆمەڵگاکان لەخۆوە دەرناکەون، بەڵکو بونیاتدەنرێن و بە خاوییش دروستدەبن. کۆمەڵگاکان لەگەڵ مەسەلە گەلێکی دژواردا ڕوبەڕوو دەبنەوە و ئەگەر پێیانڕانەگەن، لەوانەیە بڕووخێن و تیابچن، ڕووبەڕووی کودەتا یان جەنگی ناوخۆیی ببنەوە، لە بەرامبەر هێزە دەرەکییەکاندا زیانیان پێبگات یان بگۆڕێن بە شێتکی زۆر جیاواز لەوەی ئێمە دەمانەوێت بگۆڕێن.

وا دێتە بەرچاو کە زیاترو بەردەوام کۆمەڵگا فەرزدەکەین (کارێکی بۆ دیاریدەکەین). ئێمە تیایدا لەدایکدەبین، بە گشتی قبوولێدەکەین و بڕوامان وایە هەمیشە بوونی دەبێت، ڕەنگە کەمێك جیاوازتر، بەڵام بەهەرحاڵ بوونی دەبێت. ئەگەر بە شێوەیەکی جدی دەربارەی کۆمەڵگا بیرنەکەینەوە ئێمە بەکەمی لەوانەیە ئەم پرسیارە بکەین: چ شتێك کۆمەڵگا دروستدەکات و چ شتێك بوونی ئەو دەخاتە بەرمەترسیەوە. جۆرج زیمل ئەم پرسیارە دەکات "چۆن کۆمەڵگا دروستدەبێت؟" ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ توماس هۆبز فەیلەسوفی سەدەی حەڤدەهەم کە پرسی" چۆن سیستەم دروستدەبێت؟" چ شتێك دەبێتە هۆی ئەوەی کە بمانەوێت لە پێناو چاکەی گشتیدا لە خواستە کەسییەکانی خۆمان خۆشببین؟ چ فاکتەرگەلێك لە دروستکردن و دامەزراندنی کۆمەڵگادا بەژداریدەکەن؟ ئەمە پرسیارێکە زیاتر لە هەر پرسیارێکی تر لە سەرەتاوە ئیلهامبەخشی کۆمەڵناسان بووەو لە لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسانی هزرمەنددا چەندینجار خراوەتەڕوو. بەمەفهومێکی قوڵتر، کۆمەڵگای مرۆیی تاڕادەیەك مەحاڵ (غیرمومکین) دەردەکەوێت.

## کۆمەڵگا لە ڕێی کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتییەوە دروستدەبێت

چ شتێك کۆمەڵگای مرۆیی دروستدەکات؟ هەمان ئەو شتەی کە هەموو ڕێکخراوەکان دروستدەکات. هەبوونی بنەڕەتی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی کرداری دوولایەنە پێکدەهێنێت، واتە ئەو هەڵسوکەوتەی خەڵکی لەگەڵ یەکتر هەیانەو ئەنجامی دەدەن: وەکو هاوکاریکردن، پەیوەندیی دروستکردن، بەژداریکردن، بەڵگەهێنانەوە، دانوستان، سازشکردن و کاریگەریی دانان. خەڵکی دەبێ کرداری دوولایەنەیان هەبێت تا کۆمەڵگا دروستببێت و بەردەوامبێت. لەویادا کە کرداری دوولایەنەی کۆمەڵایەتیی کۆتایی بێت، کۆمەڵگاش کۆتاییدێت.



کردەی دوولایەنە(interaction کارلێکی کۆمەڵایەتیی) بەردی بناغەی کۆمەڵگایە. بۆ ساتێك بیر لە کردارەی دوولایەنە بکەرەوە ( هەڵبەتە دەرککردنی ئەم چەمکە ئاسان نییە). کردەی دوولایەنە بەو مانایەدێت کە ئەنجامدەرانیان کاتێك کردە دەنوێنن ڕەفتارەکانی یەکتر لەبەرچاودەگرن. من لە زەینمدا لەگەڵ تۆ دەستدەکەم بە هەڵسوکەوتکردن، تۆ لەگەڵ من لە زەینی خۆتدا هەڵسوکەوت دەنوێنیت، منیش دووبارە لە زەینمدا ڕەفتار و هەڵسوکەوتت لەگەڵ دەکەم. ئەوەی من لە هەرچرکەیەکدا ئەنجامیدەدەم بەوەی تۆ ئەنجامی دەدەیت پەیوەستە و بەپێچەوانەشەوە. تێگەیشتن لەم بابەتە ئاسانە، ئەوەش کاتێك کە دوو کەس لەبەرچاوبگرین: من سڵاو لە تۆ دەکەم، بە بیستنی سڵاوی من، تۆ دەگەڕێتەوە و سڵاو لە من دەکەیت، کاتێك تۆ لەوەڵامی سڵاوی مندا، سڵاو لە من دەکەیت، من پێتڕادەگەیەنم کە خەمبارم. کاتێك دەبیستیت کە خەمبارم، لێمدەپرسی چی بووە، ئیتر بەو شێوەیە یەکلەدواییەك گفتوگۆدەکەین. هەر کام لە ئێمە کاردانەوە نیشانی کردەی بەرامبەرەکانی دەدات کە ئەوانیش خۆیان ڕەنگە لە سەرەتاوە کاردانەوەیان نیشانی کردەکانی ئێمە دابێت.

کردار و ڕەفتاری بەرامبەر لە گرووپەکانیشدا دەتوانرێت بە ئاسانی ببینرێت، بۆ نموونە تیپێکی یاریی تۆپی پێ بێنەرە بەرچاو، ئەگەر ئێمە سەرنجی خۆمان تەنها لەسەر یانزە یاریزان چڕبکەینەوە، دەبینین یاریزانی هێڵی هێرشبەر بەوانی تر دەڵێت چۆن یارییبکەن، دەبینین یاریزانان بە بینینی ئەوەی یاریزانانی تر لە تیپەکەیاندا ئەنجامیدەدەن کردەکانیان دەگۆڕن (یاریزانی بەرگری ناتوانێت جڵەوی یاریزانی بەرامبەر بگرێت، لەبەرئەوە یاریزانی سەر هێڵ تۆپەکە لە ڕکەبەر دەسێنێت)، یاریزانێك بۆ وەرگرتنی تۆپەکە ئامادەدەبێت و بەمجۆرە یاریزانی سەرهێڵ فرسەتێك دەقۆزێتەوە و تۆپ دەدات بەو یاریزانە. لەم کاتەدا کە ئەو یاریزانە پاسەکەی وەرگرتووەدەڵێت"پاسێکی چاك بوو".

هەڵبەتە ئێمە هێشتا دەتوانین ببینین کردەی بەرامبەری نێوان تیپەکان لە یاریکردندا لە ڕوداندایەو لە مەودایەکەوە دەتوانین کردەی دوولایەنەی ژمارەیەك لە تیپەکان ببینین. بۆ نموونە لەوکاتەدا کە زیاتر تیپە وەرزشیەکان لەگەڵ تیپەکانی تردا یاریدەکەن، ئێمە دەتوانین ڕاببگەیەنین ئەو تیپانەی لە خولێکدان کرداری دوولایەنەیان هەیە. دەتوانین ببینین ڕاهێنەران لە تیپەکاندا کە گردبونەتەوە و ڕێسایەك دادەنێن و داوەران گردبونەتەوە تا هاوکاریی و هەماهەنگی خولەکە بکەن.

بینینی کردەی دوولایەنە لە ناوچەیەکی فراوانتردا، وەکو هێرشێك دژوارترە بەڵام لەویاشدا کردەی دوولایەنی هەیە. پیادەڕەوەکان، دوکانەکان، کونج و قوژبنی شەقامەکان، مەیدانە وەرزشییەکان و سەدان شوێنی تر، پێگەی گونجاون بۆ کردەی دوولایەنەی خەڵکی لەگەڵ یەکتر. هەموویان لەگەڵ یەك و لە یەك کاتدا کردەی دوولایەنەیان نییە، بەڵام ئەگەر بەوردی ببینین، نموونەیەك لە کردە دوولایەنییەکانی نێوان خەڵك لە ناوچەیەکدا دەبینین کە توندترو پەیوەستترە لە کردە دوولایەنەکانی نێوان ئەوانەی خەڵکی دەرەوەی ئەو ناوچەیە. ئەمە یەکێکە لەو بەڵگانەی کە ڕایدەگەیەنین، "ئەویٚ ناوچەیەکە". ئێمە دەتوانین هەر ئەمە لە کۆمەڵگایەکی محەلی(ناوخۆیی) گەورەتردا بخەینە ڕوو: تۆڕەکانی کردەی دوولایەنە لە ناو ناخی کۆبوونەوە محەلیەکاندا هەیەو زۆر بەهێزترو پەیوەستترە لە کردەی دوولایەنە لەگەڵ تاکەکانی دەرەوەی کۆبوونەوەی محەلیدا.

کۆمەڵگاش تاڕادەیەك بەم کردە دوولایەنانەوە دەناسرێت و پێناسەدەکرێت. کاتێك خەڵکی چەند کۆمەڵگایەکی محەلی کردەی دوولایەنی بەردەوامیان هەیە و کاتێك ئەم کردە دوولایەنییە لەناو ناخی کۆمەڵگا محەلیەکاندا زۆر توندترو پەیوەستردەبێت تا لەگەڵ کەسانی دەرەوەی کۆمەڵگای محەلی، ئێمە دەتوانین سەرەتا و دەسپێکی کۆمەڵگا ببینین. ئێستاش پێچەوانەی ئەم مەوقیعە لەبەر چاو بگرن: کاتێك هیچ کردەیەکی دوولایەنە بوونی نەبێت، کۆمەڵگاش نابێت هەبێت.



کاتێك کردەی دوولایەنە دابەشبووبێت بەسەر دووان یان چەند گروپێکی جیاوازدا، ئەشیٚ بڵێین کە زیاتر لە کۆمەڵگایەك لە ناو ئەو خەڵکەدا بوونی هەیە. ئەم خاڵە جەوهەری ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی کارنەر (Kerner commission) دەربارەی شۆڕش و فەوزاکانی دەیەی ساڵی 1960 لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا: ئەمریکا دابەشبووە بۆ دوو کۆمەڵگا. دوو کۆمەڵگای جیاکراوە، لەگەڵ مەسەلە و بەرژەوەندیی جیاوازدا. ئەوەی جێی لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە ئایا ئێمە یەك یان دوو یان سیٚ کۆمەڵگا زیاترین. بەڵام لێرەدا تەنها دەمەوێت ئەم خاڵە دەسنیشانبکەم، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بوونی هەبێت پێویستە کردەی دوولایەنەش بەردەوام هەبێت.

بۆچی کردەی دوولایەنە گرنگە بۆ کۆمەڵگا؟ تاڕادەیەکی زۆر، لەو ڕووەوە کە کردەی دوولایەنەی مرۆیی ئاماژە و هێمایەsymbolic. کردەی دوولایەنەی سمبولێك بەو مانایە دێت کە کردەی تاکەکان بە مەبەستی گەیاندنی پەیامێکە بە وانی دی، ئەوانیش کە ئامانجی پەیوەندیین بەردەوام هەوڵدەدەن لەو کردانە تێبگەن. کردەی دوولایەنە وەڵامی فیزیکی نین بۆ کارتێکەرەکان. لەو شوێنەوە کە ئێمە پەیوەندیی دروستدەکەین، تاکەکان دەتوانن لە سوودو بەرژەوەندییەکان و هۆگریی و مەیلەکان و خواست و بیرو باوەڕ و هەستەکانیان بەشداربن لەگەڵ بەرامبەردا. لەویادا کە ئێمە هەوڵدەدەین ئەوەی بەرامبەرەکامان پێماندەگەیەنن تێبگەین، فرسەتێکمان هەیە کە شتێك لە بەرامبەرەوە فێرببین کە یان بە پێچەوانەی تێڕوانین، یان لە زۆربەی جاردا بەیەکێتی بیرو باوەڕ و هاوبەشی بیروڕا یەکلادەبێتەوە. بایەخی پەیوەندییە سمبولییەکان ناتوانین بەکەم بزانین:

1. پەیوەندیی فاکتەرێك بۆ ناسینی یەکتر دەخولقێنێت، لە بەرچاو گرتنی پێویستییەکانی خەڵك ئەستەمناکات و یارمەتی دەرخستنی پێویستەکانی خۆشماندەدات. پرۆسەگەلێك دەهێنێتە بوون کە "وەرگرتنی ڕۆڵێکی تر"ی پیٚدەڵێن. واتە تێگەیشتنی جیهان لە دیدگای خەڵکی ترەوە لەو پێگەیەدا.

2. بە تێپەڕینی کات، پەیوەندیی "تێگەیشتنی هاوبەش" لەناو خەڵکدا دەسازێنێت. ئەم لێکتێگەیشتنە هاوبەشە کۆکەرەوەی شێوەی چارەسەری ناکۆکییەکان و سازشی نێوان بەرژەوەندیی جیاوازی تاکەکانە.

3. پەیوەندییەکان، بنەمایەك بۆ هاکاریی بەردەوام دەخولقێنێت، شێوازێك بۆ چارەسەری مەسەلەگەلێك کە دروستدەبن بە هاوکاریی یەکتری.

4. پەیوەندیی فاکتەرێك دەسازێنێت کە بە یارمەتی ئەو فاکتەرە، ئەو کەسانەی کە تازە هاتوونەتە ناو کردەی دوولایەنەوە دەتوانن بەکۆمەڵایەتیی ببن تابزانن بە چ شێوەیەك لە کردەی دوولایەنەدا هەڵسوکەوتبکەن.

5. پەیوەندیی لەگەڵ کەسەکان سەرەنجام وا دەکات تێبگەن چ کات و زەمەنێك ڕەفتارەکانیان نامەعقول و نەشیاوە. پەیوەندیی فاکتەرێکە بۆ ئەوەی بە خەڵکانی بەرامبەرمان بڵێین لە ڕێسا لایانداوە یان بەپێی دۆخە قبووڵکراوەکان کارناکەن یان ڕەفتارەکانیان نادروستە.

## کۆمەڵگا وابەستەی شێواز و نموونە کۆمەڵایەتییەکانە

کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتیی، یەکەمین تایبەتمەندییە لە تایبەتمەندییە هاودژەکان کە بۆ هەر فۆڕمێك لە ڕێکخراوەکان و لە وانەش کۆمەڵگا پێویستە. دووەم تایبەتمەندیی کۆمەڵەیەك لەنموونەpattern کۆمەڵایەتییەکانە.

تاڕادەیەك هەموو کۆمەڵناسان لەو باوەڕەدان کە خەڵك کردەی دوولایەنە ئەنجامدەدەن. نموونە کۆمەڵایەتییەکان لەناویاندا دروستدەبێت و لەسەر کردارەکانی ئەوان کاریگەریی بەرچاوی دەبێت. لە ڕاستییدا ئەم نموونانە" کۆمەڵێك لە تاکەکان " لە فۆڕمێك لە ڕێکخراوی وەکو کۆمەڵگا جیادەکەنەوە.

نموونەی کۆمەڵایەتیی بەو مانایەدێت کە کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراو دەبێت، ڕێکدەبێت  و بنەمایەك دروستدەبێت کە دواجار بکەرانی کردەی



دوولایەنە دەزانن لە پەیوەندیەکانیاندا دەبێت چیبکەن لەگەڵ یەك. توانای پێشبینی ئاسانتر دەبێت، هەندێك لە چاوەڕوانییەکان دەبنە بەشێك لە کردەی دوولایەنە. بۆ نموونە، کەسانێك کە کردەی دوولایەنە ئەنجامدەدەن ڕێسا و دەستوور و دیدگاو عادەت و ڕۆڵ و بەهای هاوبەش بنیات دەنێن و بەکاری دەهێنن. ئەم کارە یارمەتیی کردەیەکی ڕێکخراو و بونیاتنراوی ئەوان دەدات. خەڵکی لە قۆناغێکی دووردرێژدا، زۆرێك لەمجۆرە نمونانە دەئافرێنن و هەموومان لەوەها نموونەیەکدا کە لە نەوەی پێشوەوە دروستبوون لەدایکدەبین. کۆمەڵناسان نموونەیەکی گرنگ دەسنیشاندەکەن: کولتوور، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان. گەرچی نموونە کۆمەڵایەتییەکان لە ماوەیەکدا (کە ئێمە بە کردەی دوولایەنە ڕادەگەین) دروستدەبن، بەڵام زیاتر ئەو نموونانەی کە لە ڕابردوودا چەسپیوون و بە نەگۆڕی ماونەتەوە بەمیراتی وەری دەگرین. ئێمە زیاتر ئەو نموونە بۆماوەییانەی کە وەکو بەشێك لە جیهان بەردەوام دەرکەوتووە وەردەگرین. لەپێناوی ئەوەی کۆمەڵگا بوونی هەبێت، تاکەکان ناتوانن بە تەواوی بەپێی پاڵنەرەکان یان بەپێی ئەوەی ئەوان لە حاڵی حازردا هەستی پێدەکەن ڕەفتاربکەن. هەر سیستمێکی بەکۆمەڵ، لە هەماهەنگی لەگەڵ نموونە و شێوە کۆمەڵایەتییە هەبووەکاندا سنوورێکی دیاریکراو لە خۆپارێزی دەخوازێت. نوێنەرانی کۆمەڵگا ئەم نمونانە فێری تاکەکەس دەکەن و لەڕێگەی پاداشت و سزاوە (لایەنی کەم) هانی یەکرەنگی دەدەن.

## کولتوور

کولتوور یەکێکە لە (pattern) نموونە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا. کولتوور لە کۆمەڵێك نموونەی بچوکتر پێکهاتووە دەتوانین ناویان بنێین بە ڕێساو باوەڕو بەهاکان.

بۆ ئەوەی هاوکاریی لە ئارادا بێت، پێویستە ڕێسا هەبێت و دەبێ تاکەکان کردەکانیان بەپێی ئەو ڕێسایە ئاراستەبکەن. کۆمەڵگا بەهۆی داب و نەریتەوە ڕێنمایی دەکرێت: بۆ نموونە چ کاتێك دەتوانرێت تێکەڵاویی و پەیوەندیی سێکسی هەبێت و لەگەڵ کێدا و چ هەستێك دەربارەی هەیە و پێویستە چۆن ئەنجامبدرێت. کۆمەڵگاکان بە یاساو ڕێساکانەوە ڕێنمایی دەکرێن: هاوبەشی ژن و مێردمان چ تەمەنێکی هەبێت، دەبێ چ جنسیەتێکی هەبێت، ناتوانرێت لەگەڵ چ خزم و خوێشێکدا هاوسەرگیری بکرێت، لە چ بارودۆخێکدا دەبێت لە تێکەڵاوبوونی سێکسی خۆبپارێزرێت. کۆمەڵگا بەهۆی تابۆکانەوە (ئەو شتە مەمنوعانەی ئەگەر توخنیان بکەویت سزای توندی هەیە) ڕێنمایی دەکرێت: چ خزم و خوێشێك ناتوانی وەکو هاوسەری ژیانی ژن مێردی هەڵبژێریت. کۆمەڵگا بەهۆیئەخلاقەوە ڕێنماییدەکرێت: دەتوانرێت چەند هاوسەری ژیانت هەبێت، ئایا بوونی پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی هاوسەرگیری دروستە، ئایا تاکەکەس پەیمانی ئەخلاقی هەیە کە خواستەکانی هاوسەری ژیانی خۆی ڕێزلێبگرێت. کۆمەڵگاکان بە شێوازەکانی کاری پەسەند ڕێنمایی دەکرێت: ڕۆڵی ئامادەسازیی باشترین شێوازەکانی تێکەڵاو بوون، ئەوەی لەدوای تێکەڵاو بوون دەبێ ئەنجامبدرێت. کۆمەڵگاکان چاوەڕوانیی ناڕەسمییان هەیە: ئەبێ کێ لەم پەیوەندییەدا پرکێش و دلێربێت، ئەبێ کێ بەرپرسیاریەتی ئەوژنانە لەئەستۆ بگرێت کە لەدەرەوەی نەریتی دانپیانراو سکیان پڕبووە و دەبێ کێ بە چاك بمێنێت. هەموو ئەم ڕێسا و داب و عورفانە، ئەخلاق و شێوازەکانی ڕەفتارکردن و چاوەڕوانییە ناڕەسمییەکان بۆ تاك و کۆمەڵگا گرنگن. ئەوانە نیشانی تاکەکەسی دەدەن کە چۆن ڕەفتاربکەن، پێیاندەڵێن خەڵك چاوەڕوانییان دەکەن بەچ شێوەیەك ڕەفتاربکەن، پێیان دەڵێن چاوەڕوانیی چ ڕەفتارێك لە خەڵك بکەن. هەروەها یارمەتی کۆنترۆڵی تاکەکەس دەدەن. بە کورتی



ئەوانە لە ڕێگەی ڕێکخستنی کردەی تاك بەپێی ڕێساگەلێك کە زۆرینەی خەڵك لێی تێدەگەن هاوکاریی پایەداریی و بەردەوامبوونی ڕەوتی کۆمەڵگا دەکەن.

جگە لە ڕێساو دەستوور، کولتوور کۆی (سەرلەبەری) بەهاکانە (ئەو شتانەی کە خەڵکی بەر پرسن لێی و لە ژیانیاندا بە گرنگی دەزانن)، ڕێکەوتن لەسەر بەهاکان توانای کردەی دوولایەنەی پشتئەستور بەهاوکاریی زیاتر دەکات. بۆ نموونە ڕەنگە کۆمەڵگایەك مادیگەریی و فەردگەرایی و ژیانی خێزانی بە باڵاو بەهادار دابنێت. ئەم بەهایانە کاریگەریی لەسەر کردار دەبێت: ئەم بەهایانە تاکەکان هاندەدات کاربکەن و داهات بۆ خۆیان و خێزانی خۆیان دەستبخەن. تاکەکان هاندەدەن تا بچنە قوتابخانە و بخوێنن تا بۆ خۆیان و ئەو خێزانەی لە داهاتودا بنیادیدەنێن پارەپەیدابکەن. ئەو کاتەی ئەم شتانە بەهاگەلی کۆمەڵایەتیی هاوبەشن، زۆرێك لە تاکەکان ئەم ڕەوتە لە کۆمەڵگادا لە پێش چاودەگرن کە ئەمەش ئەم هاوکارییە ئاسانتر دەکات. بەبێ هەستی هاوبەش لەو شتەدا کەگرنگە، ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی هارمۆنیاو (ئینسجام) و مانەوەیەکی کەمتری دەبێت. تاکەکان بەرەو هەر ئاراستەیەك بڕیاربدەن، دەڕۆن و هاوکاریی زۆر دژوار دەبێت. بەها هاوبەشەکان دەرککردنی کردە دوولایەنەکان بۆ تاکەکان ئاسانتر دەکات و هاوکارییش ئاسانتردەکات. چونکە کەسەکان دەزانن چ چاوەڕوانییەکیان لەوان هەبێت. بەهاکان پێودانگەلێکن کە ئێمە بەسەر بارودۆخی تایبەتیدا جێبەجێیاندەکەین. ئەو شتانەی ئێمە بڕیاری لەسەر دەدەین کە ئەنجامیان بدەین ڕێنمایی دەکەن. "ئەوانە ئەو بنەما بێ چەندو چوون و خۆئاراستەکەرانەن کە هۆکاری هاوپەرچەکرداری بەرامبەر بارودۆخە دووبارەکان لەنێوان خەڵکانێکی هاوکولتووردا ڕووندەکەنەوە"(Shibutani,1986:68)

کولتوور لە کۆمەڵێك لە باوەڕە هاوبەشەکان پێکهاتووە. ڕەنگە خەڵك بڕوایان وا بێت کەکاری سەخت ئەنجامەکەی بە سەرکەوتوویی لایەنی مادیی دەبێت، یان

خوێندنی زانکۆ و باڵا دەرەنجامەکەی بە دەستکەوتنی کاری باش دەبێت. باوەڕێکی بە برەو لە کۆمەڵگای ئەمەریکی ئەمڕۆدا ئەوەیە کە هاوسەرگیری بەکێشت دەکاتە ناوژیانێکی ڕەزا بەخشەوە. ئەوەی کە "سیستەمی بازاڕی ئازاد کاراترین سیستەمی ئابورییە" بە ڕواڵەت باوەڕێکی گرنگە لە کولتووری ئەمریکادا. ئێمەش گەیشتووینەتە ئەو باوەڕەی کە "دەوڵەتی باش دەوڵەتێکە دەستوەرناداتە کاروباری تاکەکەسەوە " هەروەها " تاکەکان لە کۆمەڵگادا دەتوانن ئەوەی دەیانەوێت دەستیانبکەوێت" "ئێمە کۆمەڵگایەکی چینایەتیمان هەیە، بەڵام کەسەکان بە ئاسانی دەتوانن جوڵە(جێگۆڕکێ) (mobility)ی بەرەوپێشچوون یان دابەزینیان هەبێت. ئەم باوەڕانە ڕەنگە ڕاست یان ناڕاست بن و خاڵی گرنگیش ئەمە نییە. ئەوانە باوەڕگەلێکن کە لەم کۆمەڵگەیەدا گرنگن و بوونەتە بەشێك لە کولتووری کۆمەڵگا. هەمووومان فێری ئەوە بووین، زۆربەشمان وەریدەگرین و پێشوازی لێدەکەین، مەگەر ئەوەی ئەو خەڵکەی لە دەوروبەرمانن ڕەتیبکەنەوە و کولتوورێك بنیادبنێن کە دژ و ناکۆکی کولتووری باڵا دەستبێت. ئەم جۆرە باوەڕە هاوبەشانە کاریگەریان لەسەر کردەی تاکەکان دەبێت و لە دەرئەنجامدا جێگیربوونی سیستم و هاوکاریی ئاسانتر دەبێت.

مارکس ئەم نموونە کولتووریانەی بەچاکی دەستنیشانکرد. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە ڕێسا و دەستوور و بەها و باوەڕەکان سنووربەزاندن و زیادەڕەوی واقیعە و بە گشتی بەڵگەگەلێکی شایەنی تێگەیشتن هەیە کە بۆچی زیادەڕەوی تایبەتی ڕوودەدات. مارکس دەنووسێت کولتوور زیاتر ئایدۆلۆژییە، یان ئەو بیروباوەڕ و هزرانەی کە بەرگری لە کۆمەڵگای ئێستا دەکەن لەوانەش نایەکسانی قودرەت و ئیمتیاز لە کۆمەڵگادا. ئایدۆلۆژیا هەموو ئەو کەسانەی کە کردەی دوولایەنە ئەنجامدەدەن نایهێننە بوون بەڵکو لەلایەن کەسانێکەوە کە لە کۆمەڵگادا خاوەنی قودرەتن هاتوونەتە بوون و دەردەکەون. ئەو پیشەیەی کە کولتووری ئەندامانی



کۆمەڵگایەك بە یەکترەوە پەیوەند دەکات لە ڕوانگەی مارکسەوە بەم مانایە بوو کە هزرگەلێکی دیار لەلایەن بەهێزەکانەوە و بۆ ئەوان دروستدەبن. ئەم هزرانە بە زۆرینەی خەڵك دەوترێنەوە. ئەم هزرانە پێیاندەڵێن کولتوور، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانە ئایدۆلۆژیان. لە پاراستنی نەزمی کۆمەڵگاشدا کاریگەریی بەرچاویان دەبێت و تەنها بەم هۆیەشەوە کە بەرگری لە نایەکسانی بەرقەراربوو دەکەن. زۆربەی کۆمەڵناسان تاڕادەیەك هاوڕان لەگەڵ مارکسدا: ئەگەر ئێمە بە وردی کولتوور تاووتوێ بکەین، دەتوانین ببینین کە ڕێسا و بەها و نۆرمەکان ئەو زیادەڕەوییانەی کە بەتواناکان لە کۆمەڵگادا پشتیوانی لێدەکەن، هاوکاریی سیستمی کۆمەڵایەتیی دەکەن.

بەم پێیە کولتوور بەو مانایەدێت کە خەڵکی لە کۆمەڵگادا دەربارەی زۆرێك لە مەسەلە گرنگەکان( ڕێسا و بەها باوەرەکان) ڕێککەوتنیان هەیە و ئەم ڕێکەوتنە دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی کۆمەڵگا. ڕێکەوتنی تەواو بە هیچ جۆرێك مومکین یان تەنانەت خوازراویش نییە. هەڵبەت ڕەنگە تاکەکان لەگەڵ کولتووری باڵادەستی کۆمەڵگادا کۆکنەبن و تەنانەت لەوانەیە لەگەڵ خەڵکی دیکە کردەی دوولایەنە ئەنجام بدەن و کولتووری جیاواز و ناکۆك لەگەڵ کولتووری باڵادەستی کۆمەڵگادا لە ناو خۆیاندا دروستبکەن. ئەگەر ناکۆکییەکە فراوانتربێت و ڕەخنە لە کولتووری باڵادەست بگرێت، ئەوکات لەوانەیە ڕووبەڕوو بونەوەی جدی لەگەڵ کولتووردا سەرهەڵبدات و یەکێك لە پەیوەندە گرنگەکانی لاواز بکات. ئەم کارە دژایەتی و گۆڕان و جیاوازی لەگەڵ خۆی دەهێنێت و کولتوورێکی باڵا دەستی نوێ سەرهەڵدەدات کە گۆڕاوە، بەڵام لێکچوون و هاوتابوونی زۆری لەگەڵ کولتوورە کۆنەکەدا هەیە.

## پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی (Social structure) نموونەیەکی تری گرنگە کە کۆمەڵگا دەهێنێتە بوون. هەروەها خەڵك بە درێژایی زەمەن بە کردەی دوولایەنە ڕادەگەن، پەیوەندیەك دروستدەکەن، پێگەو پایەی خۆیان لە پەیوەندیی لەگەڵ یەکتر دیاریدەکەن و ڕۆڵەکان لە کردەی دوولایەنەوە فێردەبن و دەیگێڕن. پێکهاتە لەگەڵ سیستم و یاسای حازر لە پەیوەندیی نێوان ئەنجامدەرانی کردەی دوولایەنەدا ڕەفتاردەکەن. پێکهاتەی کردەی تاکەکان تێدەگەن کە خەڵك لەوان چ چاوەڕوانییەکیان هەیە و دەرکی دەکەن کە دەبێ خەڵك چی بکەن.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵەیەکە لە پێگەکان ( یان ئەوەی ئێمە پێیان دەڵێین "شوێنگەکان"، "پێگە کۆمەڵایەتییەکان"، "پێگەکان" یان " پێگەی پایەگایی") کە لە کردەی دوولایەنەوە دەردەکەوێت. تاکەکان لە پەیوەندیی لەگەڵ یەکتر ئەم پێگانە داگیردەکەن. خوێندکاران ( لە پەیوەندیی لەگەڵ مامۆستایان)، ئەندامانی چینی ناوەند(لە پەیوەندیی لەگەڵ کرێکار و چینی باڵادا)، پیاوان (لە پەیوەندیی لەگەڵ ژناندا) یاریکەرانی هێڵی هێرش بەر ( لە پەیوەندیی لەگەڵ تیپ و ڕاهێنەردا)، فەرمانبەرانی تازە دامەزراو ( لە پەیوەندیی لەگەڵ کارمەندانی کۆن و بەرپرسەکاندا)، لێپرسراوان (لە پەیوەندیی لەگەڵ یاریدەدەران، سکرتێرەکان، خەزێنەداران و ئەندامانی تری دەزگا). هەزاران پێگە لە کۆمەڵگادا هەیە. تاکەکان فێردەبن لەهەر پێگەیەکدا کەدەچنە ناوی یان لەوانەیە بچنە ناوی چ کارێك دەبێ ئەنجام بدەن و ئەم پێگانە لەگەڵ یەکتر لەوەی جگە لەم شێوەیە بێ سەروبەری و ئاشوب دەبێت و سیستم دەیهێنێتە بوون.

هەر پێگەیەك ڕۆڵێکی تایبەت بە خۆی هەیە ( کۆمەڵێك لە چاوەڕوانییە خەڵکی لەو پێگەیەدا هەیانە)، کەسێکیش کە ئەم پێگە داگیردەکات فێردەبێت ئەو ڕۆڵە



بگێڕێت. ڕۆڵەکان بەر لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی فێری منداڵان دەکرێت: "خزمەتکار ئەم کارانە ئەنجام دەدات، باوك هەڵدەستێت بەئەنجامدانی ئەم کارە، کوڕێکی چکۆلە ئەم کارانە ئەنجام دەدات، پۆلیسی ئاگرکوژێنەوە ئەم کارانەی هەیە، پزیشك بەم کارانە هەڵدەستێت." لە ڕێگەی فێربونی ئەم ڕۆڵانەوەنەوە، منداڵان دەتوانن بزانن لەم پێگانەدا چاوەڕوان لە تاکەکان دەکرێت چ کارێك ئەنجام بدەن، ئەگەر ئەوان لە داهاتوودا ببنە خاوەنی یەکێك لەم کارانە، دەزانن دەبێ چی بکەن. هەروەها هەر پێگەیەك تێڕوانینی پەیوەست بە خۆی هەیە (خزمەتکاران بەمجۆرە بیردەکەنەوە)، خاوەنی ڕێژەیەك لە توانا و ئیمتیاز و ئیعتباری کۆمەڵایەتییە. یاریزانانی هێڵی هێرشبەر بەجۆرێکی جیاوازتر لەبەرگریکارەکان تەماشای یاری دەکەن، فەرمانبەرانی تازە دامەزراو بەهەمان شێوەی بەرپرسەکانیان بۆ کارناڕوانن و کەسانی چینی ناوەند جیهان بەچەشنێکی جیاواز لە کەسانی چینی کرێکار دەبینن. باش یان خراپ، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ڕیزبەندی دەکات و هەرکام لە ئێمە لە پێگەیەکی بەرزتر لە هەندێك و نزمتر لەوانی تر دادەنێت. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی پەیوەندییەکی سادەی لەگەڵ پاراستنی کۆمەڵگادا هەیە: تاکەکان ڕیزبەندی دەکرێن، لە سەرتاسەری کۆمەڵگادا بڵاودەبێتەوە، ڕەفتارو شێوەکانی بیرکردنەوەی گونجاو فێردەبن، فێردەبن کردەکانیان لەگەڵ کۆمەڵێك سیستمی ئاڵۆزدا بگونجێنن. کار دابەشدەکرێت. هەرچی لە کۆمەڵگادا زەروریە ئەنجامدەدرێت. هەرکام لە ئێمە تەنها بەشێکی بچوك لە گشتێك (کل) فێردەبێت، لەگەڵ ئەوانەشدا هەرکام لە ئێمە دەتوانێت ئەوەی پێویستە بۆ ڕەوت و بەردەوامبوونی کۆمەڵگا لە درێژایی ژیانیدا ئەنجامیبدات.

لێردا بە هیچ جۆرێك بانگەشە بۆئەوەناکرێت کە تاکەکان پلەیەك بە دەستدەهێنن کە "شیاوی ئەوەن"یان "بەهەوڵی خۆیان بەدەستی دەهێنن". پێگەکان لەسەر بنەمای لە دایك بوون، ئامادەگییان بەخت بەدەستدێن.

بەچاوپۆشین لەوەی کە تاچ ڕادەیەك نیزامی چینایەتی کراوەیە، زۆر لەتواناکان بەهەدەر دەڕوات و تاکەکان پێگەگەلێك بە میراتی دەبەن کە شایستەی ئەوە نین– لەبەرئەوەش سیستم لە ئاڕاستەی چارەسەری گرفتەکانی کۆمەڵگادا کارناکەن و لە نێوان ئەو کەسانەدا کە هەستدەکەن ئەم دابەشکردنە نادادپەروەرانەیە بنەمای سەرهەڵدانی ڕقە. بە هەرحاڵ، لەگەڵ بوونی ئەمانەدا، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی لە ڕێگەی باشترین سیستماتیزەکردن و بەرکەماڵکردنی کۆنترۆڵەوە، بەکۆمەڵایەتییبوون و هاوکاریش یارمەتی بەردەوامبوونی ڕەوتی کۆمەڵگا دەدەن.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی بە شێوازێکی تریش یارمەتی و هاوکاریی کۆمەڵگا دەدات. لە نێوان ئەنجامدەرانی کردەکاندا پەیوەستبوونی بەرامبەر دەخوڵقێنێت و لە ڕێگەی ئەم پەیوەستبوونەوە بەرپرسیارێتی و پەیمانێك بەرامبەر بە هەمووان دەهێنێتە بوون. دۆرکهایم زۆر جوان ئەم پرۆسەیە باسدەکات. لەوێوە کە هەرکام لە ئێمە ئەو شتەی لەپێگە جیاوازەکاندا چاوەڕوانمان لێدەکرێت ئەنجامیبدەین، خەڵکی پێمانەوە پەیوەستدەبن. لەوێشەوە کە ئێمە لەگەڵ خەڵکیدا بەپێی پێگەکانیان سەروکار پەیدا دەکەین ئێمەیش بەوانەوە پەیوەست دەبین. بۆ نموونە، لەگەڵ من بە خوێنکارانی زانکۆ و سەرۆکی بەش و دەزگای یاسادانانەوە پەیوەستم. ئەوانیش بۆ وانە وتنەوەی کۆمەڵناسی پێویستییان بەمنە. هەڵبەتە من بۆ سەرگەرمی خۆم پەیوەستم بەئەندامانی ئۆرکسترای سەمفۆنی (فارگۆ مۆرهەید) و، گروپی ڤایکینگەکانی مینۆسوّتا و ڕادیۆی ناشناڵ و بلیگ، لەگەڵ ئەو کەسانەشی لە (هۆرنباخ) و فرۆشگای (ڤالگرین) کاردەکەن بۆ دابینکردنی زۆرێك لە پێویستیە سادەکانی ڕۆژانەم پەیوەستم. هەروەها لەگەڵ کەسانی ئیدارەی پۆلیس و دادگاکان لە پێناو پاراستنی خێزانەکەی خۆم. ئەم ئالۆگۆڕی خزمەتە ( ئەم پەیوەستبوونە دوولایەنییە ) هەموومان پێکەوەگرێ دەداتەوە، هەرتاکێکیش لە پێگەکەی لە هەموو کۆمەڵگادا زیاتر ئاگادار دەبێت. لەڕاستیدا، لەم پەیوەست بوونە



بەرامبەریە(دوولایەنییە) وردەوردە ناسینێك دەربارەی ئەخلاقی کۆمەڵایەتیی باڵاتر دێتە بوون کە ئەگەر بڕیارە بەردەوامی بەخزمەتە دوولایەنەکانمان بدات دەبێ لەکۆمەڵگادا فەرماندار بێت. بەم پێیە، ئەخلاقی هاوبەش دێتە بوون، پێوەندییەك بەرامبەر بە گشتێکی ئەخلاقیی، واتە کۆمەڵگا. دۆرکهایم دەنوسێت کە "دابەشکردنی کار"– ئەوەی لێرەدا من پێی دەڵێم پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی – بەرژەوەندی و سوودی کەسیی تاکەکەس هەماهەنگی دەکات بە سیستمێکی ڕێسایی باڵاترەوە:

ئێمە دەتوانین بڵێین ئەوەی ئەخلاقیە.....هەرشتێکە کەمرۆڤ واداردەکات حیساب بۆ خەڵك بکات، کردەکانی بەشتێکی جگە لە پاڵنەرە خۆ ویستەکانی خۆی ڕێك بخات، هەتا ئەم پەیوەندیانەش (پەیوەست بوونی بەرامبەر پێگەکان) زیاتر و بەهێزترین، ئەخلاق تۆکمە و دامەزراوترە. (331.1893)

پێکهاتەو و کولتوور پێکەوە لەسەر دابینکردنی کۆنترۆڵ بەسەر تاکدا، یارمەتی پەیوەستبوونی بەرامبەری(دوولایەنە) لە نێوان تاکەکاندا و نەزم لە کۆمەڵگادا دەدات. ئەوانە نموونەگەلێکی(pattern) کۆمەڵایەتیین کە لە قۆناغی مێژوویی دوورو درێژدا هاتوونەتە بوون و بۆ کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتیی بەردەوام پێویستن.

## دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ( institution )

کۆمەڵگاکان بەدرێژایی زەمەن دەمێننەوە چونکە خەڵکی شێواز گەلێك بۆ هەڵس و کەوتکردن لەگەڵ زروف و ڕەوشە بەردەوامەکان دەخولقێنن. ئەم جۆرە شێوازە چەسپاو و نەگۆڕە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی پێدەڵێن. لە ڕاستیدا، هەر گروپێك شێوازە تایبەتیەکانی خۆی دەخولقێنێت. ئەمەش دەبێتە کۆکەرەوەی هەموو ڕێکخراوە ڕەسمیەکان. دوکانەکان صندوقی ئەلکترۆنییان بۆ شمەکێکی دیاریکراو

هەیە. یان لەوانەیە خێزانێك بەرنامەی خواردنی ئێوارەی شەوی هەینی یان جەژنی کریسمسی ـ سەری ساڵی ـ هەبێت. هەموو ئەم کارانە کاری ئاسایی و یەکرەنگی ژیانی ڕۆژانەیەو تاکەکان دوای دەکەون. هەندێجار بەشێوەی دروشم دەردەکەون (کە وەکو پیرۆزیان لێدێت). ئەمانەش نموونە گەلێکن کە دەبنە هۆی کردە بە شێوازێکی ئارام و بەردەوام لە ڕێکخراوەکاندا بە درێژایی زەمەن بەردەوامی هەبێت.

ئەگەر بڕیاربێت کۆمەڵگا کارکردەکانی ئەنجام بدات، ناچارەو پێویستە شێوە گەلێك بۆ بەرهەم هێنان و دابەشکردنی کاڵاکان، کۆنترۆڵی ڕەفتار لەسەر تێکدانی سیستم، بەکۆمەڵایەتیکردنی منالان، ڕێکخستنی پەیوەندیی سێکسی، بەرگریکردن لە خود، مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دی، هاندانی جێبەجێکردنی هەموو ڕۆڵە زەروریەکان و پەرەپێدان و هۆکاری گونجاوی گواستنەوە و بردن و پەیوەندیەکانی هەبێت. پێویستە لانیکەم پێویستیەکانی ئەندامانی خۆی تێربکات. کۆمەڵناسان لەمێژە لێکۆڵینەوەی دور و درێژ یان هەبووە دەرەبارەی ئەوەی کە ئەو کارانە کامانەن کە پێویستە هەبن و لەپێناو مانەوەی لەکۆمەڵگادا. گەرچی هیچ ڕێکەوتنێکی تەواو بەدەست نەهاتووە، هەمووان قبوڵیان بووە هەر کۆمەڵگایەك شێوازگەلی تایبەتی خۆی دەهێنێتەبوون کە ئەو بوارەی پێ دەدات کارکردەکانی ئەنجام بدات و ئەو کێشە ئەساسیانە چارەسەر بکات کەدروستدەبن. ئەم نمونانە دامەزراوەی کۆمەڵایەتین و، سێیەمین کۆمەڵە لە نموونەکۆمەڵایەتییەکان کە کۆمەڵگا دەهێننە بوون. ئێمە دەتوانین زۆرێك لە نموونەی دامەزراوەکان بۆ نیشاندانی گرنگیەکەیان لێرەدا بەکار بهێنین بەڵام لە نموونەی ئەو دامەزراوانە سودوەردەگرین کە تاکەکەس کۆمەڵایەتیی دەکەن و لە یەکەیەکی یەکگرتوودا دروستیدەکەن. هەر کۆمەڵگایەك پێویستە شێواز گەلێك لە پێناوی بەکۆمەڵایەتیکردنی تاکەکان و یەکێتی کۆمەڵگا دروست بکات. کە وابوو، هەمیشە دامەزرا و گەلێك بوونیان دەبێت کە کۆشش دەکەن ئەم کارە ئەنجام بدەن.



**ئەو دامەزراوانەی کاریان بەکۆمەڵایەتییکردنە.** چۆن کەسانی تێکۆشەر و ئامادە بەباربهێنین کە شێوازەکانی کۆمەڵگا قبوڵ بکەن؟ چۆن کەسانێك بەباربهێنین کە لەشتە دروستەکان تێبگەن و خاوەنی لێهاتوویی گونجاوبن بۆ چالاکی لە کۆمەڵگاکەمانداو لەم قۆناغەدا زەمەنێکی تایبەت لە مێژوو بن ؟ ئەم پرۆسەیە ناتوانێت پرۆسەیەکی سروشتی بێت چونکە کۆمەڵگاکان و قۆناغەکان بەدرێژایی مێژوو جیاوازن. ئەمە ناتوانێت پرۆسەیەکی سروشتی بێت چونکە مەسەلەگەلی نوێ دێنە ئاراو هەبوونی چەند جۆرێکی نوێ لە تاکەکان کە توانایی کردەیان لە بارودۆخە نوێکاندا هەبێت زەروری دەبنن. ئەم پرسە پێویستی بە پرۆسەی کۆمەڵایەتییە. سروشت ئێمە وەگەڕدەخات: ئێمە تیاماوین، لەبەرئەوە دەبێ فێربین کە مانەوە و سەرکەوتنمان بە فێربوون و وەرگرتنی نموونە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاوە پەیوەستە. ئەو دنیایەی تیایدا لەدایك دەبین هەوڵ دەدات بۆ ئێمە ئامادە بێت: دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەخوازێت تا ئێمە لەشێوەی ئەندامانی لەدایك بووی کۆمەڵگا دروست بکات. دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە منالیەوە ئێمە کۆمەڵایەتیی دەکەن و بەکۆمەڵایەتیکردن لەسەرانسەری ژیانماندا بەردەوام دەبێت. ئەم بەکۆمەڵایەتیکردنە بەدەوامە یەکێکە لە مەسەلە بنەڕەتیەکان لە هەموو کۆمەڵگایەکدا بۆیە هەموو کۆمەڵگاکان دامەزراوگەلێك بۆ ئەم کارە دەخولقێنن.

لەقۆناغێکداو بۆ ماوەیەکی دورو درێژ، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دامەزراوە گەلێکی دروست کردوە لە پێناو بەکۆمەڵایەتیکردنی کۆمەڵگاکەی خۆی و دانیشتوانانی شار و شارۆچکەکان، لاوان و پیران و چینە باڵاکان و چینە بێبەشەکان. دامەزراوەی فێرکردن بە تایبەتی لە پێناو ئەم کارەدا دامەزران بۆ نموونە وەکو باخچەی ساوایان، قوتابخانەی سەرەتایی، ناوەندی، قوتابخانەی نموونەیی، زانکۆی ویلایەتەکان، خوێندنگەی شەوانە، فێرکردنی بەردەوام و پیشەگەری و پسپۆڕی، قوتابخانەی گشتی و تایبەتی، وانە و فێرکردنی مەدەنی.

دامەزراوەی مەزهەبی وەکو خوێندنگەکانی ڕۆژی یەکشەمەو خوێندنگەی زانستی ئاینی. دامەزراوەی میدیاکان وەکو تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە ئەهلی و میلیەکان، گۆڤارە هەفتەییەکان کە بەشداری دەکەن لە بە کۆمەڵایەتیکردندا. هیچ کام لەم دامەزراوانە نەشیاو نین بۆ هەڵهاتن بەتێپەرینی زەمەن لە کۆمەڵگای ئێمەدا گەشەیان سەندوە و یارمەتی بەردەوامی ڕەوتی کۆمەڵگا دەدەن و کۆمەڵگای ئێمە جیاواز لە کۆمەڵگاکانی دی بنیات دەنێت. گۆڕانی کۆمەڵایەتیی هەندێك لەمانە کەم بایەختردەکات و دامەزراوەی نوێ بەردەوام دروستدەبن تا خەریکی بەکۆمەڵایەتیکردنی خەڵکی بن لە کۆمەڵگادا. لەم دەیەیەدا، کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت وەکو دامەزراو گەلێك کە پێویستیەکانی کۆمەڵایە تیبوون بەدی دەهێنن بەخێرایی لەم کۆمەڵگادا دەرکەوتوون.

دواجار کۆمەڵایەتیبوون بەو مانایە دێت کە ئێمە بەپێی ڕێساکانی گروپ توانای زاڵبوون بەسەر خۆدا فێردەبین، لەم ڕێگەیەوە دەتوانین لەو چالاکیانەی لەسەر هاوکاریی دامەزراوە بەژداریی بکەین. هەموو کۆمەڵگاکان دامەزراو گەلێك بۆ ئەم کارە دەهێننە بوون کە بە دامەزراوەی خێزانی دەست پێ دەکات و پاشان بۆ دامەزراوەی مەزهەبی، ڕاگەیاندن (میدیا) و تەنانەت بۆ دامەزراوەی ئابووری و سیاسیش پەرەدەسێنێت.

**ئەو دامەزراوانەی یەکپارچەیی دەسازێنن.** نموونەیەکی تر لەو مەسەلانەی کە دەبێ کۆمەڵگاکان لە بەرچاوی بگرن یەکێتی و یەکپارچەییە (integration). چۆن دەتوانین تاکەکان بە شێوەی گروپێکی گشتی پێکەوە گرێ بدەین؟ چۆن دەتوانین تاکەکان سەبارەت بەیەکتر و بە کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی بەرپرسیار ڕاگرین؟ چۆندەتوانین پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی پایەدار، ئەوانەی کە بۆ تاکەکان گرنگن دروست بکەین؟ چ دامەزراو گەلێك لەپێناوی بەدیهێنانی ئەم پێویستیەدا



دێنەبوون؟ یان ئەگەر ئەم پرسیارە بەشێوازێکیتر بکەین، چ دامەزراوگەلێك کار بۆ بنیادنانی یەکگرتوویی کۆمەڵگا دەکەن؟

تاڕادەیەك قوتابخانە گشتیەکان و خێزان یارمەتی یەکپارچەیی دەدەن، بەڵام یاسا، دادگا و سیستمی زینندانیش ئەم کارەدەکەن. هەموو ئەمانە لەگەڵ یەکتر، هانی هاودەردی دەدەن و دژی پشتکردنە یەکتر دەوەستنەوە. ڕابەرانی سیاسی یارمەتی گردبوونەوەمان دەدەن، بەهەمانشێوە سیستمەکانی گواستنەوە و گەیاندن و حەشامات و پەیوەندیە مۆدێرنەکانیش وادەکەن. حیزب و ڕێکخراوەکانیش بۆ خولْقاندنی یەکێتی و یەکپارچەیی گرنگن، چونکە ئەوان تاك دەخەنە ناو کۆمەڵگاوە، تاك کۆنترۆڵ دەکەن و یارمەتی تاك دەدەن تا پەیوەست بێت بە گشتەوە. دیارە ناتوانین دامەزراوە مەزهەبیەکانیش لەبیر بکەین چونکە ئەوانیش هاریکاری بە هێزکردنی یاساکانی کۆمەڵگا دەکەن، ئەم یاساکۆمەڵایەتیانە پیرۆز دەکەن، ئەو دروشمانەش کەئەم یاسایانە بە هێزو پشتیوانی لێ دەکەن و تاکەکان بۆ جەختکردنەوە لەم یاسایانە کۆدەکەنەوە.

**دامەزراوەکانیتر.** کۆمەڵگاکان پێویستی زۆریان هەیەو مەسەلەگەلی زۆر کە پێویستە پێی ڕابگەن. بەم پێیە ئەوان پێویستە دامەزراوەی فرەجۆر بهێننە بوون. بە بڕوای یەکێك لە کۆمەڵناسان، تالکۆت پارسۆنز، بەدەر لە بەکۆمەڵایەتیکردن و یەکپارچەیی، پێویستە کۆمەڵگا دامەزراو گەلێك بنیات بنێت تا ئەو ئیمکانەی پێبدات خۆی لەگەڵ ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتیی بەچەشنێکی سەرکەوتوانە بگونجێنێت و یارمەتی بدات بۆ ئەوەی بگات بەو ئامانجانەی دەستنیشانیکردوون بۆ گەشتن پێیان هاوکاریی بکات. خەڵکی (تاڕادەیەك) لە ژیانیان ڕازی بکات. هەموو کۆمەڵگاکان لە پێناو گرەنتیەکی سەرکەوتوانەی ئەم جۆرە پێویستیانەدا، دامەزراوەی سیاسی و ئابووری و مەزهەبی و یاسایی و سەربازی و فێرکردن و خێزانی و تەندروستی و تەرفیهی بنیاد دەنێن. دەوڵەت ناچارە ئیش بکات، واتە

دەبێت بە شێوازێکی لێهاتو دەست بداتە ئامانجەکانی کۆمەڵگا. دەوڵەت دەبێ لە ناکۆکیەکاندا داوەری بکات و یاساگەلێك بخاتە گەڕ کە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دابین دەکات. دەوڵەت دەبێ لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تردا پەیوەندیی دروستبکات. دەبێ یارمەتی کە سانێك بدات کەناتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن. دامەزراوە ئابوریەکانی کۆمەڵگا دەبێ بە چەشنێکی کاریگەر کاڵاکانی بەرهەم بهێنێت و دابەشی بکات. دامەزراوەی یاسایی دەبێ چالاکی و جم وجۆڵەکانی خەڵکی ڕێکبخات و ناکۆکیەکان چارەسەر بکات. دامەزراوەی مەزهەبی، فێرکاری و خێزانی دەبێ یارمەتی ئەوە بدات کە تاکەکان ڕەزامەندییان لە ژیان بپارێزن. کۆمەڵگا تاڕادەیەك بە هۆی ئەوەی کە وەها دامەزراو گەلێك هاتووەتە بوون و ئەوانە بەگشتی کارکردێکی کاریگەرییان هەیە، پایەدار دەمێنێتەوە.

## بەکورتی و بەکۆکراوەیی

لە بیرتان بێت ئێمە دوو تایبەتمەندییمان باسکرد کە بۆ خولقاندن و بەردەوامی کۆمەڵگا پێویستن: 1) کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتیی سومبولی. 2) نموونە کۆمەڵایەتییەکان کەلەو کردە دوولایەنییەوە سەرچاوە دەگرن. سێ نموونەی کۆمەڵایەتییەکان دروستدەبن: کولتوور، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم نموونە کۆمەڵایەتیانە پێکەوە بۆ تاك هەڵدەبژێرن، کردە ڕێکدەخات و هەماهەنگی دەکات و ئەو مەسەلە بەردەوامانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا دەبنەوە چارەسەر دەکات. سەرباری ئەوە دو تایبەتمەندیی تر کە بوونی کۆمەڵگا دەرەخسێنێت ئەبێ تاووتوێ بکرێن: وەفاداری بۆ کۆمەڵگاو بوونی دژایەتی (ململانێی) کۆمەڵایەتیی پۆزەتیف و گۆڕانی کۆمەڵایەتیی.



## کۆمەڵگا لەڕێگەی
## هەستی وەفادارییەوە ئەگەری بوونی دەبێت

هەرجۆرە پێناسەیەك بۆ کۆمەڵگا بە ڕازیبوون و گرنگیدان و هەست و بەرپرسیاریەتی کردن کۆتایی دێت. کۆمەڵگا تاڕادەیەك بەو هۆیەوە هەیە کەخەڵکی هەستێکی ئیجابییان بەرامبەری هەیە. گشت (کل) لای ئەوانە گرنگی پەیدادەکات، ئەوانیش لەوەی بەشێکن لەوگشتە هەستێکی دڵگیر پەیدادەکەن. تاکەکان بە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکان، یان مەیلە کەسیەکانیان ئامادەدەبن هاوکاریی بەرامبەرەکانیان بکەن. هەڵبەتە هیچ کۆمەڵگایەك نییە کەتیایدا ئەم هەستی بەرپرسیاریتیەیان نەبێت، بەڵام بەبێ هەستی بەرفراوان وەفاداری و پەیوەست بوون، ڕابەرانی کۆمەڵگا ناچارن لە پێناو هەم نەواییدا پشت بە بە زەبرو زۆر ببەستن.

فەردینان تۆنیس (Ferdinand Toennies)، یەکێك لە کۆمەڵناسانی بەر جەستەی ئەوروپا کە لە سەدەی نۆزدەهەم بەرهەمەکانی خۆی نوسیوە، باس لەدوو جۆر کۆمەڵگا دەکات کەهەرکامیان لەسەر پایەیەکی جیاواز لە وەفاداری دامەزراوە. لە کۆمەڵگا سوننەتیەکاندا، پەیمان و بەرپرسیاریەتی لەسەر بنەمای "هەستی هاوبەش feeling of community))ە، پەیوەندیەکی سۆزداری کەتیایدا تاکەکەس هەست دەکات بە شێکە لە شتێکی گەورەتر. هەستکردن بە"ئێمە" بالا یەو بڕوایە بەوەی کە کۆششەکانم نەك بۆ من، بەڵکو بۆ ئێمە گرنگە. لە زمانی ئەڵمانیدا، ئەم چەمکە بە" گماینشافت(gemeinshaft) (گماینشافت تارادەیەك تۆنیس بەمانای کۆبوونەوە وەسف دەکات)" ناو دەبرێت. وەسفەکەی تونیس تاڕادەیەك لەگەڵ هەستی "ئێمە" یەکسانە کە چارلزکولی کاتێك گروپە یەکەمینییەکان وەسف دەکات دیاری دەکات ( گروپی بچوك، تاڕادەیەك بەردەوام،

بێگەرد و پاك، ناپسپۆڕ). زۆرێك لە باندە تاوانكارەكان ئەم هەستی وەفاداریە بەهێزەلایان، هەمان جۆر كە گروپە گچكە مەزهەبی و سیاسی، و هەندێ كۆمەڵگای وەكو ئێرانی ئەمڕۆ، ئەڵمانیای نازی، ئینگلستان لەسەدەی نۆزدەهەم و یابان بەر لەجەنگی جیهانی دووەمیش ئەم هەستە نیشان دەدەن. نەتەوە گەرایی بەهێز لەم هەستەوە نزیك دەبێتەوە: "كۆمەڵگاكەم بۆ من زۆر گرنگە. ژیانی من بە شێكە لێی. من لە بەرامبەر هەموو دوژمناندا بەرگری لێ دەكەم. گرنگی منیش وەكو مرۆڤێك تاڕادەیەك بەوهۆیەوەیە كە پێوەی پەیوەستم."

لە هەموو كۆمەڵگایەكدا كەسانێك هەن كە هەست بە ئیحساسێكی هاوبەش دەكەن و خۆیان بە پلەو پایەی شتێكی زۆر گەورە دادەنێن. زۆرێك لە ئەمریكییەكان ئەم هەستەیان هەیە. تۆنیس و زۆربەی كۆمەڵناسان، دووپاتی دەكەنەوە بەرپرسیاریەتی دەربارەی كۆمەڵگای مۆدێرن بە زۆری لەگەڵ "وەفاداری مەرجدار conditional loyalty)" دیاری دەكرێت. لەم پەیمان و بەرپرسیاریەتیەدا هزری زۆرتر هەیە: "من بە بنەمایەكی دیاریكراوەوە وەفادارم. هەتا ئەوكاتەی كۆمەڵگا پێویستیەكانم بەدی بهێنێت من بەرامبەری وەفادارم. كۆمەڵگاكەم گرنگە بەلام منیش وەكو تاكێك گرنگم" كەوابوو ئەوەی گرنگە ئەوەیە كۆمەڵگا لەبەرژەوەندیی ئێمەدا كاردەكات. لەبەرئەوە لەبری گماینشافت ( هەستی هاوبەش a sense of communite)، ئێمە گزلشافت ( پەیوەست بوونی خەڵك association of people)ی مان هەیە كە تیایدا پەیمان و ڕێكەوتن و عەقڵ زیاتر بالا دەستە. لە بری ئەوەی تاكەكان خۆیان بەبەشێك لە گروپە یەكەمینەكان(primary group) دابنێت كە تیایدا هەستی "ئێمە" بالا دەستە، ئەوان خۆیان بە بەشێك لەگروپە دووەمینەكان( secondary group ) ئەژمار دەكەن كەتیایدا هەستی "من" بالا دەستە و وەفاداری پەیوەستە بەوەوەی كەئایا كۆمەڵگا پێویستیەكانی من دەهێنێتە دی یان نا.



هەموو كۆمەڵگاكان پێكها تەیەكن لەهەر دوو جۆری وەفاداری، هەندێك دەتوانن بەر پرسیاریەتی و پەیمانی سۆزداری تر بەدەست بهێنن، خەڵك زیاتر پشت بە وەفاداری مەرجدار دەبەستن. لە كۆمەڵگای مۆدێرندا، وەفاداری  مەرجدار بالادەست تر دەركەوێت. بەلام لە ئەڵمانیای نازیدا، ئێمە نموونەی مۆدێرن لە پەیوەندیە سۆزداریە بە هێزەكاندا سەبارەت بە كۆمەڵگا دەبینین. بە پەرەسەندنی تاكگەرایی لە كۆمەڵگادا، پەیمانی سۆزداری بەرامبەر بەگشت دژوارتر دەبێت. بەهەمان شێوە وەك (ئەریك فرۆم) باسی دەكات، كە خەڵك پەیوەندییەكی كەمتر لەگەڵ یەكتر و لەگەڵ كۆمەڵگا بە شێوەیەكی گشتی بەر قەراردەكەن، زۆرێك ڕو لە تاكگەرایی وەردەگێڕن، بە دوای پەیمان و بەرپرسیاریەتی توندتر بەرامبەر بە گروپەگەورەكان و كۆمەڵگادا دەگەڕێن تا شتێك لە ڕابووردوو بدۆزنەوە كە بەچەشنێك لەچەشنەكان لێیان سەنراوەتەوە.

كۆمەڵگای پیشەسازی مۆدێرن، وەكو وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا، ڕووبەڕووی مەتەڵێك بوونەتەوە كە هەڵهێنانی زۆر ئەستەمە، بەلام كلیلی سەرەكی زۆرێك لەو كێشە و گرفتانەیە كە ڕووبەڕووی تاكەكەس بوونەتەوە. تاچ ڕادەیەك دەبێ بەگشت (كل)ە وەوەفادار بیت؟ تاچ ڕادەیەك دەبێ ڕێگە بە تاكگەراییو ئازادی؟ هیچ شتێك لە ژیانی خودی خۆمدا گرنگتر لە گەڕان بە دوای ئازادی دا نەبووە. لەگەڵ ئەوەی ئایا ئازادیی دەتوانێت بوونی هەبێت لە نێوان زۆرێك لە خەڵكیدا لەكۆمەڵگایەكدا كە خەڵك مەیلیان نییە وەفادارین بەكۆبوونەوە محەلیە (ناوخۆییە)كان و لە پەیڕەوی نموونە كۆمەڵایەتییەكان خۆ دووردەگرن؟ ئایا ئازادی بەبێ یەرپرسیاریەتی و پەیمان بەرامبەر بە(گشتێك) دەتوانین هەبێت؟ ئەگەر ئێمەش بەرامبەر بە(هەمووان) بەرپرسیارو پەیمانداربین، ئایا دەتوانین دوای ڕوئیاكانی خۆمان بكەوین و بیرو باوەڕ و بناغەی ئەخلاقیمان بنیات بنێین؟ دۆركهایم چەند جارێك ئەم پرسیارە دەكات:

ئایا بەبێ ڕێکەوتنی هاوبەش سەبارەت بەوەی کە چ شتێك دروستە و چ شتێك هەڵەیە، ئازادی بوونی دەبێت؟

هەروەك پێشتر باسمکرد، دامەزراوەکان بەرپرسی پێڕاگەشتنن بۆ مەسەلە جۆرا و جۆرەکان، ئەوانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگا دەبنەوە. یەکێك لە ئەرکە گرنگە گەورەکان کە دامەزراوەکان ئەنجامی دەدەن کۆششە لە پێنا خولڵقاندن و پاراستنی وەفاداری. قوتابخانە گشتیەکان، خێزانەکان، مەزهەب و ڕابەڕنی سیاسی هەوڵدەدەن ئێمە کۆمەڵایەتیی بکەن تا هەست بەڕەزامەندی بکەین لەوەی کە بەشێکین لە کۆمەڵگاکەمان. لە کاتی جەنگدا ڕابەرانی سیاسی و سەربازان هەوڵ دەدەن خەڵك بەر پرسیار بکەن سەبارەت بە کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو( هەروەها سومبولە نەتەوە ییەکان دی) وەکو ئاڵا، سەرۆك کۆمار، سرودی نیشتیمانی، مردنی ڕابەرێکی بەرجەستە– ئەم ئامانجە بەدی دەهێنن. دروشمەکان یارمەتی گردکردنەوەی خەڵکی دەدەن لە کۆمەڵگادا و فاکتەرێکە بۆ ئەوەی خەڵك هەست بە پەیوست بوون بکەن بەرامبەر بە کۆمەڵگاکەیان. دروشمەکان کردەگەلێکن کە مەبەستیان تەنها میکانیزمی دەرخستنی (ئامانج) نییە بەڵکو شتێك لە ناو خەڵکدا دەگوازرێتەوە کە سومبولی "هەمووان"ە. دروشمەکان، کردەگەلی کۆمەڵایەتین و ئامانجیان پەیوەستکردنی خەڵکیە بەیەکتری و بە ڕابردووەوە. هەموو دامەزراوە جیاوازەکان هەڵگری دروشمن کەوەفاداری بۆ کۆمەڵگا بیر دەهێنێتەوە و نمایشی دەکەن و هانیدەدەن ( 140: wothnow1987).

بۆ ئەوەی وەفاداری هەبێت، پێویستە دامەزراوەکانیش فەرمانی خۆیان ئەنجام بدەن. دەبێ دەوڵەت ئەولەویەتی ئامانجەکان دەستنیشان بکات و قەناعەتمان پێ بکات کە دەست دەداتە ئەم ئامانجانە. قوتابخانەکان دەبێ پرۆسەی فێرکردن ئەنجام بدەن، دامەزراوە ئابوریەکان دەبێ سەرمایە و ئایندەیەکی ڕون بخولڵقێنن، دادگاکان دەبێ دادپەروەرانە کاربکەن. مەزهەب و خێزانەکان دەبێ ئاسایش بۆ تاك



فەراهەم بێنن. بۆ ئەوەی وەفاداری لە کۆمەڵگادا بوونی هەبێت، دەبێ خەڵکی ببینن کۆمەڵگا کاری خۆی ئەنجام دەدات، دامەزراوەکان پێڕاگەشتنی دەبێت بۆ کێشەو گرفتەکان. ئەم کارە بەتایبەتی لە کۆمەڵگای مۆدێرندا گرنگ و گەورەیە.

پێشتر لەم باسەدا ئەوەم باسکرد کە بەبێ ئەم هەستی وەفاداریی و هاوبەشی و پەیوەستبوونە، کۆمەڵگا لە ژێرخانەوە لەسەر بنەمای زۆرو ستەم دادەمەزرێت. ماکس فێبەر لە شیکاریە جوانەکەیدا بۆ سەقامگیری نیشانی دەدات کە چۆن پشتبەستنی تەواو بەزۆرو ستەم کۆمەڵگا دووچاری نائارامی دەکات. دەبێ هەوڵی فراوان لەچاودێری و کۆنترۆڵکردنی خەڵکدا بەخەرج بدرێت، ترس باجی زۆرە، هەمیشەش سزادانی خەڵکی لەناوبردنی ئیستیعدادیەکانە. وەفاداری خواست بۆ هاوکاریی و هەمنەوایی و گوێڕایەڵی دروستدەکات. ڤێبەر نیشانمان دەدات کە گوێڕایەڵی خۆویستانە و ئیرادی ئەساسی سیستمگەلی سەقامگیری بەهێزە لەکۆمەڵگادا. ئەو ئەم جۆرە ڕژێمانە بە "دەسەڵاتداری"ناو دەبات و دەسەڵاتداریش بە "دەسەڵاتی ڕوا"پێناسە دەکات.

## ململانێ و گۆڕانکاریی
## یارمەتی هێشتنەوەی کۆمەڵگا دەدەن.

مرۆڤەکانی بەئامادەیی بەشداریکردن لەکۆمەڵگادا لەدایك نابن، ئەوان خاوەنی غەریزەیەك نین تا بۆ پێگەکانیان و کولتوور و ئەو دامەزراوانەی لەکۆمەڵگادا هەن ئامادەبکات. شێوە تایبەتەکانی کۆمەڵگا (دامەزراوەکانی) لە غەریزەوە سەرچاوە ناگرن، پێویستە بزانرێت کە کۆمەڵگای مرۆیی، لەڕاستیدا، دەرەنجامی ئەزموون و هەڵە، کردەی دوولایەنەو بەردەوام و بەکۆمەڵایەتیبوونە. تاکەکان کردە ئەنجامدەدەن و نموونەکۆمەڵایەتییەکان پێك دەهێنن و ئەو نموونە کۆمەڵایەتییە

تایبەتیانە لەدانانی پلانی ئەوشتەی پێوەیستە لەژیانی خۆیدا ئەنجام بدرێن بەکار دەهێنن. بەم پێیە هەستی وەفاداری بۆ کۆمەڵگا تیایاندا دروستدەبێت.

سەرباری ئەوە، ڕەنگە دەربارەی وەفاداری و سیستم زیادەڕەوی بکرێت. کۆمەڵگاکان پەیوەستی گۆڕانن و گۆڕانیش پەیوەستە بەناسازی (ململانێ) و دژایەتیەوە. بەهەمان شێوە کە (جۆرج زیمل) لە شیکردنەوەی خۆیدا جەختدەکاتەوە، ململانێی کۆمەڵایەتیی لەهەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا لەگروپێکی بچووکەوە تا کۆمەڵگا نەشیاوە بۆ خۆلێدوررگرتن.نەك تەنها ململانێ هەیە، بەڵکو لەگەڵ ڕوونکردنەوەی مەسەلەکان و دروستبوونی جیاوازیی پێویست کارێکی زۆر گرنگ ئەنجام دەدات. ململانێی ئاشکرا ڕەنگە بۆ زۆر کەس ئازاربەخش بێت ( بەتایبەتی کەسانێك کە هەوڵدەدەن نموونە کۆمەڵایەتییەکان بپارێزن) بەڵام ئەم جۆرە ململانێیەی نێوان خەڵك، ئەگەر هان نەدرێت، بەتێپەڕینی زەمەن دەگۆڕێت بۆ ململانێ و دژایەتیەکی وێرانکەر یان دژایەتیەك کەنەك تەنها ناکۆکی و ناسازی بەڵکو ڕق و دوژمنایەتی بەسەردا زاڵە. ململانێی کۆمەڵایەتیی بنیاتنەر، یارمەتی پێشکەوتنی ئارامی و چارەسەرکردنی کێشەکان دەدات، ململانێی کۆمەڵایەتیی وێرانکەر مانەوەی کۆمەڵگا دەخاتە مەترسیەوە.

کۆمەڵگا لەو ڕووەوە پایەدار دەمێنێت کە توانای گۆڕانی هەبێت و بگۆڕدرێت. واتە کەسانێك کە بە کردەی دوولایەنە ڕادەگەن، هزر و بەهاوڕێسای نوێ دەهێننە بوون. ئەوکەسانە دامەزراوە گەلێکی نوێ پێکدەهێنن، بنیادی کۆمەڵایەتیی نوێش دەخولقێنن. ناتوانرێت بە شێوەیەکی بابەتی بانگەشەی ئەوە بکرێت کە گۆڕانێکی تایبەتی، باش یان خراپە چونکە ئەم بانگەشەیە بەندە بەوەی مەبەستی ئێمە لەباش یان خراپ چییە. بەڵام دەتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کەگۆڕان بۆ پایەداری و بەرقەراربوونی کۆمەڵگا پێویستە، کێشەی نوێ بەچەشنێك کە شیاو نەبن بۆ خۆلێدوورگرتن دەردەکەون. دەشبێت شێوازگەلی نوێ بۆ چارەسەرکردنیان



دابنرێت. خەڵکی کردەی دوولایەنە ئەنجامدەدەن و خواستی نوێ (لەپێناو داهاتی زیاتر، نوێنەری باشتر، بارودۆخێکی لەبارتری ژیان) دەخەنە ڕوو ئەگەر ئەم خواستانە لەبەرچاو نەگیردرێن، ڕەنگە ململانێی بەهێز دەرکەوێت و بەئیفلیج بوون یان لەناوچوونی کۆمەڵگا کۆتایی پێبێت. مەترسی نوێ لەسەر کۆمەڵگا ( بەکار هێنانی ماددەی بێهۆشکەری نایاسایی، ڕێژەی زۆری قەرزی نەتەوەیی، هەبوونی چینی هەژاری بەردەوام ) ڕەنگە دەرکەوێت و بەئاسانیش چارەسەر نەکرێت، ڕەنگە ئەوەی هەمووممان بە ناوی کۆمەڵگای ئەمریکیەوە دەیناسین بکەوێتە مەترسیەوە.

گرنگ ئەوەیە هەم ململانێ و هەم گۆڕان بەشێوەیەك ڕوودەدەن کە کۆمەڵگا دەتوانێت بەرکەماڵبێت.

## پوختە و دەرئە نجام

کۆمەڵگاکان بەهۆی کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتییەوە بوونیان هەیە. بەبێ کردەی کۆمەڵایەتیی دوولایەنە هیچ کۆمەڵگایەك لەئارادانییە. لەگەڵ کردەی دوولایەنەی جیاوازدا، چەندین کۆمەڵگای جیاواز دروستدەبن. کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتیی بەو مانایە دێت کە خەڵکی لەزەینی خۆیاندا کردار دەنوێنن. کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتیی سومبولە(هێمایە). خەڵکی لەگەڵ یەکتر پەیوەندیی دروستدەکەن. لەیەکتر تێدەگەن و بەژداردەبن لەلایەنە جیاوازەکانی جیهانێکدا کە تیایدا دەژین.

کۆمەڵگاکان بەهۆی ئەوەوە هەن کەخەڵکی لە کردەی دوولایەنەی سومبولیەوە لەگەڵ یەکتردا بەژدارن. بەتێپەڕینی زەمەن، کەسەکان لەوکردە دوولایەنییە نموونە و شێوازی کۆمەڵایەتیی دەخولقێنن: کولتوور، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان. کولتوور خەڵك پێکەوە دەبەستێتەوە چونکە ئەوان لەهەندێك مەسەلەی گرنگدا دەگەنە ڕێکەوتن: باوەڕ و بەها و ڕێساکان. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی

خەڵك لەگۆمەڵگادا بڵاو دەکاتەوە، پێگەیان دیاری دەکات، فێری هەموو تاکێك دەکات چۆن لەگەڵ بەرامبەردا ڕەفتاربکەن، پەیوەستبوونی دوولایەنی دێنێتە بوون و هاوکاریی ئاسان دەکات.

دامەزراوەکان لەپێناو چارەسەرکردنی مەسەلەکانی کۆمەڵگادا دروستدەبن. خەڵکی لەڕێگەی دامەزراوەکانەوە بەکۆمەڵایەتیی دەبن، کۆمەڵگا دەبێتە یەکپارچە، تاکەکان پاداشت دەست دەخەن و سزا دەدرێن، کاڵاکان بەرهەم دەهێنرێن و دابەشدەکرێن و ئامانجەکان دروستدەبن و لەپێناو بەدەستهێنانیاندا کۆشش دەکرێت.

کۆمەڵگاکان بەو هۆیەوە دەتوانن هەبن کە خەڵکی لەبەرامبەریدا هەست بەوەفاداریی دەکەن. ئەوان هەستدەکەن بە کۆمەڵگاوە پەیوەستن. حەز دەکەن گوێڕایەڵی کەسانێك بکەن کە لەپلەی دەسەڵاتدان، چونکە ئەوان وەکو نوێنەرانی شەرعی و یاسا حساب دەکرێن.

دواجار کۆمەڵگاکان بەو هۆیەوە هەن کە دەتوانن بگۆڕدرێن و بەململانێ وەڵام بدەنەوە. ئەندامەکانیان مەسەلەکان چارەسەر دەکەن نەك ئەوەی لەبەرچاوی بگرن، لەبەری ئەوەی ڕێگاچارەی کۆن تاقیبکەنەوە چارەسەری نوێ دادەنێن. پێکهاتەیەکی ئاڵۆز لەگۆڕانی کۆمەڵایەتیی و نموونە و شێوازە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە.

ئێمە لەجیهانێکی ئاڵۆزدا دەژین، هەندێکجار زانینی ئەوەی کە چ شێوازگەلێك لەکۆمەڵگای ئێمەدا یان لە کۆمەڵگاکانی تردا دروست بوون دژوارە. جیهان بە وردی تاووتوێ و موتالا بکە: دەتوانین کردەی دوولایەنەی سومبولی، کولتوور و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و دامەزراوەی کۆمەڵایەتیی و ئیحساسی وەفاداری پەرتوبڵاو لێرەو لەوێ دەستنیشان بکەین. دەبینیت کۆمەڵگاکان نموونەی نوێ دەخولقێنن کە یارمەتی چارەسەرکردنی کێشە نوێیەکان دەدات. ئەمە دەتوانێت سەرەتایەکی باش



بێت بۆ ئێوە تا ئەو نهێنییەی لەم بەشەدا شاراوەیە کەشفی بکەن: چۆن ئەگەری بوونی کۆمەڵگا دەبێت؟ چۆن کۆمەڵگا دەتوانێت بوونی هەبێت؟ ئەمە یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە دەتوانیت ئاڕاستەو تێڕوانینێك (کە کۆمەڵناسان بۆ تێگەشتنی مەسەلە گرنگەکانی جیهان دەیگرنەبەر) بیناسیت.

# بۆچی خەڵکی لە کۆمەڵگادا یەکسان نین؟

## زادگاو بەردەوامبوونی نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی

### پێشەکی

لەدیدگای ڤۆڵتێر (فەیلەسوفی فەرەنسایی سەدەی هەژدە)دا "لەویادا کە سروشتی کۆمەڵگا بە چەشنێکە نایەکسانیی دەخولقێنێت، دەبێ ئامانجی دەوڵەت هەوڵدان بێت بۆ یەکسانیی." ڤۆڵتێر ئارەزووی یەکسانبوونی هەموو مرۆڤەکانی هەبوو، بەڵام دەیزانی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە گەورەیەی ئەو دژوار، بەتایبەت لەو ڕووەوە کە ئێمە هەموومان لە کۆمەڵگادا دەژینو کۆمەڵگاکانیش نایەکسانیی بەرهەمدەهێنن. کۆمەڵناسان بە گشتی لەگەڵ ڤۆڵتێر هاوڕانو دەیانەوێت تێبگەن بۆچی ئەو ڕاستدەکات.

کۆمەڵناسان لە سەرەتای دەرکەوتنی کۆمەڵناسیەوە گرنگییان داوە بە پرسو باسو خواسی نایەکسانیی. نایەکسانیی بابەتی سەرەکیی تەواوی بەرهەمەکانی مارکسە. زۆرترینی ئەو مەسەلانەی ماکس ڤێبەر توێژینەوەی لەسەرکرد، نایەکسانیی بوو. لەڕاستیدا، بەرهەمی هەر کۆمەڵناسێکی گەورە، هەڵگری تێزێکە لەسەر ئەم بابەتە.



پتر خەڵکی پرسیارگەلێك دەربارەی نایەکسانیی دەکەنو کەسانێك کە بەشوێن دنیایەکی دادپەروەرانەدا دەگەڕێن هەمیشە وەکو سەرچاوەی نادادپەروەری دەیناسن. ئەم پرسە زیاتر لە هەر مەسەلەیەکی دی کەسانی هزرمەندو دڵسۆز بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی هاندەدات.

هەر جارێك ئێمە کردەی دوولایەنە لەگەڵ یەکتر ئەنجامدەدەین، نایەکسانیی بەشێوەیەك لە شێوەکان دەردەکەوێت. بۆ نموونە، تایبەتمەندییەکانی تاك نەك تەنها ئێمە لە یەکتر جیادەکەنەوە، بەڵکو بە زۆری دەشبنە بناغەی نایەکسانیی لەنێوان ئێمەدا. ئێمە بەشێوەیەکی نایەکسان خاوەنی چەند بەخششێکین، بۆنموونە جوان و وریاین، یان بەچەشنێکین خەڵك لەدەورمان کۆئەبنەوە، یان لێهاتووین لە وەرزشدا. لە هەرکوێ ئەم جۆرە تایبەتمەندییانە گرنگبن، نایەکسانیی دێتە ئاراوە. کاتێك ئێمە خۆمان بەپێی تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی زیاتر بەراورد دەکەین، زۆرێك کەسی تری سەرمایەدار تر، سەرکەوتووتر، یان پاکیزەتر دەبینین. هەڵهاتن لە نایەکسانییو دەرککردنی نایەکسانیی لە ژیانماندا دژوارە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆمەڵگایەکە پەیوەست بە ئایدیای دیموکراتی (کە خوازیاری خولقاندنی هەلی کاری یەکسانە بۆ هەمووان). لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر راستگۆیانە بڵێین، لەبەرچاو نەگرتنی نایەکسانییەکان کە هێشتاش هەنو دەبنە هۆی ئەوەی کە ئێمە لە ئایدیای خۆمان دورکەوینەوە، دژوار دەستمان پێی بگات. بۆ نموونە لە ساڵی 1993 یەك لە پێنجی سەرمایەدارترینی کەسەکان کۆی 44٪ی لە سەدی کۆی داهاتەکانیان دەستکەوتووە، لەکاتێکدا سێ لەسەر پێنجی هەژارترینی کەسەکان 30٪ لە سەدی هەموو داهاتەکانیان دەستکەوتووە (بەراورکردنەکە بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە ساڵی 1995دا).

پێوانەکردنی تەواوی سامانەکان زۆر سەختە، بەڵام ڕێکەوتنێکی گشتی هەیە، ئەویش ئەوەیەکە سەروەت نایەکسانترە. لە ساڵی 1995، 10٪ی لە سەدی کۆمەڵە سامانداره‌کان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان خاوەنی 68 لە سەدی هەموو سەروەتو سامانەکان بوون (Beeghley 1996). لە ڕاستیدا یەك لە سەدی کۆمەڵە سەرمایەدارەکان خاوەنی 42 لە سەدی تەواوی سەروەتو دارایی بوون لە ساڵی 1986دا (کۆمیتەی ئابووریی هاوبەش، کۆنگرەی ئەمریکا، ساڵی 1986). بەپێی بەراوردێك لەسەر بنچینەی زانیاریە ڕۆژانەییەکانی حوکمەتی فیدراڵی ئەمریکا لە ساڵی 1990، بەهای پوختەی سامانی یەك لە سەدی دانیشتوانی ئەمریکا زیاتر لە بەهای پوختەی سامانی 90 لە سەدی چینەکانی تری دانیشتوان بوو. (kennickell and wood bum 1992). هەروەها جۆن ماسیۆنیس (1997 :263) ئاوا بەراوردیدەکات کە "کۆی دارایی بە سامانترین دە خێزانی ئەمریکا بەیەکەوە دەگاتە 150 ملیار دۆلار، ئەمەش یەکسانە بە تەواوی سامانی یەك ملیۆن خێزانی ناوەند.." دەبێ لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین کە دارایی 40٪ چینی خوارەوەی دانیشتوان هیچ بەهایەکی ئەوتۆی نییە، چونکە ئەوان زیاتر لەوەی داهات بەدەست دەهێنن، قەرزارن (هەمان سەرچاوە). وا دێتە پێش چاو ڕەوتێك هەیە کە جیاوازییەکانی سامان زیاتردەکات. ئەگەرچی ئەم ڕەوتە لە دەیەی 1990دەکاندا کەمتر بووەتەوە، بۆ نموونە لە 20 ساڵی نێوان 1963 بۆ 1983، سامانی ناوەندترین 10٪ دانیشتوان 147 لەسەد زیادیکرد بە بەراورد لەگەڵ 45٪بۆ 90٪ دانیشتوان (کۆمیتەی ئابووریی هاوبەش، کۆنگرێسی ئەمریکا، 1986).

ئەوەی کۆمەڵناسی ئەنجامی داوە، تێگەیشتنو سەلماندنی بەڵگەی جۆراوجۆری نایەکسانییە. ئەمە کارێکی ئاسان نییە. ڤێبەر دەنوسێت ئێمە لە سێ بوار، یان سێ مەیدان لە کۆمەڵگادا نایەکسانین: لایەنی ئابووریی، لایەنی کۆمەڵایەتیی، لایەنی سیاسیی. ئێمە دەتوانین ئەمە بە چینی (لایەنی ئابووریی)، نەژاد و کاروکاسپی،



ئاستی خوێندن، جنسیەتو ئەندامبوون لە گروپی قەومی (لایەنی کۆمەڵایەتیی) و پێگەی سیاسیی (لایەنی سیاسیی) وەسف بکەین. سەرباری ئەوە کۆمەڵناسان جەخت دەکەنەوە لەناو هەر ڕێکخراوێکدا، هەر لە زانکۆوە تا شوێنی کارکردنمان پێگەگەلێك بەدەستدەهێنین کە نایەکسانن. تەنانەت کاتێك تێکەڵاوی گروپە بچوکەکان دەبین، یان لەگەڵ کەسانی تردا ڕەفتاردەکەین، سیستمێك دەخوڵقێنین لەو پێگە نارەسمیانەدا، کە هەمیشە نایەکسانن. لەناو گروپەکاندا ڕابەرانو پەیڕەوانو تەنانەت گێرەشێوێنەکانیش بوونیان هەیە. بەم پێیە جیاوازی گەلێك لە نێوان ڕێکخراوەکاندا بەدی دەکەین: بەڕێوەبەرایەتیکردنی کۆمپانیایەکی گەورە رەنگە لە گروپێك کرێکار توانای زیاتر یان کەمتری بووێت. هەردوو زانکۆی هارڤاردو ستانفۆرد ئیعتبارێکی زیاتر (هەندێجاریش توانای) زیاتریان لە زۆربەی زانکۆکانی دی هەیە. ئەنجوومەنی نەتەوەیی چەکبەدەستان لە هەندێ مەسەلەی تایبەتیدا توانای زۆری هەیە، بەهەمان شێوە ئەنجوومەنی پزیشکی ئەمریکاو ئەنجوومەنی نەتەوەیی بەرهەمهێنەران. حیزبە سیاسییەکان یان سەرمایەدارن یان هەژار. هەندێ لە کەنیسەکان بەسەرچاوەیەکی مادی سنوردار دەڕۆن بەڕێوە، لە کاتێکدا کەنیسەکانی دی بودجەیەکی زۆریان هەیەو سەرمایەدارن.

بۆچی نایەکسانیی هەیە؟ لەکاتێکدا کە زۆربەمان رەنگە خوازیاربین وەڵامی ئەم پرسیارە بەپێی سروشتی مرۆیی باڵاتر یان نزمتری بایۆلۆژی، هێزە سەروو سروشتیەکان یان سیستمی بازاڕی ئازاد بدەینەوە. کۆمەڵناسان لە ناوەڕۆکی ژیانی کۆمەڵایەتیمان ورددەبنەوە. بۆ تێگەشتن لە نایەکسانیی خەڵك لەناو کۆمەڵگادا، پێویستە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی بناسین، نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی وەکو تایبەتمەندییەکی بنچینەیی لە کۆمەڵگادا لەبەرچاو بگرین، ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە کاریگەرانە کە نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی لە ژیانی مرۆڤدا دەسازێنن، بناسین. کۆمەڵناس بەشێوەیەکی گشتی دوو ڕووی ئەم مەسەلەیە تاوتوێ دەکات:

**یەکەم:** هۆکاری ئەوەی بۆچی نایەکسانیی دروستدەبێت؟

**دووەم:** چۆنچۆنی نایەکسانیی بە درێژایی زەمەن وەك خۆی دەمێنێتەوە، چونکە کاتێك نایەکسانیی دەخولقێت، لە کۆمەڵگادا بەردەوام دەبێت، کەواتە بۆچی سنووردارکردنی پەرەسەندنی یان گۆڕانی پرۆسەیەکی زۆر سەختە.

دیارە بەپێی تێڕوانینی کۆمەڵناسی، نایەکسانیی خولقێنەری پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگادا. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی نموونەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لە کۆمەڵێك پلەی نایەکسان پێکدێت. لەبەرئەوە لە هەر کوێ ئەم نموونەیە پەرەبسەنێت، سیستمێکی بەردەوامی نایەکسانیی پەیدادەبێتو تاکەکان لە تەواوی کۆمەڵگاو لە تەواوی رێکخراوی کۆمەڵایەتیدا پلەبەندی دەبن. کە وابوو، ئەوە سروشتی مرۆڤەکان نییە کە نایەکسانیی بەدی دەهێنن، سروشتی ژینگەی باشتر و تەنانەت هێزە میتافیزکیەکانیش نین، بەڵکو زیاتر کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتیی‌و دەرکەوتنی نموونە کۆمەڵایەتییەکانە کە نایەکسانیی دەهێننە بوون. بە مانایەك، کۆمەڵناسان بەو دیدگایە قایلن کە بڕوای وایە مادەم خەڵکی ناچارن لە کۆمەڵگادا بژین (کە هەرواشین ) ئەوا نایەکسانیی بەشێکی سەرەکیە لە ژیان. تەنانەت کارل مارکس کە خەونی بە جیهانێکی یەکسانەوە دەبینی‌و پێشبینیدەکرد سروشتییانە سەرەنجام ڕۆژێك جیهانێکی یەکسان دێتەبوون، ئەگەری بەدیهاتنی ئەمەی تەنها بە لەناوچوونی کۆمەڵگاو نموونە کۆمەڵایەتییە هەمیشەییەکان دەبینییەوە.

## بۆچی نایەکسانیی دروستدەبێت؟

کاتێك خەڵك لەگەڵ یەکتر پەیوەندی دروست دەکەن، سروشتییانە کردەی دوولایەنە لەگەڵ یەکتری دەنوێنن (کە هەڵسوکەوتیش دەکەن، ڕەفتاری یەکتری لەبەرچاو دەگرن.) بە هەر هۆیەك بێت، ئەم کردە دوولایەنییە کۆمەڵایەتییە، نموونەی کۆمەڵایەتیی دروست دەکات. نموونە کۆمەڵایەتییەکانیش هەر ئەوەندەی



دروست بوون، دەمێننەوەو لەناو ناچن. یەکێك لەو نموونانە پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیش تا ڕادەیەك سیستمێکی نایەکسانە، کەوابوو ئەمە هەر ئەو شتەیە کە پێویستە ئێمە سەرنجی خۆمانی لەسەر چڕ بکەینەوە. دەتوانین بە مارکس باسەکەمان دەست پێ بکەین. مارکس جەختی لەسەر گرنگی‌و ڕۆڵی سەرەکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دەکردەوە. بەڵام بۆچی کاتێك خەڵك لە دەوری یەك گرد دەبنەوە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دەردەکەوێت؟ بۆچی دەبێت نایەکسانیی سەرهەڵبدات؟ مارکس سێ هۆکاری بنەڕەتیی لەم ڕووەوە دەخاتەڕوو:

1. دابەشکردنی کار.
2. ململانێی کۆمەڵایەتیی.
3. هەبوونی خاوەندارێتی (موڵکایەتی) تایبەتی.

بە بڕوای مارکس، مادەم کۆمەڵگا ئەم سێ تایبەتمەندیە بەرهەمدێنێت، نایەکسانیی لە کۆمەڵگادا سەرهەڵدەدات. ڕاڤەو ڕوونکردنەوەی مارکس هەموو ئەو شتە نییە کە پێویستە بیزانین، بەڵام بۆ دەستپێکی باسەکە گونجاون.

## دابەشکردنی کارو دەرکەوتنی قودرەت( توانای ) نایەکسان

وردبوونەوە لەم خاڵە گرنگە، کە تاڕادەیەك هەر کۆمەڵناسێك هەوڵدەدات باس لە نایەکسانیی بکات، "دابەشکردنی کار" دەخاتە بەرباسو لێکۆڵینەوەوە. لە دیدی مارکسدا ئەم پرسە زۆر گرنگو سەرەکییە. کاتێك دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگادا فۆڕمەلە دەبێت ( واتە تاکەکان بە چەشنێکی بەربڵاو کارگەلی جیاواز ئەنجام دەدەن)، هەندێك لەم چالاکییانە کۆمەڵێك ئیمتیاز دەدەن بەهەندێك کەس لەبەرامبەر خەڵکی تردا. هەندێك لە چالاکییەکان بەهادارتر ئەژماردەکرێن، هەندێك کۆنترۆڵی هەندێکی تر دەکەن. هەندێك ئیمتیازات لە شێوەی گوزەراندنی ژیانیاندا دەدرێنە تاکە کەسەکان. هەندێك ئیمتیازاتێکی زۆر دەڕژێنن بەسەریاندا. ئەگەر

کەسێك کشتوکاڵ بکاتو ئەوانی تر نەیکەن، خەڵك بە چەشنێکی فراوان پەیوەستدەبن بەو تاکە کەسەوە. ئەگەریش کەسێك لە کشتوکاڵدا سەرکەوتوو بێت (لە دەرەنجامی لێهاتویی، شانس، وەبەرهێنان یان فرتو فێڵکردن)، ئەوکات ئەو جوتیارە دەتوانێت دەستبکات بە کۆکردنەوەو عەمبارکردنی ئابووریی خۆی. –بۆ نموونە زەوی، کرێکارو سەرمایە – ئیمتیازگەلێك لەچاو ئەوکەسانەی کە ڕێژەیەکی کەمتر لەم سەرچاوانەیان لەبەردەستدایە، دەبەخشێت بەخاوەنەکەی. لەوەش گرنگتر، ئەگەر جوتیار بتوانێت کرێکار دامەزرێنێت (دابەشکردنی کار)، سیستمێکی نایەکسانیی بەشێوەیەکی جدی دەست پێدەکات. لە تێڕوانینیی مارکسدا، خاوەنکارەکان کرێکاران کۆنترۆڵدەکەن، بەرپرس، کرێکارەکانی دەخاتە کاری بەرهەمهێنانەوە، سوود لە زیانی ئەوان وەردەگرێت، بەشێوەیەکی بەرچاو بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ ئەواندا دەبێتە سەرمایەدارو دەسەڵاتدار. خاوەنکار بەتێپەڕینی کات دەتوانێت پێگەی دیاری(مومتازی) خۆی پتەو بکاتو ئیمتیازاتەکانی زۆر بکات. هەر کە ئەم پرۆسەیە لە کۆمەڵگادا کەوتەگەڕ، ئیتر بە ئاسانی ناوەستێنرێتو بەری پێناگیرێت. بۆیە دابەشکردنی کار ڕێخۆشکەرە بۆنایەکسانیی کۆمەڵایەتیی.

ئەگەر هەمووان لە سەرەتاوە کارو ئەرکی یەکسان ئەنجامبدەن (هیچ جیاوازیەك نەبێت لەو ئەرکانەی خەڵکی لە کۆمەڵگادا ئەنجامی دەدەن) نایەکسانییەکی ئەوتۆ لە کۆمەڵگادا دەرناکەوێت. ئەگەر کرێکارو خاوەنکار نەبن یەکسانیی لە کۆمەڵگادا دەچەسپێت.

مارکس بەشێوەیەکی گشتی سەرنجی خۆی لەسەر دابەشکردنی کاری ئابووریی چڕدەکاتەوە، بەڵام دابەشکردنی کار دەتوانێت پەرەبسەنێت و هەموو چالاکییە جۆراوجۆرەکانی تریش بگرێتەوە. کە دابەشکردنی کار هەبوو، لەوێشەوە نایەکسانیی لە خێزانەکان، گروپی هاوڕێیان، قوتابخانە، سیاسەت و لە کەنیسەکانو لە هەرکوێیەك ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی هەبێت، دێتە ئاراوە. دابەشکردنی کار لەم



جۆرە شوێنانەدا لەو رووەوە هەیە، کە دابەشکردن لەنێوان ڕابەرانو پەیڕەوان لەم گروپانەدا دروستدەبێت. کاتێك ڕێکخراو گەورە یان ئاڵۆز (کە خاوەنی کاری هەمەچەشنە) دەبێت، کەسانێك دەردەکەون، کەکاریان بریتییە لە دابینکردنو پاراستنی ڕەوتی ڕێکخراوی کاروبارەکان، بڕیارو فەرماندەرکردنی ڕۆژانەو چۆنییەتی پێویستی کارکردنی ڕێکخراو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی. ئەم جۆرە کەسانە نوێنەری بەرژەوەندییەکانی ڕێکخراو دەکەن لە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تردا. هەماهەنگی کاروبارەکانو دەستکەوتنی ئامانجەکان بەچەشنێکی سەرکەوتوو بە مانای هەبوونی بەرپرس یان کۆمەڵێك بەرپرسە. هەرکە شوێنگەی بەرپرسیاریەتی دروست بوو، دابەشکردنی کاریش دروست بووە، بەڵام بۆچی ئەم کارە نایەکسانیی لەگەڵ خۆی دەهێنێت؟ ڕۆبەرت میشلز (1876 – 1936) ڕاڤەی ئەمەی کردووە: لەم پرۆسەیەدا، جەخت لەسەر ڕاڤەو باسکردنو گرنگی دابەشکردنی کار دەکات، میشیلز ئەم پرۆسەیە بە پرۆسەیەك دادەنێت کە ئەگەری ئەوە نییە لێی دەرباز بیت: لە هەر ڕێکخراوێکدا هەر کە بەرپرس دیاری کرا (گرنگ نییە چۆن هەڵدەبژێردرێت یان دیاریدەکرێت)، هێزگەلێکی تایبەت دەکەونە بزاوتن، هەتا کۆمەڵێك ئیمتیاز لە بەرامبەر کەسانی تردا بدەنە بەرپرس. بەرپرسیش ژمارەیەکی کەم لە تاکەکان لە دەوری گرد دەبنەوە، کە میشیلز بە نوخبەکان(دەستەبژێرەکان) ناویاندەبات. بەرپرسیارێتیش ئیمتیازێکی زۆر بە نوخبەکان دەبەخشێت: زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێکخراو، مافی بڕیاردانی ڕۆژانەو کۆنترۆڵکردنی ئەوەی کەسانی تر لە ڕێکخراودا دەیزانن. بە تێپەڕینی کات، ئەندامانی گروپی نوخبە خۆیان لەوانی تر جیادەکەنەوەو شێوازگەلێك لە پێناو مانەوەی پێگەیان بونیات دەنێن. کەسانێك کە لەپێڕی بەرپرسان نین سەرەنجام کەمتر دەتوانن ڕەخنە لە گەورەکانیان بگرن (هەرچەندەئەوەبە ئەوان کەمتر دەیانەوێت ڕەخنەبگرن.) هەر کەس ئەم پێگانە داگیربکات، دەستی بە پێگە گەلێك دەگات، کە بە شێوەیەکی خۆیی

دەسەڵاتدارترن. (ناوی بەدبینی میشیلز دەربارەی ئەگەری یەکسانیی لە ڕێکخراودا "یاسای پۆڵایی ئۆلیگارشی)، ئەمەش بەو مانایە دێت کە لەچاو کەسانی تردا خاوەنی هێزن. کە دەڵێت "ڕێکخراو"بەناوی واتای فەرمانڕوایەتیکردنی ژمارەیەکی کەم لە خەڵك، ئیتر ناوی بنێین دیموکراسی یان دیکتاتۆری. سەرەنجام ئەم دابەشکردنی کارە خۆی لەخۆیدا بەمانای نایەکسانییە لە تواناو دەسەڵاتدا.

ئەمە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە. ئەگەرچی زۆربوونی دابەشکردنی کار نایەکسانیی زیاتر دەخولقێنێت، لە لایەکی ترەوە فاکتەری تر بەشداری دەکەنو کار لە ئاقاری یەکسانیی دەکەن. بۆ نموونە لە پەرەپێدانی ئابووریی کۆمەڵگادا، گێرهارد لینسکی پێماندەڵێت بەتێپەڕبوونی کۆمەڵگا لەبارودۆخی کشتوکاڵیەوە بۆ پیشەسازی — لێرەوە دابەشکردنی کاری زیاتر ڕوودەدات —یەکسانیی زیاتر دەبێت. ئەم دیاردەیە لەوەوە سەرهەڵدەدات کە پیشەسازی بوون کۆمەڵگایەکی وشیارترو، هێزی کاریش لە رووی تەکنیکەوە لێهاتوتر دەخوازێت. لینسکی هەرگیز بانگەشەی ئەوە ناکات نایەکسانیی کۆتایی دێت، بەڵکو دەڵێت بە پیشەسازی بوونی کۆمەڵگا نایەکسانیی تەنها هاوسەنگ دەبێتەوە، چونکە کەسانی باڵا ئەگەنە ئەو ڕاستیەی لەپێناو مانەوەی پێگەکەیانداو لەپێناو پێشکەوتنی ئابووریی کۆمەڵگا، پێویستە بەشداری بکەن لە سەروەتو لەتواناکانیاندا. رەنگە پەیوەست بوون بە چینەکانی دی لەناو کۆمەڵگاکەی خۆماندا بۆ نوخبەکانی ئابووریی لە جیهانی مۆدێرندا گرنگیەکی کەمتری هەبێتو گەشتوینەتە قوناغێك تیایدا بەشداریکردن لە سەروەتو دەسەلاتی کۆمەڵگادا بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی پێویست نییە، رەنگە دابەشکردنی کار بە شێوەیەکی بەربڵاو تەنها نایەکسانیی زیاتر بەدیبهێنێت.

هەندێجار دابەشکردنی کار بەدەستی ئەنقەست دەخولقێنرێتو سیستمی نایەکسانیی هەر لە سەرەتای فۆرمە لەبوونی رێکخراوەوە هەیە. کاتێك کۆمەڵگایەك کۆمەڵگایەکی تر ڕامدەکات. پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی نوێ دروستدەبێت. هەمیشە



پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دەستی ئەنقەست گروپی دۆڕاو لە پێگەیەکی جیاوازو کەمتر لە گروپی سەرکەوتوو دادەنێت. بەندایەتیو داگیرکاری لە سەدەی نۆزەهەمدا دوو نموونەی ئەم ڕاستییەن.

لە ڕاستیدا کاتێك خەڵك لە دەوری یەکتر گرددەبنەوە تا ڕێکخراو و گرووپی تایبەتی خۆیات پێکبهێنن — وەکو دامەزراوەی کاروپیشە، یانەی وەرزشی، لیژنەی ئۆڵۆمپی — دابەشکردنی کار لە چەشنێکی ئامانجدارو هاوکات لەگەڵ ئەو سیستمە، نایەکسانییەکی ڕونو ئاشکرا دروستدەبێت. دامەزراوەیەکی نوێ دەستەی بەڕێوەبەرانو بەرپرسو جێگرو... لەگەڵ خۆی دەهێنێتە بوون. ڕیستۆرانتی نوێ بە بەڕێوەبەرو جێگرو بەڕێوەبەری خزمەتکارو چێشتلێنەرو سەرپەرشتیاری کرێکاران بەشێوەیەکی بەربڵاو دەکرێنەوە. ڤێبەر ئەم سیستمە نایەکسانە وەکو دەسەڵاتداری "عەقڵانی – یاسایی" یا "هێزی بیرۆکراتیك" وەسف دەکات. واتە ڕیزبەندی مەبەستداری پێگەکان بەپێی توانای کۆمەڵایەتیی لە ڕێکخراودا. ئامانج لەم کارە چییە؟ وەڵامی ڤێبەر ئەوەیە کە ئەوە کاراییە: لە جیهانی مۆدێرندا، کارایی لە ڕێکخراوەکاندا زۆر گرنگە، بۆیە تاکەکان بەخواستی خۆیان ئەوەی بە سیستمێکی عەقڵانی نایەکسانیی لێکدەدەنەوە دروستدەکەن تا دڵنیابن دابەشکردنی تواناو بەرپرسیاری بە شێوەیەکی روونو شایستە دامەزراوە. بە تێڕوانینی ڤێبەر، ئەم جۆرە تواناییە لە هەموو کۆمەڵگا مۆدێرنەکانداو لە هەر ڕێکخراوێك لە کۆمەڵگای مۆدێرندا بوونیان هەیە. پێکهاتەی هێزی بیرۆکراتی لەهەر ڕێکخراوێکدا هەیەو هەمووومان شوێنگەلێك لەو پێکهاتەدا داگیر دەکەینو توانای کەمتر یان زیاتر لەوانی ترمان لەو پێکهاتەدا دەبێت. بەو مانایەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی دەستی ئەنقەست لەلایەن کەسانێکەوە دەخولقێنرێت کە دەیانەوێت کەسانی تر بۆ ئەنجامدانی کارەکان ڕێکبخەن. ڤێبەر بیرۆکراسی بە سیستمێك دەزانی کە لە سەدەی بیستدا وەکو ڕێکخراوێکی باڵادەستی لێدێت لە کۆمەڵگادا. ئەگەر لە

دەوروبەرمان بڕوانین دەتوانین ببینین تا چەند پێکاویەتی. ئەگەر بچینە هەر ڕێکخراوێکی گەورەوە نموونەیەکی دی لە بیرۆکراسی دەبینین. شیکاری ڤێبەر بۆ بیرۆکراسی چەند خاڵێکی بەرچاومان وەبیر دەهێنێتەوە:

1– بیرۆکراسی، سیستمێکی ڕێکخراوە و بە دەستی ئەنقەست لەپێناو ئەنجامدانی کارەکان بە کارایی دروست بووە.

2– بیرۆکراسی، سیستمێکی نایەکسانە بەمەبەستی دابەشکردنی ڕونو ئاشکراو بەرپرسیاریەتی بەدی هاتووە. گوێڕایەڵی لە دەسەڵاتەکان بەهایەکی سەرەکییە.3– بیرۆکراسی فۆرمێکە لە ڕێکخراو کە نایەکسانییەکەی ئەنجامدەرانی کردەی کۆمەڵایەتیی بەپێویستو ڕەوای دەزانن. بیرۆکراسی سیستمی کۆنترۆڵکردنێکە بەدی دێت هەتا دڵنیایی بەدەست بێت کە فەرمانەکانی هەندێك لەلایەن ژمارەیەکی زۆرەوە جێبەجێ بکرێت.4– بیرۆکراسی هەر ئەوەندەی دروست بوو لەناوبردنی مەحاڵە، چونکە دابەشکردنی کار بە شێوەی میکانیکێکی پێویست لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراودا دەردێت ئیتر کەسانێك کە لە سەرەوەن فاکتەری کۆنترۆڵکردنی ئەوانی تری بەشێوازگەلێك کە لە ڕێکخراوەکانی تریشدا هەن لە دەستدایە.

زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵناسانی کلاسیك جەخت لە گرنگی دابەشکردنی کار لەپێناو خولقاندنی نایەکسانیی دەکەنەوە. ڕێکخراوێك ئەگەر تیادا بەرپرسەکان بوونیان نەبێت، یان کۆمەڵگایەك تیادا هەمووان کارو فرمانی یەکسان ئەنجامبدەن وەکو خەونێکی مەحاڵ (یان وەهمو خەیاڵ) دێتە بەرچاو. ئەگەر بمانەوێت دابەشکردنی کار وا دابنێین پێگەکان یەکسان بێت وەهمێکەو هەرگیز لە چوارچێوەی مەحاڵ نایەتەدەر.



## ململانێی کۆمەڵایەتیی و دەرکەوتنی توانای نایەکسان

تا ئێرە باسمان لە دابەشکرنی کار کرد. مارکس بە سەرچاوەی دووەم واتە ململانێی کۆمەڵایەتیی ئاشنامان دەکات.

ململانێ بە مانای ڕوبەڕووبوونەوەی ئەنجامدەرانی کردەی کۆمەڵایەتیی لەسەر شتێکی بەهادار دێت. لەو شوێنەدا کە ڕووبەروبونەوە هەیە، هەندێ لە ئەنجامدەرانی کردەی کۆمەڵایەتیی، براوەدەبن هەندێکیتر دەدۆڕێن. یان زۆربەی جار هەندێك زیاتر لەوانی تر ئەوەی دەیانەوێت بەدەستی دەهێنن. دژایەتی و ململانێ کاتێك ڕودەدات کە دەگمەنی هەبێت. هەمووان ناتوانن ئەوەی دەیانەوێت دەستیان بکەوێت، چونکە بەدوای شتگەلێکدا دەگەڕێت بە ئەندازەی پێویست بوونی نییە. ململانێ کاتێ ڕوودەدات هەندێ کەس، ئەوەی لە کۆمەڵگادا بەهادارە بەتایبەتی بیکەنە موڵکی خۆیانو دەرەنجام خەڵکی تری لێ بێبەش دەکات. بەهەرحاڵ، دەرەنجامی کەمی پێداویستییەکان یاخود دابەشکردن نایەکسانییە، چونکە هەندێك لەسەرمایەی خۆیان زۆردەکەنو ئەوانی تر ناتوانن.

دەکرێت سەرکەوتن لایەنێك لەململانێکەدا بەتێگەیشتنی ڕۆڵی دەسەڵات لێکبدرێتەوە: ئەو کەسانەی دەیبەنەوە توانایان لە نەیارەکانیان زیاترە، بۆیە دەتوانن لە کردەی دوولایەنەدا بیبەنەوە. ڕەنگە ئەمە توانای تاکەکەسی بێت (کە لەسەر بناغەی هۆش، هێز، بەکێشکردن، چەك یان سەروەت دامەزراوە). زیاتر ڕێکخراوو گرووپ یان کۆمەڵگا دووچاری شنەڕو ململانێ دەبێتو لە ڕێگەی توانای باشترەوە سەردەکەوێت (بۆ نموونە کارایی باشتر، وەفاداری زیاتر لە نێوان ئەنداماندا، تەکنەلۆژی چاکتر، ڕابەری لێهاتوو یان چەكو سەروەتی زیاتر).

ئەو کاتەی ململانێ بوونی هەیەو هەندێك لە کەسەکان سەردەکەون، باشتر لە نەیارەکانیان دەتوانن دەستیان بە ئامانجەکانیان بگات. بە ئاسانی دەتوانن سەرکەوتنی خۆیان پەرەپێ بدەنو حەقدەستی خۆیان لە چاو خەڵکی تردا زیادبکەن. ئەمەش سەردەکێشێ بۆ ئەوەی ئەوان هێزی زیاتریان دەسکەوێت. سەرەنجام ئەو کەسانەی دەیبەنەوە دەتوانن سیستمێکی نایەکسانیی ( Systein of inequality) بخولقێنن. واتە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کە لەوکەسە باڵایانەدا هەیە کولتوورو کۆمەڵێك لە دامەزراوەکان دەیانهێڵنەوە لەو پێگەیەدا. ئەم سیستمە نایەکسانە گرەنتی مانەوەی ئەوان (گروپەکەیانو نەوەکانی داهاتوشیان) لەو پێگەیەدا دەکات. سەرکەوتن دەبێتە دامەزراوەیەکو لە فۆڕمی کارکردێکی کۆمەڵگادا دەچەسپێت. ئەو کەسانەی دەیبەنەوە سیستمێك دەخولقێنن گرەنتی سەرکەوتنی بەردەوامیان پێ دەدات. بەم پێیە ئەوروپیەکان دێنە ئەمریکا، دانیشتوانی شارەکانی ئەمەریکا تێك دەشکێنن و پەیمانێك دەبەستن سیستمێکی تایبەت بە خەڵکی ناوچەکە دادەمەزرێنن کە بەردەوامی خاوەنداریێتی زەویو فەرمانبەرداری دانیشتوانی ئەمریکا دەسەبەر دەکات. دوو دامەزراوەی بازرگانی بۆ بازاڕ لەگەڵ یەکتر ڕکابەری دەکەن. دواجار یەکێك لەم ڕکابەریەدا پێش دەکەوێت و بە تێپەڕینی زەمەن، ئەوەی دواکەوتووە هەوڵدەدات ئەم پێگە باڵایەی خۆی لە ڕێگەی دروستکردنی سیستمی دابەشکردن، سیستمی دانانی نرخ، هەروەها بەرنامەی پڕوپاگەندە (کە باڵادەستی بەسەر بازاڕدا بەردەوام دەکات) بپارێزێت.

دامەزراندنی سیستمی بەردەوامی نایەکسانیی لەچەند ڕویەکەوە لە بەرژەوەندی گروپی باڵادەستدایە. یەکەم چەندین ئیمتیاز کە گروپی پێشوو هەیبووە بپارێزێت. کە وابوو سیستمی دەوڵەتو یاسا هەتا لە ژێر هەژموونی توندی سەرمایەدارانو بەتواناکاندا بێت، یارمەتی پاراستنو مانەوەی دارایيو ئیمتیازەکانی ئەوان لە بەرامبەر خەڵکدا لە کۆمەڵگادا دەدات. دووەم گروپی باڵادەست لە شوێنگەیەکی



ڕکابەرئامێز بۆ کاروبارەکان، پەروەدەو فێکردنو نیشتەجێ بوون جێگیر دەکات. سێیەم ئیمکاناتی ئەوە بە نوخبەکان دەدات تا لەوکەسانەی کە لە پێگەیەکی خوارتردان وەکو کرێکار، بە کرێگیراوو داردەست کەڵك وەربگرنو لێرەوە ژیانی ئاسانتر کردووەو سەروەتو داراییەکەشی پەرەپێ دەدات. ئێمە بە تەواوی دەتوانین باوەڕمان وابێت کە سیستمی نایەکسانیی پێگەی باڵای بە تواناکان دەهێڵێتەوە. هەژموونی ڕکابەرییان زیاتر دەکاتو ئەو ئیمکانەیان پێ دەدات تا ئەو کەسانەی لە پێگەیەکی خوارتردان کاریان لێبکێشنەوە.

جیهان بەمەنزڵگەو شوێنگەی دژیەکیو ململانێی شەڕی کۆمەڵایەتیی وێنا بکە: هەموو تاکەکان، ڕێکخراوەکانو کۆمەڵگاکان بۆ هەرشتێك بەهاداربێت شەڕی لەسەر دەکەن و بەهەمانشێوە کە هەندێك دەیبەنەوە، ئەوانی تر دەدۆڕێنو بە تێپەڕینی کات سیستمێکی تاڕادەیەك بەردەوامی نایەکسان دەردەکەوێت. هەندێك سەروەتمەند دەبن، هەندێك هەژارو هەندێکی تر قودرەتمەند دەبن، هەندێکیش بێ توانا. چینێکی باڵا دەردەکەوێتو چینێکی هەژار دروستدەبێت. پیاوان –نەك ژنان سیستمی ئابووریيو سیاسیی کۆنترۆڵدەکەنو چەندین جۆر یاساو بیروباوەڕو هزرو دابو نەریتو دامەزراوەکان دەردەکەونو بەردەوامی بەم زروفە دەبەخشن. سپی پێستان بەسەر ناسپی پێستەکانداو پرۆتستانییەکان بەسەر کاتۆلیکەکاندا باڵا دەست دەبن. لە هەربارێکدا سیستمێکی چەسپاوو نەگۆڕی نایەکسان دروستدەبێت کە لە بەرژەوەندی بەتواناکاندایە. ئەم دیاردەیە لە هەر ڕێکخراوو گروپێکدا روو دەدات. کەسەکان لە گروپە تازە پێکهاتوەکاندا دژایەتی یەکتر دەکەن، لە دەستەی بەڕێوەبەران تا یانەکان، تا گروپەکانی توێژینەوەو تا خێزانەکان. لە هەربارێکدا، ئەو کەسانەی دەیبەنەوە دەتوانن شێوەگەلێك بۆ هێشتنەوەو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بخولقێنن. بە کورتی سەرکەوتوان لە ململانێی کۆمەڵایەتییدا دەتوانن پێگە باڵاکانی خۆیان دەسەبەر بکەن.

دیارترین نموونە دەسەڵاتە بەهێزو زیادەڕەوەکانە. تا ئەم دواییانەش ئەفەریقای باشور بە یاساو عورفو هزرگەلێکی دیاریکراو دەڕۆشت بەڕێوەو بە ئاشکرا جیاوازی نەژادەکانی ڕادەگەیاندو ڕەشپێستەکان لە بەژداریکردنی یەکسان لە کۆمەڵگاداو پشتیوانکردنی یەکسانیی یاسا، جیادەکردەوە. کۆیلایەتیش لە ئەمریکاشدا هەر وابوو. بەڕادەیەکی جیاواز کۆمەڵگا مەسیحیەکان و یەهودیو موسڵمانان هەمیشە یاسایەکی تایبەتیان هەبووە کە بەسەر کاروکردەوەی ژنانو پیاوانەوە باڵادەست بووە. یاسایەك کە تیایدا ژنان بەشێوەیەکی سیستماتیزەکراو لە بەژداریکردنی تەواو لە سیستمی سیاسییو فێرکردنو مەزهەبیو ئابووریی جیاکراونەتەوە. کاتێك نازیەکان لە ئەڵمانیادا گەشتنە دەسەڵات، کارو کەسابەتێکی شیاوو ئابڕوداریان لێ یاساغ کردن. یاساگەلێکیان بەڕێوە دەبرد کە مافی هاوڵاتیبوونی لە یەهودیەکان سەندەوە. دەستیان گرت بەسەر ماڵو داراییەکانیاندا. دواجار سیستمێکی ڕێکخراویان بۆ ئیستقراری نوێی جولەکەکانی ئەڵمانیا لە ئۆردوگاندا دانا کە تیادا زۆرینەی سەرگەورەکانی جولەکەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو کوژران.

دۆناڵد نوئێل (1968) لە تیۆری سەرچاوەی ڕیزبەندیکردنی نەتەوەیی خۆیدا، جەخت لەسەر رۆڵی ململانێ دەکاتەوە. لێرەدا سێ مەرجی پێویست هەیە. یەکەم: ئەو گروپانەی کە کولتوورو شوناسی جیاوازیان هەیە کۆدەبنەوە لەیەك. دووەم: ڕکابەری بۆ سەرچاوەی دەگمەن، یان فرسەتێك بۆ بەرهەم هێنانی گروپێك لەلایەن گروپێکی ترەوە (کە هەردووکیان دوو نموونەی ململانێن) بوونی هەیە. سێیەم: گروپێك زیاتر لە گروپێکی تر توانای هەیەو دەتوانێت بە چەشنێکی سەرکەوتوانە لەم شەڕو ململانێیەدا، ئیرادەی خۆی بەکاربهێنێت.

گروپی سەرکەوتوو لەم ململانێیەدا، سیستمێك دێنێتە بوون کەلە بنەڕەتەوە نایەکسانییەکی بەردەوام وەبەر دەهێنێت:



ململانێی کۆمەڵایەتیی ← سەرکەوتنی گروپێك ← هاتنە ئارای سیستمێکی نایەکسان کە پێگەی مومتازی گروپ بەردەوام دەکات.

لێرەدا دوو ڕاڤەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی خراوەتەڕوو: دابەشکردنی کارو ململانێی کۆمەڵایەتیی. کاتێك کە ڕێکخراوێك یان کۆمەڵگایەك کۆمەڵێك فەرمان لە ناو خۆیاندا دابەشدەکەن، هەندێك بەتواناتر دەبن لەوانی دی. لە ڕووبەڕوو بوونەوەی تاکەکان لە ململانێی کۆمەڵایەتیدا، هەندێك براوەدەبن و هەندێکی تر دەدۆڕێن. بە تێپەڕینی زەمەن، سیستمێکی نایەکسان دەخولقێت. ئێمە ناڵێین ئەوانەی کە دەیبەنەوە خراپو خۆویستن (هەندێکجار وانو جارجارەش وا نین)، بەڵام زۆربەی کات کاتێ سەردەکەوین لەپێناو هێشتنەوەی جیهانێك  کە تیادا سەرکەوتوو بووین ئەنگێزەی پێویستمان دەبێتو هەوڵدەدەین بیپارێزین.

تائێرە ململانێی کۆمەڵایەتیمان بەستەوە بەتوانستی کۆمەڵایەتییەوە: توانستی کۆمەڵایەتیی ئەوتوانایە بە هەندێك دەدات کە لە ململانێی کۆمەڵایەتیدا بیبەنەوە. بردنەوە لە ململانێی کۆمەڵایەتیدا، توانای کۆمەڵایەتیی زیاتر لەگەڵ خۆی دەهێنێت. دابەشکردنی کاریشمان بەستەوە بە توانای کۆمەڵایەتییەوە: هەر کە دابەشکردنی کار دێتە بوون، هەندێ پێگەکان دەبنە خاوەنی توانای زیاتر لەوانی تر. پێگەلێك کە خاوەنی توانای زیاترنو دەتوانن بەردەوامی دابەشکردنی کارێك کە لە بەرژەوەندی خۆیاندایە دابین بکەن. بوونی توانای زۆر بەو مانایەیە کە دەتوانرێت سەرکەوتووبێت بەسەر کەسانی تردا. لەسەرەنجامی ململانێی کۆمەڵایەتییو دابەشکردنی کاردا، سیستمێکی نایەکسانیی قودرەت لەناو هەموو گروپەکانو ڕێکخراوو کۆمەڵگاکاندا دیار دەکەوێت.

## دەرکەوتنی

## خاوەنداریتی( موڵکایەتی ) تایبەتی‌و ئیمتیازاتی نایەکسان

دابەشکردنی کارو ململانێی کۆمەڵایەتیی نەك هەر نایەکسانیی توانا دەخولقێنێت، بەڵکو ئیمتیازاتیش بەشێوەیەکی نایەکسان دابەشدەکات. بۆ تێگەشتن لەم بابەتە، جارێکی تر شەڕ و ململانێی کۆمەڵایەتیی تاووتوێ دەکەین.

شەڕی کۆمەڵایەتیی بەو مانایەدێت ئەنجامدەرانی کردەی کۆمەڵایەتیی بەرەنگاربوونەوە دەکەن: هەندێك براوە دەبن‌و هەندێك دۆڕاو. بەرهەڵستی‌و بەرگریی بەهۆی تواناوە بوونیان دەبێت، بەڵام لەسەر شتگەلێکی تریش (کە ئەنجامدەرانی کردەی کۆمەڵایەتیی بە بەهاداری دادەنێن) بەندە: زەوی، پارە، کاروکاسپی، شوێنی نیشتەجێ بوونی باش، پەروەردەو فێرکردنی چاك، ئاسایش‌و سەلامەتی. بەرەنگاربوونەوە لەوڕووەوە هەیە کە ئەم شتانە دەگمەنن و، خەڵکی زیاتر لەوەیان دەوێت کە لەبەردەستدایە. لێرەوە ململانێ ڕوودەدات هەتا زیاتر هەندێك ئەو شتانە بەدەست بهێنن خەڵکی دی کەمتر دەتوانن ببنەخاوەنی. ئەگەر هەموو خەڵك بیانتوانیایە بەوەی هەیانە رازی بن، شەڕ لەسەر شتە بەهادارەکان کەمتر دەبوو. هەندێجار مەسەلەکە دەگمەنی نییە، بەڵکو تەنها ئەوەیە کە هەندێك لە ئەندامانی گروپەکان دەتوانن زیاتر لەوەی پێویستیانە کۆی بکەنەوەو لە بەرامبەر کەسانێك کە بە ئەندازەیەك پێویستیان نییە سەرچاوەیەکی توانایی دەهێننە بوون. ئەگەر دابەشکردنی یەکسانیی شتگەلی بەهادار شیاو بووایە، ململانێش بەشێوەیەکی بەرچاو کەمتر دەبووەوە. بەڵام وەك کە مارکس باسی دەکاتەوە، دابەشکردنی یەکسانیی کاڵا مادیەکان بەتایبەت کاتێك خاوەنداریتی تایبەتی بوونی هەیە، مەحاڵە. لێرەوە کەسەکان دەتوانن هەرچییەك بەدەستی دەهێنن خاوەنداریتی بکەن‌و سنوردارکردنی  ئەوەی کە خاوەنی بوون، دژوارە. ئەوان هەرچییەك بتوانن



بەدەستی بهێنن وەکو بەشێك لەمافی خۆی جێگیری دەکات. خەڵکی تر لە ڕازیکردنی پێویستیە بنەڕەتیەکانی یەکتر دوورناکەونەوە، بەڵکو هەوڵدەدەن ئیمتیازات‌و توانایان لە پەیوەندی بەوانەوە زیاد بکەن. جان جاك رۆسۆ ئەم مەسەلە بە روونی باس دەکات:

> یەکەم مرۆڤ کە بە دەوری پارچەزەویەك دیواری کێشاو بیری لەوەکردەوە بڵێ "ئەمە هی منە"و خەڵکی هێندە ساویلکەی دۆزیەوە باوەڕی پێ بکەن، دامەزرێنەری راستەقینەی کۆمەڵگای مەدەنی بوو. ئەگەر کەسێك دارەکانی دیوارەکەی دەربهێنایە، شوێن چاڵەکەی پڕ دەکردەوە، ڕو لە هاوتاکانیشی هاواری دەکرد "ئاگاداربن کە بەرهەمەکانی زەوی هی هەموومانە، زەوی موڵکی کەس نییە"، چ زیاتر مومکین بوو مرۆڤایەتی لە زۆرێك لە تاوان‌و جەنگ‌و مرۆڤ کوژییەکان، لە زۆرێك لە ترس‌و هەراس‌و بەدبەختیەکان رزگار بکات. (1755 : 207)

ئەگەر هەموان خاوەنی هەموو شتێك  بوونایە، ئەگەر هیچ کەس زیاتر لەوی تر حەقی بەرامبەر بەشتە مادیەکان نەدەبوو، لەو وەختەدا نایەکسانیی کەم دەبوو. بەڵام لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا خاوەنداریتی تایبەتی بوونی هەیەو برەوی پێ دەدرێت. هەندێ کەس لەسەر شتە مادیەکان لە ململاێدا سەردەکەون‌و دەستدەکەن بەکڕینی بەندەو زەوی کڕین و کۆکردنەوەی پارە. ئەم شتانە دەبنە هی ئەوان. هەتا ئەم شتانەش دەستی هەندێ کەس بکەوێت لەبەرامبەر کەسانی تردا، نایەکسانیی لە نێوانیاندا زیاترە. ڤێبەرئەم شتانە ناو دەنێت ئیمتیاز. ئیمتیازەکان privileges لەخۆگری هەموو حەقدەستەکانە کە ئەنجامدەری کردەی کۆمەڵایەتیی بەهۆی پێگەکەیەوە لە کۆمەڵگادا یان ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا دەستی دەخات – بۆ نموونە داهات، شوێنی نیشتەجێبوون، فەزای نووسینگەی کار، پێگەکانی تەندروستی‌و پزیشکی‌و فرسەتەکانی خوێندن. کەوابوو ئێمەش لە رووی تواناوە

(توانـــایی هاتنـــەدی ئـــیرادەی خـــود) هـــەروەها لـــە روی ئیمتیازاتیـــشەوە (ئـــەو حەقدەستانەی کە دەستمان دەکەوێت) نایەکسان دەبین. ئەم دوو نایەکسانییەش لە ململانێی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت.

نایەکـــسانیی ئیمتیازەکـــان نـــەك تـــەنها لـــە ململانێـــی کۆمەڵایەتییـــەوە سەرچاوەدەگرێت، بەڵکو لە دابەشکردنی کاریشەوە سەرهەڵدەدات. خاوەنکاران زیاتر لە کرێکاران داهاتیان دەستدەکەوێت، پزیشکان زیاتر لە سستەرەکان داهاتیان هەیە. بۆچی دەبێ وابێ؟ بەڵگە نەویستە کەسانێك کە پێگەگەلی گرنگ لە دابەشکردنی کاردا بەدەست دەهێنن لە باشترین پێگەدا لە هەوڵی زیادکردنی ئیمتیازاتە کانیاندان. خاوەن کارگەکان زیاتر لەوانی تر توانایان هەیە، بۆیە فرسەتی زیاتریان هەیە- تائەوەی بە دەستی دێنن پەرەی پێ بدەن. کەسانێك کە لە پێگەی نزم وکەم بەهادارتردان تەنها لە ڕێگەی ڕێکخستن‌و وەرگتنی بەشی زیاتر لە باڵا دەستیەکانیان دەتوانن ئیمتیازاتیان زیاد بکەن.

فاکتەرێکی تر کە دەیسەلمێنێت دابەشکردنی کار بە دابەشکردنی نایەکسانیی ئیمتیازاتەکان ئەنجام دەدرێت پەیوەندی بە هەل‌و مەرجی بازاڕەوەهەیە: بەهۆی کۆمەڵێك لەم فاکتەرانەی خوارەوە، لە ڕێکخراوێکدا ئیمتیازاتی جیاواز دەدرێت بە پێگەکان- گرنگی ئەوان بۆ ئەو ڕێکخراوە (گرنگترین پێگەکان زۆرترین ئیمتیازات بەدەست دەهێنن)،2- ڕادەی فێرکردن‌و هەوڵوماندووبونێك کە تاکەکەس دەبێ بەمەبەستی ئامادەکردن بۆ دەسکەوتنی ئەو پێگانە هەڵگری بێت (هەتا ئەو فێرکردن‌و هەوڵو زەحمەتە زیاتر بێت، ئیمتیازات زۆر تر دەبێت)،3- دەگمەنی تاکەکەس بۆ ئەو پێگانە (هەتا ژمارەی ئەو کەسانەی کەشارەزاییان لەو پێگەیەدا هەیە کەمتر بێ، ئیمتیازات زۆر تر دەبێت). بە پێچەوانەوە هەر پێگەیەك کە زۆر گرنگ نەبێت، فێربوونی کەمتر بوێت‌و کەسانێکی زۆر لەپێناو بەدەستهێناندا ڕکابەری بکەن، هەقدەستێکی زۆر کەمتریان دەست دەکەوێت. هەرچۆن بێ ئەو پێگانەی کە



پێویستن ئەبێ دەستیان بەسەردا بگیرێت، لەپێناو داگیرکردنیان پێویستە خەڵك بگرێتە خۆ، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لە ئیمتیازاتەکان سوود وەربگرین. هەل‌و مەرجی بازاڕو توانای کۆمەڵایەتیی پێکەوە دەبنە هۆی ئەوەی کە دابەشکردنی کار ئیمتیازاتێکی نایەکسان بهێنێتە بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا باسەکەمان تەنانەت لەمەش ئاڵۆزتر دەبێت. نەك تەنها توانای کۆمەڵایەتیی ئیمتیازی زیاتر دەهێنێت، بەڵکو پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئیمتیازاتی کۆمەڵایەتیش (وەکوك پارەو زەوی‌و کارگە) توانای کۆمەڵایەتیی زیاتر دەهێنێت. توانا پەیوەستە بەکۆمەڵێك فاکتەرەوە، بەڵام سامان لە گرنگترین کاراکتەرەکانە. ئەو کەسانەی کە کارێکی پڕ داهاتیان هەیە زیاتر لە کەسانی کەمداهات توانایان هەیە. ئەو کەسانەی خاوەنی سامانن کار لەوە دەکەن کە بەسەر ئابوریدا لە حکومەت‌و لە دەزگاکاندا روودەدات. بۆیە تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان توانا‌و ئیمتیاز گرنگە: توانا ئیمتیاز دەهێنێتە بوون‌و ئیمتیازیش توانا. هەردووکیان دەرەنجامی ململانێی کۆمەڵایەتیی‌و دابەشکردنی کارن. رەنگە نیشاندانی ئەم پەیوەندیە ئاڵۆزانە سوودمەند بێت و پتر ڕونی بکاتەوە:



دابەشکردنی کار تاکەکان جیادەکاتەوەو سیستمێکی نایەکسانیی هەم لە ڕوی توانا و هەم لە ڕووی ئیمتیازەوە دەخولقێنێت. ململانێی کۆمەڵایەتیی براوەو دۆڕاوەی بەدوادا دێت، بۆیە براوەکان لە پێگەیەکدان کە هەم توانا و هەم ئیمتیازاتیان زیاد دەکەن. ململانێی کۆمەڵایەتییو مافی خاوەندارێتی تایبەتی، ئیمتیازاتی نایەکسان دروست دەکەن. ئیمتیازاتی نایەکسان، خۆبەخۆ، توانای نایەکسان دروست دەکەنو توانای نایەکسان بواری دروستبوونو فراوانبوونی ئیمتیازات دەڕەخسێنێت. خاوەن کارەکان هەم تواناو هەم ئیمتیازاتی زیاتریان هەیە، کرێکارانیش هەم لە ڕوی تواناو هەم ئیمتیازاتەوە، لە پێگەیەکی نزمتردان، ڕابەرەکان لە هەردوو ڕووەوە لە پێگەی بالآتردانو پەیڕەوکاران لە پێگەیەکی کەمتر. سەروەتمەندات لە هەردوو لایەنەوە لە پێگەیەکی بالآدان، هەژاران لە پێگەیەکی نزمتردان. سپی پێستان، بەڕێوەبەران، کۆمپانیای گەورەو جەنراڵەکانی سوپا لە پێگەیەکی بالآتردان، ڕەگەزەکانی تری جگە لە سپی پێست، کەناسو سەربازان لە پێگەیەکی خوارتردان.

## پێگەی کۆمەڵایەتییو نایەکسانیی

جۆرێکی تر لە نایەکسانیی لەم پرۆسە ئاڵۆزەدا دەردەکەوێت کە ئەم نایەکسانییەش هەم لە سەر تواناو هەم لەسەر ئیمتیازات کاریگەری دەبێت. ئەم نایەکسانییەش پێگەی prestige کۆمەڵایەتییە.

مارکس لە شیکاری خۆیدا لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتیی تەئکیدی نەکردەوە، بەڵکو کۆمەڵناسانی تری وەکو ڤێبەر جەختی لەسەر کردەوە. پێگەی کۆمەڵایەتیی پەیوەندی هەیە بە چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی کەسانی تر لەئێمە. هەموومان دەمانەوێت خەڵکی ڕێزمان لێ بگرن. هەندێکمان لە ژیانماندا بۆ بەدەستهێنانو



پاراستنی ئەم ڕێزە هەوڵدەدەین. ڕێزو حورمەت بارێکی کەسیەو لەسەر تایبەتمەندیە کەسیەکان کە تاکەکەس خاوەنییەتی وەستاوە: وەکو کامڵی، هۆش، ئیستیعداد (لە بوارەکانی مۆسیقا، وەرزش، هونەر). پێگەی کۆمەڵایەتیی وەکو ڕێزگرتنە لەو ڕووەوە پەیوەستە بەوەی کە خەڵکی چۆن لێمان دەڕوانن، بەڵام ئەم ڕێزگرتنە کارێکی کۆمەڵایەتییە. ڕێزێکە خەڵکی بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتیی تاکەکەسەوە لە کۆمەڵگادا لێی دەگرن.

لەگەڵ ئەوەی پێگەکان لە کۆمەڵگادا یان لەهەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا جیاوازی دەکەن، تاکەکان ڕێژەیەکی جیاواز لەڕێزگرتن بۆ ئەو پێگانە دادەنێنو لێرەشەوە لەسەر بنەمای شوێنگاکەیان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی، دەبنە جێی دادوەری: بۆ نموونە ئایا ژنن یان پیاو؟ سپی پێستن یان نەژادی تر؟ پسپۆڕ یان کرێکارێکی سادەیە؟ سکرتێر یان سکرتێری جێگری بەرپرس؟ خەڵکی ئیعتیباری کۆمەڵایەتیی زۆر بۆ بەڕێوەبەرانی پلە بەرز لە کۆمەڵگادا دادەنێنو ژنە سۆزانییەکان بە بەڕیز نازانن. ئەفسەران لە سوپادا پێگەی کۆمەڵایەتیی زیاتریان لە سەربازان هەیە. مامۆستایانی زانکۆ پێگەی کۆمەڵایەتیی زیاتریان لە مامۆستایان هەیە، هەروەها سەرمایەداران ڕێزو پێگەی کۆمەڵایەتیی زیاتریان لە هەژاران هەیە. زۆرجار ڕون نییە کە بۆچی هەندێ لە پێگەکان پێگەی کۆمەڵایەتیی زیاتر دەست دەخەن، بەڵام تارادەیەکی زۆر بەهۆی ئەو تواناو ئیمتیازەوەیە کە لەگەڵ ئەو پێگانەدا بەدەست دێت. پێگەگەلی بەتواناو پڕ داهات خاوەنی ڕێزێکی زۆرن (چینی بالآ، بەرپرسی دەستەی بەڕێوەبەران، ئامادەکاری فیلم، ئەندامانی کۆنگرە) ئەو کەسانەی بێ تواناو ئیمتیازن خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتیی کەمن (هەژاران، بێکاران، کرێکاری سادە، کەمایەتیەکان).

نەك هەر ئەوەی تەنها تواناو هێز لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتیی کاریگەرییان دەبێت، بەڵکو پێگەی کۆمەڵایەتیش کاریگەری لەسەر تواناو ئیمتیار دادەنێت،

پێگەی کۆمەڵایەتیی یەکێکە لە پایەکانی توانا: دەتوانرێت لە پێگەی کۆمەڵایەتیی بۆ بەدی هێنانی ئیرادەی خود سوود وەربگیرێت. بۆ نموونە کەسێك لە هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیدا خاوەنی زۆر پێگەی کۆمەڵایەتییە، یان دەوڵەمەندە سپی پێستە یان پیاوە، ئیمتیازێکی گرنگیش لە کردەی دوولایەنەوە لەگەڵ خەڵکیو هەم لە کۆمەڵگادا بەشێوەیەکی گشتی لە دەستخستنی ئامانجەکانیاندا هەیە. ئیعتیباری کۆمەڵایەتیی دەشتوانێت کاریگەری لەسەر ئیمتیازات هەبێت: لەگەڵ ئەو کەسانەی لە ڕێکخراوەکاندا خاوەنی ڕێزو حورمەتن بەشێوەیەکی تایبەت ڕەفتار دەکرێت (یان ئەوان خوازیاری ڕەفتارێکی تایبەتن). ئەم سێ تایبەتمەندیە پەیوەندیەکی بەهێزیان لەگەڵ یەکتردا هەیە: پێگەی کۆمەڵایەتیی تواناو ئیمتیاز دەخوڵقێنێت، توانا پێگەی کۆمەڵایەتیی و ئیمتیاز دەخوڵقێنێت، ئیمتیاز پێگەی کۆمەڵایەتیی توانا دەخوڵقێنێت. ئەم دەستکەوتانە یارمەتی یەکتر دەدەن بۆ خوڵقاندنی سیستمی ڕیزبەندی لە ژیانی هەموو ڕێکخراوێکدا.

بەمانایەك هێڵکاریەکەمان تەواوەو دەتوانین بزانین بۆچی نایەکسانیی دروستدەبێت: *سیستمی نایەکسانیی لە کۆمەڵگادا بەهۆی پێکهاتەیەك لە دابەشکردنی کار، ململانێی کۆمەڵایەتییو خاوەنداریێتی تایبەتی دروستدەبێت. لەبەرهەمی ئەوەدا، پێگەگەلێك و ئاستی جیاوازی توانا و ئیمتیازو پێگەی کۆمەڵایەتیی دروست دەکەن. توانا، ئیمتیازو پێگەی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ خۆی دێنێت، ئیمتیاز تواناو پێگەی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ خۆی دێنێت، پێگەی کۆمەڵایەتیی تواناو ئیمتیاز لەگەڵ خۆی دێنێت.*






دەرککردنی ئەم بەڵگە بنەرەتییە گرنگە. سادەتر قسە بکەین، نایەکسانیی لە گەشەسەندنی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی نایەکسانەوە سەرهەڵدەدات. ئەوە سروشتی مرۆیی، هێزە میتافیزیکیەکان، مانەوەی نەژاد، یان سروشت نییە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دروست دەکات، بەڵکو ئەوە واقیعە کە یارمەتی کردە دوولایەنە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن. نایەکسانیی لەو ڕووەوە دەردەکەوێت کە سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتیمان بەو جۆرەیە کە نموونە کۆمەڵایەتییەکان دروست بکەین. یەکێك لەم نموونانە پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیش هەمیشە نایەکسانە. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی لەو ڕەوەوە نایەکسانە کە سیستمێکی نایەکسانیی هەمیشەیی لە پێکهاتەیەك دروستدەبێت لە دابەشکردنی کار، ململانێی کۆمەڵایەتییو خاوەنداریێتی تایبەتی. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی نایەکسانە بەهۆی کاریگەری دوولایەنەی هێز و ئیمتیازو پێگەی کۆمەڵایەتیی کە بەپێگە جیاوازەکان دەدرێت.

## بۆچی نایەکسانیی بەردەوامدەبێت؟

کاتێك نایەکسانیی بەرقەراربوو، گۆڕینی سەختە. بەڵگە نەویستە ئەم سیستەمە بە تێپەڕینی کات کەمێك دەگۆڕێت، بەڵام خۆی جاویدانی(هەمیشەیی) دەکات. وادێتە پێش چاو پێنج فاکتەر دەبنە هۆی ئەم جێگیربوونە:

1. هەوڵو تەقلای تواناداران.
2. دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان.
3. کولتوور
4. بەکۆمەڵایەتیی بوون
5. میکانیزمەکانی گوشار

هەریەك لەم فاکتەرانەی سەرەوە بە ڕیز تاووتوێ دەکەین؟

## هەوڵو تەقەللای بەتواناکان

مارکسو میشیلز ("یاسای پۆلاینی ئۆیلگاریشی") ڕوندەکەنەوە کە چۆن بەتواناکان سیستمی نایەکسانیی دەهێڵنەوەو دەیپارێزن. کاتێك تاکەکەس پێگەیەکی باڵا بەدەست دێنێت، سەرچاوەی پێویستی بۆ پاراستنی خۆی لە بەردەستدایە، کەسانێکیش کە لەپێگەیەکی بەرچاودانین لەناو ئەم سیستەمەدا سەرچاوەی کەمتریان لەبەردەستدایە بۆ پاراستنی خۆیان و، بۆ گۆڕینی ئەو سیستمەی کە تیادا بەکەم دەستی دەیانهێڵێتەوە توانایەکی ئەوتۆیان نییە. بە کورتی نایەکسانیی لە ڕێگەی توانای کۆمەڵایەتییەوە بەردەوام دەبێتو ئەو کەسانەی توانایان هەیە ئەوانەن کەلە سیستمی نایەکسانیی سوود وەردەگرن.



مارکس لە تێوری کۆمەڵگادا جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکاتەوە. ئەو دەڵێ کاتێك هەندێ کەس خاوەنی شتومەکی بەرهەم هێنانن، توانایەکی زۆریان هەیە. ئەو توانایەش بەکاردێنن بۆ پاراستنی پێگەکەی خۆیان و زیاد کردنی سەروەتیان. بۆیە هەر کە نایەکسانیی ئابووریی دێتەبوون، خواستێکی بەهێز لای سەرمایەداران دروستدەبێت تا ساماندارتربنو هەموو پێکهاتەی کۆمەڵایەتییو هەروەها پێگەکانیان لەو پێکهاتەیەدا بە چەشنێکی کاریگەر بپارێزن.

مارکس ئەوکەسانەی خاوەنی شتو مەکی بەرهەمهێنان ناو دەنێت "چینی حاکم" یان فەرمان ڕەوا. ئەم باڵادەستیە بەو مانایە دێت کە هەر بڕیارێك کە دەدرێت لە بەرژەوەندیو سوودگەیاندنە بە خاوەن سەرمایەو تواناداەرکان.

لەگەڵ بوونی ئەمانەدا، مارکس زۆر زیاتر پێ دا دەگرێت. کۆنترۆڵکردنی شتومەکی بەرهەم هێنان ـ توانای ئابووریی ـ دەگۆڕێت بۆ هێزو توانای جۆراوجۆر. توانای ئابووریی کاریگەری لەسەر حکومەت دەبێت: واتە کاریگەری لەسەر ئەو ڕێسایانەی حکومەت ئاراستە دەکەن، ئەو کەسانەی پێگەکانی دەوڵەت دەبەن بەڕێوەو ئەو یاسایانەی کە دەوڵەت دایاندەنێت. چینی فەرمان ڕەوا (باڵا دەست) کاریگەری دەبێت بەسەر دەزگاکانو قوتابخانەو دادگاو هەر بەشێکی تری کۆمەڵگادا.

بۆچی شتێکی لەم شێوەیە ڕوودەدات؟ وەڵامی سادە ئەوەیە لەبەرژەوەندی ئەوکەسەدایە بە چەشنێکی سەرکەوتوو کار یگەری لەسەر بەڕوەبردنی کۆمەڵگا هەبێت. منو تۆو ئەوان فلان شتین. بەڵام من هەوڵ دەدەم بە چەشنێکی جیاواز لە ئێوە کاریگەریم لەسەری هەبێت. بۆ نموونە تۆ هەوڵدەدەیت کرێی مانگانەی زانکۆ کەم بکەیتەوە، بەڵام من هەوڵدەدەم موچەی مامۆستاکانی زانکۆ زیاد بکەم. لایەنگرانی مافەکانی ژنان، ئەمەریکییە بەرەگەزئەفریقیەکان، وەکیلەکانی دادگا، پیاوانی ئاین ـ ئەگەر تەنها ئاماژە بە چەند نموونەیەکی کەم بکەین ــ هەموویان

خواستی تایبەت بە خۆیان هەیەو دەیانەوێت خواستەکانیان بێتە دی. ئەگەر چی کۆمەڵگا هەرگیز بەشێوەیەکی گشتی لە بەرژەوەندی ئەواندا کارناکات، بەڵام بە سروشتی خۆی بەشێوەیەك هەڵدەسوڕێت لەگەڵ ئەوەی تواناداره‌کان دەیانەوێت گونجاوە.

بیرتان نەچێت ئەو پرسیارەی خستمانە ڕوو ئەوەیە چۆنچۆنی نایەکسانیی بەتێپەڕینی زەمەن هەر بەردەوام دەبێت؟ بەچ شێوەیەك سیستم دەتوانێت پایەدار بێت؟ لێرەدا تەنها وەڵامێکمان هەیە: نایەکسانیی لەو ڕووەوە هەمیشەیی دەبێت کە سەرمایەداران و بەتواناکان لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندیەکانیان ـــ پاراستن‌و هێشتنەوەی سەروەت‌و تواناییان ـــ لە کۆمەڵگادا لەسەرانسەری کۆمەڵگادا، لە باشترین پێگەدا جێگیرن.

میشیلز لەمەدا لەگەڵ مارکسدا تەبایە، ئەویش لەو باوەڕەدایە کە بەتواناکان سیستمی نایەکسانیی دەپارێزن. میشیلز لەسەر لایەنی سیاسیی ڕەوتەکە لەبری لایەنی ئابوریەکەی جەخت دەکاتەوە. ئەو ئاوڕ لە خاوەنداریی‌و شتومەکی بەرهەمهێنان ناداتەوە، بەڵکو سەرنجی خۆی دەخاتە سەر ئەو کەسانەی کە ڕابەری کۆمەڵگا دەکەن. میشیلز بەتایبەت باس لەوە دەکات ڕابەران لە هەر ڕێکخراوێکدا بە تێپەڕینی کات، لەوانی تر لە ڕێکخراودا جیا دەبنەوە. ئەوان لە پاراستنی پیگەکەیان‌و سیاسەتەکانیاندا بەرژەوەندییان هەیە. ئەوان هەوڵدەدەن شوێنگەو کارەکانیان بمێنێتەوە بۆیان‌و سیستمی نایەکسانیی لەبەرژەوەندی ئەواندا بپارێزرێت. ئەگەر چی ڕەنگە ئەوان بەشێوەی دیموکراتی هەڵبژێردرێن، لەگەڵ ئەوەی ئەو پێگەیەیان بەدەست هێنا خواست لەلایان دروستدەبێت کە ئەو پێگانە بەهی خۆیان بزانن‌و مەیل بۆ بەرقەراری سیاسەتەکانی‌و شوێنکەوتنی ئامانجەکان پەیدا دەکەن کە لەگەڵ ئەوباوەڕەدا گونجاون. سەرەنجام ڕابەران یەکدەگرن‌و گروپێکی نوخبەوی پشتقایم بەخۆ دەهێننە بوون کە ئەمان لەوانی تر جیا



دەکاتەوە. خەڵکیش لە ڕێکخراوەکاندا متمانەی پێ دەکەن‌و ئەوانیش خۆبەخۆ بە بەردەوامی کردنی سیستمەکە لە بەرژەوەندی خۆیان‌و پاراستن‌و هێشتنەوەی پێگەکەیاندایە پەیوەست دەبن.

تاڕادەیەك لەنێوان مارکس‌و میشیلزداهاوڕایی هەیە: ئەوکەسانەی توانای (سیاسیی، ئابووریی)یان هەیە بەرژەوەندیەگەلی جۆراوجۆر لەکەسانی تر پەیدا دەکەن (هێشتنەوەی ئەونایەکسانییەی لەئارادایە). ئەوان لە باشترین پێگەدان تا بەشێوەیەك کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵگادا هەبێت و لەئاراستەکردنی بەرژەوەندیەکەیاندا کاربکات. بۆیە لەپێناو تێگەیشتنی (بەردەوام بوونی نایەکسانیی لە کۆمەڵگادا) پێویستە بزانین کە لە بەرژەوەندی توانادارەکاندایە ئەوەی دەتوانن لەپێناو پاراستنی سیستمێك کەلە بەرژەوەندییانە ئەنجامی بدەن. بۆئەم مەبەستەش دەسەڵاتیان توانای ئەم کارەیان دەبەخشێت.

## دامەزراوەی کۆمەڵایەتیی باڵادەست

دەرەنجامی باڵا دەستبوونی چینی فەرمانڕەوا دروستکردنی دامەزراوەکانە. واتە شێوازە مەشروع‌و باوەکانی ئەنجامی کارەکان لە کۆمەڵگادا. دامەزراوەکان، بەو جۆرەوەی لە بەشی 3 بینیمان، شێوازگەلێکی چەسپاون کە یارمەتی پایەداربوونی کۆمەڵگا دەدەن، تاڕادەیەکیش لەبەرژەوەنی زۆرینەی خەڵکە لە کۆمەڵگادا. بوونی ئەم دامەزراوانە، زیاتر لە هەمووان لە بەرژەوەندی سەرمایەداران‌و بەتواناکاندایە، چونکە لەلایەن ئەوانەوە دروست بووەو پاڵپشتی دەکرێن‌و دواجار کار لە ئاراستەی پاراستنی سیستمی نایەکسانیی هەنووکەیی دەکەن.

بۆ نموونە، بەتێپەڕینی زەمەن دامەزراوە سیاسییەکان لەپێناو دانانی یاساکان‌و جێبەجێکردنیان‌و ڕاڤەکردنیان لە کۆمەڵگادا دروست بوون. حەکمەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ئەم مەبەستە خاوەنی هێزەکانی یاسا دانان‌و

جێبەجێکردنو دادوەری سەربەخۆو جیاوازە. کۆمەڵگاکانی دی، لەوانە بەریتانیا (کە لایەنی کەم بەهەمان ئەندازەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دیموکراتیە) ئەم هێزانەیان جیانەکردوەتەوە. سیستمی سیاسیی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ سیستمی دوو حیزبیدا، دەستەی هەڵبژاردەکان، فیدرالیزم، ئازادی هێز و کۆنترۆڵی مەدەنی بەسەر سوپادا دیاری دەکرێت. ئەمانە دامەزراوە سیاسییەکانی ئێمەن یان شێوەکانی هەڵسو کەوتی ئێمەن لەگەڵ مەسەلە سیاسییەکاندا. ئێمە دامەزراوەی ئابوریشمان هەیە وەکو کۆمپانیای فرە نەتەوەیی، سیستمی پاشەکەوتکردنی فیدراڵ، بازاڕی هاوبەش، خاوەنداریێتی تایبەتیو کەرتی تایبەت. ئێمە لەگەڵ ئەوەدا دامەزراوەی دیاریکراوی خوێندن وفێرکردن و مەزهەبی و تەندروستی و سەربازی و تەرفیهیمان هەیە. وڵاتە یەکگرتووەکان وەکو کۆمەڵگایەک بەهۆی بوونی دامەزراوەکانییەوە خاوەنی کارکردە ـ یان نییە. یەکێك لەو فاکتەرە سەرەکیانەی یەکێتی سۆڤیەت ناچار بێت ڕو لە سیستمی کۆمۆنیستی وەربگێڕێت تەنها ئەوە بوو دامەزراوەکانی نەیانتوانی مەسەلەگەلێك کەلە دەیەی ساڵی 1990 ڕووبەرووی سۆڤیەت بووەوە چارەسەر بکات. ئەو سیستمە خاوەنی کارکرد نەبوو.

تێگەیشتن لەم خاڵە گرنگە کە دامەزراوەکان بە گشتی کار دەکەن بۆ کۆمەڵگا بەو جۆرەی کە هەیە. ئەگەر وابێتەپێش چاو ڕاستو دروست کار دەکەن، بەردەوام دەبن، ئەگەر وا دەرکەوێت لە بەرژەوەندی توانا دارەکان کاردەکەن، بەتایبەتی پاڵپشتی دەکرێن. کاتێك کۆمەڵگایەك سیستمێکی نایەکسان بەدی دەهێنێت، دامەزراوە باڵادەستەکان بە چەشنێك کار دەکەن نایەکسانیی دەمێنێتەوەو دەپیارێزرێت یان تەنانەت فراوان دەبێت. بینینی ئەم پرۆسەیە لە کۆمەڵگاکانی تردا ئاسانترە لەچاو کۆمەڵگاکەی خودی خۆمان. عەرەبستانی سعودی کۆمەڵگایەکە تیایدا هەر دامەزراوەیەك لە ئاراستەی پاراستنی سەروەتو توانای چەند بنەماڵەیەکو دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ژناندا کاردەکات. ئەمە شێوازی کارکردنی



دەوڵەت و ئابووریی و مەزهەب و سوپاو خێزانە لەناو ئەو کۆمەڵگادا. ئاپارتاید لە ئەفەریقای باشور، جیاوازی زۆرەملێی نەژادەکان بە مەبەستی دەسەڵاتی سپی پێستان، لە ڕێگەی کۆمەڵەیەکی ئاڵۆز لە دامەزراوەکانەوە دەپارێزرا. لەچین، دەوڵەتو سوپاو پەروەردەو فێرکردنو دەزگاکان هێشتا هاوکاری دابینکردنی پایەداری دیکتاتۆری حیزبی بچوك دەکەن.

لێرەوە ئەگەر یەکسانیی بەشێوەیەکی بەهاداری لێ نەهاتبێت کە لەڕاستیداکۆمەڵگا بەشوێن ئەوەدایە، دامەزراوەکان ئاسایی نایەکسانیان پاراستوەو پەرەی پێدەدەن. هەژاری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هێشتا هەر بوونی هەیە، چونکە دامەزراوەکان لەڕاستیدا بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی ئەم مەسەلە دروست نەبوون. سیستمیماڵیاتی ئێمە سامان بەشکڵێکی نوێ دابەش ناکات، بۆ سنوردار کردنی کاریگری ئەو سەروەتەی کە تاکەکەس دەتوانێت بەدەستی بهێنێت کارێکی لەم شێوەیە ئەنجام نادات‌و لە دەیەی ڕابردوودا زیاتر یارمەتی دەری نایەکسانیی بووە. قوتابخانەکان، دەوڵەت، سیستمی خۆشگوزەرانیو سیستمی ئابووریی ئێمە ڕەنگە لە هەندێ ڕەهەندەوە زۆر باش بن، بەڵام خواستیانە سیستمی نایەکسانی باو لەکۆمەڵگەدا بهێڵنەوەو کەسەکان لە پێگەی چینایەتی سەردەمی لەدایکبوونیاندا بهێڵنەوە. دامەزراوەکان جیاوازی نەژادی ئێمە دەهێڵنەوە، بەشێوەیەکی گشتی پشتیوانی لە نایەکسانیی لەنێوان ژنانو پیاواندا دەکەنو تواناو ئیمتیازاتی گروپێکی نوخبەی سیاسییو ئابووریی دەپارێزن. لەم ڕوەوە، کۆمەڵناسان بە گشتی بەردەوامبوونی نایەکسانیی لە زاتی خودی کۆمەڵگادا دەبینن. بەدەگمەن دەتوانرێت کۆمەڵگایەك ببینرێت ئامانجی واقیعی پاراستنی سیستمی یەکسانیی بێت.

هۆشدارییەکەی ڤۆڵتێرمان لەبیر نەچێت کە لەسەرەتای ئەم بەشەدا هاتووە. ئەگەر کۆمەڵگا بە ڕاستی لەپێناو بەدیهاتنو پاراستن یەکسانیی هەوڵنەدات ناچار

خواستی لەسەر نایەکسانیی دەبێت. کاتێك تێبگەین کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان خواستو مەیلیان بۆ پاراستنو هێشتنەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی هەیە بە ئاسانی دەتوانین پەی بە ڕاستیو دروستی ئەم قسەیە ببەین.

کەوابوو فاکتەری دووەمی بەردەوامبوونی نایەکسانیی لە کۆمەڵگادا ئەوەیە کەدامەزراوەکان بە گشتی لەو ئاراستەیەدا کاردەکەن، تارادەیەك بەو هۆیەوە تواناداران زۆرترین کاریگەریان لەسەر ناوەڕۆکی کاری ئەو دامەزراوانە هەیە.

## کولتوور: قبوولکردنی نایەکسانیی

بە تێپەڕینی کات، خەڵك زیاتر نایەکسانییەکان قبوڵ دەکەن. بەڵگە نەویستە ئەم قبوڵکردنە یارمەتی بەردەوامی بوونی دەدات.

نابێ لەیادی بکەین خەڵك لەو کۆمەڵگایانەی تیادا لەدایك بوون بە کۆمەڵایەتیی دەبن. وەك چۆن لەبەشی 2 بینیمان، مەبەست لە بەکۆمەڵایەتیبوون ئەوەیە ئێمە زۆرێك لەو تایبەتمەنیانەی کە نوێنەرانی کۆمەڵگا (باوکانو دایکانو ڕابەرانی سیاسییو مەزهەبی، ڕابەرانی دەزگاکانو مامۆستایان) فێرمان دەکەن وەردەگرین. تاڕادەیەکی زۆر ئێمە زمانو یاساو بەهاکانو چاوەڕوانییەکانی ئەوان قبوڵ دەکەین بە کۆمەڵایەتیبوونی ئێمە لە کولتووردا بەو مانایەیە بە چ شێوەیەك ئەو سیستمە نایەکسانەی وەکو میرات بۆمان ماوەتەوە لە باوانی خۆمانەوە وەردەگرین.

کولتوور تاڕادەیەك هەمیشە لەخۆگری ئاراستەگەلێکە بۆ نایەکسانیی. بۆ نموونە ئەمەریکیەکان لەو باوەڕەدان ئێمە لەناو سیستمێکی ئابوریدا دەژین، کەلەم سیستمەدا لە بەرامبەر کارکردندا پاداشتی کەسەکان دەدرێتەوە: "ئەگەر چاك ئیش بکەیت دەتوانیت دەستت بە پێگە باڵاکاندا بگات " بە واتایەك بڕوامان وایە سیستمی نایەکسانیی بە چەشنێکی داد پەروەرانەو دیموکراسیانەیەو بەو کەسانەی پێویستە پاداشت بدات، دەیدات. ئەمە ئەو جۆرە هزرە کولتووریەیە تاکەکەس لە



ڕێگەی بە کۆمەڵایەتیبوونەوە باوەڕی پێ دەکات. پیتەر بێرگر باس لەوە دەکات زۆربەی کۆمەڵگاکان دوو ئایدۆلۆژیا دەهێننە بوون کە یارمەتی هێشتنەوەی نایەکسانیی دەکات. ئایدۆلۆژیایەك پێگەی چینە باڵاکان شەرعیەت پێ دەداتو بەڵگەش دەخاتە ڕوو ئەم کەسانە باشتر یان شایستە ترن. (بۆ نموونە ئیستیعدادیان زیاترە، هەوڵدانیان زۆرترە یان خاوەنی کولتوورێکی باڵاترن.) ئایدۆلۆژیایەکی دی کە پێی وایە هەژاری دەرەنجامی تاوان یان تەمبەڵیەو ڕەفتاری چاك لە نێوان هەژارەکاندا سەرەنجام لە ژیانی دواتر یان ژیانی دوای مەرگ پاداشتی وەردەگرێت.

لە کۆمەڵگا ئەوروپیەکاندا، نایەکسانیی چەندین سەدە بەو بیانوەی خواستی خوداوەندە ئاراستە دەکرا. خوداوەند فەرمانڕەوایانی هەڵبژاردووەو چینی باڵاش کە ئامانجی رابەراتی کۆمەڵانە، کردویەتی بەجێی لوتفو مەرحەمەتی خۆی. ئەگەر چی کودەتاو شۆڕش دواجار ئەم هزرەی لەناو برد، بەڵام زەمەنێکی دورودرێژ ڕەگی داکوتابوو. لە ڕاستیدا، زۆربەی جیهانی ئەمڕۆدا نایەکسانیی هێشتا بەخواستی خوداوەند دەزانرێت. خەڵکی فێردەبن هێزوتوانای خۆیان لەکاروباری تری جگەلەهەوڵدان بۆ هێنانەئارای یەکسانی لەکۆمەڵگادا بەفیڕۆبدەن.

ماوەیەکی زۆر لە ئەمەریکادا، بوونی چینی باڵای سەروەتمەند یان چینی هەژار یان نکوڵی لێ دەکرد: "ئێمە وڵاتێکین خاوەنی فرسەتگەلی یەکسانین بۆ هەمووان." بڕوابوون بەم قسەیە واتە نکوڵی کردن لە ئاسەوارەکانی نایەکسانیی، هەر ئەمەش یارمەتی هێشتنەوەی ئەو نایەکسانیانە دەدات کە لە کۆمەڵگادا هەن. دیاریکردنی ئەوەی کولتووری ئەمەریکی بە تەواوی لەچی پێك دێتو لەخۆگری چییە، ئاسان نییە. بەڵام ئەوەندە بەسە هزرە بونیادیەکانو بەهاو ئصوڵە ئەخلاقیە گرنگەکان، ئەوانەی بڕوامان پێیەتی بژمێرین، ئەوسا دەبینین یارمەتی پاراستنو هێشتنەوەی سیستمی نایەکسانیی دەدات: " لە ڕاستیدا هەژارەکان نایانەوێت ئیش بکەن" (بۆیە شایستەی ئەو چارەنوسەن کە تووشی بوون). "سەرمایەداری لەگەڵ کەمترین بڕیارو

ماڵیاتی دەوڵەتدا دادپەروەرترین‌و کاراترین سیستمی ئابوریە." خەڵك مافی خۆیانە ئەوەندەی دەتوانن سامان بەدەست بهێنن‌و هەموو ئەوەی بەدەستی دەهێنن هەڵیبگرن‌و ئەوەی هەیانە بیگوازنەوە بۆ منداڵەکانیان. "رەنگە ئێمە کۆمەڵگایەکی چینایەتی بین، بەڵام هەمووکەس ئەو بوارەی هەیە دەوڵەمەند بێت." "خەڵك بە سروشتی خۆی ڕکابەر خوازو خۆ ویست‌و تەمەڵن. هەموومان کاردەکەین هەتا شکست بەوی تر بهێنین، ئێمە هەرچییەك بتوانین بەدەستی بهێنین وەری دەگرین‌و ئەگەر دەمانەوێت کاربکەین دەبێ داهاتێکی باشمان پێ بدرێت."

یان ئەو هزرو بیروباوەڕانەی لەگەڵ نایەکسانییەکانی تردان لەبەرچاو بگرە: "ژنان بەشێوەیەکی سروشتی توانای ڕکابەرییان لەدنیای سیاسەت‌و ئابوریدا نییە." "خودا نەیویستووە ژنان لە دەرەوەی ماڵ کار بکەن." "ژنان ناچارن گوێڕایەڵی مێردەکانیان بکەن." "ڕەش پێستان لە دواوەی سپی پێستانەوەن." "خودا وایکردووە ڕەش پێستان گوێڕایەڵی سپی پێستان بکەن." هەموو ئەم بیروباوەڕو هزرانەو زیاتریش لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەبوون‌و یارمەتی پاراستنی سیستمی نایەکسانیی کردووە. بیروباوەڕی هاوشێوەی ئەمە لە کۆمەڵگاکانی تریشدا هەن. لە هیندستان خەڵکی لە کەمایەتیەکدا لەدایك دەبن کە چاوەڕوان دەکرێت تا ئەمرن لەناو یاندا بن. بە چ شێوەیەك سیستمێکی لەم جۆرە ئاراستە دەکرێت؟ وەڵامەکەی ئەوەیە خەڵك ئەوباوەڕە قبوڵ دەکەن کەپێگەیان لە ژیانی داهاتوودا بەوەوە پەیوەستە تا چ رادەیەك پێگەی خۆی لەم ژیانەدا قبوڵ بکات. پاشان بیروباوەڕو هزری نوێ بۆ ئاراستەکردنی نایەکسانیی دەردەکەوێت: "ژنان بە سروشتی خۆیان لەگەڵ پیاوان جیاوازن، لە هەندێك کاری وەکو پەروەردەکردنی منداڵان، باشترن لە پیاوان، بەڵام نەك لە بواری تردا وەکو ماتماتیك." "من بڕوام وایە ڕەش پێستان دەبێ لەگەڵ سپی پێستاندا یەکسان بن بەڵام کە لە ڕاستیدا یەکسان نین خەتای خۆیانە." "لە ڕوی ئەخلاقیەوە مافی خۆمانە بەسەر جگە لە سپی پێستەکاندا لە



کۆمەڵگادا بەهۆی ئاست نزمی کولتووریانەوە باڵا دەست بین – ئەوان بەهاو هزری دروست وەرناگرن بۆیە شایانی ئەو پێگەیەن کە تیایدان."

تێرنەو سێلگلتین‌و موسیك لە کتێبی ستەم Oppression دا بە وردی نیشانی ئەدەن بە چ شێوەیەك باوەڕە باڵا دەستەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەربارەی ئەمریکیە بەڕەگەز ئەفریقیەکان گۆڕاون بە پەیوەندی نێوان ڕەش‌و سپیی پێستەکان (176 – 170 : 1984). ئێمە هەمیشە ئایدۆلۆژیایەکی نوێ دەهێننە بوون کە نایەکسانیی ئاڕاستە دەکات. بەر لە ساڵی 1820 سپی پێستان رەشپێستەکانیان وەکو موشریکانی ناشارستانی و، نەفرین لێکراوەکانی خوداو ئەوانەی کە شایستەی ئازادییان نییە وەسف دەکرد. دوای ساڵی 1820و بەر لە جەنگی ناوخۆیی، بەندەیی وەکو سیستمێکی گونجاو هەم بۆ ڕەشپێستان‌و هەم بۆ سپی پێستان ئاڕاستە دەکرا. دامەزراوەیەك کە ئەمریکیە بەڕەگەز ئەفریقیەکانی بە شارستانی دەکردو پشتگیرییان لێ دەکرد. لەدوای جەنگی ناوخۆو بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم، ڕەشپێستەکان بەکەمتر لە سپی پێستان دادەنران بۆیە جیاوازی ڕەگەزی بۆ پشتیوانیکردن لە سپی پێستان بوو بەئەمری واقیع. لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا 1941 کە ئەمەریکیە بەڕەگەز ئەفەریقیەکان کۆچیان کرد بۆ باشور، بوونی ڕەش پێستان بە پلە دوو کەمتر بوو بە "واقیعێکی عەمەلی"و جیاوازی ڕەگەزی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی ڕەش‌و سپیدا هاتە ئارا. لەدوای جەنگی جیهانی دووەم بیروباوەڕو هزری لایەنگری نایەکسانیی کەمتر بووەوە ئەویش بەهۆی ئەو ڕەخنەو ناڕەزاییە بەربڵاوانەی دەگیرا لە جیاکردنەوەو جیاوازی ڕەگەزی. بەڵام لەدوای ساڵی 1968 نایەکسانیی دووبارە هاتەوە سەر ڕەوتی پێشوو ئاڕاستە کرایەوە: پلە دووی رەشپێستان واقیعەو لە خودی ئەمەریکە بەرەگەز ئەفەریقیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. زۆرێك لە ئەمەریکیەکان بەم دواییانە گەشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئێمە بە

خێرایی لە ئاراستەی مافی یەکسانیی ڕەگەزی بەرەو پێش چووین و کۆمەڵگا بەڕادەی پێویست لەم بوارەدا هەوڵی داوە.

ئێمە تەنانەن لە ڕێکخراوەکاندا رووبەرووی هزرو بیروباوەڕگەلێك دەبینەوە کە نایەکسانیی لە ڕێکخراوەکاندا ئاراستە دەکەن: "بەرپرس دەزانێت چی ئەگوزەرێ، ئێمەش زانیاری پێویستمان نییە بڕیاری عاقڵانە بدەین." "دیموکراسی، لە هەرشوێنێکدا کە هەرکەس ڕای خۆی بدات ناشیاوە." " واقیعی دنیای یەکسان نییە، بۆچی دەبێت ئەم ڕێکخراوانە لە ئاقاری یەکسانیدا کاربکەن؟ ئێمە دەبێت ئەم شوێنە وەکو دەزگایەکی تایبەتی بەڕێوە ببەین، وانییە؟"، "ئێوە خوازیاری دادپەروەرین؟ ئاخر ژیان هەر دادپەروەرانە نییە."

نابێ ئەو خاڵە سەرەکیە لەبیر بکەین: کۆمەڵگا ـــ یان هەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیی ـــ سیستمێکی بیروباوەڕی ("کولتووری") دروست دەکاتو ئەو سیستمە بیروباوەڕیە (لەو کارکردانەی کە هەیەتی) لەو نایەکسانییەی هەیە پشتگیری دەکات.

بەڵام کولتوور لە کوێوە دێت؟ بەو جۆرەی لە بەشی 3 زانیمان، کولتوور کۆمەڵێك بیروباوەڕو هزرو بەهاو ڕێسایە، خەڵك بە تێپەڕینی کات لە هەڵسو کەوتیان لەگەڵ دەوروبەریاندا قبوڵی دەکەنو وەری دەگرن. ئەو بیروباوەڕانە، بەهاو ڕێسای تارادەیەك ڕاستن، بەڵام ئەوەی گرنگترە ئەوەیە کە ئەوان سوودمەندن. کولتوور بۆ ئێمە کارکردی هەیە، کولتووری خەڵکانی تریش بۆ خۆیان کارکرد هەیە. کولتوور کردەکانمان ڕێنومایيو ڕوندەکاتەوە. بەڵام کە ئێمە هەین، کولتوور لە بەرژەوەندی کێیە؟ بەمانایەك کولتوور لە بەرژەوەندی هەمووانە چونکە یارمەتی جێگیری ئارامیو نەزم لە پەیوەندیەکانماندا دەدات. ڕێنومایمان دەکات لە چۆنییەتی شێوەی ژیانو هەڵبژاردنەکانمان. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەمە خاڵێکی گرنگە کە لێرەدا دەخرێتە ڕوو



ـ کولتوور بەتایبەتی لە بەرژەوەندی کەسانێکدایە کە زۆرترین سوود لە کۆمەڵگا بەدەست دێنن: ئەو کەسانەی لە ئاستی سەرەوەی کۆمەڵگادان.

نابێ عەجایەب بێ ئەو کەسانەی لە سەرەوەی کۆمەڵگادان هەوڵبدەن تا بیروباوەڕو هزرو بەهاو ڕێساکانیان لە کۆمەڵگادا باڵادەست بێت. لەبەرچاوی بگرە، کۆمەڵگا کۆمەڵێك بیروباوەڕو هزر گەلی زۆر دەهێنێتە بوون. کام لەم بیروباوەڕو هزرانە خەڵکی قبوڵی دەکەنو کام لەوانە ڕەتدەکەنەوە؟ ئەم پرسیارە بە ئاسانی وەڵام نادرێتەوە، بەڵام دەبێ بزانین بیروباوەڕو بەهاو ڕێساکان دەبێ پشتیوانگەلێکیان هەبێت. ئەو گروپانەی بۆ قبوڵکردنیان پێداگری بکەن. ئەو گروپانەی زۆرترین توانایان هەیە باشترین هەلیان بۆ قبوڵکردنی بیروباوەڕیان دەبێت. تاڕادەیەك مارکس ڕاست دەکات: سەروەتمەندان نەك تەنها کاڵاکانی کۆمەڵگا بەرهەم دەهێنن بەڵکو تارادەیەکی زۆر کولتووری کۆمەڵگاش بەرهەم دێننو (ڕەواجی پێ دەدەن). هەڵبەت کاتێکیش کە بیروباوەڕو بەهاو ڕێسایەك دەخرێنە ڕوو لەگەڵ بیروباوەڕو بەهاو ڕێساکانی نوخبەکان _کەمایەتیەکان_ گونجاو نین، لەگەڵیاندا نەیاری دەکرێتو شتانێکی کەمتریان بۆ قبوڵکرنو وەرگرتن هەیە.

بۆیە نایەکسانیی لەو ڕووەوە لە کۆمەڵگادا باڵادەست دەبێت کە کولتوور پشتیوانی لێ دەکات، کولتووریش خۆبەخۆو هەربەمەبەست، بەهاو نۆرمی بەتواناترینەکان لە کۆمەڵگادا پەخشدەکاتەوە.

## بە کۆمەڵایەتیبوون: قبوڵکردنی شوێنگە

لەگەڵ ئەوەی تاکەکان بەکۆمەڵایەتیی دەبن تا سیستمی نایەکسانیی لە کۆمەڵگادا قبوڵ بکەن، بەکۆمەڵایەتیش دەبن تا شوێنگەی خۆیان لە کۆمەڵگادا قبوڵ بکەن. ئەمە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە. ئێمە لە سەرەتای ساڵەکانی ژیانمانەوە فێردەبین ئێمە کێین. هاوسێکان و باوکانو دایکانو فێرکارانمان ڕیزبەندی ئێمە لە

کۆمەڵگاداو ئەوەی حەقمانە لەژیان چاوەڕوانی بکەین پێمان دەڵێن: "کەسانی وەکو ئێمە ئەو کارانە ناکەن." "لەگەڵ کەسێك کە لەئاستی خۆتدایە هاوسەرگیری ئەنجامبدە." "بچۆرە زانکۆی هارڤارد." " رازیبە بەو زانکۆیەی شارەکەی خۆت." ئێمە فێر دەبین ئەگەر بەسەختی کاربکەین دەتوانین چ چاوەڕوانییەکمان لە ژیان هەبێت (بە گشتی کەمێك بەرزتر لە ئاستی ئێستای خۆمان، هەرچی مەحاڵ نییە هەبێت)، بەڵام بەدەگمەن بەبێ پەیڕەوی لە نمونەیەکی واقیعیانە چاوەڕوانی شتگەلێکی گەورە دەکەین. بەڕێوەبەرانی سەرمایەداری کۆمپانیاکان منالەکانیان بەچەشنێك بەکۆمەڵایەتیی دەکەن کە چاوەڕوانی سەروەت و ناوبانگ و توانا بکەن. پارێزەرەکانی دادگا منالەکانیان بەچەشنێك کۆمەڵایەتیی دەکەن کە چاوەڕوانی کارێکی پسپۆڕی دەکەن. هەڵبەت ئێمە تەنها بەرهەمی ئەوەنین باوکان و دایکانمان چاوەڕوانی دەکەن، بەڵام ئەوان، هاوڕێ لەگەڵ مامۆستاکان (کە لە قوتابخانە چینایەتیەکاندا وانە دەڵێنەوە) و دۆستان (کە بە گشتی لەو گەڕەکانەن کە بنیاتنراون لەسەر سیستمی چینایەتی)، شوێنگامان لە کۆمەڵگادا نیشان دەدەن و پێمان دەڵێن چاوەڕوانییەکانمان لەو ئاستە نەبەزێنین.

بۆلیزو جینتیس Bowles and Gintis جەخت لەسەر خوێندن وفێرکردن لەئەمەریکای سەرمایەداری دەکەنەوە کە بەچ شێوەیەك شەرعیەتدان بە نایەکسانیی و فێرکردنی پێگەکانی خەڵك بەشێکی شیاوی جیابوونەوە نییە لە سیستمی فێرکردنی ئێمەدا. قوتابخانەکان قوتابیان لە ڕەوتەکانی فێرکردن و خوێندن ڕیزبەندی دەکەن کە دواجار لە سیستمی کارکردن و ئابوریدا برەوی پێ دەدەن. قوتابیانی چینی کرێکار گوێرایەڵی فێردەبن، قوتابیانی چینی ناوەندی باڵا ڕابەری و نوێ خوازی فێر دەبن.

یان ژنان و کەمایەتیەکان ببینن کە لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا بۆ قبوڵکردنی پێگە نزمەکان بە کۆمەڵایەتیی دەبن. ئەم جۆرە بەکۆمەڵایەتیی کردنە سەرکەوتوانەیە



بەڵام هەمیشە نا. ناچار هەندێك لە قبوکردنی پێگەکەیان هەڵدێن. هەندێ کەس زۆر شێوەی بازدانی گەورەی گەران و پشکنین دەدۆزنەوە تابەسەر پێگەنزمەکەی خۆیاندا زاڵ بن و هەندێکیش سەرکەوتوو دەبن. زۆرینەی ئەو کەسانەی هەوڵێکی لەم چەشنە دەدەن سەرکەوتوو نابن، نەك بەهۆی کەمی هەوڵ یان هۆش و ئیستعداد بەڵکو بەوهۆیەوە فاکتەرە پەیوەندیدارەکان بەپێگە کۆمەڵایەتییەکانەوەیەو کەمی هەلی واقیعی لەوان یاساخ دەکەن. بۆ ئەو کەسانەی هەوڵ دەدەن و سەرکەوتوو نابن، پایەداربوونیان لەسەر ڕێی گەشتن بەئارەزووە دروستکراوەکانیان دژوار دەبێت. ئەمە یەکێکە لە گرنگترین شێوازەکانی بەکۆمەڵایەتیی بوونی ئێمە: فێرمان دەکەن دیدگاکانمان بگۆڕین و ئەمەش بەمانای قبوڵکردنی پێگەیەکە کە لە زوربەی کەسانی وەکو ئێمە داوا دەکرێت لەو پێگەیەدا بمێنینەوە.

توانایی مەشروع یەکێکە لەو چەمکانەی ڤێبەر لە کۆمەڵناسی دا دەیخاتە روو. ئەو دەپرسێت بۆچی بە مەیلی خۆمان گوێڕایەڵی ئەوکەسانە دەکەین کە لەسەرو ئێمەوەن؟ وەڵامی ئەو ئەمەیە زۆربەمان بڕوامان وایە ئەوان حەقیانە فەرمان بەسەرماندا بکەن. بەکۆمەڵایەتیبوون خەڵك وابەستە دەکات هەست بکەن بەشێکن لە کۆمەڵێك و هەستی بەرپرسیاری سەبارەت بە گوێڕایەڵی لە کەسانێکدا کەنوێنەری ئەو کۆمەڵەن دروست دەکات. ئێمە قەناعەت دەکەین کە ئەگەر بڕیارە وەکو کۆمەڵگایەك بوونمان هەبێت پێویستە ئەو سیستمی نایەکسانییەی حاڵی حازر لەناوماندا هەیە وەکو سیستمێکی لەسەر حەق (تەواو) قبوڵ بکەین.

کەوابوو ئەم سیستمە لە ڕێگەی سازشی ــ گوونجاندنی ــ ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگادا بە کۆمەڵایەتییبوون باڵادەست دەبێت. بە کۆمەڵایەتییبوون قبوڵکردنی کولتوورێك کە نایەکسانیی ئاراستە دەکات لەگەڵ خۆی دێنێت و بە گشتی وەرگرتنی پێگەی نەسەبی تاکە کەس لەو سیستمەدا نایەکسانیی لەگەڵدایە.

## میکانیزمەکانی گوشار

بەڵگە نەویستە هەندێ کەس لە قبوڵکردنی شوێنگەی خۆیان لە کۆمەڵگادا خۆیان درو دەگرنو هەوڵ دەدەن پێگەیان بەهەرجۆرێك بتوانن لە دەرەوەی یاسادا باسبکەن. بەزۆری ئەوانە تێدەگەن سیستم لە ململانێدایە لەگەڵ ئەواندا و بۆ سەرکەوتن ناتوانن لە ڕەوتی ئاسایدا هەنگاو بنێن. ئەوانە لە ڕێگەی کاروکردەوەیانەوە شەرعیەتی سیستمی مەوجود تەحدید دەکەن. شێوازگەلێك بۆ دەستخستن و کۆنترۆڵو سزادانی ئەو کەسانە دەردەچێت. پۆلیسو دادگاو زیندانەکان تەنها لە خزمەتی پشتیوانیکردنی خەڵکدا نین، ئەوان پشتیوانی لە سیستمی نایەکسانیش دەکەن.

هەندێك لە گروپەکان لە قبوڵکردنی سیستمدا خۆ دور دەگرنو لەپێناو سەرنگونکردنیان پێك دێن. لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەم جۆرە گروپانە تاڕادەیەك ئازادی کاریان هەیە: ئەوان حەقی ئەوەیان هەیە ئەوەی دەیانەوێت بیڵێنو بینوسن. بەڵام کاتێك لە دەرەوەی یاسا بۆ گۆڕینی سیستم کار دەکەن، ئێمە ناویان دەبەین بەشۆڕشگێڕو بۆ ڕاگرتنیان پەنا بۆ زۆر_گوشار_ دەبەین. هەموو کۆمەڵگاکان سنورێك دیاری دەکەنو هەموو هەوڵ دەدەن بەسەر ئەو گروپانەی کە سیستمی جێگیر ــ مستقر ــ، لەوانە سیستمی نایەکسانیی لەئارابوو دەخەنە ژێر هەرەشەوە بە بەکارهێنانی میکانیزمەکانی هێز(گوشار) ملکەچبکەن.

ئەگەرچی تاوانو سەرپێچیو شۆڕش نەزمو سیستم تێکدەشێوێننو دژواریەك بۆ هەموو خەڵك لە کۆمەڵگادا دروست دەکەن، ئەو کەسانەی لە سەرەوەی سیستمی نایەکسانیی دان زیاتر لە هەمووان زیان دەبینن. زیاتر لە هەرشتێك پێگەی مومتازی ئەوانە دەکەوێتە مەترسیەوە. ئەوان دارایی زیاتر لە دەست دەدەن. ئیمتیازاتێك کە ئەوان لێی بەهرەمەندن دەکەوێتە بەر هەڕەشە. بۆ ئەوان ژیان ئەوەیە ئەوشتانەی



لەپێناو بەدەستهێنانیاندا هەوڵیان داوە یان بە میرات بۆیان ماوەتەوە بپارێزن. بۆیە ئەوان بە سیاسەتو یاساو جێبەجێکردنی یاساکان گرنگیەکی چالاکانە نیشان دەدەن. مارکس تا ئەو شوێنە دەڕواتە پێش کە دەڵێت ئامانجی دەوڵەت پاراستنی چینی باڵا دەستە. هیچ نەبێ دەتوانرێت ببینرێت کە میکانیزمە ڕەواکانی گوشار هۆکاری گرنگن کە بە هۆی ئەمەوە کەسانێك کە لەسەرەوەی کۆمەڵگادان دەتوانن خۆیانو سیستمی نایەکسانیی بپارێزن.

هەر ڕێکخراوێك دەزگا گەلێك بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی دروست دەکات کە پێکهاتەکەی دەپارێزێت. دامەزراوەیەکی ئابووریی دەتوانێت بۆ کۆنترۆڵکردن سوود لە سزادانو بڕینی موچە وەربگرێت. خێزان دەتوانێت کەسی تاوانبار بخاتە ژورەکەی یان بۆماوەی دوو هەفتە "لە ئیمتیازاتەکانی بێ بەشی بکات." گروپێکی نارەسمی دەتوانێت بە ئەندامە تاوانبارەکەی رابگەیەنێت کە جێی خواستی گروپ نییەو رەنگە بۆ چالاکیەکانی داهاتوو بانگهێشتی نەکەن. هەڵبەت تاڕادەیەك سەربەخۆیی تاکو ئازادی بوونی هەیە، بەڵام هەمیشە لە بەرامبەر تەهدیددا سەبارەت بە سیستمی نایەکسانیی مەوجود کاردانەوە نیشان دەدرێت.

## پوختەو دەرەنجام

نایەکسانیی لە ململانێی کۆمەڵایەتییو دابەشکردنی کارو بوونی خاوەنداری تایبەتەوە سەرهەڵدەدات. نایەکسانیی سەرچاوەی سەرهەڵدانی لە کاریگەری بەرامبەری تواناو ئیمتیازو پێگەی کۆمەڵایەتیدایە. ڕێگای هەموو ئەمانە، پێکهاتەیەکی تاڕادەیەك هەمیشەیی دروستدەبێت کە خەڵکی تیادا جێگیر دەبن و بەکۆمەڵایەتیی دەبن.

نایەکسانیی بە درێژایی زەمەن بەردەوامی دەبێت. هەوڵەکانی ئەوکەسانەی لەسەرەوەی کۆمەڵگادان ـــ یارمەتی هەمیشەییکردنی دەدەن. دامەزراوەکانی

کۆمەڵگاو شێوازە بنیادیەکانی ئەنجامی کارەکان لە کۆمەڵگادا، لە ئاقاری پاراستنی نایەکسانیی هەنووکەییدا کار دەکەن. بە کۆمەڵایەتییبوونی تاکەکان لە کولتوورێکدا کە نایەکسانیی ئاراستە دەکەن، فاکتەرێکی گرنگترەو هەروەها بە کۆمەڵایەتیی کردن سەرکەوتوانەی خەڵك بۆ فێربوونو وەرگرتنو قبوڵکردنی پێگەیانە لە کۆمەڵگادا. سەرەنجام میکانیزمی گوشار بۆ هەمیشەییکردنی نایەکسانیی بەکار دەهێنرێت.

رەنگە هەندێك نایەکسانیی نەتوانرێت خۆی لێ لابدرێت، خەڵك دەبێ سەخت هەوڵ بدەن تا ببنە ڕێگر لەبەردەم دەرکەوتنیانداو لەگەڵ دەرکەوتنیشیان دەبێ قورستر کاربکەن تا زاڵبن بەسەریاندا. رۆبەرت میشڵز باس لەوە دەکات ئەو ڕێکخراوانەی ڕابەریان هەیە بە چەشنێکی نەشیاو بۆ خۆلێ دورگرتن سیستمێکی نایەکسان دەهێننە بوونو دواجار ڕیشەکێشکردنو لەناوبردنی ئەو سیستمە زۆر دژوار دەبێت. ئەگەر چی مارکس بڕوای وابوو بە لەناوچوونی سەرمایەداری یەکسانیی لە کۆمەڵگادا باڵادەست دەبێت، بەڵام ڕووداوەکانی سەدەی بیستەم ڕاستو دروستی تیۆری ئەوی نەسەلماندووە. لە ڕاستیدا بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزتر دێتە پێش چاو. لە یەکێتی سۆڤیەتو چین یان کوباو ئەو وڵاتانەی کە تیادا خاوەنداریێتی تایبەتی هەڵوەشایەوە، دیسان سیستمێکی پایەداری نایەکسانیی دەرکەوت، رەنگە نەك لەسەر پایەی خاوەنداری دارایی کە زیاتر لەسەر بنەمای ڕابەری سیاسیی، کارو کۆنترۆر بەسەر داراییدا (لەبری خاوەنداریێتی دارایی). تەنانەت لە کیبوتصەکانی ئیسرایل کە خەڵك کۆنترۆڵی یەکسانیان بەسەر سەرچاوە جەمعیەکاندا هەیەو بڕیارەکان بە شێوەیەکی دیموکراتی دەدرێن، سیستمێکی نارەسمی نایەکسان لە نێوان ڕابەرانو ئەوانی تردا دروستدەبێت.

بانگەشەی ئەوەی ناتوانرێ خۆ لەنایەکسانیی لابدەیت بەو مانایە نییە کەسەکانیش دەبێ بانگەشە بکەن دەبێ هەژاریو بێ بەشبوون قبوڵ بکرێت یان ئەوەی کە دەبێ



بەرگەی ستەمکاری بگرن. دەشێت پرسیاری هەموو مرۆڤەکان ئەوەبێت: ڕادەی ئەو نایەکسانییە چەندە لەکۆمەڵگاو ڕێکخراوەکاندا کەدەبێت ئەوان بەرگەیبگرنبڕی چەندە لە نایەکسانیی پێویستە؟ یان بەسوودە؟ دیموکراتی؟ یان مرۆییو ئەخلاقییە؟

تێگەشتن لەوەی نایەکسانیی شیاو نییە بۆ قبوڵکردن بەو مانایەشە کەسانێك کە بەرپرسیارن لە بنەمای یەکسانیی کارێکی دژواریان لەپێشدایە، چونکە وادێتە پێش چاو فاکتەرگەلێکی زۆر لە کۆمەڵگادا هاندەرو پشتیوانی سیستمی نایەکسانین. لەم ڕووەوە یەکسانیی وەکو ئازادیە: نەك تەنها خۆبەخۆ بەدەست نایەت بەڵکو تەنها بە چاودێریکردن و هۆشیاری هەمیشەییەوە مەحاڵ نییە.

# بۆچی بڕوامان بەوە هەیە

# کە ئەنجامیدەدەین؟

## ئەفراندنی واقیعی کۆمەڵایەتیی

بۆچی من بڕوام بەخودا هەیە؟ ئەمە ئەو بیروباوەڕەیە کە لەلای من سەلماوە؟ ئەو شتەیە کە مرۆڤەکان بەشێوەیەکی سروشتی بڕوایان پێیەتی؟ ئایا ئەو شتەیە کە لە دایك و باوکمەوە وەرمگرتوە؟ ئەو شتەیە کە ئارامیم پێدەبەخشێت؟ ئەو شتەیە کە پێویستە باوەڕم پێی هەبێت؟ ئایا ئەو حەقیقەتەیە لەسەرچاوەی ئەو دیوسروشتەوە بەسەرمندا ئاشکرابووە؟

بەدەر لەوەی باوەڕم بە خودا هەیە یان نیمە، ئایا ئەم بیروباوەڕە تا چەند بۆ من گرنگە؟ هەروەها ئەو سیفاتەی بڕوام پێیەتی کەخوداوەند خاوەنییەتی چییە؟ ئایا خودا داد پەروەرە؟ بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا؟ نزای بەندەکانی گیرا دەکات؟ دادوەرە بەسەر کردەوەکانمەوە؟ بۆچی ئەم بیروباوەڕانەم هەیە؟

لە خۆتان بپرسن؟ " ئەگەر ژیانم جیاواز بووایە، ئەگەر لە شوێنکاتێکی جیاوازتردا لە دایك ببومایە، هەر ئەم بیروباوەڕەم دەبوو، ئایا بیروباوەڕم لەسەر خودا هەرئەوانە دەبوون کە ئێستا هەمەن؟



ئێمە باوەڕمان بە زۆر شت هەیە. بۆ تاوێك بیربکەرەوە بڕوات بە چ شتگەلێکە. تێڕوانینت چییە بۆ سزای لەسێدارەدان ؟ دەربارەی سروشتی مرۆڤ؟ دەربارەی سەرمایەداری؟ تاکگەرایی؟ ئازادیی؟ دەربارەی قوتابخانە سەرەتاییەکانی ئەمریکا؟ دەربارەی دراما دووبارەییەکانی توندوتیژەکانی تەلەفزیۆن؟ دەربارەی ژنان و پیاوان، چیرۆکە عاشقانەکان، پەیوەندی سێکسی و هاوسەر گیری؟ دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ دەربارەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە جیهاندا؟ دەتوانیت بڕوامان هەبێت بەو شتەی بەوردی ڕاستی و دروستی یان ناڕاستیمان تاوو توێ کردووە. بەڵام ئەگەر ئەو شتانەی بڕوامان پێی هێناوە بەڕاستی لێکۆڵینەوەی لێ بکەین، تێبینی دەکەین زۆربەی ئەو شتانە لەژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمەوە سەرچاوە دەگرن و بنچینەیان هەیە. ئایا دەتوانرێت بیر لەبیروباوەڕێك بکرێتەوە کە لەبنەڕتدا بنچینەیەکی کۆمەڵایەتیی نەبێت؟ ئایا شتێك لە باوەڕەکانی ئێمەدا هەیە لە بنەڕەتدا لە ڕێگەی کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ ئەوانی تردا دروست نە بوو بێت؟

### سوودی مەعریفە

دەروونناسان و کۆمەڵناسان تێڕوانین و ئاڕاستەی خۆیان بۆ زانین بەم گریمانەیە دەست پێدەکەن کە مرۆڤەکان توانایانسنووردارە بۆ بیرهاتنەوەی شتەکان. هەموو ڕۆژێك واقیعەکان و بزوێنەرەکانی دەوروبەرمان دائەبارێن بەسەرماندا. زۆرشت کەگرنگن تێبینیان دەکەین: زۆربەی شتەکان هەر نابینین. لە ناو ئەو شتانەی تێبینی دەکەین، کەمێکیان بەبیردێنین. یادەوەریمان توانایەکی زۆرکەمی بۆ بەیاد سپاردنی زۆرێك لە شتەکان هەیە. خوێندکاران و فێرخوازان کاتێك بۆ تاقیکردنەوە هەوڵدەدەن پەی بەم مەسەلەیە دەبەن: " من ئەم بابەتە بۆ یەك ڕۆژ بەیادم دەسپێرم (لەبەر دەکەم) بەڵام هەر ئەوەندەی کە تاقی کردنەوەکەم ئەنجامدا هەر هەمووی لەبیر دەکەم!!!"

لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو ڕۆژێك ڕووبەڕووی بارودۆخی نوێ دەبینەوە، ئەوەی دەتوانین بیرمان بکەوێتەوە بەکاری دەهێنین و لەگەڵ سوود وەرگرتن لە هەرشتێکی گونجاو کارەکان بەرەو پێش دەبەین. هەرجارێك کە دەچمە پۆلی وانە وتنەوەوە، لەهەموو مەعریفە و زانستەکانی خۆم سوود وەردەگرم و بەکاریان دەهێنم لەو بابەتەدا باسی دەکەم. کاتێك پرسیارم لێ دەکرێت، لەناو هەموو ئەو واقیعانەی لە بەردەستمدایە هەڵدەبژێرم و وەڵام دەدەمەوە. کاتێك لەگەڵ پالێوراوێکی پلەو پایەی سیاسی لە حیزبێکدا گفتوگۆدەکەم، ئەوەی بە گونجاوی دەزانم لە زەینمەوە دەهێنمەدەر _ بە شێوەی بژاردەکاری_ و لەو کاتەدا بەکاری دێنم. هەرکات هەست دەکەم نابێ متمانە بەسیاسیەکان بکەم، پرسیارگەلێك دەخەمە ڕوو تا لەسستی متمانە بوون بەکەسایەتی سیاسی تاقی بکەمەوە. ئەگەر ڕقم لە دیموکراتییەکان بێت و یەکێك بێت لە کادێرانی دیموکراتییەکان، بەدوای ئەوەدا دەبم کە بزانم ئایا ئەوکەسە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ دیموکراتەکانی تردا هەیە یان نا. ڕەنگە بە پرسیا گەلێك کە من و خەڵکی دی دڵنیادەکات لەوەی دیموکراتییەکان هێشتاش بەکەڵك نایەن بۆڕی بەمەوە. لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئەو کەسە قۆز یان لاو بێت یان تازە بەتازە لە ژیانی خێزانی جیابوبێەتەوە، یان ئێرلەندی بێت، لەم کاتەدا زیاتر جێی بایەخم دەبێت. ڕەنگە نەتوانم تێبینی هەمووشتێك بکەم و لەوانەیە نەتوانم هەموو ئەو شتانەی فێری بووم و لەیادا بتوانن یارمەتیم بدەن بەکاربهێنم.

لەناو ئەو شتانەی کە لەوانی ترەوە فێردەبم و لەو هەموو ئەزموونەی هەمە، ئەو شتانەم بە بیردێتەوە کە بەسوودن بۆم. ئەو شتانەی کە دەتوانم بۆ دەستگەیشتن بە ئامانجەکانم و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی دێنە سەرڕێ بەکاربێنم. هەر جارێکیش کە لەحاڵەتێکدا سوود لە شتێك وەردەگرم و کاریگەری باشی دەبێت، ئەم سەرکەوتنە هەمان لەزەینمدا بەهێزدەکات و بیری خۆمی دەهێنمەوە و دووبارە بەکاری دەهێنمەوە. هەرچەندەش شتێك حەقیقەت بێت، ئەگەر بەکاری نەهێنم



پشت گوێی دەخەم. من بڕوام بە خودا هەیە چونکە سوودی هەیە بۆم. من بڕوام بە خودایەکی دادپەروەر هەیە چونکە ئەم بیروباوەڕە لە دنیایەکدا کە هەموو ڕۆژێك لەگەڵیدا ڕووبەڕوو دەبمەوە مانادارە. من بڕوام بەخودایەکی بەخشندە هەیە چونکە ئەم بیرو باوەڕە یارمەتیم دەدات لەگەڵ مەسەلە ڕاست و ناڕاستەکاندا ڕوبەڕو ببمەوە. من بڕوام بەخوایەکی میهرەبان هەیە چونکە مانا بەژیانم دەبەخشێت. کاتێك ئەم بیروباوەڕانە چیتر بۆ من بەسود نین، پشتگوێیان دەخەم و لەبیریان دەکەم و بیروباوەڕێکی تر جێگای ئەوبیروباوەڕە لە ژیانمدا دەگرن. مەسەلەکە ئەوەیە ڕوونی بکەینەوە چۆنچۆنی بیروباوەڕ بۆ تاکەکەس سودمەند دەبێت، هەربۆیە دەچینە ناو دنیای کۆمەڵایەتییەوە.

## پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی واقیع

پیتەر بێرگەرو تۆماس لۆکمان لە کتێبە بەهادارەکەیاندا(**پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی واقیع** ) لەساڵی 1966 زۆر بەوردی نیشانی ئەدەن خەڵك بە چ شێوەیەك لە کردەی دوولایەنە لەگەڵ یەکتر ئەو ڕاستیانەی باوەڕیان پێیەتی، دەهێننە بوون. ئەوان بەڵگەیش دەهێننەوە کەکەسەکان هەندێ لەبیروبۆچونەکان بەبەسوود لەقەڵەم دەدەن و ئەو بیروبۆچونانەی کە سوودمەند نین، پشتگوێ دەخەن یا لەبەرچاویان ناگرن. ئەنجومەنەکانی برایەتی ئەندامانی خۆیان فێردەکەن گرنگی فیداکاری بۆ گروپ لەسەر وو تاکگەراییەوەیە. ئەنجومەنە خێرخوازیەکان، ئەندامانیان فێری فیداکاریی بۆ بەدبەختەکان دەکەن ، سوپاکان – گیان بەختکردن بۆ نیشتیمان لەبری هۆگری بۆ داهاتووژیانی خۆی فێری تاکەکانیان دەکەن. تاکەکان ئەم بیروباوەڕانە بە سوودبەخش دەزانن، چونکە خۆیان ئەندامی ئەم گروپانەن. پەیوەست بوون بەگروپەوە ئەوان هاندەدات دەوڵەت دەرك بەم فێرکردنانە بکات.

بیروباوەڕی بەسوودی تاکەکەس لەبیروباوەڕێکی بەسوود بۆ ئەوگروپانەی تاکەکەس پێیانەوە پەیوەستە سەرهەڵدەدەن.

## چەمکی کولتوور

هەر ڕێکخراوێك (گروپەکان و ڕێکخراوە ڕەسمییەکان، کۆبوونەوە بچووك و ناوخۆییەکان و کۆمەڵگا) کۆمەلێك بیروباوەڕو بەهاو ڕێسا دەهێننە بوون کە بۆ دەستگەشتن بە ئامانجەکان و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی بە ناچاری ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بەسوودن. هەروەك زانیمان ئەم کۆمەڵە بیروباوەڕە و بەها وڕێسایانە پێی دەڵێن کولتوور. بیرگەرو لوکمان بیرمان دێننەوە کەکۆمەڵگایەك راوی راستیەکانی پەیوەندیدار بەراو دەزانێت، دروشم و ڕێوڕەسمەکان لەبواری راودا دەهێنێتە بوون و بیروبۆچونی دەربارەی ئەوە چۆن دەتوانرێت راوچییەکی سەرکەوتو، بیت، فێر دەکات. لەلایەکی ترەوە، کۆمەڵگایەك کە لەڕووی ئەخلاقیەوە نەیاری خواردنی گۆشتە کۆمەڵێك حەقیقەتی جیاواز دەربارەی ڕاو دەزانێت، سیستمێکی ئەخلاقی دادەنێت ڕاوکردن ئیدانەدەکات و کۆمەڵە بیروباوەڕێك دادەنێت بەوەی چۆن دەتوانیت بەبێ گۆشت خواردنیش بژین.

کولتوور لەخۆگری ئەو ڕاستیانەیە کە ئێمە بەردەوام فەرزی دەکەین، کۆمەڵێك شت فەرزو سەپێنراوە بەسەرماندا کە بەبێ پرسیارکردن دەربارەیان پێی قایلین. لە ئاستێکی گشتییدا، رەنگە کولتوورێکی دیاریکراو سەپێنراوی مەزهەبی یان زانستی دەربارەی جیهان هەبێت. رەنگە لەگەڵ پێشکەوتندا بێت یان گرنگیەکی زۆر بەنەریتەکان بدات. لەم ئاستەدا، کولتوور فێرمان دەکات کە ئازادی، مادیات، خێزان یان هونەر بەهادار ئەژماربکەین، فێرمان دەکات تێکۆشەری کۆڵنەدەربین، ئاسان گیربین، ڕکابەری بکەین، هاوکاری بکەین، خەڵکی داگیر بکەین یان خۆشمان بوێن. کولتوور ڕێنومایییەکی هێندە گشتی و بنەڕەتیە بە بڕوای زۆربەمان ڕەگەزەکانی



سروشتی دەردەکەون و واهەست دەکەین لەگەڵ دیاردەیەکی سروشتیدا سەروکارمان هەیە نەك کۆمەڵایەتیی.

نوێگەرایی نمونەیەکی باشە بۆئەوەی کولتوور بەئەندازەی ڕێنومایی گشتی شێوەی بیرکردنەوەی خەڵك بۆ ئێمە دەربخەن. کاتێك نوێگەرایی لە کۆمەڵگادا ڕوودەدات (واتە کاتێك پیشەسازی و شارنشینی و بیرۆکراسیەت بوون پەرەدەسێنێت) کولتووری کۆمەڵگا دەگۆڕێت. خەڵکی دەربارەی یەکتر بیردەکەنەوە. ئەوان سەربەخۆ ترو گومناوتردەبن. ئەوان کەسایەتی و گۆڕانی بەهادار ئەژمار دەکەن. تێڕوانینی خەڵك دەربارەی زەمەن دەگۆڕێت. زیاتر مەیلیان بەلای بیرکردنەوە لە داهاتوو دەچێت و کەمتر گرنگی بە ڕابردوو دەدەن. لەبری ئەوەی زەمەن بە قۆناغێك پێناسە بکەن ( داهاتوو وەك ڕابردوو دەبێت، پێشکەوتن لە وەهمێك زیاتر هیچی تر نییە)، بەهێڵێك پێناسە دەکەن وەکو سەرەتای دەسپێکردنێکی نوێ و ئایندەیی (داهاتوو لەگەڵ ڕابردوودا جیاواز دەبێت، ئەگەری پێشکەوتن زیاتر دەبێت). تەنانەت پێناسەیان بۆ کاتژمێر دەگۆڕێت. لە جیاتی ئەو ڕۆژەکانەی کە بەمەبەستی دەستکەوتنی موچە و حەقدەست کاریان کردووە، خاوەن کارو کرێکاران گرنگی بەکاتژمێر و تەنانەت خولەکەکان دەدەن. کولتووری نەتەوەیەك بۆ ژیانی ئەو میلەتە گرنگیەکی بنیادی هەیە. کولتوور کۆمەڵێك لەبیروباوەڕ و بەهاو نۆرمەکانە بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتیی پێك هاتووە و بنەڕەتی شێوازی ڕەفتاری ئەوان پێك دەهێنێت.

دەتوانرێت کولتوور بە *دیدگای هاوبەشی* نەتەوەیەك پێناسە بکرێت. کولتوور تێڕوانین و شێوەی هەڵس و کەوتی نەتەوەیەکە بۆ تێگەیشتنی واقیع. کولتوور مەیدانێکە تیایدا ئەزموون دەبینرێت و ڕا ڤە دەکرێت. هەڵبەت دیدگای هاوبەش یەکسان دەبێت. زۆرشت لەبەرچاو ناگرێت. ئێمە ناتوانین لە کولتوور دورکەوینەوە، ئێمە وەکو ڕێنوماییەك بۆ بەدیهێنانی واقیعەکانمان سوودی لێ وەردەگرین. کاتێك

پەیوەستی کولتوورێك دەبین، خواستێکی زۆرمان تیادا دروست دەبێت ئەو کەسانەی جیاوازن لەگەڵماندا بەبێگانە بزانین و ئەگەر ببنە هەڕەشە بۆئێمە بە" لاسار" یان دابنێین. یەکسەر نیشانی تاوانبار، سەرپێچیکەر یان نەخۆش دەدەین لە تەوێلی. بەڵام ئەم ناو لێنان و نیشانەکردنە هێشتا کۆمەڵایەتییە، ئەوەی خوێڕی و لادەر بێت دەرئەنجامی بەرپرسیاریەتی ئێمەیە بە پێودانگەلێکی کولتوورێکی دیاریکراو.

بۆ نمونە، هاوسەرێکی هاوڕەگەز بازلەبەرچاو بگرە. کۆمەڵگا لەسەر هاوڕەگەزبازی شتگەلێکمان فێردەکات و پڕمان دەکان لە"واقیعەتەکان" و بەها و بنەمای ئەخلاقی کە لە بەرامبەر هاوسەری هاوڕەگەزباز دا بەکاری دەهێنین. کۆمەڵگا کۆمەڵێك وشەمان پێ دەڵێن وەکو خۆشحاڵ، نائاسایی، هاوڕەگەزباز هتد.......... ئێمە لە بەرامبەر کەسانی هاوڕەگەزبازدا بەکاری دێنین. کۆمەڵگا ئەو هۆکارانەمان فێرماندەکات کە بۆچی کەسەکان هاوڕەگەزبازن (هەڵبژاردن، لاوازی، نەخۆشی، بایۆلۆژی، پەروەردە،.....) پێمان دەڵێت بۆچی ئەم جۆرە کردارانە ئەخلاقی یان نا ئەخلاقین. زۆربەمان لە تێڕوانینی کۆمەڵگاوە کاریگەری وەردەگرین بۆ یەکاتێك هاوسەرێکی هاوڕەگەزباز دەبیبنین، ئەو تێڕوانینە دەبێتە ڕێنومایی کەرو بڕیاردەری ئەو شتەی دەیبنین. ئەمە بۆ ئێمە مانای دەبێت و بەسودە.

هەڵبەت ئێمە بەیەکسانی بیرناکەینەوە. ئەگەر ئێمە بەشێك بین لە پێڕی هاوڕەگەزبازان، تێڕوانینێکی ترمان دەبێت جیاوازە لە تێڕوانینی ئەندامێکی کەنیسەی بونیادگەرا(موحافیزکار). ئەگەر بەشێك بین لە زانکۆ، پێدەچێ زیاترجیاوازی مرۆیی قبوڵ بکەین بۆیە هاوڕەگەزبازی بە پلە و پایەی مەیلی سێکسی هەندێ لە کەسەکان لەبەرچاو دەگرین. ئەگەر لە کۆمەڵی دەرونشیکاران بین، واقیعێکی تر دەبینین و ئەگەر کۆمەڵناس بین دیسان واقیعێکی جیاواز تر دەبینین. بەڵام مەبەستەکە لێرەدایە، هەموومان کردەی دوولایەنە ئەنجام دەدەین– ئێمە



دیدگاکانی ئەو گروپانە وەدەگرین کەتیادا کردەی دوولایەنە ئەنجام دەدەین– بەپێی ئەوەش باوەڕمان بە چ باوەڕگەلێك هەیە لە جیهاندا هەر ئەو دیدگایانە ڕێنومایمان دەکەن. واقیعیەت هەرگیز پێمان ناڵێت چییە، واقیعەکان شتە بەتاڵەکان پڕناکەنەوە. بەڵکو مرۆڤەکان پێویستە واقیع بەو جۆرەی هەیە ڕاڤە بکەین و ئەو ڕاڤە کردنەش بەو کولتوورەی ئێمە بۆ ڕێنومایی کردنی خۆمان بەکاری دێنین، دەست پێ دەکات. ئەو کولتوورە خۆبەخۆ لە گروپەکانمان و لە کۆمەڵگاوە سەهەڵدەدات.

ئەم دیدگایە بە گوێرەی پێویست بەلای زۆرینەیی خەڵکەوە ڕون نییە. ئێمە دەرك بەوە دەکەین خەڵك لەخوێندنی ئەوشتەی ئێمە دەیزانین گرنگن بۆیە بایەخی کاریگەریەکی کۆمەڵایەتی گشتی بە ئاسانی دەسنیشان دەکەین. بەڵام لێرەدا ئێمە بایەخ بەشتی زۆر بنەڕەتیتر دەدەین. هەرشتێك ئێمە فێری دەبین هەمیشە لەزەمینەی کۆمەڵایەتیی داوەری و گوزارشت و ڕاڤەدەکرێت– ئەو کولتوورەی لە نێوان خەڵکدا چەسپیوە– و ئەم زەمینە کاریگەرییەکی بەهێز دادەنێت ئیتر ئەوەی ئێمە لەهەر ساتێکدا فێری دەبین و باوەڕمان پێی بێت، ئەوەی بەیادی دێنین و بەکاری دێنین یان نا. دەتوانرێت ئەم هزرە بەم شێوەیەی خوارەوە نمایش بدرێت:



زانینی ئەم خاڵە گرنگە مرۆڤەکان بە گشتی، تەنها لە ئەزموونەوە فێرنابن– ئەوان ئەوەی ئەزموونی دەکەن بە پشتی چاویلکەی کولتوور ڕاڤەیدەکەن. کولتوور تێڕوانینی گروپێکە بۆ واقیع و ئەندامەکانی گروپ بەهۆی ئەوەی باوەڕیان پێیەتی بە سودمەندی دەزانن. خەڵك لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیدا هاوکاری یەکتری دەکەن، لە دەرەنجامی ئەو هاوکاریەدا ڕێکەوتنێك دەربارەی جیهانی کۆمەڵایەتیی لە نێوانیاندا فۆرمەلە دەبێت– واتەکولتوور– ئەوانیش وەکو گروپێك ئەم ڕێکەوتنە بەسودمەند دەزانن چونکە بۆ ئەوان کارسازە. ئەگەر بیروباوەڕ و بەها و ڕێساکان بەهەر هۆیەك لەگەڵ ئەوەی گروپ لەپێناو بەدەستهێنانیدا هەوڵدەدات هەماهەنگ نەبن، لەو کاتەدا پشتگوێ یان ڕەفزدەکرێت. ئەگەر کۆمەڵگایەکی نایەکسان بین، لەو کاتەدا بیروباوەڕێك دێنینە بوون کە ئەو نایەکسانییە ئاراستە دەکەن یان یارمەتی ئێمە بدەن کە هەبوونیان لەبەرچاو نەگرین. ئەگەر کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری بین، بەلامانەوە گرنگە ڕکابەری بە بەهادار ئەژمار بکەین. ئەگەر دوژمنانێکمان هەبێت، بۆ ئێمە گرنگە بە پیاوکوژ، تیرۆریست یان بەئاژەڵ ناویانبەرین، تایبەتمەندی مرۆیی لەوان دارنین. ئەگەر لە بزوتنەوەی مافی ژیان چالاك بین، بەلامانەوە جێی بایەخ دەبێت بڕوامان وابێت (کۆرپەلە)یش مرۆڤێکە. ئەگەر لایەنگری مافی هەڵبژاردن بین بەلامانەوە گرنگ دەبێت باوەڕمان وابێت (کۆرپەلە) هێشتا مرۆڤ نییە. کارل مانهایم دەنوسێت "تەنانەت ئەو چین بەندیانەی(ڕیزبەندیانەی) ئەزموونەکانمان تیادا کۆبوەتەوە ڕێك بخەین" بەندە بە پێگەی گروپ لە کۆمەڵگادا کە بیروباوەڕی بەکاردەهێنین (130: 1929). لە حاڵەتی کولتووردا گروپ لەگەڵ خودی گروپدا پەیوەندی هەیە: چی دەکات، چۆن چالاکی دەکات، بە چ شێوەیەك پێك هاتووە، چالاکیەکانی چییە و مێژووی چی بووە. هەمیشە هۆکارێك هەیە کە بۆچی گروپێکی تایبەتی بڕوای بە پێکهاتەکانی کولتووری بنەرەتی خۆی، بەچاو پۆشین لە ڕاستی و



ناڕاستیەکەی هەیە. ناسینی ژمارەیەکی زۆر لەو ڕاستیانەی کە پێدەچێت ڕفز یان پشتگوێمان خستبێت تەنها بەو بیانوەی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمە بووەتە هۆی ئەوەی وابکەین، سەرسوڕهێنەر و ترسناکە.

یەکێك لەو نمونەکانی کولتوور، فاشیزمە. کۆمەڵێك باوەڕ و فۆرم و بەها کە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا دروست بوو. فاشیزم ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیە، کۆمەڵێك بیروباوەڕە کە زیادەڕەوی لە بەرزڕاگرتنی ڕەگەزو پێکهاتەیەکی دیاریکراو لەجیهاندا دەکات تابەرنامەیەکی سیاسی یاریکراو ئاراستە بکات– بۆ نمونە ئەو بیروباوەڕەی کە جەنگ و هێز باشترین تواناکانی مرۆڤایەتی دەنوێنن، ئەو باوەڕەی کە گروپە جۆراو جۆرەکانی خەڵك بە شێوەیەکی سروشتی نایەکسانن، بەپێی فاشیزم ئازادی و دیموکراسییەت نیشانەی لاوازیین. فاشیزم بووبە شێوەی بە شێکی ئەساسی کولتوور ئەڵمانیا چونکە کارساز و بەسودبوو: فاشیزم شکستی ئەڵمانیای لە جەنگدا ڕون دەکردەوە، فاکتەری قەیرانی ئابووری ڕوندەکردەوە و لە ناشادمانی گشتی سودی وەرگرت. فاشیزم لەگەڵ زۆرێك لە پێکهاتەکانی لە کولتووری میللی ئەڵمانیدا هاوتا بوو: ناسیۆنالیزمی بەهێز، عەسکەرتارییەت، دەسەڵاتگەری. بۆ کۆمەڵێك گروپ لە خەڵکی وەکو خاوەن پیشەسازیەکانی ئەڵمان و هەلپەرستە جیاوازەکان، کە دەیانتوانی سود لە فاشیم وەربگرن لەبەر ژوەندی خۆیان، بەسود بوو. فاشیزم کارساز بوو چونکە بارودۆخی هەبووی ڕوندەکردەوە، لەگەڵ ڕابردوو گونجاو بوو ئومێدیشی بە داهاتوو دەدا. ئێمە دەتوانین بیروباوەڕو ئەو هزرانەی بەسەر مێژووی خۆماندا باڵادەست بوون بەوردی تاووتوێ بکەین و بزانین کە ئەوانیش بۆ ئەوەی ئێمە وەك کۆمەڵگایەك ئەنجاممان دەدا بە سوود بوون. ئەوان کاریگەریان جێهێشت بەسەر هەردوو ئەوشتەی ئێمە ئەنجاممان دا و یارمەتی ئاراستە کردنیان دا.

روانگەکان هەڵخەڵەتێنەرن. هەر ئەوەندەی کەسەکان باوەڕیان بەروانگەیەك کرد، رازیبوون بەبەڵگەی دژی ئەو روانگەیە بەدژوار دەزانن. لۆژیکێکی ناوەکی لێرەدا بونی هەیە، شیکردنەوە و راڤەکردنێکی هەڵبژاردە لەبەڵگە و خواست بۆ شرۆڤەکردنی ئەزموون بەپێی ئەوەی کەسەکان پێشتر پێی رازیبوون. بەم شێوە نیە ئەو کەسانەی لەگەڵ ئێمەدا هاوڕا نین، نەزان بن. ئەوان دەربارەی هەمان ئەو جیهانەی ئێمە دەبینین تێڕوانینێکی جیاوازیان هەیەو ڕوداوەکان بە پێی ئەوتێڕوانینەی خۆیان شرۆڤەو گوزارشتی لێبکەن. وا دێتە پێش چاو کاتێك کەسێك کۆتایی جیهان پێش بینی دەکات و وادەرناچێت، پەیڕوانی ڕوی لێ وەردەگێڕن بەڵام بەڵگەگەلێك بوونی هەیە کە تەنانەت پەیڕەوان بەرپرسیاتردەبن، چونکە بڕواداران لەسەر ئەو باوەڕەن بەرپرسیاریەتی ئەوان جیهانی ڕزگار کردووە. ( بۆ نمونە، ن.ك (Leon Festinger, when prophecy fails, 1956

ئەو چەمکەی کە باوەڕبوون بەشتێك بەوەی کە بەتەواوی "بە سوود دەبێت، هەر لەبەرئەوەشە بڕوامان پێیەتی" لە ڕاستیدا زۆرسادەیە. هەندێ جار بەو شتانەی کە لە سەرەتاکانی ژیاندا فێری بووین هێشتا بڕوامان پێی دەمێنێت یان بەوشتەی دەزگاکان یان پلەو پایە سیاسیەکان دەیانەوێ و دەخوازن باوەڕمان هەبێت و هەرگیز وا نازانین شتێکی دی رەنگە بۆمان زۆر بە سود تربێت لەوە. تا ئەو کاتەی لەگەڵ بیروباوەڕێکدا ڕوبەڕو نەبینەوە کە بەڕوکەش بەسودتر بن لە فێرکراوەکانمان، مەیلێکی بەهێز بەڕەهانەکردنی بیروباوەڕی کۆنمان دەبێت. هەڵس و کەوت و ڕوبەڕو بوونەوە لەگەڵ گروپە نوێکان و لەوێشەوە کولتووورە نوێکاندا ئەم جۆرە بیروباوەڕە تازەیە بە ئێمە دەناسێنێت.



## گرنگی کولتوور بۆ تاکەکەس

کەوابوو، بۆ کۆمەڵناس (لە سەرانسەری ژیانێکی ڕێکخراودا) راستییەك بوونی هەیە. لەبری ئەوەی واقیع بەتەواوی لە دەرەوە بوونی هەبێت تا ئێمە وەڵامی بدەینەوە، ئێمە خۆمان ئەوە دروست دەکەین– ئێمە ئەوە وەکو خانویەك یان شارێگەیەك– لە ڕێگەی هاوکاری لەگەڵ یەکتر و پێکهێنانی چوارچێوەیەك کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین دەوروبەر ڕاڤەبکەین و گوزارشتی لێبکەین، دروست دەکەین. پرسیارێکی گرنگ بۆ هەمووومان ئەوەیە کە بۆچی تاکەکەس ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە قبوڵ دەکات؟ ئەوەش کە ئێمە ئەوە وەردەگرین نەشیاو نییە بۆ خۆدورخستنەوە لێی، بەڵام فاکتەری گرنگی هەیە کە ئێمە بە کێش دەکات. گوشار لەسەر ئەو زۆر زۆرە و ئەگەر بڕیاربێت تێی بگەین، رەنگە باشتر بێت دابەشی چوار بەشی بکەین.

**یەکەم** جار لەو بیروباوەڕەوە دەست پێدەکەین کە تاکەکەس دیدگایەك وەردەگرێت کە بەسودە بۆی. تا ئەو کاتەی تاکەکەس لەناو گروپدایە دیدگای گروپ بەسود و بەرژەوەندی دەبینێت:"ئەو کەسانەی من ئەیانناسم و هەموو ڕۆژێك لەگەڵیاندا لە کردەی دوولایەنەدام ئەم دیدگایە بەکاردێنن و سودی هەیە بۆیان." تاکەکەس هاندەدرێت و بیری دەهێنرێتەوە کە دیدگای گروپەکەی و مەیل و بەهاکانی، مەیل و بەهاکانی منن، هەروەها ڕێساو وەڵامەکانی بۆ من مانادارن. لە ڕاستیدا من لە گروپێکدا دەمێنم تاڕادەیەك بەو هۆیەوە دیدگای ئەو بۆ من بەسوودە. بەڵگە لە دەوروبەری مندا هەیە. ئەو کەسانەی من لەگەڵیاندا کردەی دوولایەنەم هەیە و ڕێزیان لێ دەگرم بە سوودمەندی دەزانن و ئەمەش کاریگەری لەسەر من هەیە تا باوەڕبکەم ڕاست و دروستن. بۆ نمونە ئەو کەسانەی لەگەڵ ژەنیارانی مۆزیکی ڕۆکدا کولتوورێکی هاوبەشیان هەیە، ئەو باوەڕە بەسودمەند

دەزانن کە مۆسیقا ژیانە، مۆسیقای جوان دەبێ ئاستی بەرز بێت، جدی ترین ئاواز جوانترین ئاوازە، لە دەستدانی بیستن هێندەی درەوشانەوە لە دنیای مۆسیقای ڕۆکدا گرنگ نییە.

**دووەم**: کردەی دوولایەنە بەپێی ماهیەتەکەی، هاوکاری بەهێزکردنی دیدگایەك کە تاکەکەس لەوانی ترەوە فێری دەبێت دەکات. هەتا کردەی دوولایەنە توندتربێت — واتە هەتا زیاتر تاکەکەس لەگەڵ کەسە دیار و بەتایبەتی بە وەلانانی شتە خودیەکان کردەی دوولایەنەی هەبێت — زیاتر قەناعەت دەکات دیدگای گروپ بەسودترین دیدگایە. هەرچی بێت، ئەگەر من فرسەتی ئەزموونکردنی دیدگاکانی ترم نەبێت، شتێکیشم نییە کە دیدگای گروپی پێ بەراورد بکەم. کردەی دوولایەنە بەردەوام جەخت لە دیدگایەك دەکات، دەشبێتە بەربەست لەوەی تاکەکەس لە دەرەوەی گروپ دیدگای تر فێر ببێت. کۆبونەوەی گۆشە گیری بەمانای بوونی دیدگای کەمتر و دڵنیاترە. کۆبوونەوەی ناچونییەکی شاری، بەگشتی بەمانای کردەی دوولایەنی بچڕ بچڕ، هەڵس و کەوت لەگەڵ گروپە زۆرەکان یەقیتی کەمتر دەربارەی دیدگای خودە. لەگەڵ ئەوەدا، لە هەموو لایەکەوە کردەی دوولایەنە بەردەوام ئەم دیدگایە بەهێزدەکات و هەرجۆرە جوداییەك لە کردەی دوولایەنە دا بەمانای پەیوەندی، قسەکردن، نووسین، ئاماژەکردن و بەژداری کردن لە زمان، بیروباوەڕ، بەها و نۆرمەکانە. ئێمە کولتوور لە ناوەوەی کەناڵەکانی پەیوەندی خۆماندا دەهێنینەبوون. لەگەڵ گۆڕانی ئەوانەدا، کولتووریش کە بۆ ئێمە گرنگە دەگۆڕێت.

**سێیەم:** تاکەکەس دیدگای گروپ لەو ڕووەوە وەردەگرێت کە گروپ هاوبەندی هەم ڕێگەی بە کۆمەڵایەتیکردنی بەردەوام و هەم لە ڕێگەی گرەنتی جێجەجێکردنە کۆمەڵایەتییەکانەوە هاندەدات. ئێمە بە کۆمەڵایەتیی دەبین تا باوەڕمان بەوشتەی گروپ ئەنجامی دەدات هەبێت. ئێمە دیدگای گروپ لە ڕێگەی گوێ گرتن لە خەڵك و تەماشاکردنیان و لە ڕێگەی فێرکردنە مەبەستدارەکانەوە ئەوانی دیکی فێردەبین.



کاتێك لە دیدگای گروپ سوود وەردەگرین، ئەوانی دی لە گروپدا پێمان قایل دەبن و هەست دەکەین بەشێکین لە شتێکی گرنگ و گەورە. ئەگەر سوودی لێ وەرنەگرین، پاداشت وەرناگرین جارجارەش ڕووبەڕووی سزاش دەبینەوە. هەموو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان خوازیاری وەفادارین و وەفاداریمان لەگەڵ نیشان دانی بیروباوەڕی بنەڕتی گروپدا تاقیدەکرێتەوە.

سەرەنجام، بڕوادار دەبین بە دیدگای گروپ چونکە بۆ مرۆڤەکان زۆر دژوارە بەتەنهایی بڕوا داربن بەشتێك. ئێمە دەمانەوێت باوەڕمان هەبێت دیدگامان دەربارەی واقیع هاوبەشە. زۆربەمان هەوڵ دەدەن حەقیقەتەکانی خۆمان بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتیی کۆنترۆڵ بکەین. حەقیقەت بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتیی جێگیر دەبێت چونکە ئێمە لە گەڕان بە شوێن پشتیوانی کۆمەڵایەتیی داین بۆ بیروباوەڕەکانمان. بە دەربڕینێکی دی، ئێمە خولڤاوین کە کولتووری ئەو گروپانەی لەناویاندا دەژین وەربگرین. ئەوان دڵنیامان دەکەن باوەڕەکانمان دەربارەی جیهان دروستە.

بەم پێیە، یەکەمین وەڵام بۆ ئەو پرسیارەی بۆچی بڕوامان بەو شتە هەیە کە ئەنجامیدەدەین پەیوەندی بە کولتوورەوە هەیە. تاکەکان لە کردەی دوولایەنە لەگەڵ یەکتر، تێڕوانینێك ( دیدگا، کولتوور) بۆ دەرککردنی جیهان دەهێننە بوون و فێردەبن. ئەم تێڕوانینە وەك پێناسکراوە، بژاردەیەکە و کاریگەری لەسەر ئەو شتەی فێری دەبین و چۆنییەتی ڕاڤەکردن و ئەزموونەکانمان دەبێت. ئێمە بڕوامان بە دیدگاکانمان هەیە چونکە لەو گروپانەی لەم دیدگایەدا بەژدارن چالاکین. ئەوگروپانەی بۆ ئێمە بەسودن دیدگای هاوبەشیان هەیە کە بۆ ئێمە بەسوودەبن. کردەی دوولایەنەی بەردەوام، بە کۆمەڵایەتییبوونو هێزی ئێمە هاندەدەن بڕوامان بە کولتوور هەبێت، بەهەمان شێوەی ئەوەی پێویستمان بە هەبوونی پیشتوانی کۆمەڵایەتیی بۆ حەقیقەتە کانمان وادەکەن.

# پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و واقیعیەت

## بابەت و دیدگاکان

دیدگاکانمان نەك تەنها بەندە بەو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیانەی تیایاندایین، بەڵکو بەندیشە بە بابەتەکانمانەوە لەو ڕێکخراوەدا. دیدگاکان ئاراستە یان گۆشەنیگایەکن لەڕێگەی ئەوانەوە واقیع دەبینین. گۆشەیەك لە سەرەوە، ئەوی دی لە خوارەوە چینی باڵای دەوڵەمەند و چینی پرۆلیتاری هەژار لە شوێنگای جیاوەزە وە لە واقیع دەڕوانن، ئەم شوێنگایانە پێیان دەڵێن *بابەتەکان*. ڕابەران و شوێنکەوتوان لە گروپەکاندا تێڕوانینی جیاوازیان هەیە، مامۆستایانی زانکۆ و خوێندکارانیش هەروا . واقیعیەت ئەوەیە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی باوەڕەکانمان نەك تەنها لەڕێگەی کولتوورەوە ( کە هەمووان تیادا بەشدارن) بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێگەی ئەو بابەتانەی کە ئێمە دەیانگرین و بەدەستی دەهێنین و ئەو ڕۆڵانەی دەگێڕین، دەخولقێنین.

بۆ نمونە باوەڕمان بە بیروباوەڕ گەلێك هەیە لە واقیعەوە سەرچاوە دەگرن کە ئێمە پیاو یان ژنین. بەشێك لە واقیعی ژن بوون لەم کۆمەڵگادا فێربوون "بیرکردنەوە وەکو ژن"ە، بۆ نمونە بڕوا بوون بەوەی عاشق بوون، هاوسەرگیری و منداڵ بوون چەند کارێکی پێویستن بۆ ژیان. پیاو بونیش فێربوونە " بیرکردنەوە وەکو پیاو"ێك، بۆ نمونە باوەڕبوون بەوەی پارەپەیدا کردن و بەدەست هێنانی ئیعتباری



کۆمەڵایەتیی، توانا و ئیمتیاز لە دنیای ئابووری و دەساوردی پێویستە بۆ ژیانێکی ڕازی بەخش. تایبەتمەندیەکانی ژنان و تایبەتمەندیەکانی پیاوان دوو وشەی پەیوەستن بەو ڕەفتارەی تاکەکان چاوەڕوانیمان لێدەکەن. شێواز گەلی بیرکردنەوە هاوشانە لەگەڵ ئەم ڕەفتارانەدا. هەڵبەت لە کۆمەڵگای ئازادی تری ئەمڕۆی ئێمە دا ئەم جیاواز یە چی دی ئاسان نییە، بەڵام نەیاریکردنیشی هێندەنییە. بینینی ئەم ڕۆڵانە لە کولتوورێکی مەزهەبی ترادسیۆنگەرا_فەندەمێتالیزمی_ ( ئیسلامی، یەهودی یان مەسیحی) ئاسان ترە. ڕەنگە بۆ زۆر بەمان عەقڵ نەیبڕێ کە ژنانی سوننەتی ئێران دەتوانن گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری پیاوان بن، لە ئەنجامی ئەو کارانەی پیاوان ئەنجامی دەدەن بە تەواوی خۆ دورگرن، تەنها بە ژن بوون و دایك بوون ڕازی بن، تەنانەت کاتێك دەچنە شوێنە گشتیەکان ڕوخسار و تەواوی لاشەیان داپۆشن. سەرباری ئەمە ئەگەر پرسیاریان لێ بکەین، سیستمێکی بیروباوەڕیمان دەست دەکەوێت ئەوەڕوندەکاتەوە دەکات و کاتێك لەو سیستمە بیروباوەڕیە تێگەیشتین، لۆژیکی ئەم جۆرەکارانە تێدەگەین و دەزانین. ژنان تەنها ناچار نەکراون بە ئەنجامدانی ئەم کارانە، دیدگایەکیان فێرکراوە کە ئاراستەی ئەو باوەڕە دەکات. گۆشەنیگای ئەوان دەبێتە بە شێك لە بوونیان، ئەوان بە چەشنێك بیر دەکەنەوە جیاوازە لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەو پیاوانەی کردەی دوولایەنەیان لەگەڵدا هەیە. ئەگەر (فەندەمێنتالیزم) بوونیادگەرایی یەهودی یان مەسیحیش موتالا بکەین، ئەم بابەتەمان لەلاڕوون دەبێتەوە. لە بیری نە کەین لەهەر کۆمەڵگایەکدا ژنان و پیاوان بابەت گەلی جیاوازیان هەیە (چاوەڕوانیان لێ دەکرێت ڕۆڵی جیاواز بگێڕن و ڕێژەی جیاوازی تواناو ئیعتبار و ئیمتیازی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگادا بەوان دەدرێت) بۆیە دیدگای جیاوازیان دەبێت. دیدگای ژنان لەسەر بیرو باوەڕی ژنانی تەنیا دەربارەی دووگیان بوون، لە باربردن، هاوسەرگیری، کۆنتڕۆڵی زاوزێ، بێ هیوایی، بواری کارکردن، مێژووی ئەمریکا و وەرزشە پسپۆڕیەکان کاریگەری جێ دێڵێت.

بەڵام ئێمەلە جنسیەت(جێندەر) زیاتر دەڕۆین. کرێکارێکی کارگە بە شێوەیەکی جیاواز لە بەڕێوەبەران بیردەکاتەوە، بەرپرس جیاواز لە کارمەند و خاوەندار جیاواز لە بەڕێوەبەرو، ژمێریار جیاواز لە سکرتێر بیردەکاتەوە. هەر یەك پێگەیەکی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دا هەیە و هەرکام شێوازی تێڕوانینێکی جیاوازی لە واقیعدا هەیە. کۆمەڵگا بەهەزاران پێگەوە لەبەرچاو بگرە، پێگەکانی کار و پێگەکانی دی. ئێمە کردەی دوولایەنە ئەنجام دەدەین و خۆمان لەم پێگانەدا دەبینینەوە. چ شتێك ڕوو دەدات؟ دەربارەی جیهانیش، بە پێی ئەو پێگانە بیردەکەینەوە: دەرچووی ناوەندی، پزیشکی ددان، هونەرمەند، جەنەڕاڵی سوپا، زیندانی پێشوو، ئەندامی چینی باڵا، ئەمریکی بەڕەگەز ئەفریقی، ئەستێرەی ڕۆك، هەموو ئەوانە لەسەر چۆنییەتی تێڕوانیمان بۆ واقیع کاریگەریان دەبێت: هەم لەسەر جیهانی دەرەوە و هەم لەسەر جیهانی ناوەوەمان. ئەستێرەیەکی ڕۆك کە کتوپڕ سەرکەوتوو بووە واقیع بینانەڕای دەگەنێت:" من هەمان ئەو کەسەم کە هەمیشە هەبووم، بەهەمان شێوە بیردەکەمەوە کە هەمیشە بیرم کردوەتەوە" لەسەرەتاوە ڕەنگە ئەمە ڕاست بێت بەڵام بە تێپەڕین زەمەن گوشارەکان هێندە زۆر دەبن دیدگای تاکەکەس دەگۆڕن تا لەگەڵ پێگەی ئەودا گونجاو بێت. پیتەر بیرگەر (1963) بیرمان دەهێنێتەوە کە درۆکردن لەم دنیایەدا دژوارە. لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە ئەو ڕۆڵانەی پەیوەست بە پێگەکانماننەوە دەگێڕین، خواستێك تیاماندا دروست دەبێت ئەوانە بە بەشێك لە خۆمانی بزانین: "بەڵێ، من خوێندکاری دوا قۆناغی زانکۆم." "بەڵێ، من هاوسەرم هەیەو باوکی منالّم. " من مامۆستام." "نەك هەرئەوەی ئاوارەفتار دەکەم —من هەر ئەمەم." لە هەمان کاتدا ڕۆڵ و دەورەکانمان دەبنە شوناسمان و ئەو دیدگایانەی هاوشانن لەگەڵ ئەم ڕۆڵانەدا شێوەی تێڕوانینمان بۆ جیهانێك کە تیادا دەژین دەهێنە بوون.



بۆچی ئێمە وا دەکەین؟ بۆچی دەبێ هەر دیدگای ئەو بابەتانەی داگیرمان کردوە وەرگرین؟ ئاسانترین وەڵام پەیوەندی بەو ڕونکردنەوانەوە هەیە کە من لەسەرانسەری ئەم بەشەدادا دا بەکام هێناوە: دیدگا پەیوەستە بە پێگەیەکەوە بۆ ئەو کەسانەی لەو پێگەیەشدان بەسودە. ئەم دیدگایە کارسازە. بۆ گێڕانی دەورێکی پەیوەست بە پێگەیەکەوە پێویستە بزانین لەو ڕۆڵە دا چۆن بیربکەینەوە — تەنانەت ئەو کاتەش کە ئەو دەورەمان حەزلێ نییە. ئەگەر بمەوێت خوێندکارێکی سەرکەوتوی زانکۆبم، دەبێ دیدگای خوێندکارێك وەربگرم و جیهان لەو گۆشەنیگایەوە دەرك بکەم. ئەگەر بمەوێ بەرپرس یان بەڕێوبەر یان یاریکەری هێرش بەری تۆپی پێ، یان سەرۆك کۆماربم، دەبێ وەکو ئەوان بیربکەمەوە. ئەگەر بچمە زیندان، باشترە بزانم زیندانەکان چۆن چۆنی بیردەکەنەوە، ئەگەر نا گوزەراندنی ئەم قۆناغە زۆر سەختتردەبێت. لەویادا کە پێگەکانمان لە ژیاندا دەگۆڕێت، دیدگاکانیشمان دەبێ بگۆڕێن ئەگەر وانەبێ ئەو ڕۆڵانەی پەیوەستن بەو پێگانەوە بە چەشنێکی سەرکەوتوو نابینین. هەر لەگەڵ دەست بەسەراگرتنی پێگەکانمان، بە کۆمەڵایەتییبوونیدگاکانیشمان پێك دەهێنێت. ئەگەر زیندانی بکرێین، لە گەڵ زیندانییەکانی دی بەکردەی دوولایەنە لەگەڵماندا ڕادەگەن و ئێمەش پەی دەبەین بەوەی ئەوان بە چ شێوەیەك بیردەکەنەوە. پاسەوانەکان و سەرپەرشتی زیندان لەگەڵ ئێمەدا کردەی بەرامبەریان هەیە و پێشمان دەڵێن بە چ شێوەیەك بیردەکەنەوە. ئێمە فێردەبین " مرۆڤەکانی وەك ئێمە" دەبێ چۆن بیربکەینەوە و دەچینە ژێرکاریگەریەوە. لێرەوە بە کۆمەڵایەتیی بوونی دووبارە ڕوو دەدەن!

بەڵام بەڵگەیەکی وردو زۆر گرنگتر هەیە ئەویش ئەوەیە بۆچی پێگەکان لە کاریگەری خستنەسەر بیرکردنەوەمان تا ئەو ڕادەیە بەهێزن. هەر پێگەیەك، تاکەکەسێك کە خاوەنی ئەو پێگەیە یە پاڵ پێوە دەنێت تا واقیع لەو گۆشە تایبەتەوە ببینێت. بە واتایەك دەبێ خوێندکاری زانکۆ جیهان لە دەروازەی چاوی

خوێندکارێکی زانکۆوە ببینیت، واتە ئەو شوێنەی لێوەی دەڕوانێت. ئەگەر من پیاوم، بەئاسانی ناتوانم وەکو ژنێك بیربکەمەوە. دەتوانم هەوڵ بدەم تێبگەم بە چ شێوەیەك ژنان جیهان دەبینن بەڵام ئەمە پێگەیەك نییە من تیایدابم. بۆیە بەگشتی لەو دیدگایەوە بۆ جیهان دەڕوانم. من ناتوانم هەروا بەئاسانی وەکو کەسێکی هەژار یان دەوڵەمەند بیربکەمەوە مەگەر ئەوەی هەژار یان دەوڵەمەندبم. من ناتوانم بزانم (ئەگەر سپی پێست نەبیت) لە کۆمەڵگای ئەمەریکی و، جەنەڕاڵ بوون لە سوپا، یان بوون بە سەرۆکی زانکۆ بە چ مانایەکە ئەگەر خۆم لەو پێگەیەدا نەبم. هەموو هەوڵێکی من بۆ تاووتوێکردنی پێگەکانی دی بە تەواوی نابنە هۆی ئەوەی وەکو ئەو کەسانەی لەو پێگەدان بیربکەمەوە، چونکە کاتێك تۆ لە بابەتگەلێکدایت جیهان لەو بابەتەدا دەبینیت، لە گۆشەیەکەوە سەیری واقیعیەت دەکەیت کە هیچ کەسی دی ناتوانێت بەڕاستی ئەو بابەتەی هەبێت.

مرۆڤەکان کاتێك پێگە گەلێکی نوێ دەگرنە دەست، کاتێ لە پێگەی زانکۆ بۆ تەواوکردنی خوێندن، لە زگوردیەتیەوە بۆ خێزاندار یان لە چینی کریکارەوە بۆ چینی ناوەند دەڕۆن دیدگاکانیان دەگۆڕن. دەتوانین هەوڵبدەین کاتێك پێگەکانمان دەگۆڕێت لە بەرهەڵستی گۆڕانی دیدگاکانمان بکەین "من هەر ئەو کەسەم کە بووم" بەڵام ئێمە تەنانەت بێ ئەوەی پەی ببەین دەگۆڕێین. پێگەکان دیدگا گەلێکمان پێ دەدەن، بەڵام بە سودمەندی دەزانین، خەڵکی ئێمە لە پێگەکاندا بە کۆمەڵایەتیی دەکەن و رەنگە گرنگتر لە هەموو پێگەکان دەروازە گەلێك بەڕوی واقیعیەتدا بکەنەوە کە هەڵهاتن و دەربازبوون لێی دژوارە. سەرەنجام، زۆربەمان تەنانەت دەسنیشانی ناکەین تا چ ڕادەیەك پێگەکانمان بۆ چ جۆرە بیرکردنەوەیەکمان دەربارەی جیهان گرنگن. ئەم کارە بەبێ ئەوەی ئێمەدەرك بەم پرۆسەیەبکەین ڕوودەدات. شێوازی بیرکردنەوەیەکی نوێ وەردەگرین بەرلەوەی هەستبکەین. دیدگاکانمان گۆڕاوە.



## گروپی تەمەن age cohort وەکو پێگەیەك لە کۆمەڵگادا

دەتوانین مانای پێگە بەرامبەر بە گروپی تەمەن، (واتە شوێنگای وەچەی تاکەکەس) لە کۆمەڵگادا پەرەپێبدەین. وەچەی قۆماغی منداڵ خستنەوەی زۆر ئەو وەچەیەن کەدوای جەنگی جیهانی دووەم لەدایك بوون و لەدەیەی 1980 گەیشتنە تەمەنی 40 ساڵی. ئەم جیلە لەپێگەیەکی کۆمەڵایەتی جیاوازە لەگەڵ ئەو کەسانەی لە دەیەیکیتردا لەدایك بوون و ئەم پێگەیە فۆرم بەروانگەکەی دەدات.

ئەو زەمەنەی تیایدا لە دایك بوویت گرنگی خۆی هەیە چونکە دەتخاتە قۆناغێکی مێژوویەوە، کە نەوەیەك دەستدەکات بە پێکهێنانی دیدگای، ئێوە لە سەرانسەری ژیاندا بەو نەتەوەیەوە دەبەستێتەوە و کاریگەری لەسەر زۆر لە باوەڕەکانتان دەبێت. ئەو کەسانەی لە نەوەی خۆیاندا تامی جەنگیان کردووە دەربارەی جەنگ و (ئاشتی) دیدگای جیاوازیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەیە کە ئەزموونێکی لەم شێوەیان نەبووەو نەبینیوە. ئەو کەسانەی لەگەڵ تەواو کردنی خوێندندا چەندین دەرفەتی کارکردنیان هەبووە تێڕوانینێکی جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەو کەسانەی ئەو جۆرە هەلانەیان نەبووە.

ئێمە باوەڕی خۆمان دەربارەی خێزان و پەیوەندی سێکسی لە بڕگەیەکی دیاریکراو لە مێژووی خۆماندا فۆرمە لە دەکەین. تەڵاق، کۆنتڕۆڵی زاوزێ، لە باربردن و هاوسەرگرتن و یەکسانی ڕەگەزی لە ڕوانگەی تاکەکەسەوە بەندە بەوەوەی لەکام نەوەبن، مانای جیاوازیان دەبێت: "چار چییە، لەو کاتەوەی گەورە بووم، ئەمە شتێکە دەربارەی پەیوەندی سێکسی فێری بووم!"

ئەو کەسانەی لەدەیەکانی 1950 و 1960 گەنج بوون بزوتنەوەی مافی مەدەنی یان لە بیرە. ئەم بزوتنەوەیە بەشێك بوو لە ئەزموونی ئەوان و کاریگەرییان لەو ڕوداوانە وەردەگرت کە هەموو ڕۆژێك لە ڕۆژنامەکاندا لەسەریان دەنووسرا. ئەوان

دەیان بینی خەڵك بەرهەڵستی چ شتێك دەكەن و بە كردەی دوولایەنە ڕادەگەیشتن و دیدگای هاوبەشیان هەبوو سوودیان لێ وەردەگرت بۆ ڕاڤە كردنی و بەهەڵستیكردن. ئێستا بۆ ئەوان سەختە باسی بكەن بۆ ئەوانەی دوای ئەوان هاتوون ئەو بەرهەڵستیە لە پێناوی چیدا بوو.

بۆ ساتێك بیربكەرەوە بە چ شێوەیك دیدگات جیاواز دەبوو ئەگەر نەوەی ئێوە لە جەنگی جیهانی دووەم، یاخود لە جەنگی ڤێتنامدا جەنگی بانایە، ئەگەر نەوەی ئێوە ئەو كرێكارانە بوونایە كە لە دەیەكانی 1920 و 1930 لە پێناوی یەكییەتیەكانی كرێكاراندا بەرهەڵەستیان دەكرد، یان ئەگەر نەوەیەك بووایە كە لەجەنگی جیهانی دووەم سەری دەرهێنابێت و ئامادەی سوود وەرگرتن بێت لە دەسكەوت و ئیمتیازاتەكانی كۆمەڵگایەكی خۆشگوزەران و هەمنەوا. یان بیربكەرەوە دیدگای تاكەكەس بەندە بەوەی چ زەمەنێك جیلی ئەو چوبێتنە زانكۆ چەندە جیاواز دەبێت: لە دەیەی 1950 پەروەردە و فێركردن و ئەندازیاری پیشەگەلێكی زۆر بەهادار ئەژمار دەكران، لە دەیەكانی 970 و 980 گرنگیەكی زۆر بە هاریكاری كۆمەڵایەتیی و ماف و پزیشكی دەدرا، لە كۆتایی دەیەكانی 70 و 80 كۆمپیتەر و ئابووری و بەڕێوبەرایەتی بازرگانی زۆر جێی بایەخ بوون، لە دەیەی 1990 قۆناغی بارودۆخێكی كاری ئاڵۆز و نادیارە و بازاڕی كار بەردەوام لە گۆڕاندایە. لە زۆرێك لەلایەنە بنەڕتییەكانەوە، بیروباوەڕمان دەربارەی ئەوەی پێویستی ژیانێكی سەركەوتووە لە دیدگای تایبەتی جیلی ئێمەوە كاریگەری وەردەگرێت.

## توانا و خولقاندنی روانگە( دیدگا )كان

لەم بەشەدا جەختم لەسەر دوو خاڵی سەرەكی كردووە: كەسەكان كولتوور، یان دیدگای هاوبەشی گروپەكەیان و دیدگای پەیوەست بە پێگەكەیان وەردەگرن. دیدگای گروپەكەیان و پێگەكەیان واقیعیەتی ئەوان پێك دەهێنێت. ئەم دیدگایانە



فاكتەری ئەوەن تاكەكان شتگەلێكی تایبەت و دیاریكراو بە شێوەیەكی بژاردەكاری باوەڕیان پێی بێت و جیهانێكیش لە دەرەوە و لە ناوەوەی خۆیان دەبینن.

ئەوەی جەختم لێنەكردەوە ئەوەیە كەروانگەكان بەزۆری دەسەڵاتدارەكان تا رادەیەك لەكۆمەڵگادا شێوەی پێ دەبەخشن. ماركس و مانهایم باسی دەكەن بە چ شێوەیەك دەسەڵاتدارەكان ئایدۆلۆژیەكان دەهێننە بوون، چەندین روانگەی زیادەڕەو و تەنانەت لە باربراو دەربارەی واقیع بەمەبەستی بەرگری لە دۆخی هەنووكەیی، واتە توانا، ئیمتیازات و ئیعتباری كۆمەڵایەتیی ئەوان لە كۆمەڵگادا بەكاردەهێنرێت. دیكتاتۆرەكان فێری خەڵكی دەكەن گوێڕایەڵی بكەن و بەڵگە دەخەنەڕوو كە ئێستاكە نەزم زەروریەو گوێڕایەڵی ڕۆژی خۆشبەختی بۆ هەموان بەدیاری دەهێنێت. چینی باڵا خەڵك فێردەكەن ئەوەی هەیانە شایانیانە و لە پێناوی بەدەستهێنانیدا هەوڵی سەخت و زۆریانداوە. ئەوانەی نۆكەر و بەندەیان هەیە نۆكەر و بەندەكان و ئەو كەسانەش كاری غەیری ئەوەی هەیەتەیار دەكەن و ڕەگەز پەرستان بەچەشنێكی نەشیاو و بۆ خۆلێ دورخستنەوە كۆمەڵێك بیروباوەڕ بوونیات دەنێت و هەوڵ دەدەن تا لەئاڕاستەكردنی نایەكسانیدا ئەوانی تری پێ تەیار بكەن. ئەم بیرو باوەڕو هزرانە بە زۆری ئاڵۆزن و هەمیشە لە پێناو ئەو ئامانجەی كە بەڕاستی هاتوونەتە بون – بەرگری كردن لە نایەكسانی ڕەگەزی – لەبەرچاو ناگیرێت. تەنانەت ئەو كەسانەی نۆكەر و بەندە – یان قوربانی ڕەگەز پەرستین پێدەچیچت بڕوایان بەوانە هەبێت. بۆ نمونە، دیدگای هەژاران پێكهاتەیەكی ئاڵۆزە لەو باوەڕانەی لە پێگەی ئەواندا  لەو كاتەی كردەی دوولایەنە ئەنجام دەدەن و ژیان دەبەنەسەر، دروست بوون. بەڵام دەرەنجام بیروباوەڕێكیش هەیە كەسانی دەوڵەمەندتر لەگەڵ ئەواندا ڕاستەوخۆ (لە كردەی دوولایەنە) یا ناڕاستەوخۆ (لە ڕێگەی میدیاكان) هەڵس و كەوت دەكەن دروست بوون.بەشێوەیەكی گشتی هەژارانی ناو كۆمەڵگا كەسانی موحافیزیكارن، لەگەڵ ئەوشدا شتێكی ئەوتۆ لە

زروفی هەنووکەیی کۆمەڵگا بەدەست ناهێنن. لێرەدا ئەم هەژارانە نین کە دامەزراوەکانی ڕاگەیان و فێرکردن یان سیاسی کۆنترۆڵ دەکەن، بیروباوەڕی ئەوان لە کۆمەڵگا ناخوێنرێت و ناوترێتەوە، کەوا بوو ئەوان وەکو ئەوانی دی، لە بیروباوەڕی کەسانێکەوە کاریگەری وەردەگرن کە ئەم ئامرازانەی ئەزموون و دەسەڵاتە کۆنترۆڵ دەکەن.

ئەم پرانسیپە لە سەرتاسەری کۆمەڵگادا باڵادەستە. ئەو کەسانەی لەهەر ڕێکخراوێکدا تواناداران کاریگەرییان لەسەر چۆنییەتی بیرکردنەوە خەڵك (ئەوانی دی) دەبێت. قوتابیانی زانکۆ لەهەر زانکۆیەکدا لەوانەیە بیروباوەڕێك لە کردەی دوولایەنە لەگەڵ یەکدی بهێننەبوون، بەڵام ئەوان هێشتا بە کۆمەڵایەتیی دەبن تا بیروباوەڕ و هزرەکان (سەبارەت بەوەی قوتابیانی زانکۆ دەبێ باوەڕیان هەبێ) لە ئەندامانی کۆلێژو بەڕێوبەران باوەڕ پێبکەن. ئەمریکیەکان کاریگەری لە پروپاگەندەی کۆمپانیا گەورەکان و لێدوانەکانی ڕابەرە سیاسیەکانیان وەردەگرن. لەگەڵ ئەوشدا، دیدگامان لە ڕۆڵی بەکاربەران لە ماهیەتی هەموو جۆرە ڕیکلامێك فۆرمەلە دەبێت: بیکڕە، ڕاسپێرە و داوابکە، لەگەڵ بەرهەمە باشەکاندا ژیانێکی باشتر هەبێت و هەمیشە لەگەڕان بە شوێن شتی نوێ دا سەلیقە بەکاربێنە. بۆ ئەوەش کە دەبێ ئێمە لە ڕۆڵی باوك و دایکان و پیاوان و ژنان و لاوان و عاشقان و دۆستان و لاوانی دەوڵەمەند و دەست بڵاوی چینی ناوەند، یان وەرزشەوانێك بیربکەینەوە، کاریگەرە بەپێکهاتەیەکی ئاڵۆز لە پروپاگەندەی بازرگانی و شانۆ کۆمیدیەکان و دراما تەلەفزیۆنییەکان و مۆسیقا و کتێبەکانی وانەی زانکۆ. زیاتری ئەم بیرکردنەوەیە سەرچاوەکەی لە ئەنجامدەرانی کردەی کۆمەڵایەتیی تواناداری ئابووری و سیاسیە کە بە بەرژەوەندییان لەگەڵ وەرگرتنی ئەم هزرانە لەلایەن ئێمەوە زامن دەکرێت. بۆیە ئەو دیدگایانەی بەکاری دێنین ئەبێ هەمیشە و تاڕادەیەك، لە زەمینەیەکی فراوانتری تواناداد دەرك بکرێ. توانا داران لەهەر ڕێکخراوێکدا لە ڕێگەی تێهەڵکێش



کردنی زۆر و تەزویرکردنی کولتووری ڕێکخراو و بیروباوەڕو هزری پەیوەستدار بە پێگە جۆراو جۆرەکانەوە لەو ڕێکخراوە دا — تاڕادەیەك — فۆرمەلەدەکەن.

ئەمە دەربارەی کۆمەڵگای زانستیش هەر ڕاستە. زاناکان بە تێپەڕینی کات دیدگایەك دەستەخەن، لەوانە فیزیکزانان و بایۆلۆجیزانان و کۆمەڵناسان وەها دیدگایەك دەهێننەبوون. کەسانی بە توانا لەم کۆمەڵە زانستیانەشدا هەن و بیروباوەڕی ئەوان ئەزموونێکی زیاتری بەسەر هەریەك لە دیدگا خولقاوەکاندا هەیە. مرۆڤە سەرکەوتوەکان لەمەیدانی زانستدا هان دەدرێن. دیدگا گەلێك وەرگرن کە لەسەرەتادا کەسانێ زیاتر لە هەمووان لە مەیدانی زانستدا سەرکەوتوبوون و ئەو دیدگایانەیان بونیاتناوە، سەرکەوتنیشیان پەیوەستە بەوەوەی تا چ ڕادەیەك لە وەرگرتنی ئەو دیدگایانە دا سەرکەوتوبن. دیدگای زانستی ڕەنگە دیدگایەکی بابەتی تر بێت لە زۆربەی دیدگاکانی دی، بەڵام ئەم دیدگایەش سنور گەلێکی هەیە لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەو کەسانەی ئەوەیان هێناوەتە بوون لە دنیای زانستدا زۆربابەتی بەهێزیان بەدەستەوەیەو هەیە. لە ڕاستیدا، دەبێ ئاماژە بەوخاڵەش بکەین کەسانی بەتوانا لە دەوڵەت و بەشی بازرگانیش کاریگەریان لەسەر زۆر لە بیروباوەڕ و بەهاکان لە ئاستی باڵای کۆمەڵگای زانستیشدا هەیە.

## ماهیەتی گۆڕاو و واقیعیەتی تاك

ئەم باسەمان تا کوێ دەڕوات؟ بۆچی بڕوامان بەو شتە هەیە کە ئەنجامیدەدەین؟

ئێمە بڕوامان بەو شتە هەیە کە سودی هەیە بۆمان. سوودمەندی زانین یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی دیدگا یان کولتوورەکان کە تیایدا ئێمە لە کردەی دوولایەنە لەگەڵ خەڵك بەژدارین. هەروەها یەکێکە لە دەرەنجامی ئەو دیدگایانەی لەو پێگانەی ئێمە لە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا هەمانە سەرچاوە دەگرێت.

بەڵام نابێ نکۆڵی لە گۆڕانکاری بکرێت. ئێمە هەموومان دەگۆڕێین و گشتمان دیدگا و لەو ێشەوە باوەڕەکانمان دەگۆڕێن. ئێمە بیروباوەڕی مامۆستایان و باوکان و دایکانمان ڕەفز دەکەین، زاڵ دەبین بەسەر ئەو بیرو باوەڕانەمان کە دەرەنجامی وانەکانی کەنیسەو ئەو ناوچەیە تیایدا گۆش کراوین. بۆچی؟ بۆچی دەگۆڕێین، چ شتێك فاکتەری نەگۆڕانمانە؟ بەو پاساوەی عاقڵتر دەبین؟ هیوادارم جارجارە وابێ. بەڵام لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە، گۆڕان دەبێ لە زەمینەی کۆمەڵایەتی دا دەرك بکرێت. ئێمە بە هۆی فاکتەرگەلی کۆمەڵایەتییەوە دەگۆڕێین — یان هەر بەو جۆرەی هەین دەمێنینەوە.

یەکەمجار ئێمە بەو هۆیەوە دەگۆڕێین کە لەگەڵ کەسانی نوێدا کردەی دوولایەنە ئەنجام دەدەین و دەچینە ناو ڕێکخراوێکی نوێ وە. بیروباوەڕ لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمەدا جێگیربووە و ژیانی کۆمەڵایەتیمان بەردەوامە. ئێمە بەردەوام کردەی دوولایەنە ئەنجامدەین و بە گروپ و ڕێکخراوی ڕەسمی و کۆبونەوە بچووکە ناوچەیی و تەنانەت کۆمەڵگا نوێیەکانیشەوە پەیوەستدەبین. مرۆڤ ئەکتەری زۆر دیمەنە و هەرکام دیدگای تاڕادەیەك نوێ لەگەڵ خۆی دێنێت بۆیە پێویستی بە کۆمەڵێك ڕاستی تا ئەندازەیەك جیاوازی بۆ ڕاڤەکردن و باسکردنی واقیعیەت. لەگەڵ چوونمان لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی تر، ئێمە دەگۆڕێین. کولتووری قوتابخانەی سەرەتایی جیاوازە لەگەڵ ئەو کولتوورەی لە ناوەندی دا وەری دەگرین. هەردووکیشیان جیاوازن لەگەڵ ئەو کولتوورەی لەناو خێزاندا یان یەکەمین کاری خۆماندا وەری دەگرین.

هەروەها ئێمە لەو ڕووەوە دەگۆڕێین کە کولتوور دەگۆڕێت، لە ڕەوتی کردەی دوولایەنەدا، کولتوور بەردەوام دەخرێتە ژێر پرسیارەوە، ڕووبەڕووی خوێندنەوەی جیاواز دەبێتەوە، ئیتر هەندێکی (بەڵام جارجارە زۆربەشی) دەگۆڕێت. ئەم کارە بەتایبەت لە گروپە بچووکەکاندا ڕاستە بەڵام دەربارەی کولتووری گشتی کۆمەڵگاش



میسداقیەتی هەیە. تەماشاکەن ئەمڕۆچەند بە خێرایی کولتووری سۆڤیەتی پێشوو لە گۆڕاندایە. هەروەها ببینە بە چ شێوەیەك بیروباوەڕمان لەسەر ژیانی خێزانی، نایەکسانی ڕەگەزی و بە کۆمەڵایەتیی کردنی منالان لە بیست ساڵی ڕابردوودا گۆڕاوە. بیست ساڵ لەمەوبەر چەمکی (ئازاردانی منالێ) تەنانەت وشەیەکی ئاساییش نەبووە لە ناو ڕستەکانماندا، هەندێك خەڵك وایان دەزانی لێدانی منالێ یەکێکە لە شێوازەکانی فێرکردن، زۆربەشمان باوەڕمان وابوو باوکان و دایکان حەقیانە هەرچییەکیان بوێ لە منالەکانیانی بکەن. ئەمڕۆ هەندێجار، تەنانەت بە هێواشی ئازاردانی جەستەی منالێش ناکرێت.

ئێمە دیدگاکانیشمان دەگۆڕین چونکە *هەموومان پێگەکانمان دەگۆڕین*. لە کۆتایی ساڵی زانکۆدا باوەڕمان بە زۆر شت هەیە لە ساڵی یەکەمی زانکۆ بڕوامان پێیان نەبووە. باوەڕ بەشتانێك دەکەین لە پێگەی بەرپرسی دەزگایەکدا کە لە پێگەی یاریدەدەردا بڕوامان پێ نەبووە. ئێمە وەکو کەسێکی خێزاندار باوەڕمان بە شتگەلێکە بەڵام وەکو کەسێکی زگوردی باوەڕمان پێی نەبووە. هەروەها پێگە نوێیەکان دیدگای نوێ بۆ ڕاڤەی واقیعیەت دەخوازێت ئێمەش دەبینە دەستەمۆ و ژێردەستی زۆرێك لە گۆڕانکاریەکان.

لەڕاستیدا ئێمە دەگۆڕێین چونکە تابێت بەساڵدا دەچین. تەمەن پێگەیەکە لەکۆمەڵگادا. قۆناغی منالی، قۆناغەکانی بەر لە نەوجەوانی، لاوێتی، میانساڵی و پیری هەموویان قۆناغ گەلێکن لە ژیانی تاکەکاندا کە دیدگای تایبەت بە خۆیان و تەفسیری خۆیان لە واقیعیەت هاوشان لەگەڵ خۆیان دەهێنن. بیروباوەڕمان دەربارەی خانە نشینی، لەگەڵ ئەوەدا کە پیرتر دەبین گۆڕانی بەسەردا دێت. بەرپرسیاریەتی مەزهەبی، وردە وردە کە بەتەمەنتر دەبین دەگۆڕێت لەگەڵ ئەوەشدا بیروباوەڕی سیاسیشمان دەگۆڕێن. بڕوامان دەربارەی خزمەتی سیستمی

فەرمانبەران بەندە بەوەوەی لە چ تەمەنێکدا بین، هەروەها بیروباوەڕمان دەربارەی ئایدز.

کەواتە بیروباوەڕ هەرگیز جێگیر نییە و لەگەڵ کردەی دوولایەنە و گۆڕان لە ڕێکخراوەکاندا دەگۆڕێت، بە گۆڕانی کولتوور دەگۆڕێت، لەگەڵ گۆڕانی پێگەکانیشماندا دەگۆڕێت. گۆڕان بە هێمنی و لەسەر خۆ ڕوودەدات، بێ ئەوەی تەنانەت پەیی پێ بەرین. ڕۆژێك هۆشیاردەبینەوە، تەماشایەکی ڕابردوو دەکەین و بەجدی دەپرسین " چۆن دەتوانی باوەڕ بکەی؟"

## گرنگیی و بایەخی ڕابردوومان

ئێمە دەگۆڕێین، بەم پێیە هەڵهاتن لە ڕابردووش مەحاڵە. مرۆڤەکان لە تەواوی ژیانیاندا کردەی دوو لایەنە ئەنجام دەدەن، بەردەوام دیدگا و بیروباوەڕیان دەگۆڕن، بەڵام ڕابردوو هەرگیز مەنفانابێت.

به کۆمەڵایەتییبوونی سەرەتا (یەکەمین بەکۆمەڵایەتیی بوون)، بە کۆمەڵایەتیی بوونی منالانی کەم تەمەن لە ماڵ و شوێنی ژیانیاندایە. لەویادا بۆ یەکەم جار بە جیهان ئاشنادەبین، یەکەمین دیدگا و بڕوامان دەست دەخەین و یەکەمین ڕێسا بۆ زاڵ بوون و چاودێری بەسەر خۆپەسەندی دەهێنینە بوون. دووەمین بە کۆمەڵایەتییبوون لەلایەن قوتابخانە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن(میدیاکان) و هاوڕێیان و کەسانی ترەوە فۆرمەلە دەبێت کە هەوڵدەدەن فۆرمێك بەشوناس و بیرکردنەوەمان لەدوای یەکەمین بەکۆمەڵایەتییبوونی قۆناغی منالیمان بدەن. دووەمین بەکۆمەڵایەتیبوون بە زۆری بە شێوەیەکی بنەڕەتی شوناسمان ناگۆڕن، چونکە بە کۆمەڵایەتیی بوونی سەرەتا هێشتا بۆ سیستمی بیروباوەڕمان بایەخی ڕیشەیی هەیە. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە یەکەمین بە کۆمەڵایەتیی بوونە. ئێمە زمان فێردەبین، سیستمی ڕیزبەندی مرۆڤەکان فێردەبین (پیاوان، ژنان، کوڕان، کچان)،



کۆمەڵێك لە بیروباوەڕ و یەکەمین دیدگاکانمان فێردەبین و وەردەگرین. ئێمە هیچ شتێکمان نییە تا ئەم بیروباوەڕو دیدگایانەی سەرەتای پێ هەڵسەنگێنین. ئێمە لە پێگەیەکدا نین دەربارەی بەهای ئەوشتانە دادوەری بکەین. کردەی دوولایەنە بەردەوام لەگەڵ کەسانی زۆر بەتوانادا (باوك و دایك) کە زۆربەمان لە گەڕان بەدوای خۆشەویستی ئەواندان، لەسەر حەقیقەتی ئەم بیروباوەڕ و هزرانە دووبارە جەخت دەکەنەوە و لانیکەم بۆ ماوەیەك باوەڕ بەم بیروباوەڕ و هزرانە دەکەین، چونکە هیچ جێگرەوەیەکیتر لەبری ئەوان نابینین.

تاکەکەس دەبێ ئەو دیدگا و باوەڕانەی پێشوتر دروستبوون لەگەڵ ئەو شتە نوێیانە بەراوردبکات و هەڵسەنگێنێت. شتی تازە و نوێ هەندێجار قبوڵدەکرێن بەڵام نەك تەواو بێ ئەملاولا وەکو شتەکۆنەکان. شتە کۆنەکان هەروا دەمێننەوە تا ئەو زەمەنەی بگۆڕێن بەشتی لەوە باشتر. ڕابردوو هەروەکو ڕێنومایيکەرێکی بەتوانایە بۆ بیروباوەڕەکانمان. هەتا دیدگاکانمان و ڕاستیە پەیوەندارەکان بەوانەوە کۆنتربن، پاکردنەوەیان و جێنشینکردنیان دژوارتر دەبێت. گوشار هەمیشە لەسەر شتە نوێیەکانە.

کەوابوو، کە دەچینە هەر گروپێکەوە، پەیوەندییەکی بە باوەڕەکانمانەوە هەیە. تاڕادەیەك، باوەڕ پەیوەستە بە پێگەوە، بۆ ئان و سات بەسوودە، لەو گروپەی تیایداین سوودمەندە. گروپەکان هێزی قودرەتمەند لەسەر تاك بەکاردەبەن تا لەگەڵ دیدگای باڵا دەستدا بگونجێت. لێکۆڵینەوەکانی شاختەر Schachter (1951) بەڕونی نیشانی ئەدەن ئەو کەسانەی کە بیروباوەڕی باڵادەستی گوپ پەیرەو دەکەن لە هەمووان قبولکراوترن. توێژینەوەکانی ئاش Asch (1951) دەری دەخەن بە چ شێوەیەك کەسەکان دیدگا ڕاگەیەنراوەکانی خۆیان دەگۆڕن، ڕەنگە بەم هۆیەوە کە نایانەوێ لەگەڵ جیاواز بوون لەوانی دی تووشی تێك چوون بن. گروپەکان کاریگەری دەخەنەسەر ئیدراکەکان و بیروباوەڕ و بەها و هەست و بڕیارەکان.

ئیروینگی جینس (1982) نیشانمان دەدات بە چ شێوەیەك گروپەكان لە ئاراستەی سازگاری و ڕێكەوتندا دەجولێن، ناكۆكیەكانیان پێ خۆش نییەو بە زۆری بڕیارگەلی لاواز وەردەگرن چونكە كەسەكان لە ناكۆكی لەگەڵ ئە وشتەی بیری لێدەكەنەوە كە خواستی ڕابەرەكانیانە دەترسن.

## ئایا تاكەكان بیروباوەڕی خۆیان پێكدەهێنن؟

تائێرە ئەشێت ئەوە ڕوون بووبێتەوە هۆكاری زۆر و ئالۆز هەن نیشانی ئەدەن بۆچی بڕوامان بەوە هەیە ئەنجامیدەدەین. هەموو ئەوانە لە بنەمایەكی سەرەكی كۆمەڵناسییدا بەشدارن: واقیعیەت بە چەشنێكی كۆمەڵایەتیی پێك دێت. ئێمە جیهان دەبینین، ئەزموون ڕاڤە دەكەین و بیروباوەڕ لە ڕێگەی ئەو دیدگایانەی لە كردەی دوولایەنە لەگەڵ ئەوانی تردا وەری دەگرین فێردەبین. ئەو كولتوورانەی فێری دەبین و دیدگاكانی پەیوەست بە پێگەكانمان (لە چینی كۆمەڵایەتیی هەتا پێگە لە ڕێكخراوە ڕەسمییەكاندا هەتا گروپەكانی تەمەن و تا خودی تەمەن) ئەوەی لە جیهاندا دەیبینین پێكی دەهێنن. ئێمە دەگۆڕێن بەڵام گۆڕان دەبێ لە زەمینەیەكی پانتایی ژیانی كۆمەڵایەتیماندا بێت. ئێمە گۆڕانمان بەسەردا دێت بەڵام بە كۆمەڵایەتیی بوونی یەكەمین قۆناغی منالێمان كە لەگەڵ گروپە نوێ و دیدگا نێیەكان هەڵس و كەوتدەكەین، یارمەتی دابینكردنی جێگیری بیروباوەڕەكانمان دەدات.

ئێستا باسەكەمان ئالۆزتردەبێت. ئایا باوەڕەكانمان دەرەنجامی ژیانی كۆمەڵایەتییمانە، یان ئایا ئێمە كۆنترۆڵمان بەسەر یاندا هەیە" كاتێك كاریگەری دیدگا بەسەر باوەڕەكانمانەوە دەرك دەكەین و تێ دەگەین بە چ شێوەیەك دیگا پەیوەندی نزیكی بەژیانی كۆمەڵایەتییەوە هەیە، پەیبردن بەوەی چ شتێك ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی ئێمە بیروباوەڕ و هزرەكانمان بهێنینە بوون دژوار دەبێت.



بەڵام كۆمەڵناسی دیدگایەكی ئالۆزە. ئەگەر چی هەندێ لە كۆمەڵناسان بیركردنەوەی مرۆڤ بە بەرهەمی كۆمەڵگا دەزانن، زۆربەیان، لانیكەم تاڕادەی توانا بە دروستكردنی دیدگاكان و بیروباوەڕی خۆیان دەزانن.

بۆ تێگەیشتن لەم توانابییە، دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەو بەڵگەیەی دەسپێكی ئەم بەشەمان بوو. خەڵكی باوەڕیان بەو شتە هەیە كە سوودی هەیە بۆیان. سوودمەند بوون بەندە بە ژیانی كۆمەڵایەتیمانەوە، بەڵام پەیوەندیشی هەیە بەو ئەزموونەی هەموومان لە ڕوبەڕوبوونەوەی پێگەكانی ژیاندا بەكاری دەهێنین. كردەكانمان ئەوەی دەیزانین و باوەڕمان پێیەتی تاقی دەكەنەوە. ئەگەر دیدگا و باوەڕەكانمان لە دەست گەیشتن بە ئامانجەكانمان یارمەتیمان بدەن، لەو كاتەدا ئەم ئەزموونە ئیجابیەو ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر باوەڕەكانمان. بەڵام ئەگەر كار ساز نەبن، ئەو كات ئێمە دەست دەكەین بە گومانكردن دەربارەی حەقیقەت و دروستییان. مرۆڤەكان ئەگەر چی لە ژێر كاریگەری هەمواندا (كۆمەڵ) دەبن، لە دەرەنجامدا ئەزموونگەران خۆیانن. بەڵام ئەوەی فێری دەبین لێی دەكۆڵینەوە و ئەگەر ئەوەی دەیزانین بیگۆڕین، ڕەنگە سەرەنجام لە شتێكدا گومان بكەین كە ئەوانی دی فێرمان دەكەن یان ڕەنگە ئەو گروپانەی دیدگاكانیان بۆ ئێمە كارساز و سوودمەند نین وازلێ بێنین.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەگەر چی نابێ نكۆڵی لە توانای ژیانی كۆمەڵایەتیی بكرێت، بەڵام تایبەتمەندی تایبەتی مرۆڤ هزراندن و ڕاڤەكردن و تەعبیركردنە. مرۆڤەكان لە جیهانێكدا دەژین كە مانای پێ دەبەخشن، پێناسەو تەحلیلی دەكەن و بیری لێدەكەنەوە. ئەم چالاكییە بەو مانایە كە هەرەچییەك فێرماندەكرێت وەرناگیرێت و قبوڵ ناكرێت بەڵكو لەوانەیە ( ببێتە جێی گومان، بگۆڕێت یان بە تەواوی ڕەتبكرێتەوە) زۆربەی جاریش هەروادەكرێت. ئێمە تاڕادەیەك بەرپرسی بیروباوەڕ و هزرەكانی خۆمانین ( هەرچەندە ژیانی كۆمەڵایەتیی ئێمە كاریگەریەكی

بەهێزی لەسەریان هەیە) چونکە ئێمە خاوەنی سیفەتی تایبەتی بیرکردنەوە و هزریشین.

### پوختە و دەرەنجام

کەوابوو، بۆچی ئەو شتەی ئەنجامیدەدەین باوەڕمان پێیەتی؟ ئێمە کۆمەڵایەتیی دەبین، دیدگاکانی کۆمەڵگا و گروپەکانمان وەردەگرین و جیهان لە دیدگاکانی شایانی قبوڵی خۆمانەوە دەبینین. تەمەنمان و گروپەکانی تەمەنمان بایەخی هەیە و نابێ نکۆڵی لە هێزی بە کۆمەڵایەتیی بوونی یەکەمین و دووەمین بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەربارەی ئەو شتەی فێری دەبین بیردەکەینەوە و بەکاری دەهێنین و تاقی دەکەینەوە، ئەم پرۆسەیە ئەگەری ئەوەمان پێدەدات هیچ نەبێ تاڕادەیەك، هزرەکان و بیروباوەڕە تایبەتەکانمان بهێنینەبوون.



# ئایا مرۆڤەکان ئازادن؟

## شیمانەی ئازادی لەکۆمەڵگادا

لە زۆربەی قۆناغەکانی ژیانمدا، بیرم لەبابەتی ئازادی کردۆتەوە. لە نەوجەوانیدا لە خۆم دەپرسی ئایا دەکرێ هاوکات بڕوات بە ئیرادەی خواوەند و بەئازادی هەبێت. کاتێ مێژووی جیهانم دەخوێندەوە، لەشەڕەکانی مرۆڤ بۆ ئازادی ئاگادار بوومەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، زانینی ئەوەی کە دەروناسی و کۆمەڵناسی لە ئەگەری بوونی ئازادی زۆر بە شێوەیەکی جیدی گومان دەکەن، منی نیگەران دەکرد. زیگموند فرۆید، کارل مارکس و ئەریك فرۆم چەند ڕەهەندێکی نوێی ئەم مەسەلەیان بۆ دەرخستم و خواستی مرۆڤیان بۆ ئازادی تێگەیاندم.

گرنگترین دەرەنجامگیری من لە تەواوی موتاڵاو بیرکردنەوەکانمدا ئەوەیە کە دەسنیشانکردنی ئەوەی مرۆڤەکان ئازادن یان نە ئەگەری نییە. رازی بوون بەم دەرەنجامە بۆ من سەختە بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە ئەو بابەتەیە فێری بووم. خوێندی کۆمەڵناسی پەیوەندیەکی زۆری بەم دەرەنجام گیریەوە هەبووە و کاریگەری لەسەر زۆربەی باوەڕەکانی ترم سەبارەت بە ئازادی داناوە. من سەبارەت بە سێ هزری تر تاڕادەیەك دڵنیام:

1. ئەگەر ئازادی بوونی هەیە، هەمیشە بەهۆی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی کە زۆربەی خەڵك زانیاریەکی کەمیان لەسەری هەیە، سنوردار دەکرێت.
2. زۆربەی خەڵك دەربارەی ئەوەی تاچ ڕادەیەك ئازادن روانگەیەکی زێدرۆیانەیان هەیە.
3. گرنگە خەڵك لە کۆمەڵگای ئەمەریکیدا بڕوایان هەبێت کەئەمەریکیەکان ئازادن و زۆرینەی نەتەوەکانی تر ئازاد نین.

خوێندنی کۆمەڵناسی زۆرێك لە خوێندکاران بە بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لەدەوروبەری بیروباوەڕەکانیان ناچار دەکات. کۆمەڵناسی یەکێکە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و دەبێت ئامانجی هەوڵدان بێت بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە: بۆچی بە شێوەیەکی دیاری کراو ڕەفتار دەکەن؟ بە خستە ڕوی پرسیارەکانی (بۆ)، گەڕانی هێزە کاریگەرەکان لەسەر تاکەکەسە — لە کۆمەڵناسیدا ئەو هێزانە کۆمەڵایەتین — و تێگەشتنی کردە لە زەمینەی ئەو هێزانەدا. شرۆڤە کردنی زیرەکانە فاکتەری ئەم پرسیارە لەخۆدەگرێت: تاچ ڕادەیەك خەڵك لە هەڵبژاردنەکانیاندا ئازادن؟

## مانای ئازادی و بەرپرسیاریەتی

بۆ ئەوەی بزانین تاچ ڕادەیەك کۆمەڵناسان بڕوایان وایە مرۆڤەکان ئازادن و بەرپرسی کردەوەی خۆیانن، دەبێت توێژینەوەی بابەتی دژواری چەمکی ئازادی و بەرپرسیارەتی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە تاووتوێ بکەین.

کاتێك کەسێ کارێك دەکات ئێمە پەسەندی ناکەین، چی ڕوو دەدات؟ توڕە دەبین و ئەو کەسە بەکەمترخەم و تاوانبار دەزانین. ئەم خواست بەمەبەستی تاوانبار کردنی کەسانیتر، بە هۆی ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن بەو مانایە دێت کەئێمە بڕوامان وایە کە ئەوان توانای زاڵبوون یان نەکردنی ئەو کردەوانەیان هەبووەو



زانایانە ئەوکارەیان ئەنجام داوە:"ئەو ئەیزانی چی ئەکات!" "ئەو ئەیزانی کەسانیتر دەڕەنجێن. ئەو گوێی پێ نادات" "خەتای مێردەکەی بوو وا دووگیان بوو." "نەخێر، خەتای خۆی بوو." بە واتایەك، ئێمە ڕق و کینەی خۆمان سەبارەت بەوەی بەرامبەرەکانمان ئەنجامی دەدەن بەو گریمانەیەی کەئەوان بەسەر کردەوەی خۆیاندا زاڵ بون، پشت راست دەکەینەوە. قازیەکانی دادگای نۆرێنبێرگ لە دوای جەنگی جیهان دووەم حوکمیان دا کەمرۆڤەکان بە شێوەیەکی نائەخلاقی کردەوەیان ئەنجامدابوو، و ئەم پاساوە کە ئەوان تەنیا فەرمانەکانیان ئەنجامداوە، شیاو نییە بۆ پەسەند کردن و رازیبوون. ئەوان بەهۆی هەڵبژاردنی ئەنجامدانی کردەوەیەکی شەڕخوازانە دژی مرۆڤایەتی بە تاوانبار ناسران: "ئەوان ئەیانزانی چی دەکەن و دەیانتوانی بڵێن (نا)."

نیزامی دادوەری لە هەر کۆمەڵگایەکدا بە شێوەیەکی گشتی پشت ئەستورە بەو بنەمایەی کە مرۆڤەکان کۆنترۆڵیان بەسەر کردەوە کانیاندا هەیە. دانپیانان بە شێتیدا مانای ئەوەیە کە ئەوان کۆنترۆڵیان نییە بەسەر کردەوەکانیاندا و لەبەر ئەمە بەرپرسی کارو کردەوەکانیان نین. ناردنی کەسەکان بۆ زیندان یان لە سێدارەدانیان بە هۆی سەرپێچیکردن بەزۆری بەگریمانەی ئازادی ئەوان ئەنجام دەدرێت. مەزهەبی ڕۆژئاوایی دیاری دەکات کە پاداشت و سزا لە دوای مردن بەگشتی بەهۆی ئەو هەڵبژاردنانەوەی کە لەژیاندا دەیکەین چاوەڕوانمانەو ئەم گریمانەیە بەو مانایە کەئێمە بەسەر ژیانی خۆماندا زاڵین.

چەمکی ئازادی و بەرپرسیارەتی، هەردووکیان پەیوەندییان بەزاڵبون بەسەر ژیانی خودی تاکەکەسەوە هەیە. بوونی ئازادی بەو مانایەدێت ئەوەی تاکەکان بیری لێ دەکەنەوە و ئەنجامی دەدەن، کۆنترۆڵ دەکەن. ئەوەی کە تاکەکان لێپرسراوی کردەوەکانیانن، مەبەست لێی ئەوەیە: ئەوان خاوەنی کۆنترۆڵن. مەبەست لە *کۆنترۆڵ* چییە؟ کۆنترۆڵی ژیانی خود واتای ئەوەیە کەتاکەکەس دەزانێت چ شتانێك

هەڵدەبژێرێت، ئازادی هەڵبژاردن و دواهاتەکانیشی دەزانێت و لە بارودۆخێکدایە کە چالاکانە ئەو هەڵبژاردنانە دەستنیشان بکات. ئازادبوون بە مانای ناسینی هەڵبژاردن، هەڵبژاردن و سەرەنجام کۆنترۆڵی لایەنگری خۆی بەپێی هەڵبژاردنەکەیە. ئەگەر ئەمە دیاری بکات مرۆڤەکان چین، دەتوانین بڵێین ئەوان ئازادن، یان بەر پرسی کردەوەکانیانن. کاتێکیش ڕای دەگەیەنین تاکەکان دەبێ لێپرسراویەتی کردەوەکانی خۆیان بگرنە ئەستۆ، مەبەستمان ئەوەیە ئەوان دەبێت تێبگەن کۆنترۆڵیان هەیە بەسەر کردەوەکانیاندا و دەبێت لەگەڵ ئەم واقیعیەتەدا ڕووبەڕوو ببنەوە کە کردەوەکانیان لە هەڵبژاردنی ئازادی خۆیانەوە سەرچاوەی گرتوە.

هەندێ جار مەبەستی ئێمە لە لێپرسراوبوون شتێکی ترە. بە زۆری ئەڵێین "مرۆڤەکان دەبێ ئازاد بن، بەڵام دەبێت بەر پرسیش بن." لێپرسراویەتی لێرەدا بەمانای شتێکی جیاوازە لە کۆنترۆڵی ژیانی تاکەکەس. بەو مانایە دێت کاتێك من کردەوە ئەنجام دەدەم، هەڵبژاردەکانی من نابێت تەواو خۆویستانە بێت، دەبێ کردەوەم لەگەڵ ئەخلاقی کۆمەڵایەتیدا سازگار بێت— بە کورتی دەبێت بەپێی ویژدان کردەوە ئەنجام بدەم. کاتێ من ئازادانە کردەوە ئەنجام دەدەم، دەبێ مافی خەڵکی لەبەر چاو بگرم — ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کردەوەکانم لێپرسراوانە بێت و دواجار بەو مانایە دێت کە دەبێت ئازادی لەگەڵ ڕێزگرتن لە مافی کەسانیتر هاورا بێت. ئازادبوون و بەرپرسانە ڕەفتار کردن بەو واتایە کە ئێمە دەبێت ئازادی خۆمان بە تێبینییە کۆمەڵایەتییەکان سنوردار بکەین.

کەواتە، *ئازادانە کردەوە ئەنجامدان*، بەو مانایەدێت کەسەکان بیرکردنەوە و کردەوەکانی خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن. *لێپرسراویەتی* بەرامبەر بەکردەوە بەو مانایەدێت کە ئەوان ئازادن. *لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارەتی* کردەوەکانی خۆیان بەو مانایە دێت کە ئەوان لەم راستیە ئاگادارن کە ئازادن و بەم راستیە رازین. ئەگەر کەسەکان *بەرپرسیارانە کردەوەئەنجام بدەن* بەو مانایە نییە ئەوان دەبێت ئازادبن،



بەڵکو بەو مانایە دێت کاتێك کردەوە ئەنجام دەدەن، دەبێت لەگەڵ کۆمەڵێك ڕێسا و یاسادا بیگونجێنن: ئازادی پەسەندە ئەگەر کردوەکان ئازادانە لەسنورێکی ئەخلاقی دیاریکراودا ئەنجام بدرێن.

## ئازادی وەك بەهایەك لە کولتووری ئەمریکادا

گومانی تیادانییە خەڵك لەوڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکادا بڕوایان وایە ئازادن و ئازاد بوون زۆر بایەخدارە بەڵام بڕوا بەئازادی، تاکەکەس ئازاد ناکات. لە ڕاستیدا، تێگەیشتن لەم خاڵە گرنگە کە بڕوا بوون بەوەی تاکەکەس ئازادە لەوانەیە ببێتە بەربەستی ئازادی، رەنگە لە ڕاستیدا رێگری بکات لەکۆنترۆڵی تاك بەسەر ژیانیدا. چونکە ئەگەر بڕوامان وابێت ئازادین بەبڕوای ئێمە پیچویست ناکات کە بۆ گۆڕینی ئەوەی دەبێتە لەمپەری بەدەست هێنانی کۆنترۆڵ بەسەر ژیانماندا، هەوڵ بدەین.

ئازادی بەلای زۆربەی ئەمریکیەکانەوە وەك راستیەك بەرچاو دەکەوێت. جەنگەکانمان بە ناوی ئازادیەوە ڕودەدات، کۆچبەران و پەنابەران لە گەڕان بەدوای ئازادیدا دێنە ئەمریکا، حوکمەت لەزۆرێك لەو کارانەی ئەنجامی دەدات بایەخ بە بانگەشەی بەرگری لە ئازادی خەڵك دەدات.

بەلای خەڵك لەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکادا گرنگە هەست بەوە بکەن ئازادن. لە ڕاستیدا، بەلای زۆرینەی خەڵکەوە گرنگە ئەو هەستەیان هەبێت. ئەمە بەو مانایە دێت ئەوان چارەنووسی خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن. ئەگەر ئێمە بڕوامان بەم شتانە نەبێت، زۆربەی ئەو شتانەی لە کۆمەڵگادا ڕوو دەدەات بەلامانەوە مانایەکی ئەوتۆی نابێت:"ئەگەر بەڕاستی ئێمە ئازادنین، جیاوازی نێوان کۆمەڵگای ئێمەو جیهانەکانی تر چییە؟" "شۆڕشەکانی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە پێناوی چیدایە؟"، "ئەگەر خەڵك بەڕاستی لێپرسراوی ئەوشتە نین کەئەنجامی دەدەن، ئێمە چۆن دەتوانین سزاکانی لە سێدارەدان بەشێوەیەکی ئەخلاقی پەسەند بکەین یان تەنانەت

زۆربەی سزاکان (مەگەر بەناوی چاکسازی یان دوبارە پەروەردە کردنەوە یان دەربڕینی تۆڵەسەندنەوەی ئاشکرا)؟" ئەگەر ئێمە ئازادو لێپرسراوی کردەوەکانی خۆمان نین، لەم کاتەدا ئایا ڕزگاری مانایەکی هەیە، ئایا ژیان مانایەکی واقیعیی هەیە یان ئێمە مافی خۆمانە شانازی بکەین بەو کارانەی ئەنجامی دەدەین؟ "ئەگەر من بەرپرسی کردەوەکانی خۆم نیم، لەو کاتەدا نابێت گرنگی بە ژیانم بدەم — هەرچی بێت، ئەمە لەڕاستیدا ژیانی من نییە."

بۆ هەر کۆمەڵگایەك گرنگە خەڵك خۆیان بە لێپرسراوی کردەوەکانیان بزانن، ئەو کاتەی ئەوان دەزانن چی دەکەن تا ئەو کەسانەی هەڵبژاردنەکانیان لەسۆنگەی خراپەکاریەوە سەرچاوە دەگرێت، سزابدات. کۆمەڵگا تەنها بەو هۆیەوە ئەرکەکانی(function) خۆی ئەنجام دەدات کە لەم چەشنە بیروباوەڕ و هزرە بوونیان هەیە و بەشێکی شیاوی دانەبڕاون لە کولتوور. ئازادی بەهایەکی سەرەکی و گرنگە لەکولتووری ئێمەدا و ئێمە بیروباوەڕ و ئەندێشەی زۆرمان هەیە کەبەرگری لە بوونی دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، پرسیارەکەمان هێشتا لە جێی خۆی ماوە: ئایا بەڕاست، مرۆڤەکان ئازادن؟



# روانگەی کۆمەڵناسی: هێزی کۆمەڵگا

## مەتەڵی کۆمەڵناسی

کۆمەڵناسان گرفتاری مەتەڵێکی گەورە بوون؟ ئەوان ئەخوازن باوەڕ بکەن ئایا مرۆڤەکان دەتوانن ئازادبن؟ لەگەڵ ئەوەشدا بەچاکی تێدەگەن کۆمەڵگای بەهێز لەڕوکەشدا چۆنە. کۆمەڵناسان حەز دەکەن بانگەشەی ئەوە بکەن کە "کۆمەڵگا تاکەکەس فۆرمەلە دەکات — شێوەی پێدەبەخشێت —، بەڵام تاکەکەسیش کۆمەڵگا فۆرمەلە دەکات." بەڵام کاتێك بەڕاستی دەگەینە ئێرە، بەدواداچوونەکانیان نیشانی ئەدەات کۆمەڵگا لە زۆر ڕێگەوە تاکەکەس فۆرمەلە دەکات بەڵام ئەو ڕێگایانەی بە هۆیەوە تاکەکەس کۆمەڵگا فۆرمەلە دەکات زۆر نادروستە. ئەمیل دۆرکهایم یەکێك لە پاڵەوانانی ئازادی بوو لە کۆمەڵگادا، توێژینەوەکانی نیشانمان دەدات تاچ ڕادەیەك کۆمەڵگا بەهێزە و و بەگشتی هیچ شتێك سەبارەت بەوەی ئازادی چۆن ئەگەری هەیە، باس ناکات— هەروەها باسی ئەوە ناکات بەچ شێوەیەك تاکەکەس دەتوانێت کۆنترۆڵی راستەقینە بەسەر ژیانی خۆیدا بەدەست بهێنێت و ئەوەش ڕون ناکاتەوە بە چ شێوەیەك دەتوانرێت کۆنترۆڵێکی راستەقینەی لەم چەشنە تەنانەت لەکۆمەڵگاشدا رێی پی بدرێت.

پیتەر برگر پێمان دەڵێت تاکەکەس شوێنکەوتەی کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییەکان، چینە کۆمەڵایەتییەکان، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، بەکۆمەڵایەتی کردن، ڕۆڵەکان

و گروپەکانە. لەگەڵ ئەمانەشدا لە نووسینەکانیدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە یەکێك لە ئامانجەکانی کۆمەڵناسی ئازادکردنی مرۆڤەکانە، ئەمەش لە ڕێگەی یارمەتی دانیان لە پێناو تێگەیشتن لەو کۆنترۆڵە جۆراوجۆرانەی فۆرمەلەیان دەکەن، بەدی دێت. بەم پێیە پرسێکی سەرەکی دەمێنێت: تا چەند ئازادی لەناو زیندانی بەهێزی کۆمەڵگا ئەگەری هەیە و نەشیاو نییە بۆ نەهاتنەدی؟ ئایا دەکرێت ئازادیەکی شایانی تێبینی بوونی هەبێت؟ مارکسیش ئارەزومەندی ئازادی و ڕەهایی هەموو مرۆڤایەتی بوو، لەتەواوی بەرهەمەکانیدا هێزی کۆمەڵگا بەسەر تاکەکەسدا نیشان دەدەات. مارکس بڕوای وایە ڕۆژێك کرێکاران بەسەرچارەنوس و ژیانی خۆیاندا فەرمانڕەوا دەبن، هەڵبەتە ئەم فەرمانڕەواییە دوای شۆڕش و سەرنگومبوونی سەرمایەداری دێتە ئاراوە. بۆیە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی مارکس هێزی گەورەی کۆمەڵگامان پێ دەناسێنێت و ئومێدێکی ئەوتۆ بۆ ئازادی و ڕەهایی هاوشان لەگەڵ خۆی ناهێنێت.

## بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێژە کۆمەڵایەتەکان و ئازادی

ڕەنگە باشتربێت تێڕوانینی کۆمەڵناسی دەربارەی ئازادی بە تێبینییەکی شیاوبۆ بەڵگە هێنانەوە کە (سی ڕایت میلز) لە (گومانی_وێناکردنی_ کۆمەڵناسیانە 1959social imagination)دا خستویەتیە ڕوو، درێژە پێ بدەین. میلز بەڵگە دەهێنێتەوە کەبیرکردنەوە لەروانگەی کۆمەڵناسی واتە بینینی خود لە شوێنگای کۆمەڵگا و مێژوو، واتە تێگەشتن لەوەی مرۆڤ لەبارودۆخێکی کۆمەڵایەتی دادەژی، ئەم دۆخەیش بەدرێژایی ساڵانێکی دوورو درێژ پێکهاتووە. ئێمە ڕەنگە ئەزموونەکانی کەسێکی دیاری کراومان هەبێت – هاوسەرگیری نەشیاو، قەرزاری، بێکاری، قەیرانی هەرزەکاری – بەڵام ئەگەر بمانەوێت تێ بگەین بۆچی ئەو کێشانە دەردەکەون دەبێت لەبوارێکی فراوانتری کۆمەلگادا ببینین. بابەت و کێشە تایبەتەکانی من تەنها کێشەو بابەتی من نین. من دووچاری هەمان گرفت دەبم کەزۆرێك لەکەسەکانیتر



لەپێگەکەی مندا گیرۆدەن پێی. ئەگەر من لەسەر دەمێکی تردا دەژیام، گرفتەکانم جیاواز بوو. ئەگەر چی هەموو کەسێك لە پێگەی مندا کێشەکانی منی نابێت، ناوەرۆکی کۆمەڵگای ئەمڕۆ، لەئێستادا بواری زیاتر دەرەخسێنێت بۆ رودانی ئەو کێشە تایبەتیانە کەئەگەری هەبو لەرابردودا ( یان لە کۆمەڵگای تردا) ڕوودات. ئەو مەسەلە تایبەتیەی هەر تاکێکی ئەمریکی بەڕەگەر ئەفریقایی لە ژیانی تایبەتیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەبەرئەوە بوونی هەیە کە نەفرەتی نەژادی، جیاوازی ڕەگەزی و نەبوونی بوار و هەلی گونجاو لەو کۆمەڵگایەی تیایدا لەدایك بوون، لەئارادایە. ژیان بردنە سەر لە کۆمەڵگایەك کە ئازاردانی منداڵ یان ژنان باو و ئاساییە و تەنانەت لەڕووی مێژوییەوە ڕێگە پێدراوە بەو واتایە دێت کەئێمە لەناو هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا دەژین کە زۆرێك لە ئێمە هاندەدات ئازاردەر یان قوربانی دەستی ئازاردەرەکان بین.

کێشە و بابەتە تایبەتیەکان پەیوەندییان بە ناوەرۆکی کۆمەڵگاوە هەیە. بۆ نمونە ژن و مێردەکان بە شێوەیەکی ڕێکەوت لەیەکتر جیانابنەوە، تاکەکان لەخۆوە خۆیان ناکوژن، یان دەست نادەنە تاوان و سەرپێچی. گەر بەم شێوە دەبو، هەمووساڵێك ئامارێکی جیاوازمان لەم جۆرە ڕوداوانە بەرچاو دەکەوت و دەبیست. لەڕاستیدا، ئەم جۆرە کێشە و گرفتانە بەڕادەی تاڕادەیەك شیاوی پێشبینی و سەقامگیر، ڕوو دەدەن. ئێمە دەزانین نزیکەی نیوەی هەموو پرۆسە هاوسەرگیریەکانی ئەمڕۆ سەرەنجام بە جیابوونە کۆتایی دێت چونکە هێزەکانی کۆمەڵگا ئەو ڕێژەیە دەهێننە بوون. ئێمە دەزانین لە سەد هەزار پیاو نۆزدەیان دەست دەدەنە خۆکوژی چونکە هێزە جۆراو جۆر و کاریگەرەکان لە کۆمەڵگادا ئەم ڕێژەیە لە خۆکۆژی دەخولقێنن. ئێمە لەکۆمەڵگادا ڕێژەی لەدایك بوون، مردن، کۆچ کردن، بێکاری، واز هێنان لەخوێندن، تاوان و سەرپێچی و دووگیانبوونی ئافرەتانمان_بەشێوەیەکی رێگە پێنەدراو_ هەیە. لەهەر کام لەم بابەتانە، ئاشکرایە

کۆمەڵگا هێزێکی بەهێزە و کاریگەری لەسەر بڕیاردانەکانی تاکەکەس هەیە. کۆمەڵگا، کۆبونەوەیەکی  بچوکی گەڕەك یان ناوچەیەك لەبەرچاو بگرە: بەها جۆراو جۆرەکان دەسنیشان بکە، ئەوکات باشتر دەتوانرێت تێ بگەین بۆچی کەسەکان لەو خالآنەدا بەو شێوەیە هەڵبژاردنەکانیان ئەنجام دەدەن. کەسێك کە هێزە کۆمەڵایەتییەکان بەگاڵتەدەگرێت، هەبوونیان ڕەت ناکەتەوە. بەئاسانی دەتوانرێت نیشان بدرێت کام هێزە کۆمەڵآیەتیانە پێویستن بۆ ئەوەی تاکەکەس بگاتە پێگەیەکی بەرزتر لەو کەسانەی کۆنترۆڵیان بەسەر کەسانیتردا هەیە.

*بوونی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێژە کۆمەڵایەتییەکان*، خاڵی دەستپێکردنە بۆ کۆمەڵناسان لە ڕوونکردنەوەی مەسەلەی ئازادی و بەرپرسیاریەتیدا. ئەوەی ئێمە لە کوێ و کەی لەدایك دەبین ئێمە ڕووبەرووی بابەتە کۆمەڵایەتی و ڕێژە کۆمەڵایەتییە دیاری کراوەکان دەکاتەوە و کاریگەری لەسەر ئەو ڕێگایانەی لەژیاندا دەیانگرینەبەر، دادەنێت. ئەگەر من لە گەڕەکێکی هەژار نشیندا، شوێنێك کە ڕێژەی دووگیان بوونی ئافرەتان لە تەمەنی خوار بیستساڵی زۆر بێت، لە دایك بوبێتم، ئەو ئەگەرەی ڕەنگە منیش لە خوار تەمەنی بیست ساڵیدا دووگیان ببم زیاترە. ئەگەر من لەدەرەوەی ئەو گەڕەکەدا لەدایك بوبێتم، ئەگەری ئەوەی روداوێکی لەم شێوەیە ڕوونەدات زیاترە. ئازادی؟ لەوانەیە، بەلآم ئێمە ئەو کۆڕو کۆمەڵە هەڵنابژێرین کە تیایدا لە دایك دەبین، و ئەگەر ڕووبەرووی ئەم بابەت و بەها کۆمەڵآیەتیانە ببینەوە، دەبێت هەموو هەوڵەکانی خۆمان بخەینەگەر تا لەرێگەیدا بڕۆینە پێش کەکەسانیتر بەسەلمێنرا و ئاشکرا لەقەڵەمی دەدەن

هەژاری یەکێکە لەو نمونانەی نیشانی دەدات بە چ شێوەیەك چارەنوسی تاکەکەس لە ژێر کاریگەری کێشە و بەها کۆمەڵایەتییەکاندایە. ئەگەر چی زۆرینەی خەڵك بەزۆری بڕوایان وایە هەژاری بۆیە لەئارادایە چونکە تاکەکان ئازادانە ئەو ڕێگایە هەڵدەبژێرن، بەلآم کۆمەڵناسان بەگەشتی بەمشێوەیە نالێن. بیرێکی لەم



شێوەیە "بە تاوان ئەژمارکردنی قوربانی" بۆ بابەتێکی کۆمەڵایەتی بەهەند وەردەگیرێت. چ کەسانێك هەژار دەبن؟ زۆربەی خەڵك لە هەژاریدا لە دایك ئەبن. زۆرێك لە منالآن هەژارن: 20\7 لەسەدی منالآنی تەمەن خوار هەژدەساڵ لەساڵی 1993، ٪41 ی منالآنی بەرەگەز ئیسپانی، ٪46 ی کۆی منالآنی ئەمریکی بەڕەگەز ئەفریقی. زۆرێك لەکەسانی هەژار ئەو ژنانەن کە تەنها سەرپەرشتیاری خێزانن یان قوربانی دەستی جیابوونەوە و تەلآقن (نزیکەی نیوەی هەموو خێزانە هەژارەکان ئەو خێزانانەن کەژنان سەرپەرەستی ئەوانیان لەئەستۆدایە بەبێ بوونی مێرد). زۆربەی هەژاران لەسالآچوان پێك دەهێنن. زۆریان بەشێکن لە کەمایەتیەکان (31\1 لە سەدی کۆی ئەمەریکاییانی بەڕەگەز ئەفریقی هەژارن. بەهەمان شێوەی 30\6 لەسەدی هەموو ئەمەریکیە بەڕەگەز ئیسپانییەکانیش). زۆربەی هەژارەکان کەسانێکن بەهۆی داخستنی شوێنی کارکردنەکەیانەوە بێکار بوون. زۆرێك لەوانە ئەو کەسانەن کەلە شارو ناوەندەکانی کشتوکاڵی سەرقاڵی کار کردنن و لە ئەنجامی گۆڕانی کۆمەڵایەتی خێرادا دواکەوتوون ( U.S.Bureau of the Census. 1995)

ئایا ئەو هەژاریەی یەخەی ئەو خەڵکەی گرتووە هەڵبژاردنی ئازادانەی ئەوانە؟ ئایا ئەو کەسانەی لەکۆمەڵێکدا گۆش کراون کە تیادا زۆربەی کەسەکان لەخوێندنی گشتی مەحروم دەبن ئازادانە وازهێنان لەخوێندن هەڵدەبژێرن؟ ئایا ئەو ژنانەی لە کۆمەڵێکدا گۆش کراون کەتیادا زۆربەی ژنانی خوار تەمەن بیست ساڵ دووگیان دەبن، بە ئازادی دووگیانی هەڵدەبژێرن؟ ئایا کەسەکان بێکاری هەڵدەبژێرن یان ژیان لەکۆمەڵگایەکدا دەزگای ئابووری تیادا لەرۆڵ دەکەوێت چونکە ناتوانێت سەرکەوتوبێت، ئازادانە هەڵی دەبژێرن؟ ئایا تاکەکان ژیان لەکۆمەڵگایەکدا کە تیایدا گروپی نەژادی ئەوان یەکێکە لەکەمایەتیەکان، ئازادانە هەڵی دەبژێرن؟ لەڕاستیدا، ئەگەر من لەکاری کشتوکاڵیدا گەورە بووبێتم، ئایا ئازادانە هەڵی دەبژێرم جوتیاربم

تا چارەنووسم دووخرانەوە لەبازاری کار و پیسە بێت تەنیا لەبەرئەوەی ناتوانم لەگەڵ کۆمپانیا و دەزگای گەورەی کشتوکاڵی کێبەرکێ بکەم؟

سەرباری ئەمانە، خەڵك هەژاری بەسەرچاوەیەك لەئیرادە دەزانن. بۆ نمونە جۆی فیگین joer. Feagin (1975) بیروباوەڕی ئەمریکیەکانی لەسەر فاکتەری هەژاری تاووتوێکرد و تێگەشت کە لە جیاتی فاکتەری کۆمەڵایەتی لەسەر ئیرادەی تاك جەخت دەکرێتەوە ئەمەش جێی سەرسوڕمان نییە. زۆربەی خەڵك هۆکاری وەکو "باش بەکارنەهێنانی پارە"، "هەوڵنەدان، نەبوونی لێهاتویی یان توانایی"، "بێ سەرو بەری ئەخلاقی و ئالودەبوون بە کحول"بە تایبەتمەندیەکانی جیاکەرەوەی دەزانن(زیاتر لە80 لەسەد لەهەبارەیەکەوە). بەدشانسی، خراپ کەڵك لێ وەرگیران، لاوازی پیشەسازی تایبەتی، جیاوازی ڕەگەزی و لاوازی ئاستی خوێندن بە شێوەیەکی شیاوی تێبینی کەم بایەخ تربوون (35 تا60 لەسەدی لەهەر بارەیەك). دیارە تا فاکتەر تاکەکەسیتر بوون، نمرەیەکی بەرزتری پێ درابوو.

تەواوی ژیانمان لەفاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە کاریگەری وەردەگرێت: بۆ نمونە، دەوروبەرمان، بەکۆمەڵایەتی بوون، چینی کۆمەڵایەتیمان، گروپە کۆمەڵایەتییەکانمان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانمان.

تایبەتیترین بڕیارەکانی ئێمە لەبەرچاو بگرە: بۆ نمونە هاوسەرگرتن. ئێمە بانگەشەکاری مافی هەڵبژاردنی ئازادانەین. بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی کاریگەریە فراوانە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر هەڵبژاردنەکانمان، تا چ ڕادەیەك هەڵبژاردنمان ئازادانەیە؟ لە ڕاستیدا ئێمە لە بڕیاردانی خۆمان بۆ هاوسەرگیری تا چ ڕادەیەك ئازادین؟ بێرت ئادامز (1979) یەکێکە لەکۆمەڵناسان، بە کۆکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانی خۆی تیۆریەکی ئامادە کرد کەتیایدا هەوڵ دەدەات ڕونی بکاتەوە چ فاکتەرێك کاریگەرە لەسەر ئەوەی ئێمە لەگەڵ کێ دا هاوسەر گیری دەکەین. هەڵبژاردنی هاوسەر لە هەموو ئەم فاکتەرانەی خوارەوە کاریگەری وەردەگرێت:



نزیکی فیزیکی ( ئێمە لەگەڵ کەسێك کە بەرێکەوت لەیەکێك لەژینگە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەدایە، پەیوەندی هاوسەرگیری دەبەستین)، کاردانەوەی کەسانی گرنگ سەبارەت بەم پەیوەندیە، لێکچون و نزیکی لە ڕوی ڕواڵەتی فیزیکی، لێکچونی کەسایەتی، نزیکی لە ڕوی بواری کۆمەڵایەتی (وەکو چین، نەژاد، گروپی قەومی و مەزهەب) نەبوونی خۆتێهەڵقورتاندنی ناسازگاری باوك و دایك، نەبوونی بابەتی سەرنج راکێشی جێگر، سازگاری و ئەوەی کە خەڵك هەست بکەن ئەم دووانە هاوسەرگیریەکی گونجاو پێك دەهێنن. ئادامز هۆکارە تایبەتیەکانیتریش دەژمێرێت (وەکو سەرنج ڕاکێشانی فیزیکی و حەزە هاوشێوەکان لە قۆناغی سەرەتای پەیوەندیدا)، بەلام من لێرەدا بەشێوەیەکی لەسەر فاکتەری کۆمەڵایەتی جەخت دەکەمەوە کە ناوکی سەرەکی تێورەکەی ئەویش پێك دەهێنێت. ئێمە رەنگە تاڕادەیەك هەڵبژاردنی ئازادانەمان هەبێت بەلام فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان هەڵبژاردنی ئێمە بەچەشنێکی بەرچاو سنوردار دەکەن.

## ئازادی: هزرو کردەوە

دووبارەی دەکەمەوە: ئازادی بەمانای زاڵبوونە بەسەر ژیانی خۆ، واتە کەسانیتر بەسەر ژیانی ئێمەدا دەسەڵاتیان نییە. ئازادی بەو مانایە دێت کە کۆمەڵگا و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی ژیانی ئێمە کۆنترۆڵ ناکەن.

بەمەبەستی تێگەشتن لەچەمکی ئازادی، پێویستە بیکەین بەدوو بەشەوە. یەکەم: ئەگەر مرۆڤ ئازادە، لەبیرکردنەوەی خۆیدا ئازادە. هزرو بەها و ئەو ڕێسایانەی من بڕوام پێیانە، تایبەتن بەخودی من — نەتایبەت بەکەسانیتر و کۆمەڵگا ئەو بڕیارانەی من لە زەینمدا دەیانگرم، بڕیارەکانی منن، ئەو راستیانەی بڕوام پێیانە، راستیەکانی منن. بەبێ ئازادی هزرو بیرکردنەوە، ئازادی کردەوە ئازادیەکی بوچ و بودەڵە، چونکە بە مانای کردەیی، ئازادی بەپێی ئەوەی کەسانیتر بڕوایان پێیەتی و ئەوەی

منیشان فێر کردوه، لەئارا دەبێت. بۆ نمونە ئەگەر من بانگەشەی ئازادی قسەکردن و نوسینم هەبێت بەڵام بیرکردنەوەیەك کە لەگوفتار و نوسراوی مندا شاراوەیە، تایبەت بەخۆم نەبێت، ئازادی قسەکردن یان نوسین بێمانایە. ئەگەر من بانگەشەکاری ئازادی پارەپەیداکردن بم بەڵام لە دەوری خۆم لە خواستی خەڵك کە دەخوازن پارە بە دەست بهێنن کاریگەری وەربگرم، لەو کاتەدا من چ ئازادیەکی راستەقینەم هەیە؟ خەڵك پێیان وتووم چی لە ژیانی خۆم بکەم.

لایەنی دووەمی ئازادی لەخۆگری کردەوەیە. لەوانەیە ئازادبم کەبیربکەمەوە بەڵام ئازاد نەبم بەپێی ئەوەی بیردەکەمەوە، کردەوە ئەنجام بدەم. رەنگە نەیاری حوکمەتی خۆم بم بەڵام ئەگەر نەتوانم بۆ نارەزایی دەربڕین لە سیاسەتەکانی ئەو کارێك بکەم، ئازادی من مانایەکی نییە. رەنگە بڕوام وابێت جل و بەرگ لەبەرکردن ڕاست نییە، بەڵام من ئازاد نەبم بەڕوتی بگەڕێم، ئازادی من بایەخێکی نییە. رەنگە بڕوام وابێت خوێندنی زانکۆ گرنگە بەڵام ئەگەر تواناو سەرچاوەی ئابووری پێویستم نەبێت، ناتوانم بچمە زانکۆ. پێدەچێت من بڕیار بدەم پزیشك، مافناس، مامۆستا یان مۆسیقار بم، بەڵام لە کردەوەدا، دەستگەشتن بە یەکێك لەم پیشانە پەیوەستە بەشتێکی گەورەتر لە بیرکردنەوەوە: پەیوەستە بەوەی ئایا من دەتوانم بەچەشنێکی کاریگەر لەسەر بنەمایی بیرکردنەوەم کردەوەئەنجام بدەم. رەنگە بڕوام وابێت پێدانی دەرفەتەکان بەمناڵەکانم گرنگە و بایەخدارە بەڵام ئەگەر فاکتەری مادیم بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە نەبێت، بە ئاسانی بیروباوەڕەکەم نابنە کردەوە.

ئەگەر چی تاکەکەس رەنگە تا ڕادەیەك ئازادی هزرو کردەوەی هەبێت، تێڕوانینی کۆمەڵناسی بەگشتی ئەوەیە کەشێوازە جۆرا و جۆرەکانی سنوردارکردنی ئازادی نیشان بدات. ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵناسان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هیچ جۆرە ئازادیەك بوونی نییە، بەڵام هەموو ئەوانە شێوازە جیاوازەکانی سنوردارکردنی



ئازادی بە هۆی کۆمەڵگا لە ڕێگەی بەکۆمەڵایەتیکردن، نمونە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە جیاوازەکان و کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی نیشان دەدەن. لە دووبەشی دواتردا، دووجۆر کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی، بەسەر هزر و بیرکردنەوە و کردەوەدا، تاووتوێ دەکەین.

## کۆمەڵگا و کۆنتڕۆڵی هزر

## *بەکۆمەڵایەتیبوون*

مرۆڤ لەگەڵ شتێکی جگە ڕەنگدانەوە سادەکان و حەزەکانی ژیان و توانایەکی تایبەت پێ ناخاتە سەر ئەم زەویە. کۆمەڵگا تاکەکەس دەگۆڕێت بۆ مرۆڤ، بە مانای دەستخستنی تایبەتمەندیەکانی تایبەت بەمرۆڤ دەگۆڕێت: تایبەتمەندیەکانی وەکو زمان، خودێتی و زەین. کۆمەڵگاش بەهۆی ئەو ڕێسا و هزرانەی کەوەك پێوەرەکانی کۆنتڕۆڵ بەسەر خۆدا دەیسەپێنێت، مرۆڤ بە کۆمەڵایەتی دەکات. کۆمەڵگا لەدروستکردنی ئەم تایبەتمەندیە مرۆییە و لە بەکۆمەڵایەتی کردنی ئەو ڕێسا و هزرانەی لە ناخی تاکدا دەڕوێن، یەکەمین دەسەڵاتی خۆی بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێت: واتە لەسەر بیرکردنەوە کاریگەری دادەنێت.

من لێرە دا باس لەتایبەتمەندیە کەسێتیەکان ناکەم، ئەمەش شتێکە کەدەروونناس ئارەزومەندە پێی. من بابەتی بۆماوەیی لە بەرامبەر ژینگەدا لە گەشەسەندنی کەسایەتیدا ناخەمە ڕوو بەڵکو پرسەکان دەربارەی هزرو بیرکردنەوە دەخەمە ڕوو: ئەو ڕێسایانەی تاکەکەس پەیڕەوییان لێدەکات لە کوێوە دێن؟ ئەو بیروباوەڕو بەهایانەی تاکەکەس بڕوایان پێیەتی لە کوێوە دێن؟ ئەو زمانەی ئەوان تێیدەگەن لە کوێوە دێت؟ ئەوان چۆن لە خۆیان تێدەگەن و بە چ شێوەیەك شوناس، هەڵسەنگاندنی خود و زاڵ بوون بەسەر خوددا دەهێننە بوون؟ بە چ شێوەیەك

توانای بیرکردنەوە بە وشەکان – قسەکردن لەگەڵ خۆدا – سەبارەت جیهان بەدەست دەهێنن؟

وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە تاڕادەیەك بە شێوەیەکی گشتی لەجیهانی کۆمەلایەتیدا دەدۆزرێنەوە کە تاکەکەسەکان تیادا لەدایك دەبن و تیادا گەشە دەکەن. هێزی کۆمەڵگا لەم واقیعیەتەدا دەتوانین ببینین کە لە چەندین لایەنی گرنگەوە کەسەکان لە شتێکدا بە کۆمەڵایەتی دەبن کە پێش دەرکەوتنی ئەوان، خولْقاوە.

## زمان و کۆنترۆڵی هزر

بەکارهێنانی زمان نمونەیەکی باشە لەم هێزە. ئاشکرایە کەسەکان توانای فێربوونی زمانیان لەکاتی لە دایك بووندا هەیە و دەنگ و وشەکان زۆر بەخێرایی لاسایی دەکەنەوە. ئەو زمانەی تاکەکان بەکاری دەهێنن پەیوەستە بە کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی(کارلێکی کۆمەڵایەتی) ئەوانەوە. ئەو وشانەی فێری دەبن – ژمارەکان و جۆری بەکارهێنان و هەروەها بایەخی بەکارهێنانی وشەکان بە شێوەیەکی گشتی – پەیوەستە بەو کۆمەڵگا و کۆمەڵە بچوکەی تیادا پەروەردە دەکرێن. ئەمانە دەبنە ئەو وشانەی کە بۆ دابەشکردنی واقیعیەت و بەمەبەستی تێگەشتن لە دنیای خود، بەکاری دەهێنن. ئێمە بە وشەکان دەبینین و بیردەکەینەوە. شتەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو زاراوانەی فێری دەبین دەبنە هۆکاری تێگەشتن. ئیدوارد ساپیر Edward Sapir و بنیامین لیۆرف benjamin lee whorf سالانێك لەمەوبەر ئەم ڕوانگەیان خستە ڕوو. ئەگەرچی هەندێك بە زێدەڕەویی لەقەڵەمی دەدەن، بەڵام زۆربەی کۆمەڵناسان پێی رازین:

جیهانی واقیعیی تاڕادەیەکی زۆر نائاگاییانە لەسەر عادەتەکانی زمانی گروپ دامەزراوە... ئێمە دەبینین و دەبیستین، لە ڕەهەندەکانیترەوە تا ئەندازەیەکی زۆر



بەم شێوەیە ئەزموون دەکەین، چونکە عادەتە زمانییەکانی کۆمەڵگەی ئێمە بارودۆخ بۆ هەڵبژاردنە دیاریکراوەکانی شیکردنەوە و لێکدانەوە ئامادە دەکەن. (Whorf, 1941;250)

تاکەکەس لە پارتێکی_کۆبوونەوەیەکی_ مەزهەبیدا فێری زۆر وشەی پەیوەستدار بەخواستە مەزهەبیەکان دەبێت، ئەو کاتەش لە پێگەیەکدا جێگیری دەبێت کە خەڵك لەو زەمینەدا ببینن. دەستەیەك لەبنەماڵەکان جیهان بۆ مەسیحی و نامەسیحی دابەس دەکەن، هەندێ بە بڕوا دارو بی بڕوا دابەش دەکەن، ئەوانیتر بە یەهودی و نایەهودی و دواجار هەندێکی تر بە موسوڵمان و کافر. ئەم وشانە (زاراوانە) دەبنە بنەمای بیرکردنەوە دەربارەی خەڵك. هەندێ لە ڕابەران بیرمان دەخەنەوە جیهان لە خەڵکی سپی پێست و ناسپی پێست پێك هاتووە، کەسانیتر زاراوەی بەهاداری زیاتر بەکاردەهێنن. چوونە قوتابخانە گشتیەکان واتای فێربوونی ئەو زاراوانەی کە ڕەوانگەی ئیچمە بۆ ئەو جیهانان دەکەنەوە کە پێشتۆ بۆ ئێمە نەناسرا بون و زانکۆش ئاشنامان دەکات بەو زاراوانەی کە بوارێکی تایبەتی زانستی (وەکو کۆمەڵناسی، فیزیا، دەروونناسی) بەردەوام بەکاری دەهێنن. ئەگەر ئێمە بچینە ناو جیهانی ماتۆڕسیکلەت سواران، یان دنیای هاو ڕەگەزبازان، یان بچینە ناو ئەنجومەنێك لە ئاسیا یان ئەفەریقا، هەست بەزمانێکی تازە دەکەین. جەخت کردنەوەیەکی تازە لەسەر ئەو شتەی ئەو کۆمەڵگا دیاریکراو لەدابەش کردنی واقیەت بەگرنگ لەقەڵەمی دەدات.

لەڕێگەی زمانەوەیە هەر کۆمەڵگایەك یان کۆمەڵێك، بەها و نۆرمە باڵادەستەکان پێك دەهێنێن. بیروباوەڕ و هزرەکان لە زاراوەکانی ناو زمانی فێربوودا دروست دەبن. جەخت کردنەوە لەزمان، بەجەخت کردنەوە لە بیروباوەڕ و هزرەکان کۆتایی دێت. بەم پێیە، لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێمە دا، ڕەنگە بەردەوام زاراوە گەلی وەکو کێبرکێ، سود و بەرژەوەندی، کەرتی تایبەتی، هەوڵی تاکەکەسی و دارایی بەکاربهێنین. لەدەوروبەری ئەم زاراوانەدا، کۆمەڵێك هزرو بیروباوەڕ لەسەرخۆ

دروست دەبێت وبەردەوام بەهێزتریش دەبێت. ئێمە رەنگە بیروباوەڕێکمان دەربارەی سۆسیالیزم هەبێت بەڵام ئەم جۆرە بیروباوەڕانە کەمتر بەهێزدەبن. ئەم جەختکردنەوانە لەزمان، یارمەتی هاتنە بوونی بەهاکانمان دەدەن، ئەو ڕێسایانەش بەهێزدەکەن کە دەبێت ڕێنیشاندەری کردەوەکانمان بن. تا چەند زمانمان جیاواز دەبوو ئەگەر لە تەکیەو خانەقایەك، زیندان، سوپا یان کێڵگەیەکدا ژیانمان دەبردەسەر و، چەندە بیروباوەڕ و بەهاو ئەو نۆرمانەی جەختمان لێ دەکردنەوە جیاواز دەبون.

## کولتوور و کۆنترۆڵی هزر

زمان تەنها سەرەتایەکە. بەو شێوەیەی زانیمان، هەر کۆمەڵگایەك، کۆمەڵێك، یان ڕێکخراوێکی ڕەسمی یان گروپێك، کولتوورێك – بیروباوەڕ، بەها و فۆرمەکان – دەهێنێتە بوون و فێری ئەو کەسانە دەکرێت کە دێنە ناویەوە و ئەم کولتوورە لە ڕێگەی هەوڵی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵایەتی کردن و لە ڕێگەی کردەوەی تاکەکانەوە گڕوتینی پێ دەدرێت. قوتابخانە، مەزهەب، تەلەفزیۆن و خێزان، لە فێرکردنی کولتووری کۆمەڵگا و کۆمەڵدا هاوکاری تاکەکەس دەکەن. تاڕادەیەك هەرشتێك کە ئێمە لە دەوروبەری خۆمان دەیبینین ئەو بیروباوەڕو بەها و نۆرمانە بەهێزدەکەن.

دەبێ ئارەزومەندی چ جۆرە مۆسیقایەك بین؟ ئەگەر چی هەندێك لە ئێمە گومان دەکەین مرۆڤەکان ئازادانە بەزەوق و سەلیقەی مۆسیقی دەگەن، هەرشیکردنەوەیەك ئەوەمان بۆ رون دەکاتەوە کە "قۆناغەکان" ی مۆسیقا بوونیان هەیە و ئەو قۆناغەی ئێمە تیا دەژین پەیوەندیەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەوەی ئێمە حەزمان لێیەتی. رەنگە ئێمە چەندین هەڵبژاردنمان هەبێت: بۆ نمونە ئەگەر لە دەیەی 1960 دا کە ئێمە نەوجەوان بووین، پێدەچێت گروپی دورز Doors مان خۆش نەویستبێت بەڵام گروپەکانی بیتلز Beatles و ڕۆڵینگر ستونز Rolling stones مان خۆش ویستبێت. ئەمڕۆ، لەوانەیە گروپەکانی ڕید هۆت چیلی پیپرز red hot chili peppers مان خۆش نەوێت و پەسەندیان نەکەین بەڵام پێدەچێت گروپی سپێنسەر بلو ئێکس بلوژن The john Spencer blues explosion مان خۆش بوێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بەچاکتر زانینی ئێمە لە نێوان ئەم گروپانەدا بایەخێکی ئەو تۆی نییە ئەگەر تێبگەین هەڵبژاردنە کانمان تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ جۆری ئەو مۆزیکەی جیلی ئێمە لە نیشاندانیدایە، سنور دار دەبن. بڕوانن لە دەرەنجامدا، لە جیهانی دەوروبەر ماندا چی ڕوو دەدات. لە قۆناغی مۆسیقای (ڕاك) ی ئێمە دا، کەسەکان زمانێك دەهێننە بوون لەگەڵ زاراوە و دەربڕینی نوێ کە خەڵك بەکاریان ناهێنن یان تێی ناگەن (نۆیز noise، ئیکس پریمنتڵ experimental، پیت pit) هەروەها زاراوە دیاریکراوەکان بۆ لێکدانەوەیان لەواقعیەت چەندین جار بەکار دەهێنن (ئامبینت ambiant، ڕاد rad، دی ڤی دی DVD). هەر جیلێك کۆمەڵێك لە بیروباوەڕ دەربارەی مۆسیقا و ژیان دەهێنێتە بوون و بەهاو نۆرمی دیاریکراو فێری تاکەکەس دەکەن. سەرەنجام، کاریگەری لەسەر زۆری ئەو شتانە دادەنێت کە تاك بیری لێدەکاتەوە و بەمشێوەیە بەسی ئەوەی تاك ئەنجامی دەدات، دەخاتە ژێر کاریگەریەوە.

لە ڕاستیدا، کاتێك ئێمە بیرمان بێتەوە کە مۆسیقا پیشەیەکە و پیشە بۆ پارە پەیداکردن دروست بووە، دەبێت بە گرنگی بەشێوازە جۆراوجۆرەکانیش بدەین کەپیشەی مۆسیقا کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەمان دەبێت تا بۆ موسیقای بەرهەم هاتو، پارە تەرخان بکەین.

مۆسیقا تەنها یەك نمونەیە. لەهەر گۆڕپانێکی ژیاندا ئێمە بڕوامان بە بیروباوەڕ و بەها و نۆرمەکان هەیە کە هەموویان لە کۆمەڵگادا بەرهەم دێن. ئێمە کولتووری خۆمان فێردەبین، بە حەقیقەتەکانی بڕوادار دەبین، بەڵام بە شێوەیەکیش رازی دەبین ئازادانە گەشتوینەتە ئەو حەقیقەتانە.

بۆ تاوێك دەتوانین دەرمانە نایاساییەکان لەبەر چاو بگرین. ئەوەی ئێمە سەبارەت بەدەرمانەکان باوەڕمان پێیەتی و بەگرنگ هەژماری دەکەین و ئەو بنەمایەی ڕێنیشاندەری ئێمە لەچۆنییەتی کردارمان بەرامبەر بەدەرمانەکانن و ئێمە لایەنگیریان لێ دەکەین، پەیوەستە بەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژین. بیر لەو کۆمەڵە فاکتەرە کۆمەڵایەتیانە بکەنەوە کەکاریگەری لەسەر ئێمە دادەنێن: ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژین، کۆبوونەوەکان، گەڕەك، گروپی تەمەنمان، چانس بۆ سەرکەوتنی مادی، سالآنێك کە قۆناغی لاوی خۆمانی تیادە گوزەرێنین، قوتابخانە، دۆستان، چینی کۆمەڵایەتیمان، کۆمەڵ و کۆبونەوە مەزهەبیەکانمان، پێشکەوتنەکانی خوێندن و ئەزموونمان لە کاردا. هەڵبەتە، ئێمە دەتوانین بەدەرمانەکان ڕازی نەبین، بەڵام ئەو هەڵبژاردنە هەڵبژاردنێکی تەواو ئازادانە نییە. ئێمە دەتوانین بە فرۆشتنی دەرمانە نایاساییەکان ڕازی نەبین، بەڵام ئەو هەڵبژاردنەش هەڵبژاردنێکی ئازادانە نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، بیرکردنەوەمان دەربارەی دەرمانەکان لەگەڵ زۆر لە بیروباوەڕەکانی ترمان پەیوەندی هەیەو هەموویان بەتوندی کاریگەری لە کۆمەڵگاوە وەردەگرن. بۆ نمونە، لەوانەیە ئێمە بەچەشنێك بە کۆمەڵایەتی ببین باوەڕ بکەین کە خۆشبەختی واتە بەرەو پێش چوون یان دەستکەوتنی پارەی زۆر، کە ڕێگاچارەی — گرفتە تاکەکەسیەکان، هەڵهاتنە، یان حەپ خواردن بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو گوشارانەی سەرچاوەیان لەژیانی مۆدێرن وەرگرتوە، کێشە نییە. کاتێك ئەم نمونە کۆمەڵایەتیانە لەبەر چاو بگرین، تێگەشتن لەوەی بۆچی زۆرێك لە تاکەکان ڕوو لەو دەرمانە نایا ساییەکان دەکەن، ئاسانە.



## کاریگەری کەسانیتر لەسەر چۆنییەتی بیرکردنەوە دەربارەی خۆمان

هەرگیز نابێ لە بیری بکەین بیرکردنەوە تەنها لەخۆگری هزر لەبەرامبەر ئەو جیهانەی لەگەڵیدا ڕوو بەڕوو دەبینەوە، نییە. ئێمە دەربارەی خۆشمان بیردەکەینەوە. دەربارەی خۆمان دادوەری دەکەین — ئێمە ئەوەی کە هەین و ئەنجامی دەدەین، ئارەزومەندین پێی با بەپێچەوانەوە. بە تێپەڕینی زەمەن و لەسەرخۆ مانایەك لە خۆمان بەدەست دێنین کە لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکیتر تاڕادەیەك جێگیرە. ئێمە شوناسێك دروست دەکەین: ئەوناوانەی کە خۆمانی پێ ناو دەنێین، بڕوامان پێیان دەبێت و بە بەرامبەری ڕادەگەیەنین. ئەم جۆرە شوناسانە دەبنە کەسێك کە ئێمە وا دەزانین ئەو کەسەین.

شوناسەکان و دادوەریەکان دەربارەی خۆمان، لە بۆ شاییەوە بەرهەم نایەن، ساویلکەییە گومان بکەین ئێمە ئازادانە پێیان دەگەین. خراپ کەڵکوەرگرتن لەمناڵێك دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو مناڵە روانگەیەکی نێگەتیف لەسەر خۆی پەیدا بکات و خۆی بە کەسێکی بێ بەها وێنا بکات. بەژدار بوون لە قوتابخانەیەکدا کە تاکەکەس ناتوانێت تیایدا پێشکەوێت دەبێتە هۆی ئەوەی لانی کەم تاکەکەس خۆی بە قوتابیەکی لاواز و لە زۆربەی لایەنەکاندا تەمەڵ وێنابکات. خۆ بینین لە ڕۆڵی پزیشك، مافناس، مامۆستادا، خۆ هەڵسەنگاندن بە جوان یان ناشیرین و خۆبە بەها یان بێ بەها زانین پەیوەندیەکی زۆری بە ژیانی کۆمەڵایەتیمانەوە هەیە. تێڕوانینمان دەربارەی خۆمان، دەرەنجامی بەکۆمەڵایەتیبوونمانە، نەك تەنها لە قۆناغی مناڵی بەڵکو لەهەر پێگەو پلەیەکی کۆمەڵایەتیدا. ئەمە کارێکی بە ڕێکەوت نییە، بەڵکو لە ئازادانە بیرکردنەوە دەربارەی خۆمان سەرچاوە دەگرێت. بیرکردنەوەمان دەربارەی خۆمان، هاوشێوەی بیرکردنەوەمان دەربارەی جیهانی دەرەوەمان، کۆمەڵایەتییە.

## کۆمەڵگاو کۆنترۆڵی کردە

بەردەوام هێنری دەیڤید تۆرۆ Henry David Thoreau م لە بیرە لە دوای ئەوەی بە هۆی سەرپێچی لە ڕەچاوکردنی یاسا کەوتە زیندانەوە، ڕایگەیاند چەندە لە گرتووخانەدا ئازادترە لەو کەسانەی کە لەدەرەوەی زیندانن:" بینم کە ئەگەر دیواریکی بەرد لە نێوان من و هاوڵاتیانی ترمدا بوو، دیوارێکی تریش لەئارادایە کە سەرکەوتن یان تێپەڕین لێی پێش ئەوەی ئەوان بتوانن بە ئەندازەی من ئازاد بن، دژوارە" (295: 1849). بەڵام تۆرۆ لە سنورێکی بچوکدا زیندان بوو – گومانی تێدا نییە ئەو ئازاد نەبوو. تۆرۆ دەیزانی ئازادی بە هزری ئازاد دەست پێ دەکات و هزری ئازاد واتە زاڵ بوون بەسەر ئەو شتەی تاکەکەس بیری لێ دەکاتەوە. ئەو، هێزی کۆمەڵگاکەی لە فۆرمدان بە پشتیوانی کردنی خەڵکی لە چاوی جەنگدا دەیبینی و بڕوای وابوو کە زۆربەی خەڵك لە دەرەوەی زیندانندا، تەنیا بەوەی حوکمەت بەوانی دەوت، رازی دەبوون. لەو بڕوایەشدابوو کە بیروباوەڕی لە خودی خۆی، وە تاڕادەیەك ئازاد لەدەسەڵاتی حوکمەت یان میدیاکانە. گەشتبووە ئەو بڕوایەی لە ڕێگەی سەرپێچی لە یاسا لەسەر بنەمای ئەو روانگە کردەوەی ئەنجامداوە. بۆیە بڕوای وابوو کردەوەی ئەو کردەوەیەکی ئازادانەیە. ئەو بەسەر هزر و کردەوەی خویدا کۆنترۆڵی هەبوو.

بەڵام دەستنیشانکردنی ئەوەی تۆرۆ ئازاد بوو زۆر سەختە. رەنگە هزرو بیرکردنەوەکانی دەرئەنجامی بیرکردنەوەیەکی ئازاد تر لەکەسانیتر بووبێت و کردەوەی ئەو لە دژی حوکمەت ئازاد تر لە کردەوەی زۆربەی کەسانی تر، چونکە دەیزانی چی دەکات و بەسەر کردەوەی خۆیدا کۆنترۆڵی هەبوو، دیاریشی دەکرد دەبی چ کردەوەیەك ئەنجام بدات تا لەسەر بنەمای هزری خۆی کردەوە ئەنجام بدات. بەڵام هەستکردن بەم خاڵەش گرنگە، زەمەنێك کە لەگرتوخانەدا بوو، ئەگەر



چی هێشتا دەیتوانی ئازادانە بیربکاتەوە، لە بەرامبەر کۆمەڵگایەکدا بوو کە چیتر ئازادی کردەوەی بەو نەئەدا. ەیتوانی دەربارەی هەرچی کە خوازیاریەتی بیربکاتەوە و ئەم بیرکردنەوەیە ئەیتوانی ئازاد تر لەوانی تر بێت،بەڵام نەیدەتوانی وەکو کەسانێك کە لە دەرەوەی زیندان بوون ئازادانە کردەوە هەڵس و کەوت بکات.

بەلای هەندێك فەیلەسوفانەوە، وەکو تۆماس هۆبز و ئیمانویل کانت، ئازادی لە پەیوەندی لەگەڵ بزاوتن دایە. تاکەکەس ئازادە ئەگەر بتوانێت بەبێ کۆنترۆڵی هێزەکان لە دەرەوەی خۆیدا بجوڵێت، کردەوە سنور دار ناکرێت. ئەو کاتەی خۆتێهەڵقورتاندن لەکردەوەکاندا دەکرێت، تاکەکەس ئازاد نییە. رەنگە کاتێك دەڵێین "ئازاد وەکو باڵندەیەك" مەبەستمان هەر ئەمەیە چونکە وادەردەکەوێت فڕین کارێکە کە بەهۆی هێزە دەرە کیەکانەوە کۆنترۆڵ ناکرێت.

لێرەوە دەگەینە شێوەی دووەم کە کۆمەڵگا لە پێناو زاڵ بوون بەسەرماندا بەکاری دەهێنێت: کۆمەڵگا، نەك هەر کۆنترۆڵی بەسەر بیرکردنەوەماندا هەیە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا سنوردارمان دەکات، ڕێنومایمان دەکات، وە ئەوەی ئەنجامی دەدەین و ئەوەی کە چۆن کردەوە ئەنجام دەدەین، کۆنترۆڵ دەکات. تەنانەت ئەگەر کۆمەڵگا ڕێگەمان بدات ئازادانە بیربکەینەوە ( گریمانێك کە لە ڕاستیدا دروست نییە)، کردەوە هەمیشە سنوردار دەبێت و کردەوەمان هەمیشە لەلایەن ئەو هێزانەوە ڕێنومایی دەکرێت کە جیاواز لە هەڵبژاردنی ئازادانەی تاکەکانن. هەندێ کەس بڕوایان وایە ئەم هێزانە لاوەکی و کەم بایەخن، بە تایبەت لە "کۆمەڵگای ئازادی ئێمەدا"، خەڵك، وەکو زۆربەی کۆمەڵناسان، ئەم جۆرە هێزانە بۆ هەموو کردە کاران actors زۆر بە گرنگ دەزانن. ئێمە لە جیهانێکدا کردەوە ئەنجام دەدەین کە تیایدا ئەوەی ئەنجامی دەدەین و ئەوەی بیری لێ دەکەینەوە، بەرهەمی شتێکی سەروتر لە هەڵبژاردنی ئازادانەی ئێمەیە.

## کۆنترۆڵی هزرو کۆنترۆڵی کردە

بێگومان کۆنترۆڵکردنی هزر و بیرکردنەوە یەکەمین هەنگاوە. بە ڕادەیەك کە کۆمەڵگا، خێزان، میدیاکان، قوتابخانە، کۆمەڵەکان و گوپە یەکەمینەکان ئێمە بە کۆمەڵاتی دەکەن تا بیربکەینەوە – بیروباوەڕ و بەها و نۆرمەکان وەربگرین و رازی بین – بە ئازاد زانینی ئەنجامدەری کردە actor دژوارە. هۆکەشی ئەوەیە کە کردەی ئازادانە بەو مانایە دێت ئەنجامدەری کردە خاوەنی کۆنترۆڵە، ئەگەر بیرکردنەوە بە هۆی کەسانیترەوە کۆنترۆڵ بکرێت، کۆنترۆڵ بەسەر خودا کەمتر بوونی هەیە. من دەچمە قوتابخانە، هەوڵی زۆر دەدەم تا سەر کەوتووبم: من وانەکان لەبەردەکەم، دەنووسم و وانەکان لەگەڵ خۆم و بەرامبەرەکانم باس دەکەم. بەڵێ، وا دەر دەکەوێت بەسەر ژیانی خومدا کۆنترۆڵم هەیە. بەڵام سەیری کۆمەڵگا بکە: جەختکردنەوەی لەسەر جۆرێکی تایبەتی لەخوێندن، لەسەر شێوازێکی دیاریکراو لەتاقیکردنەوە، شێوەی هەڵسەنگاندن لەو فێربوونە. لەماڵ، لە قوتابخانە، لە گەڕەك و لە چینی کۆمەڵایەتی و هاوڕێیان بڕوانە: جەختکردنەوەی ئەوان لەسەر فێرکردن بەمەبەستی دەستگەشتن بەسەرکەوتنی مادی، ئەو کەسانەی بۆ من نمونەن، بیرکردنەوەیان دەربارەی ئەوەی چ شتێك خوێندن و فێرکردنێکی باش پێك دەهێنێت. هەموو ئەم فاکتەرانەو فاکتەریتریش کاریگەریان لەسەر ژیانی من و هەوڵ دان بۆ گەشتن بە خۆشبەختی دەبێت. ئەم بیرکردنەوەش کاریگەری لەسەر کردەکانی من لە قوتابخانەدا دادەنێت.

هێربرت مارکۆزە لە (مرۆڤی تاك ڕەهندی –1964–) دا وێنەیەك لە کۆمەڵگای پیشەسازی مودێرنی ئێمە دەکێشێت و ئەوێ بەشوێنێك کەمیدیا گشتیەکان باڵادەستن بەسەر هزرو کردەوەدا، دەناسێنێت کە تیادا ناڕەزایی نەشیاو دەبێت بۆ بیرلێکردنەوە. مادیگەری و فراوانی، پەیامی سەرەکی میدیاکانە. هەموو ئەو شتانەی



لە ژیانماندا بەبایەخن پێمان دەڵێن و سەرەنجمان بە زۆرکردنی سامان ڕادەکێشن. پرسیارەکانی پەیوەست بە چۆنییەتی ژیان، ئازادی، یەکسانی و خۆشگوزەرانی گشتی مرۆڤ لە بیر دەکرێن. بە جۆرە نییە کە گروپێك لە پلاندانەران بڕیاربدات ئامانج دەبێت گەیاندنی ئەم پەیامە بێت. بابەتەکە زۆر ناسکترو ئاڵۆزترە: تەواوی ئەم پەیامە، هەموو ئەم بارودۆخە و بەها لاوەکی وسەلمێنراوەکان تەنهایەك پەیامی بنچینەیی و گرنگ دەنێرن و هەرشتێکیتر کپ دەکرێت. کردەی ئێمە بەم پەیامەوە پەیوەستە و زۆربەی ئێمە کردەکانمان بەلایەنی مادیگەری و خۆشگوزەرانیدا ڕێنوێنی دەکەین.

بگەڕێینەوە سەربابەتی بیرکردنەوە دەربارەی خودی خۆمان. ئەم خۆ وێناکردنە self- image چ دواهاتێکی پێیە بۆ ئەو شتەی ئێمە ئەنجامی دەدەین؟ ئەگەر من دەربارەی خۆم وەکو پیاوێك، دەربان و خزمەتکار، یان مامۆستای زانکۆ بیربکەمەوە، لەو کاتەدا وەکو ئەوان ڕەفتار دەکەم. ئەوەی من دەربارەی بەهای خۆم گومانم هەیە یان باوەڕم بە خۆم هەیە، لەوەی ئەنجامی دەدەم جیاوازیەکی زۆر دروست دەکات. جیمز باڵدۆ ڤین (18: 1963)، نوسەری ئەمریکی بەڕەگەز ئەفریقی، لەنامە بەناوبانگەکەیدا بۆ برازاکەی دەنوسێت "لە بیری نەکەی جیمز،....... تۆ تەنها بە ڕازی بوونی ئەوەی دنیای سپی پێستان بە (کاکای ڕەش) ناودەبات دەتوانی لە ناو بچیت." باڵدۆ ڤین تێگەشت کە شکست دەبێتە بەشی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە شکست خواردوو دەزانن. دژوارە کەسێك بۆ ئەو کردەوانەی راستەوخۆ لەخۆ وێنا کردنی نیگەتیڤی ئەو سەرچاوە دەگرن، بەلێپرسراو بزانین، خۆ وێنا کردنێك کە لەکردەی دو لایەنە لەگەڵ کەسانیتر دروست دەبێت و گەشە دەکات.

## دامەزراوەكان و كردە

ئەوەی كردەكان ڕێنومایی دەكات شتێكی زیاتر لە بیركردنەوەی ڕووتە. ئێمە بەم چەشنە فێردەبین چۆن لە ماڵەوە و گەڕەك و كۆمەڵگاماندا ڕەفتار بكەین. ئێمە فێر دەبین دوای ڕێوڕەسمێك بكەوین كە پێی دەڵێن دامەزراوە: ئێمە هاوسەرگیری ئەكەین چونكە كۆمەڵگا ئەم عادەتانەی بۆ ئێمە هێناوەتە بوون. ئێمە لەگەڵ ڕەگەزی جیاوازدا پەیوەندی دروست دەكەین، عاشق دەبین، ژن دەهێنین و شو دەكەین، منالمان دەبێت و جیادەبینەوە چونكە ئەمانە دامەزراوەی جۆراو جۆری خزمایەتی نین – یان ئەو ڕێگایانەی – كە كۆمەڵگا بە درێژایی ساڵانێكی زۆر بۆ كەسانێكی وەكو ئێمە دروستی كردووە تا شوێنیان بكەوین. ئێمە لەناو پاڵیوراوەكانی هەڵبژاردنەكاندا كەسانێك هەڵدەبژێرین و دەنگیان پێ دەدەین، ئێمە لە كۆبوونەوە حیزبیەكاندا بەژداری دەكەین، ئێمە دەچینە میوانی 1000 دۆلار (یان ئەوەی كە زیاتر باوە و نەفەری 25 دۆلارە) لە مەراسیمی مەزهەبی كریسمس بەژداری دەكەین، یان لە ڕۆژی شەمەدا دەچینە كەنیسە چونكە ئەمانە دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكانی ئێمەن. دامەزراوەی ئابووری، دادوەری، فێركاری، تەندروستی و خۆشگوزەرانیش لەئارادان. ئایا ئێمە ئازادانە سەیركردنی تەلەفزیۆن هەڵدەبژێرین یان بەو هۆیەوە ئەو كارە دەكەین چونكە ئەمڕۆ دامەزراوەیەكی سەرقاڵ كەری باڵادەستی ئەمریكیە.

## بەكۆمەڵایەتیبوون و كردە

ئێمە لێرەدا بەڵگەمان خستە ڕوو تا ئەو شوێنەی هزر ئازاد نییە و دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكان تاكەكاس ڕێنومایی بكەن و هەڵبژاردنە كەسیەكان سنوردار بكەن،



كردەی ئازادانە بوونی نییە. سێیەمین كاراكتەر(فاكتەر)ی سنوردارکەر كە پێویستە تاووتوێی بكەین، بەكۆمەڵایەتیبوونە.

بەكۆمەڵایەتیبوون پرۆسەیەكە دەرەنجامەكەی ئەوەیە ئێمە بە چەشنێكی گونجاو بۆ كۆمەڵگاكەمان بیردەكەینەوە و ڕەفتار دەكەین. بەكۆمەڵایەتیبوون لە ڕێگەی زۆر فاكتەرەوە ئەنجام دەدرێت: لە نمونەی گرنگترینیان باوك و دایك، برا و خوشك، هاوڕێیان، مامۆستایان، هاوپێڕان، كتێب، فلیم، دراوسێكان، نادیەكان، گروپەكان، پۆلیس و خاوەن كارەكانن. بۆ ئەوەی هەست بە گرنگی ئەم فاكتەرانە بكەین ئەوندە بەسە سەرنج بدەین كاتێك ئێمە هەڵس و كەوت دەكەین، ئەوان، ئەوەی پێیان خۆشە پاڵپشتی لێ دەكەن و ئەو هەڵس و كەوتانەی پەسندی ناكەن، جەختی لێ ناكەنەوە. ئێمە لە ڕێگەیەكی پڕ لەبەر بەستی خەندە و گرژ و مۆنی، پێداگری و گاڵتەكردن، وەسف كردن و كینە، سزا و پاداشت، نمرەی شیاو و نمرەی نەشیاو، بەرزبونەوە و دابەزینی پلەو پایە، دەوڵەمەند بوون و ئیفلاس بوون، بەدەست هێنانی پلەو پایە و چونە زیندان گوزەر دەكەین. لە ڕێگەی هەموو ئەمانەوە ڕێنوماییەكان كە بەرامبەرەكانمان پێداگری لەسەر دەكەن، فێردەبین. ڕەنگە جارێك پشتی تێ بكەین، بەڵام بۆ زۆربەمان زۆربەی كات پاداشت و سزاكان بەبایەخن.

بەكۆمەڵایەتیبوون پەیوەستە بە شتانێك زیاتر لەبەهێزكردن. بەكۆمەڵایەتیبوون لەو دەرفەتانەوە سەرچاوە دەگرێت كە دێتە بەردەممان. لە ڕێگەی كردەكانی كەسانیترەوە روبەروی هەندێ بابەت دەبینەوە و روبەروی هەندێ بابەت نابینەوە. باوك و دایك ئەگەری هەیە مناڵ بۆ خوێندنەوە هان نەدەن. ئەگەری هەیە هاوڕێیانیان بۆ بەكار هێنانی كحول و مادە سركەڕەكان هانیان بدەن. ئەگەری هەیە لەگەڕەكێكدا توندوتیژی لەئارادا بێت كە نەوجەوانەكان بۆ پێشێلكردنی یاسا هانیان بدات. بەكۆمەڵایەتیبوون تەنها بە هێز بوون نییە، بەڵكو كاریگەری زۆر ناسكی ئەو

دەرفەتانەیە کە بەهۆی هۆکارەکانی بەکۆمەڵایەتی بون نیشان دەدرێن. ئەم دەرفەتانە هەڵبژاردنەکانمان سنوردار دەکەن. زۆرێك لە دەرفەتەکانمان پەیوەستە بە چینی کۆمەڵایەتی و ئەندامێتی گروپی قەومی و جنسیەتەوە. ئەگەر دەرفەت بڕەخسێت، بۆ ئەگەرێك بۆ هەڵبژاردن لە ژیانماندا دەگۆڕێت و ئەگەر نەکرێت، هەڵبژاردن زۆر دژوارتر دەبێت. ئەگەر دەرفەت لەئارادا نەبێت، ئەگەر لە نێوان کەسانێکدا کە لە دەوروبەرمانن بوونی نەبێت، چۆن ئێمە لەناکاو بڕیار دەدەین بەو ئاراستەیەدا بڕۆین؟ ئەگەریش بە شێوەیەك بڕیار بدەین، چیمان بەسەردێت؟ ئەویش کاتێك کە لە جیهانێکدا دەژین کە بەشێوەیەکی ئاشکرا بەربەستی ڕێگای سەرکەوتنمانە؟

*نمونە سازی ڕۆڵ* لە بەکۆمەڵایەتیکردن ی پیاوان و ژناندا لە کۆمەڵگادا بەشێکی گەورەی هەیە. چۆن دەبێ ژنێك بڕیار بدات ببێتە پارێزەری دادگا یان پزیشك ئەگەر تەنها پیاوان بە دوای ئەم کارانەدا بڕۆن؟ بە چ شێوەیەك دەبێت ژن بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە منالّ بوون تەنها ڕێگای ژیانێکی ڕەزامەند نییە، کاتێك هەموو ئەو ژنانەی لە کۆمەڵگا دەیانبینێت و دەیانناسێت بەم ڕێگادا دەڕۆن؟ لە دەیەی 1950 دا کاتێك هێشتا لە قۆناغی ناوەندی بووم، چۆن ئەگەری بو هاورێکانی من بزانن کە ئەوانیش دەتوانن قارەمانی بالە و تۆپی پێ و، دکتۆر و ڕابەری سیاسی، سەرۆکی زانکۆ و دادوەری دیوانی باڵابن؟ تاڕادەیەك هیچ نمونەیەکی ژنانە لەم کار و پێگانەدا بوونی نەبوو.

کەوابوو زۆر گرنگە بەکۆمەڵایەتیبوون وەکو بەشێك لەشتێك لەبەر چاو بگرین کە کردەی مرۆیی ڕێنمومایی دەکات و لێرەشەوە ئازادی تاکەکەس سنوردار دەکات. بەکۆمەڵایەتیکردن لە ڕێگەی پاداشت و سزای هەڵس و کەوتی گونجاو لە کۆمەڵگادا فێرمان دەکات، بەکۆمەڵایەتیکردن لە ڕێگەی ڕەهایی و سنوردارکردنی دەرفەتەکانمان ڕێگا و هەڵبژاردنەکانمان سنوردارتر دەکات، و بەکۆمەڵایەتیکردن لە



ڕێگەی نمونە سازی ڕۆڵ یەکێکە لە ڕێگا گرنگەکان کە نیشانمان دەدات کە ئەنجامی چ کارێك بۆ ئێمە نەشیاو نییە بۆ بیرلێ کردنەوە.

هەژارترینی منالّان لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ئەمڕۆ بە نمونەگەلی ڕۆڵی جیاواز کە کاری پایەدار و ژیانێکی خێزانی و کۆمەڵایەتی جێگیریان هەبێت، گەورەدەبن. پیاوان بێ کارن و هەست دەکەن لە ژیاندا شکستیان هێناوە. بە چ شێوەیەك دەتوانرێت لە کۆبوونەوەیەکدا کە کەسانێکی کەم لە سیستمی فێرکردندا سەرکەوتوو دەبن، گرنگی قوتابخانە فێری منالّان بکرێت؟ چۆن دەتوانرێت منالّان بۆ سەرکەوتن بە کۆمەڵایەتی بکەیت کاتێك کە خەڵکی شکست خواردوو لە دەوروبەری خۆیان دەبینن؟ بۆ ئەو کۆمەڵە لە ئێمە کە شوێنمان گەرم و نەرمە ئاسانە گەورەکان بەکەمتەرخەم بزانین، بەڵام ئەوانیش قوربانی کۆمەڵگایەکن بەبێ نمونەکانی ڕۆڵ و ئەوانیش قوربانی هەژاری و ڕەگەز پەرەستین کە هەڵهاتن لێی تاڕادەکەك بەدور دەزانن.

## پێگە کۆمەڵایەتییەکان و کردە

سنورەکانی بیرکردنەوەی ئازادانە، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و بەکۆمەڵایەتیبوون، سنورەکانی کردەی ئازادانەن. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئەو پێگانەی تاکەکەس کۆنترۆڵ دەکەن بەهەمان شێوەیە. پێگەی چینایەتی لەکاتی لەدایك بووندا بە هەموومان دەدرێت و فێر دەبین بوون لە و چینەدا مانای چییە و چۆن دەبێ لەو چینەدا هەڵس و کەوت بکەین. ئەو کردانەی دەیانبینین و وەکو کردەکانی خۆمان هەڵیان دەبژێرین، ئەو کردانەن کە بۆ پێگەی چینایەتی ئێمە گونجاون. هۆگری و چالاکی لە سیاسەتدا کاریگەری لە چینەوە وەردەگرن. بەهەمان شێوە ڕەنگە جیابونەوە یان لەدایك بوونی ڕێگەپێنەدراو لەوەوە کاریگەری وەربگرێت. چاوەڕوانییەکانی ڕۆڵی ڕەگەزیی بەپێی چینی کۆمەڵایەتی جیاواز دەبنو

هەربەم جۆرەیە هەڵبژاردنی مەزهەب، پێشکەوتن لە خوێندندا، چاودێریە تەندروستیەکان، شێوازەکانی بەخێوکردنی مناڵ و ڕەفتاری تاوانکاریانە، هیچ نەبێت پەیوەستن بە چینەوە. ڕەفتاری سێکسی، تێکەڵاو بوون لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، ژیانی خێزانی، خواردن، خواردنەوە، عادەتەکانی جل و بەرگ لەبەرکردن و زمان– هەموویان کاریگەری لە چینی کۆمەڵایەتییەوە وەردەگرن.

چین، پەیوەندیەکی زۆری بە ئازادی هەڵبژاردنی تاکەکەسەوە هەیە لە ژیاندا. دەرفەتەکانمان لە ژیاندا لە ڕێگەی پێگەی کۆمەڵایەتیمانەوە فۆرمەلە دەبن. بۆ نمونە چین، کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو قوتابخانانەی تیایدا دەخوێنین و ئەو کارو پیشەیەی دەتوانین لە ژیاندا بۆ خۆمان لەبەر چاوی بگرین. هەڵبژاردنی گەڕەك و شوێن، پارێزەر و پزیشك بە شێوەیەکی بەهێز کاریگەری لە چینەوە وەردەگرێت.

بەلای زۆرێك لە خەڵکەوە، هەژاری داوێکە، قوتار بوون لێی دژوارە. هەژاری سەرنجی کەسەکان تەنیا بۆ زیندو مانەوە تەرکیز پێدەکات، لەسەر بەدەستهێنانی خۆراکی بخۆ و مەمرەو و شوێنێك بۆ ژیان. هەژاری دەبێتە هۆی لادانی گرنگی دان بە کارکردن بۆ دەستکەوتن بە ئارەزووە ماوە زۆرەکان، بە دەستهێنانی بڕوانامە، فێربوونی کارێکی ئابڕومەند، پاشەکەوتکردن بۆ ڕۆژی تەنگانە دەبێت. هەژاری بەلای زۆرینەی خەڵکەوە بە مانای پەیوەست بوون بە کەسانیترە بۆ مانەوەی خود. ئەو کەسەی هەژارە بە شێوەیەکی گشتی بەسەر ژیانی خۆیدا کۆنترۆڵی نییە. بەڵکو پەناگەو پشتیوانیکردن و خۆراك و پۆشاك و چاودێری پزیشکی، هەموویان لە دەستی کەسانی تردایە. ئاشکرایە کە پێگەی هەژاری پێگەیەکی کاریگەری وەرگر و هەژمونێکی تەواو بەهێزانەیە. ئەگەر کەسانێك کە لە ئاستی زیادەڕەوی کۆمەڵگادان، واتە توێژینەوەی دەوڵەمەندەکان بکەین، دەتوانین ببینین کە ژیانیان ڕێکخراوە. دەوڵەمەندان زیاتر لە هەژاران بەسەر ژیانی خۆیاندا کۆنترۆڵیان هەیە (چونکە



دەوڵەمەندان سەرچاوەی زیاتریان لایە بۆ ئەنجامدانی خواستەکانی خۆیان). بەڵام ئازادی واقیعی لەسەر بنەمای بیرکردنەوە و کردە هێشتا زۆر سنوردارە.

بابزانین کاریگەری رەگەز(جێندەر) چییە. ژن بوون یان پیاو بوون لە کۆمەڵگادا بە مانای فێربوون و ڕاهاتنی کۆمەڵێك لە ڕەفتارە گونجاوەکانە. ئایا کتێبەکەمان لە ئاستی سنگمان ڕادەگرین یان لە خوارەوەی خۆمان؟ ئایا لە هەڵس و کەوتە جنسیەکاندا ڕۆڵی ئەکتیف(چالاك) یان پاسیڤ(کاریگەری وەرگر) دەبینین؟ ئایا کاردەکەین کە لە بواری پیشەدا پێش بکەوین یا لەڕووی خێزانەوە؟ ئایا لە کۆلیژی بازرگانی خوێندن تەواو دەکەین یان لە کۆلیژی پەروەردە و فێرکردن؟ بزانن "پیاو" بوون بە چ مانایەکە: بەهێز، بە توانا، ئازا، لە ڕوی سێکسەوە چالاك–ئەکتف–پڕتاقەت، مەنتقی، کرداری، باڵادەست، سەربەخۆ، ئازاد، خۆڕاگر، یەکلایەنە، ڕکابەر، ئاژاوەچی. هەروەها چاوەڕوانیشمان هەیە کە "ژن، نەرموونیان، بەهەست و سۆز، سەلار، پابەندی ماڵ و خێزان، دایکانە، پاك، لەڕووی سێکسیەوە پاسیڤ، بەناز، میهرەبان، ڕواڵەتی، خاوەنی تێگەیشتنی غەریزی، تیژبین، هەستیار، خۆویست، مەزاجی و تاوتاوی، پەیوەست، خۆ بەکەم زان، شیرین، هێمن و ئارام و بەسۆز و دوربێت لە ڕکابەری. (Chaftez, 1982: 38–39). هەڵبەتە ئەمڕۆ ئەمانە رەنگە بیرکردنەوەیەکی سنوردار بێنە بەرچاو و زۆرێك لە ئێمە ئەمانەوێت باوەڕبکەین خەڵك وەها چاوەڕوانییەکیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، بیرکردنەوەی سنوردار هێشتا بەسەر ئەوەی ئێمە دەبین و ئەوەی پیاوان و ژنان لە ڕاستیدا ئەنجامی دەدەن و بیری لێ دەکەنەوە، کاریگەری دەبێت. ئێمە ناچارنین بەپێی ئەم نمونانە هەڵس و کەوت بکەین لە کاتێکدا دواهات(دەرهاویشتە)ەکان بوونیان هەیە. لەهەر بڕیارێکدا کە دەیدەین، کۆمەڵگا نیشانمان دەدات کە چ شتێك بۆ ڕەگەزی ئێمە گونجاو یان گونجاو نییە.

یەکێك لە شێوازە زۆر سەرنج ڕاکێشەکان بۆ تێگەشتنی هێزی جنسیەت ئەوەیە کە جیهانێکی تر وێنا بکەین:

جیهانێك وێنا بکە دوور لەجیاوازیە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕەگەزە جیاوازەکان. خێزانەکان چاوەڕوانییەکی یەکسانیان لە کوڕان و کچان هەیە. منالان هەردوو ڕەگەزی بوکەڵە، دەستکێشی بالە، فێرکردنی یاری تۆپی پێ و وانەکانی بالە دەخوێنن. تیپی تۆپی پێ قوتابخانە و گروپی هاندەر هەردوو تێکەلاون. کتێبەکان چەندین گروپی فراوانیان لە کەسایەتی پیاو هەیە کە بەو شێوازەی لە کولتووری ئەمەریکای سەدەی بیستەمدا (ژنانە) ناو دەبرێت و ڕەفتار دەکەن و کەسایەتیەکانی ژن کە بەشێوازی (پیاوانە) هەڵس و کەوت دەکەن. لە هەموو میدیاکاندا، پیاوان و ژنان بەیەك شێوە ڕەفتار دەکەن و جل و بەرگ لەبەردەکەن. زمان لە هەموو ئاماژەیەکی سێکسی "داماڵراو"ە. نەك هەرئەوەندەی جێناوەکانی نێر و مێ نەماون، بەڵکو بەڕادەیەك دەتوانیت کوڕانێك بدۆزیتەوە کە ناوی کچانە و کچانێك کە ناوی کوڕانەیان هەیە. لە نەخۆشخانە نیوەی پەرستارەکان پیاو و نیوەی پزیشکان ژنن. بەهەمان شێوە نیوەی سکرتێرەکان پیاو و نیوەی بەڕێوەبەرەکان ژنن. تا چ ڕادەیەك ڕەفتاری سوننەتی "ژنانە" و "پیاوانە" لە ژینگەیەکی وادا دەمێنێتەوە؟ (Wallace and Wallace ,1985 :356)

وێناکردنی جیهانێکی لەم شێوەیە و دواهاتەکانی بۆ کردەکانمان ناسینی هێزی جنسیەتە لە کۆمەڵگای ئێمەدا و دواتریش ناسینی هێزی پێگەکانە لە فۆرمەلەکردنی ئەوەی هەموومان دەبینە ئەوشتە.



## ڕۆڵەکان و کۆنترۆڵی کردە

بەهەمانشێوە کە لە بەشی پێنج دا بینیمان، پێگەکان، ڕۆڵەکان(role) لەگەڵ خۆیاندا دێنن و ڕۆڵەکان شانۆیەك پێك دەهێنن، کە دەدرێت بە تاکەکەس (ئەنجام دەری کردەی کۆمەلآیەتی) لە پێگەیەکی دیاری کراودا. ڕۆڵ، نیشانی تاکەکەسی دەدات کە لە پێگەیەکی دیاری کراو بە چ شێوەیەك هەڵس و کەوت بکات. بەهەزارەها پێگە لەکۆمەڵگادا بوونی هەیە: ڕێبوار، چێشتلێنەر، ئەفسەری پۆلیس، مێژوو نووس، یاریزانی تۆپی پێ، جێگری بەرپرسی کۆمپانیا، دەرهێنەری بەرنامەی تەلەفزیۆنی، وردەفرۆش، ڕوسپی(ئافرەتی سۆزانی)، تۆپ لێ دەر لە یاری باسکەدا، گۆرانی بێژی تاك سۆپرانۆ لە دەستەی گۆرانی بێژانی کەنیسە. ڕۆڵەکان لەم پێگانەدا بەئەنجامدەرانی نیشان دەدەن کە چ شتێك لەو چاوەڕوان دەکەن و چۆن دەبێت هەڵس و کەوت بکات. لە ڕاستیدا ئەوان نیشانمان دەدەن چۆن بیربکەینەوە و چ کەسێکین. دەرباز بوون لەم جۆرە ڕۆڵانە ئەگەری نییە.

پیربوون بەمانای چوونە ناو پێگەیەکەوە لە کۆمەڵگادا، کە ڕۆڵێك لەگەڵ خۆی دەهێنێت نیشانی کردەکار(بکەری) دەدات بە چ شێوەیەك هەڵس و کەوت بکات. وا وێنادەکرێت و دادەنرێت کە پێویستە پیرەکان لە ڕۆڵی کرێکار و هاوسەر لە بەژداری کردن لە کار و ژیاندا دورکەونەوە(واتە ئەو ئەرکانە نەگرنە ئەستۆ). دورکەوتنەوە لەکار لە ڕێگەی چەند قۆناغێکەوە ئەنجام دەدرێت: ڕێژەی ئەرکی نزم شیاوی چاوەڕوانییە، کارکەرانی تر چاوەڕوانی خانەنشینین، بەرزبونەوەی پلە ڕادەوەستێت و ئەرکەکان کەم دەبنەوە. خانەنشین بوون سروشتی و ڕاست دێتە بەرچاو. بەسالآچوان دەبێت ڕووبەڕووی لەدەست چوونی هاوسەر ببنەوە و دەبێ ئامادەبن کە تەنها و تەنها ژیان بەرنەسەر. بوون لە وەها پێگەیەکدا کۆمەڵێك چاوەڕوانی بۆ تاکەکان لەگەڵ خۆی دەهێنێت کە جیاوازە لەگەڵ هەموو پێگەکانیتر لە کۆمەڵگادا و

لەسەر ئەو شتەی هەموومان ئەنجامی ئەدەین کاریگەری زۆر دادەنێت. بینینی ئەوەی کە بەچ شێوەیەك هەموو پێگەکان کۆمەڵێك چاوەڕوانی تایبەت بەخۆیان هەیە، تاڕادەیەك ئاسانە: منالّی تازەبوو، منالّ، کەم تەمەن، نەوجەوان و هتد... ئێمە چاوەڕوانیمان لە خەڵك هەیە کاتێك کە لەم پێگانەدان، بەشێوازی دیاریکراو هەڵس و کەوت بکەن. ئەوەی هەموو ئێمە لە ژیاندا ئەنجامی دەدەین تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بەوەوەی کە لە کوێی کۆمەڵگادا جێگیربوین. (واتەلە چ پێگەیەکی کۆمەڵایەتیداین).

## کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و کردە

سەرەنجام، لە لێکۆڵینەوەی ئەگەری ئازادیدا، پێویستە بارودۆخی (تۆرۆ)مان لە بیربێت. کۆمەڵگا کەسانێکی وەکو ئەو سزا دەدات. ئەوان دەخاتە زیندانەوە تا نەتوانن بەو جۆرەی دەخوازن، کردەوە ئەنجام بدەن. بەم شێوەیە لەبەرامبەر کردەوەکانماندا: پاداشت یان سزایان دەدرێت. هەرشتێك لەوەی ئەنجامی دەدەین شوێن کەوتەی ئەو کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتیانەیە کە کەسانیتر بەسەر ئەو شتەی ئێمە ئەنجامی دەدەین، کردەوە دەکەن.

ئێمە بۆ سزادانی ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی یاساکانی کۆمەڵگا کردەوە ئەنجام ئەدەن و دەجولێنەوە، زیندان و سزامان هەیە، بۆ ئەو کەسانەی کە هاوڵاتیانێکی باشن بەرزبونەوە و ئیمتیازاتمان هەیە. باوك و دایك هاوار دەکەن، توڕەدەبن یان بەدەست دەکێشن بە پشتی منالّەکاندا یان ئەوان ناچار دەکەن هەست بەگوناح بکەن. ئەوان بە میهرەبانیشەوە قسەدەکەن، وەسف دەکەن و پاداشت دەدەن. هاوڕێیان، خێزانەکان، گروپەکان و کۆبوونەوەکان هەموو خاوەنی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتین کە هانی سازگاری دەدەن.



ئۆروینگ گافمن (1959) باس لەوە دەکاتەوە لە تەواوی کردە دوولایەنەیەکاندا ڕێسایەك هەیە کە چاوەڕوانیمان لێ دەکرێت جێبەجێیان بکەین، ئەگەر جێبەجێی نەکەین، کەسانیتر سزامان دەدەن. کە دەچینە ناو هەربارو دۆخێکی کۆمەڵایەتییەوە، ڕۆڵێك لەسەر شانۆ دەگێڕین و هەولّ دەدەین چۆنییەتی ڕۆڵی خۆمان کۆنترۆڵ بکەین. زۆربەمان هەست بەوە دەکەین کردەوە بریتیە لەنمایشکردنی ڕۆڵ، بەلاّم ئەگەر زۆر ناواقیعی بێتە پێش چاو– واتە ئەگەر دەربکەوێت ئەو خودەی کە خراوەتە ڕوو تەنانەت بۆ ئەو بکەرەی دەیخاتە ڕوو، واقیعی نییە– کەسانیتر دەربارەی خستنە ڕوی ڕۆڵ و کردەکار(بکەر)، دادوەری دەکەن و هەردوو ڕەت دەکەنەوە. هەر کەسێك کە کردەی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدات، ئەوە دەزانێت و ناچار دەبێت نمایشێك کەشیاوی باوەڕکردن بێت پێشکەش بکات. لەلایەکی ترەوە، کەسانیتر لەم کردە دوولایەنەدا– واتە ئەو کەسانەی دەربارەی خستنەڕوی ڕۆڵ دادوەری دەکەن– ناچاردەبن بەزۆربەی نمایشەکان رازی بن. ئەو خودەی ئەنجامدەری کردەی کۆمەڵایەتی دەیخاتە ڕوو، پەسەندی بکەن و پەرێشانی نەکەن یان شتانێك ئاشکرا نەکەن کە ڕەنگە ناوەرۆکی کەسی "واقیعی"ئاشکرا بکات. چونکە هەمووومان دەزانین کە ئەگەر کەسێك نمایشێك– ڕۆڵ خستنە ڕوو– ڕەت بکاتەوە، بناغەی کردەی دوولایەنە دەکەوێتە مەترسیەوە.

## هێزە کۆمەڵایەتییەکان و تاکەکەس: کۆبەندی

ڕوانگەی کۆمەڵناسی بەڵگەی بەهێز دەخاتەڕوو بەپشت بەستن بەوەی کە ژیانی مرۆڤەکان شوێنکەوتەی کۆنترۆڵە جۆراو جۆرەکانە لە کۆمەڵگادا. نمونە کۆمەڵایەتییەکان، وەکو بەکۆمەڵایەتیبوون کردەکانمان سنوردار دەکەن. ئێمە شوێنکەوتەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێژە کۆمەڵایەتییەکانین. بەکۆمەڵایەتیبوون

بەم مانایە، هەڵبژاردنی ئازادانە هەم لە بیرکردنەوە و هەم لە کردەدا سنوردار دەکات. بەچەشنێکی ڕونتر دەتوانین بڵێین کە:

1. هەموومان لەیەك کۆمەڵگادا و لەناو مێژوودا جێگیربووین. ئێمە لە هێزە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان، ئەوانەی لەو بڕگەدا بوونیان هەیە، کاریگەری وەردەگرین. بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بابەتە شەخسیەکان دروست دەکەن، ڕێژە کۆمەڵایەتییەکان rates دواهاتگەلێکیان بۆ هەموو هەڵبژاردنە تاکەکەسیەکانمان بەدواوەیە. هەم بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و هەم ڕێژە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی تاکەکەسدا دەردەخەن.
2. تێگەشتن لەم خاڵە گرنگە کە ئازادی بە مانای کۆنترۆڵ بەسەر ژیانی خۆدایە، هەم لە بیرکردنەوەو هەم لە کردەوەدا. ئازادی لەخۆگری ئەنجامی هەڵبژاردنی چالاکانەیە. کاتێك دەتوانین ئازادی لە ژیانی تاکەکەسدا دەستنیشان بکەین کە ئاشکرای بکات تاکەکەس دەبێتە هۆی بیرکردنەوە و کردەوە نەك هێزەکانی تری وەکو کۆمەڵگا.
3. کۆمەڵناسی جەخت دەکات کە ئازادی بیرکردنەوە لە ڕێگەی بەکۆمەڵایەتیبوون، زمان و کولتوورەوە سنوردار دەکرێت. هەم بیرکردنەوەکانمان دەربارەی جیهانی دەرەوە لە ئێمە و هەم ڕوانگەکانمان دەربارەی خۆمان کاریگەری وەردەگرن.
4. ئازادی کردە بە نەبوونی ئازادی بیرکردنەوە سنوردار دەبێت. ئازادی کردەوە بەهۆی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان،بەکۆمەڵایەتیبوون، پێگە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵەکان و کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە سنوردار دەبن.



## ئایا ئازادی بوونی هەیە؟

لە بیرتانە ئەم بەشەم بەم قسەیە دەست پێ کرد کە ئەگەری نییە بتوانین دیاری بکەین ئایا مرۆڤەکان ئازادن یان نا. ئەبێ ئاشکرابێت کە زۆربەی ئەوشتەی ئێمە ئەنجامی دەدەین لە کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت. هێزەکان ئێمە فۆرمەلە دەکەن(پێك دەهێنن) و زاڵن بەسەرماندا. بەڵام ئایا شتێك دەمێنێتەوە؟ ئایا ئێمە بە چ شێوەیەك ئازادین؟ ئایا دەتوانین ئاماژە بەخەڵك بکەین و بەڕاستی ڕای بگەیەنین: "ئەوان لێپرسراوی کردەوە کانیانن"؟

زۆربەی کۆمەڵناسان بابەتێکی زێدەڕۆیانە دەربارەی ئازادی دەست نیشان ناکەن. لەگەڵ ئەو هەموو گرنگیەی کە کۆمەڵگا هەیەتی، مرۆڤەکان بەجۆرێکن کە ناتوانرێت لە کۆمەڵگادا بۆ ڕۆبۆتێك بیانگۆڕین. هەموومان تاڕادەیەك بەسەر هەوڵەکانی ئەو کەسانەی خەڵك بە کۆمەڵایەتی دەکەن باڵادەست دەبین و هەندێکمان بەڕادەیەکی زۆر بەسەریاندا زاڵ دەبین. ئێمە، لانی کەم تاڕادەیەك لە دەوروبەری خۆماندا "چالاك" ین، دنیای خۆمان فۆرمەلە دەکەین، لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دنیادا کردەوە دەکەین و دەربارەی ئەوەی کە لەم دنیادا چی بکەین، بڕیاردەدەین.

بە چ شێوەیەك دەبێت ئەگەری ئازادی لەکۆمەڵگادا هەست پێ بکەین لەو کۆمەڵگایەی زیاد لە رادە سنوردارکەر دێتە بەرچاو؟ ئەمە بابەتێکی سادە نییە چونکە پێویستە جارێکیتر ڕۆڵی کۆمەڵگا لە دیاریکردنی تایبەتمەندیە مرۆییە بنەڕەتیەکانی خۆی، لەوانە ئەگەری ئازادی مرۆڤ هەست پێ بکەین.

ئێمە تا ئێرە بەڵگەمان خستەڕوو کە ئازادی لەخۆگری هەڵبژاردن لە ژیانی خۆمان و ئازادی هەڵبژاردن لەو بارودۆخانەی کە لەگەڵیاندا ڕوبەڕوو دەبینەوە، هەروەها بەدەستهێنان و وەرگرتنی پەیوەندیەکی ئەکتیڤ نەك پاسیڤ بەرامبەر بەدەوروبەرمانە. بە چ شێوەیەك دەتوانرێت تایبەتمەندی لەم چەشنە بهێنرێتە

بوون؟ ئەوە سروشت، یان غەریزە یان هێزە میتافیزیکیەکان نییە کە ئەم تایبەتمەندیە دەهێنێتە بوون. پێویستە جارێکی دی لەکۆمەڵگا بڕوانین. ئێمە لە جیهانێکدا لەدایك دەبین کە بەکۆمەڵایەتی بوون لە تەواوی ژیاندا ئەخوازێت. بەشێکی گەورە لەم بەکۆمەڵایەتی بوونە لەخۆگری بەکارهێنانی هێماکانە– لەوانە زمان. مرۆڤ لە ڕێگەی بەکۆمەڵایەتیبوونەوە فێردەبێت، ئەندامی کۆمەڵگا بێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فێردەبێت ئەو زمانەی فێری دەکرێت، تێی بگات ئەوکاتە بەکاری بهێنێت. ئێمە دەبین بە بەکارهێنەرانی هێماکان و بەم کارە توانایی بیرکردنەوە دەربارەی کردەکانمان، کردەکانی کەسانیتر و بەکۆمەڵایەتیبوون کە لەپەیوەندی لەگەڵ ئێمە دا ڕوودەدات، بەدەست دەهێنین. بیرکردنەوە لێرەدا کاراکتەرێکی سەرەکیە. بەبێ بیرکردنەوە ئێمە مەحکومین بەنیشاندانی پەرچە کردار. بە بیرکردنەوە دەتوانین زاڵ بین بەسەر ژینگەی سروشتی خۆماندا. ماکس ڤێبەر جەخت دەکاتەوە کە مرۆڤەکان بوونەوەرێکن کە مانا بەکردەکانی خود و کردەکانی کەسانیتر دەبەخشن. ئەوان هەست بەبکەر(ئەوکەسەی هەڵدەستێت بەئەنجامدانی کارێك) دەکەن و دەبنە ڕاڤەکەرانی جیهانی خۆیان نەك تەنها وەڵام دەرەوە بەو جیهانە. بیرکردنەوە لەزمان ئەو ئەگەرەمان پێ دەدات کردەکانمان بۆ ئەو بارودۆخانەی لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو دەبینەوە، شیکردنەوەمان هەبێت، هەڵبژاردنەکان تاووتوێ بکەین، ئەخلاقی بون و کاریگەری بەخشینی ئەوەی لە ناو خەڵکدا دەگوزەرێت، هەڵسەنگێنین، دەربارەی دواهاتەکانی ئەوەی ئەنجامی ئەدەین تێڕابمێنین، زانست و بارودۆخەکانی رابردو بۆ بارودۆخی ئێستامان بەکار ببەین وە بیرکردنەوە و هەستی کەسانیتر کە لەگەڵیاندا کردەی دولایەنە ئەنجام دەدەین، هەست پێ بکەین. ئەم توانایيە بیرکردنەوە بەزاراوەکانی شیاوی ئاوڕلێدانەوەیە چونکە ئەو ئەگەرەمان پێ دەدات لەپەیوەندی هۆ و ئەنجامی کۆمەڵایەتی کە تا ئێستا لەم بەشەدا رونم کردۆتەوە، رزگارمان بێت.



هیچ کۆمەڵناسێك نکوڵی لە هێزی بەکۆمەڵایەتیکردن، پێکهاتەکان، کولتوور و دامەزراوەکان ناکات. بەڵام کاتێك ئێمە توانای بیرکردنەوە بەسەریاندا زیاد دەکەین، شوێنێك بۆ هەڵبژاردنی ئازادانە بوونی دەبێت. ئەگەر ئازادی بە توانایەکی ئەنجامدەری کردە بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی خۆمان پێناسە بکەین. ئەم توانایی بیرکردنەوە پێش مەرجێکە. زۆربەی کەسانێك کە بانگەشەی ئەوە دەکەن مرۆڤەکان ئازادن، بیرکردنەوە بە یەکێك لەلایەنە سەرەکیەکانی ئەو ئازادیە ئەژمار دەکەن. ستیڤن لیوکس (52: 1973) کەسێکی خود موختار و سەربەخۆ بە کەسێك وەسف دەکات کە "ئەوفشارو نۆرمانەی کە لەگەڵیاندا روبەروە ئاگایانە هەڵسەنگاندن و رەخنەیان لێبگرێت. بیروباوەڕو هزرەکانی فۆرمەلە دەکات و بە بڕیاردانی پراکتیکی دەگات لە دەرەنجامدا بیرکردنەوەی سەربەخۆ و عەقڵانی." من بڕیاردەدەم، من هەڵدەبژێرم، من ڕێگای جۆراو جۆر لەبەرچاو دەگرم. ئەم پەیوەندیە عەقڵانییە لەگەڵ دەوروبەرو کردەی خۆمان بۆ چەمکی ئازاد بوون بایەخێکی سەرەکی هەیە. لەبری ئەوەی کە کەسانیتر هەڵس و کەوتەکانمان فۆرمەلە بکەن، ئێمە بەخۆمان دەڵێین پێویستە چی بکەین. تەنانەت ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵگادا سازگار بین، سازگاریش دەتوانێت لەم جۆرە بیرکردنەوە وهەڵبژاردنەوە سەرچاوەبگرێت.

گافمن (1961) مرۆڤە چالاکەکان وەسف دەکات کە ڕۆڵ دەگێڕن و هەڵدەبژێرن و خۆیان و بەرامبەریان هەڵدەسەنگێنن، لە هەندێك ڕۆڵ خۆیان بەدوردەگرن، ڕۆڵەکان فۆرمەلە دەکەن، بارودۆخەکان کەرت و دابەش دەکەن و تیادا ڕۆڵ دەگێڕن. گاری فاین (1984) باس لەوە دەکاتەوە دەربارەی ڕۆڵەکان گفتوگۆ دەکرێت، هەڵس و کەوتەکان نەگۆڕنین بەڵکو لە کردە دوولایەنییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن کە بەرهەمی هەڵس و کەوتەکانی دوولایەنەی تاکە کەسەکانە. کۆمەڵگا درامایەکی ئەکتیڤە. مرۆڤەکان، بەهۆی کۆمەڵایەتی بوونەوە لانی کەم ڕێژەیەك لە کۆنترۆڵ لەجیهانی کۆمەڵایەتی وەردەگرن و تاڕادەیەك دیاری دەکەن کە

ئەوان بە چ شێوەیەك بیربکەنەوە و کردەوە ئەنجام بدەن. ئەمە هەمان چەمکی خودە لە تیۆری جۆرج هێربرت میددا (1934): بوونی خودێك بەو مانایە دێت تاکەکەس خاوەنی کۆنترۆڵە. بەچاوپۆشین لە بایەخی ژینگەی کۆمەڵایەتی، ئەم جۆرەکەسانە دەتوانن ئەو کاریگەریە تاڕادەیەك ڕاست بکەنەوەو بەخۆ بڵێن کە دەبێ چی بکەن.

ئازادی بە مانای نەبوونی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیو بەکۆمەڵایەتی بوون، نییە. بەڵکو ڕێنومایی خودە self- direction لە گۆڕەپانێکی فراوانتری کۆمەڵگادا. کۆتاییهێنان بەژیانێکی ڕێکخراو(سیستماتیزە کراو)، کۆتایی هێنانە بە ژیانی مرۆڤ. دۆرکهایم بە شێوەیەکی قایلکەر بەڵگە دەخاتە ڕوو کە ئازادی بۆ مرۆڤەکان تەنها دەتوانرێت لە زەمینەی نەزمی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیدا بوونی هەبێت. ئازادی زاڵ بوون بەسەر خۆدا self- control لە چوار چێوەیەکی فراوانتر لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدایە. بەبێ ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی پەرێشانی و بێ سەروبەری بوونیان دەبێت. لە بێ سەرو بەریشدا ڕێسا و یاساکان بوونیان نییە. هەرچەندە ڕەنگە ئەم قسەیە خەیاڵی دەرکەوێت، بەبێ بوونی یاسا و ڕێسا بەسەختی دەتوانرێت شتێك جگە لە ململانێی کۆمەڵایەتی، هێزی دامەزراو لەسەر زۆر و بوێری بە ئازادی هەرکەسێك جگە خۆی گومان بکرێت.

ڕەنگە یەکێك لە ڕێگاکانی گومانکردن لە ئەگەری ئازادی لە کۆمەڵگادا ناسینی ئەم کارەبێت کە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی سنورێکی بەرفراوان دیاری دەکات کە هەموومان لە ناویدا کردەوە ئەنجام دەدەین و لە چوارچێوەکەیدا تاڕادەیەك ئازادی هەڵبژاردنمان هەیە. ڕێکخراوێکی نەشیاو بۆ نەرمی نواندن، وشك و بەبێ نەرمی و خاوەنی چاودێری گشتگیر لەسەر ئەنجامدەری کردە ناتوانێت بوونی هەبێت. بۆیە ئەگەر چی ئێمە کۆمەڵگایەکمان هەیە پێمان دەڵێت بۆ ئەوەی پێشبکەوین دەبێ بچینە زانکۆ و هەوڵ بدەین وانەی پراکتیکی ببینین. هەریەك لە ئێمە تاڕادەیەك



دەتوانێت دەستنیشانی ئەوە بکات لە چ بابەتێکی تایبەتدا کار بکات. ئەگەر چی بە ئێمە دەوترێت هاوسەرگیری گرنگە و ئێمە دەکەوینە ژێر کاریگەریەوە کە لەگەڵ کەسانێکی دیاری کراودا هاوسەرگیری ئەنجام بدەین، تاڕادەیەك ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەرمان هەیە. ئەگەر چی وادێتە بەرچاو کە هەموو شتێك پێمان دەڵێت نمرەی زانکۆ بەدەست بهێنین، کۆلیژێك دیاری بکەین داهاتویەکی مادی دڵنیاکەر دابین بکەین، ئێمە هێشتا تاڕادەیەك مافی هەڵبژاردنمان لە نێوان وەرگرتنی دوو یان سێ زانکۆ، لەنێوان دوو یان سێ کۆلێژ مان، هەیە.

پێویستە ئەو شتەی کە چەقی سەرەکی باسەکە بووە لەسەراسەری ئەم بەشەدا ڕون بکەینەوە. ئازادی، ئەگەر هەبێت، دەبێ ڕێژەیی لەبەر چاو بگیرێت، ئازادی هەرگیز ڕەها نییە. هیچ کەس ناتوانێت بە تەواوی ئازاد بێت. هیچ هەڵبژاردنێك ناتوانێت تەواو ئازادانە بێت. هیچ هزرێك یان کردەوەیەك ناتوانێت تەواو ئازاد بێت. هەمیشە سنورەکان بوونیان هەیە. هەندێجار ئەم سنورانە گەورەن، هەندێجار زۆر گرنگ نین. لە هەمووشی گرنگتر بۆ کۆمەڵناس و بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە هۆگری تێگەشتن لە ئازادین، ئەوەیە هەندێ لە کەسەکان لەوانیتر ئازادترن، هەندێ کۆمەڵگا ئازاد تر لە کۆمەڵگاکانی تر و هەندێ بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئازادی دەگەیەننە چڵەپۆپە و هەندێ بە توندی سنورداری دەکەن. بۆ نمونە، چاودێری لەلایەن گروپێکەوە ئازادیەکی کەمتر بەتاکەکەس دەدات تا بەژداریکردن لە چەندین گروپدا. دەسەڵات بایەخی زۆری هەیە: ئەگەر دەسەڵات توانایی بەدی هێنانی ئیرادەی خودە لە پەیوەندی لەگەڵ بەرامبەرەکان، کەوابوو کەسانێ کەبێ دەسەڵاتن ناتوانن دەستیان بە ئامانجەکانیان بگات. ئەوان بێ توانا و پەیوەست بە کەسانیترەوەن، ژیانیشیان ناتوانێت تایبەت بە خۆیان بێت. ئەگەر تاکەکەس هەژارە، کەواتە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا زۆر ئازاد نییە. ئەگەر تاکەکەس لە کۆمەڵگایەکدا دەژی کە تیادا حکومەتێکی تۆتالیتار لەئارادایە، لەو کاتەدا ناتوانێت زۆر ئازاد بێت.

ئەگەر تاکەکەس لە کۆمەڵگایەکدا دەژی کە تیادا کۆمپانیا گەورە سەرمایەدارەکان دیاری دەکەن چ کەسانێ کار بکەن، دەبێ بەچ بیروباوەڕێك رازی ببین، دەبێ خەڵك چ بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی تەماشا بکەن و ئەو بەهایانەی خەڵك دەبێت بڕوای پێیان هەبێت تا لەژیانێکی سەرکەوتو و مانادار کەڵك وەربگرن، لەو کاتەدا ئازادی تاك بەگشتی ئەگەری نابێت.

## پوختەو دەرەنجام

کۆمەڵناسی روانگەیەکی سادەنییە، وەڵامەکانی هەمیشە ئاڵۆزن. هەمیشە شێوازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەسەر مرۆڤدا هەن و سنورە گرنگەکان دەسەپێنن بەسەر ئازادی دا. نکۆڵی کردنیان بیرکردنەوەیەکی ساویلکانەیە. لە ڕاستیدا، ئەگەر بمانەوێت تێبگەین و بزانین کە ئێمە کێین و بۆچی بە چەشنێکی تایبەت و دیاریکراو هەڵس و کەوت دەکەین و بیردەکەینەوە، پێویستە هەست بەبایەخی ئەمانە بکەین. لەگەڵ ئەمانەشدا تاڕادەیەك ئازادیمان هەیە. وەك وتم ئەگەری نییە بتوانرێت ئەمە جێگیربکرێت، بەڵام ئەگەر ئێمە ناوەرۆکی مرۆڤ لەبەر چاو بگرین بەشتێکی شیاوی ئەگەر دێتە بەرچاو. تێڕوانینی کۆمەڵناسی لە زەمینەی ئەگەری ئازادی دەگەڕێتەوە بۆ بابەتێکی سادە بەڵام زۆر قوڵ: زمان، هزر و شوناسی تاکەکەسی self hood بۆ ئازادی گرنگە و هەموو ئەمانە ئەو چەندایەتی و چۆنییەتیانەن کە لەکۆمەڵگاوە سەرچاوەیان گرتوە. ئەوانە لە کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە دەردەکەون، ئەوانە یەکێك لەلایەنە بنەڕەتیەکانی بەکۆمەڵایەتیبوونی ئێمەن.



# بۆچی هەمووان ناتوانن وەکو ئێمە بن؟

## مەسەلەی ئێتنۆ سێنتەریزم

یۆنانیە کۆنەکان لە دەوڵەت– شارە بچوکە جیاوازەکاندا دەژیان. هەردەوڵەتێك شارێکی سەربەخۆ بوو، حوکمەت و سوپا و ئابووری تایبەت بەخۆیان هەبوو. هەندێك، وەکو ئاتن، حوکمەتێکی دیموکراتی بوون و هەندێك وەکو سپارت، حوکمەتی دیکتاتۆری بوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوڵاتیانی ئەوێ میراتێکی هاوبەشان هەبوو: یانی هەموویان یۆنانی بوون. لەو پەڕی چیا و دەریاکانەوە نەتەوەی دیکە دەژیان. ئەم نەتەوانە بێگانەو بەربەری و وەحشی بوون. شێوازی ژیانیان جیاواز و کەمتر دڵ پەسەند و خوازراو بوو. لەیەك ڕستەدا ئەوان "ناشارستانی" بوون. ڕۆمیەکانیش وەکو یۆنانیەکان جیهانیان بۆ دوو بەش دابەشدەکرد: شارستانییەتی ڕۆم و نەتەوە بەربەریەکان. جیهانی سەدەکانی ناوەڕاست خەڵکیان دابەش دەکرد بۆ کافر و مەسیحی و نەتەوە ئەوروپیەکان کە هاتنە ئەمریکا ڕووبەڕوی کەلتوری جۆراو جۆر بوونەوە، بەڵام هەموو ئەوانەیان ناونا"هندی" و بەگشتی شێوازی ژیانی ئەوانیان بەوەحشیانە ناوزەد کرد.

کاتێک دەچوومە قوتابخانەی ناوەندی (نۆرس North)، بەدڵنیاییەوە لەو باوەڕەدابووم قوتابخانەکەمان، قوتابیەکانمان، مامۆستاکانمان، تیپە وەرزشەوانییەکانمان باشترن لەوانی دیکە. وەفاداری من بەرامبەر بە (نۆرس) لەخۆگری بیروباوەڕێکی سەقامگیر بوو لەسەر ئەوەی ئێمە خۆشبەخت تر لە کەسانێکین کە دەچنە قوتابخانەکانی تر. لە هەموو ڕوداوە وەرزشیەکاندا دڵنیا بووم لە حاڵەتە جیاوەزەکاندا ئێمە لەسەر حەقین و ناوبژیوانان لایەنگیریان لە تیپەکانی تر کردووە.

لەڕاستیدا، زۆربەی ئێمە بڕوامان وایە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا گەورەترین میلەتە لە جیهاندا و بۆ ئێمە سەختە باوەڕبکەین شێوەی ژیانی تر بوونیان هەیە کە بەهەمان ڕادە چاك یان تەنانەت باشترن. کاتێك ئێمە لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشومان دەڕوانی ڕژێمی دەسەڵات خوازو خۆ تێهەڵقورتاندنی دەوڵەتمان لەپرسی ئابووری دا بە هۆکاری سەرەکی کێشەکان و کەم و کوڕیەکان دەزانی و بانگەشەمان دەکرد ئەگەر شێوازەکانی کارکردنی کرملێن ببێتە هاوشێوەی شێوازەکانی ئێمە، خەڵك دەتوانن ببنەخاوەنی ئەوەی ئێمە لێی بەهرەمەندین. لەڕاستیدا کاتێك ئێمە لە کولتوورەکانی دی دەڕوانین، لەسەر بنەمای ئەوەی تاچ ڕادەیەك لەگەڵ کولتووری ئێمەدا نزیکن جیاوازی دادەنێین: ئێمە هەندێك لەوانە بە سەرەتایی، هەندێکی دی لەحاڵی گەشەسەندندا و هەندێك بە پێشکەوتوو شارستانی ناو دەبەین. لێرەدا قسەوباس دەربارەی چەند مەسەلەیەکی زۆرگرنگ دەکەین کە هەموویان پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ یەك هەیە. پێویستە ئەم پرسانە یەك یەك تاوتوێ بکەین.

## مانای بەهاکان

باوکی من باشترە لە باوکی تۆ. مەزهەبی من باشترە لە مەزهەبی تۆ. قوتابخانەی من باشترە. کۆلێژەکەی من باشترە. باوك و دایکی من باشترن. ئاکاری من باشترە.



بەرنامەکانی ژیانی من باشترن. ئامانجەکانی من لە ژیاندا باشترن. ترۆمبێلەکەی من باشترە. هاوڕێکانی من باشترن.

هەڵسەنگاندنەکان لەگەڵ بەهاکاندا لە پەیوەندیدان. هەرکات ئێمە زاراوەی وەکو باشتر، باشترین، چاك، خراپ، لەپێشتر، لە دواتر، ئەبێ و نابێ بەکاردەهێنین، دەچینە ناو جیهانی ئاڵۆزی بەهاکانەوە. لە ڕوانگەی منەوە کاتێك کەسەکان بە شێوەی شاراوە یان ئاشکرا زاراوەی (ئەبێ) بەکاردەهێنن، مانای ئەوەیە دەربارەی بەهاکان قسەدەکەن. لەو کاتەدایە کەسێك هەمیشە هەڵسەنگاندن بۆ بەهایەك دەکات. ئەم حوکمە لەگەڵ ئەو شتەی دەبێتببێت پەیوەندی هەیە نەك ئەوەی لەڕاستیدا بوونی هەیە. ناونیشانی ئەم بەشە ئەوەیە بۆچی هەموان ناتوانن وەکو ئێمە وابن؟ ئەگەر چی زاراوەی (دەبێت) لەم پرسیارەدا بوونی نییە، بەڵام بەشێوەیەکی ناوەکی مانای ئەوەیە:"ئەوانیتر دەبێت وەکو ئێمە وابن، بۆچی وانین؟"

لەکاتی ترۆمبێل لێخورین وتووێژی دو مامۆستای زانکۆم بەجوانی لەبیرە. ئەوان وەسفی خوێندنی باڵایان دەکرد. "هەمووکەس دەبێت بڕوانامەی خوێندنی زانکۆی هەبێت." "زانین باشترە لە نەزانی." ڕوم کردە ئەوان و بوێرانە وتم:"ئێوە هەڵسەنگاندن بۆ بەهاکان دەکەن. ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا، هیچ ڕێگایەك بوونی نییە کە یەکێك لە ئێمە بتوانێت بیسەلمێنێت ئێمە ڕاست دەکەین و لەسەر حەقین. تەنها دەتوانرێت ئەحکامی واقیعی بسەلمێنرێت." ئەوان نکوڵیان لەمە کرد و گفتوگۆ و بەڵگەهێنانەوەمان دەست پێکرد. پرسیم: "بۆچی زانین باشترە لە نەزانی؟" وەڵامی ئەوان ئەمە بوو: "لەبەرئەوەی یارمەتی ئێمە دەدات لە بواری ئیش و کاردا سەرکەوتووبین." پرسیم، " کێ ئەڵێ پێویستە ئێمە لە بواری ئیش و کاردا سەرکەوتووبین؟" ئەم جۆرە پرسیارانە بە زۆری گرنگ و هەندێ جار کەم بایەخن، بەڵام هەمیشە لەخۆگری ئەو گریمانانەن سەبارەت بەوەی

ئێمە بیردەکەینەوە ژیان دەبێت چۆن بێت و بەم شێوە بۆ پرسیارکردن لەبەهاکان دەگۆڕێن.

بەهاکان بەرپرسیاریەتیەکانمان و وێنەیەك لەوەی باشە و لەوەی خراپە، نیشانمان دەدەن. بەهاکان ئەو پێوەدانگانەن کە کەسەکان دەربارەی کردەکانی خۆیان و کەسانیتر بەبەراورد کردنی ئەوان هەڵسەنگاندن بۆ شتەکان دەکەن. پێمان دەڵێن کە "پێویستە خەڵك دوای چ ئامانجێك  بکەون، چ شتێك پێویستە و چ شتێك یاساغە، چ شتێك جێی ئابرومەندانە و چ شتێك شەرمێنەرە، چ شتێك جوان و چ شتێك قێزەونە" (Shibutani 1986:68). ئەگەر بەڕاستی باوەڕم هەبێت کە بوونی خێزان بۆ ژیانێکی مانادار گرنگە، بۆ من دەبێتە بەهایەك. بۆ خێزانەکەم دەژیم، دەربارەی ئەو مەسەلانەی لەسەر خێزانەکەم کاریگەری جێ دەهێڵن بۆچونی خۆم دەردەبڕم و کات و پارە بۆ خێزانەکەم خەرج دەکەم. تەنانەت بە کردەوە ئەم بەرپرسیاریەتیە لەبەرژەوەندی ژیانی خێزانی لەسەرانسەری ولاتەیەکگرتووەکان و تەنانەت جیهان، پەرەی پێ بدەم. بەو جۆرەی کە زۆربەی جار ڕوو دەدات، بەرادەیەك بەرپرسیارەتی خێزانەکەم دەگرمە ئەستۆ کە بەدژواری دەتوانم تێبگەم بە چ شێوەیەك کەسانیتر کە ژیانی خێزانی هاوشێوەی منیان نییە، چۆن دەتوانن بەختەوەر بن. هەروەها ئەگەری هەیە بانگەشەی ئەوە بکەم ئەم کەم و کوڕیە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوان بێ بەش بن لە یاساکانی ئەخلاق یان خۆویست بن. مەترسی لەسەر ژیانی خێزانی و خێزانەکەم بە شێوەیەکی گشتی بەهەڕەشەیەکی گرنگ بۆ ژیانی خۆم هەژمار دەکەم و پشتیوانی لە هەوڵانە دەکەم کە بۆ رزگار بونی کۆمەڵگا لەم مەترسیانە ئەنجام دەدرێن.

بەلای هەندێکمانەوە، ئازادی بەهایەکی گرنگە ("من دەبێت ئازادبم، هەموو ئەمەریکیەکان دەبێت ئازادبن و هەموو خەڵك دەبێت ئازادبن"). بەهەمان شێوە، رەنگە نەزم و یاسا بەهایەك بێت، یان مەزهەب، یەکسانی، دەربڕینی هونەری،



پەروەردەو فێرکردن، لاشەی تەندروست، جوانی فیزیکی، سوننەتەکان، تاکگەرایی، دۆستی، یارمەتی دانی خەڵك، بوونی ژیانێکی ئەخلاقی، پارە زۆر پەیاکردن، هاوڵاتیەکی باش بون وهتد. ئەمانە ئەو نمونانەن لەو شتانەی کە ئێمە بەبەهاداری دەزانین و ئەگەر من بڕوام پێیان هەبێت، دەبنە بەهاکانی من، ئەگەر ئێوە بڕواتان پێیان هەبێت دەبنە بەهاکانی ئێوە. بەڵام هیچ ڕێگایەك نییە کە یەکێك لە ئێمە بتوانێت بیسەلمێنێت بەهاکانمان باشترن لە بەهاکانی کەسانیتر، چونکە هەرکاتێك هەوڵ دەدەین ئەم کارەبکەین، ناچار ڕووبەڕوی هەڵسەنگاندنی زیاتری بەهاکان دەبینەوە. ناتوانین هیچ کام لەوانەش بسەلمێنین.

رەنگە بەهاکانمان دژیەك و پێچەوانەبن. ئەمەریکیەکان دەتوانن هەم بەو کۆمەڵگایەی کە تیادا جیاوازی نەژادی بوونی هەیە و هەم بەبەرابەری دەرفەتەکان بۆ هەمووان باوەڕیان هەبێت. یان ئەگەری هەیە خۆیان بەوەسفکەری تاکگەرایی و وەفاداری گروپی بزانن. من لەهەمان کاتدا  خۆم بەشەیدایی سونتەکان و پێشکەوتن دەبینم و هەندێ جار لەنێوان کات بە سەر بردن بۆ نوسینی کتێبێك و گوێ گرتن لە خواستەکانی هاوسەر و منداڵەکانم، هەڵبژاردنی یەکێکیان زۆر بە دژوار دەزانم.

زۆربەی بڕیارەکانی ئێمە لە ژیاندا لەخۆگری ئەو هەڵبژاردنانەن کە ئێمە لە نێوان چەندین بەهادا ئەنجامی دەدەین. ئەگەری هەیە ئازادی را دەربڕین و مافی ژنان بە بەهادار ئەژمار بکەین. سەبارەت بە وێنە و فیلمە ناشیرین و نائەخلاقیەکان، رەنگە ناچاربین لە نێوان ئەم بەهایانەدا یەکیان هەڵبژێرین: "بەڵێ، من ئازادی را دەربڕین بە بەهادار دەزانم بەڵام گومان ناکەم کەسەکان مافی ئەوەیان هەبێت فیلم نائەخلاقیەکان بڵاوبکەنەوە کە دەبێتە هۆی ناوزڕاندنی ژنان." یان دەربارەی پرسی مافە مەدەنییەکان: "هەڵبەتە، من لایەنگری یەکسانی هەموو نەژادەکانم بەڵام بڕواشم وایە تاکەکان دەبێت لەگەڕەکەکانی خۆیاندا بچنە قوتابخانە." هەمیشە ئاسان نییە پشت بکەینە یەکێك لەبەهاکانمان تائەوەی کە بتوانین بە سودی بەهای

کەسێکتر کردەوە ئەنجام بدەین، بەڵام هەندێ جار دەبێت بەتەواوی ئەم کارە ئەنجام بدەین. هەڵبەتە زۆربەمان هەرکاتێك هەست یەم جیاوازیە دەکەین، گیرۆدەی ئەم دوو لایەنییە دەبین.

## بەهاکان و هەڵسەنگاندنی بەهاکان

هەڵسەنگاندن بەرامبەر بەکەسانیتر نیشانی دەدات بە چ شێوەیەك بەهاکان دێنە نێو ژیانی کۆمەڵایەتیمانەوە. ئێمە بەرامبەرەکانمان لەسەر بنەمای ئەوە هەڵسەنگاندنە بەهاییەی ئەنجامی دەدەین، خۆش دەوێت: "ئەو مرۆڤێکی واقیعیە." "ئەو کەسێکە حەزی لەپلەو پێگەیە." بۆ من جێگای ڕێزە کە بەو ڕاشکاویە قسە دەکات." "ئەو بەڕاستی جوانە." "پیاوێکی باشە." ئێمە هەروا لەسەر بنەمای ئەو هەڵسەنگاندنە بەهاییەی ئەنجامی دەدەین، ڕقمان لەکەسانی بەرامبەرە: "ئەو مرۆڤێکی ناتەواوە." ئەو چاونەترس و بێ شەرمە." "ئەوان خراپەکار و بێکەڵکن." "ئەوان تەممەڵن." "ئەوان وەحشین." لەهەر بارەیەکەوە ئێمە پێودانگی (بەهایی) دروست دەکەین و بۆ هەڵسەنگاندنی بەرامبەرەکانمان بەکاریان دەهێنین. هەڵبەت هەڵسەنگاندن تەنها خۆشویستن و خۆشەویستی ئەوانەی بەرامبەرمان نییە، هەڵسەنگاندن بڕیاردانە لەسەر ئەوەی چ کەسێك دەبێتسزابدرێت، چ کەسێك دەبێتپلەی بدرێتێ، خوازیاری مەرگی کێن و کێی تر دەبێت ژیانێکی بەختەوەری هەبێت. هەڵسەنگاندن بڕیاردانە لەو بابەتە کە چ کەسێك دەبێت بگۆڕدرێت و لەگەڵ کێدا شەڕ بکەین.

کاتێك دەپرسین، "بۆچی خەڵکی ناتوانن وەکو ئێمە بن؟" پرسیارێك دەخەینە ڕوو کە لەسەر بنەمای پێوەرەکان سەقامگیرە کە ئێمە هێناومانەتە بوون. ئەم پرسیارە لە بنەڕەتدا دەبڕینێکی بەهاییە، خستنەڕوی ئەوەی شێوەکانی ژیانی ئێمە



باشترە لە شێوەکانی ژیانی خەڵك و ئەوەی کە لە پێناو دروستکردنی جیهانێکی باشتردا، پێویستە خەڵکی وەکو ئێمە بن.

هەموومان رەنگە جارجارە بەم جۆرە هەڵسەنگاندن بکەین. هەندێك لە ئێمە بەزۆری بەم شێوە هەڵسەنگاندن دەکەین. بەڵام هەڵسەنگاندنی بەهاکان نیشاندانی باشیەکانە نەك راستیەکان. هیچ ڕێگایەك بۆ سەلماندنی ئەوەی کە "باوکی من باشترە لە باوکی تۆ" بوونی نییە، مەگەر ئەوەی ئێمە دیاری بکەین مەبەستمان لە "باشتر" چییە و ئەگەر ئەو کارەمان کرد هەڵسەنگاندنی بەهاییمان کردووە کە لەڕاستیدا گریمانێکە سەبارەت بەوەی چ شتێك لەژیاندا لەپێشترە.

ئەو چەند بابەتەی لەم بەشەدا باس کران لەناوەندی زۆرێك لە توێژینەوەکان و باسەکان و لێکۆڵینەوەکان لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێمەدا بوونیان هەیە. ئەم بابەتانە چەند جارێك لە واشنتۆن، لەویلایەتە جیاوازەکان، لە ڕاگەیاندنە(میدیا) گشتیەکان و لە کردە دوولایەنەکانی ڕۆژانەی ئێمەدا دەخرێنەڕوو.

زۆرێك لە ڕابەرانی سیاسی، مەزهەبی و ئابووری بەڵگە دەهێننەوە کە بەهاکانمان تەواو بە شێوەی کۆمەڵایەتی دروست نابن، یان لەلایەن بوونەوەرێکی میتافیزیکیەوە دەگوێزرێنەوە یان تاکەکەس ئازادانە پێیان دەگات. زۆرێك بەڵگە نیشان دەدەن کە بەهاکانمان راستی و بەڵگەنەویستن، پێویستیش ناکات سەرقاڵی سەلماندنیان بین. دواجار زۆرێك بەڵگە دەهێننەوە کە هەڵسەنگاندن لەلایەن خەڵکیەوە گرنگ نییە. لەڕاستیدا، لەوێوە کەبەهاکانمان بەهای ڕاست و دروستن، ئەوانەی بەپێچەوانەی بەهاکانمانەوە دەجولێنەوە، دەبێت لە هەڵەدابن.

لە روانگەی کۆمەڵناسەوە، ئەگەر بمانەوێت لە مرۆڤەکان تێبگەین، بیروباوەڕی پەیوەندیدار بەبەهاکان کە لەلایەن زۆرێك لە ڕابەران لە کۆمەڵگادا سەرهەڵدەدات دەبێتبەشێوەیەکی رەخنەییانە لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت. بۆ کۆمەڵناس، ئەم هزرانە یارمەتی چەندین مەسەلەی گرنگی داوە لەناو کۆمەڵگاکاندا. ئەوانە کۆمەڵێك

بیروباوەڕی نادروست نین، بیروباوەڕێکن کە دەبێت وردتر دیراسە و تاوتووێ بکرێن. لە دۆخی ئێستادا، زیاد لەرادە سادە و گومڕاکەرن. دواجار ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی کەبیریاری راستەقینە ڕووبەڕووی یەکێك لە سەرەکی ترین پرسەکانی مرۆڤ بێتەوە و هەوڵ بدات وەڵامی بداتەوە: چ کاتێك پێویستە هەڵوێست وەربگرین و سەبارەت بە کەسانیتر هەڵسەنگاندن بکەین. چ کاتێکیش دەبێت لە هەڵسەنگاندن دەست هەڵگرین و بەجیاوازییەکانیان لەگەڵ خۆمان رازی ببین ؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئاسان نییە، بەلای ژمارەیەکی زۆر کەمی ئەو کەسانەوە نەبێت کە بەردەوام دەربارەی خەڵك و بەرامبەرەکانیان هەڵسەنگاندن دەکەن و ژمارەیەکی کەم کە هەرگیز هەڵسەنگاندن ناکەن. لێرەدا بەپوختی دەیخەینەڕوو کە بە چ شێوەیەك کۆمەڵناسان لەگەڵ بەهاکاندا ڕووبەڕوو دەبنەوەو دەربارەی خەڵك هەڵسەنگاندن دەکەن.

1. ***بەهاکان وەکو هزر و ڕێساکان، کولتوورین.*** پێویستە هەمیشە لە بیرمان بێت کە بەهاکانمان پەیوەستن بە ژیانی کۆمەڵایەتیمانەوە. ئەمە بەومانایە نییە کە ئەوانە شازو دەگمەنن. ئەوان لەپێشیەکانی (ئەوانەی ئێمە بەباشیان دەزانین) ئێمەن و خەڵکی بەهۆی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیانەوە فێردەبن کە لەپێشی (ئەولەویەتی) جۆراوجۆریان هەبێت.

2. ***مرۆڤەکان سەرنجیان بۆ لای ئەم باوەڕە رادەکێشرێت کە بەهاکانیان ڕاستەقینە و دروستن. ئەوان بەردەوام بەرگری لە بەهاکانیان دەکەن، و بەزۆری هەوڵ دەدەن بەرامبەرەکانیان رازی بکەن باش بونی ئەوان لەبەرچاوبگرن.*** بۆ نمونە لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆمدا فێربووم بەرابەری دەرفەتەکان و ئازادی تاکەکەسی بایەخدارن. کاتێك ئەم بەهایانە پێشێل دەکرێن، توڕەدەبم. هەوڵدەدەم بەرامبەرەکانم رازی بکەم باوەڕ بەبەهاکان بکەن. زۆرجار ئەوکەسانە تۆمەتبار دەکەم کە بەپێچەوانەی ئەم بەهایانەوە دەجولێنەوە.



3. ***بەهاکان پەیوەست بەئەولەویاتەکانن و سەلماندنی ئەوەی کۆمەڵێك بەهایەکی دیاری کراو بەها راستەقینەکانن کە هەموان دەبێت لایەنگری لێ بکەین، ئەستەمە.*** ئەوانە دەرخەری واقیعیەت نین بەڵکو ئەو بەرپرسیاریانەن بەرامبەر بەشتێك کە بیر دەکەینەوە ژیان دەبێت ببیێت. زۆربەی ئێمە هەوڵ دەدەین کەبەهاکانمان راستەقینە، ڕەها و حەقیقی بەرچاو بکەون، بەڵام دواجار ئەم بابەتە پەیوەندی بە بیروباوەڕ و بەرپرسیاریەتیەوە هەیە نەك بەڵگە و دەلیل. ئێمە ئەگەری هەیە بانگەشەی ئەوە بکەین ئەمانە بەها حەقیقیکان چونکە پەروەردگار پێی بەخشیوین، ئەگەری هەیە بانگەشەی ئەوە بکەین تاکەکان ئەگەر تەنها پەیڕەوی لەبەها تایبەتەکانی ئێمە بکەن دەتوانن بمێننەوە یان هەست بەمانای ژیان بکەن. رەنگە بانگەشەی ئەوەش بکەین لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵك پەیڕەوی لەم بەهایانە دەکەن کەواتە دەبێت ئەوانە بەها ڕاستەقینەکان بن. رەنگە ئێمە پێویستمان بەبەڵگە هێنانەوەی کەسیەتی یان کۆمەڵایەتی هەبێت تا بانگەشەی ئەوە بکەین بەڵام بۆ تێگەشتن و هەستکردن بە کردەی مرۆیی دەبێت بزانین کە هەڵسەنگاندن بەهاییەکان هێشتا هەڵسەنگاندنە بەهاییەکانن و راستەقینە نین تا بتوانرێت بسەلمێنرێن.

4. ***هەموو مرۆڤەکان خاوەنی بەهان و هەموو مرۆڤەکان لەسەر ئەساس و بەپێی ئەو بەهایانە*** هەڵسەنگاندن ***بۆ کەسانی دیکە دەکەن.*** خوێندکارێکی زانکۆ کە بیر لەم بابەتە دەکاتەوە دەبێت تێبگات بۆچی ئەم کارە بۆ ئێمە پێویستە و کاتێك ئێمە بەم شێوەیە هەڵسەنگاندن دەکەین دەبێت دواهاتەکانی ئەم هەڵسەنگاندنە چی بێت.

من خاوەنی بەهام و هەرمنیش هەڵسەنگاندن بەرامبەر خەڵکی دەکەم. ئەم بەهاو هەڵسەنگاندنانە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی دروست دەبن. بۆیە من وەکو ئەندامی گروپێك دەبێت باوەڕم بەم بەهایانە هەبێت و هەڵسەنگاندن بەرامبەر خەڵك بکەم. من ئەمەوێ وابکەم. جیاوازی ڕەگەزی و جنسیی و نەژاد پەرستی لە ڕوانگەی منەوە نادروستە. ئەوانە لەگەڵ روانگەی من دەربارەی ئەوەی جیهان دەبێت چۆن

بێت، یەک ناگرنەوەو ناکۆکن. ستەمگەری لەسەر خەڵك بەهەر شێوەیەك بێت، لەگەڵ بەهاکانمدا کە من بەڕاستیان دەزانم یەکناگرنەوە. ئەمانە کۆمەڵێك بەهان من بڕیارم داوە لە پێناویاندا داکۆکی بکەم. ئەمانە ئەو بەهایانەن سودیان لێ وەردەگرم تا هەڵسەنگاندن بکەم و لەسەر کردە دوولایەنەکان هەڵسەنگاندن بکەم و پێیان بڵێم پێویستە ئەوانە بگۆڕدرێن.

هەموو بەهاکانم پەیوەستم ناکات بەوەی هەڵسەنگاندن لەسەر خەڵك بکەم. سەبارەت بە هەندێکیان هەوڵدەدەم تەنها لەژیانی خۆمدا بەکاریان بهێنم و هەڵسەنگاندن سەبارەت بە کەسانیتر نەکەم چونکە گرنگی بەبەهاکانی من نادەن. بڕوام بە بەرنامەدانان بۆ داهاتوو، فێربوونی ڕەسمی، بوونی خێزانێکی باش و بە فیرۆنەدانی کات هەیە– هەوڵ دەدەم تێبگەم بۆچی کەسانیتر ئەگەری هەیە لەگەڵ ئەم بەهایانەدا هاوڕا نەبن. ئەگەریش سەرکەوتوو بووم، سەبارەت بەوان هەڵسەنگاندن ناکەم چونکە دەزانم ئەوانە بەهاکانی منن نەك بەهاکانی ئەوان.

هەربۆیە، لەم بەشەدا ئیتنۆسێنتەریزم تاووتوێ دەکەین. واتە خواست و حەزی _تاڕادەیەك_ هەموو خەڵك بەهەڵسەنگاندنی بەرامبەرەکانیان کە جیاوازن لەگەڵ ئەواندا. ئەوە دەخەینەڕوو چەندین بەڵگە لە ئارادایە کە بۆچی خەڵکی دەبنە ئیتنۆسێنتەریزم، لەکاتێکدا ئیتنۆسێنتەریزم هەندێ جار لە پێناو پاراستنی یەکپارچەیی کۆمەڵگادا گرنگە، بەڵام چەندین دواهاتی نێگەتیڤی هەیە و فاکتەری کۆمەڵێك کێشەی زۆرە لە جیهاندا.

## مانای ئیتنۆسێنتەریزم

ئێمە باسی ئیتنۆسێنتەریزم بە (ڕێکخراو) دەست پێ دەکەین. ژیانێکی ڕێکخراو(سیستماتیزەکراو) زامنی کردەی دوو لایەنەی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدەری نمونە کۆمەڵایەتییەکانە. تاکەکان خۆیان بە بەشێك لە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی هەست



پێ دەکەن یان بەرەو لای رادەکێشرێن، هەستی وەفاداری بەرامبەر بەو، هەستی یەکگرتویی، بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە "گشت"، نەك تەنها بەرامبەر بە خود یان بەیەکتر. کردەی دوولایەنە ئەم هەستانە هاندەدات بەهەمان شێوە کە کردارە دەست ئەنقەستەکانی بەکۆمەڵایەتی کردن لەلایەن خێزان و قوتابخانە و مەزهەب و ڕابەرانی کۆمەڵایەتی، ئەوە کارە دەکات.

وا بێنە بەرچاو کاتێك تاکەکان بەکردەی دوولایەنەی بەردەوام سەرقاڵ دەبن، چی ڕوودەدات. هەریەك لە زەینی خۆیدا لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا کردە ئەنجام دەدات، تاکەکان بەرامبەر بەیەك کردە دەنوێنن، هەریەکە و کردەوەی ئەوی دی لەبەرچاو دەگرێت. تا زیاتر ئەوان لەگەڵ یەکتر کردەوە ئەنجام بدەن، دەرفەتی کەمتریان دەبێت بۆ هەڵس و کەوت لەگەڵ بێگانەکاندا. "بەوەفاداری مانەوە" نمونەیەکی باشە لەم بوارەدا: وەفادار بون بەمانای پچڕاندنی کردەی دوولایەنەی ڕێکخراوە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا. وەفادار بوون هەندێ جاریش بەمانای بچڕینی کردەی دوولایەنەی ڕێکخراوە لەگەڵ هاوڕێیانی هاوڕەگەز. پەیوەندیەك هەمووکاتی کەسەکە تایبەت دەکات بەخۆی و کاتێکی کەم بۆ کەسانیتر دەهێڵتەوە. بوونی دۆستی و هاوڕێیەتی نزیك لەگەڵ تاکەکاندا زۆر دژوارە چونکە هاوڕێیەتی نزیك پێویستی بەکات و بەرپرسیارەتی هەیە، هەرچەند هاوڕێیەتیەك کاتی زیاتر تایبەت بکات بەخۆی، ئێمە کاتی کەمترمان بۆ دروستکردنی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی تر دەبێت. بەتێپەڕینی کات، کردەی دوولایەنە بەردەوام لێکچونێك لە نێوان ئەنجامدەرانی کردەدا دروست دەکات. تاکەکان پەیوەندی دروست دەکەن، لە ئەزموونەکانی یەکتردا بەژداردەبن و دەربارەی قسەدەکەن و لە پەیوەندیەکاندا بەرێسا و دەستوور، هزر و بەها گەلێك رازی دەبن وە وەریان دەگرن. چەندین شێواز لە پێناو هەڵس و کەوتکردن لەگەڵ جیهانێکدا کە لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبنەوە، دەخەنەڕوو. بە کورتی *کولتوور* دەهێننە بوون.

کەواتە کردەی دوولایەنە، بەردەوام ئەنجامدەرانی لە بێگانەکان جیا دەکاتەوە. لە نێوان تاکەکان و ئەو کەسانەی لە دەرەوەی کردەی دوولایەنەدان چەندین جیاوازی دروست دەکات و زۆریش دەبن. پەیوەندیەکی ڕێك وپێك دروست نابێت و بەژداربوون لە هزرو بیروباوەڕەکاندا تابێت، دژوارتر دەبێت. پەیتا پەیتا ئەنجامدەرانی کردە، کۆمەڵەیەك لە ماناکان، لێك تێگەیشتنەکان و بەهای جیاواز لەگەڵ بەهای بێگانەکاندا دەهێننەبوون.

هەڵبەت ئەوەی ڕوودەدات ئەوەیە کە بێگانەکان نەك تەنها بەبڕوای ئێمە جیاواز دەردەکەون، بەڵکو سەرنج راکێش، ئەگەری هەیە لەرێ دەرچو، یان رەنگە نەخۆش یان خراپەکار لەبەر چاو دەگرین. ئێمە لەسەر بنەمای ئەوەی پێی ئاشنایین هەڵسەنگاندنی بەهایی ئەنجام دەدەین. سەبارەت بەخەڵکیش لەسەر بنەمایی ئەو جیهانەی لەناویدا کردەی دو لایەنە ئەنجام دەدەین، هەڵسەنگاندن دەکەین. بەلامانەوە ئاساییە ئەوەی کۆمەڵناسان بە ئیتنۆسێنتەریزم ناوی دەبەن، بهێنینەبوون.

ئیتنۆسێنتەریزم بەومانایەیە کە تاکەکان وادەزانن کولتووریان( ”ethno“) ناوەند و چەقی(” centrism“) کولتووره لە جیهاندا. ئیتنۆسێنتەریزم خواستێکە بۆسود وەرگرتن لەوەی ئێمە تیادا بەژدارین– بەهاکان، هزرەکان ڕێساکان– لە کردەی دوولایەنە خاڵی دەستپێکە بۆ بیرکردنەوە سەبارەت بە خەڵك و هەڵسەنگاندن سەبارەت بەوان . لەوانەیە بەبێ هەڵسەنگاندنی بەهاکان، بەرامبەرەکانمان جیاواز ببینین بەڵام ئاسان نییە. ئێمە بە بیرکردنەوە بەپێی ئەوەی لە کردەی دوولایەنەدا فێری بووین حەز و خواستمان هەیە و بۆ زۆربەمان دژوارە دورەپەرێز بوەستین و ڕای بگەێنین: "ئەوان جیاوازن. ئەمە بەومانایە نییە ئەوان خراپترن لە ئێمە. ئەمە بەومانایە نایەت شێوازەکانی ژیانی ئەوان بۆ رەخنە گرتن لەشێوازەکانی ژیانی ئێمە دروست بوون."



ئیتنۆسێنتەریزم لەخۆگری1) دروست کردنی ڕاستیەکان، بەهاو نۆرمەکانە– کولتووره– لە کردەی دوولایەنەی(کارلێکی) کۆمەڵایەتیدا.2)بینینی خەڵك لە ڕێگەی ئەو کولتوورەوە و 3)هەڵسەنگاندن دەربارەی ئەوەی کەسانی تر بەپێی ئەو کولتووره بیردەکەنەوە و ئەنجامی دەدەن. ئیتنۆسێنتەریزم لەخۆگری خواست بەو گومانەیە کەکولتووری خۆمان ڕاست و دروستە و کولتوورەکانی دی بەپێی ئەم پێناسەیە دەبێت نادروست بن. ئەم باوەڕەیەکە ئەوەی کە لەراستیدا پێکهاتێکی کۆمەڵایەتیدایە– لەڕێگەی کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتییەوە بەدی هاتوە– حەقیقی و دروستە. ئیتنۆسێنتەریزم زامنی هیچ جۆرە دەلیل و بەڵگەیەك نییە بەڵام دەیسەپێنێت کە حەقیقەتەکانمان کە بەپێی پێوەری کۆمەڵایەتییەوە هاتوونەتە بوون، ڕاست و دروستن و بەهاکانمان کە بەپێی هەڵسەنگاندنە کۆمەڵایەتییەکان دروست بوون، باشترن لە بەهای کەسانیتر. ئەم خواستە لەگەڵ هەوڵدان بۆ سەلماندنی دروست یان نادروستی هزرێك لە ڕێگەی بەڵگەهێنانەوە و شایەتەکان جیاوازە: لەم حاڵەتەدا ئێمە گومان دەکەین بەهاکانی کەسانیتر نادروستن چونکە لەگەڵ ئەوەی ئێمە بڕوامان وایە حەقیقی و دروست و بەهادارن، جیاوازن.

سەبارەت بە ئیتنۆسێنتەریزم کە لەسەراسەری بوونی(ژیانی) کۆمەڵایەتیماندا بوونی هەیە، لە بچوکترین گروپ کە پێوەی پەیوەستن تا ئەو کۆمەڵگایەی تیادا ژیان بەسەر دەبەین بیربکەرەوە. لەڕاستیدا ئێمە دەتوانین تەنانەت گۆی زەویش بەشێوەیەکی گشتی لەبەر چاو بگرین و بیربکەینەوە کە ئەگەر لەگەڵ ئەو جیهانەی لەگەڵ بوونەوەری جۆراو جۆردا ڕوبەڕوو دەبوینەوە، چی روی دەدا. لەهەرحاڵەتێکدا ئێمە کردەی دوولایەنە، بەژداربوون، جودایی، جیاوازی لەگەڵ بێگانەکان و حەز و خواست بە فراوان بونی هەستی ئیتنۆسێنتەریزم بەدی دەکەین. هەموو تاکەکان ناکەونە ئەم داوەوە، بەڵام لەڕاستیدا هەموو ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی تێی دەکەوێت. بۆچی؟ بۆچی

خواستێکی بەهێز لە تاکەکانی ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا بوونی هەیە کە هەڵسەنگاندن بۆ بەهاکان بکەن بەرامبەر ئەو کەسانەی لە دەرەوەی ئەو ڕێکخراوەدان و ڕای بگەیەنن کە: "بۆچی هەمووکەس ناتوانن وەکو ئێمە بن؟"

## هۆکارەکانی *ئیتنۆسێنتەریزم*

### کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی ئیتنۆسێنتەریزم هاندەدات.

*ئیتنۆسێنتەریزم* لە بنەڕەتەوە بەهۆی ناوەڕۆکی کردەی دوولایەنەوە دەردەکەوێت. ئێمە کردەی دوولایەنە ئەنجام دەدەین و لەگەڵ یەکتر لە بەهاکاندا بەژدار دەبین. ئێمە دەبینە پێکهێنەر، بنیاد و چەندین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی پێک دەهێنین، دەبینە خاوەنی کولتوورێکی هاوبەش و سەرەنجام بەجیابوونەوە لەکەسانیتر کە لەگەڵیاندا کردەی دوولایەنەمان نییە، ئارەزومەند دەبین. گروپەکان، وەکو ڕێکخراوە ڕەسمیەکان، کۆبونەوەکان، کۆمەڵگاکان جیاوازی لەگەڵ یەکتر پەیدا دەکەن. بەبێ کردەی دوولایەنە لەگەڵ بێگانەکان، تێگەیشتنی جیاوازییەکان دژوار و هەڵنەسەنگاندن دەربارەیان زۆر دژوار دەبێت. ئەوەی بۆ ئێمە واقیعیەتە، ئاسان دەبێت و ئەوەی ئاسانە دروست و واقیعی دەبێت. ئەوەی تێی نەگەین بۆ ئێمە کەمتر واقیعی دەبێت. لێرەوە *ئیتنۆسێنتەریزم* هان دەدرێت.

### وەفاداری بۆ ڕێکخراو، ئیتنۆسێنتەریزم هاندەدات

لەگەڵ ئەمەشدا، *ئیتنۆسێنتەریزم* بەهۆی ناوەڕۆکی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت. هەروا کە ئێمە کردەی دوولایەنە ئەنجام دەدەین و دەبینە بەشێك لە کۆمەڵگایەك یان گروپێك، بەگشتی هەستێکی باش دەربارەی پەیوەست بوون بەو گروپەوە پەیدا دەکەین. نەك تەنها ئێمە ئەمەریکایین، بەڵکو دەربارەی ئەمەریکایی بوونیش هەستێکی باشمان پێ دەبڕێت. ئێمە پشتیوانی لەسەربازانمان لە جیهاندا



دەکەین، کاتێك مەترسیەك یان شەڕێك ڕووبەڕوی میلەتەکانی تردەبێتەوە، ڕابەرانی خۆمان بەهیچ جۆرێك بە تاوانبار نازانین. شوناسی ئێمە بەوشتەی دەربارەی هەستی باشمان هەیە، گرێ دەدرێت. ژیان لەو ڕێکخراوەدا مانا پەیدا دەکات. ئێمە لەوەی بە چ شتێکەوە پەیوەستین، هەست بە چاکی دەکەین. من مەلەوانم، کارمەندی کۆمپانیای زیراکس (Xerox)، ئیلك (Elk)، نیۆیۆرکی، خوێندکاری زانکۆی هارڤارد، ئەندامی ئەنجومەنی نەتەوەیی بۆ پێشکەوتنی (ڕەنگین پێستەکان)م. بوون بە بەشێك لە ڕێکخراوێك (لە گروپێکی بچوکەوە لە هاوڕێیانەوە بیگرە تا کۆمەڵگایەکی گەورە) هەستی وەفاداری هاندەدات و ئەو وەفاداریەش هانی *ئیتنۆسێنتەریزم* دەدات، چونکە وەفاداری بەمانای بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بەشتێکە کە ئێمە بەبایەخ و دروستی دەزانین. وەفاداری، هەستی بەرپرسیاریەتی بۆ خزمەتکردن و بەرگری کردن لەگەڵدایە. هەڵبەتە ئەمە بەومانایەدێت لە بەرامبەر ڕەخنە و هەڕەشەکاندا بەرامبەر بە ڕێکخراوێك، بەرگری لێ دەکرێت. زۆر سادەیە کە بیروباوەڕ و بەها و ڕێساکان و کردەکانی کەسانیتر لە بری ئەوەی بەتایبەتمەندیەکی جیاواز لە تایبەتمەندیەکانی خۆمان بزانین، بەهەڕەشە بۆ سەر ئەو شتانەی هەژماری بکەین کە بەرامبەریان هەست بەوەفاداری دەکەین. ئەمە یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکیەکانی *ئیتنۆسێنتەریزم*.

### بەکۆمەڵایەتیبوون ئیتنۆسێنتەریزم هاندەدات

بەرگریکارانی ڕێکخراو– چ کۆمەڵگا یان کۆبونەوەیەکی بچوکتر، ڕێکخراوێکی ڕەسمی بێت یان گروپ– بە فێرکاریەکانی خۆی یارمەتی پەرەپێدانی *ئیتنۆسێنتەریزم* دەدات. تا ئەو کاتەی ئەوان جەخت لە وەفاداری دەکەنەوە، *ئیتنۆسێنتەریزم* شکۆفە دەکات. چەندین دروشم دێنەبوون و یارمەتی کۆبونەوەی تاکەکان و جەختکردنەوەی نوێ لەسەر ئەو شتەی دروستە– واتە ڕێکخراو و

شێوازەکانی– دەدەن. تاکەکان لە ڕێگەی سرود، ڕێ و ڕەسم و تەشریفاتی نهێنی و نادیار، ئاڵا، جل و بەرگ و دەربڕینی بیروباوەڕ هان دەدرێن تا هەست بکەن شوناسیان پەیوەستە بە ڕێکخراوەوە: "من ئێرانیم." "من لوتریم." "من ئۆڵیم." "من کارمەندی ئای بی ئێم م." "ئەمەیە ئەوشتەی کە هەم. ئەمە مانا بە ژیانی من دەدات." بۆ بەرگریکارانی کۆمەڵگا زۆر ئاسانترە کە لەبری سود وەرگرتن لەهەر فاکتەرێکی تر، بە بەراکێشانی وەفاداری تاکەکان هاوکاری ئەوان دەسەبەر بکەن. فێربوونی ئەم جۆرە وەفادارییە تاکەکان هاندەدات کە ڕێکخراوەکەیان بەڕەوا بزانن. ئەمەش هاوکاری *ئیتنۆسێنتەریزم* دەکات.

لەناو ئەو کۆمەڵناسانەی کە دەربارەی دیاردەی وەفاداری توێژینەوە یان ئەنجام داوە، ئەمیل دۆرکهایم لە هەمووان بایەخدارترە. یەکێك لەو شێوازانەی کە وەفاداری فێردەبین و هەست دەکەین لەڕێگەی وێنەیەکی زەینی کۆمەڵگایەوەیە، دۆرکهایم بە "شتومەکی پیرۆز" ناویان دەبات. هێما مەزهەبیەکان شتومەکی پیرۆزن (شەرابی مەراسیمی شەوانی ڕەبانی، خاچ، ئینجیل، جل و بەرگ، کەنیسە، کەسی پیرۆز و ڕۆحانی.) هێما سیاسیە دیاریکراوەکانیش شتومەکی پیرۆزن (ئاڵا، ئارامگا، سرودی نیشتیمانی، بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، پێگە و پلە سیاسیە دەست نیشان کراوەکان.) هەندێکیش شتومەکی جیاوازی تر بە پیرۆز دەزانن (جل و بەرگی جین الویس پرسیلی، عەصای بەیب ڕوت، پیانۆی لیبراچی و وتارەکانی "من خەونێکم هەیە" مارتین لوتەرگینگ). شتومەکی پیرۆز مانایەك زیاتر لە ناوەرۆکی فیزیکی خۆیان پێ دەبڕێت. بۆ نمونە خاچ تەنها و تەنها وێنەیەکی هونەریێ نییە کە لەگەڵ دووپارچە دار پێکەوە بەستراونەتەوە. لەلایەکی ترەوە، ئەم جۆرە شتومەکانە یارمەتی یەکگرتویی کۆبونەوەکان دەدەن چونکە ئەو باوەڕە لە ئارادایە کە ئەوان نوێنەر و هێمای کۆمەڵگان. هەرکات ئەوان دێنە بوون، خەڵك هەست بەیەکگرتویی خۆیان دەکەن، ئەوان لەبەرئەوەی بەشێکن لە کۆمەڵگا هەست بە خۆشحاڵی دەکەن. لە



لایەکیترەوە، ئەم جۆرە شتومەکانە تایبەتمەندیەکی پیرۆزیان پێ دەبڕێت. ئەوان بەگۆڕینی گروپ (لەڕاستیدا ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی) هاوکاری شتێك دەکەن کە راست و نائاسایی (یان کۆبونەوەی پیرۆزە). وەفاداری بەو هەستەوە کۆدەبێتەوە کە باوەڕەکانی گروپ شتێکی زیاتر لە باوەڕە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم باوەڕە ڕاستەقینە و حەق و ڕەها و لەسەر و کاروبارە ئاساییەکان یان دنیاییەکانە. فەرمانێکی پیرۆزە. لە ڕێگای خولْقاندنی شتومەکی پیرۆزەوە، فێری خەڵکی دەکرێت کە جیهانی ئەوان دروست و راستەقینەیە ئەم وانەیە لە ژیانی سۆزداری ئەواندا دەمێنێتەوە.

هەربۆیە جیاواز لە کردەی دوولایەنە(کارلێکی کۆمەڵایەتی)، هەستی وەفاداری دێتەبوون و بەکۆمەڵایەتیبوون فۆرمەلە دەبێت، هەر دووك پێکەوە هانی *ئیتنۆسێنتەریزم* دەدەن. وەفاداری لەلایەن ڕابەرانەوە هان دەدرێت، دروشمەکان دەبنە هۆی یەکگرتویی تاکەکان، شتومەکە پیرۆزەکانیش ئێمە لەڕووی سۆزداریەوە ئێمە بەڵێندار دەکەن. بەکۆمەڵایەتیبوون فێرمان دەکات وەفادار بین و جیاواز لەوە دەستوورو باوەڕ و بەهاکانمان تەنها ئەوەنین کە ئێوە وەك کۆمەڵگایەك سەبارەت بەوان کۆك و هاوڕا بین بەڵکو هەموو ئەوانە چەندین شتی تایبەت و ڕاست و حەقیقین. مامۆستایان، ڕابەرانی سیاسی و مەزهەبی و خێزانەکان هاوکاری دەکەن تا ئەوە نیشانی تاکەس بدەن شێوازەکانی ژیانمان هەمیشە دروست و گونجاون، کە ئەوانەش بەشێکن لە سیستمێکی پیرۆز نەك تەنیا سیستمێکی کۆمەڵایەتی. ئەمە لەڕاستیدا دەبێت بە *ئیتنۆسێنتەریزم کۆتایی بێت*. چونکە ئەگەر کۆمەڵگای ئێمە بەگشتی ئەو شتەی ڕاست و دروست و گونجاوە، هەیبێت، بەسەختی دەتوانرێ باوەڕبکرێت ئەو کۆمەڵگایانەی لەگەڵ ئێمەدا جیاوازن بتوانن ڕاست و دروست و گونجاوبن. کەسەکان بەگشتی خوازیارن حەقیقەت و جوانی لە بەرامبەرەکەیاندا ببینن بەپێی ئەو باوەڕانەی ئەوان دەربارەی حەقیقەت و جوانی هەیانە. ئەم

خواسته بەرەو دەستنیشانکردن و سزادانی لە ڕێ دەرچون کۆتایی دێت و ئەویش خۆی زیاتر یارمەتی *ئیتنۆسێنتەریزم* دەدات.

## دروست بوونی لاساری ( لەڕێ دەرچون ) ئیتنۆسێنتەریزم هاندەدات

لەهەر شوێنێکدا کولتوور هەبێت، کەسانێکیش دەبن بەو کولتوورە ڕازی نەبن و دژایەتی بکەن. هێڵەکان دەکێشرێت و کەسەکان سزادەدرێن. سزا، ئەوە بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا دەڵێت کە تاکیەت تەنها دەتوانێت تا ئەم سنورە بێت و دواهاتەکانی پێشێلکردنی یاساو ڕێساکانیان نیشان بدات.

لەلایەکەوە *ئیتنۆسێنتەریزم* هانی تاوانبار کردنی کەسانیتر دەدات، لەلایەکی ترەوە، تاوانبار کردنی _ئەوانی دی _ *ئیتنۆسێنتەریزم* هاندەدات. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە لاسارەکان ئەو کەسانەن کە پێشێلکاری عورف و ڕێسا و بەهاکانی کۆمەڵگان. ئەوان "بێگانە"ن چونکە لەدەرەوەی ئەوبازنەیەدان کە خەڵکانی تر بەڕاست و دروستی دەزانن. ئەوان بەربەر و ناشارستانی و وەحشی و سەرپێچیکار و دێوانەن. هەموو کۆمەڵگایەك بەدیاریکردنی سنور بۆ بێگانەکان خۆی دروست دەکات: "ئەگەر قاچ لەم هێڵە بەریتە دەرەوە خراپتان لەسەر دەکەوێت." سنورەکان دەگۆڕێن بەڵام هەمیشە بوونیان هەیە. رازیبوون بە تاکیەتی بەربڵاو جەخت کردنەوە لەسەر ئەم خاڵەیە کە کە لەراستیدا شتێکی تایبەت سەبارەت بە کولتوور بوونی نییە کەهەمووان ناچار بن باوەڕیان پێی بێت. رازیبوون بە تاکیەت هاندانی کەسەکان بۆ پرسیار کردنەوە و بینینی بنەمایەکی کۆمەلأیەتی بۆ زۆربەی ئەوەی ئەوان باوەڕیان پێیەتی لەجیاتی بنەمایەکی رەها. دروستکردنی راستەقینەی هێڵەکان، دیاری کردنی ئەو کەسانەیە کە لەدەرەوەی ئەوە هێلأنەدان. هەڕەشە و سزادانی ئەو کەسانەی پڕکێشی دەکەن ئەو سنورە ببەزێنن و داغکردنی شەرمێنەری هەمیشەیی ئەو کەسانەی سزادەدرێن چەندین شێوازن کەبە هۆیانەوە تاکەکان لە



کۆمەڵگادا جەخت لە ڕێساو یاسای خۆیان دەکەنەوە. پیرۆز بوون بەهێزیان دەکات و هاوکات، *ئیتنۆسێنتەریزم* دەهێننە بوون– واتە لەڕاستیدا جەختکردنەوەی نوێ لەسەر ئەو شتەی کۆمەڵگا جەختی لێ دەکاتەوە واقیعی و ڕاستە. بە مانایەکی زۆر گرنگ، سزادان لەسەر تاسەری کۆمەڵگادا دڵنیایەکی زیاتر دروست دەکات کە "بەڕاستی ماف بەئێمەیە."

## دەسەڵات و ستەم ئیتنۆسێنتەریزم دەهێننە بوون

بازرگانی کۆیلە کە لەسەدەی حەڤدەیەم هەتا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەش برەوی هەبوو دەرەنجامی کاری ئەو کەسانە بوو هەستیان دەکرد کەدەتوانن بەقڕ کردن، راگواستن و ستەم کردن لە کۆمەڵێکی زۆر لەخەڵکان بەبێ هیچ بایەخدانێك بەخواست و بەرنامە و بەهاکان، یان شێوازەکانی ژیانی ئەوان دەتوانرێت سەروەت و سامان بۆ خۆیان کەڵەکە بکەن. بازرگانانی کۆیلە و خاوەن کۆیلەکان وەکو زۆربەی کەسەکان بڕوایان بە خوا هەبوو. خۆشیان بە هاوڵاتیەکی راست کردار و دروستکاری جیهان دەزانی. بۆ ئێمە زۆر ئاسانە ئەوان بە دێوانە یان بەدڕەفتار بزانین. لەڕاستیدا، ئەوان چۆن لەگەڵ خۆیاندا دەژیان؟ ئایا ویژدانیان هەبوو؟ ئایا خۆیان بە کەسانێکی پابەند بەیاسا ئەخلاقیەکان دەزانی؟

ڕەفتاری نامرۆیی لە مێژوی هەموو نەتەوەیەکدا هەیە. ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەك دروست بوو و خۆی گرت کەئەمەریکیە ڕەسەنەکانی لەناو برد. ئەڵمانییەکان ملیۆنەها کەسیان کوشت بەبیانوی ئەوەی کەسانێکی پەست و نزمی کۆمەڵگان. مێژووی ئاسیای باشوری ڕۆژهەڵات و یوگسلافیا لە دەیەکانی 1980 و 1990 پڕە لەو نمونانەی ئەوە نیشان دەدەن چۆن گروپێك لە خەڵك دەستیان داوەتە کوشت و بڕی بە ئەنقەستی ئەوانەی لەڕوانگەی ئەوانەوە جیاواز بوون.

پەیوەندی نێوان ئەم جۆرە ستەمگەریە و ئیتنۆسێنتەریزم چییە؟ گومانی نییە کە ئیتنۆسەنتەریزم هەندێجار هاندەری جەنگ و مرۆڤ کوشتن و کۆیلایەتی، بەشخواردن و نایەکسانییە. بەم پێیە ئەمەش دروستە کە ئیتنۆسەنتەریزم دەرەنجامی ئەم جۆرە کار و کردەوانەیە. نەژاد پەرستی پێشەنگی هاتنی کۆیلایەتی (و فاکتەری) کۆیلایەتی نەبوو، لە مێژوودا ئاشکرایە بوونی کۆیلە کاریگەری هەبوو لەسەر دەرکەوتنی نەژاد پەرەستی. کۆیلایەتی لە پێناو بەرژەوەندی ئابووریدا دروست بوو، نەك بە هۆی ئەوەی گروپێك کەمتر دەهاتە بەرچاو. فەلسەفەی نەژاد پەرستانە هاتە بون تا ئەو دامەزراوەیە پشت راست بکاتەوە و پشتیوانی لێ بکات.

ئەم بەلگە هێنانەوە بۆ هەر نمونەیەك لە کردارە بێڕەحمانە و نامرۆڤانە فراوان بکەن. هەرکات تاکەکان ستەم لەوانی تردەکەن، بەگشتی دەبێتتە بەلگەیەك بۆ کردەوەکانیان لەئارابێت تاخۆیان و بەرامبەریان رازی بکەن ئەوەی ئەنجامی دەدەن ڕاست و دروستە. بەگشتی دەرەنجامەکەی شێوەیەکە لە ئیتنۆسێنتەریزم. ستەم کردن ڕاستە لەبەرئەوەی "ئەوەی ئەوان هەن" کەمتر لە "ئەوەی ئێمە هەین" بەهادارە. ویستی خوایە خەلکی ئێمە دەست بەسەر جیهاندا بگرن و بەسەریازال بن. قوربانی کردنی خەلك لەپێناو بەرژەوەندی ئێمەدا هەم پێویستە و هەم دروست. "باندی کوڕانی کۆن" (old boys network) بەلگە هێنانەوەیەکی لۆژیکی بۆ ڕەفتار لەگەل ژناندا دەهێنێتە بوون کە پێیان دەلێت شێوازەکانیان باشترە، خاوەن کارێك کە هێزی کاری هەرزان بەکاردەهێنێت لەو باوەڕەدایە یارمەتی ئەو کەسانە دەدات. ئەو کەسانەی کە بەبڕوای ئەو وەکو ئێمە پێویستیان بەداهات نییە. هەروەها ئەو هێزە داگیرکەرانەی بە زۆر ولاتان دەگرن ،ئەو کەسانەی خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو خاك و نیشتیمانە بوون زیندان یان لەناویان دەبەن، رونی دەکەنەوە کە "ئەوان بە شێوەیەکی دروست سودیان لێ وەرنەدەگرت."



کەوا بوو پێویستە بزانین ئیتنۆسێنتەریزم ئایدۆلۆژیایە، شێوازێکی بیرکردنەوە کە تاکەکان سودی لێ وەردەگرن تا بەلگەی ستەمکاری لەسەر خەلکان بۆ خۆیان و کەسانیتر بهێننەوە. ئەو شوێنەی ستەمی تیابێت ئیتنۆسێنتەریزم هان دەدرێت.

## ململانێی کۆمەلایەتی هانی ئیتنۆسێنتەریزم دەدات

ململانێی کۆمەلایەتی بەشێکی سرشتی ژیانی کۆمەلایەتییە. لەهەرکوێ جیاوازی بوونی هەبێت یان لە هەر شوێنێك دەگمەنی هەبێت، ململانێش بوونی هەیە– نەك ململانێی توندو تیژ بەلام لانی کەم ڕوبەڕو بوونەوە لەسەر هەرشتێکی دەگمەن. ململانێی نێوان کۆمەلگاکان باشترین نمونەیە، بەلام ڕکابەری توندوتیژ کەمتر لەنێوان کۆمپانیاکان، تیمەکاندا یان لە نێوان کۆبونەوە بچوکترەکانیشدا ئەم خواستە دەردەخات. ئەوانەی ئێمە لەگەلیاندا شەڕ دەکەین کەم بەهاتر لە ئێمە و و لای ئێمە شیاوی سوك سەیر کردنن:

ئێمە حەزدەکەین ناشیرین ترین بزوێنەر بدەینە پال دوژمنەکانمان، بە زۆری ئەو بزوێنەرانەی خودی خۆمان بەزەحمەت دەتوانین بەلگەیان بۆ بهێنینەوە: (ئێمە حەز ئەکەین باوەڕ بکەین کە) دوژمن خۆی لە خۆیدا خائین، بێشەرم، بێ بەزەیی، خراپەکار، بەدور لەهەر هاودەردی بەزەییێکە و لە دەست درێژی کردن لەبەر دەست درێژی چێژدەبات. هەرکارێك ئەیکات بەگشتی بە نەشیاوترین شێوە لێك دەدرێتەوە. (226: 1970 و 1970 و Shibutani)

لە هەمان کاتدا، کاتێك گیرۆدەی ململانێ دەبین، بەزۆری بزوێنەرەکان و شێوەکانی خۆمان بە شەرافەتەمەندانە وەسف دەکەین.

(ئێمە بڕوامان هەیە کە)کەمتر بە هۆی تەماحەوە دەچینە ناو جەنگەوە. ئێمە لە پێناو ئازادی و دادپەروەری یان بەرگریکردن لە بەرامبەر دەست درێژی

کردنی ناپەسەند دەجەنگین. ئێمە بەهێز و بەبوێری و ڕاستگۆ و خاوەنی هەستی هاوخەمی و ئاشتی خواز و گیانبازین. ئێمە ڕێز لەسەربەخۆیی کەسانیتر دەگرین و وەفادارین بەرامبەر هاوپەیمانانی خۆمان. (هەمان سەرچاوە، 226)

لە ململانێدا لەگەڵ بەرامبەرەکانماندا، زێدەڕۆیی سەبارەت بەرەخنەکانمان دەکەین، زێدەرۆیی دەربارەی لەپێشی و گەورەیی خۆمان دەکەین. دوژمنان دەبنە بونەوەرێکی بێ ماف و، ڕوانین لە جیهان لە روانگەی ئەوانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو دژوار دەبێت. ئەوەی ئێمە لە دژی دوژمن ئەنجامی دەدەین بۆ ئێمە زیاتر دەبێتە هۆکاری رازیبوونی زیاتر. چونکە دەتوانین بەرگری لە چاکە لە بەرامبەر خراپە بکەین بەشێوەیەکی عەقلانی. ململانێ دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئێمە ئیتنۆسێنتەریزمی خۆمان پەرە پێ بدەین و پەرەسەندنی ئیتنۆسێنتەریزم یارمەتی بەڵگە هێنانەوە و زۆربونی ململانێ دەدات. ئەم دووانە یەکتر بەهێز دەکەن و بە تێپەڕینی زەمەن جیهان _بە ئاشکرا وەکو مەیدانێکی چاك و خراپ دەردەکەوێت. بۆ نمونە قەیرانی 1990–1991 لە کەندوای فارس بە چەشنێکی بەرچاو بە شێوەی بەرەنگاربوونەوە لە نێوان (هێزی چاکە) بە نوێنەرایەتی جۆرج بۆش و (هێزی خراپە) بە نوێنەرایەتی صەدام حسین دا دەرکەوت. جۆرج زیمل (1908) باس لەوە دەکات کە ململانێی نێوان ڕێکخراو نەك تەنها وەفاداری گروپی هاندەدات بەڵکو گۆشار بۆ وەك یەك بون دەسەپێنێت تاناڕەزایی دەروونی کپ بکات. پیاوانی میانەڕەوو مەعقول بەکردەوە بێ جوڵە دەبن و خەڵك تەنها سەروکاریان لەگەڵ دوو بارەکردنەوەی بەردەوامی یەك روانگە هەیە. (228: 1970 و Shibutani). لەکاتی جەنگدا، کۆمەڵگا بەرەخنە لێ گرتن لەلایەن دانیشتوانەکەی خۆیەوە زۆر هەستیارە. ئەم جۆرە ڕەخنە گرتنە بەمانای نەبوونی وەفاداری دادەنرێت. تەحەمولی نارەزایی زۆر ئاسانترە کاتێك کۆمەڵگا لە حاڵەتی ئاشتی دایە. ململانێی کۆمەڵایەتی ڕاستی ئامانجمان و شێوەکانمان و حەیقەتەکانمان ئاشکرا دەکات.



لەجووڵە خستنی ئەم ململانێی کۆمەڵایەتییە، ئیتنۆسێنتەریزم رو لەزیاد بون و بەدواداچونی بیروباوەڕی کەمینە هە ئەوەی کە دەستی پێ کرد، بۆ کەسەکان دژوارە. ئەنجام بەگشتی شەڕ و پیا هەڵپرژان و شێوازەکانی بازرگانی کردنی بێ بەزەییانەیە. بە شێوەیەکی کورت ململانێی لەناو ڕێکخراوێکدا کەسەکان هاندەدات بەڕاستی و دروستی و شێوازەکانی خۆیان بڕوادار بن.

## جیاوازیە مرۆییەکان

بۆچی هەمووان ناتوانن وەك ئێمە بن؟ ئەم پرسیارە بەگشتی هەڵسەنگاندنێکی بەهایی لەخۆ دەگرێت. ("سەرئەنجام شێوازەکانی ژیانی ئێمە باشترە!") کەواتە ئەم پرسیارە ئیتنۆسێنتەریزمانەیە. ("هزرەکان و بەهاو نۆرمەکانمان دروستن، ئەو بەهایانەی جیاوازن لە بەهاکانی ئێمە کەمتر ڕاست و دروستن.")

کەواتە با ئەم پرسیارە بەبێ هەڵسەنگاندنی بەهایی بهێنینە ئاراوە، بێ ئەوەی ئیتنۆسێنتەریزمانە بێت. با زانستی ترو بابەتی تر بین و پرسیارە کە بەرستەی جیاواز بکەین: "بۆچی خەڵکی جیاوازن لەگەڵ یەك؟" "بۆچی کۆمەڵگاکان جیاوازن؟" "بۆچی کۆبونەوەکان، گروپەکان و ڕێکخراوە ڕەسمیەکان جیاوازن لەگەڵ یەکتر؟"

## کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی و جیاوازیە مرۆییەکان

ئەبێت ئێستا بەشێك لە وەڵامی پرسیارە کە بزانین. پێشتر لەم بەشەدا باسمکرد کردەی دوولایەنە کۆمەڵێك جیاوازی لەگەڵ خۆی دەهێنێت. هەروا کە تاکەکان کردەی دوولایەنە لەگەڵ یەك ئەنجام دەدەن، بەرەو لای یەك رادەکێشرێن و لە هەمان کاتدا لەوانی دی جیادەبنەوە. کردەی دوولایەنە بەو مانایە دێت کە تاکەکان لە بەهاکانی یەکتردا بەژدار دەبن، ئەوان ئاشنا دەبن، ئەوان بە چەشنێکی فراوان و

بەرچاو پەیوەستی یەکتر دەبن. ئەوان نمونە و شێوازی کۆمەڵایەتی پێك دەهێنن– کولتوور، پێکهاتە، دامەزراوە– بەوشتە ڕادێن کە بە هەموویانەوە پێکیان هێناوە. بە تێپەڕینی زەمەن، جیهانی ئەوان دەبێتە بەشێك لە خۆیان و وادێتە پێش چاو بەشێکی سروشتیە لە هەموو جیهان.

ئەم کردە دوولایەنییە(کارلێکە کۆمەڵایەتییە) و ئەو نمونانەی کە لەوەوە سەرچاوە دەگرن کەسەکان لە یەکتر جیادەکەنەوە. بیروباوەڕ و بەها و یاسا ئەخلاقی و سوننەتەکانی من جیاوازە لەگەڵ بیروباوەڕ و بەها و یاسا ئەخلاقی و سوننەتەکانی تۆ لەبەرئەوەی ئەو گروپانەی کە ئێمە تیادا فۆرمەلە بوین جیاوازن. من لە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە کاریگەریم وەرگرتووە. مادەی بێهۆشکەر و کحول بەشێك نین لە ژیانی من چونکە کارلێکی کۆمەڵایەتیم منی بەو ئاقارەدا نەبردووە. بیروباوەڕی مەزهەبی من، دەتوانرێت لە کارلێکی کۆمەڵایەتی مندا ببینیت و بەهەمان شێوە حەز و هۆگری و تواناییەکانیشم. ژیانی من لەگەڵ ژیانی تۆ دا، تاڕادەیەك بەو هۆیەوە جیاوازە کە من لە مینیاپولیس گەورە بووم و دواتر چوومەتە مورهید، وە تۆش لە مینیا پولیس مایتەوە. ژیانی من لەگەڵ ژیانی تۆ جیاوازە، چونکە من لەگەڵ کۆمەڵناسان کردەی دوولایەنەم هەیە، بەلام تۆ پەیوەندی جیاوازت هەیە.

## میژووی کۆمەڵایەتی و جیاوازییەکانی مرۆیی

هیچ کات دوو کۆمەڵگا (یان ڕێکخراوی ڕەسمی یان کۆبونەوەی بچوکتر) بە شێوەی یەکسان دروست نابن. هەموو ئەوانە مێژوویەکی جیاوازیان هەیە. کۆمەڵگاکان رەنگە لەو ڕووەوە کە هەمووان ڕابەرانی کارزیماتێکی دیاریان لە مێژوی خۆیاندا هەیە– لینین، لۆتەر، محمد، ناپلیۆن یان گاندی– هاوتابن بەلام هەریەك لەم ڕابەرانە کۆمەڵێك گۆڕانی سنوردار بەتاکەکانیان خولقاندووە، بە پێچەوانەی ڕابەران



لە کۆمەڵگاکانی تردا. هەر کۆمەڵگایەك پێکهاتەیەکی لە سونەتەکان و نوێ سازی دەبێت و ئەو پێکهاتەیە هەمیشە تایبەت بەتاك دەبێت. هەر کۆمەڵگایەك لە قۆناغێکی جیاواز لە پیشەسازیدا بوونی دەبێت و هەریەکەیان پیشەسازی لەگەڵ میراتێکی جیاواز تێکەڵ دەکات. هەریەك رەنگە تاڕادەیەکی زۆر پشت ئەستور بێت بەمەزهەبێك و لەم مانایەدا، ئەوان هاوتادەبن بەلام هەر مەزهەبێك لە چەند لایەنێکی سەرەکیەوە جیاواز دەبێت. تەنانەت کاتێك کە دوو کۆمەڵگا مەزهەبێکیان هەبێت (بۆ نمونە مەزهەبی کاتۆلیك) هەر یەك لەراستیدا، جیاواز لەگەڵ ئەوەی تر دەبێت چونکە مەزهەب لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی گەورەتردا بوونی دەبێت. ئێران، سوریا، میصرو ئەندەلوسیا رەنگە هەموو موسوڵمان بن بەلام ژیان و هزر و ئەرزشەکان و تەنانەت مەزهەبی خەڵك بەهۆی مێژووی جۆرا وجۆریانەوە جیاوازیەکی بەرچاویان دەبێت.

هەموو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان مێژوویەکی سنوردار بە خۆیان هەیە، هەر بۆیە نمونەی کۆمەڵایەتی جیاواز لەگەڵ تەواوی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی تردەهێننە بوون. من مینیاپولیسیش بە گروپێکی (پۆکەر_جۆرە قومارێکە_) و بەگروپێکی سەرمایەدارەوە پەیوەست بووم. کاتێك بۆ شارێکی دیکە کۆچم کرد، هەوڵمدا ئەم گروپانە سەر لەنوێ دروست بکەمەوە. ئەو گروپانەی لە مینیا پولیس هەبوون ئێستاش بوونیان هەیە، لە فارگۆمۆرهیدیش هەن. لەگەڵ ئەوەی هەوڵم دا هەمان ئەو گروپانەی کە لە مینیا پولیس هەبوو، دروست بکەم، بەلام زۆرجیاواز دەرچوون. بۆچی ئەو گروپانەی کە لە فارگۆمۆهید دروست بوون ناتوانن وەکو هەمان گروپەکانی مینیا پولیس بن؟ چونکە ئەم گروپانە لەڕووی مێژوو، ئەزموونەکانیان، گرفت و ڕێچارەکان و نمونە و شێوازە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ یەکترجیاواز بوون.

"بۆچی بەلای ئەمەریکیە بەڕەگەز ئەفەریقیەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکان تا ئەم ڕادەیە سەرکەوتن دژوارە؟ کەمایەتیەکانیتر سەرکەوتوو بوون. گروپە کۆچ کەرەکانیتر سەرکەوتوو بوون. یەهودیەکان سەرکەوتوو بوون. ئەمەریکیە بەڕەگەز یابانییەکان سەرکەوتوو بوون. چ شتێکی جیاواز لەبارەی ئەمەریکیە بەڕەگەز ئەفەریقیەکانەوە لەئارادایە؟" وەڵامی ئەم پرسیارە ئاڵۆزە، بەڵام بەشێکی لەمێژووی کۆمەڵایەتی جیاوازی ئەواندا دەدۆزرێتەوە، لە مێژووی وڵاتەیەکگرتووەکان (لەو هێزەی ئەفەریقیەکانی بۆ ئەمەریکا هێنا، لە دامەزراوی کۆیلەداری، لە شەڕی ناوخۆیی، لە شەڕ و دەسەڵاتی دوای جەنگی ناوخۆیی و لە کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە سپی پێستەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتایی سەدەی بیستەم و لە کۆچکردنی ئەمەریکیە بە ڕەگەز ئەفەریقیەکان لە سنورەکانی دێهاتەکانی باشور بۆ سنورەکانی شاری باشور بەدرێژایی جەنگی جیهانی یەکەم و لەدوایی ئەوەش،) وە لە ناوەرۆکی پەیوەندی مێژویی نێوان سپی پێستان و ئەمەریکیە بە ڕەگەز ئەفەریقیەکان (نمونەی جیاواز نەژادی، هەژاری، دورخستنەوە و دەسەڵات کە سەدان ساڵ لەئارادا بوو)، لە نمونە و شێوەکانی کردەی دوولایەنەی ئێمە لە کۆمەڵگایەکی تەواو جیاکراوە لە ڕوی نەژادی کە بەکۆبونەوەی جیاواز و بەبێ کردەی دوولایەنە و پەیوەندی ئازادانە کۆتایی پێ هات کە نمونە کۆمەڵایەتییەکان جیاواز و هەندێ جار ناتەبا و ناسازگای هان دەدا، لە میراتی بێ متمانەیی و نائومێدی کە لەگەڵ جیاوازی لەهەموو لایەنەکانی ژیانی ئەمریکایی زیاد دەبوو . ئەمەریکیە بەڕەگەز ئەفەریقیەکان لەگەڵ هەر کەمایەتیەکی دی لە مێژووی ئێمەدا جیاوازن، ئەمەریکاییانی بە ڕەگەز یەهودی، ئەمەریکاییانی بەڕەگەز یابانی، ئەمەریکاییانی ڕەسەن و ئەمەریکاییانی بە ڕەگەز مەکسیکیش بەهەمان شێوەن. هیچ بەڵگەیەك لە ئارانییە باوەڕەبکەین کە ئەم گروپانە تەنیا لە بەرئەوەی بێ بەشن یان بێ بەش بوون، یەکسانن.



## بابەتەکان و شێوازە کۆمەڵایەتییەکان

کەواتە کەسەکان لەگەڵ یەکتر جیاوازن چونکە کردەی دوولایەنە یان ئەوان جیادەکاتەوە و هەروەها بەم هۆیە کە مێژووی– تایبەتی ئەوان شێوازی کۆمەڵایەتی جیاواز دەهێننە بوون. گروپەکان، ڕێکخراوە ڕەسمیەکان، کۆبونەکان و کۆمەڵگاکانیش بەشێوەی جۆراوجۆر لەگەڵ یەکتر پەرەدەسێنن. لەبەرئەوەی ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی ئەوان دەبنەوە، جیاوازن. ڕێکخراوەکان پێکهاتەو کولتوور و دامەزراوەکان دەهێننە بوون کە کارسازن. چین ناتوانێت وەکو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێت چونکە ئەو کێشانەی چین پێویستە چارەسەری بکات لەگەڵ ئەو کێشانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زۆر جیاوازن لەبەرئەوە شێوەی کۆمەڵایەتی جیاواز و جۆراوجۆر دەخوازێت. بۆ نمونە کێشەی یەکبوون و نەزمی کۆمەڵایەتی هەمیشە هۆکاری نیگەرانی چین بووە. چین لە زۆر کۆمەڵگا پێکهاتووە نەك تەنها لە کۆمەڵگایەك، سوننەتێکی بەهێزی جیابونەوە بەردەوام لەو خاك و وڵاتەدا بوونی هەبووە. مێژووی چین مێژووی ئیمپراتۆریەکانی فیوداڵی جودا، فەرمانڕەوایانی نیزامی شەڕکەر، حوکمەتە ناسەقامگیرەکان و ئابووری نا ناسەقامگیرە. بە پێچەوانەوە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەگەرچی بە شێوەی ویلایەتی جودا دەستی پێکرد، سوننەت و یەکێتی بە هێزتری هەیە، کە لەگەڵ جەنگ و کودەتا و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی جودا لە ئینگلستان بەهێز بوو. چینیش بەهۆی یابانەوە ژێردەستە بوو. یەکیەتی سۆڤیەتیش هێرشی کردوەتە سەرو لە دەرەنجامدا جۆرێك بێ متمانەیی بەدراوسێکانی پەیداکردووە. ئەم

واقیعیەتە لەسەر شێوەکانی کاری ئەو کاریگەری دەبێت. لەلایەکی ترەوە، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەرگیز جەنگەکانی بەدراوسێکانی نەدۆڕاندوە و دووچاری ترس نەبووە. سەرەنجام، کێشە و گرفتی گەورەی دانیشتوان کە سەرچاوە دەگرێت لەو مێژووە دوورو درێژەی وەفاداری بە خێزان و سوننەتەکان و هەروەها مێژووی دورو درێژی هەژاری فراوان، ولاتی چینی بۆ کۆمەڵگایەکی جیاواز لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گۆڕیووە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم مەسەلە جیاوازانە، چۆن دەتوانرێت گومان بکرێت کۆمەڵگای ئەمەریکا و چین بتوانن هاوتابن؟ بە چ شێوەیەك گومان دەکرێت کە ئەوەی لێرەدا کارسازە لەوێش بەسودبێت. دامەزراوەیەکی تایبەتی سەرمایەداری رەنگە دامەزراوەیەکی گرنگ بێت لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بەلام گواستنەوەی بۆ کۆمەڵگایەك بەکێشە و بابەتی جیاوازەوە کە بەشێوەیەکی سوننەتی خزمایەتی و کۆبونەوەی پێش تاکیەت خستوە، دژوارە.

تیپەکانی بیس بال کە خەلاتی پاڵەوانی دەبنەوە ناتوانن وەکو ئەو تیپە بیس بالانەبن کە هەوڵ ئەدەن یەکەم یاری خۆیان ببەنەوە. ئەو زانکۆیانەی نوخبەکان تیادا خوێندن تەواو دەکەن ناتوانن وەکو ئەو زانکۆیانەبن کە هەوڵ ئەدەن تاڕادەیەك پرۆسەی فێرکردن ئەنجام بدەن. ئەو کۆبوونەوانەی کە گرفتی جدی پیس بوونی ژینگە یان هەیە ناتوانن وەکو ئەو کۆبونەوانە بن کە دەبێت گرفتی بێکاری چارەسەر بکەن.

ئێمە بە زۆری هان دەدرێین کە خۆمان لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تردا بەراورد بکەین، دەربارەی پێشکەوتنەکانمان زێدەڕۆیی بکەین یان تەنانەت سەبارەت بە شتێك کە خوازیاری چاکسازی کردنی تیایدا، گلەیی و گازندە بکەین. بەلای کەسانێك لە ئێمە کە لەکاری فێرکردندابن بابەتێکی ئاساییە، ئارەزووی سیستمی فێرکردنی ئینگلیستان یان سەنگاپوورەمان هەبێت. لەگەڵ ئەمەدا، ئامانجی سیستمی



فێرکردنی ئێمە هەمیشە جیاواز لەگەڵ ئامانجی ئەو کۆمەڵگایانەی تربووە. ئێمە هەوڵمان داوە کە سیستمێکی سەرەتایی دابنێین تا ئەو شوێنەی ئەگەری هەیە یارمەتی بەرابەری دەرفەتەکان بدات. هەروەها سیستمی زانکۆ کە هەوڵدەدات وەلامدەرەوەی پێویستیەکانی هەموو دانیشتوان بێت. لەبەرئەوە ئەو دامەزراوانەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا دروست بوون جیاوازبوون لەگەڵ شوێنەکانیتر. باش یان خراپ، سیستمی ئێمە، سیستمێکی ئازادە کە تیادا چەندین دەرفەت بۆ سەرکەوتنی تاکەکەس ئامادە دەکەین و تا ئەوکاتەی کە مەبەستی خوێندنگاکانمان بە شێوەیەکی بنەڕەتی نەگۆڕیت، پێکهێنانی سیستمی فێرکردنی هاوشێوەی سیستەمەکانی کۆمەڵگاکانتر ئەگەری نییە. ئەگەر ئێمە تەنیا کەسە بەتواناکان لەڕووی خوێندنەوە لە دواناوەندیەکان وەربگرین و ئەو کات زانکۆکانمان بەڕوی هەمووان‌دا (جگە لە زیرەکەکان) دادەخست، دەمانتوانی سیستمی فێرکردنی هاوشێوەی ئەوەی لە کۆمەڵگاکانی تردا بوونی هەیە بەدی بهێنین بەلام هەموو ئامانجەکان و لەگەڵیشیاندا ناوەرۆکی کۆمەڵگا دەگۆڕدرا. دامەزراوەکان لە بۆشایدا دروست نابن. شێوەکانی کردەوەی ئێمە لە زەمینەی بەهاکان و ئەو مەسەلانەی کە بە گرنگ دیاریمان کردوون گەشەیان کردووە.

بەزمانێکی سادە، ڕێکخراوەکان لەبەر سێ فاکتەر جیاوازن لەگەڵ یەك:1) کردەی دوولایەنەی ئەوان جیاو دابەش دەکات، 2) مێژووی تایبەتە بەتاك و 3)ئەو بابەتانەی کە شێوەی کۆمەلایەتی ئەوان دەبێت چارەسەری بکات  لەگەڵ یەك جیاوازن، ئەم  بابەتەیش لەسەر ئەوەی چ نمونەیەك دروست دەبێت، کاریگەری دادەنێت .

پێویستە فاکتەری چوارەمیش بیربخەینەوە. لە بیرتانە پێشتر لەم بەشەدا ئیتنۆسێنتەریزم تاوتوێکرد، واتە خواست و حەزی ئێمە بۆ بە دروست زانینی شێوەکانی خۆمان و کەمتر بە باش زانینی شێوەکانی کەسانیتر. ئیتنۆسێنتەریزم

لەمەدا کە بۆچی هەموومان جیاوازین، دێتە ئاراوە. لەو کاتەوەی دەستدەکەین بە جیاکردنەوەی خۆمان لە خەڵك، هەڵدەستین بە بەرگریکردن لەوەی کە هەین، لەو شێوانەی خومان پێوەگرتوە بەرگری دەکەین. ئێمە نامانەوێت ئەوەی هەمانە دەسبەرداری بین تا "وەکو ئەوان" بین و لە پێناو مانەوەی شێوەکانی خۆمان ئەوەی دەتوانین ئەنجامی دەدەین. لە هەربارودۆخێکدا، کێ دەیەوێت وەکو بێگانەکان بێت؟ ئەگەر ئەوان بیانەوێت ئێمە بەزۆر پەیوەست بکەن، ئێمەش زۆر بەکاردەهێنین. ئەگەر ئەوان هەوڵ بدەن باوەڕەکانمان بگۆڕن، دەگەڕێینەوە بۆ کۆبوونەوەکانی خۆمان. نەك تەنها ئێمە هەوڵ دەدەین جیاوازییەکانمان بپارێزین بەڵکو ململانێ لەگەڵ بەرامبەردا هانمان دەدات دەست لە جیاوازییەکانمان بەرنەدەین و تا ئەو شوێنەی دەتوانین شوناسە جوداکانی خۆمان بهێڵینەوە و بپارێزین.

## پوختەو دەرەنجام

من و تۆ لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتیدا بوونمان هەیە. ئەوەی ئێمە لە کوێدا ژیان بەسەردەبین و لەگەڵ کێ دا دەژین، کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی کە هەین و چی دەکەین و باوەڕەکانمان چین. ئەمەش وەك خۆی، من و تۆ لەگەڵ یەکتر جیاواز دەکات. بەهێزی کردەی دوولایەنەی ئێمە، مێژوو، مەسەلە و شێوازەکانی ڕێکخراوەکانمان، هاوڕێ لەگەڵ هەستی ئیتنۆسێنتەریزم کە بەناچاری لە ڕێکخراوەکاندا دەردەکەون، ئێمە جیاواز دەکات و دەمانهێڵنەوە هەرچەند زەمانێك وا بەرچاو بکەوێت کە تۆ وەکو من بیت (یان بەپێچەوانەوە)، ئێمە دەبێت چاوەڕوانی ئەمەمان هەبێت کە جیاوازییەکان لە جێی خۆیان دەمێننەوە و هەمیشەش جێی تێبینی دەبن.



فەرامۆشکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی لە دروستکردنی جیاوازییەکان لە نێوان تاکەکاندا ئاسانە. لە دەیەی 1990 بە زۆری تینوی جیاوازی نەژادی یان بایۆلۆژیکی و بەهەمان ڕادە شەیدای ئاشکرا کردنی ئەوان دەبین. دەرخستنی جیاوازییەکان لەسەر بنەمایی ئەوەی تاکەکان لە ڕوی فیزیکیەوە چۆن دێنە پێش چاو، ئاسانە، یەکسان زانینی باوەڕ و هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕواڵەتی فیزیکی زۆر ئاسانە. جیاوازیە بایۆلۆژیەکان، گەرچی هەندێ کات بۆ تێگەیشتنی جیاوازیە کەسیەکان گرنگن، بۆ تێگەشتن لە جیاوازییەکانی نێوان گروپەکان یان کۆمەڵگاکان بەکارنایەن.

ئێمە هەرگیز ناتوانین جیهانێکمان هەبێت کە تیادا هەمووان سازگاری و هاوکاری تەواومان هەبێت. ڕاستیمان بوێت، بۆچی دەبێت خوازیاری جیهانێکی لەم شێوە بین؟ جیاوازیە مرۆییەکان خراپ نین و بەچاکی دەتوانرێت بسەلمێنرێت کە ئەوانە باشن. جۆراو جۆری وامان لێ دەکات هەڵسەنگاندن بکەین کە هەین، چۆن بژین و باوەڕمان بە چ شتانێك هەیە. جۆراوجۆری مانای نوێ بۆ ژیانمان دەسەبەر دەکات. جۆرا و جۆری دەتوانێت فێری ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و لەخۆبوردوییمان بکات دەربارەی روانگەکانی خۆمان بەواقیعیەت . فرەیی دەتوانێت دیموکراسیەکی زۆر دەوڵەمەنتری بۆمیلەتێك پێ بێت. چونکە دەتوانێت لەبری رایز بون بەوەی زۆرینە دەیەوێت رێز گرتنی بەرامبەریان فێر بکات .

ئیتنۆسێنتەریزم چۆنە؟ باشە یان خراپ؟ دیارە کە پەیوەندی بە بەهاکانمانەوە هەیە. وادێتە بەرچاو کە ئیتنۆسێنتەریزم رەنگە یارمەتی یەکگرتویی کۆمەڵایەتی و نەزمی کۆمەڵایەتی بدات. یارمەتی پەیوەندانی ئێمە بەکسانی دیکە دەدات و هەستی بەرپرسیاری بەرامبەر بە کۆمەڵگا لە ئێمە دەخولقێنێت. پەیڕەوی لە یاساکان ئاسانتر دەکات چونکە یاساکان بە دروست دێنە بەرچاو. ئیتنۆسێنتەریزم دەبێتە هۆی ئەوەی دەربارەی شوناسی خۆمان هەستێکی باشمان هەبێت و دڵنیایی

زیاتر بە باوەڕەکانمان پەیدا بکەین. ئیتنۆسێنتەریزم پاڵپشتێك بۆ ئێمە فەراهەم دەکات، یارمەتیمان دەدات بزانین چ شتێك لە جیهاندا باشە یان باش نییە. بەشێکی ئیتنۆسێنتەریزم بێ گومان بۆ بەردەوامی بوونی کۆمەڵگا پێویستە.

لەلایەکی ترەوە ئیتنۆسێنتەریزم خەرجی زۆرە. لە روانگەی کۆمەڵگاوە هاوکاری تازەبوونەوە و گۆڕان و چارەسەرکردنی گرفتەکان و باسە جدیەکان ناکات. کاتێك گومان دەکرێت هەر جۆرە گۆڕانێك، هەڕەشە لە تایبەتمەندیەکانی جێی خواستی تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات، خەڵکی نەیاری گۆڕان دەبن. خواستێك بە لەبەرچاو نەگرتنی مەسەلە جدیەکانی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت چونکە چارەسەرکردنیان بەهای چاو پۆشیکردنی لە دڵخوازیەکانمانی نییە. لەڕاستیدا، ئیتنۆسێنتەریزم رێگریمان دەکات  لە دۆزینەوەی تێڕوانینی داهێنانانە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان، چونکە ئێمەش بەشێوەیەکی گشتی بەرپرسین لە شێوەی تایبەت بەخۆ لە چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆمان.

لە روانگەی تاکە کەسەوە، ئیتنۆسێنتەریزم دەبێتە بەربەستی هەندێك لەبەها گرنگەکان کە رەنگە ئێمە خاوەنی بین. ئیتنۆسێنتەریزم دەبێتە بەربەستی ئەوەی هەست بەبەرامبەرەکانمان بکەین، چونکە پەیوەستمان دەکات بە هەڵسەنگاندنی هەڵەداوان دەربارەی ئەو کەسانەی لەگەڵ ئێمەدا جیاوازن. ئیتنۆسێنتەریزم کورت بینی و نەبوونی حەز بۆ ناسینی زۆرێك لە جیاوازیە مرۆییەکان، بەو جۆرەی کە هەن، هاندەدات. ئیتنۆسێنتەریزم نەك هەر تەنها دەبێتە بەربەستی تێگەیشتنی بەرامبەرەکانمان بەڵکو خۆشمان لە تێگەیشتنی خۆمان دوردەخاتەوە چونکە هەرگیز ناتوانین لەم واقیعیەتە تێبگەین کە ئێمە و کۆمەڵگا و یاسا و راستیەکانمان، تاڕادەیەکی زۆر، بەشێکین لەواقیعیەتێکی کۆمەڵایەتی. ئیتنۆسێنتەریزم دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بکەین ئەو شتەی باوەڕمان پێیەتی، حەقیقەتە و لە بری ئەوەی



بڕوامان وابێت کە ئەوان بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی دروست بوون ومەترسی رەخنەیان لەسەرە.

دواجار ئیتنۆسێنتەریزم بەزۆری  بەڵگە بۆبێڕەحمی دەهێنێتەوە و هانی دەدات. دەرفەتخوازە سیاسیەکان سودی لێ وەردەگرن بۆ دەسەبەرکردنی پشتیوانی بە مەبەستی بەدواداچون و ئازاری بەرامبەر شەر دژی ئەوان. لە ئیتنۆسێنتەریزم سود وەردەگیرێت بۆ بەڵگەهێنانەوەی دزی لە کەسانیتر و بۆ کۆیلە کردنیان. ئیتنۆسێنتەریزم بە ئازاردان و بەدواداچون و پشت گوێ خستنی کەمایەتیەکان و لەناوبردنیان کۆتایی دێت کە تەنها تاوانیان ئەوەیە لەگەڵ ئێمەدا جیاوازن. گرفتەکە لەوەدایە ئیتنۆسێنتەریزم یارمەتی بەردەوامبوونی کۆمەڵگا و ئاسایشی تاکەکانی دەدات، لەگەڵ ئەمەیشدا، زۆر تایبەتمەندی گرنگ کە زۆرێك بۆ کۆمەڵگایەکی دیموکراتی بە بنەڕەتی دەزانن، لاواز دەکات.

# بۆچی بەختڕەشی لەجیهاندا هەیە؟

## کۆمەڵگا، سەرچاوەی سەرەکی مەسەلە مرۆییەکان

ئەریك فرۆم لەکتێبی (لەو دیو زنجیرەکانی وەهمەوە 1962) باس لەسێ ڕووداو دەکات کەبوونە ئیلهام بەخشی ئەو تاببێتە زانایەکی کۆمەڵایەتی. یەکەم ڕووداو خۆکوشتنی هاوڕێیەکی ئازیزی بوو ئەمەش هاوکات لەدوای مردنی باوکی رویدا. دووەم ڕووداو جەنگی جیهانی یەکەم بوو، ئەو جەنگەی کەنەتەوە (شارستانییەکان) دژی یەکتر دەستیان پێکرد و هەریەکەشیان ڕای دەگەیاند مافی خۆیەتی بەشداری ئەم شەڕە بکات. سێیەمین ڕووداو کوشتاری بەکۆمەڵی جولەکەکان بوو بەدرێژایی جەنگی جیهانی دووەم ئەمەش بەهۆی یەکێك لە پێشکەوتووترین کۆمەڵگاکانەوە لەجیهاندا. ئەم سێ ڕووداوە وای لە فرۆم کرد لەپێناو جیهانێکی دادپەروەرتردا هەوڵ بدات تا لە مرۆڤەکان تێ بگات.



تەنانەت ئەم جۆرە خۆکوژیەو، مرۆڤ کوژی وجەنگە، لایەنی یەکەم بەهۆی دوو فاکتەرەوە پێویستی بەباسکردن و ڕونکردنەوەیە: تێگەیشتنی هۆکارەکانیان دژوارەو ئەوبەهایەی کەمرۆڤ بەهۆی ئەو ڕەنج و بەختڕەشیەوە دەیدات ڕێگا چارەیەکی جدی دەخوازێت. هەموو کارەکانی فرۆم هەولێك بوون لەپێناو تێگەیشتنی کردەی مرۆڤەکان و هۆکارەکانی ئەوەی بۆچی تائەم ڕادەیە بەختڕەشی و بێ عەدالەتی لەجیهاندا بوونی هەیە. هەوڵەکانی فرۆم هەروەکو هەوڵەکانی زۆرێك لەبیریارانی گەورەی ترە و ئەگەری هەیە بەسوود بێت.

کۆمەڵناسی، هەمیشە توێژەرەوانێکی گرتۆتە خۆی کە خوازیاری دۆزینەوەی فاکتەری بەختڕەشی و سەقامگیر کردنی دادپەروەری بوون لەجیهاندا. کارل مارکس، لەپەرچەکرداری بارودۆخی مەترسیداری هەژاری و کەڵەکەکردنی سامان لەلایەن هەندێکەوە، ئیلهامی لەخەونی یەکسانی بۆ هەموان وەرگرت. ئەمیل دۆرکهایم، لەپەرچەکرداری بەرامبەر بەبارودۆخی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی تاکگەرایی، لەگەڕان بەدوای جیهانێکدا بوو کەخەڵك تیایدا لەڕێگەیەوە هەستی ئەخلاقی هاوبەشی پێکەوە گرێ داراو بدۆزنەوە. کۆمەڵناسانی ئەمریکی، لەکاردانەوە بەرامبەر بەدیاردەی کۆچکردن، شارنشینی، هەژاری و نایەکسانی کۆمەڵایەتی میکانیزمێکیان دانا تا لەلێکۆڵینەوەو چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتیدا بەکاربهێنرێت. لەڕاستیدا زۆرێك لەکۆمەڵناسانی وەکو فرۆم، گەشت و سەفەری فیکری خۆیان لەپێناو ویستی باشبوونی بارودۆخی مرۆیی دەست پێ دەکەن. ئۆگەست کۆنت دامەزرێنەری کۆمەڵناسی لەسەدەی نۆزدەهەم، بڕوای وابوو کە بەشێکی زانستی دادەمەزرێنێت کە بەتوێژینەوەو چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی مرۆڤەکان ئازار دەدات مرۆڤایەتی ڕزگار دەکات. کۆنت لەوشتەی کۆمەڵناسی دەتوانێت ئەنجامی بدات زێدەرۆیی کرد، بەڵام هێشتا لەزۆربەماندا ئەوبیروباوەڕە

هەیە کەزانستی کۆمەڵناسی دەتوانێت هاوکاریەکی بەرچاوی جیهان بکات لەپێناو باشتر بوونیدا.

جێی سەرسوڕمانە کەپێناسەی بەختەوەری دژوارە. "بەدبەختی" و "مەینەتی و ئازار" لەوەوە نزیکن، بەڵام بەدبەختی هێزێکی کەمتری هەیە و هەردوو زاراوەکە ئاماژە لەسەر حاڵەتێکی کاتی دەکەن. هەموو کەسێك جارجارە هەست بەبەدبەختی دەکات، هەموو کەس جارجارە تووشی مەینەتی دەبێت. رەنگە بەختەوەری باشتر بتوانین بەمانای حاڵەتێك *لەمەینەتی و بەدبەختی بەردەوام و دوورودرێژ* دەرك پێ بکەین.

جیاکردنەوەی خاڵی نێوان *هەستی زەینی* بەختەوەری وئەو *بارودۆخە واقیعیەی* کەئێمە وادەزانین دەبنە فاکتەری بەختەوەری، گرنگن. لەلایەکەوە، دەبێ بەختەوەری بەحاڵەتێکی زەینی وێنا بکەین، بەو مانایەی تاکەکان چۆن هەست دەکەن و ژیانی خۆیان چۆن دەبینن. کەسەکان رەنگە بەهۆی زۆر فاکتەرەوە هەست بەبەختەوەری وداماوی بکەن : بەدچانسی، هەڵەکان، نەبونی هاوسەنگی کیمیایی، ئامادەییە ژنێتیکیەکان، پەروەردەکردنی یەکەم ساڵەکانی منداڵی، چاوەڕوانی زیاد لەڕادەی دایك و باوك لەمناڵ، دورخرانەوە بەهۆی گروپی هاوتەکانەوە، زیان وگورزو شکستی کەسێتی، ئالودەبوون بەماددەی بێهۆشکەر و کحول، خەمۆکی، بەها دانەنان بۆ خود و نائومێدی ئەو جۆرانەن لە بەختەوەری کەزۆربەی خەڵك هەستی پێ دەکەن. تاکەکان لەهەرجۆرە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی دا رەنگە لەژیاندا هەست بەبەختەوەری بکەن. بوونی سەروەت و سامان نابێتە هۆی بەرگرتن لە بەختەوەری، بەدەست هێنانی پلەی دکتۆرا یان پزیشکی دەسەبەرێك (گرەنتیەك) نییە لەبەرامبەر ئەوەدا. لەڕاستیدا رەنگە کەسانێکیش  کە لەبارودۆخێکی هەژاری یان ستەمدا ژیان دەبەنەسەر ژیانێکی پڕ لەمەینەتی و بەختەوەرییان نەبێت ئەگەرچی دەکرێ چاوەڕوانی ئەوەبین بەختەوەربن. بەچەند هۆکارێك، هەندێ کەس کە لەناو قولایی



بەختەوەریدان دەتوانن ژیانێکی تاڕادەیەك بەختەوەرانەیان هەبێت.  ئەوانە هەست بەبەختەوەری ناکەن لەژیانیاندا وئەسیری نابن.

لەگەڵ ئەمەدا، تەنها بە ڕێککەوت نییە کەبەختەوەری نسیبی هەندێك لەخەڵکی دەبێتو بەنسیبی کەسانیتر نابێت. بەگشتی بارودۆخێکی تایبەت ودیاری کراو، بەختەوەری لەناو خەڵکدا دەخولقێنێت. هەمیشە فاکتەرەکان هەبوون، ئەو قسەیەش کەدەڵێ ئەوە بارودۆخ نییە کە بەختەوەری دەهێننە بوون _بارودۆخی فیزیکی، ڕۆحی ودەروونی و کۆمەڵایەتی_ نکۆڵی حەقیقەتێکی زۆرگرنگ دەکات و نەترسیە لەدروستکردنی گۆڕانێك لەم بارودۆخەدا و خۆدوورگرتنە لەهەوڵدان بۆ یارمەتی دانی ئەو کەسانەی کە توشی بەختەوەری بوون.

کۆمەڵناسان سەرنجی خۆیان زیاتر لەسەر ئەو بارودۆخە چڕ دەکەنەوە کەیارمەتی بەختەوەری دەدات نەك ئەوەی کە بۆچی تاکەکان تائەم ڕادەیە هەست بە بەدبەختی دەکەن. جێی سەرسوڕمان نییە کەکۆمەڵناسان جەخت لەسەر باودۆخی کۆمەڵایەتی دەکەنەوە.  هەژاری یەکێکە لەوبارودۆخانە. لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەژاری کۆمەڵێك کێشە لە ژیانی کەسەکاندا دەخولقێنێت: ستەم، دژواری ژیان وقەیرانی ئابووری دورودرێژ، قوربانی کردن، نەبوونی دەرفەتی لەبار لەکۆمەڵگادا، بێ توانایی لەپاراستنی خۆ و خێزان لەنەخۆشی، برسیەتی و تاوان وسەرپێچی.

کۆمەڵناسی تەنها روانگەیەك نییە کەیارمەتیمان دەدات بەختەوەری  لەجیهاندا بدۆزینەوە. دەروونناسان ودەروونشیکاران کەسانێك کە بەدەست نەخۆشیە دەروونییەکانی ئیکسکیزۆفرنیا و پارانۆیا مەینەتی ئەچێژن، ئەوانەی دەیانەوێت خۆیان بکوژن، توشبوان بە پەرێشانی دەرونی و خەمۆکی و نەبوونی ڕێزگرتن لەخۆ و خزمایەتی تاقی دەکەنەوە وچارەسەر دەکەن. ئەوانە زۆر سەرەداوی گرنگیان دۆزیوەتەوە دەربارەی ئەوەی کە بۆچی بەختەوەری  بوونی هەیە، لەوانە نەبونی هاوسەنگی کیمیاوی، ئامادەیی جینات، پەروەردەکردنی ساڵەکانی سەرەتای مناڵی،

زیان، سەرکەوتوو نەبوون لەخوێندن وهاوڕێیەتیەکاندا. ڕابەرانی مەزهەبی وفەیلەسوفان بەگشتی لەگەڕان بەدوای فاکتەری ڕۆحی و خوازیاری ڕێچارەکانی ڕۆحی و مەعنەوین. بەختڕەشی لەو ڕووەوە بوونی هەیە کە لە هەڵبژاردنەکانماندا ڕاست نین، بەهاکانمان لاوازو، کردەکانمان نائەخلاقین. ئەوان بەزۆری دەخوازن تێبگەن بۆچی زۆربەمان بەبێ یاسای مەزهەبی یان ئەخلاقی دەژین.

بەختڕەشی بابەتێکی مەزهەبیە، لەبەرئەوەی بۆ کەسانی بیرمەند چەندین پرسیاری بنەڕەتی دەخاتەڕوو وەکو ئەوەی خودا چییەو مانای ژیان چییە؟ بەلای زۆربەی ڕابەرانی مەزهەبی سەدەی بیستەمەوە، ئەم پرسیارە لە ئارادایە کە : خودای دادپەروەر چۆن دەتوانێت ڕازی بێت بەدنیایەك کەتیایدا ئەم هەموو ڕۆژ ڕەشیە وداماویە لەئارادایە؟ تەماشای جەنگەکانی ئەم سەدەیە بکە. ورد بەرەوە لەکوشتاری بەکۆمەڵ لەکورەکانی مرۆڤ سوتاندا لەجەنگی جیهانی دووەم وکوشتنی ملیۆنەها کەس لەدوای جەنگی جیهانی دووەم. سەیری برسیەتی بکەن لەجیهاندا و نەخۆشیە گشتگیرەکان کە هەزاران کەس لەناودەبات و تەنانەت ملیۆنەها بێتاوانیش. بڕوانە ئەو خەڵکە بێتاوانانەی کەڕۆژانە دەکوژرێن، هێرش کردنە سەر ڕێگوزەران و دزی کردن لێیان لەڕێگا گشتیەکاندا، فرۆشیارانی ماددەی بێهۆشکەر، ئەو گەڕەکانەی زۆرێك لەتاکەکان ناچارن بەژیان تیایدا. ڕۆڵی خودا چییە؟ بەڕاست خودا میهرەبانە؟ ئایا خودا فاکتەری ئەم شتانەیە؟ ئایا هۆکەی ڕوو وەرگێڕانی ئێمەیە لەخودا؟ بەچ شێوەیەك دەتوانرێت بەختڕەشی ڕونبکرێتەوەو باس بکرێت؟

کەسانی مەزهەبی بۆ پشکنینی بەخت ودەوری هێزە میتافیزیکیەکان، بەزۆری بەڵگە بەداستانی ئەیوب لەتەوراتدا دەهێنێتەوە. بۆنمونە (ڕابی هارۆڵد کۆشنەر 1981) سوود لەم چیرۆکە بۆنیشاندانی مەسەلەی ئەخلاقی خۆی و زۆرێك لەکەسانیتر وەردەگرێت. ئەیوب بەپیاوێکی زۆر دروستکار باسکراوە. ئەم پیاوە ژیانێکی زۆر باشی هەیە بەڵام هەمووشتێکی خۆی لەدەست دەدات. چۆن خودای



دادپەروەرو بەتوانا و ڕەها ڕێگە دەدات ئەم روداوە روو بدات؟ ئەیوب چی کردبوو شیاوی ئەوەبێت کە بەسەریدا هات؟ کۆشنەر دەپرسێت چۆن دەگونجێت کەخودای عادل و قادر و ڕەها، ئەیوب، ئەو پیاوە دورستکارە تووشی مەینەتی وعەزاب و بەختڕەشی بکات؟ کۆشنەر ئەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ناتوانێت ئەم سێ چەمکە لەیەك کاتدا باوەڕ بکەین — ئەکرێ باوەڕ بەدوانیان بکەین بەڵام نەك هەرسێکی. یان ئەیوب مرۆڤێکی دروستکار نییە، یان خودا، خودایەکی عادل نییە، یان خودا قادری ڕەها نییە. بۆنمونە ئەگەر ئەیوب دروستکار نەبێت، لەوحاڵەتەدا یەك قادر وڕەها و عادل کە بۆتە هۆی ڕۆژ ڕەشی ئەو، مانا پەیدا دەکات _سزادان لۆژیکیە. یان ئەگەر خودا خودای قادرو ڕەها، عادل نەبێت، شیاوی تێگەیشتنە کە ئەم خودایە هەموو کەسێك، تەنانەت پیاوێکی چاکەکاریش تووشی بەختڕەشی و داماوی بکات. وەڵامی کۆشنەر بۆ ئەم مەتەڵە ئەوەیە کەئەیوب ئەگەری هەیە پیاوێکی چاکەکار بووبێت چونکە داستانەکە بەبێ ئەم سەرەتایە مانایەکی نییە. هەروەها کۆشنەر بڕوای وایە کە خودا ئەگەری هەیە عادل بێت. چونکە ئەو لەباوەڕبوون بەخودایەك ئەگەر عادل نەبێت مانایەك بەدی ناکات. ئەمە چەمکی سێیەمە _ئەوەی کەخودا قادری ڕەهایە_ کۆشنەر بڕوای وانییە. چەندین روداو لەم دنیایەدا ڕوو دەدات کە خودای قادری ڕەها نابێتە هۆی ڕودانی. بەڵکو ئەو ڕووداوانە دەرەنجامی فاکتەری سروشتین. بەختڕەشی کاری خودا نییە، بەڵکو لەناخی سیستمی سروشتدا ڕوودەدات. ئەیوب بەختڕەشە چونکە شتانی خراپ هەم بۆ کەسانی باش و هەم بۆ کەسانی خراپ ڕوو دەدەن. نەخۆشی کەسێك (کە میکرۆب و کرم لاشەی دەگرێت) گیرۆدە دەکات، نەك کەسێك کەخراپە. بومەلەرزە چەندین شت کەلەناوچەی زیان بەرکەوتوودایە، لەناودەبات، نەك ئەو شتانەی کەهی کەسانی خراپن. نەمیکرۆب و نەبوومەلەرزە، جیاوازی ناکەن لەنێوان دادپەروەر و نادادپەروەردا. بۆ تێگەیشتنی ڕۆژ ڕەشی مرۆڤ، پێویستە لەفاکتەری سروشتی و تاڕادەیەکی زۆریش کۆمەڵایەتی

تێبگەین. بەختڕەشی بەهۆی بوونی بارودۆخی تایبەت ودیار لەسروشت وکۆمەڵگادا ڕوودەدات. ئەمە بیروباوەڕی زانایانە: ئەوان هەوڵ دەدەن ئەو بارودۆخانە ئاشکرا بکەن. کۆمەڵناسان بەتایبەتی سەرنجی خۆیان لەسەر ئەو بارودۆخانە چڕ دەکەنەوە کە کۆمەڵایەتین.

کۆمەڵناسی تەنها یەکێك لەروونکردنەوەکانی بەختڕەشی دەخاتە ڕوو. دەروونناسی باسی زۆر گرنگتر ئاشکرا دەکات، ئێمەش دەبێت لەتێڕوانینە مەزهەبی و فەلسەفیەکان تێبگەین و بیانزانین. پێدەچێت کەسایەتی، هێزە میتافیزیکیەکان، سروشتی مرۆیی، یان ئەو سزایانەی بۆ هەڵبژاردنەکانمان دەیکەین رونکردنەوەی ئاسایی بن و ڕوونی بکەنەوە بۆچی بەختڕەشی ڕوودەدات. بەڵام کۆمەڵناسی لەگەڵ باس و ڕوونکردنەوەی کۆمەڵایەتی دەست پێ دەکات و بەوەش کۆتایی پێ دەهێنێت. بەبڕوای منیش، ئەمە، ئێمەی(کۆمەڵناسی) لەتێگەیشتنی ئەوەدا تاڕادەیەکی زۆر بەرەو پێش دەبرد. دۆرکهایم زۆر دەمێکە ئاگاداری کردوین ئەگەر دەمانەوێت لە *بابەتەکانی کۆمەڵایەتی* تێبگەین پێویستە لەفاکتەری کۆمەڵایەتی بڕوانین. ئەگەر هەژاری، توندو تیژی، تاوان و سەرپێچی، ستەم و کاری بێ مانا بابەتی کۆمەڵایەتی بن (کەهەن)، کەواتە دەبێت ئێمە سەرنج بەئاشکرا کردن و ڕوونکردنەوەی کۆمەلایەتی بدەین. ئەگەر خۆکوژی، ئالودەبوون بەماددەی هۆشبەر و ترس لەکۆمەڵگادا لەبرەو دابێت (کەهەیە)، ئێمە دەبێت ناوەڕۆکی ئەوکۆمەڵگایە بۆ تێگەیشتنی ئەم کارە بەڕواڵەت کەسیانە دیراسە و تاوتوێ بکەین. هەندێجار داڕوخانی کۆمەڵگا فاکتەری ئەم بێنەزمی و شێواویانەیە، هەندێجار فاکتەرەکەی ئەنجامی کاری سەرکەوتوانەی کۆمەڵگایە.

کۆمەڵناسان یەکەمجار بە نایەکسانی کۆمەڵایەتی گرنگی خۆیان نیشان دەدەن ئەمەش وەکو سەرچاوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە بنەمای بەختڕەشی پێك دەهێنن. هەژاری، ستەم، داگیرکردن و بەشخواردن، نەبوونی ئومێد و ڕێزگرتن لەخۆ،



زۆر لەکەسەکان تووشی بەختڕەشی دەکات. ئەمانەش پەیوەستن بەنایەکسانی کۆمەڵایەتییەوە. نایەکسانیش چەندین دامەزراوە دەهێنێتە بوون، بۆنمونە قوتابخانەی گشتی، چاودێری تەندروستی تایبەتی وسیستمێکی سزا و قەرەبوو کردنەوە کە لەبەرژەوەندی ئەوکەسانەدایە کەتوانای دانی پارەکانیان هەیە و لە بەرژەوەندی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵك نییە و و بارودۆخێکی مەینتباری بۆ زۆر لەخەڵکان لێ دەکەوێتەوە. دواجار، ئەوکۆمەڵگایانەی لەسەر بنەمایی نایەکسانی بنیاد نراون کەسانێك دەهێنێتە بوون کە بەچاوپۆشی لەوەی چییان هەیە، هەست بەبەختڕەشی دەکەن هەرچەندە لەبارودۆخێکی بێبەشبوونێکی ئاشکرادا نەژین.

ململانێی کۆمەڵایەتی کاولکار و تێکدەری سیستمی کۆمەڵایەتی، دووەمین سەرچاوەی ڕۆژ ڕەشی مرۆڤە لەروانگەی کۆمەڵناسیەوە. تاڕادەیەکی زۆر، نەزمی کۆمەڵگا پشت ئەستوورە بەهاوکاری. ئەم نەزمەش لەسەر بنەمای متمانە وڕێککەوتن بنیاد نراوە. ململانێ لەکۆمەڵگادا پێویستە و یارمەتی کۆمەڵگا دەدات، بەڵام هەندێجار ململانێ کاولکار دەبێت، ژیان تێك دەدات و بەرەوتیاچوونی دەبات و ئاژاوە و بێ سەروبەری دەخولقێنێت. بۆ زۆرینەی خەڵك، دژایەتی ترس و هەستەکان، زیان وەرگرتن لەبەرامبەر ئارەزووی کەسانیتری لێ دەکەوێتەوە.

سێیەم، کۆمەڵناسان سەرنجی خۆیان بەلای بەکۆمەلایەتی بووندا چڕ دەکەنەوە. مرۆڤەکان بەکۆمەلایەتی دەبن، یان شێوازەکانی کۆمەڵگا، لەکاتی لەدایك بوونەوە هەتا مردن، فێریان دەکرێت. بەکۆمەڵایەتییبوون بەشێوازی ئاڵۆز دەبێتە هۆکاری بەختڕەشی بۆ خەڵك. بەلای هەندێکەوە بەکۆمەڵایەتییبوون بەسەندە نییەو تاکەکەس پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و سۆزداری گونجاوی نییە یان خۆپارێزی پێویستی بۆ چارەسەرکردنی سەرکەوتوانەی کێشەکان فێرنابێت. بەکۆمەڵایەتییبوون بۆکەسانیتر ڕێسایەکی ئەخلاقییان فێردەکات کەیارمەتی بەشخوادرن و لەناوبردنی خەڵکی دەدات. بۆ هەندێکی تریش، بەکۆمەڵایەتییبوون چاوەڕوانی ناواقیع بینانە

دەهێنێتەبوون، بەچەشنێك هەرچەندە تاكەكەس سـەركەوتووش بێـت، ناتوانێـت زاڵ بێت بەسەر هەستی بەخترەشیدا.

دواجار چەندین ڕەوتـی گـرنگ لـە كۆمەڵناسـیدا وەكـو فاكتـەرێك بـۆ بەخترەشـی لەنامۆبوون دەڕوانـن. نـامۆبوونی جـودایی خـەڵكی لەیـەكتر، لـەكاری ئامانجـدار، وە لەخۆیەتی خۆی (واتە هەستی خاوەنداری بەرامبەر بەسەرەكی تـرین دارایـیـەكانمان، یان خودی خۆمان). ئەو باردۆخانەی لەكۆمەڵگادا هەیـە تاكـەكان تووشـی نـامۆبوون دەكەن و ئەم نامۆبوونەش چوارەمین فاكتەری بەخترەشی مرۆڤە.

ئـەم هێڵكارییـەی لێـرەدا هـاتووە ئـەم چـوار فاكتـەرە سـەرەكیەی بەخترەشـی كۆدەكاتەوە و لەخۆ دەگرێت. لێرەش بـەدواوەوە دەربـارەی هـەر هۆكارێـك لەوانـە بەقوڵی قسەدەكەین.






## یەكەمین فاكتەری بەخترەشی: نایەكسانی كۆمەڵایەتی

نایەكسانی بـۆ زۆرێـك لەخـەڵكی بەخترەشـی دەهێنێـت. لەبەرەنگاربوونـەوە بـۆ سەركەوتن، ئەوان (یان پێشینانیان) دەدۆڕێن وسەرەنجام پەیوەسـت بـە دەسـەڵات یان مافیان دەخورێت. ژیانی ئەوان نائومێدانەیە و بـەزۆری تـەنها لـەپێناو مانـەوە و ژیانیاندا بەرەنگاری دەكەن. ئەوان ڕقی خۆیان دەخۆنەوە یان ئاراستەی بەرامبـەری دەكەن كە ئەوانیش بـەنۆرەی خۆیـان دەبنـە قوربـانی (بـەم پێیـە هـەم ستەمكاران وهەم دەوروبەریان دەبنە قوربانی).

بێ گومان بەڵگەهێنانەوەی زۆر بۆ ئـەو كۆمەڵگایـەی لەسـەر بنـەمایی نایەكسانی بنیـات نـراوە، هەیـە. ئێمـە بـەزۆری ئەمانـە (كـە لـەبری پاداشـتە مادديەكانـدا دەردەبڕێت) لەڕابـەرانی سیاسـی، میـدیا گـشتیەكان، مامۆسـتایانی زانكـۆ و خێـزان دەبیستین :"چاك ئیش بكـە، تـۆش دەتوانیـت پێشی كەسـانیتر بكەویتـەوە. تـۆش دەتوانیـت لـەڕووی ماددیـەوە كەسـێكی سـەركەوتوو بیـت" "كێبڕكـێ باشـترین تواناییەكانی مرۆڤ دەردەخات، بەبێ ئەوە لەئاستی تاك یان كۆمەڵگادا سـەركەوتوو نابین" "بەڵێنی پاداشتی زۆر بەو كەسانەی سەخت كاردەكـەن و هۆشـیارانە ڕەفتـار دەكەن بۆ بنیاتنانی كۆمەڵگایەكی بـاش بایـەخێكی سـەرەكی هەیـە." "بـۆ هانـدانی تاكەكان لەپێناو سوود وەرگرتن لە دەرفەتەكان و بۆ ئـەوەی وایـان لێ بكرێـت كـاری قورس و بەرپرسیارانە وەرگرن پێویستە ئومێدەواریان بكەین بەوەرگرتنی پاداشـتی زۆر." "خـەڵك مـافی خۆیانـە هەرچـییەك دروسـتی دەكـەن بیپـارێزن." لەهـەر كۆمەڵگایەكدا كـە نایەكسانی بـوونی هەیـە، فەلـسەفەیەكیش هەیـە هـەوڵ دەدات بەڵگەی بۆ بێنێتەوە.

بەپێی پێناسە، نایەكسانی بەو مانایە دێت كـە لەپەیوەندیـە كۆمەڵایەتییەكانـدا، لـە گروپـە دوانییەكانـەوە هـەتا كۆمـەڵگاكان، هەنـدێ كـەس لەپێگـەو بـارودخێكی لـەبارتردان لەكەسـانیتر. لەشـوێنێكدا كـە نایەكـسانی بـوونی هەیـە، هەنـدێك لـە

سەرەوەی هەرەمی کۆمەڵایەتیدا دەبن و هەندێك لەخوارەوە. هەموو ناتوانن سەرکەونە سەرەوە. هەموو ناتوانن لەپۆلێکدا لەسەر بنەمایی هێڵێکی چەماوەی ئاسایی، بەرزترین نمرە بهێنن. لە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریدا هەموو ناتوانن ملیۆنەر بن. لەڕاستیدا یەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی بوونی ملیۆنەرەکان زیاتر لەهەموو شتێك ئەوەیە کە هەندێك کەس دەتوانن وا لەخەڵکی بکەن بەنرخێکی زۆر کەمتر لەوەی (ملیۆنەرەکان) دەستیان دەکەوێت کاریان بۆ بکەن. هەندێکی تر کەمتر پەیدا دەکەن (چینی ناوەڕاست و باڵا)، زۆرینەی خەڵکیش کەمتر پەیدادەکەن (چینی کرێکار)، زۆر کەسی تریش هیچ شتێك پەیدا ناکەن (هەژارەکان).

کاتێك ئێمە نایەکسانی کۆمەڵایەتی دەبەستینەوە بەچینی کۆمەڵایەتییەوە پێویستە سەرنجی دوولایەنی گرنگ بدەین: یەکەم، لەکۆمەڵگایەکی چینایەتی دا، لەسەر بنەمای ئەوەی تاکەکەس چ سەرچاوەیەکی ئابووری کەڵەکە دەکات لەپێگەیەکی و کەم وێنە یان بێ بەشیدایە. دووەم، تاکەکەس ئیمتیازەکان یان بێ بەشیەکان لەڕێگەی دەرفەتەکانی فێرکردن، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، یان لەرێگەی بۆماوەییەوە دەگوازێتەوە بۆ منداڵەکانی. نایەکسانی دەبێتە هەمیشەیی و ئەوەش کە تاکەکەس لە کوێدا دەگیرسێتەوە، هەمیشەیی دەبێت. کاریگەری پەتی ئەمەیەکە بەتێپەڕینی کات نایەکسانی زۆر لەدابەشکردنی سەرچاوە لەکۆمەڵگادا و لەنێوان کۆمەڵگاکان لەجیهاندا دەردەکەوێت. هەندێك خەڵك لەشکۆ و مەزنیدا ژیان بەسەر دەبەن، هەندێك خۆش گوزەران و ژیانیان دابین کراوە، زۆرێکیش بەدژواری دەتوانن بژێوی رۆژانەیان دابین بکەن، زۆرێکی تریش لەبەردەم هەڕەشەی برسێتیدا دەژین. گەشتیارێکی هەستیار لە هەرشارێکی گەورەی ئەمریکادا ناتوانێت خەڵکانێك نەبینێت کە بەبێ خواردن و جل و بەرگی پێویست و پەناگە، یان بەها و شکۆ مرۆییەکان و ناڵەیان بەرز دەبێتەوە و داوای یارمەتی دەکەن لەکاتێکدا خەڵکی



تریش بێ باك دەچنە گەلەریە هونەریەکان و100هەزار دۆلار دەدەن بەتابلۆیەکی کێشراو.

نایەکسانی کۆمەڵایەتی بەحەوت ڕێگا پەیوەندی بەبەخترەشیەوە هەیە: نایەکسانی دەبێتە هۆی هەژاری، هۆکاری تاوان و سەرپێچییە، هەندێك ناچار دەکات کار وکاسپی زۆر خراپ ئەنجامبدەن، بەشخواردن وداگیرکردنی هەندێ کەس بەهۆی هەندێکی ترەوە ئاسان دەکات، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی باوەڕ بەخۆبون و لەدەستدانی ئومێد. دەبێتە مایەی فشاری دەروونی لە سەرتاسەری کۆمەڵگادا وچەندین دامەزراوە بنیات دەنێت کە دەبنە هۆکاری دروست بوون و مانەوەی ڕۆژڕەشی.

## دواهاتەکانی نایەکسانی: هەژاری

پرسی سەرەکی ئەوەیە ئەو کەسانەی کە لەکۆمەڵگادا دواکەتوون چیان بەسەر دێت؟ لە 15٪ تا20٪ دانیشتوانی ئەمەریکا لەهەژاریدا دەژین. هەژاری لەپەیوەندیدایە لەگەڵ زۆر لەبێ بەشیەکان کە لەسەر چۆنییەتی گوزەراندنی ژیانی تاکەکان کاریگەرە: بۆ نمونە، نەبوونی کاری نوێ، بێکاری، نەبوونی سەلامەتی جەستەیی ودەروونی، فشاری دەروونی، لێك هەڵوەشانی شیرازەی خێزان، نەبوونی بواری خوێندن وفێرکردن، پشتیوانی یاسایی ناتەواو وئالودەبوون بەماددەی هۆشبەر وکحول. هەژاری توانای تاکەکان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ڕۆژانە کەم دەکات، هەر جۆرە پلان دانانێك بۆ داهاتوو بۆمانەوەی رۆژانە دەبێت پشت گوێ بخرێت. دەتوانێت زۆرێك لە بابەتە جدیە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەکەی لە هەژاریەوە بێت، نەك تەنها لەو ڕووەوە کە هەژارەکان لەوشتانەی کەسانیتر لێی بەهرەمەندن، بێ بەشن، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا بەو هۆیەوە کەقوربانییەکانی هەژاری

زۆربەی گیرۆدەی ڕق، تاوانکاری، توندوتیژی، لێکپچڕانی خێزانی و ناسەقامگیری سیاسی دەبن.

ڕوانین لەهەژاران لەپێگە باڵاکانەوە و گلەیی و گازندە کردن کە "خەتای خۆیانە" و"ئێمە دەبێت ئاگامان لەخۆمان بێت"، هەڵخرێنەرە. ئەم جۆرە ڕوانینانە یارمەتی بەردەوامی بوونی دابەشکردنی نایەکسانی سەرچاوەکان دەدات، دابەشکردنێکی نوێ بەشێوەی ڕوبەڕووبونەوەی بەئەنەقەست کۆتایی دێت کە زۆربەمان پاڵنەرێکمان نییە بۆ رازیبوون پێی. واقیعیەت ئەوەیە کە هەژاری بەشێکە لەکۆمەڵگایەکی نایەکسان. هەژاری سەرچاوەکەی لەسیستمێکەوەیە کە تیایدا هەندێ لەتاکەکان بەزیانی کەسانی دی سەرکەوتوو دەبن، سیستمێك کە تیایدا هەندێ لەخەڵك لەپێگەییێکدا لەدایك دەبن کەتیایدا دەرفەتەکان لەدژی ئەوان دیاری کراون و چەسپێنراون، سیستمێك کە تیایدا گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی هەندێکە و کەسانیتر پشت گوێ دەخات. ئەم سیستەمە پێکهێنراوە و تەنیا دەرئەنجامی هەوڵە تاکەکەسیەکان نییە.

## دواهاتەکانی نایەکسانی: تاوانکاری

لەکۆمەڵگایەکدا نایەکسانی زۆر بێت، تاکەکان کۆمەڵایەتی دەبن هەتا هەڵسەنگاندن لەسەر خۆیان و بەرامبەرەکانیان لەسەر بنەمایی سەرکەوتنی ماددی بکەن. "من چاکم چونکە لەم یاریە کێبڕکێ ئاسایەی ژیان زۆرشتم بەدەست هێناوە." "کەسانی تر لەمن زیاتر یان هەیە، بەڵام رەنگە بتوانم بەوان بگەم. خەڵکانی دی کەمتریان هەیە، لەبەر ئەمە بەختەوەرم." سەرکەوتنی ماددی بەهایەکە کە زۆربەی خەڵکی تیایدا بەژدارن. کۆمەڵگای نایەکسان شان وشکۆ دەبەخشێتە ئەو کەسانەی کەسەردەکەون بۆ سەرەوە هەرەمی کۆمەڵایەتی بەڵام ئەو کەسانە بێ بەش دەکات کە لەخوارەوە هەرەمەکە دەمێننەوە.



بەڵام یاری ژیان نەگۆڕە. دەرفەتەکان هەرگیز یەکسان نین، ئێمە هەموومان لەپێگەیەکی خاوەن ئیمتیاز یان بێ ئیمتیازدا لەدایك دەبین، چین، تاڕادەیەکی زۆر پلەو پایەیەکی بۆماوەییە، ئێمە فێردەبین مانای سەرکەوتن لەکۆمەڵگادا چییە وئەم هەڵبژاردنە بۆ ئەوکەسانەی لەپێگەیەکی نزمتردان، ڕونتر دەبێت: یان ئەوەتا ئەو بەو پێگە نزمە رازی ببە یان هەوڵبدە پێگەکەی خۆت بگۆڕیت. ئەگەریش هەوڵ دەدەیت پێگەکەی خۆت بگۆڕیت، هەڵبژاردنێکیتر لەئارادا هەیە: لە سیستمێکدا کە لەبەرژەوەندی کەسانی تردایە زۆر بەسەختی هەوڵ بدە. یان بۆ سەرکەوتن لەسیستمی رێگەپێدراو و یاسایی خۆت دەرباز بکە و سنور ببەزێنە. زۆرێك لەکەسانی هەژار رازی دەبن بەپێگەکانیان وتەنها لەپێناو مانەوەدا بەرەنگاری دەکەن. زۆرێکیتر بەسەختی هەوڵ دەدەن تا بەسیستمێکی یاسایی ورێگەپێدراودا سەرکەون. بەڵام کەسانیتر هۆکارێك نابینن بۆ ئەوەی لایەنگری لەو یاسایانە بکەن کەوا بەرچاو دەکەوێت لەم سیستمە کێبڕکێ ئاسایەدا کەلەزیانی ئەواندا کاردەکات، ئەو یاسایانەی لەلایەن کەسانێکەوە دانراوە کەزیاتر لەهەمووان لەو سیستمە سوود وەردەگرن. دزی، لەشفرۆشی، فرۆشتنی ماددەی هۆشبەری نایاسایی و تاوانکاریەکان بۆشێوەی هەڵبژاردنی سەرنج ڕاکێش دەگۆردرێن. هەندێك لە ڕێگەی تاوانکارییەوە بەسەر هەژاریدا زاڵ دەبن، زۆرینەش واناکەن. ئەوکەسانەی واناکەن بەهەژاری دەمێننەوەو بەچەشنێکی بەربڵاو دەبنە قوربانی سیستمەکانی خۆشگوزەرانی، دادوەری، پزیشکی، و زیندانی دەکرێن کە هەوڵ دەدەن بەسەر ژیانی ئەواندا چاودێری بکەن و دڵنیا بن لەوەی ئەوان مەترسیەك بۆسەر ژیانی کەسانی تری کۆمەڵگا نین. ئیتر بەتێپەڕینی کات بەخترەشی ئەوان زیاتر دەبێت.

هەژاران تەنها کەسانێك نین کەیاسا پێشێل بکەن وهەوڵ بدەن لەڕێگەی رێگە پێنەدراوەوە دەستیان بەسەرکەوتن بگات. تاوانکاری وسەرپێچی لەهەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا بەهۆی نایەکسانی بەربڵاو و تامەزرۆیی تاکەکان بۆچاکبوونی

پله و پێگەی خۆیان بوونی هەیە. ئەمە لەو ڕووەوە بوونی هەیە کە دەوڵەمەندەکان هەوڵدەدەن بەدەوڵەمەندی بمێننەوە یان سەرمایەدارتربن، ئەگەرچی کەسانێك کە سەردەکەون پلەی خۆیان لەڕێگەی ناڕەوا ونایاساییەوە باشتر بکەن، پێدەچێت زاڵ ببن بەسەر ڕۆژڕەشی خۆیاندا یان نەبن. کەسانێك کە گیرۆدە دەبن و سزادەدرێن ناچار دەبن لەگەڵ کێشەو مەسەلەی زیاتردا دەست و پەنجە نەرم بکەن. ئەو سیاسەتمەدارانەی کەبەرتیل وەردەگرن، فرۆشیارانی پشکەکان کە مامەڵەی نایاسایی ئەنجام دەدەن، ئەوخاوەن کارخانانەی کە لەکارمەندانی خۆی لەبەرامبەر ئەو بەفیرۆچونە مەترسیدارەکان پارێزگاری ناکەن هەموویان نمونەی ئەم جۆرە کەسانەن. سەرباری ئەمانە، هەمیشە پێگەکانی ئەوان بەبەختڕەشی و یاسا شکێنانی سەرنەکەوتوو لەنێوان هەژارانی کۆمەڵگادا نزیك نابێتەوە، چونکە سیستمی دادوەری مامەڵەیەکی ڕەقتر لەگەڵ هەژاراندا دەکات. دەوڵەمەندەکان زیاتر دەتوانن لەڕێگەی دانی سزای ئابووری، گرتنی ئەو پارێزەرانەی کەپارەیەکی زۆر و زەبەندە وەردەگرن ورازی کردنی دادگاکان بەوەی کەئەوان (دەوڵەمەندان) مەترسی نین بۆ سەر کۆمەڵگا، لەزیندانی کردن هەڵبێن و دەربازبن.

کاتێك ئێمە بیر لەتاوانکاری دەکەینەوە، زیاتر لەئەنجامدەرانی تاوان وتاوانکاری بیر لەقوربانیانی ئەوان دەکەینەوە کە بەگومانی ئێمە بە ڕۆژڕەشی و داماوی دەژین. لەگەڵ ئەمەدا، قوربانیان و ئەوکەسانەی دەبنە نێچیری پێشێلکارانی یاسا، ئەوانیش زیاد لەرادە هەژارن. ئەوانە ئەو کەسانەن کەجێگاکانی ژیانیان لە بەردەم هێرشی دار ودەستەی تاوانکاران ومادده هۆشبەرەکاندایە. تاوانکاری ڕێکخراو لەڕێگەی فەراهەم کردنی شتومەکی نایاسایی (دەمانچە، شتومەکی دزی) هەروەها خزمەتگوزاری نایاسایی (لەشفرۆشی، دەستخستنی کەل و پەلە دزراوەکان) لە گەڕەکە هەژار نشینەکاندا هەژموون دەکات. هەژاران لە هاوسێیەتی کردنی نزیك لەگەڵ کەسانێکدان کەدەست دەدەنە تاوانکاری، ئەوانە کەسانێکن کە زیاتر لەهەمووان لە



بەردەم بەکارهێنان وکار لێکێشانەوەدان. کەسانێکی تریش هەن کە کەمتر ڕێی تێدەچێت لەپشتیوانی کردنی سیستمی یاسا سوود وەرگرن.

نابێ خاڵی سەرەکیمان لەبیر بچێت. تاڕادەیەکی زۆر فاکتەری تاوانکاری لەکۆمەڵگادا نایەکسانییە. نایەکسانی لەو واقیعیەتەوە سەرچاوە دەگرێت و سەرهەڵدەدات کە تاڕادەیەك هەرشتێك لە کۆمەڵگادا فێرمان دەکات ئەگەر لەڕووی ماددیەوە سەرکەوتوو تربێت، ژیانێکی بەهادارتر دەخولقێنێت،و دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێك تاوانکاری بەئاسانترین ڕێگا بزانن بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن. تاوانەکانی سەر شەقامەکان، کڕین وفرۆشتنی ماددەی هۆشبەر، دەرزی لێدانی ماددەی هۆشبەر ودزیکردن لەبانك هەموو دەرەنجام و دەرهاویشتەی کۆمەڵگایە کە جەخت لەسەرکەوتنی لایەنی ماددی دەکاتەوە. ئەم جۆرە تاوانکاریەش دواهاتی گرنگی بۆ هەمووومان بەدواوەیە، ئێمە هەموومان قوربانین، لەبەرئەوەی تاوانکاری بێ نەزمی لەکۆمەڵگادا وترس وبێ متمانەیی لە ژیانی ڕۆژانەماندا دروست دەکات.

## دواهاتەکانی نایەکسانی: کار وکاسپی خراپ

بەڵام نایەکسانی بەتەنها برەو بە هەژاری وتاوانکاری نادات. نایەکسانی کارو کاسپی پڕوکێنەر و کرێیەکی کەمترو پڕ مەترسی وبێ سەلامەتی بۆ زۆرێك دەخولقێنێت. ئەو کارەی کە زۆرینەی کەسەکان ئەنجامی دەدەن پاداشتی ماددی کەمی هەیە، و ئەو کەسانە بە جۆرێك ژیان کە تەنها بەزیندومانەوە سنوودارە، گیرۆدە دەکات. ڕۆژڕەشی تاڕادەیەك لەو ڕووەوە بوونی هەیە کە کاری نزم ـسوكـ بونی هەیە، کەسانێك کە لەم بارەوە مافی هەڵبژاردنیان نییە دەبێ یان پێی رازی بن(بەو کارە نزمە) یان بمرن. بۆنمونە دەرهێنانی کانزا بهێنەرە بەرچاوی خۆت، بەدرێژایی چەندین سەدە، خەڵکی ئاپۆلاچیا (Appulachia) کاسپیەکی کەم داهات، تاقەت پڕوکێن، مەترسیدار، ناتەندروست کە پێویستی بەهێز و وزەیەکی

زۆرهەیە، وەك كرێكاری كان پێی رازیبوون. بۆچی؟چونكە "كەسێك دەبێت ئەوانە ئەنجام بدات" لەبەر ئەمە خاوەن كانزاكانن تەنها كاتێك دەتوانن سوودی لێ وەربگرن كە ئەوانەی بۆ ئەوان كاردەكەن بەهەژاری بمێننەوە. ئەگەر كرێكاران لەڕووی ماددیەوە بارودۆخیان باش بێت وچاوەڕوانی كرێی زۆر بكەن، دەوڵەمەندەكان تێدەگەن كە كانزاكان چیتر سوودیان نییە و ناچار دەبن دایان بخەن. بۆیە هەژاران دەبێت لەنێوان بێكاری وكاری نزمدا یەكیان هەڵبژێرن. ئەمە بەزۆری بۆژنانیش ڕاستە كە بەكاری پاكردنەوە لەخانووەكانی چینی ناوەندا سەرقاڵن یان دایەنی بۆمنالآنی چینی ناوەند دەكەن. دەسەبەر كردنی ژیانی ئەوانیش بەندە بەكرێیەكی كەم. بەدەربڕینێكی تر "خواستی" ی ئەوان رازیبوونە بەكارێكی كەم داهات كەزامنی بەردەوامی كارەكانی ئەوان دەكات. كارو كاسپی نزم وكەم داهات هەمیشە بەشێك دەبێت لەكۆمەڵگایەك كە تیایدا هەندێك سەردەكەون بەزیان لێكەوتنی كەسانێك كەبەم كارانەوە لەپێناو مەمرەو مەژی ژیانیاندا پێویستیان پێیەتی.

كار نزمەكان كارێكی دڵنیاكەر نین. ئەو كەسەنانەی كە لەخوارەوەی هەرەمی كۆمەڵایەتی دا سەرقاڵ وجێگیرن كارێكی نالێهاتوییانەیان هەیە: یانی ئەو كارانەی ئەگەری هەیە بە ئامێرەكان، بە كار كردن لە كۆمەڵگاكانیتر یان تەنانەت لەگەڵ ئەو كرێكارانەی كە خوازیارن بە مانگانەیەكی كەمتر كار بكەن، جێگەیان پڕبكرێتەوە. لەقۆناغەكانی قەیراندا، سەرەتا كارەكەیان لەدەست دەدەن و ئەوان ئەو كەسانەن زیاتر لەهەمووان رەنگە ڕووبەڕووی بێكاری درێژماوە ببنەوە.

كار بەشێكی گرنگە لەژیانی مرۆڤێك. كاری نزم (Work Miserable) بەشێوەیەكی شیاوی تێبینی یارمەتی ژیانی نزم دەدات و هاوشان لەگەڵ هەژاری وتاوانكاریدا بەرهەمی كۆمەڵگایەكی نایەكسانە. سوود وەرگرتن و بەشخواردنیش بەرهەمێكی تریەتی.



## دواهاتەكانی نایەكسانی: داگیركردن و كارلێدەركێشان

ماركس لەو بڕوایەدابوو نایەكسانی بەشێوازی دیكە ڕۆژگار ڕەشی دروست دەكات: ئەوەش ئەمەیە كە هەمیشە دەتوانێت بەهێز بگۆڕێت (Marx and Engels, 1984). لە شوێنێكدا كە هەر جۆرە نایەكسانییەك بوونی هەبێت، هێزی نایەكسان تاڕادەیەك نەشیاوە بۆخۆڵێ دورخستنەوە. گرنگ نییە كە ئەو نایەكسانییە لەسەر بنەمای سەرچاوەی ئابووری یان سیاسی، كار، جنسیەت، نەژاد، یان پێگەی مەزهەبی لەكۆمەڵگادا بێت. لەوشوێنەدا كە هێز نایەكسانە، سوود وەرگرتن (سوود وەرگرتنی بەرژەوەندی خوازانە لەكەسانی دی) ئاسان دەبێت، چونكە ئەوكەسانەی كەخاوەنی هێزن لە پێگەیەكدان كە ئەو شتانەیان لەو كەسانە بوێت كەبەمەترسی بۆ خۆیانی دەزانن. ماركس جەخت لەسەر كار لێكێشانەوەی ئابووری دەكاتەوە: ئەوانەی خاوەنی كەل وپەلی بەرهەم هێنانن (بۆنمونە كارگەكان) زۆر بەهێزن، كەواتە دەتوانن هەموو ئەوكەسانەی ناچارن بۆكار پەیوەستبن پێیانەوە،كەڵكیان لێوەربگرن.

لەگەڵ ئەوەشدا، كۆمەڵناسان لەشیكردنەوەكانیاندا بۆ نایەكسانی وهێز زیاتر لەماركس هەنگاویان ناوە. كاری تاكە بنەمای هێز، پەیوەست بون و كار لێكێشانەوە نییە. ژنان یان ئەومنالآنەی خراپ كەڵكیان لێوەردەگیرێت تاڕادەیەك بەم هۆیەخراپ كەڵك وەرگرتن لەوان بەردەوام دەبێت چونكە نایەكسانی فیزیكی ئێجگارە زۆرە لەبەرئەوەی بەهۆی پەیوەستبوونیان بەپارەی پیاوەوە، بەگشتی ئەوان بێ هێز دەبن. هەر لەبەر ئەمەشە كە لەدواهاتەكانی ڕوبەڕوبوونەوە لەگەڵ پیاو یان جێهێشتنی ئەو دەترسن. لەزۆربەی كۆمەڵگاكانی جیهاندا هەروەها لەزۆرێك لەكۆبوونەوەكان لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، حوكمەتەكان بەپێی پێویست لەبەرامبەر خراپ كەڵك وەرگرتن لەژنان ومنالآن پشتوانیان لێ ناكەن. پیاوی

بالادەست، ژن یان منالی پەیوەست کۆنترۆڵ دەکات، هەڕەشەی لێدەکات و کاری لێدەکێشێتەوە. سپی پێستان رەنگەکانی دیکە دەخەنە ژێر کارەوە. کەسانتی توڕە کەسانی لاواز و کۆمپانیا گەورەکان دامەزراوە بچوکەکان دەخەنە ژێر کاریگەریەوە. جۆرەکانی نایەکسانی بەمانای پەیوەست بونە و پەیوەست بونیش ئاسانکاری بۆ کار لێکێشانەوە دەکات کە بە رۆژڕەشی کۆتایی دێت.

کار لێکێشانەوە و بەشخواردنی بێ توانایان تاڕادەیەك بارودۆخی هەر کۆمەڵگایەك دەست نیشان دەکات. مێژووی خودی ئێمە، کە زۆربەمان بۆ شێوەیەکی ئایدیالی دەیگۆڕین، مێژوویەکە تیایدا ئەمریکیە بەڕەگەز ئەفریقیەکان کۆیلە کراون، ئەمریکیە بەڕەگەز ئاسیاییەکان، کۆچبەرانی ئەوروپای باشوور و ڕۆژهەلات و ئەمریکیە بەڕەگەز مەکسیکیەکان وەکو کرێکارانی هەرزان وکەم بایەخ بەکار هێنراون، دانیشتوە ڕەسەنە ئەمەریکیەکان(مەبەست هندیەسورەکانە. وەرگێر) بوونە قوربانی حەزەکانی ئێمە بۆ بەدەستهێنانی زەوی و زار. زۆربەی کۆمەڵگا ئەوروپیەکان بەرامبەر جولەکە جیاوازییان ڕەوا بینیوە و ئەوانیان بەشخوراو کردووە، ئەومەسیحیانەی کە بەشێك لە مەزهەبی زۆرینە و بالادەست نەبوون چەوسێنراونەتەوە و بەوجۆرەی ویستبێتیان بەکاریان هێناون. ترس، توڕەیی، دورخستنەوە، سێدارە، لەناوبردن وبێ بەش کردن لەو ماف و ئیمتیازەی کە گروپی بالادەست لێی بەهرەمەندە تەنها بەشێك لەلایەنەکانی ڕۆژگار ڕەشی و نەهامەتییێکە کە ئەم جۆرە سیستمە نایەکسانانە بەباریان هێناوە. هەڵبەتە لەزۆر لایەندا کەئەم جۆرە نایەکسانییە هێشتا بوونی هەیە هەر داگیرکردن وبەشخواردن و ڕۆژ ڕەشی لە ئارادایە.

تاڕادەیەك، هەموو کۆمەڵگایەك خاوەنی سیستمی نایەکسانی لەسەر بنەمایی جنسیەتیش بووە. لەو شوێنەدا کە نایەکسانی جنسی زۆرە، سوود وەرگرتنی جنسی بەئاسایی و ڕەوا دەبینرێت، لەناوبردنی منالان بەهۆی ئەوەی کە کچن



بەڕەسمی پەسەند کراوە. کردەوەی وەحشیانەو بێ ڕەحمانەی خەتەنەکردنی ئافرەتان بۆتە کارێکی پێویست و ئازاری فیزیکی ژنان بەهۆی پیاوەکانیانەوە وەکو مافێکی رەوایە. نایەکسانی جنسی ڕێگری دەکات لە بەشداریکردنی یەکسانی ژنان لە گۆڕەپانەکانی سیاسەت و ئابووری و کۆمەلایەتی، هەروەها دەرفەتەکانی فێربوون و مافی یاسایی کە پیاوان لێی سوودمەندن، لەژنان یاساغ دەکات. پیاوان بەزیانی کەسانێك کە توانای کەمتریان لەوان هەیە، ئیمتیازیان دەست دەکەوێت.

## دواهاتەکانی نایەکسانی نەبوونی بەهای نەفس( خود ) ﴿Self - Worth﴾

لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤەکان کاریان لێدەکێشرێتەوە، لەکارە نزمەکاندا ئیش دەکەن، لە هەژاریی و بێ نەوایدا مەمرەو مەژی بەردەوامی بەژیان دەدەن و دەست دەدەنە تاوانکاری یان دەبنە قوربانی تاوانکاری، تێڕوانینەکانیان دەربارەی خۆیان فۆرمەلە دەبێت. تاکەکان لە پێگە نزمەکاندا کاریگەری وەردەگرن، رێز گرتن لەخۆیان زیانی پێ دەگات. ئەو کەسانەی کە بەچاوی سوك و کەمەوە سەیر دەکرێن بەسەختی دەتوانن لە خەیاڵ و وەهمی لاواز دەربازبن. ئەوکەسانەی کە لەبەرچاوی خەڵك ڕێزیان نییە بەسەختی دەتوانن ڕێز لەخۆیاندا ببینن. هەژاران بەگشتی نەشیاو و تەممەڵ پێناس دەکرێن، ئەوانەی سپی پێست نین کەم تواناتر لەسپی پێستان لەبەرچاو دەگیرێن و ژنان بەگوێڕایەڵ وسۆزدار لەڕووی فیکریەوە لاوازتر و دواتریش بەمەبەستی ڕازی کردنی سێکسی پیاوان پێناسە دەکرێن. ئاشکرایە کە لەم باوەڕانە بۆ بەلگاندنی سیستمی یەکسانی و رازیبوون بەمافی جیاوازی کردن لەدژی گروپە بەشخوراوەکان سوودی لێوەردەگیرێت. ئەوکەسانە رەنگە مرۆڤ بن، بەلام بەچەشنێك لەگەڵ کەسەکانی تردا جیاوازن، زیاتر شتن تامرۆڤێکی واقیعی خاوەنی هەست. ئەمەش قبولکردنی ڕۆژگار ڕەشی ئەوان بۆ ئێمە ئاسانتر دەکات.

بەڵگە نەویستە ئەم جۆرە باوەڕانە یارمەتی بەخترەشی ئەو کەسانەش دەدات کە لە گروپە باڵا دەستەکاندان. لە بەرئەوە باوەڕ بە زۆربەی ئەوشتانە دەکەن کە لەسەر خۆیان فێریان کراوە. بەخترەشی تاڕادەیەك، بەوهۆیەوە هەیە کە تاکەکان خۆیان بە لاواز ئەژمار دەکەن. تاڕادەیەکی زۆر ئەوان بۆیە خۆیان بە لاواز دەزانن چونکە کەسانیتر بەکەم بەهایان دەزانن ودەشیبینن ئەوانەی کەوەك ئەمانن بەهەمان شێوە باس دەکرێن. ئەگەر کەسانێك کە لە پێگەی بەهێزتردان بتوانن بەڵگە بۆ دۆخی خۆیان بەم بانگەشانە بێننەوە کە ئەوان "بەسەختی هەوڵیان داوە" یان "باڵاترن"، "زیرەکتر و بەتوانا تر" ن ئەی ئەم بانگەشانە بۆ ئەوانەی کە لە ئاستێکی نزمتردان چ مانایەك دەگەیەنێت؟ ئەمە بەشێکە لە بەخترەشی ستەم لێکراوان: واتە پێیان دەڵێن بەهۆی پێگەکەیان یان جنسیەتیانەوە تاوانبارن، ڕەنگی پێست یان مەزهەبەکەیان ئەوان کەم بەهاتر دەکات، پاشان ئەوانیش، باوەڕ دەکەن کە لەڕاستیدا بەم جۆرەن.

ڕۆژگار ڕەشیە گەورەکان لەنەبونی بەهای نەفسەوە سەرچاوە دەگرێت: هەروەك نەخۆشی دەروونی، ئالودە بوون بەکحول، ئالوودە بوون بەماددەی هۆشبەر و خۆکوژی. ئەگەرچی هەموو ئەم جۆرە بارودۆخانە ناتوانرێت بەهەوڵدان بۆ دەستکەوتنی بەرژەوەندی ماددی لە کۆمەڵگایەکدا کە شان وشکۆ وبەهای ئادەمی بەپێوەری سەکەوتنی ماددی دەپێورێت، بزانین، بەڵام زۆرێك لەوانە دەتوانرێت بەهۆی ئەمەوە بزانین. لە هەرکام لەم مەسەلانەدا — نەبوونی بەهای نەفس، نەخۆشی دەروونی، ئالودەبوون بەکحول، ئالودەبوون بەماددەی هۆشبەر وخۆکوشتن — ئەوە هەژارانەن کە زۆرترین زیانیان بەردەکەوێت، بەڵام هەموو ئەوکەسانەی کە وادەزانن ناتوانن چاوەڕوانییەکانیان بەدی بێنن زیان وەرگرن.

## دواهاتەکانی نایەکسانی: گوشاری دەروونی



ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا کێبرکێ و سەرکەوتنی ماددی و زێدەڕۆیی لەخەرج کردن بایەخدار بێت، فشارێکی دەروونی زۆر لەناو تەواوی دانیشتواندا دروست دەکات. لە کۆمەڵگایەکدا کە نایەکسانی تائەم ڕادەیە زۆربێت، زیاتر شان وشکۆ وبەهای ئێمەی مرۆڤ بەندە بەسەرکەوتنی ماددیەوە. فێرمان دەکەن لە کێبڕکێیەکی کەهەوان دەبێت تیایدا بەشداری بکەن، کێبڕکێیەکی ماندووکەرو و دوبارە کەهەندێك بە"کێبڕکێی مشکەکان" ناوی دەبەن، بیبەینەوە. "هەرکەس زۆرترین پارە بەدەست بهێنێت دەیباتەوە." ئەوانەی دواکەوتوون شیاوی ئەو بەخترەشیەن کە پێیان دەبرێت. ئێمە کۆمەڵگایەکی چین بەندی (ڕیزبەندی)کراو لە دەوروبەری خۆماندا دەبینین. هەندێك باڵاترن لەئێمە و هەندێك نزمتر. کولتوور لەزۆربەماندا بەرپرسیاریەتیەك لە بەرامبەر بردنەوەمان و پێشکەوتن زیاتر لەکەسانیتر دەخولقێنێت. ئەوکەسانەی لەم یاریەدا لەگەڵمان دەبن دەترسن لەوەی هەرچییەکیان هەیە لەدەستی بدەن و هەندێك ئومێدەوارن کە بتوانن پێگەی خۆمان باشتر بکەن. ترس و ئومێد هەردوو لامان هاندەدات بەرەو هەوڵدانی سەخت. بەڵام ئەو ترسەی بەدی دێت یان ئەو ئومێدەی ئەنجامەکەی بەردەوام بەنائومێدیە، بەخترەشی لەگەڵ خۆی دەهێنێت. بەخترەشی دەتوانێت ببێتە بەشی ئەوانەی کە لە باڵادان و ئەوانەش کە لە خوارەوەدان، چونکە تاڕادەیەك سەرچاوەکەی لە سەرنەکەوتنی بەرچاو لەسیستمی نایەکسانییەوەیە.

بەرهەڵستی لەپێناو دوانەکەوتن یان زیاتر ڕۆشتنە پێشەوە، دنەدانی تووش بوون بەتاوان و تاوانکاری لەگەڵ خۆی دەهێنێت. ئەمەش پێدەچێت بەخترەشیەکی زیاتر لەگەڵ خۆی بهێنێت هەم بۆ ئەو کەسانەی کە دووچاری تاوان و تاوانکاری دەبنەوەو هەم بۆ کەسانێك کە قوربانین. نمونەیەکی سادە لەم ڕووەوە مادە هۆشبەرەکانە. تاوانی پەیوەست بە مادەی هۆشبەرەوە هەم کاری هەژاران و هەم کاری دەوڵەمەندانە. هەردوولا حەزیان لەبەرزکردنەوەی پێگەی خۆیانە لەناو کۆمەڵگادا. بۆ

زۆرێك لە هەژاران، وادەردەكەوێت (كەماددەی هۆشبەر) تەنها ڕێگای سەركەوتنە. بەلای زۆرێك لە تاكەكان لە ناو دەوڵەمەندەكاندا ئەمە دەرفەتێكە كە دەتوانێت بەخێرایی ناوبانگ و سامانێكی زیاتر بەدەست بهێنێت. بەڵام دواجار هەژارەكان زیاتر زیانیان پێ دەگات و ئاسانتر بەهۆی تاوانەكانیانەوە دەخرێنە زیندانەوە.

لێكۆڵینەوە لەبێپەناكان دەبێ بیری هەموومان بخاتەوە كە هیچ كام لە ئێمە لە خوارەوە پارێزراو نییە. دەچینە قوتابخانە، كارێك بەدەست دەهێنین، بەچاكی كاردەكەین وهەوڵ دەدەین، خانوی سەربەخۆ دەكڕین، پارەی ڕەهن دەدەین و هیوا دارین لەوە بەدوا بەخۆشی بژین. لەگەڵ ئەمانەشدا رەنگە لەناكاو خۆمان بەبێكار ببینین یان رەنگە لەكارەكەماندا ئیفلاس بكەین. كۆمپانیا وكۆبوونەوەكانمان رەنگە لەشەوێكدا دابخرێن و بەهای خانووەكان لەوانەیە بەیاریكردنی هێزەكانی ئابووری جیهانی لەناكاو بشكێت. یان پێدەچێت هاوسەرگیری بكەین، منالْمان ببێت، لەپێناو مانەوەی خۆماندا پەیوەست بین بە هاوسەرەكەمانەوە و لەناكاو خۆمان لەژیانی ژن و مێردایەتیدا و لە هەژاریدا ببینینەوە. یان رەنگە خانەنشین بكرێین و كت ومت ژیان بەو كەمە سەرمایەی پاشەكەوتمان كردوە، بەدژوار و نائەگەر ببینین.

ئێمەی ئەندامانی كۆمەڵگایەك لەم بیرو باوەڕەدا هاوبەشین كە سەروەت و سامان نیشانەیەكی سەركەوتنە. بەچاوپۆشی لەوەی ئێمە كێین، ئەگەر سەركەوتوو نەبین، شتانێكی زۆر لەدەست دەدەین و ئەگەر سەركەوتوو بین شتانێكی زۆر بەدەست دەهێنین. جیهانێكی لەم شێوەیە رەنگە هاندەری هەوڵ و كۆششی بەردەوام بێت بەڵام بەهاكەی بۆ زۆربەی خەڵك، ژیانێكە لێوانلێوە لەفشاری دەروونی.

## دواهاتەكانی نایەكسانی:
## ئەو دامەزراوانەی كە بەخترەشی دەخولقێنن و دەیهێڵنەوە



نایەكسانی كۆمەڵێك دامەزراوە دەخولقێنێت كە وەكو پێویست خزمەتی هەموو مرۆڤەكان ناكەن. ئەو كەسانەی ئەوانە دەهێننە بوون لەو بڕوایەدان ئەگەر ئێمە بمانەوێت هەروەكو كۆمەڵگایەك بمێنینەوە، پێویستە هەموومان پەیڕەوییان لێ بكەین. بەڵام هەموو دامەزراوەكان نەگۆڕن — نەك تەنها لەكۆمەڵگای خۆماندا بەڵكو لەهەموو كۆمەڵگایەكدا كە تیایدا نایەكسانی هەیە. دامەزراوەكان بەگشتی لەبەرژەوەندی كەسانێكدا كاردەكەن كە لەسەرەوەی كۆمەڵگادان. دامەزراوەكان زۆر بەكەمی لەپێناو یارمەتی دانی ئەوكەسانەی كە لەخوارەوەی كۆمەڵگادان دروست دەبن. لەڕاستیدا دامەزراوەكان بەچەشنێك كاردەكەن كە پێكهاتەی جێگیر و هەمیشەیی كردووە و بارودۆخێك دەخولقێنن كە تاكەكان لەشوێنگەیەكدا ڕادەگرن كەتیایدا لەدایك بوون. دامەزراوەكان بە پشتیوانیكردن و دانی پاداشت بەوانەی سەركەو توودەبن — ئەوپاداشتانەی كەسانی تر نیانە — بەخترەشی دەهێننە بوون. جیاوازی نەژادی، قوتابخانەی گەڕەكە هەژارەكان، و ئەو یارمەتیانەی بەو ئافرەتانە دەدرێت كە لەمێردەكانیان جیابوونەتەوە، لەبەرژەوەندی هەندێك و زیانی ئەوانی ترە. سەرمایەداری، كۆمپانیا گەورەكان، (ماڵیاتی سو Regressive taxes) چاودێری تەندروستی تایبەتی و ئەوسیستمە یاساییەی لەسەر بنەمای بڕێك پارە كە تاكەكەس دەتوانێت بیدات، بەهەمان شێوە هەندێك كەس دەوڵەمەند و كەسانیتر بەهەژاری دەهێڵێتەوە.

دامەزراوەكان — شێوەی هەڵسوڕانی كارەكان لەكۆمەڵگادا — بەدرێژایی ئەو ماوەی كە كۆمەڵگا گەشەدەكات، دروست دەبن. ئەوان لەڕێگەی كێبركێی كەسانێك كە دامەزراوەكانیان بۆ خزمەتی خۆیان دەوێت، دروست دەبن. نایەكسانی هێز لەم كێبركێدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت. لەبەرئەوە خاوەن هێزەكانن كە لەناوەرۆك و چۆنییەتی كاركردنی دامەزراوەكان هەژمونێكی زیاتریان هەیە. هەڵبەتە ئەو دامەزراوانەی دێنە بوون بەگشتی لەخزمەتی ئەو بەهێزانەدان كە خۆیان

هێناوەتەبوون، هەربۆیە توانای کۆنترۆڵکردنیان بەسەریاندا هەیەو بەڕێوەی دەبەن. ***کەمتر دامەزراوەیەك لە کۆمەڵگادا بۆ ئەم مەبەستە دروست بووە کە گرفتی بەختڕەشی مرۆیی چارەسەر بکات، مەگەر ئەوکاتەی کە بەختڕەشی لەسەر ژیانیئەو کەسانەی بەهێزن، کاریگەری هەبێت.***

سیستمی پزیشکی تایبەت و بیمەی تەندروستی چارەسەرکردن لە بنەڕەتەوە پێداویستیەکانی کەسانێك دابین دەکات کەتوانای هەڵسوڕانی پارەکەیان هەیە. سیستمی یاسایی، سیستمی حیزبی ودادوەری و زیندانەکانمان لە بنەڕەتەوە لە کەسانێك کە لەسەرەوەی سیستمی چینایەتیدان، پشتیوانی و لەبەرژەوەندی ئەوان کاردەکات. بۆماوەی پەنجا ساڵ، کۆمەڵگای ئەوروپای ڕۆژهەڵات چەند سیستمێکی سیاسی و یاسایی وئابووری وفێرکردنیان دانا کە بەئاشکرا لەبەرژەوەندی کەسانێکدا بوو کە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی بوون و بەپێچەوانەشەوە لەزیانی ئەوانە بوو کەخاوەنی نەبوون. لە سەرتاسەری مێژووی ئەمریکادا، دەتوانرێت چەندین دامەزراوە دیاری بکرێت کە لەبەرژەوەندی دەوڵەمەندان و چینی ناوەند و لەزیانی هەژاران وچینی کرێکاردایە، لەبەرژەوەندی سپی پێستان و لەزیانی ناسپی پێستەکاندایە و لەبەرژەوەندی پیاوان و لەزیانی ژناندایە. هەوڵەکانمان لەپێناو چاکسازی کردن لە ڕۆژ ڕەشی لەکۆمەڵگادا هەرگیز لێپرسراویتەیەکانمان بەرامبەر بەکۆمەڵگایەك کە لەسەر بنەمای نایەکسانی بنیاتنراوە، یەکسان نەبووە، هەربۆیە دامەزراوەکانمان کە بەهێمنی گۆڕانیان بەسەردادێت، بەزۆری کاتێك گروپە کەم دەسەلآتەکان دروست بون و خوازیاری ئەوە بون کەخاوەن هێزەکان گۆڕانکاری دروست بکەن.

## دووەمین فاکتەری بەختڕەشی: ململانێی کۆمەڵایەتی کاولکار

## مانای ململانێی کاولکەر



ئێستا باس لە دووەمین فاکتەری بەختڕەشی لەجیهاندا دەکەین لەروانگەی کۆمەڵناسییەوە: ململانێی کۆمەڵایەتی کاولکار یان توند و تیژ.

هەموو دژیەکی و ململانێکان کاولکار نین. لەڕاستیدا پێویستە بزانین کە زۆربەی ململانێکان نەشیاون بۆ خۆ لێدورخستنەوە و پێویست و بنیاتنەرن. ململانێ واتای ئەوەی کە مرۆڤەکان لەکردەی دوولایەنە لەگەڵ یەکتردا، لەسەر شتێك کێبڕکێ دەکەن کە بە بەهاداری دەزانن بەڵام هەموو ناتوانن بەدەستی بهێنن. ململانێ کردەیەکی دوولایەنەیە(کارلێکێکی کۆمەڵایەتییە) تیایدا تاکەکان لەپەیوەندی لەگەڵ یەکتر هێز بەکار دەهێنن. ڕکابەری یەکێکە لەشێوازەکانی ململانێ: ڕکابەری ململانێیەکە لەچوارچێوەی ڕێسایەکی دیاریکراودا ڕوودەدات. هەرکات ئەو کەسانەی کردەی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەن، هەوڵ بدەن یەکتر رازی بکەن، هەرکات ئەوان بۆ ئامانجێك کە قەناعەتیان پێیەتی روبەروی یەکتر ببنەوە، ئەوکات ململانێ دەردەکەوێت. کاتێك ئێمە هەوڵدەدەین دەستمان بە ئامانجەکانمان بگات و کەسێکی تریش لەئارادایە، بەردەوام روبەروو بونەوە رودەدات و گفت وگۆ و ڕێککەوتنی لێ دەکەوێتەوە. دەرەنجامی ململانێ بەگشتی ئیجابیە: هەردوولا شتێك بەدەست دەهێنن، ڕێکخراوەکان گۆڕانیان بەسەر دێت، گرنگی بەخواست و ویستی تاکەکان دەدرێت، دیاردەو کێشەکان دیاری دەکرێن و چارەسەر دەکرێن. ململانێ دروستکەری واقیعییەتێکی ژیانە و لەبری ئەوەی ببێتە هۆکاری بەختڕەشی، بەپێچەوانەوە یەکێکە لەڕێگاکانی ناسین وکەمکردنەوەی بەختڕەشی.

ململانێی کاولکەر شتێکی ترە. جەنگەکان هەڵدەگیرسێن و خەڵکی دەکوژرێن و ژنان بێوەژن و ژیانیان وێران دەبێت. شۆڕشەکان فاکتەری ئازاری فیزیکی و کوشتن و لەناوبردنی موڵك وماڵن هەم لەلایەن ئاژاوە گێڕانەوە وهەم لەلایەن بەرپرسانی حوکمەت. ئازاردانی هاوسەرو منداڵ لەڕووی سروشتیەوە بۆماوەیەکی کەم زیان

لەتاکەکان دەدات و بۆماوەیەکی زۆریش دەبێتە هۆی شوێنەواری لەناوبەر. هەمیشە چەندین قوربانی لە ململانێی کاولکاردا بوونیان دەبێت.

ململانێی کاولکار بەتوندو تیژی بەهێز و خواستی لەناوبردن یان زیانگەیاندن بەڕکابەر دیاری دەکرێت. بەرهەمی ئەم چەشنە مللانێیە بەزۆری بەرەو سەر دەڕوات و بەچەشنێکی بەربڵاو توند و تیژ دەبێت و گورزی فیزیکی وسۆزداری لەقوربانیانی دەدات. ئەم ململانێیە بەزیان گەیاندن لەکەسانیتر ئەنجام دەدرێت لە کاتێکدا کەبابەت و مەسەلە واقیعیەکانی نێوان تاکەکان لەبەرچاو ناگرێت.

## فاکتەری ململانێی وێرانکەر

بۆچی ململانێ کاولکار دەبێت؟ بۆچی ئەو شتەی کە هەر جۆرە شیمانەیەکی تایبەتی بۆ یارمەتی دانی مرۆڤ بۆ گەیشتن بەئاسایش هەیە، دەگۆڕێت بۆ سەرچاوەیەکی بەخترەشی مرۆڤ ؟

دەتوانین بڵێین کەململانێی دروستکەر بەزۆری لە بەرچاوناگیرێت و لەبەرئەوە، نە لەگەڵ ناکۆکیەکاندا ڕووبەڕوو دەبینەوەو نەچارەسەریشیان دەکەین. خاوەن هێزەکان لە پشتڕاسکردنەوەی خۆ دوردەگرن. ئەوانەی هێزی کەمتریان هەیە دەترسن ئارەزویەك لەخۆیان نیشان بدەن کەئەگەری هەی ببێتە هۆکاری ئاشکراکەری دژایە تی و ململانێ. یا هەندێ کات ململانێ بۆ لایەنە دەرگیرەکان ئاشتیانە بەرچاو دەکەوێت و کەواتە هەوڵەکان بۆ چارەسەر کردنی بەشێوەیەکی بنیاتنەر بێهودە بەرچاو دەکەوێت. (ئەمە حاڵەتێ بوو کەلەنێوان ئیسرایلیەکان وفەلەستینییەکاندا هەبوو). بەزۆری بەگشتی بەهۆی ترس لەپەرەسەندنی ململانێ وئەوەی کە ململانێ بەڕوبەڕو بوونەوەی زۆر توندوتیژانە و تەنانەت ڕق و تورەیی کۆتایی پێ بێت، تاکەکان لەململانێی بنیاتنەر هەڵدێن (ململانێی خێزانی یەکێکە لەنمونەکانی). بەڵام ئەگەر ململانێ بەدرێژایی کات سەرکوت بکرێت، بەهێزتر و



سۆزدارانەتر دەبێت. ئەوئامانجانەی کە هەرلایەنێك لەسەرەتادا مەبەستیان بو، لەناو دەچێت و دوژمنایەتی دەبێتە جێگرەوەی لەبری ئەوەی هەوڵی ئامانجدار بۆ گفتوگۆ و چارەسەرکردنی ناکۆکیە واقیعیەکان فۆرمەلەببێت.

نایەکسانی کۆمەلایەتی یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی ململانێی وێرانکەر. کودەتا توند و تیژەکان لە نایەکسانییەوە سەرچاوە دەگرن. بەزۆریش خەڵکانێك ئەوانە دەست پێ دەکەن کە لەپلەکۆمەڵایەتیەکاندا بەرز دەبنەوە بەڵام هێشتا هەست دەکەن ئەوان بەکەم بەها داناوە. تاوانەکانی توندو تیژ بەزۆری لە بێ بەشی و تورەیی سەرهەڵدەدەن کە نایەکسانی فاکتەریانە. جەنگەکان بەزۆری دەرەنجامی هێرشی وڵاتێکە بۆ وڵاتێکی تر چونکە ئەو وڵاتە خاوەنی سەرچاوەی زیاتر و باشترەو شتێکی دەوێ کەئەوتیر هەیەتی. توندو تیژی بەزۆری لەبەرئەوە رودەدات کە روبەروی نایەکسانییەکان لەناو کۆمەڵگادا نابنەوە، کێشەکان دەبنە دەرەکی (Externalize) و ڕابەران هەوڵدەدەن بەدروستکردنی دوژمنی هاوبەش لەناوناخی میللەتدا یەکێتی بهێننە بوون.

هەروەها ململانێی وێرانکەر بەوهۆیەوە ڕوودەدات کەزۆرێك لەئێمە فێربووین بۆ هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ ئەوکێشانەی لەبەرامبەر خۆماندا دەیانبینینەوە، توندو تیژی بەکاربهێنین. تاکەکان لەپێناو گەشتن بەخواستەکانی خۆیاندا لە بەرامبەر کەسانیتر فێردەبن کە لەڕووبەڕوو بوونەوەی توند و تیژ کەڵك وەربگرن. کۆمەڵگای ئەمەریکا زیاتر لەهەندێ کۆمەڵگا و کەمتر لەهەندێ کۆمەڵگای تر توند وتیژە. ڕابەرانی سیاسیمان، لە ڕێگەی ئەوەی دەیڵێن و ئەنجامی دەدەن، نیشانمانی دەدەن کە چارەسەرکردنی گرفتەکان لەڕێگەی ململانێی کاولکاری توند وتیژ، دروستە. باوکان ودایکانیش لەچۆنییەتی ڕەفتاریان لەگەڵ منداڵان هەمان پەیام دەردەبڕن و سینەماو تەلەفزیۆن و تەنانەت مۆسیقایش بە هێزی دەکەن. کەسایەتی ناو فیلم کارتۆنەکان، پاڵەوانان و ئەوپیاوانەی کەدەبێ پیاویەتی خۆیان لەڕێگەی

توندوتیژیەوە بسەلمێنن نمونەی گونجاوی بابەتەکەی ئێمەن. بابەتەکان لەمێژوودا فێرمان دەکەن کە ململانێی وێرانکەر پێویست وتەنانەت چاکیشە: بردنەوەی سنورنشینەکان، شێوازەکانی ئەنجومەکانی بێداری مەزهەبی لەڕۆژئاوای ئەمەریکا، جەنگە فراوانخوازانەکان، کۆیلایەتی، ستەمکردن بەرامبەر کەمایەتیەکان لەنمونەکانییەتی. هەڵبەتە بەهاو بنەماو دامەزراوەکانیش هەن لە کۆمەڵگای ئەمەریکادا کە ڕێگە لەململانێی وێرانکەری توندوتیژ دەگرن: بەشداریکردن لەپرۆسەی دیموکراتیدا لەڕێگەی دەنگدانەوە، ڕۆحی دانوستان و گفتوگۆ لەسیاسەتدا، پشت بەستن بەیاسا و بەگشتی ڕێزگرتن لەمافی تاکەکەسی.

هەتا زیاتر ململانێ سەرکوت بکرێت و تاکەکان هان نەدرێن لە بەرژەوەندی خۆیاندا بەدانوستان وگفت وگۆی راشکاو و بنیاتنەر سەرقاڵ بن، ململانێی کاولکار، زیاتر دەبێت. بەهەر ئەندازەیەك کە کولتوور هاندەری تاك و گروپەکان بێت بۆبەکارهێنانی توندوتیژی، یارمەتی ململانێی وێرانکەر و ڕۆژ ڕەشی مرۆڤ دەدات. هەرکات حوکمەت، خێزان، یان ڕابەران ڕێگە بدەن بە بەکارهێنانی توندوتیژی، ئەوە نیشانی کەسانی تری دەدەن کە توندوتیژی یەکێکە لەوڕێگایانەی کەبەهۆیەوە دەتوانرێت کێشەکان چارەسەر بکرێت. توندوتیژی بەسادەیی ڕونادات، بەڵکو لەشێوازی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆردا لە کۆمەڵگادا ئامادەو تەیارکراوە.

## بەخترەشی، دەرهاویشتەی ململانێی کاولکار

ململانێی کۆمەڵایەتی کاولکەر زیان بەقوربانی توندوتیژی دەگەیەنێت. گرنگ ئەوەنییە ئەم ململانێیە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت: باوك ودایك،پۆلیس، پێشێلکارانی یاسا، سەندیکا کرێکاریەکان، خاوەنکار یان دەوڵەت. ئامانجەکەی زیانگەیاندن و گورز وەشاندنە لەکەسێکی تر یان لەناوبردنی، زۆربەی هەرە زۆریشی وادەکەن. ململانێی کۆمەڵایەتی کاولکار لەو کەسانەدا کە دەبنە قوربانییەکەی،



توندوتیژی بنیات دەنێت. ڕەنگە توندوتیژی هێواش و بێدەنگ دەرکەوێت بەڵام بەزۆری دەبێتە توندوتیژیەکی قوڵ. ڕەنگە دەربېڕدرێت یان بەهێزببێت و هەڵبگیرێت. ئەگەرچی توندوتیژی ئاراستەکەی بۆ بەرامبەرە، بەڵام دەتوانێت ئاراستەی خودی تاکەکەسیش بێتەوە بەشێوەی ڕەفتاری خۆ وێرانکەر: تاوانکاری، ئالودە بوون بەماددەی هۆشبەر یان کحول یان خۆکوشتن.

هۆکاری زۆر هەیە کە تەنانەت ئەگەر تاکەکەس لە ململانێی کاولکاردا بیباتەوە، بەخترەشی بەهیچ جۆرێك لەناو ناچێت. ڕاگرتنی ڕۆڵی ململانێی وێرانکەر دژوارە. بردنەوە لەبەرامبەردا ڕقی دروست دەکات و ئەگەری قەرەبووکردنەوە لە داهاتوودا بەدی دەهێنێت. بردنەوە دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکەس و (کەسانی تریش) باوەڕ بکەن کە ململانێی کاولکار ڕێگای دەست گەشتنە بەوشتانەی کە تاکەکەس لەبارودۆخی جیاوازدا خوازیاریانە. لەڕووی دەروونییەوە ململانێی وێرانکەر هەستی توندوتیژانە زیاتر لە کەسێکدا کەتووشی تاوانکاری دەبێت دروست دەکات. توندوتیژی لەبری ئەوەی هەستی ئارامی لای تاك دروست بکات، زیاتر هانی دەدات شەڕانگێزترو کاولکارتر بێت، کەسانی تریش قەناعەت بەخۆیان دەکەن کە "قوربانی شیاوی ئەو بووە" ئەم جۆرە سیستمی بیروباوەڕە زیاتر توندوتیژی زیاتر هاندەدات هاندەدات.

توندتیژی ململانێی وێرانکەر بەزۆری لە دەرەوەی سیستمی یاسایی و ڕێگە پێدراوەوە ڕوودەدات. ئەمانە شتانێك نین کە ئێمە لەیەکتر چاوەڕوانی دەکەین. ئەو کردەوانەن کە عورف و نەریت پێشێل دەکەن. کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی بەندە بە نەریت و عورفی کۆمەڵگاوە و تیایدا ئەم چەمکە بنەڕەتیە شاراوەیە کەکەسانی دەوروبەرمان — تەنانەت بێگانەکانیش — پەیڕەوی لەو نەریتانە دەکەن. کردەی دوولایەنە لەسەر بنەمای باوەڕ پێکردن فراوان دەبێت و یەکێك لەقوربانییە سەرەکیەکانی ململانێی وێرانکەر، باوەڕ پێکردنە. بەهۆی ململانێی توندەوە

جیهانێکی شیاوی پێشبینی و ناسراو بەبێ ڕێسایەك بۆ خەڵکی کە بڕوایان پێی هەبێت، دەگۆڕێت بۆ جیهانێکی بێ نەزم و نەشیاو بۆ پێشبینی کردن. جیهانی بێ متمانە و یاساشکێن و نەشیاو بۆپێشبینیکردن، ژیان بۆ زۆرێك دەکاتە موسیبەت. ئەوان دەبنە قوربانی بەهێزترو توندوتیژەکان.

## سێیەمین فاکتەری بەخترەشی: بەکۆمەڵایەتیبوون

هەموو کۆمەڵناسان بایەخی بەکۆمەڵایەتیبوون لەمەدا دەبیننەوە کە ئێمە چۆن کەسانێك بین. بەکۆمەڵایەتیبوون کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکانمان دادەنێت، ڕێساو بەهاکان و ئەو هزرانەی بەهۆیانەوە خۆمان کۆنترۆڵ دەکەین و جیهان دەبینین فێرمان دەکات. بەکۆمەڵایەتیبوون ئێمە لە پێگەکانی ناوپێکهاتەی کۆمەڵایەتی دادەنێت وئاشنامان دەکات بەو دامەزراوانەی کە بەسەر کۆمەڵگادا حاکمن. بەکۆمەڵایەتیبوون، ئەوەی سروشت دەستی پێ کردووە بەشێوەدانی ئێمە بۆشێوەی بوونەوەری کۆمەڵایەتی وبەدانی زمان و خود و زەین، بەکۆتایی دەگەیەنێت.

هەندێ کەس لە بارودۆخێکدا لەدایك دەبن کە تیایدا بەکۆمەڵایەتیبوون ناکافی یان نەگونجاوە. کردەی دوولایەنەی سەرەتا لەناو خێزانەکاندا هەندێجار زۆر سنوردار یان وێرانکەرە، یان ناتوانێت عەشق دەرببڕێت وخۆڕاگری و سەبر فێرببێت. پەیوەندی دۆستانەو نزیك — کە بۆ ئامادەکردنی گەشەی فیکری وسۆزداری پێویستە — بوونیان نییە. بەڵگە و شایەتی بەهێز هەیە لەسەر ئەوەی کە منالان بەبێ پەیوەندییە نزیکەکان لەگەڵ خەڵکدا دەمرن یان لەڕووی دەروونییەوە گورزی کاریگەریان بەردەکەوێت. هەروەها چەندین بەڵگە هەیە کە بێبەشبوون لە خۆشەویستی لەسالانی سەرەتای گەشەکردندا، دەرئەنجامی سۆزداری و هەڵس و



کەوتی جدی لە سالانی کۆتایی ژیاندا هەیە. ئەو کەسانەی خۆشەویستیان نەبینیوە بەزەحمەت دەتوانن پەیوەندی نزیك دروست بکەن. ژیان بەبێ خۆشەویستی لەیەکەمین ساڵەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون، یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی بەخترەشی مرۆڤ، هەم بۆ ئەنجامدەری کردە(بکەر)و هەم بەزۆریش بۆ خەڵك کە تاکەکەس لە گەڵیاندا کردەی دوولایەنەی ئەنجام دەدات.

بەدەر لەعەشق و پەیوەندییە نزیکەکان کە بەکۆمەڵایەتیبوونی سەرەتا دەبێ ئامادەی بکات، بەکۆمەڵایەتیبوون بۆ بەدیهێنانی خۆپاریزی و زاڵ بوون بەسەر خۆدا گرنگە. بەبێ ئەوەی فێرببین بەچ شێوەیەك کردەکانمان کۆنترۆڵ بکەین، خۆبەخۆ، ئارەزومان بۆ کردارێکی لائیرادی و غەریزی دەبێت، حەز کردن بەئەنجامدانی کردەوە بەبێ تێگەیشتن لە دواهاتەکان و ئەوەی چۆن دەکرێت کاریگەری لەسەر کەسانیتر دابنێین. بەکۆمەڵایەتیبوون دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە شێوەکانی کۆمەڵگا فێربین و ئەو شێوانە بەزۆری بۆ شێوەکانی ئێمە دەگۆڕێن، ئێمە ئەوانە دەروونی دەکەین و بەپێی ئەوانە چاودێری خۆمان دەکەین. بەهەر هۆیەك بێت هەندێك لە ئێمە ئەمانە لە ڕووداوی بەکۆمەڵایەتیبووندا فێرنابین. بیرکردنەوەی ئاگایانە یان خۆپارێزیی ئاسایی هیچ کامیان ڕێنومایی گرنگ بۆ کردەکانمان نین. دوو مەسەلەی جدی لێرەدا دروست دەبێت. یەکەم، کەسانیتر دەبنە قوربانی بەهۆی نەبونی کۆنترۆڵ لەلایەن ئێمەوە و ئێمە بۆئەوان بەخترەشی دەئافرێنین. دووەم، ئێمە لەهاوکاری کردن لەگەڵ کەسانی دی کێشەمان دەبێت کە بەدیهێنانی پێویستیەکانمان بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە دژوار دەکات.

تەنها بەکۆمەڵایەتیبوونی نەگونجاو نییە کە بەخترەشی بۆ تاکەکان بەباردێنێت، ئەوەی کە بەکۆمەڵایەتیبوونی سەرکەوتووانە لەوانەیە ئێمە بەرەو چ رێگایەك رێنوێنی بکات، گرنگە. زۆربەی ئێمە بەکۆمەڵایەتی دەبین و فێردەبین ئەوەی ئەنجامی دەدەین کۆنترۆڵی بکەین. لەگەڵ ئەمانەدا، هۆکارەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون

یارمەتیمان نادەن ژیانێکی سەرکەتووانە و بەرهەمهێنەرمان هەبێت. بەکۆمەڵایەتییبوون لەسەر تێڕوانینی ئێمە و سوود وەرگرتن لە ماددەی هۆشبەری نایاسایی، ئەو بەهایەی فێری خۆمانی دەکەین، هەڵبژاردنی حەزی خوێندن وپیشە، بەرپرسیاریەتیمان بەرامبەر بەیاسا یان ڕەفزکردنەوەی، ئەوەی ئایا هاوسەرگیری دەکەین، لەگەڵ کێ ژیانی هاوسەری پێك دەهێنن وچۆن لەگەڵ هاوسەرەکانمان هەڵس و کەوت دەکەین، کاریگەری دادەنێت. باوك ودایکمان، مامۆستایان، لە گەڕەکە کەماندا (لەشوێنی کارو کاسپی و کەنیسەکاندا و لەشەقامەکان) و دۆستان لەسەر لایەنگیریەکانمان کاریگەرییان دەبێت. بەهەمان شێوە خاوەن کار و برا و خوشکانی گەورەترمان کاریگەری جێ دەهێڵێن. ئێمە لەکەسانیتر دەروانین، ئەوەی دەیڵێن، گوێی لێ دەگرین، دەبینین ئەوان بەچ شێوەیەك سەبارەت بەحەز و کردەکانمان کردەوە نیشان دەدەن، لەنێوان ئەمانەدا چەند ئاراستە دەگرینە بەر کەپێمان راستە. ناوەرۆکی ئەو شتەی لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتییبووندا فێری دەبین لەوەی کە ئێمە هەمووومان چیمان بەسەر دێت، کاریگەرە. بەمانایەکی زۆر گرنگ، ئەوکەسانەی ئێمە بەکۆمەڵایەتی دەکەن بەلای ئێمەوە نوێنەری کۆمەڵگان، ئێمەش لەڕێساکانی ئەوان، بەهاکانیان و هزرەکانیان و نمونەکانی ئەوان کاریگەری وەردەگرین. لەقوژبنێکی شەقامی تەلی (Tally's Corner)، لێکۆڵینەوەی کۆبوونەوەیەکی هەژاری چینی خوارەوە لە واشنتۆن، د.سی.ئالیوت لیبو بەشێوەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش و کاریگەر نیشانمان دەدات کە پیاوانی گەنج لە وێ بەبینینی ئەوەی کە پیاوانی بەتەمەنتر بەچ شێوەیەك ڕەفتار دەکەن، فێردەبن کە پێویستە بەچ شێوەیەك ڕەفتار بکەن. پیاوە بەتەمەنەکان کات بەسەر دەبەن. ئەوان لەپیشە کاتیەکان، کەم داهاتەکان، ناشارەزا و بەزۆری مەترسیدار دەکەن. پیشە ئومێد بەوان نادات، تەنها بوارێك دەرەخسێنێت تا حەفتەکەیان بگوزەرێنن. ئەم پیاوانە کە هێندە ئومێدیان بەداهاتوو نییە لەهەر چێژێك کە لەئێستادا دەتوانن



بەهرەمەندبن، سوود وەردەگرن. ژیان تەنها بەمانای مانەوە و زیندوومانەوەیە، بێ بەهایەکی ئەوتۆ کەتاکەس دەتوانێت لەکەسانیتر لە گۆشەی شەقامدا بەدەستی بهێنێت. لاوان کەم کەم ئەگەنە ئەو باوەڕەی کە پیاوانی پیرتر ژیانی ئایندەیان نیشان دەدەن، لەمەدا خەڵك و کەسانیتر، داهاتوی خۆیان دەبینن.

هەڵبەتە بەکۆمەڵایەتییبوونی ئێمە رەنگە بەهۆی کەسانێکەوە فۆرمەلە ببێت کە هەرگیز نەیانبینین. پێدەچێت بکەوینە ژێر کاریگەری ڕابەرێکی سیاسیەوە، یان ئەستێرەیەکی باسکە، یاخود گۆرانی بێژێکی سەرکەوتوو، بازرگانێکی سەرمایەدار، یان تەنانەت بەهۆی تاوانکارێکی بێبەزەیی لایەنگیریەکانمان بگۆڕێن. لەوانەیە کتێبێك بخوێنینەوە یان بە رێکەوت لەگەڵ کەسێك کە کاریگەریمان لەسەر دادەنێت کردەی دوولایەنە ئەنجام بدەین. لەگەڵ ئەمانەدا، جەخت کردنەوەی زیاد لەڕادە لەسەر گرنگی و بایەخی ڕوخسارە دوورەکان هەڵخرێنەرە. زۆربەی کات بەهۆی کەسانێکەوە بەکۆمەڵایەتی دەبین کە زۆر لێمانەوە نزیکترن و ئێمە هەموو ڕۆژێك لە گەڵیاندا کردەی دو لایەنە ئەنجام دەدەین. مارشاڵ قازی بزربوی دیوانی بالاً (1: 1979) نووسی کەچەندە بۆی دژوار بوە بچێتە گەڕەکێکی هەژار نشین و وای دەربخات کە (نمونەیەکی ڕۆڵی) بۆ ئەمەریکیە بەڕەگەز ئەفەریقیەکان لەوێدا بوونی هەیە: ژیانی ئەوان لەگەڵ ژیانی ئەودا زۆر جیاوازی هەبوو. دەرفەتەکانی ئەوان لەگەڵ دەرفەتەکانی ئەو، یەکسان نەبوون. ئەوان کەلێن و جیاوازییەکانی نێوان خۆیان وئەویان بەباشی دەناسی.

ئەوانەی بەهۆی کەسانێکەوە بەبەختڕەشی دەژین بەکۆمەڵایەتی دەبن، لەژێر کاریگەری ئەواندا ئاراستەیەك دەگرنەبەر کەبەختڕەشییان بۆ دێنێت. ئەمە واقیعیەتی بەکۆمەڵایەتییبوونە. لە ڕێگەی کەسانێکی ترەوە کە لێمان نزیکن ئاگادار دەبین کە ژیانمان چۆندەبێت ودەبێت چۆن بێت. فێردەبین کە حەقی خۆمانە چاوەڕوانی چ شتێکمان لەژیان هەبێت: وازهێنان لەخوێندن یان بڕوانامە وەرگرتن لە

زانكۆیەكی بەناوبانگ، بەدژواری درێژەدان بەمانەوەی خۆ لە هەژاری و نەداربیدا یان لە ڕەفاهیەت و خۆشگوزەرانیدا ژیان كردن، بێكاربوون یان بۆ قۆناغێكی ژیانی كاری بەرنامە داڕشتن. بەلای زۆربەی تاكەكانەوە، نمونەی ڕۆڵ، كەسانێكن كە ماددەی هۆشبەر بەكاردەهێنن، تووشی تاوان و سەرپێچی كردن دەبن، ڕووبەڕووی ململانێی وێرانكەر دەبن و بەشێوەیەكی ئیهانە ئامێز هەڵس و كەوت لەگەڵ كەسانیتر دەكەن. بەلای كەسانی ترەوە نمونەی ڕۆڵ، ئەو كەسانەن كە هەژاران تالان دەكەن و هێرش دەكەنە سەریان و بەهەر نرخێك بێت لەگەڕان بەدوای سەركەوتنی ماددیدان. تاڕادەیەك خەڵك بۆیە لە ڕۆژ ڕەشیدا دەژین كە بەكۆمەڵایەتییبوونیان، ئەوان لەو ڕێگادا بەرەو پێش دەبات. بۆزاڵ بوون بەسەر ڕۆژ ڕەشیەك كە تاكەكەس تیایدا لەدایك بووە، دەبێت بەهۆی نمونەی ڕۆڵی واقیعگەرایانەی كە لەدژی ئەوجۆرە بەكۆمەڵایەتیبوونە كاردەكەن، بەكۆمەلایەتی بێت، ولایەنگیری خۆی بگۆڕێت. ئەگەر تاكەكەس گیرۆدەی بەختڕەشی بووبێت، تاڕادەیەك ئەستەمە نمونەی ڕۆڵی واقیعگەرایانەیەك بدۆزێتەوە كە یارمەتی بدات بۆهەڵهاتن لەبەختڕەشی. دژواری بەختڕەشی  بۆ ئەوانەی تیایدا گیرۆدە بوون لێرەدایە.

سەرەنجام ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە بەختڕەشی بكەین چاوەڕوانییەكانمانە. زۆربەمان خەڵكانێك دەناسین كە "وادەردەكەوێت هەموو شتێكیان هەیە" لەگەڵ ئەوەشدا لە ژیانیان ناڕازین. ئەوانەی جوانن خۆیان بەناشیرین دادەنێن، ئەوانەی دەوڵەمەندن خۆیان بەهەژار دەزانن. ئەوانەی كە هەمیشە نمرەی "ئەلف" وەردەگرن ئەگەر نمرەی "ب" بهێنن، پەرێشان دەبن. بەشێك لەبەختڕەشی  ئێمە لە جیاوازی نێوان واقیعیەتی بابەتی (چۆنییەتی ئەركی واقیعی ئێمە، ئەوەی بەواقیعی هەمانە) و چاوەڕوانییەكانمان بۆخۆمان دەبێتە سەرچاوە. چاوەڕوانییەكانمان لەبنەماوە سەرچاوەكەی لە بەكۆمەڵایەتی بوونمانەوەیە. لەوێ ئێمە بەهۆی كەسانی ترەوە بەكۆمەڵایەتی دەبین،



چاوەڕوانییەكانی ئەوان بۆ ئێمە گرنگ دەبن، خواستەكانی ئەوان دەبن بەخواستەكانی ئێمە. هەندێجار ئێمە ڕووبەڕووی دایك و باوكی خۆمان دەبینەوە كە زیاد لەرادە چاوەڕوانییان لێمان هەیە، بەڵام هەگیز لە چاوەڕوانییەكانی ئەوان، كە هیچ كات ناتوانین بەدییان بهێنین، هەڵنایەین. گرنگە لەگەڵ ئەم واقیعە ڕوبەڕو بین كە بەشێك لەبەختڕەشی كەسیەتی و كۆمەڵایەتییە: گرنگ نییە لەژیاندا چ شتێكمان بەدەست هێناوە، لە هەركاتێكدا ناتوانین ڕازی بین چونكە كەسانی تر ئێمەیان بەكۆمەڵایەتی كردووە كە بەرامبەر بەوەی ئەنجامی دەدەین، خاوەنی كارێكی (Taskmaster) سەختگیر ونەشیاو بۆ رازیبوون بین.

بەكۆمەڵایەتییبوون لە ڕاستیدا پەیوەندی نێوان كۆمەڵگا – بەو جۆرەی كە هەیە – و تاكە كەسە. بەكۆمەڵایەتییبوون بۆ بەردەوام بوونی كۆمەڵگا و گەشە كردنی مرۆڤ پێویستە. بەكۆمەڵایەتییبوون نەزم دەخولقێنێت، دەرفەتی بەدیهێنانی توانا تایبەتەكانی ئامادە دەكات. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێت بێنەزمی لە كۆمەڵگا و بەختڕەشی  بۆ تاكەكەس دروست بكات.

نابێت ئەم خاڵە لەبیربكەین چەندین ڕێگای جیاواز هەیە كە لەرێگەیانەوە بەكۆمەڵایەتییبوون دەچێتە ناو مەسەلەی بەختڕەشییەوە. هەروەها ئەو بەختڕەشیە ترسناكەی كە پیاو كوژانی شارەزا، تیرۆرستان، پادشایانی بازرگان، پێڕی لاوان و فرۆشیارانی ماددەی هۆشبەر بەسەر خەڵكیدا دەهێنن، دەبینین، لەسەر هەموومان پێویستە بپرسین بۆچی؟ بۆچی ئەم جۆرە كەسانە بوونیان هەیە؟ ئەگەر بەووردی بڕوانین، هەمیشە دەتوانین بەكۆمەڵایەتییبوون وەكو یەكێك لە گرنگترین و سەرەكی ترین هۆكارەكان دیاری بكەین. ئەمە بەڵگە بۆ زیان گەیاندن ناهێنێتەوە، بەڵام یارمەتیمان دەدات ڕۆژگار ڕەشیەك كە ئەم جۆرە كەسانە تووشی دەبن، ببینین و ئەو ئەگەرەمان پێ دەدات فاكتەری كردەكانیان بزانین و تێبگەین كە زۆربەی كەسانیتر تا چ ڕادەیەك بەختەوەرن.

## چوارەمین فاکتەری بەختڕەشی: نامۆبوون

یەکێکی تر لە سەرچاوەکانی بەختڕەشی لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە، نامۆبوونە. زاراوەی نامۆبوون لەسادەترین مانایدا بەمانای جوداییە. نامۆبوون چەمکێکە کۆمەڵناسان بۆ وەسفکردنی1) جیابوونەوە لەخەڵکی (تەنهابوون، گۆشەگیری) 2)جیابوونەوە لەکاری مانادار و 3) جیابوونەوە لەخۆمان وەکو بوونەوەری چالاك بەکاری دەبەن.

## جیابوونەوە لەیەکتر

نامۆبوون بابەتێکی سەرەکیە لە بەرهەمەکانی مارکسدا. بەبڕوای مارکس، سەرمایەداری سیستمێکی ئابوورییە کە زیاتر لەسەر بنەمای کێبڕکێ دامەزراوە هەتا هاوکاری، لەسەر پایەی بەشخواردنی خەڵکان تابەشداری کردنیان و ماددیگەری تا خۆشەویستیو ڕێز دامەزراوە. مارکس (1844) ڕاڤەی دەکات کە بەچ شێوەیەك بەبڕوای ئەو، خەڵك لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا لەگەڵ یەکتر پەیوەندی دروست دەکەن: لەشێوەی شت و مەکدا، یان ئەو کاڵایانەی لەبازاڕ دەکڕێن و دەفرۆشرێن، یان موڵك و دارایی، یان میکانیزمێك بۆئامانجێك نەك ئامانج بەخودی خۆ.

زۆرێك لە کۆمەڵناسانیتر نامۆبوونی کۆمەڵایەتی کە ژیانی مۆدێرن هاوشان لەگەڵ خۆی هێناویەتی، پشت ڕاست دەکەنەوە بەڵام سەرمایەداری بەفاکتەری بوونی ئەو بەختەتابار نازانن. ماکس ڤێبەر (181–183: 1904–1905) زۆر لایەنی بیرۆکراسی دەژمێرێت، بەردەوام بیرمان دەخاتەوە کۆمەڵگای بیرۆکراتی کۆمەڵگایەکی غەیر شەخسیە، کۆمەڵگایەکی بێ هەست و سونەت، کۆمەڵگایەك کە لەسەر کارایی و کاریگەری دانان لەسەر ڕێکخراو جەخت دەکاتەوە. هەموومان لە "قەفەسێکی ئاسنی بیرۆکراسی"، بەرنامەڕێژی، چارەسەر کردنی گیروگرفت، هەر



بەوجۆرەی کە دەردەکەون گیرۆدە بووین، بەهۆی ئەمەوە هاوڕێیەتی، بەرپرسیارێتی سۆزداری و نزیك لەیەکتر و، هەستی یەکگرتویی و پەیوەستبوون بە کۆمەڵگایەکی ئیشتراکیمان کردووەتە قوربانی. چارلز کولی (1909)، کۆمەڵناسی ئەمەریکی کە لەسەرەتاکانی سەدەی بیست بەرهەمەکانی خۆی نووسیوەتەوە، بایەخی گروپە یەکەمینەکان (ئەوگروپانەی خاوەنی پەیوەندی سۆزداری نزیکن) بۆ مرۆڤەکان، باس دەکات. کۆمەڵناسانیتر بۆ ئەم واقیعەی کە جیهان بەچەشنێکی بەربڵاو غەیر شەخسی و ڕێکخراوی و تاك گەرا بووە، حەسرەت دەیانگرێت. بێگەردی و دڵسۆزی بەشێوەیەکی بەرچاو و بەربڵاو شوێنی خۆیان بەنامۆبوونی کۆمەڵایەتی دەدەن.

نامۆبوونی کۆمەڵایەتی رەنگە باشتر لەهەمووان لەکارەکانی جۆرج زیمل، کۆمەڵناسی ئەڵمانی کە لەسەردەمی ڤێبەر ودۆرکهایم بووە، باسی لێوە کراوە (ئەم سێ کۆمەڵناسە لەنێوانساڵانی 1918و1920 کۆچی دواییان کردووە) زیمل (1902–1903) ژیانی مۆدێرن بەهاوشێوەی ژیانی بێگانە دەزانێت. ئێمە لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا دەژین کە تیایدا حەزی سەرەکیمان بۆ پێویستیە شەخسیەکانە و پەیوەندیەکانمان لەگەڵ خەڵکدا قوڵیەکی ئەوتۆی نییە. بەلای زۆربەمانەوە، ژیانی شار، دنیای بێگانەکانە و نزیکی و پاك و بێگەردیەك کە پەیوەندی مرۆڤەکانی لەڕابردوودا دیاری دەکرد، لەدەست چووە. دەرەنجامەکەی بۆ خەڵك لە کۆمەڵگای مۆدێرندا تەنهایی و بەختڕەشیە.

تاکگەرایی یەکێکە لە بابەتە دیارەکانی سەدەی ئێمە. کودەتاو شۆڕشەکان لە پێناو ئازاد کردنی تاکەکەس لەکۆت و بەندی دیکتاتۆری، هەستان بەبەرەنگار بوونەوە. فێرکردن بەگشتی، ئێمە تاکگەراتر و کەمتر سوننەتی و کەمتر ئیشتراکی دەکات. شار پەیوەندیەکانمان بەزۆری کۆنترۆڵی شاری بچوك دەپچڕێنێت و ڕەفاو فراوانی و دەرفەتی گەڕانەوە بۆ ماڵ و چێژ بردن لەژیانی بێ زۆرەملێ بۆکردەی دوولایەنە لەگەڵ خەڵك ئامادە دەکات. خوێندکارانی زانکۆ دەتوانن لە ژورەکانیاندا

بمێننەوە و کاتی خۆشیان بەتایپکردن لەسەر کۆمپیوتەرەکان، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەرنە سەر، لەگەڵ کەسانێکدا کە هەرگیز نایانبینن، کردەی دوولایەنە ئەنجام بدەن. تاکگەرایی داوای بەهایەکی کردووە: بۆ زۆرێك لە ئێمە، جودایی رولەزیاد بون لەکەسانیتر، دارمانی خێزان وهاوڕێیەتیە نزیکەکان، سەرنجدان بەخۆ( بێ سەرنجدان بەو کۆمەڵگایی تیایدا دەژین)ی لەگەڵ خۆی هێناوە.هاورێ لەگەڵ غەیر شەخسی بون و کەڵك وەرگرتنی سودخوازانەیەك کە کۆمەڵگا هاندەریەتی، تاکگەرایی هاوکاری نامۆبونی ئێمەی لەیەك داوە.

## نامۆبوون لەکاری مانادار

نامۆبوونی کۆمەڵایەتی لەژیانی مۆدێرندا هاورێ لەگەڵ نامۆبوون لەکار داهێنەرە. هزرەکانی مارکس (1848) لێرەشدا گرنگترە. بەبڕوای ئەو، مرۆڤ بوونەوەرێکی بەچالاك، هەوڵدەر و بەرهەم هێنەرە. بەڵام لەزۆربەی مێژووی مۆدێرنی مرۆڤایەتی، کار بەمانای ڕەنج کێشان بوە بۆ بەرژەوەندی ماددی خاوەن مولڵکان، بۆ کرێیانەی ئەوان خوازیارن بیدەن، بۆ پاداشتی دەرەکی نەك کرێی دەروونی کە لەکاری داهێنانەدا بەدی دەکرێت. ئێمە بۆ خەڵکی کار دەکەین، کاری ئێمەش بریتیە لە ئەنجامی ئەرکێکی بچوك کە سەرەنجام بەرهەمی تەواوکراو بەرهەم دەهێنێت کە ئێمە هەرگیز نای بینین. کار مانای خۆی بۆ مرۆڤەکان لەدەست داوە. ئەمەش بەختڕەشی بۆ ئێمە بەبار هێناوە.

ماکس ڤێبەر (1904–1905) قۆناغی یەکەمین سەرمایەداری کاتێك دەبینێت کە خەڵکی دێنە مەیدان و داهێنانە ڕێکخراوێکی ئابووری دروست دەکەن کە بایەخدارە بەلایانەوە. قۆناغی یەکەمی سەرمایەداری قۆناغی خاوەنکارو بەڕێوەبەری ئابووری و ڕێکخەری کاڵاکان و کارەکان بوو، ڕوداو خوازێکی داهێنەر کە مانای واقیعی کاری دەدۆزیەوە. هەموو ئەو بانگەشانەی لەدەزگای گەورەو مۆدێرنی



بیرۆکراتیدا کە بەناوی کاراییەوە دروست بوون، لەدەست چووە. ئەوکەسەی کردە ئەنجام دەدات ئامێرێکی بچوکە لەئۆتۆمبێلێکی گەورەدا کە مانایەك لەکاردا نابینێتەوەو بەدابین کردنی پیشەیی زیاتر رازی دەبێت تا ئەزموونی پڕگرژی و مەترسی داری کار.

مارکس و ڤێبەر لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسی کارن. ئەوان چەندین پرسیاری بزوێنەر و جولێنەر دەخەنە ڕوو، کە هەموو پەیوەندییان بەشیمانەی کاری مانادارەوە هەیە، دەگەنە ئەو دەرەنجامەی کە ژیانی مۆدێرن شوێنێکە تیایدا مرۆڤەکان بەئاسانی ناتوانن بیدۆزنەوە و پێی بگەن. بەلای زۆربەمانەوە پارە پەیداکردن ئامانجەو بووەتە جێنشینی کاری مانادارو شوێنکەوتنی ژیانێکی رەزامەند لەڕێگەی کارنەکردنەوە نەك لەڕێی کارکردنەوە، بەشێوەیەکی بەربڵاو بووە بە نۆرمێك. ژیان بۆ زۆرێك گۆرەپانێکە بۆ بردنەوە لەیارییەکدا کە ئێمە هەم لەیەکتر و هەم لەکاری مانادار نامۆدەکات.

کاتێك لە وانەی پۆلێکدا دەربارەی بنەمای کار قسەم دەکرد، هەوڵمدا نیشانی بدەم کە بەچ شێوەیەك روانگەکانمان دەربارەی کار لەم سەدەیەدا گۆڕاون. بیرم کەوتەوە کە من لەجیلێکم کارکردن بۆ ژیانێکی نوێ بەگرنگ دەزانێ. ئێمە کارمان دەکرد لەبەرئەوەی باوەڕمان وابوو کارکردن شتێکە تاڕادەیەك وەکو بەرپرسیاریەتیەکی ئەخلاقی خەڵکی پێویستە ئەنجامی بدەن. سەرەنجام لەدەیەی 1960 زۆرێك لە لاوان بە گەڕان بەدوای ئەوەی بەکاری مانادار ناویان دەبرد، سەرقاڵ بون، ئەمەش لەپەیوەندی لەگەڵ سوود گەیاندن بەکەسانی دی یان کۆمەڵگادا بوو. لەدەیەیی 1970 کار بەشێوەی میکانیزمێك بۆ ئامانج دەرکەوت، شێوەیەك بۆ دەست گەشتن بەسەر کەوتنی ماددی، شێوەیەك لە پێناو دەوڵەمەند بوون لە دنیای کارو پیشەدا. من ڕوم کردە قوتابیەك لە پۆلدا و لێمپرسی ڕای دەربارەی کارکردن چییە — ئایا پێی وایە کە کار شتێکی هەیە کە ژیانێکی بەرهەم

هێنەر دەیخوازێت؟ ئایا ئەو دەخوازێت کارێکی مانادراری هەبێت یان کار میکانیزمێکە لەپێناو دەست گەشتن بەسەرکەوتنی ماددیدا؟ ئەو قوتابیە سەیری کردم و وتی "نازانم". من کەمێك زیاتر پێداگریم کردو ئەویش وەڵامی دایەوە، "کارکردن بەکەڵك نایەت !" "کار ڕێگای سەرکەوتن نییە ؟"، "وانییە". "ئایا ناتەوێت دەوڵەمەند بیت؟"، "دیارە دەتەوێت." "ئەی کەوابوو چۆن دەتەوێت کار بکەیت و دەوڵەند بیت ؟" دوا وەڵامی ئەمە بوو : "بردنەوەی یانسیب." بەدبەختانە، ئەگەر کار بەشێك لە ژیانێکی مانادار بێت، ئەو کات ئێمە لەوانەیە بەشێوەیەکی بەرچاو بگۆڕێین بۆکۆمەڵگایەك کە تیایدا کار وەکو شەڕێکی پێویستی لێ بێت و ئێمە دەبێت بۆ ماناو خۆشبەختی خۆمان لە شوێنێکیتردا بگەڕێین. بەلای زۆرێك لە کۆمەڵناسانەوە، لەدەستدان و نەبوونی کاری مانادار یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکی و گرنگەکانی بەختڕەشی لە جیهانی مۆدێرندا و ڕەزامەندیەکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە.

## نامۆبوون لەخودی چالاکی ئێمەدا (*Active self*)

مەبەست لە نامۆبوون بە خود وەکو بوونەوەرێکی چالاك ئەوەیە کە مرۆڤەکان لە پەیوەندی لەگەڵ دنیای خۆیاندا کاریگەری وەرگر دەبن. ئەوان تەسلیم دەبن. ڕێگە دەدەن دەوڵەت بەسەر ئەواندا حوکم بکات، خاوەن کار وکارگەکان ئەوان بەکرێ بگرن و دەریان بکەن. هاوسێکانیان ئازار بدەن، منداڵەکانیان شتانێکیان لەوان بوێت ودەستی بخەن و هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوان بکەنە ئالەتی دەستی خۆیان. ژیانی ئەوان پەیوەست نییە بەخۆیانەوە. بەڵکو لە ڕاستیدا، بەهۆی هێزە ناکەسیەکانەوە کەوا دەردەکەوێت لە دەرەوەی ئیرادەی ئەواندایە دەکەونە جووڵە. کاریگەری وەرگرتن، بەختڕەشی بۆ زۆرکەس دەهێنێت: ئەوان دەبنە قوربانی هەوەسەکانی



کەسانی تر، بەشێوەیەکی کاریگەر توانای چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەیان نییە کە دەردەکەون و ڕەنگە لەهەمووشی گرنگتر ئەوەبێت هەست بکەن لەژیانی تایبەتی خۆیان و لە کۆمەڵگادا بێ هێزن.

کۆمەڵناس چەند جارێك ئەم پرسیارە دەکات: چ شتێك لە ژیانی کۆمەڵایەتیماندا – کۆمەڵگاکەماندا – بوونی هەیە کە کاریگەری وەرگرترن و هەستیاری بێ هێز دەخوڵقێنێت؟ تاڕادەیەك ئەمە بارودۆخێکی واقیعیە. ئێمە خۆمان بەخاوەنی دیموکراسی دەزانین، بەم پێیە، ئاشکرایە کە دەنگێك لە کۆمەڵگایەکی هێندە گەورەو ئاڵۆز و گران، بایەخێکی ئەوتۆی نییە. ئێمە خۆمان بە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری ناو دەبەین، لەگەڵ ئەمەدا، بازاڕ بەئاشکرا بەهۆی کۆمپانیا گەورەکان و تەنانەت هێزی ئابووری غەیر شەخسی گەورەترەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. ئێمە خۆمان بەکۆمەڵگایەك ناو دەبەین کە تاکەکەس بایەخدارە، لەگەڵ ئەوەشدا، وادێتە بەرچاو بارودۆخ بە ئاقارێکدا دەگۆڕیت کە ئێمەی تاکەکانی کۆمەڵگا خوازیاری نین. تەنانەت لەژیانی تایبەتی خۆماندا، ناوەرۆکی کۆمەڵگا هانی بێ هێزی دەدات: هەوڵەکانی دایکان و باوکانمان لە دەرەنجامی هەژمون و کاریگەری گروپی هاوتەمەن(پێر)، تەلەفزیۆن وکولتووری گشتی لاوان لەگەڵ ناکامیدا ڕوبەڕوو دەبێتەوە. هەڵبژاردنی کارو پیشە و شوێنی نیشتەجێ بوون بەهۆی بازاڕ و ڕێژەی قازانجەوە دیاری دەکرێن. دەرفەتەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندن لە زانکۆیەکی بڕواپێکراو لەگەڵ بڕیارەکانی زانکۆ، دیاریکردنی مامۆستایەکی ڕێنیشاندەر، هەڵسەنگاندنەکانی بەرپرسانی زانکۆ کە ئێمە هەرگیز نایان بینین، دیاری دەکرێن. بارودۆخێکی وەکوئەمانە هەستی بێ توانایی دەخوڵقێنێت و هەستێکی لەم شێوەیەش بۆ زۆرێك لە خەڵکی لەکۆمەڵگای مۆدێرندا بەختڕەشی لێدەکەوێتەوە.

## پوختەو دەرەنجام

تێگەیشتنی بەختڕەشی مرۆڤ و هۆکارەکانی سەختە. هۆکاری زۆر هەیە کە هەندێك لەوانە لێرەدا تاوتوێ نەکراون. لەڕاستیدا، دەروونناس، فەیلەسوف و بیریاری مەزهەبی دەربارەی ئەوەی کە بۆچی بەختڕەشی لەجیهاندا بوونی هەیە، قسەی زۆریان پێیە.

لەگەلّ ئەوەشدا، کۆمەڵناس شتێکی زۆر بەهادارمان پێ دەڵێت: فاکتەری بەختڕەشی مرۆڤ تاڕادەیەك، لەسروشتی کۆمەڵگا و ژیانی کۆمەڵایەتیمانەوەیە. تاکەکان بەفاکتەری کۆمەڵایەتی کە دەتوانین دەست نیشانی بکەین زیان بەکەسانیتر دەگەیەنن. تاکەکان لەڕۆژ ڕەشیدا ژیان دەبەنەسەر نەبەهۆی هەڵبژاردنی عەقڵانی ئازادانە کە دەیخەنە کار بەڵکو زیاتر بەهۆی هێزێکی کۆمەڵایەتی کە بەزۆری لەوانە ئاگانین یان هەستی پێ ناکەین. ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە لەمەدا کە ئێمە چیمان بەسەردێت و چی دەبین و ئەوەش کەئایا ژیانی ئێمە ڕازی کەرو بەرهەمهێنەرە دەبێت یان بەڵا ئامێز و وێرانکەر، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە.

پێدەچێت بەسوود بێت کە لەم بەشەدا دەربارەی چوار بنەمای سەرەکی بەختڕەشی مرۆڤ کە خستمانە ڕوو، لەوێنەیەکدا هەموویان کۆبکەینەوە:





ئایا دەتوانین ئەم چواردۆخە کۆمەڵایەتییە بگۆڕین و کاریگەریمان لەسەر بەختەوەشی مرۆڤ هەبێت؟ ئایا بەختەوەشی مرۆیی نەشیاوە بۆ خۆڵێ دورخستنەوە؟ ئایا دەبێ تەواو پێی رازی بین؟ چەندین پرسیاری دژوارە! هەموو فەلسەفە مەزهەبیەکان و هەموو ئەوانەی بەدوای دادپەروەریدا وێڵن هەوڵ دەدەن لێی تێبگەن. شۆڕشەکان بەم پرسانە دەست پێدەکەن و تەنانەت ئەوانەی بە بەختەوەشی کەسانیتر هاوکاری دەکەن بەم شێوە بەڵگە بۆ بێ بەزەیی بونی خۆیان دەهێننەوە: "ئەگەر کار لەم خەڵکە نەکێشینەوە وبەشیان نەخۆین، بێگومان کەسانیتر ئەمکارە دەکەن".

بەختەوەشی مرۆڤ رەنگە نەشیاوبێت بۆ خۆڵێ دورگرتن بەڵام هەرگیز نابێت تائەم ڕادەیە زۆر بێت. هەمیشە دەتوانین کۆمەڵگایەك بە بەختەوەشی کەمتر بخولقێنین، یان دەتوانین کۆمەڵگایەك بەبەختەوەشیەکی زیاترەوە دروست بکەین. بۆ نمونە ئەمڕۆ هەژاری زیاترە لە سالآنی 1960، بەڵام کەمترە لەسالآنی 1805. کار، بەبەراورد بەوەی لە دەرکەوتنی سەندیکا کرێکاریەکان و تەکنەلۆژی مۆدێرن بوونی هەبوو، کەمتر شێوەیەکی کار لێکێشانەوەی هەیە. نەخۆشی و برسیەتی لە ویلایەتە یەك گرتوەکانی ئەمریکا کەمتر لەکۆمەڵگاکانیتر باوە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ کۆمەڵگا زۆر سەرکەوتووترن لەچاو ئێمەدا. بەختەوەشی هەر بوونی دەبێت، بەڵام پرسیارەکە هەمیشە ئەوەیە تاچ ڕادەیەك من (یان کۆمەڵگا) دەتوانین وەری بگرین و پێی رازی بین؟



زانینی ئەم خاڵە گرنگە ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی بەختەوەشی جیهان لە سروشتی خودی کۆمەڵگادا جێگیر کراوە. ئێمە ناتوانین لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بەختەوەشی مرۆڤ پێش بکەوین بێ ئەوەی ئەو نمونە کۆمەڵایەتیانەی کە بەدرێژایی قۆناغێکی دوورو درێژ دروست بوون، بگۆڕێن. ناشتوانین هیچ بکەین بێ ئەوەی هەژاری و نایەکسانی زۆر و شان وشکۆی مرۆڤ بەماددەوە کەم نەکەینەوە. ئێمە ناتوانین ڕووبەڕووی نامۆبوون ببینەوە بێ ئەوەی پرسیاری گرنگ دەربارەی ناوەرۆکی کارو بایەخێك کە بەتاکگەرایی لەم کۆمەڵگادا دەیدەین، نەکەین. هەڵبەت هەندێکمان نامانەوێت کۆمەڵگا بگۆڕین (هەرچی بێت، ئێمە ژیانێکی خۆشمان هەیە)، بەڵام لەم حاڵەتەدا دەبێت ئامادەی رازیبوون بەڕۆژ ڕەشی کەسانی تربین. ئەگەر ئێمە ئەو بارودۆخانەی کە بەرەو بەختەوەشی رامان دەکێشێت، نەگۆڕین، بەختەوەشی بەردەوام دەبێت و تەنانەت لەوانەیە خراپتر بێت. لەڕاستیدا، بەختەوەشی رەنگە سەرەنجام ببێتە هۆکاری گۆڕانێکی زۆر گەورەتر، تەنانەت لەوەش زیاتر کە ئێمە خوازیارین پێی.

مەرگی ترسناکی منالآن لەدەرەنجامی خراپ کەڵك وەرگرتنی دایك و باوك، بەلای زۆربەمانەوە شیاوی رازیبوون نییە. ئایا خۆشەویستی نێوان دایك و باوك و منالێ، سروشتی، خۆبەخۆیی ونەشیاونییە بۆ خۆڵێ دوورگرتن؟ کۆمەڵگاکەمان بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو ڕابردووی تاریکی هاوسەران و منالآنی ئازار چەشتوئاشکرا دەکات، بەزۆری کەسانی زۆر لاو بەر لەوەی دەرفەتێکیان دەستکەوێت تا بەشێوەی گەورەکان بژین، دەمرن. بەڵام دەتوانین ئەم پرسیارە بکەین کە ئەگەر ئەم منالآنە لەو باردۆخە بەسەلامەتی رزگاریان بوایە، دەبوونە چی و چییان بەسەر دەهات؟ هەندێ لەوانە ئەگەری بو بتوانن بەچاکی لەو بارودۆخە بێنەدەر بەڵام ئەو ئەگەرەش هەیە کە بەکۆمەڵایەتیبوونی ئەوان ببێتە هۆی ئەوەی کە وەچەیەکی دی لەتاکەکان بێنەبوون کەستەم لەخەڵك بکەن. ئەوانەی ڕۆژگار ڕەشی بۆ خەڵکی دێنن بەزۆری

خۆیان بارودۆخی نەگبەتباریان پشت سەرناوە و چەشتویانە. ئازاردان و خراپ کەڵك وەرگرتن، ئازاردان و خراپ کەڵك وەرگرتن لەکەسانیتر هاندەدات. ئەوانەی لەدەرەوەی بارودۆخی واقیعین بەئاسانی دەتوانن ئازاردەرو کەسی خراپ بەکارهێنەر، بەخەتابار بزانن، وەك ئەوەی بڵێی ئەو ئازادانە هەڵدەبژێرێت، بەڵام خوێندکارێکی دڵسۆز بەهەستکردن بەفاکتەری بەختڕەشی لەکۆمەڵگادا، پەرێشان دەبێت.

خوێندکاری جدی دەزانێت کۆتایی هێنان بە بەختڕەشی ڕەنگە ئەستەم بێت، بەڵام ئەوە نەزانییە گومان بکەین تەنها بەشکۆی ئێمە و ئارەزووی لەناوچوون، بەختڕەشی بەئاسانی لەناودەچێت. هەروەها خوێندکاری جدی ئەم باوەڕە نەزانانە دەست نیشان دەکات کە ئەو دەستە لەئێمە کە لەبەختڕەشی بەدورین، سەرئەنجام ناچینە ژێر کاریگەری ئەو کەسانەی کەرۆژ ڕەشی شێوازی ژیانی ئەوانە.



# ئایا تاکەکەس گۆڕان دروستدەکات؟

## سەرەتایەك لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی

کاتێك لەزانکۆی (مینسوتا) خوێندکاری ماستەر بووم، شتێکی ئەوتۆم لەبارەی حکومەتو سیاسەتەوە نەدەزانی. دەمزانی لە دیموکراسیەتێکدا ژیان دەبەمە سەر، بەڵام لەگەڕان بەدوای تێگەیشتنی ئەوەدا نەبووم کە بە تەواوی ئەمە بەچ مانایەکە. بەرامبەر کۆمۆنیست بەدگومان بووم بەڵام بەتەواوی نەمدەزانی کۆمۆنیزم چییە. لە چاوەڕوانی ڕۆژێکدا بووم تا ببمە 21 ساڵو بتوانم دەنگ بدەم، ئەگەرچی نەمدەزانی بەچ شێوەیەك دەکرێ ئەم کارە ئاگاییانە (هۆشیارانە) ئەنجام بدەم. کە سەیری رابردووم دەکەم، دەبینم خوێندکارێکی سادە بووم بەڵام لایەنی کەم دەمویست لە سیاسەت بگەم.

ڕۆژێك لە کتێبخانەدا خوێندکارێکی دیکەم بینی کە دەیتوانی دەنگ بدات، بۆیە لێم پرسی ئایا لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا دەنگی داوە. وەڵامەکەی نەخێر بوو. من سەرم سوڕماو دەستمکرد بە پرسیار کردن لێی. ئەو بارودۆخی خۆی بۆ من

ڕوونکردەوە: هیچ گرنگیەکی نییە کەمن دەنگ بدەم یان نا. دەنگێك هیچ جیاوازیەك لەهیچ شتێکدا دروست ناکات. منیش ئەوەم وەبیرهێنایەوە کە ئەگەر هەموومان بەم جۆرە بیرمان بکردایەتەوە، پرۆسە دیموکراسیەکان دەبوونە گاڵتەجاڕ. وەڵامی دایەوە کە ئەو باس لە "هەموو" ناکات، ئەو باس لەخۆی دەکات. دەربارەی کاریگەری خۆی لەسەر کەسانیتری چواردەوری پرسیم: خێزان، هاوڕێیان، خوێندکارانیتر. وەڵامی ئەمەبوو کە ئەوان نازانن دەنگی داوە یان نا، ئەوان ئەگەر بیانەوێت دەتوانن دەنگ بدەن.

لێرەوە لێکۆڵینەوەی من دەبارەی دیموکراسی دەستی پێکرد. لەناو هەموو لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانمدا، یادگاری ئەم پیاوە لەژێرزەمینی کتێبخانەی (والتەر)دا، بەردەوام لەزەینمدایە. منیش بەشێوەیەکی بەرچاو فراوانمکرد: تاکە کەسێك دەتوانێت چ کاریگەرییەکی لەسەر کەسانیتر لە چواردەوریدا هەبێت؟ تاکێك دەتوانێت چ گۆڕانێك لەهەر گروپو ڕێکخراوێکی ڕەسمی، کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵگا دروستبکات؟

ڕوانگەی کۆمەڵناسی زیاتر لەسەر هێزی کۆمەڵگا، هێزە کۆمەڵایەتییەکان، نموونەو شێوە کۆمەڵایەتییەکان جەختدەکاتەوە. جیهانی دەرەوە کە لەسەر ئەنجامدەری کردەی کۆمەڵایەتی کاریگەری دەبێت، ئەو فۆڕمەلە دەکاتو کۆنترۆڵی دەکات. بەڵام ئەم جیهانە بەچ شێوەیەك دەگۆڕێت؟ هەریەکەمان دەربارەی ئەو هێزانە شتێکی بۆ وتن پێیە. ئایا دەنگی من لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیدا بایەخی هەیە؟ ئایا دەنگەکانمان بەشێوەی دەستەجەمعی گرنگترە؟ بەگشتی هەندێ کەس شێوە(فۆرم) بە کۆمەڵگا دەبەخشن.

پەیوەندی واقیعی نێوان تاكو کۆمەڵگا چییە؟ هەڵبەتە کۆمەڵگا ئێمە فۆرمەلە دەکات، بەڵام ئایا ئێمە بەنۆبەی خۆ(بەئۆتۆماتیکی)، کۆمەڵگا فۆرمەلە دەکەین؟ ئایا تاکەکان بەڕاستی کاریگەرییان هەیە؟ بە ئاسانی دەتوانرێت بسەلمێنرێت کە



زیاتر تاکەکان کاریگەرییان لەسەر ئەوکەسانە هەیە کە لەگەڵیاندا کردەی دوولایەنە ئەنجام دەدەن. هەندێکمان کاریگەرییەکی زۆرمان لەسەر شوێنێك یان شتێك دەبێت. هەستکردن بەوەی تاکەکان بەچ شێوەیەك دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ڕێکخراوە ڕەسمیەکان هەبێت، دژوارترە. تێگەشتن لەوەی بەچ شێوەیەك ئەوان ئەگەری هەیە لەسەر کۆمەڵگا کاریگەریان هەبێت، زۆر دژوارترە.

هەڵبەتە لە ئەمریکادا، ئەم باوەڕە لە ئارادایە، کە تاکەکان دەتوانن هەرکارێك کە دەیانەوێت، ئەنجامی بدەن: ئەگەر کەسێك دەیەوێت کاریگەرییەکی لەسەر کەسانیتر، لەسەر کۆمەڵگاو تەنانەت لەسەر جیهان هەبێت، دەتوانێت. هەروەها ئەم باوەڕە لە ئارا و لە برەودایە، کە کۆمەڵگا بەهۆی هەوڵەکانی تاکە کەسەوە دەگۆڕێت. باوەڕبوون بەم شتانە، ئەوانە ناکاتە واقیعی. باوەڕ بوون پێیان لەڕاستیدا دەربڕینی بیروباوەڕێکە کە لە کۆمەڵگادا فێری دەبین. بۆ خەڵك گرنگە باوەڕیان بەوە هەبێت، کە کاریگەرییان هەیە: "من گرنگم. "ژیانی من بایەخی هەیە" "من کاریگەریم لەسەر ژیانی کەسانی تر هەیە." "من دەتوانم فۆرم(شێوە)بە داهاتووی کۆمەڵگا بدەم".

لەم بەشەدا توانای تاك بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا تاووتوێ دەکرێت. بەڵام ئێمە لە ئاستێکی نزم ترەوە دەستپێدەکەینو یەکەمجار لەوە دەڕوانین تاکەکان بەچ شێوەیەك دەتوانن گۆڕان لەم لایەنانەی خوارەوەدا بخولقێنن:

- ژیانی خۆیان.
- ژیانی ئەو کەسانەی لەگەڵیاندا کردەی دوولایەنە(کارلێکی کۆمەڵایەتییان) هەیە.
- ئەو ڕێکخراوە جۆراوجۆرانەی تاکەکەس پێیانەوە پەیوەستە.

ئەوکات لە کۆتاییدا، کۆمەڵگا تاووتوێ دەکەین. هەر بابەتێکیان زۆر ئاڵۆزەو تێدەگەین کە کاریگەری واقیعی تاك کەمترە لەوەی کەگومانی دەکەیت.

## کاریگەری تاك لەسەر ژیانی خۆی

ئەگەر ڕاستە ئێمە ئازادین و کۆنترۆڵمان بەسەر هزرو بەهاو، کردەو لایەنگیریەکانماندا هەیە، لەم کاتەدا هەر بکەرێك (کەسێك) کاریگەری لەسەر ژیانی خۆی دەبێت. من لەسەر ئەوەی ئەنجامی دەدەم کاریگەریم دەبێت. بڕیارێك دەدەم، ئەگەری ئەوەم پێ دەدات ڕێگایەکی دیاریکراو لەپێش بگرم، نەك ڕێگایەکیتر، بەشتێك باوەڕم هەبێت، نەك بەشتێکیتر، بەشێوازی تایبەتی کردەوە بکەم، یان ببمە کەسێکی تایبەت. ئێمە لە بەشی 6 دا باسی ئازادیمان تاوتوێ کرد، بەتایبەت ئەم بانگەشەی کە ئێمە تاڕادەیەك کۆنترۆڵمان بەسەر ژیانی خۆماندا هەیە، واتای ئەوەیە تاڕادەیەك توانامان هەیە لە بەڕێوەبردنی ژیانی خۆماندا جیاوازییەکان دروست بکەین. لەم بەشەدا، دەتوانین بڵێین ئەگەر ئێمە ئازادین، ژیانمان بایەخدارە- ژیانمان بۆخۆمان بایەخدارە. ئێمە لە ژیانی خۆماندا کاریگەری جێدەهێڵین.

بەڵام بەهۆی زۆرێك لە کارتێکەرە کۆمەڵایەتیو فاکتەرانی دیکەوە، کە بەسەرماندا باڵا دەستن، ئەم تواناییە هەمیشەو بە زۆری تاڕادەیەکی زۆر سنوردارە. ئێمە هەمیشە لە زەمینەی کۆمەڵایەتیدا دەژین. شێوە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە بایەخی خۆیان هەیە. ڕۆڵ، چین، کولتوورەو دامەزراوەکان بەردەوام بڕیارو ژیانمان ڕێنومایی دەکەن. کێشەکان هەمیشە لەگەل کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا پێکەوە بەستراون و سەرکەوتنەکانمان پەیوەستن بە چۆنییەتی کۆمەڵگاوە. ڕوانگەی کۆمەڵناسی شوێنێك بۆ ئازادی تاك دەهێڵێتەوە بەڵام نەك بە ڕێژەیەکی زۆر.



بەڵام کاتێك خەڵك دەپرسن ئایا بەڕاستی تاکە کەس کاریگەرییەك لە شوێنێك دادەنێت. دیارە مەبەستیان کاریگەرییە لەسەر کەسانیتر. ئایا کردەوەکانمان لەڕووی کاریگەری لەسەر تاکەکان، گروپەکان، کۆبوونەوەکان، یان کۆمەڵگایەکیتر بایەخیان هەیەو جێی باسن؟ بابەتەکەمان دەگۆڕێت بە بابەتی ***گۆڕانی کۆمەڵایەتی***: ئایا کردەوەکانی من دەتوانێت کاریگەری لەسەر کەسانیتر بەجێبێڵێت ـ ئایا ئەو کردەوانە بۆ کەسێکی تر جگە لەمن گرنگن؟ لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی فراوانتردا، ئایا تاك بەوشێوەی کە هەڵدەبژێرێت، دەتوانێت کاریگەری لەسەر لایەنگیری کۆمەڵگا هەبێت؟ یان ئەوەی کە ئایا گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەراستیدا دەرەنجامی فاکتەری ترە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە کردەکانی تاکەکەسەوە نییە، زیاتریش پەیوەندییان لەگەڵ هێزە دەرەکیەکان لە دەرەوەی کۆنترۆڵی تاکدا هەیە؟

## کاریگەری تاك لەسەر کەسانیتر

یەکەمجار دەتوانین بە ڕوانین لە کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی، هەست بە بایەخی تاك بکەین لەکۆمەڵگادا. ئایا تاکەکان کاریگەرییان لەسەر چۆنییەتی ژیانی کەسانیتر هەیە؟ ئایا تاکەکان کاریگەری لەسەر منداڵان و هاوڕێکانیان دادەنێن؟ ئایا ئەوان دەتوانن لەسەر ژیانی کەسانیتر کە لەدوای هەژاری یان نەخوێندەواری گیرۆدە بوون، کاریگەری دابنێن؟

## مەسەلەی هەڵسەنگاندنی کاریگەری

دەتوانین باسەکە تاڕادەیەك سادە دەست پێبکەین. لە هەموو ئەو کارانەی ئێمە ئەنجامی دەدەین لەگەڵ کەسانێکی تردا ڕوو بەڕوو دەبینەوە کە دوای حەزو تامەزرۆیی جیاواز لە حەزو تامەزرۆیی ئێمە دەکەون، هەروەها تێڕوانینی جیاواز، زور لەپێشی جیاوازو کێشەی جیاوازیان هەیە، ئایا ئەگەر هەوڵبدەین، دەتوانین

کاریگەری لەسەر ئەوان دابنێین؟ وەڵامدانەوە بە پرسیار دەربارەی کاریگەری کردەکارێك(بکەرێك) لەسەر کردەکارێکیتر دژوارە. بۆ نموونە، مامۆستایان بەزۆری دەربارەی کاریگەری‌و هەژموونی خۆیان لەسەر قوتابیان زێدەڕەوی دەکەن: "من پێگە جوگرافیەکانی هەموو نەتەوەکانی ئەفەریقام فێری پۆلەکەم کردووە. بەڕاست ئەوان هیچ دەزانن؟" یان، "ئێستا من کاریگەرییە زیان بەخشەکانی ماددەی هۆشبەرم فێری پۆلەکەم کرد، ئەوان دەزانن ئەگەر موعتاد ببن، خۆیان لەناو دەبەن" بەڵام هەژموونێکی لەم شێوەیە کەمترە لەوەی گومانی لێ دەکرێت.

یەکەم، خەڵك تاڕادەیەك هەمیشە بەشی زۆری ئەو شتەی فێریان دەکرێت، لەبیر دەکەن چونکە سودی نییە بۆیان. بەهەمان شێوە کە هەموو مامۆستایەك دەزانێت، فێرکردن‌و وانە وتنەوە بە خەڵکی گرەنتی ئەوە ناکات کە فێربوونێکی گرنگ روبدات. ئەو شتەی ڕۆژێك دەخوێنرێت، ڕۆژێکی تر لە بیر دەکرێت، ئەو شتەی بۆ تاقیکردنەوە دەخوێنرێت، هەفتەیەك دوای ئەوە لەبیر دەکرێت. ئەو شتەی من لە کتێبێك لە هەفتەیەکدا فێری دەبم، ئیتر بەو مانایە نییە کە هەفتەی داهاتوو لەبیرم دەبێت.

دووەم، لەهەمان کات کەئێمە هەوڵدەدەین کاریگەریمان لەسەر کەسانیتر هەبێت، زۆرێك لە کەسانیتر لەم بوارەدا چالاکن. ڕێژەی کاریگەری هەر تاکێك بەهەموو ئەم کاریگەریانەوە بەندە. کێشەی خێزانی من ڕەنگە بۆمن زۆر بایەخدارتر لەوەبێت کە هەوڵدەدەم لەسەر جوگرافیا فێری ببم. قبوڵکردنم لەلایەن هاوڕێیانمەوە ڕەنگە بۆمن زۆر گرنگتر بێت تا گوێگرتن لە وتار دەربارەی ماددەی هۆشبەر لەلایەن کەسێکەوە کە بە تەواوی نایناسم.

سێیەم، کاریگەری من لەسەر کەسێکیتر ڕەنگە زیاتر نەخوازراو بێت تا خوازراو. من لەوانەیە کاریگەریم هەبێت، بەڵام بە چەشنێك کە تەنانەت ویستی خۆم نەبووبێت، پێدەچێت مامۆستا سەرقاڵی فێرکردنی پێگەی وڵاتان بێت، بەڵام



قووتابی لەهەمان کاتدا فێری ڕقبوونەوە لە جوگرافیا دەبێت. ڕەنگە مامۆستا کاریگەری زیان بەخشی ماددەی هۆشبەر بڵێتەوە، بەڵام ڕەنگە قوتابی ئەوە فێربێت کە گەورەکان ڕیا(ڕوپامایی)کارن، چاوەڕوانی دوور لە واقیعیەتیان هەیەو نابێ متمانەیان پێ بکرێت. هەڵبەت لەوانەیە کاریگەرییەکە نەزانراوو بەشێوەیەکی نەخوازراو ئەرێنی بێت: خوێندکاری پۆلی جوگرافیا ئەگەری هەیە بۆ بینینی وڵاتانی دیکە ببزوێنرێت. خوێندکارێك کە دەربارەی ماددەی هۆشبەر شتێك فێردەبێت لەوانەیە بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوەو ڕووبەڕوی دایك‌و باوکی بێتەوە لەسەر ئالودەبوونیان بەکحول. کاریگەری تاکێك لەسەر ئەویتر، بەو شێوەی کە جێی مەبەستە، بە دژواری بەدیدێت. ئێمە لەوانەیە کاریگەرییەکمان هەبێت، بەڵام ئەم کاریگەرییە زۆر ئاڵۆزەو هەندێجار ئەو شتەیە کەئێمە مەبەستمان نەبووە.

چوارەم، باوەڕبوونی ئەوەی تاك بایەخی هەیەو دەتوانێت لەسەر کەسانیتر کاریگەری جێبهێڵێت دەبێت بە لە بەرچاوگرتنی ئەم بابەتە بێت کە کردەکانمان بە زۆری کاریگەری زیانبەخشیان لەسەر کەسانێك هەیە کە لەگەڵیاندا کردەی دوولایەنە ئەنجام دەدەین، هەر بۆیە ئێمە نابێت گومان بکەین کە هەمیشە بەشێوەیەکی پۆزێتیڤ کاریگەریمان دەبێت. دەستەیەك لە ئێمە کە منالآنمان ئازار دەدەین، بنەماکانی بەختڕەشی دادەڕێژین ـ هەم بۆ منالەکانمان‌و هەم بۆ ئەو کەسانەی منالەکانمان لەگەڵیاندا بەکردەی دوولایەنە ڕادەگەن ـ ئەم بەختڕەشیە لەوانەیە بە درێژایی ژیانی بەردەوام بێت. ئەو دەستەیە لە ئێمە کە منالەکانمان فێر دەکەین بایەخنەدان بە کەسانیترئاساییە، لە کەسانێك کە وەکو ئێمە نین، بێزاربن‌و ئازاریان بدەن‌و داگیریان بکەن وبەشیان بخۆن لەسەر ئەوانیش کاریگەری دادەنێین. ئەو دەستە لەئێمە کە ئازار بە کەسانیتر دەگەیەنن لەوانەیە ببنە هۆی ئازاردانی ڕۆحی‌و ئەمەش لەسەر ژیانی ئەوان کاریگەری دەبێت. لەڕاستیدا، کاتێك کە دەگەڕێمەوە بۆ دواوەو تەماشای ژیانی خۆم دەکەم دەبێت بیر بکەمەوە چەند لە کردەوەکانم ڕەنگە

زیانیان بە کەسانیتر گەیاندبێت، بەڵێ، پێدەچێت لەسەر ئەو قوتابیانەی کە لەقۆناغی ئامادەییدا کەوتوون لەسەر ئەو پیاو و ژنانەی کە بەبێ هۆیەکی پەسەند ڕێزم نەگرتوون کاریگەریم دانابێت.

بەرلەوەی وای دابنێین کە کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی ئەو ئەگەرە بە تاك دەدات کاریگەرییەکی واقیعی لەسەر کەسانی تر هەبێت، ناسینی ئەم خاڵە گرنگە کە کردەی دوولایەنە ـ و بەم پێیە کاریگەرییەکەی ـ دوولایەنەیە. من کردەوە دەکەمو لەوانەیە لە کردەوەکەمدا کاریگەری لەسەر تۆ دابنێم، بەم پێیە، لەهەمان حاڵەتدا تۆ کردەوە دەکەیتو لە کردەوەکەتدا ڕەنگە کاریگەرییەکت لەسەر ژیانی من هەبێت. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەگەر هەریەك لە ئێمە بانگەشەی ئەوە بکەین کە "بەڵێ من کاریگەریم داناوە" پێویستە بزانین کەسێکی تریش ڕەنگە کاریگەری دانابێت. ئێمە باس لە کاریگەری دەکەین، بەگشتی هیچ کەس دەسەڵاتو هەژموونی تەواوی بەسەر کەسی تردا نییە ـ هێز دوو لایەنەیە. پێدەچێت من کاریگەریم لەسەر ژنەکەم هەبووبێت، بەڵام هاوسەرەکەشم کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی من داناوە. لانی کەم ئەوەیە کە هەریەکەمان لەسەر ئەوی تر کاریگەری هەبووە. کوڕەکانی منیش لەسەر ژیانی من کاریگەریان هەبووە، هەندێجار هەڵسەنگاندنی کاریگەری واقیعی ئێمە دژوارە. باوەڕبوون بەوەی کە کاریگەری کۆمەڵایەتی کارێکی یەك لایەنەیە، زێدەڕۆییە دەربارەی بایەخی تاك لە کردەی دوولایەنەدا. کاریگەری بە لێکۆڵینەوەو گفتوگۆ هەڵدەسەنگێنرێتو بەرلەوەی ئێمە هەستی پێ بکەین کە تاچ ڕادەیەك لەسەر کەسانیتر کاریگەریمان هەیە پێویستە کاریگەری ئەوان لەسەر خۆمان لەبەرچاو بگرین.

بۆیە ئەگەری کاریگەرییەکی گرنگ لە ژیانی کەسانی تردا هەیە، بەڵام کردەی دوولایەنە لەگەڵ ئەواندا کاریگەرییەکی ئەوتۆ دەسەبەر ناکات. ئەگەر ئێمە بەڕاستی گرنگی بەم بابەتە دەدەین، کەواتە دەبێت ئەو چەند خاڵەی لێرەدا باسکرا



لەبەرچاوی بگرین: ئەو شتەی خەڵکی لەئێمەوە فێری دەبن بە ئاسانی لەبیر دەکرێت. کاتێك هەوڵدەدەین کاریگەریمان لەسەر خەڵك هەبێت، کەسانێکی تر هەن کە بەلای ئەوانەوە گرنگنو کاریگەرییان لەسەر دادەنێن، کاریگەری من لەوانەیە بێ مەبەستو نەخوازراو بێت، ڕەنگە کاریگەری من بۆ ئەوان زیانی هەبێتو ئەوان پێدەچێت زیاتر لەوەی من کاریگەریم لەسەریان دانابێت کاریگەرییان لەسەر من دانابێت.

زۆربەمان هەرگیز بەڕاستی کاریگەری واقیعی خۆمان لەسەر خەڵك نازانین. ئێمە بە "ئەویتر گرنگ" دەگۆڕێین بۆ ئەوان، لەوانەیە خۆمان تەنانەت ئەمە نەزانین. هەریەك لە ئێمە دەتوانین لەسەر هاوسەرو منداڵەکانمان بەشێوەیەکی پۆزێتیڤ، لەگەڵ چۆنییەتی ڕەفتارمان بەرامبەر بەوانو بە خەڵکی کاریگەریمان هەبێت. مامۆستایان، هاوڕێیان، ئاشنایان، خاوەن کارەکان، ئەستێرەکانی مۆسیقای ڕاك، کەسانی ڕۆحانیو رابەرانی سیاسیی دەتوانن بۆ ئێمە ببنە "ئەویتر گرنگ" ژیانو کردەوەکانیان بۆ ئێمە دەبنە نمونە، هزرو بەهاکانیان دەبن بە هزرو بەهاکانی خۆمان. هەندێ جار ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ کەسێکدا ڕێگای ئێمە لەژیاندا بە تەواوی دەگۆڕێت، ئەوشتەی لەوانەیە لە سەرەتادا بەکاریگەرییەکی بچوك بێتە بەرچاو دەبێتە کاریگەرییەکی گەورە. ئەگەر سەر بوردەی خۆم تاووتوێ بکەم، باوكو دایکێك لێرەدا، مایسترۆیەك لەویادا، مامۆستای وانەی کۆمەڵایەتی خۆم، هاوڕێیەك، مامۆستای ئینگلیزی ساڵی یەکەمی زانکۆم، مامۆستایەکی مێژوو، هاوکارێك کە لەدواناوەندیدا پێکەوە وانەمان دەوتەوە، چەندین قوتابی کە لە پۆلەکانی ناوەندیو زۆری تر کە کاریگەری زۆر پۆزێتیڤیان لەسەر من هەبووە بەبیردێنم کە خۆشیان ڕەنگە تەنانەت لێی بە ئاگانەبن. زۆر کەسانی تریش ـ کاریگەری زۆر گرنگیان لەژیانی مندا هەبووە. تەنانەت هەڵسو کەوتی بە ڕێکەوتی من لەگەڵ فرۆشیاری کتێبدا ژیانمی زۆر گۆڕی. بەبێ ئەو ڕوو بەڕوو بوونەوەیە ڕەنگە من هەرگیز هەوڵم

نەدایە کتێبێك بنوسمو ژیانو لێکۆڵینەوەکانم ئەگەری بو بەئاراستەیەکی تردا برۆنە پێش.

من ئەم کتێبە لەپێناو کاریگەری دانان لەسەر کەسانیتر دەنوسم، من واقیع گەرام. تا چ رادەیەك دەتوانم کاریگەری هەمیشەییم هەبێت. لەبارەی زۆربەی خوێندکارانی زانکۆ _نەهێندەش زیاد ـ هەروەها ئێمە بێگومان دەتوانین دەیان بەڵگە بۆ ئەوان بێنینەوە. دەربارەی ژمارەیەکی کەم، رەنگە من بتوانم کەمێك کاریگەریم لەسەر لایەنگیری ئەوان هەبێت. بۆ ژمارەیەکی تەنانەت کەمتر، رەنگە بتوانم لەسەر ئەوان کاریگەری دابنێنم کە حەزو هۆگریان بۆ فێربوونو بۆ کۆمەڵناسی هەبێت، یان هۆگریان هەبێت بۆ چارەنووسی مرۆڤایەتی کە لە سەراسەری ژیانیان بایەخدار دەمێنێتەوە. بەدبەختانە، من وەکو ئەوەی دەترسم کە کاریگەریی نیگەتیڤی وەك رازینەبوون بەکەسانیتر، لایەنگری کردن لە جیاوازی جنسی، نەژادپەرستین، دژی رۆشنبیر، یان دژی کۆمەڵناسی بوونم دروستکردبێت ـ کاریگەرییەکی نەخوازراو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا واقیعی.

## بواری کۆمەڵایەتی گەورەترو کاریگەری تاك

ئەگەر بەکۆمەڵناسی بسپێرن رۆڵی کۆمەڵگا لە هەرکارێکی مرۆیدا دادەنێت. لێرەدا دووبارە ئێمە هەمان کار دەکەین. پێویستە بزانین کە کاریگەری تاك هەمیشە لە بوارێکی کۆمەڵایەتی گەورەتردا بوونی هەیە. ئەگەری کاریگەری لە رەوتەکانی کۆمەڵایەتی گەورەتردا بەندە بەئەگەری ئەوەی من لەسەر تۆ کاریگەری دابنێم کە بەرادەی من لە ئۆپێرا چێژ وەربگریت، بەندە بەوەوەی ئایا لە کۆمەڵگادا هۆگری بۆ ئۆپێرا بوونی هەیە یان ئەوەتا شوێنەکەی بەمۆسیقای راك پرکراوەتەوە. بەندە بەوەوەی ئایا ئێمە لەدەیەی 1990 دەژین یان لە دەیەی 1890. مامۆستا لەسەر ئەو قوتابیانەی کە هۆگریو ئامادەی فێربوونن کاریگەری دادەنێت. رابەری مەزهەبی



کەسانێك دەگۆرێت کە لە گەران بەدوای گۆرانی مەزهەبدان. رابەری سیاسیی لەسەر کەسانێك کاریگەری دادەنێت کە لەگەڵ فەلسەفەی سیاسیی ئەودا رازین یان هەندێجار کەلە دژی فەلسەفەی سیاسی دایكو باوکیان لەسنور لایانداوە. چارلز مانسۆن (Charles Manson) بەلای هەمووانەوە سەرنج راکێش نەبو، ئەو بۆ کەسانێك سەرنج راکێش بو کە لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت لە قۆناغێکی تایبەت لە مێژووی ئێمەدا دەژیان. لاوێك، لە ئەستێرەی فیلمێك، کە نوێنەری کەلتورێکە کە لاو پێوەی پەیوەستە، کاریگەری وەردەگرێت. تاکێك کە لەسەر کەسێك کاریگەری دادەنێت تا مادەی هۆشبەر بەکار بهێنێت، لە بواری کۆمەڵایەتی سازگار سود وەردەگرێت کە سودوەرگرتن لەمادەی هۆشبەر بە رەفتارێکی شیاوی رازیبوون دادەنێت.

هەر بۆیە کاریگەری کردەکارێك لەسەر ئەویتر رەنگە واقیعی بێت، بەڵام بەزۆری دەربارەی ئەو زێدەرەوی دەکرێتو هەمیشە بواری کۆمەڵایەتی ئاسانی دەکات یان دژوارتری دەکات. هەموومان جارجارە کاریگەری دروستدەکەین. ئەو کاریگەرییە لەوانەیە لەبواری رازیبوون، هۆگری، دڵسۆزیو گەشەکردندا بێت یان رەنگە لە بواری خۆرانەگری، بێزاری و کاولکاریدا بێت. بەگشتی هیچ رێگایەك لە ئارادا نییە بزانین لەسەر چ کەسانێك کاریگەریمان هەبووە یان بەچ هێزێك کاریگەریمان داناوە. بۆزۆربەمان، کاریگەری نێوان تاکەکان بابەتێکی بیروباوەرییەو بروامان پێیەتی.

## تاك لەبەرامبەر رێکخراوی کۆمەڵایەتیدا

کاریگەری دانان لەسەر خۆمان یان لەسەر کەسانیتر شتێکەو کاریگەری دانان لەسەر گروپێك، رێکخراوێکی رەسمی، کۆبوونەوە یان کۆمەڵگا شتێکی ترە. ئەو دژواریانەی کە لەئەنجامی کارێکی زۆر گرنگو هەمیشەیی لە رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی رەسمیدا هەیە، بێنە بەرچاو.

یەکەمین کارکردنی من لەدوای تەواوکردنی خوێندن لەزانکۆ وانە وتنەوەی مێژوو بوو لە قۆناغی ناوەندیو ئامادەبووم تا گۆڕانکاری لە جیهاندا دروستبکەم. لەبیرمە دەمویست یارمەتی هەموو مرۆڤایەتی بدەم. رەنگە وانە بە کەسێك بڵێمەوە ببێتە ڕابەڕێکی گەورە، یان ئەو هزرانە فێر ببم کە تەشەنە بسێنن، رەنگە وەکو مامۆستایەکی نمونەیی بناسرێم کە هەموو بتوانن شتی لێ فێربن. بۆ من ئاشکرا نەبوو بەچ شێوەیەك ئەم کارە دەکەم، بەڵام دەمزانی دەمەوێت نیشانەیەکی پۆزێتیڤ لەسەر کۆمەڵگا بەجێ بهێڵم. ماوەیەك دوای ئەوەی دەستم بەکار کرد، بۆم دەرکەوت بیرۆکەکانم بەرزەفڕانەیە. لانی کەم دەمتوانی کاریگەری لەسەر کۆبوونەوەی(مجتمع داخلی) (سان پولّ) دابنێم. لەدوای ئەوەی یەك دوو مانگ وانەم وتەوە. زانیم کە ئەگەر بمەوێت کاریگەرییم هەبێت پێویستە بچمە قوتابخانەی ناوەندی (هاردینگر). کاتێك هەستم کرد کە چ ژمارەیەکی کەم لە قوتابیان، پۆلەکانی من هەڵدەبژێرن یان دەزانن کە من چ کەسێکم ئارمانەکانم گۆڕا. وەکو زۆربەی مامۆستا ئارمانییەکان سەرەنجام هەستم کرد کەشوناسی راستەقینەم بۆ کاریگەری دانان لەسەر ژیانی خەڵك دەبێت لە کردەی دوولایەنەی هەر ڕۆژێکدا لەگەڵ 150 کەسدا بدۆزمەوە کە هەفتەی پێنج کاتژمێر سەرم لێدەدان. لەگەڵ ئەوەشدا کە لێرەشدا ناتوانم چاوەڕوانی زۆرم هەبێت. من بۆ زۆرێك و بەلای زۆر لەم کەسانەوە کەسێکی گرنگ نەبووم. هەندێك منیان وەکو بەربەستێك لە ژیانی خۆیاندا لەبەرچاو دەگرتو هەندێکیش بە زۆری نەیاندەزانی کە من هەوڵدەدەم وانەی چ شتێك بڵێمەوە. کردەوەکانم لەسەر پۆل سەرەنجام کاریگەری لەسەر چەندین قووتابی دانا، بەڵام دەبێ بڵێم کاریگەری هەمیشەییم تەنها لەسەر چەند کەسێك لەوان هەبوو ئەویش بەزۆری نەك بەو مەبەستەی من دەمویست، من هەرگیز لەسەر کۆمەڵگا یان لەسەر (سن پل) کاریگەریم دانەناوەو خوێندنگەی ناوەندی (هاردینگر) بەجێهێشت بەهەمان شێوە کە چووم، لەکاتێکدا کە کەمترین کاریگەریم لەسەردانا.



بەڕاستی دەمویست کاریگەریم لەسەر ڕێکخراوێك هەبێت، بۆچی نەمتوانی؟ ئەو بەربەستە چی بوو لەم ڕێگەدا؟ بۆچی بۆ تاك ئەوەندە دژوارو ـ رەنگە ئەگەریشی نەبێت_ کە کاریگەرییەکی راستەقینەی لەسەر ڕێکخراوێك هەبێت؟

## تاك رووبەرووی نمونە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوە

دیسان دەگەڕێینەوە بۆسەر نموونە کۆمەڵایەتییەکان. هەر ڕێکخراوێك سەرەنجام شێوازی تایبەت بۆ ئەنجامی کارەکان دروستدەکات. لەڕاستیدا مانای "سیستماتیزە" بوون ئەمەیە. تاکەکان دەزانن خەڵك دەیانەوێت چی بکەنو تێدەگەن ئەوان دەبێ چیبکەن. پێکهاتە، پێگەکان لە ڕێکخراودا دابەشدەکات کە بەگشتی پلەبەندی دەکرێن و ڕۆڵەکان یان نمایشنامەکان کە پەیوەست بەوانەوەن و ئەوەی لەوان چاوەڕوان دەکرێت نیشانی دەدەن. کولتوور فێری هەمووان دەکرێتو کۆمەڵەیەکی هاوبەش لە باوەڕەکانو بەهاو ڕێساکان دەهێنێتە بوون کە کردەکاران لە کردەی دوولایەنەیاندا ڕێنومایی دەکەن. لە کۆمەڵگادا دامەزراوەکان ـ شێوازی کۆن کە تاك ڕێنومایی دەکەن ـ بوونیان هەیە. بۆ نموونە خەڵك لە کۆمەڵگای ئەمەریکادا هاوسەرگیری وەکو دامەزراوەیەك کە زۆربەمان پەیڕەوی لێدەکەین، جێگیریان کردوە. کاتێك ئێمە هاوسەرگیری دەکەین، پلانی گشتی ئەوەی دەبێت ئەنجامی بدەین پێشتر ڕێکخراوە: خوازبێنی کردن، دەستگیرانداری، ڕێوڕەسمی مەزهەبی، پێشوازی لە هاوڕێیانو خزمو کەس و کار، ڕێکەوتن بۆ وەفاداربوونو خۆش ویستنی یەکترو دیاریکڕینو کات تەرخانکردن بۆ یەکترو هتد. هەریەك لە ئێمە لە ژیانی ژنو مێردایەتی نموونەی کۆمەڵایەتی خۆمان بە تێپەڕینی کات دەهێنینە بوون: چ کەسێك چ کارێك ئەنجام دەدەن، ئەو رادەی سەربەخۆییەی هەریەك لە ئێمە هەمانە، دەبێ چەندە پارە خەرج بکەینو لەبەرامبەردا دەبێت چەندە پاشەکەوت بکەین. بە دەرکەوتنی بابەتی نوێ کە لە ژیانی ژنو مێردایەتی، ئێمە

ناچارین ڕێچارەی نوێ پەیدا بکەین کە ئەوانیش بەشێوەی نموونە دەبن. بوون بەخاوەنی منداڵ، گۆڕانی ئیش‌و گواستنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، ئێمە ناچارین ئەوەی ئەنجامی دەدەین بیگۆڕین، بەڵام نموونە کۆنەکان وەلانانێین، بەڵکو لەواندا نوێ کردنەوە ئەنجام دەدەین. ئەم نوێ کردنەوەی باوەڕانە بەشێوەی نموونەی نوێ دەردێن‌و ئێمەش لایەنگریان لێ دەکەین. پەیوەستبوونی نێوانمان لەگەڵ هەستەکانمان بەندە و هەروەها هەموو ئەو نموونە هاوبەشانەی کە دروستمان کردوون. چونکە ئەگەر یەکێك لە ئێمە بڕیار بدات کە ئەم نموونانە واز لێبێنێت یان بۆنموونەیەکی بنچینەیی بیانگۆڕێت، ئەم پەیوەندییە دەشێوێنێت. ئەگەریش یەکێك هەوڵبدات بەبێ ڕەزامەندی ئەم شتانە بگۆڕێت، مەترسی تێکچوونی پەیوەندی ژن‌و مێردایەتی پەرە دەسێنێت.

ئەگەر گۆڕانی نموونە کۆمەڵایەتییەکان لە پەیوەندیەکی ژن‌و مێردایەتیدا تا ئەم رادەیە دژواربێت، گومان بکە لەرێکخراوێکی کۆمەڵایەتی گەورەتردا بۆ نموونە گروپێك لە هاوڕێیان، قوتابخانە، یان کۆمەڵگا، تا چ رادەیەك دژوار ترە. گروپێکی بەردەوام، بۆ نموونە پۆلێکی سی کەسی - زۆر زوو ئەم نموونانە بەدی دەهێنێت، بەزۆری ئەو نموونانەی کە لە جێگەیەکی تردا بۆ ڕێنومایی هەموو ئەم جۆرە پۆلانە دروستبوون یان بە خواستی مامۆستا یان تەنانەت لەڕێگەی کردەی دوولایەنەوە رۆژ بەرۆژ خولقێنراون. هەر تاکێك، لە نموونەی مامۆستا کە هەوڵ دەدات گۆڕانێکی بنەڕەتی لەو نموونانەدا دروستبکات رێکخستنی پۆل‌و سەرکەوتنی دەخاتە مەترسیەوە. تەنانەت خوێندکاران لەمە ئاگادارن‌و هەر ئەوەندەی کە نموونەکان جێگیر بوون، ئەوانیش نەیاری گۆڕانی رێساکان دەکەن. ئیتر ئەم گۆڕانە بەهۆی مامۆستا یان هەر کەسێکی تری تازە هاتوو بۆ ناو پۆل بێت کە بیەوێت ئەوان لەگەڵ پێویستیەکانی خۆی هاوئاهەنگ بکات.



بەبڕوای درۆکهایم، نموونە کۆمەڵایەتییەکان ژیانی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەوانە "لەدەرەوە" لە شوێنێکدا بوونیان هەیە- نەبینراو، واقیعی، دەرەکی بۆ ئێمە، کە لەسەر ئێمە کاریگەری جێ دەهێڵن‌و تەنانەت زاڵیشن بەسەرماندا. بڕوانن کاتێك بڕیار دەدەین کە لە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا دڵخوازانە کاربکەین، کە لەپەیڕەوکردنی شێوازەکانی کار، دەستوور، راستیەکان‌و بەهاکان کە لە مێژە چەسپیون، خۆبپارێزین چ شتێك ڕوو دەدات؟ ئێمە نەك تەنها دەربارەی یاساکان بەڵکو لەسەر زۆرێك لە نموونەکانیتر قسەدەکەین کە لە هەر جوڵەیەکدا ڕێنومایمان دەکەن، لە سڵاوو هەڵس‌و کەوتی دۆستانە لەگەڵ کەسێکدا لە شەقام هەتا ناشتنی مردووەکان. کردەکان نەخۆ بزوێنن و نە رێکەوتیشن. ئەوانە بەگشتی لەونموونانە دوور دەکەونەوە کە لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە کە زەمەنێکە مردوون و نەماون، ڕێکخراون.

کەوابوو، کردەکاری تاك لە بەرامبەر نموونە کۆمەڵایەتییەکاندا چ شانسێکیان هەیە؟ هەریەك لە ئێمە لە واقیعێکی کۆمەڵایەتییدا دەژین کە کەسانیتر خویان پێوە گرتووەو بەگشتی لەوە دەترسن لەدەستی بدەن. هەرچەندە کە ئێمە بارودۆخی خۆمان خۆشنەوێت، لە زۆربەماندا شتێك بوونی هەیە کە ئێمە ناچار دەکات پێکهاتە، کولتوورو ئەو دامەزراوانەی هەمانە، بپارێزین. ئێمە لەوانەیە لەکۆمەڵگا بەو جۆرەی کە هەیە، بێزارو وەڕەس بین، بەڵام ئەمە تەنها دنیایەکە کە ئێمە دەیناسین.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆمەڵگایەکە بە نیزامێکی حکومەتی کە بە درێژایی زیاتر لە دووسەد ساڵ گەشەی سەندووە. ئەم سیستمە شتێکە بەزۆری هەموو ئەو کەسانەی لەناو ئەم پێکهاتەیە جێگیر کراون یا هەڵبژێردراون بەرگری لێدەکەن، و پلانەکەی لە یاسای بنچینەیی ئێمەدا پێشبینی کراوە کە زۆربەمان رێزی لێدەگرین. ئێمە عادەتمان بەشێوەی ئەوکارە کردووە. ئەگەر ئێمە حەزمان پێی نەبێت، چ کەسانێك لەنێوان ئێمەدا دەتوانن بەشێوەیەکی کاریگەر بیگۆڕن؟ ئەگەر

ئێمە لەناو ناخی حکومەتدا کار بکەین، رەنگە ئەم کارە جێگەی رەزامەندی بێت، بەڵام لەوانەیە پێشکەوتنی خۆمان لەو پێکهاتەیەدا بخەینە مەترسیەوە. ئەگەر لە دەرەوەی حکومەتیش کار بکەین رەنگە ئەستەم بێت، بەڵام پێدەچێت ئاسایشی خۆ، سەرکەوتنی کاروپیشە هەندێ جاریش تەنانەت زیانی خۆمان بخەینە مەترسیەوە. ئەم بابەتە لەبارەی زانکۆشەوە دروستە. برۆ بیگۆڕە، نموونەکانی بگۆڕە: بەچ شێوەیەك کاردەکەنو بە چ شێوەیەك پێکهاتووە، چ شتێك لەوێ بە بەهادار دانراوەو باوەڕدەکرێت یان دەستووری سەرەکی چییە. رەنگە ئەم کارە ئەستەم نەبێت، بەڵام زۆر دژوارە.

تاکەکان دەتوانن لە کردەوەی سەرکەوتوانەی ڕێکخراو ـ لە چوارچێوەی نموونە کۆمەڵایەتییەکانیدا ـ کاریگەربن. ئەوان دەتوانن ڕێکخراو لە گەشتن بە ئامانجەکانی یاری بدەن یان بەلەمپەر دانان لەرێگای گەشتن بەو ئامانجانە کاریگەری پێچەوانەییان هەبێت. یاریزانێکی هێڵی هێرشبەری تۆپی پێ دەتوانێت تیپێکی خراپ بێنێتەوە سەرخۆ. سەرۆك کۆمارێکی باش دەتوانێت کۆمەڵگا بە ئاراستەیەکی پۆزێتیڤدا ڕێنومایی بکات. سەرمایەدارێکی لێهاتوو دەتوانێت لە بارودۆخی نالەباری کۆمپانیادا گۆڕانێکی بنەڕەتی ئەنجام بدات. ئەم جۆرە کەسانە دەتوانن کاریگەربن ـ هەندێجار زۆر کاریگەرە. ئەم جۆرە سەرکەوتنەی نموونە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێکخراودا ناگۆڕێت (تاك تەنها کردەکارێکی دیارە لەچوارچێوەی ئەو نموونانەی لەئارادایە). تاك لەپێناو کاریگەری بنەڕەتیو بەرچاو لەسەر نموونە کۆمەڵایەتییەکان ڕووبەڕووی دژواریەکی زیاتر دەبێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، زۆربەی ئەوانەی لەپێناو گۆڕانکاری لە ڕێکخراوێکدا هەوڵدەدەن، لەپێناو هێنانەدی گۆڕانکاریەکی لاوەکی لە چوارچێوەی ئەو نموونە کۆمەڵایەتیانەی کەهەن، هەوڵ دەدەن. ئەم جۆرە گۆڕانە لەوانەیە زۆر گرنگ بێت،



بەڵام گۆڕانی بنەڕەتیو مانادار ناخولڤێنێت. هەندێ کەس کاریگەری بەجێ دەهێڵن، بەڵام هەروەکو کردەکارانی بەرچاو کە لە دەقێکی نووسراو پەیڕەوی دەکەن.

کەوابوو کەسانێکی دیارو تایبەت نموونە کۆمەڵایەتییەکان فۆرمەلە دەکەنو ئاسەوارێکی گەورە دادەنێن. میخایل گۆرباچۆف کەسێکە کەلە پێکهاتەیەکی سیاسیی کە یەکەمین جار لە 1917 دەرکەوت، پێشکەوت. ئەو لەم پێکهاتەیەدا بەرەوپێش چوو چونکە بە نوێنەرو هێمای پێکهاتە، کولتوورو ئەو دامەزراوانە گومان دەکرا کە لە کۆمەڵگای سۆڤیەتدا جێگیر کرابوو. هەروەها سودی لەو نموونە کۆمەڵایەتیانە لەپێناو سەرکەوتن وەرگرت. بەگشتی کاتێك کەسێ بەم جۆرە بەرز دەبێتەوە زیاتر لەجاران لایەنگری نیزامی دەبێت کە ئەگەری ئەم بەرزبوونەوەیەی رەخساندوە، بەڵام گۆرباچۆف جیاوازبوو ـ ئەو کاریگەرییەکی گەورەی لە یەکێتی سۆڤیەتیو لە جیهان دانا ـ بۆیە کاتێك گەشتە ئەو پلەوپایە گەورەیە ئاراستەکەی گۆڕیو دەستیکرد بە ڕەخنەگرتن لەو دامەزراوە سیاسیانەی ڕابەرایەتی دەکردن. ئەو، رەخنەی لە ناوەرۆکی ئابووری گرت کە لەبەرژەوەندی کەسانێکدایە کە لە پێگەی ئەودا بوون. پێویستی ئەو سیستمە نیزامیە گەورەی کە بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگای سۆڤیەتی پێك دەهێنا، بردە ژێر پرسیارەوە. لێرەدا پیاوێك بوو کە بەڕاستی دەیتوانی کاریگەرییەکی گرنگ دابنێت: بەهێز، ڕەخنە گرو ئامادە بۆ خولڤاندنی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە نموونە کۆمەڵایەتییەکاندا. گۆرباچۆف کودەتایەکی نائاسایی بوو، لەو روەوەی کە زیاتر کەسانی کودەتاچی لە دەرەوەی نموونە کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکاندا بوونیان هەیە. ئەو لە ناخی خودی نیزامەکەوە هاتبوو: بەتواناو شارەزابوو، هەموو شتێکی بەچاکی هەڵسەنگاندو کۆمەڵێك چاکسازی گەورەی ئەنجامدا. کاریگەرییەکی گرنگی هەبوو. ئەمەش کارێکی ئاسان یان ئاسایی نەبوو. میراتی ڕابردوو زۆر لەسەر شانی ئەو قورسی دەکرد. ئەو خەڵکەی کە لایەنگری سیستمێك بوون و بە ئاشکرا لە بەرژەوەندیاندابوو، هێرشیان

دەکردە سەری. هەرچەندە کە نیزامی سیاسییو ئابووری نوێ وەڵامدەرەوە نەبوو، بەڵام تەنها شتێك بوو کە زۆرێك لە خەڵك شارەزای بوونو ئاسایی بوو گومانیان هەبێت ئایا سیستمێکی نوێ چاکتر دەبێت. بە ڕواڵەت هەمووشت نەیاری هەر جۆرە کاریگەرییەکی فەردی بوو. ڕەنگە بتوانین بڵێین کاریگەری گۆرباچۆف تەنانەت لەوە زیاتر بوو کە بیری لێ بکرێتەوە. لە دەرەنجامی هەوڵەکانیدا، گۆڕانکاری ڕێگای تایبەتی خۆی بڕیو ڕوداوی زۆر رویدا کە لەسەرەتادا گۆرباچۆف بەنیازی ئەوانە نەبوو. سەرەنجام ئەو خۆشەویستی خۆی لەدەستداو ڕابەرانیتر بەدوای ئەودا دەرکەوتن کە هەرکامیان بێئومێدانە هەوڵیاندەدا لەگەڵ کێشەو گیروگرفتە زۆر دژوارەکاندا دەستو پەنجە نەرم بکەن. هەریەکەیان هەوڵیاندەدا دامەزراوەی نوێ بهێننە بوونو هەریەکەشیان دروست کردنی گۆڕانی لەو دامەزراوانەی کە لە رابردووەوە مابوونەوە، دژوار ـ تەنانەت بە ئەستەم ـ دەهاتە بەرچاو. دیارە مێژوو ئاڵۆزەو سەربوردەی گۆرباچۆف هێشتا بەشێوەیەکی تەواو نەنوسراوەتەوە، بەڵام بەدەر لە چارەنووسی کەسایەتی ئەو، کۆمەڵگای سۆڤیەتیو ئەوروپایی ڕۆژهەڵات هەرگیز ناتوانن بە تەواوی بۆ دامەزراوە شکست خواردوەکانیان بگەڕێنەوە، هەروەها ناوی گۆرباچۆف لە مێژوودا هەروەکو تاکێك کە گاریگەری گرنگی لە جیهاندا بەدیهێنا دەمێنێتەوە. بەبێ ئەو جیهان دەگۆڕا، بەڵام شێوەی گۆڕانەکەیو خێرایی ئەم گۆڕانە، دەرەنجامی هەوڵەکانی ئەوە.

ماکس ڤێبەر گەشتە ئەوەی هەندێ کەس ڕەنگە کاریگەری گرنگیان لەسەر نموونە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت. بەڵام ئەم جۆرە کەسانە بەگشتی لە دەرەوەی سیستمی ڕێگە پێدراودا دەردەکەون. ئەوان لە قارەمانانی کودەتایین کە ژمارەیەکی زۆر لە ناڕازیان لە دەوری خۆ کۆدەکەنەوە. کەسێکی وەکو گۆرباچۆف ـ ئەو پیاوەی کەلە ناوەوەی نیزامدا گەشتە بالاترین پلە ـ پاڵێوراوی بیر لێنەکراوەیە بۆ گۆڕانێکی شۆڕشگێرانە. بزوێنەری تاکەکان بۆ سەرکەوتن هەرچییەك بێت (تەنانەت ئەگەر زۆر



شەرەفمەندانەش بێت) کاتێك دەستیان پێی گەشت، بەرنامەکانیان دەگۆڕێت. کاتێك تاکەکان دەگەنە پلەو پایە بالاکان، ڕاستەوخۆ لەگەڵ مێژوو ونموونە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوبەڕوو دەبنەوەو دەبن بەو شتەی هەرگیز مەبەستیان نەبووە. رازی نەبوون بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو ئەو کۆمەڵە دامەزراوانەی کە بوونەتە هۆی سەرکەوتنی تاکەکان، دژوارە. تەنانەت ڕابەرانی شۆڕش کە گەندەڵەکان سەرنگوم دەکەن بەگشتی خۆیان دەبن بە گەندەڵ بەبێ ئەوەی کە گۆڕانێکی ئەوتۆ لە پێکهاتە، کولتوور، یان دامەزراوەکاندا بهێننە بوون. پێدەچێت ئێمە بەدەنگنەدانمان بە حیزبێك لە سەر تەختی دەسەڵات وەلای نێین، بەڵام با بزانین ئەو حیزبە نوێیەی گەشتۆتە دەسەڵات ناتوانێت ئەو گۆڕانکاریەی بەڵێنی لەسەری داوە و بانگەشەیان بۆ کردووە بخولقێنێت ـ نەك لەبەرئەوەی ئەندامانی ئەو حیزبە درۆزنن، بەڵکو بەو هۆیەوەی کە گۆڕانکاری شۆرشگێرانە لە چوارچێوەی نموونە کۆمەڵایەتییە هەنوکەییەکاندا زۆر دژوارە. ئەمە فاکتەری واقیعی سەرۆکایەتی کلینتۆن یان سەرکەوتنی کۆماری خوازەکان لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرەی دوو ساڵ دوای ئەوە. تاچ رادەیەك تاکە کەس، بە چاوپۆشی لەوەی چ مەبەستێکی هەیە، دەتوانێت ئەو نموونە کۆمەڵایەتیانەی کە ڕەگوڕیشەیان هەیە، بگۆڕێت. پاڵێوراوە سیاسییەکان بەڵێنی گۆڕانکاریو گۆڕان دەدەنو زۆرێکیش بەڕاستی باوەڕ دەکەن کە دەتوانن گۆڕان بخولقێنن، بەڵام تەنها تا ئەوکاتەی کە لەگەڵ هێزی راستەقینەی میراتی رابردووماندا وەکو کۆمەڵگایەك روبەڕوو نەبوونەتەوە، دەتوانن بانگەشەیەکی لەم جۆرە بکەن.

## ڕۆڵی هێزی کۆمەڵایەتی

ئەو شتەی ئێمە زیاتر لەکاتی دیراسەی کاریگەری تاك لەسەر ڕێکخراو، لەبەرچاوی ناگرین توخمی کۆمەڵایەتییە. تەنها ئەگەر تاك توانای کۆمەڵایەتی هەبێت

دەتوانێت ڕێکخراوێك بگۆڕێت. هێز بەمانای توانایی بەدیهێنانی ئیرادەی خود لە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردایە. توانای تاك بە زۆری لە پێگەیەکی بالا لە ڕێکخراوێکدا سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لە راکێشانی تاك و ژمارەی زۆری لایەنگران، سامان، سیلاح، زانیاری، یان توانای هاندان سەرچاوە دەگرێت. باوكو دایك دەسەڵاتی زۆریان بەسەر منداڵاندا هەیەو بۆیە دەتوانن لەسەر لایەنگیری و هزرو بەهاکانیان کاریگەرییان هەبێت. بەهەمان شێوە کەتوخمەکانیتر لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا ڕکابەری دەکەن، هەژموونی باوكو دایك کەم دەکات. ڕابەرانی ڕێکخراوە گەورەکانی بازرگانی دەسەڵاتی زۆریان هەیەو لەپێناو شێوەدان بە سیاسەتەکان لەبەرژەوەندی خۆیاندا بەکاری دێنن. هەندێجار گۆڕانی کۆمەڵگا (پێکهاتەیماڵیات، دەسەڵاتی ڕێژەیی یەکێتیەکان، ڕێژەی "خۆتێهەڵقورتاندنی" دەوڵەت) شیاوی ئاوڕلێدانەوەیە، بەڵام بەزۆری پشتیوانی لە نموونە کۆمەڵایەتییەکانو کارکردن پێیان (دامەزراوەی ئابووری تایبەت، شێوەکانی میرات بردن، سیستمی دادوەری لەسەر بنەمای تواناکانی دان) لەئارایە. سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەسەڵاتی زۆری هەیەو بەم پێیە دەتوانێت کاریگەری زیاتری لە کەسانیتر لەسەر لایەنگیری کۆمەڵگا دابنێت (جگە لەمانە، ئێمە چیمان هەیە مۆڵەتمان پێبدات لەسەر ئەو لایەنانە کاریگەریمان هەبێت؟ دەنگێك؟ هاوکاری مادی بە پلەو پایەیەکی رەسمی؟ ڕۆشتنە بەردەم ماڵەکانو هەوڵدان لەپێناو کۆکردنەوەی دەنگ لە بەرژەوەندی هەڵبژاردنی پالێوراوی خۆمان؟) ڕابەرێکی بەتواناو لێهاتوو لە گروپێکی شۆڕشگێڕیدا کە بەچاکی پڕچەکی کردوەو خاوەنی سەرچاوەی ماڵی پێویستە، لەوانەیە هەژمونو کاریگەری زۆری لەسەر کۆمەڵگا هەبێتو رابەرێکی مەزهەبی لێهاتوو لەوانەیە لەسەر کۆمەڵێك لە بڕواداران یان تەنانەت لەسەر ئاراستەگیری کۆمەڵگا کاریگەری هەبێت. لەگەڵ ئەمەدا، لەپێناو تێگەیشتنی ڕێژەی کاریگەربوون. لەوانەیە زانینی ئەم خاڵە گرنگ بێت کە نەك تەنها خواست پێویستە، بەڵکو خواست



دەبێ لەگەڵ دەسەڵاتدا گرێدرابێت. تەنها بە دەسەڵات دەتوانرێت بەشێوەیەکی کاریگەر روبەڕووی هزرەکان ببیتەوە. ڕەخنەگرتن دەبێت بە دەسەڵات پشتیوانی لێ بکرێت. نموونەی کۆمەڵایەتی نوێ تەنها دەتوانێت لە کەسانێکەوە سەر هەڵبدات کە دەسەڵاتی جێگیر کردنیان هەیە.

دەسەڵات بابەتێکی ئاڵۆزە. یەکەم، کەسانێك کە زۆرترین دەسەڵاتیان هەیە بەگشتی کەسانێکن کە خوازیاری گۆڕانی بنەڕەتی نین لە کۆمەڵگادا. ئەوان لە نموونە کۆمەڵایەتییە بونەکان زیاد لە هەمووان سود وەردەگرن. ئەوان لەڕێگەی ئەو نموونانەوە بەرزبوونەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو نموونانە پشت راست دەکەنەوە. دووەم، دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی کردەکارێك یەك لایەنی هاوکێشەیەکی کۆمەڵایەتییە. دەسەڵات لە هەردوو لایەنەوە بەکاردەهێنرێت. تەنانەت ئەگەر کەسێك خوازیاری گۆڕان بێتو دەسەڵاتی هێنانەدی هەبێت، ئەوکەسانەش کە لەلایەکی ترەوە پشتیوانی لە نموونە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن دەسەڵاتیان هەیەو لە زۆربەی لایەنەکانی هێزدا ئەوان زۆر زیاتر دەسەڵاتیان دەبێت. بەشێك لە هەر ڕێکخراوێك (لە خێزانەوە بگرە تا کۆمەڵگا) چەندین میکانیزمی بۆ روبەڕوبونەوە لەگەڵ ئەوکەسانەدا هەیە کە لەپێناو گۆڕانی ڕێکخراوەکەدا هەوڵدەدەن. توانایی گۆڕانی کۆمەڵگا بەمانای بوونی دەسەڵاتی پێویست بۆ کاریگەری دانان لەسەر ئەو کەسانەیە کە لە کۆمەڵگای ئێستا بەرگری دەکەن.

کەوابوو، گۆڕان بەگشتی نە بەهۆی هەوڵەکانی تاکە کەسێکەوە ڕوودەدات، بەڵکو بەوهۆیەوە روودەدات کە تاکەکان لە پێگەیەکی دەسەڵاتدا پێکەوە چالاکی دەکەنو گۆڕان دەهێننە بوون. ڕابەرێك بەتەنیا ناتوانێت کۆمەڵگا بگۆڕێت، بەم پێیە، ئەو پێویستی بە پێگەیەکی دەسەڵات هەیە کە لەخۆگری کەسانیترە کە ئامادەبن بەهەمان ئاراستە لەپێناو گۆڕاندا هەوڵ بدەن. لەساڵی 1789، کرێکارانو چینی ناوەندی فەرەنسا لە چواردەوری رابەرانی نوێدا یەکیان گرتو ڕژێمی سەلتەنەتییان

سەرنگوم کرد. هەروەها لە دەیەی 1950، ئەمەریکییە بەڕەگەز ئەفەریقییەکان لە باشووری ئەمەریکادا لە چواردەوری (لۆتەر کینگ) کۆبوونەوەو پێکەوە دەستیانکرد بە سەرنگوم کردنی رژێمی جیاوازی نەژادی. کینگ لە رۆڵی رابەرێکدا گرنگ بوو، بەڵام بە تەنیایی لە کۆمەڵگەدا هێزی نەبوو. بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان - ئەو گروپانەی کەمو زۆر ڕێکخراونو ژمارەیەکی زۆرکە دەتوانن بەشێوەیەکی کاریگەر لە چواردەوری ڕابەران بۆ رێپێوان و ناڕەزایی، مانگرتن، رێگرتن ئامادەبکرێنو چالاکانە لەگەڵ هێزی نەیاردا ڕوبەڕووببنەوە - کۆمەڵگا دەگۆڕن. گروپەکانی ناڕەزایی کە ڕێکخراو(منظم) ترن - ئاشتی سەوز، دایکانی نەیار لەگەڵ شۆفێرە مەستەکان، لێبوردنی نێودەولەتی - کۆمەڵگا دەگۆڕن. کەسانی جیاواز لەناو ئەم ڕێکخراوانەدا لەوانەیە لە ئاراستەگیری گۆڕانکاری کاریگەربن. بەڵام تەنها ئەو کەسانەی بۆ نەیاری لەگەڵ نموونە کۆمەڵایەتییەکاندا پێکەوە چالاکی دەکەن، توانای تایبەتی راستەقینەیان بۆ گۆڕانی کۆمەڵگا هەیە. هەر تاکێك سەرچاوەیەکە کە بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری بەکار دەهێنرێت. ئەوان بە تەنهایی کاریگەرییان نییە، بەڵام کاتێك یەکدەگرن دەتوانن کاریگەربن.

سەرکەوتن هەرگیز گرەنتی ناکرێت، هەرچەندە تاك بیەوێت کاریگەربێت، هەرچەند تاك هێزی هەبێتو ئامانجی باڵا بێت. لە دەرەنجامی هەموو هەوڵەکانماندا، چوار شیمانە بوونی هەیە:1- نموونە کۆمەڵایەتییەکان لەوانەیە هێشتا نەگۆڕێن، 2- نموونە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت بگۆڕێن، بەڵام بە ئاراستەیەکی نەخوازراودا بڕۆن (رەنگە بەرەو ئاراستەی ستەمگەرییەکی زیاتردابێت)، 3- نموونە کۆمەڵایەتییەکان ئەگەری هەیە لە کردەوەدا، لە ئاراستەی خوازراودا بگۆڕێن، 4- نموونە کۆمەڵایەتییەکان ئەگەری هەیە کتومت بەشێوەی مەبەست بگۆڕێن. ژمارە 1 زیاتر لە هەموو شیمانەکانی ئەگەری ڕوودانی هەیە، ژمار 4 کەمتر لە هەمووی.



## گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی: روانگەی کۆمەڵناسی

ئەگەر کۆمەڵناسان بەوە رازی بن کە تاکەکەس لەڕاستیدا، هەندێجار لە گۆڕانی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیدا کاریگەرە، بەڵام ئەم کاریگەرییە بەگشتی لاوەکی و بەزۆریش نەخوازراوە، چ روانگەیەکی تریان بۆبابەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەیە؟ ئەگەر تاك لە بنەڕەتەوە فاکتەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی نییە، ئەی چ شتێکە؟ رەنگە باشترین وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە پێڕستکردنو ڕوونکردنەوەی پێنج بنەمای رێنومایی دەستپێبکەین کە زۆربەی کۆمەڵناسان پێی رازین.

## گۆڕانکاری بەشێکی دانەبڕاوی هەموو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانە

یەکەمین بنەما ئەمەیە کە هەر ڕێکخراوێك بەشێوەیەکی سروشتی دەگۆڕێت. لەگەڵ گۆڕانی ئەندازەدا، ڕێکخراو دەگۆڕێت، لەگەڵ کۆنتربوونیدا دەگۆڕێت، لەگەڵ گۆڕانی ژینگەدا، پێویستە ڕێکخراو خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێ. هەر ڕووداوێك لە مێژووی ڕێکخراودا دەبێتە بەشێك لە رابردووی ئەو و دواتر دەتوانێت لەپێناو بڕیاردانەکاندا بەکاربهێنرێت. لەڕاستیدا هەڵەیە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی هەروەکو کۆمەڵەیەکی جێگیر لە نموونە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاوبگرین، کە نیشاندەری جێگیریو نەزمێکی نەگۆڕە. کردەی هەر تاکێك تا ئەندازەیەك کۆمەڵگا دەگۆڕێت. هەڵبەتە هەندێك لە کردەکانو کەسەکانو بڕیارەکان گرنگترن. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کۆمەڵگا لە هەر ساتێك تا ساتێکیتر هەرگیز یەکسان و وەك خۆی نامێنێت، دەبێ چاوەڕوانی گۆڕانکاری بکرێت. هەرچییەك لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا حەزمان لێی بێت - مۆسیقاکەی، فیلمەکانی، نموونە کۆمەڵایەتییەکانی، ڕادەی بەرپرسیاریەتی ئایینی - ناچار دەگۆڕێن. ئەوەی ئەمڕۆ هەیە، سبەینێ لانی کەم کەمێك جیاواز دەبێت.

تەنانەت کۆمەڵگاکان خاوەنی ئاهەنگی گۆڕانن. هەندێ کۆمەڵگا زۆر خێراتر لە کۆمەڵگاکانیتر دەگۆڕێن. پرۆسەی گۆڕان باسێکی دانەبڕاوە لە کۆمەڵگاو یەکێکە لەو نموونە کۆمەڵایەتیانەی کە بوونی هەیە. ڕووداوەکان یان کردەوەکانی تاك لەوانەیە پرۆسەی گۆڕان بۆماوەیەك کەم بکەنەوە یان خێرایی پێ بدەن، بەڵام لەماوەیەکی دورودرێژدا ئەم رادەیە شیاوە بۆ پێشبینی. رێژەی گۆڕانکاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەدەی بیستەمدا، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ رێژەی گۆڕانکاری لە زۆربەی کۆمەڵگاکانیتردا، لە بوارەکانی وەکو شارنشینی بەربڵاو، دەرکەوتنی خزمەتی ئابووری، یەکسانخوازی لەناوخێزانداو جووڵەی جوگرافیایی زۆر زیاد بووە. ئەم باڵانسانە لەدوای جەنگی جیهانی دووەم خێراییەکی بەرچاویان هەبووە. ئەمڕۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان کۆمەڵگایەکە جیاواز لەوەی کە لە ساڵی 1900 هەبوو. هەندێ کۆمەڵگا ـ بۆ نموونە یابان ـ ڕێژەی گۆڕانکاریەکی کۆمەڵایەتی زیاتر، تەنانەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایان هەبووە. رێژەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی وڵاتانیتر وەکو ئێران، هیندستانو چین کەمتر بووە.

گەورەکان بەردەوام بیری منداڵان دەخەنەوە کە "ئەمڕۆ دنیا بەبەراورد لەگەڵ ئەو زەمانەی کە من منداڵ بووم، زۆر جیاوازە" ئێستاش لە چواردەورت بڕوانە. کۆمەڵگایەك دەبینیت دەساڵی تر زۆر جیاواز دەبێت. هەرچییەك تۆ حەزت پێیەتی لەوانەیە لەناو چووبێت. هەرشتێك حەزت لێی نییە، رەنگە باشتر یان خراپتر بووبێت. هەموو شتێك دەگۆڕێت، بەڵام گۆڕان بەگشتی پلەپلەیەو بەگشتی ئەستەمە تاك یان گروپێك بە فاکتەرو کارتێکەری ئەم گۆڕانە بزانرێت.



## گۆڕانکاری زیاتر
## لە ململانێی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت تا کردەوەی تاك

دووەمین بنەمای کۆمەڵناسی ئەمەیە کە گۆڕان، تاڕادەیەك زیاتر لە ململانێی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت تا کردەوەکانی تاك. ڕێکخراو هەرگیز بەوجۆرەی کە لە رواڵەتدا دێتە بەرچاو، ئارامو بێگرفت نییە. هەمیشە ناسازگاری بوونی هەیە، هەمیشە ناڕەزایی بوونی هەیە. کاتێك کە خاوەن پێگەکانی ڕێکخراو ڕازینین بەشتێك و دەڵێن (نەخێر)و ئەوانیتر پێی ڕازین و دەڵێن (بەڵێ)، ئەوکاتە ململانێو گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت. ئەم جۆرە کەسانە بەکەمی خواستی خۆیان پشت گوێ دەخەن، بەڵام چونکە ئەوان لەپێناو ئەوەی دەیانەوێت یان باوەڕیان پێیەتی، بەرەنگاری دەکەن، بە تێپەڕینی کات گۆڕان دروست دەبێت، بەزۆریش بەشێوەیەکە کە تەنانەت خواستی ئەوان نەبووە. بزوتنەوەی مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگای ئەمەریکادا هەرگیز بەئامانجی یەکسانی نەژادی دەستی نەداوەتە کارکردن. لەگەڵ ئەمانەدا، بەهۆی ئەو ململانێیەی کە هێنایە بوون ـ بەرهەڵستیو کێشمەکێشی نێوان بزوتنەوەو کەسانێ کە لە دامەزراوەی جیاوازی نەژادی، کولتووری نەژاد پەرستیو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەژادی نایەکسان پشتیوانییان دەکرد ـ نموونەکان لەسەرخۆ بە ئاراستەیەکدا کە بزوتنەوە لەپێناویدا بەرگری کردن دەیکرد،د گۆڕان، هەرچەندە تاڕادەیەك کە خواستی بزوتنەوەکە بوو. ئەم ململانێیە دەرفەتی فێرکردنی زیاتر، مافی سیاسییو مەدەنی دادپەروەرانەترو یەکسانی زیاتری دەرفەتە ئابوریەکان لە سەرەوەی کۆمەڵگا هێناوەتە بوون. بەم پێیە، لەسەر ڕقو نائومێدی لەنێوان ئەمەریکییە بەڕەگەز ئەفەریقیەکاندا کە هیچ جۆرە دەرفەتێکی راستەقینەی ئابووری یان فێرکردنیان نییە، لەسەر ژمارەیەکی بەرچاوی لاوان، خێزانە تاك سەرپەرشتەکان، گروپە کەمایەتییەکان، وە لەسەر گرفتی جیدی ئالودەبوونی

ماددەی هۆشبەر لەناوچەکانی ناوشاردا کاریگەرییەکی زۆری نەبووە. ئایا بزوتنەوەی مافی مەدەنی سەرکەوتوو بوو؟ بەڵێ (تارادەیەك): کۆمەڵگا بۆ ئەمەریکییە بەرەگەز ئەفەریقیەکانی چینی ناوەڕاست کراوەتر بووە، و سیستمی سیاسیو یاسایی بەبەراورد لەگەڵ کێشەی نەژاد پەرستی هەستیارترە. لەگەڵ ئەوەشدا نەخێر: لەبەرئەوەی یەکسانی گشتگیر نییە، نەژادپەرستی هێشتا بەربڵاوەو بۆ ژمارەیەکی زۆر لە کەسەکان بەهیچ جۆرێك دۆخەکە باشتر نەبووە.

کارل مارکس لەسەر ڕۆڵی ململانێی کۆمەڵایەتی وەکو سەرچاوەی گۆڕانکاری جەخت دەکات. ئەو دەنوسێت مێژوو، بەرەنگاربوونەوەی چینە دژیەكو ناکۆکانە. کۆمەڵگا لە کرێکارانو خاوەنداران پێکهاتووەو بە تێپەڕینی زەمەن دژایەتی نەشیاو بۆ خۆلێدورگرتنی نێوان ئەوان، کۆمەڵگا دەگۆڕێت. بۆ ماوەیەکی درێژ دژایەتی ئاشکرا کۆنترۆڵ دەکرێت ئەوکات لەناکاو گۆڕانێکی گەورە، کۆنە وەلادەنێتو نوێ دەخولقێنێت. کۆمەڵگای نوێ، بە بڕوای مارکس، پێکهاتەیەکە لە کۆنەو نوێ لەلای یەکتر. کەسانێك کە لەپێناو هێشتنەوەی ئەوشتەی هەیانە بەرهەڵستی دەکەنو کەسانێك کە لە خاڵی بەرامبەری ئەواندانو دەبێ لەپێناو مافەکانیاندا بەرهەڵستی بکەن. نوێ، لەنێوان ململانێی کۆمەڵایەتیدا سەرهەڵدەدات. مارکس شۆڕشەکانی بەریتانیاو فەڕەنسا بە نموونەکانی (ململانێی بەکۆمەڵ) کە ئەم جۆرە پێکهاتانەی هێنابوو دەزانێت: ئەوانە نموونەکانی کۆمەڵگایەك بوون کە لە نیزامی دەرەبەگایەتییەوە گوازرانەوە بۆ نیزامی سەرمایەداری. ئەم شۆڕشانە لە ڕاستیدا خاڵی سەرەکی ململانێی کۆمەڵایەتی بوون کەسەدان ساڵ بوونیان هەبوو، کۆمەڵگا نوێکان جیاوازیەکی بەرچاویان لەگەڵ کۆمەڵگاکانی پێشوودا هەبوو، بەڵام تەواو نوێ نەبوون لەبەرئەوەی لە شێوە و ڕەوشتە کۆمەڵایەتیو ئابوریە هەنوکەییەکان لە کۆمەڵگای کۆندا دەرکەوتوون و هاتونەتە بوون.



کۆمەڵناسان، ململانێ زیاتر بەشتێك دەزانن کە شیاو نییە بۆ خۆ لێ دورخستنەوە. تا کاتێك تاکەکان لەگەڵ هزرو بەرژەوەندییە جیاوازەکاندا بوونیان هەیە، ململانێش بوونی دەبێت. تا ئەوکاتەی ململانێش بوونی هەیە، هیچ شتێك بەو چەشنەی کە هەیە وەکو خۆی نامێنێتەوە. هەموو شتێك لە حاڵەتی گۆڕاندایە، هیچ شتێك نەشیاو نییە بۆ خۆلێدورگرتنو هەموو شتێکیش لەبەردەم هەڕەشەی ڕوبەڕووبونەوە و گۆڕانکاریدایە.

ماکس ڤێبەر (1924) وەکو مارکس، گۆڕانکاری بەسەرچاوە لە ململانێ ( لەنێوان ئەوانەی لە نەزمو سوننەت(نەریت) بەرگری دەکەنو ئەوانەی کە لەدژی کاردەکەن )دەزانێت. ئەوانەی دژی نەزمی هەنووکەیی هەڵدەستن شۆرشگێرن ئەوان شوێنکەوتوان کۆدەکەنەوە و هەندێجار بە هەوڵەکانیان سیستمی کۆن سەرنگوم دەکەن، بەڵام ئەم سیستمە هەرگیز بە تەواوی سەرنگوم نابێت، چونکە هەندێ نموونەی کۆمەڵایەتی کۆن یارمەتی فۆرمەلە بوونی نموونە تازەکان دەدەن. بەدوای گۆڕانکاریدا دژایەتی نوێ لەنێوان ئەوانەی لە نموونە نوێکان پشتیوانی دەکەنو ئەوانەی نەیاری ئەوانن، دەردەکەوێت. سەرەنجام نموونە تازەکان تازەیی خۆیان لەدەستدەدەنو دەبن بە سوننەتو رابەرانی کاریزمای نوێ سەرەنجام سەرنجی شوێنکەوتوان رادەکێشن و جارێکیتر دەستدەکەنەوە بە شەڕ. مێژوو، بەرهەڵستیە لە نێوان سوننەتو شۆڕشدا.

کۆمەڵناسان لەجیاتی ئەوەی تەرکیزی خۆیان لەسەر تاك یان گروپێکی ناڕازی بە تەنیا چڕ بکەنەوە، بەگشتی بەوەی لە نێوان خەڵك وەکو سەرچاوەیەکی گۆڕانکاری روو دەدات، تەرکیز دەکەن. تاکەکات بایەخیان هەیە، بەڵام زیاتر لەوە، کردەی دوولایەنەی تاکەکانو گروپەکان لەگەڵ یەکتردایە کە بایەخدارەو دژایەتیەك کە لەو کردە دوولایەنییەدا دروستدەبێت گۆڕانکاری بنەڕەتی دەخولقێنێت.

## ئەگەری گۆڕانکاری

## ئەوکاتە زیاترە کە دۆخ( زروف )ی کۆمەڵایەتی سازگارە

بنەمای سێیەم ئەوەیە کە تاکەکان، گروپەکانو ململانێی کۆمەڵایەتی زیاتر کاتێك ئەگەری هەیە ڕێکخراوێك بگۆڕن کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی سازگار بێت. هیتلەر نموونەی کەسێکە کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر مێژوو بەجێهێشت. ئەو بەشێوەیەکی شیاوی تێبینی نموونە کۆمەڵایەتییەکانی لە ئەڵمانیادا گۆڕی هەتا لەگەڵ دیکتاتۆرێکی تۆتالیتاردا هەڵکەن. هەوڵەکانی ئەو بۆ هێنانەدی باشتر، ئەڵمانیای بە ئاشکرا پەلکێش کردە جەنگی جیهانییەوە، لە ڕێگەی دەسەڵاتو کاریگەری ئەویشەوە ملیۆنەها کەس کوژران. پەنجا ساڵ لەدوای مەرگی هیتلەر ئاسەوارو کاریگەری ئەو هێشتا لە سەرتاسەری جیهاندا هەستی پێدەکرێت. زۆرێکیش لە تاکو گروپەکان هێشتا شەیدای فەلسەفەکەی ئەونو بڕوایان وایە هیتلەر ڕابەرێکی گەورە بووە. زۆرێك لە خەڵکی جیهان ئەو بە هێمای هەرشتێك کە لە بوونی مرۆڤەکاندا ئەهریمەنییەو هەرشتێك بۆ کەسێکی تەواو بەتوانا دەستدەداتو شیاوی دەستکەوتنە، دەناسن. زۆربەمان بەوە رازین کەهیتلەر بە راستی کاریگەری داناوە: بەشێکیان خوازراو و بەشێکی نەخوازراو.

لەگەڵ ئەوەشدا، هیتلەر، تەنها بەم هۆیەوە کە دەیویست جیهان بگۆڕێت سەرکەوتوو نەبوو. ئەو بەشێك بوو لە مێژوو لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك بوو لە ڕابەرانی مێژوو. هیتلەر بەرهەمی کۆمەڵگای ئەڵمانیابو و یەکێك بوو لەو کەسانەی کە فۆرم و شێوەی بە کۆمەڵگای ئەڵمانیا بەخشی. بەبێ بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەبار، ئەو کاریگەرییەی نەدەبو کە لەسەر جیهان داینا بەجێی هێشت.

لێکۆڵەرانی مێژوو هەندێك لە گرنگترین فاکتەرەکانی گەشتنی هیتلەر بە دەسەڵات باسدەکەن: ئەو پەیمانی ئاشتیە بێنرخەی کە جەنگی جیهانی یەکەمی کۆتایی



پێهێنا، قەیرانو دارمانێکی گەورەی ئابووری کە ئابووری ئەڵمانیای وێرانکرد. هیتلەر بەرهەمی نموونە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەکان بوو لە کولتووری ئەڵمانیادا، بۆ بە دەسەڵات گەشتنی خۆی لەم نموونانە سودی وەرگرت: ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی، نیزامی گەری، دەسەڵات خوازی و دژە جوولەکە بون. تاڕادەیەکی زۆر ئەو بەو هۆیەوە گەشتە دەسەڵات و گۆڕانی هێنایەبوون چونکە لەنموونەکانی کولتووری ئەڵمانیا سودی وەرگرتو بەکاری هێنان.

هیتلەر کاریگەری زۆری لەسەر جیهان دانا، چونکە ئەڵمانیا زۆر بیرۆکراتیك بوو، لە رووی زانستیشەوە پێشکەوتوو بوو. هیتلەر توانی لەبنەماو ڕەوتی بیرۆکراتی بۆ رێکخستنی کۆمەڵگا سود وەربگرێت، دانیشتوان کۆنترۆڵ بکات، ئۆتۆمبیلی نیزامی شیاو دروستبکات. هەروەها ملیۆنەها کەس دوربخاتەوە یان زیندانی بکات یان بەشێوەیەکی ڕێکخراو بیانکوژێت. ئەو توانی سود لە کۆمەڵگای زانستی ئەڵمانیا وەربگرێت لەپێناو پەرەپێدانی چەکە جەنگیەکان کە زۆربەیان باشتر بوون لە چەکی دوژمنەکانی.

بەبێ ئەم بارودۆخە کۆمەڵایەتییە، هیتلەر نەدەگەشتە ئەو دەسەڵاتەو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای ئەڵمانیاو جیهان نەدەبوو. ئەم باسە دەربارەی هەر رابەرێکی دەسەڵاتدار لە مێژوودا راستە. تاك کاتێك گۆڕان دروستدەکات کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی گونجاوبێت: لۆتەر، لینین، مائو، روزولت، لینکلین، کینگو گۆرباچۆف کەسانێکن گۆڕانکاریان خولقاند چونکە کۆمەڵگا بۆ ئەوان ئامادەبوو.

هەندێجار هزرەکان کۆمەڵگا دەگۆڕن، بەڵام هزرەکانیش لە بوارێکی کۆمەڵایەتیدا بوونیان هەیە. لەپێناو خولقاندنی هزرە نوێکان تاك دەبێت هزرەکانی خۆی لەسەر بنەمای ئەوەی ناسراوە، بنیات بنێت. هزرە گەورەکان زۆربەی پێکهاتەیەکە لە هزرەکانی کەسانیتر یان پەرچەکردارێکن بەرامبەر بە هزرەکانیتر. نیوتن، گالیلۆ، کۆپەرنیك، داروین، فرۆیدو مارکس، هەموویان بیرمەندانێکن کە گۆڕانکاری گەورەیان

له شێوازی بیرکردنەوەی خەڵك لە کۆمەڵگادا دروستکرد، بەڵام هزرەکانی ئەوان لەسەر بنەمای ئەو هزرانەی پێش ئەوان لە ئارادابووە، بنیات نرابوو. کاریگەری ئەو هزرانە پەیوەستبوو بەو بارودۆخەی لە کۆمەڵگادا کە هانی بڵاوبونەوە و پەرەپێدانی ئەوانی لەکۆمەڵگا دەدا. تەنها "راستی" نییە لە کۆمەڵگادا سەردەکەوێت (راستی ئەکرێ سەرکەوێ یان سەرنەکەوێ) بەڵکو ئەو هزرانە سەر دەکەون کە پشتیوانیان لێدەکرێت: گروپەکان، کۆبوونەوەکان، بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان یان ئەو چینانەی کە ئامادەن باوەڕیان پێ بکەنو کەسانی تریش باوەڕ پێ بکەن. هزرەکانی هەندێ لە کەسەکان گۆڕانێك دەهێننە بوون، بەڵام هەمیشە دۆخێکی کۆمەڵایەتی لەئارادایە کە هاوکاری دیاریکردنی رازیبوون یا رازینەبوونیان دەکات.

جەختکردنەوەی ڤێبەر لەسەر بایەخی دەسەلاتی کاریزماتیك لە مێژوودا ئەم خاڵە پشت راست دەکات. ئەوانەی شۆڕش دروست دەکەن بەزۆری لەقۆناغێکی تایبەت لەمێژوودا ژیان بەسەر دەبەن کە دنیای کۆن بەرەو لەناوچون دەڕوات، کە دامەزراوەکان ئتیر کارایی کاریگەریان نییەو هزرە کۆنەکان چیتر بە شیاوی رازیبوون نایەنە بەرچاو. ئەوان هەڵدەستنە سەرپێ چونکە خەڵکانێکیتر لە جیهانێکدا کە زۆر لێی ناڕازین، چاوەڕوانی ئەوان دەکەن. بە کورتی کەسانی شۆڕشگێر تەنها لە بوارێکی کۆمەڵایەتی گەورەتردا کە بۆ کاریگەری ئەوان لەبارو ئامادەیە کاریگەری دادەنێنو گۆڕان دەخولقێنن. کەسانی شۆڕشگێر هەمیشە بوونیان هەیە، کە بارودۆخ بە چەشنێکە کە خەڵکانێکیتر پێشوازییان لێدەکات. کاتێك ژمارەیەکی کەم لە خەڵك ئامادەیی گوێگرتنی وتەکانی ئەوانیان هەیە، کاریگەرییەکی ئەوتۆ دانانێن.

بەلای کۆمەڵناسەوە، بایەخ نەدان بە کاریگەری تاك لە کۆمەڵگادا هەڵخرێنەرە. کەسانێکی دیار لە ڕاستیدا کاریگەری لەسەر کەسانیتر دادەنێنو نموونە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕن. کاریگەری ئەوان هەندێجار زۆرەو ناتوانرێت لەبەرچاو نەگیرێت و حسابی بۆ نەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە ئەو کەسانە لە



زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی فراوانتردا ببینی کە، 1- یارمەتی دەرکەوتنی ئەوانی داوە، 2- هەژموونو کاریگەری ئەوانی دیار و ئاشکرا کردووە. ئەم خاڵە دەتوانرێت دەربارەی هەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی بخرێتە ڕوو، ئیتر گروپ بێت یان ڕێکخراوی رەسمی یان کۆبوونەوە: کەسانێکی دەستنیشانکراو دەتوانن گۆڕان بخولقێنن، بەڵام ئەوان لەناو زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی فراوانتردا دەتوانن کاریگەربنو گۆڕانکاریەك دروستبکەن.

## گۆڕانکاری زیاتر لە رەوتە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

چوارەمین بنەما کە زیاتر کۆمەڵناسان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە ئەوەی ئێمە بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ناوی دەبەین زیاتر دەرەنجامی ڕەوتە کۆمەڵایەتیی نامەدەنییەکانە کە ئەنجامدەرانی کردەی تاك تاك کۆنترۆڵێکی ئەوتۆیان بەسەریا نییە. ڕەوتی کۆمەڵایەتی گۆڕانێکە کە لە کردەی تاکەکانەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەوڵدەدەن لەگەڵ بارودۆخی هەر رۆژێکیاندا هەڵسو کەوت بکەنو لە ئاراستەیەکی چونییەکدا کردەوە ئەنجام دەدەنو کاریگەرییەکی کەڵەکە بوو لە سەرکۆمەڵگا جێدەهێڵن. هەندێك لە تاکەکان مەبەستی گۆڕانکاری کۆمەڵگایان هەیە، بەڵام کردەکانیان پێکەوە لەراستیدا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری. بۆ نموونە زۆرێك لە تاکەکانی ئەمڕۆ هاوسەرگیری دوادەخەن تا ئەوکاتەی کە دەچنە تەمەنەوە، زۆرێکی تر بڕیاری جیابوونەوە دەدەن، زۆرێکی تریش لەدوای جیابوونەوە دووبارە ژن دەهێننەوە یان شودەکەنەوە. ئەمانە ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکانن، واتە خواستە گشتیەکان کە زۆرێك لەتاکەکان لەکۆمەڵگادا تیایدا بەشدارن، دەرەنجام، کۆمەڵگا دەگۆڕێت، ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان هۆکاری بەدیهاتنی ڕەوتە سەرەکیەکانیترن وەکو پیشەسازی و تاکگەرایی بەربڵاو. رەوتی گشتی گرنگ لە کۆمەڵگای ئێمەی ئەمڕۆدا لەوانەیە لەخۆگری چەندین ڕەوتی گشتی بێت ( زاوزێ،

مردن، کۆچکردن)، شارنشینی، پیشەسازی، بەکارهێنانی زیاتری تەکنەلۆژیو بیرۆکراتیك بوون، بن.

بۆ نموونە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا شۆڕشێك لە تەکنەلۆژی کۆمپیوتەردا ئەزموون دەکات. لەراستیدا، بەرفراوانبوونی تەکنەلۆژیا کارایی زانست لە چارەسەرکردنی بابەتی زیاتر ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی خێرا بۆماوەی سێ سەد یان چوارسەد ساڵێك بووە. کۆمپیوتەرەکان هەموو لایەنەکانی ژیانی ئێمە، لە فێرکردنو گۆشکردن تا مۆسیقا، لە دەستنیشانکردنی نەخۆشیەوە هەتاجەنگ، گۆڕیوە.

ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان پایەدارو خاوەنی چەندین پەیامی گرنگن، ئەو گۆڕانکاریە گشتیانەی کە لەسەر هەموو نموونە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگادا کاریگەری دادەنێن. لەداهاتودا، ئەم جۆرە ڕەوتانە گرنگترین هێزەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتین. ئەوان ڕەوتێکی تاڕادەیەك نەشیاو بۆ گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگا دیاریدەکەن. تاکەکانیش تا کردەوەو هزرەکانیان لەگەڵ ئەم ڕەوتانەدا گونجاوبێت یارمەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەدەن. زۆرێك لە کۆمەڵگا پێدەچێت لەم جۆرە ڕەوتانە بێزاربنو ڕووبەڕوویانببنەوە، بەڵام ئەم ڕەوتانە نەمرنو شیاوی مانەوەن، لەو زەمانەی کەدەستیان پێکردوە، ژیانی تایبەتی خۆیان لەپێش دەگرنو گەڕاندنەوەیان دژوارە.

ڤێبەر (1904 ـ 1905) لەو بڕوایەدایە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی کە ئەو بە "عەقلانیکردنی ژیان" ناو دەبات بەسەر کۆمەڵگای ڕۆژئاوادا باڵا دەستە. ڤێبەر دەنوسێت کە لەسەرتاسەری کۆمەڵگادا پاڵپشتێکی بەرچاو بەسەر "بەراورد"، "کارایی"، "چارەسەرکردنی بابەتەکان"و "کردەوەی ئامانجدار" لە ئارادایە. ئەمە مانای ژیانی مۆدێرنە بەلای ڤێبەرەوە: مرۆڤەکان لەبری سوننەت(نەریت)، بەگەشتن بە ئامانجەکانیان بەها دەدەن ـ واتە ڕێکخرانی باش بە کاراترین شێوە، دروستکردنو فرۆشتنی کاڵاکان بە چەشنێکی هەرچی سودمەنتر، وە بەراورد کردن



کاریگەرترین شێوەی بەدەستهێنانی ئەوشتەیە کە دەیانەوێت. "ئێمە هەمیشە ئەوەمان بەم شێوە ئەنجامداوە" گۆڕاوە بۆ"ئەمە شێوازی ئەنجامدانی وشیارانەیە". سوننەت بەهادار ئەژمار ناکرێت، دەستکەوتنی ئامانجەکانیان گرنگەو بەهادارە. لەراستیدا بەبڕوای ڤێبەر، ئێمە چیدی کەسانێکی بەرپرسیار بە ڕەفتاری بەسراو بە بەهاوە نین. من ئەو شتەی ئەنجامی دەدەم بەهۆی بەرپرسیاریەتی بە بەهاکان (وەکو زانست، چاکی، یەکسانی، خۆشەویستی ئازادی) نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە ڕەفتارم عەقلانی ترین شێوەی دەستگەشتنە بە ئامانجەکانم. ڤێبەر بایەخ بە کەمبوونەوەی سوننەتەکان و بەهاکانو هەستەکان زۆر لەسەرخۆ کە ڕەفتاری مرۆیی هەرچی زیاتر عەقلانیو ژمێریاریانە دەبێت، بەشێوەیەکی دیکۆمێنتی نیشاندەدات. کۆمەڵگا لە زۆر لایەنی جیاوازەوە کارامە دەبێت. ئێمە دەتوانین ملیۆنەها ئامێری تەلەفزیۆن، ملیۆنەها تەن گەنمو ژمارەیەکی زۆر (فێرخوازانی) زانکۆیی دروستبکەین. ئێمە دەتوانین زیاتر لە هەرکاتێك لە مێژووی مرۆڤ لەپێناو تاکەکان چاودێریی تەندروستی دابین بکەینو دەتوانین کەسانێکی زیاتر هانبدەین کە بەبێ هیچ جۆرە پارەدانێکی نەقدی کاڵای زۆرتر بکڕن. ئێمە دەتوانین زیاتر لە هەمیشە وەڵامی بابەتی جۆراوجۆرمان دەستبکەوێت بۆچی کە زانستەکانو بیرکاری بەسەر کۆمەڵگاماندا باڵادەستنو ژیانی خۆمان بەتایبەتی دەبینین، لەبەرئەوەی کە کۆمپیوتەرەکانو بیرۆکراسییەکان دەتوانن ئەوشتەی ئەنجامی دەدەین، کۆنترۆڵ بکەن.

بەبڕوای ڤێبەر ئەمە گرنگترین ڕەوتی مۆدێرنە بوونە. زۆرێك لە کۆمەڵناسان لەگەڵ ئەم ڕوانینەدا هاوڕانو ڕازین. ئەوکاتەی کە ئەم ڕەوتە دەستپێبکات گەڕاندنەوەی بۆ هەرتاکێك دژوارە. پێدەچێت تاکەکان لە کۆمەڵگادا بایەخداربن، بەڵام بەبەراوردکردن لەگەڵ ئەم ڕەوتەدا کاریگەریان زۆر کەمە. بە عەقلانی کردنی ژیان، وەکو زۆربەی ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکانیتر لایەنی پۆزێتیف و نگەتیڤی هەیە. هاوکاری دەرکەوتنی

ژیانێکی باشتردەکات، بەڵام شتێکی گرنگ دەسێنێتەوە، زۆربوونی بەراورد، رەمزو نهێنیو ئەستورە دەهێننە بەردەست. پەرەسەندنی بیرۆکراسی، هەڕەشە لە کار ئافرێنەرانی ورد دەکات. زاڵبوونی زەین لە بایەخی هەست کەمدەکاتەوە. خواست لەپێناو دەستکەوتنی باشترین شێوەی ئەنجامی کار، ڕابردوو دەسڕێتەوە.

چەندین رەوتی تریش شیاوی دەستنیشانکردنن کە هەریەکەیان گرنگو بەرهەمی کاری هەزاران هەزار کەسە کە بەدوای کاروژیانی خۆیانەوەن، هەوڵدەدەن منداڵان گۆشبکەن، بۆ گوزەراندنی ژیان پارەی پێویست بەدەستبهێنن، ئەو شتەی کە دەبێت ئەنجامی بدەن، بەئەنجامی بگەیەنن. هیچ تاکە کەسێك بە تەنیایی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام پێکەوە یارمەتی رەوتەکان دەدەن. ئایا تاکەکەس بەڕاستی لە خولڤاندنی گۆڕانکاریدا کاریگەرە؟ کاتێك لەم رەوتە گشتیانە دەڕوانین، وەڵامدانەوە بە بەڵێ ئاسان نییە.

هەربۆیە تەنانەت لەبەرامبەر نایەکسانی زۆردا، تاکەکان هەندێجار هەڵدەستن‌و لەڕێگەی رووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئەم رەوتانەداو خولڤاندنی رەوتی تایبەتی گۆڕانکارییەك دەهێننە بوون. باشترین نموونە لە قۆناغی ژیانی ئێمەدا رەنگە خومەینی بێت لە ئێران. ئەو رابەرایەتی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیکرد کە (شا)ی سەرنگوم کرد کە لایەنگری بە عەقڵانیکردنی ژیان (لەوانە ئازادی ژنان، خوێندنی نامەزهەبی، پیشەسازیبوون،و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا) بوو. بەرەنگاربوونەوەیەکی شۆڕشگێرانە بەناوی سوننەتەوەو سەربەخۆیی ئێران لە رۆژئاواو گەڕانەوە بۆ بەها مەزهەبیەکان ئەنجام درا. ئەم بزوتنەوەیە هیچ نەبێت لەماوەیەکی کەمدا سەرکەوتوو بوو. ئەم حەرەکەتە ئەو شتەی کە رەوتی کۆمەڵایەتی تاڕادەیەك بە گەڕاندنەوەیەکی نەخوازراو دەهاتە پێشچاو، پێچەوانە کردەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بزوتنەوەیە رەنگە بزوتنەوەیەکی بەرگریکردن بێت. لە داهاتودا عەقڵانیکردنی ژیان لە ئێران لەوانەیە دووبارە دەستپێبکاتەوە.



## نموونە کۆمەڵایەتییەکان جێگیرن

بنەمای کۆتایی کەباسی دەکەین ئەوەیە کە نموونە کۆمەڵایەتییەکان خواستێکی بەهێزیان بۆ جێگیر بون هەیە. بۆ تاوێك بیربکەرەوە کە نموونە کۆمەڵایەتییەکان چییە. تاکەکان کردەی دوولایەنە ئەنجام دەدەن‌و بە تێپەڕینی زەمەن ئەوان چەندین شێوەی ڕێکخراو دەهێننە بوون (بۆ نموونە، رێسا، چاوەڕوانییەکان‌و ڕوانینی هاوبەش). ئەو شێوازە ڕێکخراوانە پلە پلە جێگیر دەبن‌و دەبنە بەشێکی نەشیاو بۆ جیاکردنەوە لە کردەی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی. یەکێك لەم جۆرە نموونانە ئەوەیە کە هەندێ کەس بەتواناتر دەبن لەوانی تر. ئیمتیازاتو ئیعتیباری کۆمەڵایەتی زیاتریان لەوانی تر هەیە. نموونەیەکیتر کە پەیوەندی بەم خاڵەوە هەیە ئەوەیە کە ڕۆڵەکان دروستدەبن، واتە چاوەڕوانیکردن دەربارەی ئەوەی تاکەکان لە پێگەو شوێنە جۆراوجۆرەکانی خۆیاندا دەبێت چۆن هەڵسوکەوت بکەن. هەندێ نموونەی زیاتر وەکو دەستوور لەبەرچاو دەگیرێن - واتە شێوازەکانی کردەوە، چاوەڕوانییە نارەسمیەکان، ئەخلاق، نەریت‌و یاساکان - ئەمانەش لە کردەی دوولایەنەدا بەردەوام پێویست دەکرێن. تاکەکان بەرپرسیارێتی بەهای بنەڕەتی و کۆمەڵێك باوەڕی هاوبەشیان هەیە دەربارەی ناوەرۆکی راستیەکان. ئەوانە چەندین شێوازی تایبەت بۆ هەڵس‌و کەوتکردن لەگەڵ بابەتەکان دروستدەکەن. ئەم جۆرە نموونانە تایبەتمەندی هەموو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانن. هەتاکردەی دوولایەنە درێژترو بەهێزتربێت، ئەم جۆرە نموونانە بایەخدارتر دەبن‌و زیاتر دەمێننەوە.

ئەم جۆرە نموونانە خواستی ڕیشەداربوونیان هەیە. ئێمە هەمیشە بەم شێوەیە کارێکمان ئەنجام داوە. ئێمە هەمیشە بەم شێوەیە بیرمان کردۆتەوە. ئەمانە ئەو دەستوورو رێسایانەن کە ئێمە هەمیشە باوەڕمان پێی بووە. ڕابردوو هەروەکو هزرێك بۆ دروستبوون کاردەکات. جگە لەمەش، ئەو کەسانەی کە لە کۆمەڵگادا

تاڕادەیەك خۆشگوزەرانن لەپێناو بەرگری لەو نموونانەی کە بڕوایان وایە ڕەوایە، پارەو ژیانو کات خەرج دەکەن. لەڕاستیدا زۆربەمان، بە چاوپۆشین لەوەی تاچ ڕادەیەك لە نموونە کۆمەڵایەتییەکان کە ژیانی ئێمە ڕێکدەخەن ڕەخنە بگرین، لە گۆڕان دەترسین، چونکە لەوانەیە گۆڕان هەرەشە لە بوونی خودی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی بکات. ئێمە تاڕادەیەك بەم هۆیەوە ئەوانە واز لێناهێنین چونکە دەترسین ئەگەر ئەم نموونە بنەڕەتیانە بە ڕووبەڕووبونەوە بەدەست بێنین، هەموو شتێك لەدەستبدەین.

تاك دەتوانێت لەسەر کەسانی تر کاریگەری هەبێت. تاك دەتوانێت لەسەر ئامادە کردنی ڕێکخراو ئەگەر لە چوارچێوەی نموونەکانی ئەو ڕێکخراوەدا کار بکات، کاریگەری هەبێت. بەڵام گۆڕانی بنەڕەتی گۆڕان لە نموونە کۆمەڵایەتییەکانی ڕێکخراودا بە ئاسانی بەدەست نایەت. بەگشتیش بە هۆی چەندین فاکتەری دور لەئیرادەی تاك روو دەدات.

## هەندێك لە دواهاتەکان بۆ ژیان

دواین ڕستە کە ڤێبەر وتی ئەمە بوو "حەقیقەت حەقیقەتە" ئەمە بەو مانایە نەبوو کە ئەوکاتی سەرەمەرگ وای دەزانی حەقیقەتی ناسیوە، هەرگیز.. ئەو زیاتر لەوانی تر دەیزانی کە ناسینی حەقیقەت زۆر دژوارە. لە راستیدا لەبری ئەوەی کە هەستی ئەمنییەت لە نەزانی نیشانبدات بەرپرسیاریەتی ئەو لە گەڕان بەدوای حەقیقەتدا نیشان دەدات. ئەو رەنجێکی زۆری لە هزرەکان هەست پێدەکرد.

کۆمەڵگا لە قۆناغێکی درێژدا چەندین هزر دەهێنێتە بوونو ئەم هزرانە ڕەگ دادەکوتن. ئێمە هەندێجار ئەم هزرانە بەکولتوور ناو دەبەین، کە شێوەی بیرکردنەوەی میلەتێکە دەربارەی واقیعیەت. بەخێوکردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بەمانای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێك لە ڕاستییەکانە



کە لە ڕێگەی دامەزراوەی جۆراوجۆرەوە فێرمان دەکرێت. ئەم هزرانە رەنگە راستو دروست نەبن، بەڵام هێشتا بەلای ئێمەوە گرنگن. یەکێك لەم هزرانە ئەمەیە "تاکەکان دەتوانن هەرچیان ویست، ئەنجامی بدەن" ئەم باوەڕە بە ئاشکرا نادروستە، بەڵام بۆ زۆرێك لە تاکەکان یاسایەکی گرنگی بڕواپێکراوە. ئێمە نەك تەنها باوەڕمان وایە کە تاکەکان دەتوانن ئەو شتەی دەیانەوێت ئەنجامی بدەن، بەڵکو ئەوان دەتوانن ئەگەر بیانەوێت کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر خەڵك هەبێت. روانگەمان دەربارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەهۆی کولتوورمانەوە بیرکردنەوەیەکی سادەیە. لە کۆمەڵگای ئێمەدا گرنگیدان بە تاك گرنگترە تا گرنگیدان بەشتێکی وەکو هێزە کۆمەڵایەتییەکان. باوەڕ بەمەی کە تاك فاکتەری گۆڕانکاریە گرنگترە تا ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان کە هیچ تاکێك بە تەنیایی ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات. بۆ من باوەڕدار بوون بەوەی کە من گرنگم، ئەوشتەی دەیکەم بە شێوازی خواستی من لەسەر خەڵك کاریگەری دادەنێت، ئارام بەخشە. لەرووی دادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە، بۆ من گرنگە باوەڕم هەبێت کردەوەکانم کاریگەری دروستدەکەن.

بەڵام ئەمە شتێکە کە کۆمەڵناسی فێرمدەکات. حەقیقەت حەقیقەتەو دەبێت هەوڵبدەم تا ئەو شوێنەی ئەکرێت بەشێوەیەکی بابەتیو ورد تێیبگەم تەنانەت ئەگەر ئارام بەخشیش نەبێت.

ئایا کۆمەڵناسی بەگشتی بەگرنگینەدان کۆتایی دێت. ئایا مرۆڤ ناتوانێت ئومێدی بەبوونی کاریگەری زۆر هەبێت؟ ئایا ناچارین لە دۆخێك کە دەمانەوێت کاریگەربین، دەست بکێشینەوەو خۆ بدەینە دەست دۆخێکی نائومێدانە؟ نەخێر هەگیز وانییە.

کۆمەڵناسی ناچارمان دەکات روانینێکی واقیع بینانەترمان هەبێت بە گۆڕانی کۆمەڵایەتیو کاریگەرییەك کە دەتوانین لەسەر خەڵك هەمانبێت. کۆمەڵناسی یارمەتیمان دەدات بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە کێو لەچ بارودۆخێکدا دەتوانێت کاریگەری هەبێت، بە ڕاڤەکردنی ئەوەی کە بۆچی کاریگەرییەکی لەم شێوەیە

دژواره، ئاگادارمان دەكاتەوە كە كاریگەرییەكان لەوانەیە ئیرادی نەبێت. پێم دەڵێت، من لەوانەیە نەتوانم سیستمی نایەكسانی كۆمەڵگا بگۆڕم، بەڵام لە پەیوەندی خۆمدا دەتوانم لە دژی نەژادپەرستیو نادادپەروەری قسە بكەمو بەشێوەیەكی واقیع بینانە لەسەر ئەو كەسانەی كە ڕاستەوخۆ لە چواردەوری منن، كاریگەریم هەبێت. هەندێجار ئەمە دەتوانێت تەنها یارمەتی هەمیشەیی من بێت. كۆمەڵناسی پێم دەڵێت كە زۆرترین كاریگەری لەسەر ئەو كەسانە دادەنێم كە زۆرترین دەسەڵاتو هەژموونم بەسەریاندا هەیە. بەم پێیە، ئەو شتەی بەرامبەر بەمناڵەكانم ئەنجامی دەدەم لەوانەیە بۆ داهاتوویان بایەخێكی زۆری هەبێت. كۆمەڵناسی پێم دەڵێت كە بۆ كاریگەری دانان لەسەر كۆمەڵگا پێویستە دەسەڵات هەبێت (كە من وەكو تاكێك نیمەو خاوەنی نیم). بۆیە دەبێ هاوكاری ئەو بزوتنەوانە بكەم كە خواستو حەزی من دەردەبڕن و بە بڕوای من دەتوانن كاریگەرییان هەبێت. كۆمەڵناسی پێم دەڵێت دەبێ هەست بەوە بكەم كە گۆرانكاری لەو لایەنەی من دەمەوێت، بە ئاسانی بەدی نایەت. كۆمەڵناسی پێم دەڵێت هەڵنەخەڵەتێم: گۆڕانی واقیعی لە نموونەكانی كۆمەڵگادایە. تەنها بە دەنگدانی كەسێكو وەلابردنیو هێنانی كەسێكی تر مانای گۆڕانكاری نییە. پەسەندكردنی یاسایەك لە سودی شتێك یا لە دژی شتێك شێوەی كاركردنی كۆمەڵگا ناگۆڕێت. كۆمەڵناسی دواجار ئاگادارم دەكات كە گۆڕانكاری بەگشتی بە سودی ئەو كەسانەی كە سەركەوتوو دەبن، نییەو ئەگەر من ئەوەم دەوێت، دەبێ لەگەڵ كەسانێك كە لە نموونە كۆمەڵایەتییە هەنوكەییەكاندا سود وەردەگرن، بەرهەڵستی بكەم. لەڕاستیدا، من دەبێ بگەمە ئەوەی كە ئەگەر خوازیاری گۆڕانو گۆڕانكاریمو لە نموونە هەنوكەییەكان سود وەردەگرم، ناچار دەبم كۆمەڵێك هەڵبژاردنی دژوار ئەنجام بدەم.

كۆمەڵناسی نەك تەنها ناچار بەتەسلیمم ناكات، بەڵكو روانگەیەكی واقیعگەرایانە لەپەیوەندی نێوان تاك، نموونە كۆمەڵایەتییەكانو گۆڕانی كۆمەڵایەتی فێری



مندەكات. ئەو روانگەیە متمانەیەكی زیاتر لە زەمینەی ئەو شتەی لەڕێگەی هەوڵەكانی منەوە دەستدەدات، پێم دەبەخشێت.

## پوختەو دەرەنجام

گۆڕانی كۆمەڵایەتی بابەتێكی دژوارە. ئەگەر راشكاوانە بڵێین، كۆمەڵناسان بەگشتی (سیستم) ئاسانتر وەسفدەكەن.

كردەكار(بكەری كار)ی كۆمەڵایەتی لەناخی هێزە كۆمەڵایەتییەكاندا بوونی هەیە، لەو هێزانەی كە پەیوەندی نزیكیان لەگەڵ ئەودا هەیە تا ئەو هێزانەی كە لە كۆمەڵگادا بەشێوەیەكی گشتی بوونیان هەیە. ناسینی ئەمەی كە لەوانەیە لەسەر كەسانیتر كە لەگەڵیاندا كردەی دوولایەنەیان هەیە، كاریگەری دابنێت زۆر ئاسانە. تێگەیشتن لەمەی كە بە چ شێوەیەك ئەگەری هەیە تاكێك لەسەر كۆمەڵگاو نموونە كۆمەڵایەتییەكانی كاریگەری هەبێت زۆر دژوارە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ كەس ئەگەر لە زەمینەیەكی كۆمەڵایەتی كە سازگارە لەگەڵ ئەم كاریگەرییە، كردە ئەنجام بدەن و ئەگەر پێگەی دەسەڵاتێكی بەهێزیان هەبێت، بێگومان كاریگەرییەكی زۆر بەجێدەهێڵن.

كاتێك كۆمەڵناسان گۆڕانی كۆمەڵایەتی تاوتوێ دەكەن، لە كاریگەری تاكەكەس زیاتر دەڕۆنە پێش. گۆڕانكاری لە هەر ڕێكخراوێكی كۆمەڵایەتیدا ڕوودەداتو بەردەوامو نەشیاوە بۆ خۆلێدورگرتن. گۆڕان لە گروپی ڕێكخراوەكانو دژایەتی كۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێتو بە ڕەوتە كۆمەڵایەتییە گشتیەكان كە لە راستیدا هیچ كەس بەسەریاندا دەسەڵاتی نییە، دیاری دەكرێت.

هەوڵەكانی كۆمەڵناسان بۆ وەسفكردنی ڕۆڵی تاك لە كۆمەڵگادا لە دۆخی گۆڕاندا لەوانەیە بۆ زۆرێك لە تاكەكان جێی ڕەزامەندی نەبێت، بەڵام ئەوانە واقیع بینانەنو بۆ تێگەشتنی خۆمان لە ئاستی بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتیدا بەسودن.

# ئایا كۆمەڵناسی گرنگە؟

## پێویستی تێگەیشتنی رەخنەگرانەی كۆمەڵگا

لە شرۆڤەكردنی كۆتاییدا، رەنگە ئەو قسەیە ڕاستبێت كە دەڵێن نەزانی نیعمەتە[1]. پێدەچێت ئەم قسەیە ڕاستبێت كە تاكەكان دەبێت بەو ئەو ئوستورانەی كە رەنگە لە كردەی دوولایەنە لەگەڵ یەكتردا بەڕێكەوت فێربن، لەحاڵی خۆیاندا بەجێیان بهێڵین. رەنگە ڕاستبێت كە خوێندنی زانستی مرۆیی كە بەهایەكی زانستی راستەوخۆی نییە، بێهودەیە.

### كۆمەڵناسیو خوێندنی زانستی مرۆیی

من باوەڕم بە هیچكام لەو بیروباوەڕانەی سەرەوە نییە، بەڵام زۆر لەبارەیانەوە بیردەكەمەوە. لە ئاستێكی بەكارهێنانی ئاسانتردا دەتوانرێت لە بیركاری، زمانە بیانییەكان، نوسراو، گوتراو، دەروونناسیو ئابووری بەرگری بكرێت. بەڵگە دەخرێتە روو كە "بۆ پێشكەوتن لە ژیان، خوێندكار پێویستی بە زانینی ئەو زانستانەیە". بەڵام بەرگری لە كۆمەڵناسی لەسەر بنەمای سودوەرگرتنی زانستی زۆر دژوارە- هەڵبەتە مەگەر ئەوەی كە مەبەستمان لە سودوەرگرتنی زانستی بیركردنەوە دەربارەی جیهانو تێگەشتنی بێت. ئەگەر خوێندنی زانكۆ دواجار هەوڵێك بێت

---

[1] وەك ئەوەی لەكوردەواریدا دەڵێن:"نازانم راحەتی گیانە"



لەپێناو هاندانی تاكەكان بۆ بیركردنەوەو لێكۆڵینەوەو دیراسەی ژیانی ئەوان بێت، ئەوكات كۆمەڵناسی یەكێك دەبێت لە گرنگترین بەشەكانی زانكۆ.

سەرنجبدە لە ئامانجەكەی: پەیوەستكردنی خوێندكاران بە خوێندنو زانیاری وەرگرتن لەلایەنێك لەژیان بەشێوەیەكی وردو ڕێكخراو كە زۆربەی خەڵك تەنها بەپێی رێكەوتو جارەجارە دەربارەی بیردەكەنەوە. پەیوەستكردنی تاكەكان بە تێگەشتنی ناوەرۆكی كولتووروزانینی ئەوەی كە باوەڕەكانیان دەرەنجامی كولتووریانە. ناچار كردنی تاكەكان بە تێگەیشتنی ئەوەی كە لە كۆمەڵگایەكدا لەدایك بوون، كە مێژوویەكی دوورو درێژی هەیە،و ئەوان لەو كۆمەڵگایەدا چینبەندی(ڕیزبەندی) كراونو چەندین رۆڵیان پێ سپێردراوە، جگە لەوەش كە دواجارپێیان دەوترێت چ كەسێكن و پێگەیان چییەو، بیر لەچی بكەنەوەو بەچ شێوەیەك هەڵسوكەوت بكەن. ناچار كردنی ئەوان بە تێگەیشتنی ئەوەی ئەو دامەزراوانەی ئەوان پەیڕەوی لێدەكەنو بە ئاسایی پێی رازین تەنها شێوەكانی كاركردنی كۆمەڵگا نین ـ چونكە هەمیشە شێوازی جێگرەوەی تر بوونیان هەیە. تێگەیاندنی ئەم مەبەستە لەوان كە ئەو كەسانەی كە بەنەخۆش یان تاوانباریان دەزانن، زۆربەی كات جیاوازە لەگەڵ كەسانیتر. پەیوەستكردنیان بە تێگەیشتنی ئەوەی كە ئەو كەسانەی كە خۆشیان ناوێن یان لەوان بێزارن بە زۆری بەرهەمی بارودۆخێكی كۆمەڵایەتین كە دەبێت بەشێوەیەكی وردترو واقیعیتر تێیان بگەین.

بەكورتی ئەوەی كە، ئامانجی كۆمەڵناسی پەیوەستكردنی تاكەكانە بە دیراسەی واقیعی ژیانو كۆمەڵگاكەیان. ئەم پرۆسەیە ئاسان نییەو هەندێجار نادڵگیرە. من كاتێك چەمكەكانی كۆمەڵناسی دەڵێمەوە لەخۆم دەپرسم، "بۆچی نابێت ئەو خوێندكارانە لەحاڵی خۆیاندا واز لێ بێنم؟" راشكاوانە دەڵێم نازانم چۆن وەڵامی ئەم پرسە بدەمەوە. ئێمە لە كۆمەڵگادا بە كۆمەڵایەتی دەبین. ئایا نابێت بەسادەیی بەو شتانە رازی ببین كە بۆ باوەڕكردنیان بە كۆمەڵایەتی دەبین؟ ئایا ئەگەر خەڵك باوەڕ

به ئەفسانەکان بکەن بۆ کۆمەڵگا باشتر نییە؟ ئایا بۆ خۆشبەختی خەڵك باشتر نییە کە ڕێگە بدەن ئەوانە بمێننەوە؟

زۆربەی کات دەگەڕێمەوە بۆ ئەو شتەی زۆر کەس بانگەشەی بۆ دەکەن و یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیەکانی خوێندنی زانکۆ: واتە "زانستی مرۆیی". لەروانگەی منەوە، زانستە مرۆییەکان پێویستە "ئازادی بەخش"بن. خوێندنی زانکۆ پێویستە ئازادی بەخش بێت، پێویستە یارمەتی تاکبدات لەڕێگەی ناسینی ئەو زیندانەی تیادا دیلە لە بەندی ئەسارەت هەڵبێت. ئێمە پێویستە ئەدەبیات بخوێنین، لەهونەر تێبگەین و زیندەوەرزانیو کۆمەڵناسی بخوێنینەوە تا لەبابەتی ئەو کەسانە تێبگەین کە بەڵگە بۆ رەزامەند بونی کۆمەڵگایی هەنوکەیی دەهێننەوەو بگەینە ئاستێك بتوانین راستیەکان بەشێوەیەکی وردترو شەیدایانەتر ببینین. سەرەنجام، کۆمەڵناسی رەنگە زۆرترین توانای تایبەتی بۆ ئازادیو رەهایی لە دنیای زانستدا هەبێت: لە باشترین حاڵەتدا دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکان رووبەرووی هزرو کردەوەو ژیانیان ببنەوە. ئەوکاتەی کە ئێمە کۆمەڵناسی دەهێنینە ناو ژیانی خۆمانەوە، دەگۆڕێین. ژیان زۆر وردبینانە تاوتوێ دەکرێت. راستی ئەزموون کراوتر و کاتی تر دەبێت.

## کۆمەڵناسیو دیموکراسی

## مانای دیموکراسی

ئازادی، بەو شێوەی کە لەوانەیە بیزانین، لەگەڵ دیموکراسیدا پەیوەندی هەیە. ئەگەرچی دیموکراسی ئایدیایەکە ئەمەریکیەکان بۆخۆیان بانگەشەی دەکەن، بەلاّم بەروونی پێناسەنەکراوە یان بە قووڵی تاوتوێو شرۆڤە نەکراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵناسی دیموکراسی تاوتوێ دەکاتو زۆر پرس کە کەمتر دیراسەکراوە دەربارەی شیمانەی بونی دیموکراسی لەم کۆمەڵگایەدا - یان هەر



کۆمەڵگایەك - دەخاتە روو. بۆ زۆرێك لە خەڵك دیموکراسی تەنها بەمانای "حکومەتی زۆرینە"یەو ئێمە بەزۆری بەشێوەیەکی ڕووکەشی بانگەشە دەکەین کە ئەگەر خەڵك بچن بۆ سندوقی دەنگدان، دیموکراسی هاتۆتەدیو زۆرینە حکومەت دەگرێتە دەستو حوکم دەکات: بەلاّم دیموکراسی تەنها حکومەتی زۆرینە نییەو حکومەتی زۆرینە تەنها بەمانای بوونی سندوقەکانی دەنگدان نییە.

دەستگەشتن بە دیموکراسی زۆر دژوارە. هیچ کۆمەڵگایەك ناتوانێت بە تەواوی دیموکراتی بێت. لەڕاستیدا، هەندێك لە کۆمەڵگاکان لەرووی دیموکراسیەوە زۆر پێشدەکەون. ئێلکسی دوتوکویل زانای کۆمەڵایەتی گەورەی فەرەنسی، کە کتێبی دیموکراسی لەئەمەریکا لەساڵی(1840) نووسی لەپاش ئەوەی لە 1831 سەفەری بۆ زۆربەی بەشەکانی ئەمریکا کرد، گەشتە ئەو باوەڕەی کە لێرەدا دیموکراسی بواری ڕسکاندنی هەیە، دیموکراسیەك کە رەنگە توانای پێشکەوتنێکی زۆری لەداهاتوودا هەبێت. توکویل ئاماژەی بۆ زۆرێك لە کەمووکورتیەکانی ئێمە کرد - گرنگتر لەهەمووی هەبوونی کۆیلە بوو. ئەو لەو باوەڕەدابوو کە ئەشێ ئێمە داهاتوویەکی دیموکراتیترمان لەهەر کۆمەڵگایەکی دی لە جیهاندا هەبێت. ئەوەی توکویل ئەنجامیدا دیراسەی ناوەرۆکی کۆمەڵگای ئێمە بوو - پێکهاتەو کولتوورو دامەزراوەکانمان - ئەوکاتەش نیشاندانی ئەوەی چ تایبەتمەندیەك لە کۆمەڵگای ئێمەدا هاندەری گەشەسەندنی دیموکراسیە. بۆنموونە، ئەو حەزەی ئێمە بۆ پەیوەستبوون بە ئەنجوومەنەکانی خۆبەخشانە کە کاریگەری لەسەر حکومەت دادەنێن، پەیوەندیە بەهێزە ناوچەییەکان و نیازی کەمی ئێمەی بەحکومەتی ناوەندی هەست پێکرد. ئەگەر چی لەو زەمانەوەی کە توکویل کتێبەکەی خۆی نوسی هەتا ئەمڕۆ گۆڕانکاری زۆر روویداوە، بەلاّم بایەخی کارە نەمرەکەی ئەو ئەمەبوو کە بیری خستینەوە کە دەستگەشتن بە دیموکراسی زۆر زۆر دژوارە، کە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بواری بۆ دەرەخسێنێت و نمونە دیاریکراوەکان

هاوکاری مانەوە و سەقامگیر بونی دەدەن. هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کەلەدەستدانیشی زۆر ئاسانە.

پێناسەی دیموکراسی دژوارە. کاتێك هەوڵدەدەم پێناسەی بکەم، ئاسایی دەگەمە پێڕستکردنی چوار تایبەتمەندی. ئەم تایبەتمەندیانە سەرلەبەری کۆمەڵگا وەسفدەکەن نەك تەنها حکومەت لەو کۆمەڵگایەدا. ئەگەر چی هەمووان قبوڵی ناکەن کە ئەمانە تایبەتمەندی سەرەکی دیموکراسیبن، من پێموایە بۆ دەستپێکردنی پێناسەی دیموکراسی گونجاون.

1. *کۆمەڵگای دیموکراسی کۆمەڵگایەکە تاك تیایدا هەم لەبیرکردنەوەو هەم لە کردەوەدا ئازادە.* خەڵك کۆنترۆڵیان بەسەر ژیانی خۆیاندا هەیە. بەڕێژەیەك کە کۆمەڵگایەك ئازادی هاندەدات دەتوانین بە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی ناوبەرین.
2. *کۆمەڵگای دیموکراسی کۆمەڵگایەکە تیادا* حکومەت *بەشێوەیەکی کاریگەر سنوردارە.* کەسانێك کە حکومەت بەڕێوەدەبەن هەمووکارێك کە خۆیان خوازیارین پێی، ئەنجامی نادەن. دەنگدان، یاسا، ڕێکخراوەکان سنوردار دەکەن. بەڕادەیەك کە حکومەت بەکردەوە سنوردار بێت، ئێمە ئەو حکومەتە بە کۆمەڵگایەکی دیموکراتی ناوبینێین.
3. *کۆمەڵگای دیموکراسی کۆمەڵگایەکە تیایدا جیاوازیە مرۆییەکان دەبنە جێی ڕێزو پشتیوانیکردن.* سازانێکی گشتی لە ئارادایە بە چاوپۆشین لەوەی زۆرینە چییاندەوێت، مافێکی دیاریکراوو تایبەت بۆ تاكو کەمایەتییەکان کە جیاوازن لە زۆرینە، دەپارێزێتو دەبێت. جۆراوجۆری(فرەیی) جێی ڕێزەو تەنانەت پشتیوانی لێدەکرێت. بەڕادەیەك کە جۆراوجۆریو فەردیەت لە کۆمەڵگایەك جێی ڕێزو پشتیوانی بێت ئێمە بە دیموکراتی ناوی دەنێین.



4. *کۆمەڵگای دیموکراسی کۆمەڵگایەکە تیایدا هەموو خەڵك دەرفەتێکی یەکسانیان بۆ ژیانێکی باشدەبێت*، واتە ئیمتیازاتەکان بۆماوەیی نییە، خەڵکی لەبەرامبەر یاسادا، لە بواری دەرفەتەکانی خوێندن، لە دەرفەت بۆ سەرکەوتنی ماددیو لە هەرشتێکدا کە لە کۆمەڵگادا بە گرنگ دەزانرێت لە یەکسانیدا بەشیان هەیە. بەڕادەیەك کە یەکسانی واقیعی دەرفەتەکان بوونیان هەبێت، ئێمە ئەوکۆمەڵگایە بە دیموکراسی دەزانین.

ئەم چوار تایبەتمەندییە کە پێناسەی دیموکراسی پێك دەهێنن (کەلێرەدا ئاماژەمان پێداوە) دەبێت وەسفی ئەزموونیو کاتی بن. پێویستە خەڵکیش دەربارەی بایەخی ڕێژەییان گفتوگۆ بکەن. هەندێك تایبەتمەندیتر بە گرنگتر دەزاننو هەندێك تەنها یەکێك یان دووان لەم تایبەتمەندیانە بەپێویست دادەنێن. من لێرەدا تەنها هەوڵدەدەم چوار تایبەتمەندی دەست نیشان بکەم کە ئەم تایبەتمەندیانە بەلای منەوە ماناداربو لە نرخاندنەکانی من لەوەی کە ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو کۆمەڵگاکانی دی دیموکراسین یان نا، ڕێنیشاندەری من بوون.

بۆیە ئەگەر ئەم تایبەتمەندیانە نیشاندەری واقیعی مانای دیموکراسیبن ئێستا دەبێ دەرکەوتبێت کە پرسیارو هزرەکانی هەموو ئەم کتێبە ـ کە بۆ ڕوانگەی کۆمەڵناسیانە گرنگن ـ هەم لەگەڵ کۆمەڵگای دیموکراسیو هەم لەگەڵ هەوڵدان بە ئاراستەی بەدەست هێنانی، لە پەیوەندیدان. لەوێوە کە کۆمەڵناسی بە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی، پێکهاتە، کولتوور، دامەزراوەکان، سیستمی کۆمەڵایەتی، چینی کۆمەڵایەتی، هێزی کۆمەڵایەتی، ململانێی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵایەتی کردنو گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕادەگات، دەبێت بەردەوام چەندین بابەت کە پەیوەندییان بە تێگەیشتنی کۆمەڵگای دیموکراسیەوە هەیە، تاوتوێ بکات. لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە کۆمەڵناسی خەڵكو کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ڕەخنەگریانە تاووتوێ دەکات، هاندەری جۆرە بیرکردنەوەیەکە کەبۆ ئەو خەڵکەی کەلە کۆمەڵگایەکی

دیموکراسیدا دەژینو لەپێناو کۆمەڵگایەکی لەم جۆرەدا هەوڵدەدەن، پێویستە. ئەگەر جارێکیتر لەو پرسیارو هزرانەی کە لەم کتێبەدا هاتوون بڕوانین، بابەتی کۆمەڵناسی بەشێوەیەکی دیار دەردەکەوێت. بەتەواوی دەتوانرێت بەڵگە بخرێتە ڕوو کە کۆمەڵناسی دیراسەی مەسەلەکانی پەیوەندیدارە بە تێگەیشتنی کۆمەڵگای دیموکراسیەوە.

## کۆمەڵناسی: تێڕوانینی تێگەیشتنی کۆمەڵگای دیموکراسی

ئەم کتێبە هەوڵێکە لەپێناو نیشاندان و خستنەڕووی ئەوەی چۆن کۆمەڵناسان بە دە پرسیار کە بۆ خوێندنی زانستی مرۆیی بەسودن ڕووبەڕوو دەبنەوە. کۆمەڵناسی، لەگەڵ هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە نەتەنها مرۆڤ لە کۆمەڵگادا، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا ناوەرۆك و شیمانەکانی دیموکراسی دیراسە دەکات.

بەشی دوو باسی لە ناوەرۆکی مرۆڤ و ڕۆڵی بەکۆمەڵایەتی بوونو کولتوور لە فۆرمەلەبوونی مرۆڤەکان کردو تاووتوێی کرد. پرسیارکردن دەربارەی ناوەرۆکی مرۆڤ بەمانای پرسیارکردنی هاوکاتە دەربارەی ئەگەری کۆمەڵگای دیموکراتی. کۆمەڵگایەك کە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك تایبەتمەندی دامەزراوە کە بەزۆری لە کۆمەڵگادا ئاسایی نین. واتە ڕێز بۆ جیاوازیە کەسیەکان، گونجاندن، خەمو نیگەرانی دەربارەی نایەکسانیو نەبوونی ئازادی. ئاراستەی کۆمەڵزانی هیچ جۆرە تایبەتمەندییەکی نەگۆڕو جێگیر بۆ مرۆڤ پێویست ناکات، بەڵکو خواستی بەهێزی بۆ بینینی مرۆڤەکان لە چوارچێوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا هەیە کە ئەم بارودۆخە دەبێتە مایەی فۆرمەلەبوونی زۆرێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەوان. کۆمەڵگا خواستی بە بەرهەمهێنانی کەسانی جۆراوجۆرو تایبەتو بارودۆخی کۆمەڵایەتی تایبەتی هەیە کە بەهایەك یان بەهایەکیتر، کۆمەڵێك بنەمای ئەخلاقی یان کۆمەڵەیەکی تر، شێوەیەکی ئەنجامدانی کارەکان یان شێوەیەکیتر، هاندەدەن. سازگاری، دەسەڵات بەسەر



مرۆڤدا، زۆرداریو دواخستنی بەرژەوەندی خۆویستانە دەتوانرێت هان بدرێت، بەڵام بەهەمان شێوە دەتوانرێت لە ئازادی، ڕێزگرتن لە مافی خەڵك، حکومەتی سنوردار بەیەکسانی پشتیوانی بکرێت. شیمانەکان و سنوردارییەکانی مرۆڤێك کە دەتوانێت بەشێوەی دیموکراتی ژیان بباتە سەر، بەشێك لە لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسیە کە لەڕێگەی پرسەکانی کۆمەڵناسی دەربارەی کولتوور، بەکۆمەڵایەتیبوونو سروشتی مرۆڤ فۆرمەلە دەبێت.

ئەوانەی دەربارەی کۆمەڵگا بیردەکەنەوە پێویستە بەشێوەیەکی نەشیاو بۆ خۆ لێدورگرتن بابەتی گرنگی سیستمی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگرن: تا چ ڕادەیەك ئازادیو تا چ ئەندازەیەك دەتوانین ڕێگە بەفەردیەت بدەینو کۆمەڵگاش بپارێزین (بەشەکانی 3 ـ 6)؟ ئەو کەسانەی کە لایەنگری ئازادی زیاترن هەندێجار لەخۆ دەپرسن بەڕاست بەچ شێوەیەك ئازادی مانادار لە کۆمەڵگایەکدا دەتوانێت بوونی هەبێت؟ مادەم کۆمەڵگا بوونی هەیە، تا چ ڕادەیەك دەتوانین هانبدەین بێ ئەوەی کە سیستمی کۆمەڵگا بەرەو شێواندن بەرین؟ ئایا سنورەکان بوونیان هەیە؟ ئەگەر وایە، چۆن دەتوانین بیاندۆزینەوە؟ ئەگەر کۆمەڵگای دیموکراتی بوونی هەیە، بەهای بوون بەخاوەنی کۆمەڵگایەکی لەم جۆرە چییە؟ ئەوانەی کە لە بێنەزمیو داڕمانی کۆمەڵگا دەترسن رەنگە بپرسن: تاچ ڕادەیەك تاك قەرزاری کۆمەڵگایە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە زۆر دژوارە، بەڵام هەموو ئەوانە لەبەشی خوێندنی کۆمەڵناسی تاووتوێ دەکرێنو خوێندکاری تامەزرۆ پەیوەستدەکەن بە گەڕان بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەنێوان نەزمو ئازادیدا. بەزۆری تاکەکان ئازادیەکی زۆر داوا دەکەن بە چەشنێك وادەرناکەوێت کە بایەخ بە بەردەوام بوونی کۆمەڵگا بدەن. کۆمەڵناس ئەم مەسەلانە دیراسە دەکاتو دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێندکار بەردەوام دەربارەی ئەم مەسەلانە کە بەشێوەیەکی سروشتی لە هەموو کۆمەڵگایەکدا بوونی هەیە بەتایبەت ئەو کۆمەڵگایانەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن

بەشێك لە نەریتی دیموکراتین، بیربکەنەوە. ئەمیل دۆرکایم بیرمان دەخاتەوە کە ئازادی بەبێ کۆمەڵگا ناتوانێت بوونی هەبێت، چونکە رێکەوتنی بنەڕەتی دەربارەی یاساکان دەبێت لەپێشتر بێت لەسەپاندنی ئازادی. بەڵام بابەتەکە ئەمەیە: چ ژمارەیەك لە یاساکان؟ چ رادەیەك لە ئازادی؟ هیچ پرسێکی گرنگیتر لەمە بۆ ئەو کەسانەی کە لایەنگری دیموکراسین، بوونیان نییەو هیچ پرسێك بۆ بەشی کۆمەڵناسی لەمەگرنگتر نییە.

پرسیار دەربارەی سیستمی کۆمەڵایەتی، هەروەکو ئەوەی ئێمە بە پرسەکان دەربارەی ئەوەی کە چ شتێك نەتەوەیەكو کۆمەڵگایەك پێك دەهێنێت رێنومایی دەکرێت (بەشی 3). پێدەچێت لە سەرەتادا وابێتە بەرچاو کە ئەم مەسەلانە پەیوەندیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ دیموکراسیدا نییە، بەڵام بەردەوام پەیوەندیان هەیە. بۆ ئەوکەسانەی کە بانگەشەکاری دیموکراسین ئاسانە کە لایەنگری حکومەتی زۆرینە بن، بەڵام بۆ هەرنەتەوەیەك دژوارترە کە چەندین دامەزراوە دروستبکات کە رێز لەمافی هەموو کۆمەڵگا لەناو سنورەکانیدا بگرێت. نەتەوە یەکەیەکی سیاسیە کە لەسەر یەك ـ یا چەند کۆمەڵگا حاکمیەتی هەیە. ئەگەر دیموکراتی بێت، لەوکاتەدا بەسەر ئەم کۆمەڵگایانەدا حکومەت ناکات، بەڵکو بەپێداویستیەکانو مافی ئەوان، لە نوێنەرایەتی سیاسی راستەقینە تا ژیانی ئابرومەندانە، وەڵام دەداتەوە. ئەگەر دیموکراتی بێت، پرسێك کە نەتەوە لەگەڵیدا رووبەرووی دەبێتەوە ئەمەنییە کە "چۆن دەتوانین بەو کۆمەڵگایە فۆرم بدەین کە وەکو کۆمەڵگا باڵادەست بێت؟" بەڵکو ئەمەیە کە "چۆن دەتوانین سیستمێك بهێنینە بوون تیادا کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان بتوانن بوونیان هەبێت؟" ئەگەر دیموکراسی بێت، لەوکاتەدا نەتەوە دەبێ پێویستی هەریەك لەم کۆمەڵگایانە بۆ سەر بەخۆییو ئازادی لەگەڵ پێویستبوون بە پاراستنو نەزمی کۆمەڵایەتی هاوسەنگ درووستبکات. هەموو مانای



کۆمەڵگابوونو هەروەها مەسەلەکانی پەیوەست بە نەزمو سەربەخۆیی، خواستە سەرەکیەکانی کۆمەڵزانی ـ دیموکراتین.

کۆمەڵناسی تاڕادەیەکی زۆر لە ئەگەری بوونی ئازادی بنچینەیی گوماندەکات. دیموکراسی، فێرماندەکات کە مرۆڤەکان دەبێو دەتوانن بۆخۆیان بیر بکەنەوە. بەڵام تاڕادەیەکی زۆر ئامانجی کۆمەڵناسی ئەوەیە پێمان بڵێت ئەوە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەیە کە بیرکردنەوەمان دەخوڵقێنێت، ئەگەرچی ئەگەری هەیە ئێمە بانگەشەی ئەوە بکەین کە هزرەکانو بیروباوەڕمان لە خودی خۆمانە، بەڵام ئەوانە لە راستیدا لە کولتوورەکانمان، لە پێگەمان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و لە کەسانی بەهێز و دەوڵەمەندەوە سەرچاوە دەگرن (بەشی 5). تەنانەت بانگەشەی ئەوەی کە "ئێمە دیموکراسیەتێکین!" دەتوانێت بەشێك بێت لە ئایدۆلۆژیایەك. زێدەڕۆیەکیش کەئێمە پێی رازی دەبین چونکە قوربانی هێزە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانین. کردەکانیشمان لەهێزە کۆمەڵایەتییە زۆرەکانەوە سەرچاوە دەگرێت کە ژمارەیەك لەئێمە تێدەگەن یان هەستی پێدەکەن: واتە دامەزراوەکان، دەرفەتەکان، چین، ڕۆڵەکان، کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییەکان ـ ئەگەر بمانەوێت تەنها هەندێك لەوانە ناو ببەین ـ کە بە ئارامی بەسەر تاکدا کاریگەری دادەنێن، و بۆ ئەو رێگایانەی دەبەن کەئازادانە هەڵیان نەبژاردوە (بەشی 6). وادێتە بەرچاو کە کۆمەڵناسی دیموکراسی بۆ خەونێك کەئەگەری نییە، دەگۆڕێت، تا ئەندازەیەکیش هەرچی زیاتر کۆمەڵناسی بزانین، دیموکراسی دژوارتر دێتە بەرچاو. لەراستیدا، کۆمەڵناسی ئاسایی چەندین شێوەی زۆر دەردەخات کە بۆ فۆرمدانو باڵادەستی بەسەر مرۆڤەکاندا دروستبوون. ئەمە خۆبەخۆ ئێمە بەشێوەیەکی جدی پەیوەست دەکات بە هزرێکەوە کە ئایا مرۆڤەکان دەتوانن ئازادبن.

لەگەڵ ئەمانەشدا، بەهەمانشێوە کەپێشتر لەم بەشەدا ئاماژەم پێدا، کۆمەڵناسی وەکو بەشێك لە فێرکاریە ئازادی خوازەکان هەوڵێکە لەپێناو ئازادی تاك لەزۆرێك لە

دەسەڵاتەکان. یەکەمین قۆناغ لە ئازادی تێگەیشتنە: لەراستیدا، بیرکردنەوە بۆ خود یا کردەوە بەپێی هەڵبژاردنی ئازادانە ئەگەری نییە مەگەر ئەوەی کە شێوە جۆراوجۆرەکانی کۆنترۆڵی خۆمان تێبگەین (بەشەکانی 5 ـ 6) بۆ نموونە تەنها کاتێك دەتوانم بەشێوازی دڵخواز کردەوە بکەم کە بزانم هزرەکانم دەربارەی مانای "پیاو" بوون لە پرۆسەی وردو بیرلێکراوە لەسەرانسەری کۆمەڵگادا فۆرمەلەبوون. تەنها ئەوکاتە دەتوانم بێمەوەسەرخۆم و ژیانم بەڕێوەبەرم کە تێبگەم پڕوپاگەندە لە دروستکردنی حەزە شەخسیەکانی مندا و هەروەها بەها شەخسیەکانم چ کاریگەریەکی بەهێزی هەبووە. تەنانەت لەوکاتەدا، پرسی کۆمەڵناسی گرنگ بەردەوام تاکی هزرمەند ئازار دەدات: ئایا ئەگەر خەڵك لەڕاستیدا ئازادبن کۆمەڵگا دەتوانێت بوونی هەبێت؟ ئەگەر خەڵك لەهەر شتێك گومان بکەن‌و دوودڵ بن، ئایا دیسانیش یەکگرتوییەکی پێویست بۆ نەزم(سیستم) دەتوانێت بوونی هەبێت؟

دیراسەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی ـ کە ئەگەری هەیە خواستێکی بنەڕەتی بێت لە کۆمەڵناسیدا ـ هەڵبەتە مەسەلەیەکە بۆ تێگەیشتنی ئەگەری هەبوونی کۆمەڵگای دیموکراتی بایەخێکی زۆری هەیە. (بەشی 4) وادێتە بەرچاو سروشتی کۆمەڵگا بەشێوەیەکە پێویستبکات نایەکسان بێت. چەندین هێزی زۆر نایەکسانی دەخولقێنن‌و بەردەوام دەبن. لەراستیدا، تەنانەت لە ناوگروپەکانمان‌و ڕێکخراوە ڕەسمیەکان نایەکسانییەکی زۆر بڵاوە، بۆچی؟ بۆچی نایەکسانی ڕوودەدات؟ دەرهاویشتەکانی بۆ سەر دیموکراسی چییە؟ ئەگەر کۆمەڵگا بە نایەکسانیی زۆرو سامان‌و هێز دەستنیشان بکرێت، ئەگەر کۆمەڵگایەك ـ کە بەناو دیموکراسیە ـ گروپی نوخبەیەکی بچوکی هەیە کە بەسەر بڕیاردانەکاندا باڵادەستن، ئەی کەواتە دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا چ جیاوازیەك دروست دەکات؟ ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك بەهۆی هەژاریەوە ناچارن هەموو هێزی خۆیان بەکار بێنن تا بەمەمرەو مەژی ژیان ببەنە سەر، ئازادی ئەوان لە کوێیە. بواری کاریگەربوونی ئەوان بەسەر لایەنگیری



کۆمەڵگاداو مافی ئەوان بۆ چاکبوونی ژیانیان چ مانایەکی هەیە؟ ئەگەر کۆمەڵگا بەو دامەزراوانەی کە بە نەژاد پەرستی‌و جیاوازی ڕەگەزی مەیلیان هەیە دەناسرێن، لەوکاتەدا دیموکراسی بە چ شێوەیەك ئەگەری هەیە بۆ کەسانێك کە قوربانی دەستی ئەم دامەزراوانەن؟ کۆمەڵناسی زیاتر لەهەر روانگەیەکیتر، شارەزامان دەکات لە چەندین بابەتی زۆر کە لە ڕێگەی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیدا هەیە. گرنگترین ئەم مەسەلانە نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری‌و سیاسەتە.

ئەم ئاوڕدانەوەیە لە نایەکسانی کۆمەڵایەتی زۆربەی کەسەکان ناچار دەکات کە بۆ تێگەیشتنی دیموکراسی سەیری ئەو دیوی گۆڕەپانی سیاسی بکەن. کۆمەڵگایەکی دیموکراتی نەتەنها پێویستی بە حکومەتی سنوردار بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بە سوپای سنوردار، چینی باڵای سنوردار، کۆمپانیای گەورەی سنوردار، گروپی بەرژەوەندی سنوردار هەیە. حکومەتی سنوردار ئەگەری هەیە بۆ تاك، ئازادی لەگەڵ خۆی بێنێت. لەو شوێنەدا کە بابەتی کۆمەڵناسی کۆمەڵگایە، هۆگریەکانی ئێمە فراوان دەکات‌و بارودۆخی تاك نەتەنها لە پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوەکانی سیاسی دیراسە دەکەن بەڵکو لە پەیوەندی لەگەڵ زۆرێك لەسەرچاوەکانیتری هێز کەدەتوانن دیموکراسی واقیعی سنوردار بکەن‌و سنورداریشی دەکەن زیاتر هزرەکان‌و کردەکانمان کۆنترۆڵ دەکەن.

رۆحی دیموکراتی بایەخ بە ئاسایشی هەموو خەڵکی دەدات. ڕێز لە ژیان دەگرێت، هانی مافی فەردی دەدات، چۆنییەتی ژیان بەرز دەکاتەوەو خوازیاری دادپەروەریە بۆ هەمووان. کۆمەڵناسی مەسەلەی کۆمەڵناسی دیراسە دەکات. چەندین بابەتی زۆر تاووتوێ دەکات، بەڵام لەم کتێبەدا ئێمە ئاوڕمان لەو مەسەلانە داوەتەوە کە پەیوەندی لەگەڵ بەخترەشی مرۆڤەکاندا هەیە(بەشی 8). زۆرێك لە خەڵکی لە ڕۆژ ڕەشیدا دەژین کە لەگەڵ هەژاری‌و تاوان وسزادا، ئیش‌و کاری نزم، داگیرکردن وبەشخواردن، لە دەستدانی بەهای نەفس، گوشاری دەرونی، دامەزراوە سەرکوت

کەرەکان، دژایەتیو ململانێی توندوتیژ، بەکۆمەڵایەتیبوونێك کەوەکو پێویست نەبێتو شێوازە جۆراوجۆرەکانی نامۆبوون، دیاری دەکرێت، ئەمانە بابەتێك نین کە سەرهەڵدانیان لە بایلۆژی مرۆیی یان جینی مرۆیی بن. ئەمانە چەندین بابەت نین کە سەرهەڵدانیان لە هەڵبژاردنەکانی ئازادانەی بکەرانی تاکەکەس بن، دەرکەوتەی کۆمەڵایەتی بەگشتی فاکتەری بوونی بەخترەشییە. ئەگەر چی بۆ کۆمەڵناسی ـ یا کۆمەڵگای دیموکراتی ـ ئەگەری نییە کە جیهان لەم جۆرە مەسەلانە ڕزگار بکات، بەڵام ئەمە بەشێك لە ڕۆحی هەردوو، واتە کۆمەڵناسیو کۆمەلگای دیموکراتییە، کە ئەم مەسەلانە بزانن‌و تێبگەن، شێوەکانی ڕوبەڕووبونەوە لەگەڵ ئەوان باس و بیانخەنە قۆناغی پراکتیکەوە. ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لە رۆژ ڕەشیدا ژیان بەسەربەرن، ئەوکاتە دیموکراسی ڕوکەش‌و بێ رۆح دەبێت.

ئیتنۆسێنتەریزم (بەشی 7) چ پەیوەندیەکی بە دیموکراسیەوە هەیە؟ ئایا ئەم خوساتە بنەڕەتیە لە کۆمەڵناسیدا پەیوەندی بە تێگەیشتنی کۆمەلگای دیموکراتیو ژیان لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیدا هەیە؟ ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ بابەتی رێزگرتن لە کەمایەتییەکان کەپێشتر باسمانکرد. ئەگەر چی ئیتنۆسێنتەریزم، رەنگە نەشیاوبێت بۆ خۆلێدورگرتن‌و تەنانەت تاڕادەیەك پێویستیش بێت، شێوەیەکی ڕوانینە بۆ کولتووری خۆمان و کەسانیتر کە بە شێوەیەك کەدژە لەگەڵ بنەمایەکی سەرەکی دیموکراسی واتە رێزگرتن لە جۆراوجۆریو فەردیەتی مرۆیی. بانگەشەی ئەوەی کە کولتووری ئێمە باشترە لە کولتوورەکانیتر و رێزدانەنان بۆ کولتوورەکانیتر، ڕەفزکردنیان بەهۆی ئەوەی هەن و رازیبوون بەو باوەڕەیە کەهەمووان دەبێ وەکو ئێمە بن. ئەم جۆرە هزرو دژایەتیو ململانێیانە هانی توندوتیژیو جەنگ دەدەن‌و جیاوازی ڕەگەزیو نەژادیو بەشخواردن وداگیرکردن ئامادە دەکەن. کۆمەڵناسی هۆشیاریمان پێدەدات کە ئاگاداری ئیتنۆسێنتەریزم بین. ئێمە دەبێ تێبگەین‌و بزانین کە ئیتنۆسێنتەریزم چییە، فاکتەرەکەی چییەو بە چ شێوەیەك کاردەکات.



تێگەیشتنی ئیتنۆسێنتەریزم ناچارمان دەکات ئەم پرسە بخەینە ڕوو: "چ زەمەنێك هەڵسەنگاندنەکانم دەربارەی کەسانیتر تەواو کولتوورین‌و چ کاتێك لەسەر بنەمایی پێوەرەکانەی شیاوی بەرگری (وەکو پێوەرەکانی دیموکراتی) هەن؟" "چ کاتێك من لە هەڵسەنگاندنەکانم کورتبین‌و خۆڕانەگرم، ئەی چ کاتێك وردترو هەڵسەنگێنراوتر؟" تەنانەت لەم شێوەیشدا بێ دوودڵی جیدی لە هەڵسەنگاندنەکانمدا هاودڵیمان لەگەڵ ئیتنۆسێنتەریزم رێگە نادات دەربارەی ئەو خەڵکەی کە جیاوازن لە ئێمە، بەڕاستی داوەری بکەین. کۆمەڵناسی و دیموکراسی چەندین روانگەن کە ئێمە ناچار دەکات جیاوازییەکانی مرۆڤەکان هەست پێ بکەین‌و لە حوکمکردنی ئەو جیاوازیانەدا ئاگادار بین.

لە بەشی 9دا گۆڕانی کۆمەڵایەتیو توانای تاکمان تاووتوێ کرد. ئەم باسەش زۆرێك لە راستیە بەڵگە نەویستو سەلمێنراوەکان بەگریمانەکانی ئێمە دەربارەی دیموکراسی، بۆ روبەروبونەوە بانگ دەکات. کۆمەڵناس بیروباوەڕێکی ئەوتۆی نییە کە تاکەکەس فاکتەری گۆڕانە. دیموکراسی بەم مانایە کە تاك لە شێوەگرتنی کۆمەڵگادا کاریگەریەکی زۆری هەیە لەڕاستیدا خەیاڵێك زیاتر، هیچی تر نییە. بەڵام ئەگەر کۆمەڵناسی شتێکمان دەربارەی جیاوازی فێربکات کە پەیوەنداربێت بە دیموکراسییەوە، فێربوون‌و خوێندنی ئەم خاڵەیە کە گۆڕانی ئیرادی تەنها لەڕێگەی پێگەیەکی هێزەوە ئەگەری هەیە. ئەگەر بڕیارە دیموکراسی شتێك زیاتر لە وەسفکردن بێت لە کتێبێکدا، ئەوانەی خوازیاری گۆڕانن لە کۆمەڵگا ـ بەشێوەیەکی ئایدیایی، بەئاڕاستەی ئازادی زیاتر، حوکمەت و دەسەڵاتی سنوردار، یەکسانی دەرفەتەکان و رێزگرتن لەمافی تاك ـ دەبێت بەڕێکەوتن‌و لەپێگەیەکی هێزەوە کاربکەن‌و بزانن کە دامەزراوە سیاسییەکان (ئەوانەی لەئێستادا بونیان هەیە) بەزۆری لەدژی ئەوان رێکخراون. پێش ئەوەی بەدڵنیاییەوە شەڕ دەست پێ بکەین دەبێت لەبیرمان بێت کە دڵنیایی ئێمەیش ئەگەری هەیە بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی

بەدەست هاتبێت و بە هەوڵەکانمان لەوانەیە گۆڕانکاریەك بخوڵقێنین کە هەرگیز خواستی ئێمە نەبووەو پێدەچێت تەنانەت هەمان ئەو دیموکراسیەش کە هەنوکە هەمانە، لەدەستی بدەین. گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزە، بەندە بە هێزی کۆمەڵایەتییەوەو بەدیهێنانی بەشێوەی دڵخوازی ئێمە دژوارە. کۆمەڵناس ئەگەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئیرادی لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیدا دیراسە دەکاتو ئەم بزوێنەرەی دەبێت کە لەمپەرە زۆرەکان کە هەر کۆمەڵگایەك لەبەرامبەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی راستەقینە دروسیتان دەکات، لەناو ببات.

## پوختەو دەرەنجام

دیموکراسی لە ئاستی جیاوازدا بوونی هەیە. بۆ هەندێ دیموکراسی هزرێکی سادە و ڕووکەشییە. بەڵام بۆکەسانیتر هزرێکی ئاڵۆزەو بزوێنەرە بۆ لێکۆڵینەوەو راستیەکە کە بەهای ئەفراندنی هەیە. بەم پێیە، ئەگەر بڕیارە دیموکراسی شتێکی پتر لە هزرێکی رووکەش بێت، لەوکاتەدا خەڵك دەبێ سروشتی کۆمەڵگاو ناوەرۆکی هێز، ئیتنۆسێنتەریزم، نایەکسانی، گۆڕانو هەموو چەمکەکانیتر کە لە کۆمەڵناسیدا تاوتوێو دیراسە دەکرێن، هەست پێبکەن. لەکاتێکدا کە بەشەکانیتر ئەگەری هەیە مەسەلەکانی پەیوەست بە دیموکراسی دیراسە بکەنو خەڵکی هانبدەن بەشێوەیەکی دیموکراتیانە بیر بکەنەوە، بەڵام بە مانایەکی بنەڕەتی ئەم دیراسەیە لە ناوەندی بایەخو ئاوڕدانەوەی کۆمەڵناسیدایە.

ئەم کتێبەمان بە بەشێك دەربارەی زانست دەستپێکرد: واتە لێکۆڵینەوە دەربارەی جیهانی کۆمەڵایەتی. خاڵێکی سەرەکی باسکرا: گرنگە بە بێ دەمارگیری و لایەنگیری لەکۆمەڵگا بگەین ـ واتە، تەنانەت دەربارەی شتێك تا ئەم ڕادەیە گرنگ وەکو کۆمەڵگا، مرۆڤەکان دەبێ هەوڵبدەن راستیەکان ببینن. واقیعیەتی کولتوورێك کە فێربیوون وەلایبنێنو جیهان بەو جۆرەی کە هەیە هەست پێبکەن. ئەم



هەڵسەنگاندنە ڕەخنەییە لە باوەڕەکانماندا پەیوەندیەکی زۆری بە ئازادییەوە هەیە، چونکە بێ ئەوە ئێمە خاوەنی دەمارگیری کولتوورێك دەبین کە رەنگە بە زەحمەت لێی شارەزابین، شتێك کە بەسەر هەموو هزرەکانمانەوە کاریگەری دەبێت. دیموکراسی بەم مانایە کە دەبێت راستیەکان نەلەرێگەی رازیبوون بەدەسەڵات بەڵکو لەرێگەی لێکۆڵینەوەی ورد و زانایانە، هەستی پێ بکەین. تێگەیشتنێك کەلەرێگەی بەڵگەکان و بینراوەکان بێت نەك دەمارگیری و لایەنگری. راستیەکان دەبێت لەرێگەی باسێکی راشکاو و زانستی تێی بگەین نەك لەسیستمێکی باوەڕی چەق بەستو. یاساکانی زانست و دیموکراسی وەك یەکن. دەربارەی ئەو یاسایانە هیچ ئەزموونێك گەورەتر لە بەشی کۆمەڵناسی بوونی نییە: واتە هەوڵدان لەپێناو بەکاربەستنی بنەمای زانستی لە بواری ئەوەی ئێمە فێری بوین کەپیرۆزی بکەین.

لەوێوە کە کۆمەڵناسی روانگەیەکی ڕەخنەییە و ئەوەی کە خەڵکی کولتوورەکانیان کردووەتە بەشێك لەخۆیان دەخاتە ژێر پرسیار، مەترسیەك بۆ ئەوکەسانەیە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن راستیەکان دەزانن. کۆمەڵناسی کاریگەری ئەفسانە لەناو دەبات چەندین پرسیار دەخاتەڕوو کە زۆرێك لە ئێمە بە چاکتری دەزانین نەیبیستین. روانینی کۆمەڵناسی بەرامبەر بەجیهان بە مانای بەدگومانبوون بەرامبەر بەو کەسانەیە کە لە دەسەڵاتدانو بەدگومانی لەبەرامبەر ئەوەی ئەنجامی دەدەن (لەکۆمەڵگای ئێمەو گروپەکانماندا) وە خستنەڕووی ئەو پرسیارە هەمیشەییانەیە دەربارەی ئەوەی هەیەو ئەوەی دەتوانێت هەبێت.

کۆمەڵناس دەربارەی کۆمەڵگا بیردەکاتەوەو پرسیار دەکات کە تا قوڵایی پیرۆزترین هزرەکانی ئێمە کاریگەری دادەنێت. رەنگە لەبەر ئەمەیەکە بۆ "کەسانێك کە دەزانن" تا ئەم ڕادەیە بەمەترسی لەقەڵەم دەدرێت، وە رەنگە لەبەر ئەمە بێت بۆ کەسانێك بەجیدی دەیگرن، بزوێنەرە.

# پاشکۆ

# ئایا دەکرێت گشتاندن دەربارەی تاکەکان ئەنجامبدەین؟

بۆ ئەو پرسیارانەی دەمەوێت زیادی بکەمو بیخەمە سەر ئەم کتێبە، کۆتاییەك نییە. دواجار بە چەشنێکی زۆر هۆگری دادپەروەری بووم. دادپەروەری چییە؟ چۆن دەتوانین پێناسەی بکەین؟ بە چ شێوەیەك بابەتی دادپەروەری دەبێتە بەشی سەرەکی بیرکردنەوەمان دەربارەی ژیانو کۆمەڵگا؟ منیش خوازیاری دادپەروەریم، راشکاوانە دەیڵێم، بە زۆری هان دەدرێم ئەوشتەی بەشێوەیەکی رەخنەییانە دەربارەی کۆمەڵگا هەستی پێدەکەم، وەلابنێم تا خواستی خۆم بۆ دادپەروەری دابین بکەم، بەتایبەت کاتێ گیرۆدەی بارودۆخێك دەبم کە قوربانی دەناسم. بۆیە بابەتی دادپەوەری دەبێت بۆ چاپی داهاتووی کتێبەکە بمێنێتەوە.

لەچاپی دووەمی ئەم کتێبەدا من بەشی یازدەیەمم زیاد کردو ناوی "پاشکۆ"م لێنا، بەوهۆیەشەوە کە وا دەزانم مەسەلەکە تەواو تایبەتیەو بە دڵنیایی ناتوانم بڵێم کە لەکام بەش لە پاشماوەی ئەم کتێبەدا دەتوانێت جێ بگرێت.

ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای سەرەکی ئەو بابەتەی کە زانستی کۆمەڵایەتی چییە، و بەشێوەیەك جێگای شیاو بۆی لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدایە دەربارەی زانست. ئەمە پرسیارێکی گرنگە کە دەبێ دەربارەی بیربکرێتەوەو



قسەوباسی لەسەر بکرێت. زۆر بیرم لێکردۆتەوە، لێکۆڵینەوەم کردووەو هەوڵمداوە تا وەڵامی بدەمەوە.

لەراستیدا، ئەمە بابەتێکە تاڕادەیەك لە پشتی هەرباسێك دەربارەی مرۆڤەکان هەیە. هەرجارێك ئێمە هەوڵ دەدەین تێبگەین لە تاکەکان ـ هەموو تاکەکان، هەندێ لە تاکەکان، یان کەسێکی تایبەتو دیاریکراو ـ ئەم پرسیارە بەشێوەیەکی ناوەکی بونی دەبێت. هەرکات هەوڵدەدەین هێمایەك بخەینە سەر کەسانیتر و یان بەرامبەرەکانمان هێما بخەنە سەرئێمە، ئەم پرسیارە دێتە گۆڕ. ئەمە بابەتێکی لاوەکیە لە هەموو باسێك کە دەربارەی دەمارگیری، ناوەرۆکی ژیانی ئەمەریکی، رووسەکان، پیاوان، ژنان، لاوان، لیبراڵەکان شێوە دەگرێت ـ ئەو باسانەی کە لەخۆگری هەرجۆرە هەوڵێکە بۆ ریزبەندی تاکەکان. ئەم مەسەلە دژایەتیەك دەخاتە روو کە تاڕادەیەك تایبەتمەندی هەموومان وەسف دەکات: ئێمە کەسانیتر پلەبەندی دەکەین بۆئەوەی بتوانین تێیان بگەین، بۆیە، هەرکات کەسانیتر بیانەوێت ئێمە پلەبەندی بکەن، دەنگ هەڵدەبڕین. "من ئەمەوێ خۆم بم. من وەکو هیچ کەسی دی نیم! لەگەڵ مندا هەربەوجۆرە هەڵسو کەوت بکە کە هەم. گومانی من وەکو هیچ کەسێکیتر مەکە!"

زانست سروشت پلەبەندی دەکاتو دەربارەی ئەوشتانەی لە سروشتدا هەن، گشتاندن دەکات. زانستی کۆمەڵایەتی هەمان کار دەربارەی مرۆڤەکان دەکات. ئایا ئەم کارە بۆ تێگەیشتنی ئەوان بەسودە؟ ئایا هاوکاری گومان کردنی چوارچێوەیی و رەفتاری نامرۆیی لەگەڵ ئەوانەی وەکو ئێمە نین، دەکات؟ بابەتێك ئێمە لێرەدا دەمانەوێت تاتوتوێی بکەین ئەوەیە لە راستیدا، پرسیاری یازدەیەم ئەمەیە:

**ئایا دەکرێت گشتاندن دەربارەی تاکەکان ئەنجامبدەین؟**

## ریزبەندیەکان و گشتاندنەکان

### گرنگی ریزبەندی و گشتاندنەکان بۆ مرۆڤ

کۆمەڵناسی زانستێکی کۆمەڵایەتییەو لێرەشەوە، دەربارەی تاکەکانو ژیانی کۆمەڵایەتییان گشتاندن دەکات. "پێگە بەرزەکان لە پێکهاتە ئابوری و سیاسیەکان زیاتر ئەگەری هەیە کەلەلایەن پیاوانەوە دەستیان بەسەردا بگیرێت تا ژنان" "هەتا تاکەکەس دەوڵەمەندتر بێت زیاتر ئەگەر هەیە دەنگ بە حیزبی کۆماری خواز بدات" "لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەگەری بوون لە هەژاری لە نێوان دانیشتوانی ئەمەریکیە بەڕەگەز ئەفەریقیەکان زیاترە تا سپی پێستان" "کۆمەڵگای ئەمەریکا گیرۆدەی جیاوازی نەژادیە" "کۆمەڵگای ئەمەریکا، وەکو کۆمەڵگا پیشەسازییەکانیتر خاوەنی سیستمی چینایەتیە کە تیادا زیاتر لە سێ لەسەر چواری دانیشتوان لەو چینە کۆمەڵایەتییەی تیایدا لەدایك بوون، دەمێننەوە"

بەڵام ئەم جۆرە گشتاندنانە زۆربەیان پەرێشانم دەکەن. دەزانم کۆمەڵناس دەبێ دەربارەی تاکەکان زانیاریو ئاگایی دەست بخاتو دەربارەیان گشتاندن بکات، بەڵام لەخۆ دەپرسم: "ئایا ئەم جۆرە گشتاندنانە بەهادارن؟ ئایا نابێ خەڵك تەنها وەك تاکی مرۆیی لەبەرچاو بگرینو دەربارەیان دیراسە بکەین؟" "مامۆستایەکی ئینگلیزی لەو زانکۆی من ناوبانگی هەبوو بەوەی کە ئامۆژگاری خوێندکارانی دەکرد کە ئێوە نابێ گشتاندن بەسەر خەڵکیدا بکەن ـ ئەم کارە وەکو وێناکردنێکی چوارچێوەیی وایەو هەموو کەسێکی خوێندەوار نابێ وێناکردنێکی چوارچێوەییان هەبێت. هەرکەسێك تاکێکی مرۆییە" (سەرنج راکێشە کە ئەمە خۆی گشتاندنێکە دەربارەی خەڵك)

بەم پێیە، هەتا زیاتر من دیراسەی ئەم بابەتە دەکەم، زیاتر هەست دەکەم کە هەموو مرۆڤەکان پلەبەندی و گشتاندن سەرقاڵ دەبن. ئەوان ئەم کارە هەموو



ڕۆژێك، لە هەرباروودۆخێکدا کە ڕووبەڕووی دەبنەوە ئەنجام دەدەنو ئەوان هەمیشە ئەم کارە کاتێك کە دەربارەی کەسانیتر بێت، ئەنجام دەدەن. لە ڕاستیدا، ئێمە مافی هەڵبژاردنمان لەم بابەتەدا نییە. "شوشە دەشکێتو دەتوانێت پڕ مەترسی بێت" ئێمە فێربووین "شووشە" چییە، مانای "پڕمەترسی" چییەو "شکاندن" چییە. ئەمانە هەموو ئەو ریزبەندیانەن کە ئێمە دەربارەی ئەو باروودۆخانەی کە ڕووبەڕوویان دەبینەوە، بەکاری دەهێنین بۆئەوەی بتوانین تێبگەین بە چ شێوەیەك کردەوە بکەین. ئێمە دەربارەی رابردووش گشتاندن دەکەین. "نەخۆشی هەڵامەت پەتایەو زوو دەگوازرێتەوە، ئەگەر نەمانەوێت تووشی هەڵامەت بین، نابێ نزیك ببینەوە لەوکەسانەی تووشی هەڵامەت بوون" ئێمە لێرەدا دەربارەی "ئەو کەسانەی کە هەڵامەتیانە" "بە چ شێوەیەك مرۆڤەکان هەڵامەت دەگرن"، هەروەها ئەوەش کە "بەرامبەر بەو کەسانەی کە هەڵامەتیانە چ رەفتارێکمان هەبێت" گشتاندن دەکەین. لەڕاستیدا، هەر ناو و کردارێك بەکاری دەهێنین گشتاندنێکە وەکو ڕێنومایییەك بۆ ئێمە. ڕاستیەکەی ئەوەیە ئێمە ناتوانین لە گشتاندن لە ژینگەی خۆمان دەست هەڵگرین. ئەمە یەکێکە لە لایەنەکانی جەوهەری مرۆیمان. ئەوە کارێکە زمان بۆمان ئەنجام دەدات. هەندێجار گشتاندنەکانمان تاڕادەیەك ڕاستن، هەندێجاریش بێ بنەمان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە گشتاندن دەکەین: هەموومان و بەگشتی هەمیشە ! ئەو پرسیارەی ئەم بەشەمان پێ دەستپێکرد پرسیارێکی نەزانانەیە. ئایا ئێمە دەبێت دەربارەی تاکەکان گشتاندن بکەین؟ ئەمە پرسیارێکی بەسود نییە، چونکە ئێمە مافی هەڵبژاردنمان نییە، پرسیارێکی لەوە باشتر ئەمەیە: چۆن دەتوانین گشتاندنی ڕاستو دروست بکەین دەربارەی تاکەکان؟

هەموو ئامانجی زانستی کۆمەڵایەتی گەیشتنە بەریزبەندی و گشتاندنی وردو تەواو دەربارەی مرۆڤەکان. لەڕاستیدا، ئامانجی هەموو بەشە زانستیەکان لەخۆگری فێربوون، تێگەشتنو هێنانەدی ریزبەندی و گشتاندنە وردەکانە.

ئەگەر سەیرێکی بوونەوەرەکانی تر بکەین، زۆربەیان لە رووی غەریزە یان راهێنان ئامادەییان هەیە بەشێوەیەکی دیاریکراو، بە بزوێنەرێکی تایبەت لە ژینگەکەیان وەڵام بدەنەوە. کەواتە، بۆ نموونە کاتێك ماسیەکی بچوك لە بەرامبەر ماسییەکی برسیدا مەلە دەکات، ماسیە برسیەکە یەکسەر بەرامبەر ماسیە بچوکەکە پەرچەکردار نیشان دەداتو دەیخوات. ماسی دەتوانێت ئەو جۆرە بزوێنەرە لەبزوێنەرەکانیتر جیابکاتەوەو بۆیە هەرکات شتێکی وەکو ماسی بچوك یان هاوشێوەکەی دەربکەوێت، ماسی کاردانەوە نیشان دەدات. ماسی بچوك شتێکی دیاریکراوە کە دەتوانێت یەکسەر هەستی پێ بکرێت (ببینرێت، بۆن بکرێت، ببیسترێت، بەرکەوتنی لەگەڵدا بکرێت)، بۆیە لە ناوچەیەکی تایبەتدا ماسی دەتوانێت بە ئاسانی ئەو شتانە لەبەرچاو بگرێت کە وەکو ماسبە بچوکەکان دێنە بەرچاو و ئەوانەی بەم شێوە دەرناکەون جیابکاتەوە. هەڵبەتە، جارە جارە خۆراکێك بە قولاپ بۆ فریودانی ماسی بەکاردەهێنرێتو هەڵەیەکی کەم لە دیاریکردنیدا کۆتایی بەژیانی ماسی دەهێنێت.

مرۆڤ جیاوازە لەگەڵ ماسیو زیندەوەرەکانیتر، چونکە ئێمە زاراوەو وشەمان بۆ شتەکانو رووداوەکان لە دەوروبەرماندا هەیەو ئەمەش ئەو ئەگەرەمان بۆ دەرەخسێنێت کە ئەو ژینگەو ناوچەیە هەست پێ بکەین نەك ئەوەی یەکسەر پەرچەکردار نیشان بدەین. بە وشەکان دەتوانین جیاکردنەوەیەکی زۆر دروست بکەینو دەتوانین زانستی بەدەست هاتوو لە بارودۆخێکی زۆر ئاسانتر لەبارەی بارودۆخەکانی دواتر بخەینەکار. ئێمە زۆر کەم پەیوەستین بەبزوێنەرە فیزیکیە راستەوخۆکانەوە. لەبەر ئەمە، بۆ نموونە فێردەبین کە ماسی، کیسەڵ، نەهەنگو هەروەها ماسیە بچوکەکان، کرم، داو و بەلەم چییە. ئێمە دەخوێنین و فێر دەبین کەماسیەکان چ تایبەتمەندیەکیان هەیە، ماسی لەگەڵ نەهەنگ چ جیاوازیەکی هەیە، و ماسیەکان چ جیاوازیەکیان لەگەڵ یەك هەیە. ئێمە فێردەبین بە چ شێوەیەك ماسی بگرینو دەتوانین ئەوەی فێری دەبین بەرامبەر هەندێك لە ماسیەکان، بەڵام نەك



هەمووی، بەکاری بهێنین.ئێمە دەست دەکەین بە تێگەیشتنی کردەوەی هەموو ماسیەکان ـ (مراوی) ماسیە مراویەکان، ماسیەمراویە گەورەکان، مێچکە ماسی مراوی گەورە. هەندێکمان بڕیار دەدەین دەستبکەین بە خوێندنەوەی ئازارو هەوڵدەدەین بزانین ئایا ماسیەکان هەست بە ئازار دەکەن، ئایا هەموویان هەست بەئازار ناکەن. بۆیە مرۆڤ یەکسەر وەڵامی ژینگە ناداتەوە، بەڵکو ئەو ناوچەیە دیاری دەکات، دیراسەی دەکات، بۆ ئەو شتانەی لەو ناوچەیەدان، ریزبەندیو ژێربەندی دروست دەکاتو بەردەوام هەوڵ دەدات ئەو شتەی لە بارودۆخە تایبەتەکاندا دەربارەی ریز بەندیەکان فێری دەبێت گشتاندن بکات. بەتێگەشتنی یەك ریز بەندی دەتوانین هاوچونییەکەکانو جیاکردنەوەی گرنگو ورد ببینین کە ئەو زیندەوەرانەی کە بەسود وەرگرتن لە وشەکان بە ریزبەندی و گشتاندن سەرقاڵ نابن، دەستیان بەوان راناگات.

گشتاندن ئەو ئەگەرەمان پێدەدات بارودۆخە جیاوازەکان ببینین و زانستی فێربو لەشوێنەکانیتر بۆهەستکردن بەو شتانەی لەو بارودۆخەدا بونیان هەیە، بەکار ببەین. کاتێك ئێمە دەچینە پۆلەوە دەزانین مامۆستا کێیەو ئەو کەسەی لە پێشەوەی پۆلدایە بە مامۆستا بانگی دەکەین. لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی رابردووە دەزانین کە مامۆستاکان نمرە دەدەن و بەزۆری لەبارەی ئەو شتانەی ئێمە دەمانوێت لەناو پۆلدا فێری ببین، زیاتر دەزانن. هەروەها ئەگەری هەیە فێربوبێتین کە مامۆستایان میهرەبان (یان نامیهرەبان) هەستیار (یان ناهەستیار) دەسەڵاتدارخواز (یان دیموکراتی)ن، یان رەنگە ئێمە چەندین ئەزموونی جۆراوجۆرمان لەبارەی مامۆستایانەوە هەبێت بەشێوەیەك پەیوەست کردنی ئەم تایبەتمەندیانە بە مامۆستایەکی دیاریکراو تایبەت دەبێت بەو کەسە. ئەگەر سەرەنجام بەشێوەیەکی یەکلایەنە بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە مامۆستایەکی تایبەتو دیاریکراو، لەراستیدا دەسەڵاتخوازە، ئیتر لەبەرامبەر خۆدا "مامۆستایەکی دەسەڵاتخواز" دەدۆزینەوەو

لەم کاتەدا ئەوەی لەسەر بنەمایی ئەزموونەکانی پێشودەربارەی ئەم جۆرە مامۆستایانە دەیزانین، بەکار دەهێنین.

ئەمە توانایەکی شیاوی تێبینییە. ئێمە دەتوانین هەڵیسەنگێنین بەچ شێوەیەك هەڵس و کەوت بکەین لەگەڵ ئەو بارودۆخانەی روبەرویان دەبینەوە.لەبەرئەوە زۆرێك لەوشتانەی لەوێ لەگەڵیان روبەڕوو دەبینەوە بەکارهێنانی ئاگاییو شارەزایی گونجاو کە لە رابردوودا فێری بووین، هەستیان پێدەکەین. ئەمە ئەو ئەگەرەمان پێ دەدات کە لەو بارودۆخە جۆراوجۆرانە هۆشیارانەو عاقڵانە رەفتار بکەین، ئەو بارودۆخانەی کە هەندێکیان تەنانەت هاوشێوەی ئەو شتەی ئێمە پێشتر لەگەڵی رووبەڕوو بوین، نین، ئەگەر ئێمە ئازاد ئەندێش و بیرمەند بین، تەنانەت دەتوانین هەڵسەنگاندن بکەین کە گشتاندنەکانمان تا چ رادەیەك گونجاون یان تا چ رادەیەك لاوازنو دەتوانین ئەوەی دەیزانین، بەهەمان شێوە کە لە بارودۆخێکەوە دەچینە بارودۆخێکی تر، بگۆڕین. جیاواز لەمانە، کێشەی هەموومان ئەوەیە کە زۆرێك لە گشتاندنەکان هەڵسەنگێنراو یان بیرلێکراوە نین، هەندێ جاریش بۆ ئێمە دژوارە کە ئەمە دەستنیشان بکەینو بیانگۆڕین. بەزۆری گشتاندنەکانمان لە کردەوەدا رێگری تێگەشتنی ئێمە دەبن، بەتایبەت ئەوکاتەی دەربارەی مرۆڤەکان گشتاندن دەکەین.

بۆ تێگەشتنی باشتر ئەوەی مرۆڤەکان چی دەکەنو بە چ شێوەیەك ئەم بابەتە جارەجارە تووشی کێشەمان دەکات، پێویستە چەمکی "ریز بەندیەکان"و "گشتاندنەکان" بەشێوەیەکی وردتر تاوتوێ بکەین.

## چەمکی ریزبەندی

مرۆڤەکان ژینگەی خۆیان ریز بەندی دەکەن، ئێمە بەشێك لە ژینگەی خۆمان جیا دەکەینەوە، ئەو بەشە لە هەموو بەشەکانیتر جیا دەکەینەوە، ناوێکی لێ دەنێینو چەندین هزری تایبەتی پێوە پەیوەست دەکەین. بەشەکان ـ یان ریزبەندیەکانمان ـ



لە کردەی بەرامبەرەوە دەردەکەون، ئەوانە بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی دروست دەبن. ئێمە دەربارەی ناوچەکەی خۆمان قسەو باس دەکەین،و بەو زاراوانەی کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆدا فێری دەبین ریزبەندی دەکەین: "بوونەوەرانی زیندوو"، "گیانلەبەران"، "خشۆکەکان"، "مارەکان"، "مارە گەورەکان"، "رەش مارەکان"، بەم جۆرە ریزبەندیەك دروست دەبێتو ئەو کاتەی کە ئێمە بزانین دەتوانین چەندین شت لەچەندین بارودۆخ کە لەگەڵیاندا روبەڕوو دەبینە، لەگەڵ ئەو ریزبەندیە بەراورد بکەین. ژمارەی ئەو جیاکردەوانەی ئێمە دەتوانین لە ناوچەکەی خۆمان ئەنجامی بدەین، چەندین بەرامبەر زیاد دەکات. تەنها ناوەکان نین کە نوێنەری ریزبەندیەکانن (پیاوان، کوڕان) بەڵکو هەروەها فرمانەکان (راکردن، بەڕێدا رۆشتن، کەوتن)، بارودۆخەکان (لاواز، بەهێز، زیرەك، خێزاندار)، ریزبەندیەکان نیشان دەدەن. زیاتر ئامانجی فێربونەکانمان تێگەشتنی مانای ریزبەندیە جۆراوجۆرەکانە، ئەمەش لەخۆگری تێگەشتنی ئەو چۆنییەتیانەیە کە ئەو ریزبەندیانە پێك دەهێننو ئەو هزرانەش کە پەیوەستن بەوانەوە.

لەڕێگەی فێربوون دەربارەی تاکەکان( ریزبەندیەك) تێدەگەی کە "هەموو تاکەکان" چەندین تایبەتمەندی تایبەتیان هەیە کەلە هەندێکیاندا هاوبەشن لەگەڵ ئاژەڵەکانی تردا (خانەکان، مێشك، ئەندامەکانی زاوزێ)،و هەندێ لەوانە تایبەتە بە خۆیان (زمان، بینینی سێ رەهەندی، ویژدان). ئێمە تێدەگەین کە تاکەکان دەتوانرێت بۆلاوو پیر، سپیو رەش، پیاوو ژن، زگوردیو خێزاندار دابەش بکرێت. زۆربەمان بە چاکی دەزانین نێرو مێ چییە. ئەگەر لە ئێمە بپرسن، دەتوانین روونی بکەینەوە چ کەسانێك پەیوەستن بە ریزبەندکردنی هاوڕەگەزخواز و ناهاوڕەگەزخوازەوە. ئێمە تەنها ئەوشتانە دەستنیشان ناکەین کە پەیوەندییان بەم ریزبەندیەوە هەیە، ئێمە ئەم ریزبەندیانە دەزانین، چونکە دەتوانین زۆر تایبەتمەندی باس بکەین کە بڕوامان وایە پەیوەستن بەو شتانەوەی کە لەم ریزبەندیانەدان یان

نین. ئێمە لەوانەیە بڵێین کە ڕەگەزی پیاو ئالەتی پیاوی هەیە، ئەوەی زیاتر لە شەست ساڵ تەمەنییەتی، پیرە، مامۆستا کەسێکە زانست دەگوازێتەوە، مرۆڤ زیندەوەرێکە خاوەنی ڕۆحە.

ئێمە دەربارەی ئەم پێناسانە قسەو باس دەکەین‌و هەتا زیاتر بزانین‌و تێبگەین، ئەم پێناسانە ئاڵۆزتر دەبن، بەڵام ڕیزبەندیەکان‌و پێناسەکان بەشێکی پێویستن لەژیانمان. تەنها بیر لەو کەسانە بکەرەوە کەلە ڕۆژێکی تایبەتدا ڕوبەڕوویان دەبینەوە، هیچ شتێك دەربارەی زۆربەیان نازانین جگە لەو ڕوانینە تێپەڕەی دەستگیرمان دەبێت. ئێمە لەوانەیە سەرنجی تەمەن، ڕەگەز، جلوبەرگ، شێوازی ڕازاندنەوەی قژ، ڕەفتار، یان تەنها یەك زەردەخەنە بدەین‌و خێرا بڕیار دەدەین چۆن هەڵس‌وکەوت بکەین. ئێمە ناچارین تاکەکان لە ڕیزبەندی جۆراوجۆر دابنێین تا بزانین لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا چۆن هەڵس‌و کەوت بکەین.

بۆ هەموو مرۆڤەکان پێویستە ژینگەکەیان ڕیزبەندی‌و پێناسەو هەست پێبکەن. (ئەم دەبڕینە، گشتاندنێکە دەربارەی هەموو مرۆڤەکان.) ئەگەر لەگەڵ خۆمان ڕاستگۆبین، پێویستە پشتڕاستی بکەینەوە کە هەریەك لە ئێمە هەزاران ـ تەنانەت دەیان هەزار ڕیزبەندیمان داناوەو فێربووین کە هەر بە سەیر کردنی ئەوەی لە دەوروبەرماندا ڕوودەدات، سودیان لێ وەربگرین. ئامانجی پۆلێکی بایلۆجی خوڵقاندنی ڕیزبەندیی سودمەندە لە بوونەوەرە زیندووەکان تا باشتر بتوانن تێبگەن کە ئەوانە چین ـ چۆن هاوشێوەی یەکترن، چۆن بوونەوەرە نازیندووەکان جیاوازن، بە چ شێوەیەك لەگەڵ یەك جیاوازن. مۆسیقاران، هونەرمەندان، یاریزانانی بیس باڵ، ڕابەرانی سیاسیی، خوێندکارانی زانکۆ، باوکان‌و دایکان، زاناکان، فێڵبازو تەڵەکەبازەکان‌و پۆلیس ـ هەمووماں لەسەرانسەری ژیاندا شتانێك دەربارەی ژینگەی خۆمان لەسەر بنەمای ئەو ڕیزبەندیانەی لە کردەی بەرامبەرەوە لەگەڵ کەسانیتر فێری بووین، پێویست دەکەین.



ڕۆڵ، ڕیزبەندیەکە ئێمە لەپێناو تێگەشتنی ئەو بارودۆخانەی ڕوبەڕوویان دەبینەوە سودی لێ وەردەگرین. ڕۆڵ، کۆمەڵێك چاوەڕوانییە کە تاکەکان لە کەسێك لە شوێنێکدا لەناو بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیدا هەیانەو دەیبینن. ئەگەر تۆ فەرمانبەری وەرگرتنی بلیت بیت، من چاوەڕێ دەکەم داوام لێ بکەیت بلیتەکەم تەسلیم بکەم، ئەگەر فرۆشیارێك بیت لە سینەمایەکدا شیرینی‌و شەربەتت دانابێت، من چاوەڕێ دەکەم لێم بپرسیت چیم دەوێت، ئەگەر لە ساڵۆنی سینەماکەدا دانیشتبێتیت‌و سەرقاڵی تەماشای فیلم بیت، چاوەڕوانم بێدەنگ بیت. ئەگەر سکرتێرەی عیادەی دکتۆربیت، چاوەڕوانم پێم بڵێیت کەی دەتوانم دکتۆر ببینم، ئەگەر پەرستاری نەخۆشخانە بیت، چاوەڕوانم یەك ڕیز پرسیارم لێ بکەیت، خۆ ئەگەر پزیشکیش بیت، چاوەڕوانیم لێت ئەوەیە کە ڕێزی جەستەم بپارێزیت. هەر کۆمەڵە چاوەڕوانی‌و ڕۆڵێك (role expectations) کە من بۆ کەسانی ترو بۆ خۆم هەمە هەوڵێکە بۆ ڕیزبەند کردنی تاکەکەسەکان. ڕیز بەندکردن یارمەتیان دەدات کە بزانین پێویستە چی بکەنن، یارمەتی من دەدات بزانم ئەوان چی دەکەن، منیش لەبەرامبەر ئەواندا دەبێ چی بکەم. ئەم جۆرە چاوەڕوانیانە بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانمان.

## چەمکی گشتاندن

ڕیزبەندیکردن بەشێکی جیاکراوەیە لە ژینگەی ئێمە کە ئێمە تێبینی دەکەین. ئێمە لەگەڵ بینینی نموونە تایبەتەیەکان کە لەو ڕیزبەندیەدا جێگیربوون‌و بە جیاکردنەوەی تایبەتمەندیە هاوبەشەکان کە وادێتە بەرچاو ئەو نموونانە لەڕیزبەندکردن دیاری دەکەن، لە نموونەی ئەو بابەتانەی هێشتا نەبینراون‌و ڕەنگە لە داهاتوودا بیانبینین، ئەو ڕیزبەندیە گشتاندن دەکەین. ئێمە دەبینین کە باڵندەکان هێلانە دروست دەکەن‌و وای دادەنێین کە هەموو باڵندەکان بە چڵی دارەکان هێلانە

دروست دەكەن (لەخۆگری هەموو باڵندەكان جگە لە سنگ سورەكان‌و چۆلەكەكان كە بینیومانن). ئێمە بەردەوام دەبین لە بینین‌و زۆرشت تێبینی دەكەین كە باڵندەكان لە كەرەستەیتر جگە لە چڵی دارەكان بۆ دروستكردنی هێلانە كەڵك وەردەگرن، ئەوەیش فێر دەبین كە هەندێ باڵندە هێلانە دروست ناكەن بەڵكو چاڵ هەڵدەكەنن. بەزۆری گشتاندنەكانی ئێمە تێكەڵەیەك لەبینین و فێربوون لەكەسانیترە: ئێمە فێر دەبین كە دەوڵەمەندەكان بەزۆری ئۆتۆمبیلی مارسیدز سواردەبن‌و فەرمانبەرانی پۆلیس ئاسایی چەكیان پێیە. لەسەر بنەمای گشتاندن دەربارەی ریزبەندیەك، دەتوانین زۆر رووداوی داهاتو لەو بابەتانەی كە ئەو ریزبەندیە بەكار دەهێنرێت، پێش بینی بكەین. كاتێك كەسێكی دەوڵەمەند دەبینین، چاوەڕوانین كە ئۆتۆمبیلی مارسیدز بینین (یان ئۆتۆمبیلێكی دی كە شایانی بەراوردكردن بێت لەگەڵی)، وەكاتێك فەرمانبەرێكی پۆلیس دەبینین، چاوەڕوانین چەك ببینین. ئەمە هەمان گشتاندنە.

گشتاندن ریزبەندی وەسفدەكات. گشتاندن دەربڕینێكە كەچەندین شتی ناو ریزبەندی دیاری دەكات‌و چونییەكەكان‌و جیاوازییەكان لەگەڵ ریزبەندییەكانی دی پێناسە دەكات. "كەسی خوێندەوار بەم جۆرەیە! " (بە بەراورد لەگەڵ ئەو كەسەی خوێندنی تەواو نەكردووە). "ئەمە ئەو كارەیە كە كەسانی دەوڵەمەند ئەنجامی دەدەن تا دڵنیابین ئێمتیازاتەكانیان دەگات بە منداڵەكانیان." "ئەمە ئەو شتەیە كە سەرۆكایەتی كۆماری ئەمەریكا تیادا بەشدارن." "ئەمە ئەو شتەیە كاتۆلیكەكان بڕوایان پێیەتی".

بەهەمان شێوە دەبینین، گشتاندن هەندێ جار لە وەسفی ریزبەندی زیاتر دەڕوات، هەروەها فاكتەری دەركەوتنی چۆنییەتیەكی تایبەتیش روون دەكاتەوە. واتە گشتاندنی ریزبەندی بە زۆری بەیانی فاكتەر دەبێت. "یەهودیەكان بەهۆی كەمایەتی بوونیانەوە لە كۆمەڵگای رۆژ ئاوادا دەبارەی بابەتە كۆمەڵایەتییەكان



لیبراڵن." "سەرۆكایەتی كۆماری ئەمەریكا پیاوە چونكە..." "دەوڵەمەند منداڵەكانی خۆیان دەنێرنە قوتابخانەی تایبەتی‌و نمونەیی لەبەرئەوەی ..."

كەوابوو، مرۆڤەكان ناوچەو ژینگە خۆیان بە بەكارهێنانی وشەكان ریزبەندی دەكەن. ئەوان لەسەر بنەمای بینین‌و فێربوون، چەندین بیروباوەڕ دەربارەی ئەوەی كە چ چۆنییەتیەك لەگەڵ ئەو ریزبەندیانەدا لە پەیوەندیدان، بەدەست دێنن. هەروەها ئەوان دەربارەی ئەوەی بۆچی ئەو تایبەتمەندیانە دروست دەبن، بیروباوەڕان لا دروست دەبێت. مەبەستمان لە گشتاندن ئەو بیروباوەڕانەیە كە چۆنایەتیەكان وەسف دەكەن كە پەیوەستن بە ریزبەندیەكەوەو ئەو بیروباوەڕانەی كە رونی دەكەنەوە كەبۆچی ئەو چۆنییەتیانە بوونیان هەیە.

## وێناكردن لەچوارچێوەیەكدا

گشتاندن دەربارەی تاكەكان رەنگە بە دژواری بێ كەم و كوڕی بێت، هۆكاری سەرەكی ئەوەیە كە ئێمە خواستمان بۆ هەڵسەنگاندن‌و بەراورد كردن هەیەو بەزۆریش بۆ ئێمە گشتاندن بۆ هەڵسەنگاندن (مەحكومكردن یان پیاهەڵدان)ی كەسانیتر زۆر ئاسانترە تا بۆ تێگەشتنیان. كاتێك ئەم كارە دەكەین گیرۆدەی وێناكردنێكی دیاریكراو (لەچوارچێوەیەكدا)دەبین.

وێناكردنی دیاریكراو (لەچوارچێوەیەكدا)جۆرێكە لە ریزبەندكردن. وێناكردنی دیاریكراو (لەچوارچێوەیەكدا) ریزبەندیەك‌و كۆمەڵەیەكە لە گشتاندنەكان كە بەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە دیاری دەكرێت:

1– گومانی دیاریكراو (لەچوارچێوەیەكدا)رەخنەگرانەیە. دیاریكردنی وێناكردنی دیاریكراو (لەچوارچێوەیەكدا)هەوڵدان نییە بۆ تێگەشتن، بەڵكو هەوڵە بۆ مەحكوم كردن یان پیاهەڵدانی ریزبەندی. وێناكردنی دیاریكراو

(لەچوارچێوەیەکدا)هەڵسەنگاندنی بەهاکان دەکاتو رەگی سۆزداری بەهێزی هەیە. لەبری وەسفکردنی جیاوازیە سادەکان، هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی ئەو جیاوازیانە دەخرێتە روو. تاکەکان بەهۆی ئەم ریزبەندیەوە باش یان خراپ لەبەرچاو دەگیرێن.

2– وێناکردنی دیاریکراوی (لەچوارچێوەیەکدا)، ئاسایی ریزبەندیەکی رەهایە، واتە لەنێوان ئەوکەسانە کە لەناو ریزبەندیدانو ئەوانەی لە دەرەوەن جیاکاریەکی بەرچاو دیاری دەکات. کەمێك زانین لەئارادایە کە ریزبەندی رێنومابییە بۆ تێگەیشتنو ئەوەی کە لە راستیدا، زۆرێك لە کەسەکان لەناو ریزبەندیەکەدا دەبن کە شاز لەهەر گشتاندنێکن.

3– وێناکردنی دیاریکراو (لەچوارچێوەیەکدا)ریزبەندیەکە هەموو ریزبەندیەکانیدی لە زەینی بینەردا دەخاتەژێر کاریگەریەوە. هەموو ریزبەندیەکان کە تاك پێیانەوە پەیوەستە، لەبەرچاو ناگیرێت. وێناکردنی دیاریکراوی مرۆڤی سادەو تاك رەهەندی لەبەرچاو دەگرێت کە تەنها بە ریزبەندیەکی گرنگەوە پەیوەستە. لەراستیدا، هەمووان لەریزبەندیە جیاوازەکاندا جێگیر دەبن.

4– وێناکردنی دیاریکراو (لەچوارچێوەیەکدا)لەگەڵ دەرکەوتنی بەڵگەو بینراوە نوێکان گۆڕانی بەسەردا نایەت. کاتێك تاك بە وێناکردنی دیاریکراو (لەچوارچێوەیەکدا)رازی دەبێت، بەریزبەندیو بیروباوەڕی پەیوەندارە بەو وێناکردنە رازی دەبێت و دوای رازیبوون ئیتر ناخوازرێ گۆڕانی بەسەردا بێنێت. وێناکردنی دیاریکراو (لەچوارچێوەیەکدا)لەدوای رازیبوونو بۆ هاوشێوەی پاڵوێنەکەیەك دەگۆڕێت کە بەڵگەکان لەرێگەیەوە قبوڵ یان رەفز دەکرێنەوە.



5– وێناکردنی دیاریکراو (لەچوارچێوەیەکدا)بەگشتی بەشێوەیەکی ورد دروست نابێت. وێناکردنی دیاریکراو (لەچوارچێوەیەکدا)یان بەشێوەی کولتووری فێر دەکرێتو تاك بەسادەیی وەری دەگرێت یان وەرگرتنێکی نەشیاو بۆ رەخنەیی دیاریکراوی ئەژمار کراوی ئەزموونی تاکەکەسی تایبەت دەبێتە هۆی دەرکەوتنی.

6– وێناکردنی دیاریکراو (لەچوارچێوەیەکدا)دەبێتە بەربەستی گەڕان بۆ تێگەشتنی جیاوازی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر.

وێناکردنی دیاریکراو (لەچوارچێوەیەکدا)لە بری ئەوەی بەدوای تێگەیشتنی هۆکاری بونی چۆنایەتیەکی دیارکراو لەدەستەیەکی تایبەت لەکەسەکاندا بێت، لەسەر زێدەڕۆیی کردن دەربارەی جیاوازییەکان و هەڵسەنگاندنە بەهاییەکان دەر بارەی ئەو جیاوازیانە، تەرکیز دەکات. بەزۆری گریمانەیەکی ناوەکی بوونی هەیە کە "ئەم مرۆڤانە بەم جۆرەن." ئەمە بەشێکی "سروشتی" ئەوانەو بە رواڵەت هۆکارێكو بەڵگەیەك بوونی نییە کە هەوڵبدەین فاکتەری جیاوازییەکان زیاتر لەمە بزانین.

وێناکردنە دیاریکراوەکان (لەچوارچێوەیەکدا)روانینە زیاد لەرادە سادەکان و زێدەڕۆییەکانی راستین. ئەوانە بەتایبەت بۆ ئەو کەسانە سەرنج راکێشن کە هەڵسەنگاندنی بەهایی دەربارەی کەسانیتر دەکەنو ئەوانەی کە جیاوازن لەخۆیان مەحکوم دەکەن. لەم جۆرە گومانانە بۆ بەڵگاندنی جیاوازی نەتەوەیی، جەنگو کوشتاری رێکخراوی گروپی تاکەکان سودی لێوەرگیراوە. ئەم وێناکردنانە بەهیچ جۆرێك لە شیکاری ورد و رێکخراوەوە سەرچاوە ناگرن، بەڵکو لە پروپاگەندەو کولتوور سەرچاوە دەگرنو لەبری ئەوەی کە یارمەتیمان بدەن لە تێگەشتنی مرۆڤەکان، هەمیشە رێگری تێگەشتنی راستو دروستن.

جیاوازی وێناکردنی دیاریکراو (لەچوارچێوەیەکدا) لەریزبەندی ورد هەمیشە ئاسان نییە. ڕەنگە باشتربێت کە ئەم وێناکردنانە و وێنەکانیان بەشێوەی دوو ئاستی کۆتایی لەسەر پاشکۆیەك لەبەرچاو بگرین. لەراستیدا، زۆربەی ریزبەندیەکان نە تەواو راستو دروست و نە نموونە تەواوەکان گومانە دیاریکراوەکانن. بۆیە، نمرەکانی ئەم وێناکردنانە هەیە کە دەبێ ئێمە بیناسین:

| **ریزبەندی ورد** | **وێناکردنی دیاریکراو ( لەچوارچێوەیەکدا )** |
| --- | --- |
| وەسفی | بەهایی |
| شازەکان | بەبێ جیاوازی |
| یەکێك لە شتە فراوانەکان | ریزبەندی کۆمەڵو ڕەها |
| بە دەرکەوتنی بەڵگەی نوێ دەگۆڕێت | بەڵگەی نوێ رەفز دەکاتەوە |
| بەشێوەیەکی ورد بەدی هاتووە | بەشێوەیەکی ورد بەدی نەهاتووە |
| ئارەزومەند بەهۆکار | بێ ئارەزوو |

سەرەنجام وەك چۆن جەختمان لێکردەوە، وێناکردنە دیاریکراوەکان، رەخنەییانەن. ئامانجیان سادەکردنی ریزبەندی تاکەکانە تا بزانین کە کام لە گروپەکانی خەڵك باشنو دەبێ لەکام گروپانە دورکەوینەوە یان مەحکومیان بکەین. ئەمە پەیوەندی نێوان گومانی دیارکراو و دەمارگیریە. دەمارگیری روانینێکە بەرامبەر بە دەستەیەك لە تاکەکان کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەنجامدەری کردە لە دژی ئەوانەی لەو دەستەدان، جیاوازی بکات. هەمیشە ریزبەندی (بەهایی، رەها، ناوەندی، نەشیاو بۆ نەرمی نواندن، کولتووریو نائارەزومەندی بەهۆکار)ە. کاتێك بکەرێکی دەمارگیر کەسێك لە ریزبەندی دیاری دەکات چەندین بابەت دەربارەی ئەوکەسە بەراست دەزانێتو لەوان بێزاری دەردەبڕێت و ئەنجام وەلامێکی نێگەتیڤە.



کاتێك بەشێوەیەکی نیگەتیڤ بەرامبەر بەو تاکە رەفتار بکات، بەڵگەهێنانەوەیەکی ئامادە بوونی هەیە: وێناکردنێکی دیارکراو ("من جیاوازی بەڕەوا دەزانم، چونکە ئەوان بەو جۆرەن! ") گومانە دیاریکراوەکان سادە کردنەوەی زیاد لەئاستی راستیە، ئەوانەش هەم پێکهاتە توخمە سەرەکیانی دەمارگیرینو هەم بەڵگەهێنانەوە بۆی. بەدبەختانە، ئەم گومانە هەروەها وەکو کۆمەڵەیەك لە چاوەڕوانی رۆڵ بۆ کەسانێ کە لە ریزبەندیدان کاردەکاتو بەزۆری ئەوکەسانەی کە بەرامبەریان هەڵسەنگاندنی نیگەتیڤ کراوە، دەکەونە ژێر کاریگەریەوە کە دەربارەی خۆیان بەهەمان شێوە هەڵلسەنگاندن بکەن.

## زانستی کۆمەڵایەتی: کاردانەوە بەرامبەر بەوێناکردنە دیارکراوەکان

ریزبەندی تاکەکانو گشتاندنی هۆشیارانە زۆر سەختە مەگەر ئەوەی هەولێکی زۆری بۆ بخەینەگەڕ. بەشێکی گەورە لە خوێندنی زانکۆ ئاشکراکردنو هەڵسەنگاندنی رەخنەگرانەی وێناکردنە دیاریکراوەکانە بەمەبەستی دەست گەشتن بە تێگەیشتنێکی باشتر لەراستی. هەر بەشەو بەشێوەی تایبەتی خۆی هەوڵدەدات خوێندکار فێر بکات تا دەربارەی ریزبەندیو گشتاندن وشیارتر بێت.

لەوێوە کە ئەم کتێبە لەسەر روانگەی کۆمەڵناسیو زانستی کۆمەڵایەتی جەختدەکاتەوە، ئەمەوێ پێتان بڵێم بە چ شێوەیەك زانستی کۆمەڵایەتی هەوڵدەدات بە ریزبەندیەکانو گشتاندنە وردەکان دەربارەی مرۆڤەکان ئێمە لە وێناکردنە دیارکراوەکان رزگار بکات. زانستی کۆمەڵایەتی پرۆسەی توێژینەوەیەکی رێکخراوەکە ئامانجی گومان کردنە لە زۆرێك لە گومانەکان و ئەو گشتاندنەیە کەئێمە بێ چەند و چون پێی رازی بوین. زانستی کۆمەڵایەتی هەموو کات سەرکەوتوو نابن. بابەتە جۆراوجۆرەکان و کەمتەرخەمی و تەنانەت بیرکردنەوەی خشتەدار بونیان هەیە کە

لە زانستێکی کەم یان لەلایەن ئەو زانایانەوە سەرچاوە دەگرێت کە تەنیا بەلایەنگریەکانو دەمارگیری خۆیان هەستیار نەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا، زانینی ئەم خاڵە گرنگە کە تەنانەت ئەگەر زانایان لە هەوڵدان بۆ وەسفێکی وردی واقیعیەت تووشی هەڵە بن، هەموو جەختکردنەوە و رۆحی زانستی کۆمەڵایەتی بە ئاراستەی کۆنترۆڵی لایەنگیریە کەسیەکان، ئاشکراکردنی گریمانە بێ بنەماکان دەربارەی تاکەکانو تێگەشتنی واقیعیەت بەشێوەیەکی بابەتی، تا ئەوپەڕی ئەگەرە. لێرەدا ئاماژە دەکەین بەدەستەیەك لەو شێوانەی کە زانستی کۆمەڵایەتی (بەوجۆرەی کە پێویستە) لە خولقاندنی ریزبەندیەکانو گشتاندنی ورد دەربارەی مرۆڤەکان لەبەرچاوی دەگرێت:

1– زانستی کۆمەڵایەتی هەوڵدەدات کە دەربارەی ریزبەندیەکانی تاکەکان هەڵسەنگاندنی بەهایی نەکات. ئێمە رازین بەوەی کە گشتاندن و ریزبەندیەکان نابێ بە مەحکومکردن یان وەسفکردنەکان سەرقاڵ بن، بەڵکو دەبێ رێنومایی هەستەکان بن. بیرکردنەوەی دیاریکراو جەختکردنە لەسەر تایبەتمەندیەکانی کەسانیتر کە ئێمە ئەو بەو تایبەتمەندیانە رازی نین  یان جەختکردنە لەو تایبەتمەندیانەی کە وەکو تایبەتمەندیەکانی خۆمانو پێی رازین. وتنی ئەوەی کە دەستەیەك لە تاکەکان تەمەڵن خشتەیەکە بۆ بیرکردنەوە، وتنی ئەوەی کە لە گروپێکدا رێژەی بێکاری بەرزترە لە گروپێکیتر، گشتاندنە. وتنی ئەوەی کە گروپێك زۆر دەوڵەمەند یان گروپێکی بێ بەهان، چوارچێوەی بیرکردنەوەیە، وتنی ئەوەی کە داهاتی ناوەندیی گروپێك بەرزترە لە گروپەکانیتر، گشتاندنێکی وردە. هەندێجار سنوربەندی لە نێوان وێناکردنی دیاریکراو و گشتاندن دەربارەی تاکەکان دژوارە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، ئامانجیان جیاوازە: گشتاندن تەواو هەوڵدانە لەپێناو تێگەشتنی کەسانیتر، بیرکردنەوەی چوارچێوەیی، واتە وەلانانی تێگەشتن بۆ ئەوەی کە لە بەرامبەر



کەسانیتردا هەڵوێست وەربگرین و بەزۆری هەڵوێستی ئێمە نیگەتیڤە. چوارچێوەی بیرکردنەوە، تاکەکەس لە تێگەشتنی واقیعیەت دوردەخاتەوە.

من بانگەشەی ئەوە ناکەم تاکەکان دەبێ لە هەڵسەنگاندنی بەهایی دەربارەی گروپە جیاوازەکانی خەڵك خۆ بەدور بگرن. ئێمە هەموومان چەندین بەهامان هەیە کە بڕوامان پێیەتیو کاتێك دەربارەی کەسانیتر لێکۆڵینەوە دەکەین دەبێ ئەوانە بە لەبەرچاو بگرین. من هەوڵدەدەم لەکەسانی توندوتیژ دور بکەومەوە، هەوڵدەدەم نەژادپەرستانو لایەنگرانی جیاوازی جنسی بگۆڕم. من دەربارەی ئەو خوێندکارانەی کە بەرهەمی کەسانی تر دەدزنو ئەو خاوەن کارانەی کە لەگەڵ کرێکارانو فەرمانبەرانیدا بەڕێزەوە هەڵسو کەوت ناکەن، هەڵسەنگاندنی بەهاییان بۆ بکەم. بەڵام ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنانە پێویستە بە وردیو راشکاویەوە شێوە بگرێتو تەنها کاتێك رێگە پێدراوە کە ریزبەندیەکانو گشتاندنەکان لە پرۆسەیەکەوە سەرچاوەیان گرتبێت کە ئامانجەکەی تێگەشتنە.  زانستی کۆمەڵایەتی واقیعی هەوڵدەدات هەڵسەنگاندنی بەهایی دەربارەی تاکەکان لە تێگەشتنی تاکەکان جیا بکاتەوە لەبەرئەوە ئەگەر هەردووکیان بەشێوەی هاوکات ئەنجام بدەین، چوارچێوەی بیرکردنەوە ئەنجامی نەشیاو بۆ خۆ لێ دور گرتن دەبێت. مەحکوم کردنی تایبەتمەندی دیاریکراو لە کەسانی تردا لەوانەیە کێشە نەبێت، بەڵام پێویستە لەسەر بنەمایی ریزبەندی بابەتی بێت نەك بیرکردنەوەو رامان لەچوارچێوەیەکدا. رەنگە ئامانجێك بۆ خوێندکاران ئەمەبێت کە بە ئاراستەی هێنانەدی هەڵسەنگاندنە بەهاییەکانە ئاگایانە هەوڵ بدەن.

2– ریزبەندیەکانو گشتاندنەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەگشتی رەها نین. زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەم گریمانەیە دەست پێ دەکەن کەگشتاندن بەرامبەر بە تاکەکان دژوارەو هەمیشە ئەگەری جیاوازیو لێدەرکردنەکان، بەزۆری بە رێژەیەکی زۆر، بوونیان هەیە. بەم پێیە، هەموو بێ بڕواکان بڕوایان بەخوا نییە.

بەڵام بەهیچ شێوەیەك هیچ شتێكی تر بوونی نییە كە بتوانین دەربارەی هەموو بی بڕواكان قسە بكەین. بۆیە رەنگە ئێمە بڕوامان هەبێت كە بێ بڕواكان بەگشتی خوێنەوارترن (بەڵام خاڵی تایبەت و شاز لێرەدانی بونی هەیە)، زیاتر پیاون تا ژن (بەڵام خاڵی تایبەت و شاز لێرەدانی بونی هەیە). بە لێكۆڵینەوەی وردی بێ بڕواكان دەتوانین دەست بدەینە چەند گشتاندنێك، بەڵام خاڵێكی هاوبەش نادۆزینەوە لەهەموویاندا جگە لە بێباوەڕی بەخودا. ئەم بابەتە دەربارەی هەرچینێك لە تاكەكان كە هەوڵدەدەین هەستیان پێ بكەین، راستە: ئەو كەسانەی كە خۆیان دەكوژن، ئەوانەی كە ئالودەی ماددەی هۆشبەرن، ئەوانەی كە توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان دەنوێنن، پیاوكوژە شارەزاكانو ئەو خوێندكارانەی كە خوێندنی زانكۆ تەواو ناكەن. ئێمە دەتوانین گشتاندن بكەین، بەڵام پێویستە وردتربینو دەبێ لە هەر ریزبەندیەكدا كە دەیخولقێنین، كەسە شاز و دیارەكان لەبەر چاو بگرین. گشتاندنی زانستی زیاتر بەگریمانە لەبەرچاو دەگیرێت تا رەها. كەوابوو دەتوانین بڵێین كە كەمتر لە 10٪ی لاوانی گەورە بەشێوەیەكی رێك و پێك مادەی هۆشبەری نایاسایی بەكاردەهێنن. لەلایەكی ترەوە، چوارچێوەیی بیركردنەوە بەخاڵی شازی كەمتر رازی دەبێت لەخۆگری دابەشكردنی نەشیاو بۆ نەرمی نەنواندنو رەها لەنێوان تاكەكانەو ئەو گریمانەمان دەداتێ كە هەر تاكێك لە ریزبەندیەكەدا چۆنییەتیەك كە دەستنیشانكراوە، هەیەتی. ("ئەمڕۆكە لاوان دەستەیەكن لەو كەسانەی ئالودەی ماددەی هۆشبەربوون") بانگەشەی ئەوەی كە یەهودیەكان دەوڵەمەندن" بیركردنەوەیە لە چوارچێوەیەكدا. پڕوپاگەندەی ئەوەی كە یەهودیەكان لە وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكاو لەچاو گروپە مەزهەبیەكانی تردا، پێگەی دووەمی خاوەنانی باڵاترینی ناوەندی داهاتی سەرانەیان هەیە، گشتاندنێكی وردە. ئەوكاتەی كەبۆ بەراوردكردنی تاكەكان لەئاستی نێوەنج سود وەردەگیرێت ئێمە دەبێت لەئەگەرەكان ـ گریمانەكان ـ سود وەربگرین: ئێمە دەزانین كە بەرەیەكی فراوان لە



داهاتە جۆراوجۆرەكان لەنێون یەهودیەكاندا بوونی هەیە، بەڵام ئاستە نێوەنجەكان بەرزتر لە زۆربەی داهاتەكانو كەمتر لە هەندێ داهاتەكانە. ئەوەی كە ئایا تاكێكی دیاریكراو كە یەهودیە دەوڵەمەند دەبێت بە ئاسانی شیاوی پێشبینی نییە: زۆربەی یەهودیەكان دەوڵەمەند نینو زۆرێكیان هەژارن.

زانستی كۆمەڵایەتی راستەقینە هەوڵدەدات دەستنیشانیبكات بە تەواوی چ ژمارەیەكی تایبەت لە ریزبەندیەكدا هەیە. ئێمە هەوڵدەدەین تایبەتیەكان بەشێوەیەكی وردتر دەستنیشان بكەین: بۆ نموونە، لەساڵی 1993 لە نێوان دانیشتوانی سپی پێست 11٪ هەژار بوون (89٪یان هەژار نەبوون)، هەروەها لە 33٪ دانیشتوانی ئەمەریكیە بەڕەگەز ئەفەریقیەكانو 29٪ دانیشتوانی ئەمەریكای لاتین هەژار بوون. ئێمە ئارەزومەند نین بڵێین كە "ئەمڕۆكە هەموو تەڵاق وەردەگرن" لەبری ئەوە دەتوانین بڵێین "ئەگەر رێژەی تەڵاق بە هەمان رادەی ئێستا بمێنێت، لەجێلی ئێستادا لەهەردوو هاوسەرگیریەك یەكیان بە جیابوونەوە كۆتایی دێت" (تاڕادەیەك رێژەی تایبەت بەرامبەر بە 50٪ بۆ هەر تاكێك كە تەڵاق وەردەگرێت، بوونی هەیە).

3– ریزبەندیەكان لە زانستە كۆمەڵایەتییەكاندا بۆ تێگەیشتنی تاك بەگرنگ لەقەڵەم نادرێن . گومانێكی دیاریكراو، خۆی نیشاندەری ئەوەیە كە بە شێوەیەكی زۆرەملێ ریزبەندیەكی دیاریكراو لەسەر ژیانی تاك باڵا دەستە. بەڵام رەنگە لەگەڵ كەسێكی هونەرمەندی لاو و زگوردی ئەمەریكی بەڕەگەز ئەفەریقی هەڵسو كەوت بكەین. رۆڵی هەركام لەم ریزبەندیانە لەوانەیە بۆ تاكەكەس گرنگ بێت یان نەبێت. بۆ هەندێ كەس پیاو بوون یان زگورد بوون یان هونەرمەند بوون زیاتر لە هەرشتێك گرنگە، بەلای كەسانی تری ئەمەریكی بەڕەگەز ئەفەریقی بوون گرنگە. بەلای ئەو كۆمەڵە لە ئێمە كە بیركردنەوەی دیاریكراوی نەژادیمان هەیە، هەمیشە ئەمەریكی بەرەگەز ئەفەریقی بوون گرنگە.

بەلای زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە، مرۆڤ لە زۆر ریزبەندیەکاندا جێگیر دەبێت کە هەندێ کات بەشێوەیەکی بەرامبەر پەیوەندیان لەگەڵ یەك هەیەو هەریەك گرنگییەکی تایبەتیان هەیە بۆ تاکەکەس خۆی. ئەم کاروبارە، جێگیرکردنی کەسەکان لە ریزبەندیە سادەکان لە جێگیر کردنی شتەکانیتر، لەوانە گیانلەبەرانیتر، زۆر دژوارتر دەکات. قسەوباسی خوازراو دەربارەی "شێوازی ژیانی هاوڕەگەزبازان" ئەم بابەتە بەچاکی روندەکاتەوە. لەکاتێکدا کەسانێك کە ئارەزومەندن هەڵسەنگاندنی بەهایی بەرامبەر بەکەسانیتر ئەنجام بدەن لەگرنگی ریزبەندی "هاوڕەگەزبازان" لەژیانی تاکدا جەخت دەکەنەوە، ئەو کەسانەی هەوڵدەدەن تاکەکان هەست پێبکەن، تێدەگەن کە ئەم ریزبەندیە بۆ هەندێك گرنگو بۆ کەسانیتر بێ بایەخە. ئەو کەسانەی کە هاوڕەگەزبازن لە دنیای کرێکار یان ناوەندیشدا ژیان بەسەر دەبەن، لە دنیای بازرگانی، پیشەسازی یان هونەری، کۆبوونەوەی شاری یان گوندنشینەکان، کۆبوونەوەی مەزهەبی یان نا مەزهەبی. ئەگەر بمانەوێت وردتر بین نابێ هەرگیز مرۆڤەکان لەیەك ریزبەندیدا جێگیر بکەین.

4– زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵدەدات لەڕێگەی بەڵگە کۆکراوەکان ریزبەندی و گشتاندن ئەنجام بدات. وێناکردنە دیاریکراوەکان (ئەوانەی لەچوارچێوەیەکی تایبەتدان) بەگشتی کولتوورین، واتە ئێمە ئەوانە لەو کەسانەی لە دەورووبەرمانن فێردەبین کە ئەوانیش لەسەر بنەمای ئەوەی لەکسانیتر وەریانگرتوە یان لەڕێگەی ئەزموونی کەسی (کە بەگشتی لەروانگەی بەرفراوانییەوە سنوردار، نارێك، شوێن کەوتەی دەمارگیریەکانی شەخسی و کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی نارەخنەگریانە بینراوە) فێربوون. زانست هەوڵدەدات یارمەتی گشتاندنی ورد، بە روناککردنی چۆنییەتی گشتاندن بدات. لەراستیدا، ئەوکەسانەی کە بەبیرکردنەوەی دیاریکراو سەرقاڵ دەبن بە دەگمەن بەوردی دەزانن کە ریزبەندی ئەوان لەکوێوە هاتووەو ئەوکاتەی ناچاردەبن دان بەوەدا دەنێن کە بەرێکەوت هەڵیانبژاردووەو یان پشت



بەستو بە ئەزموونی سنورداری ئەوانە. لەلایەکی ترەوە، زانایان دەبێت بەوردی بزانن گشتاندنەکانیان لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە. ئەوان دەتوانن ئاماژە بە بەڵگەو بینراوەکان بکەن کە بەرهەمی ئەو دیراسەیانەیە کەچەندین لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بۆ کراوە. زانایان ـ وەکو زۆرینەی رۆشنبیران ـ بڕوایان بە پرۆسەی فۆرمەلەبوونی هزرەکان هەیە (واتە چۆن دەگەینە ئەم هزرانە)، زۆربەمان (کە بەزۆری بە بیرکردنەوەی چوارچێوەیی سەرقاڵ دەبین) بەدەگمەن گومان دەکەین لەپرۆسەی کە لەڕێگەیەوە بە گشتاندنەکانمان گەشتوین، و لەڕاستیشدا بە تەواوی پێی رازی دەبین.

5– گشتاندنەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا شیاوی ئەزموونکردن و گۆڕانن، چونکە بەڵگەو بینراوی نوێ بەردەوام دیراسەو تاوتوێ دەکرێن. لەلایەکی کەوە، گومانە دیاریکراوەکان بێ چەندو چۆن پێی رازی دەبن. وێناکردنی چوارچێوەیی، ئەوکاتە پێی رازی بوین دەبێتە فاکتەری ئەوەی تاك تەنها بەبەڵگەیەك رازی بێت کەدوبارە جەخت لەو گومانە دیارکراوە دەکاتەوە. گومانی دیاریکراو لەبەرامبەر گۆڕانکاری دەوەستێتەوە. ئەوکاتەی باوەڕدەکەین کەسپی پێستەکان توانای زیاتری لەرەنگین پێستەکان هەیە، حەزو خواست پەیا دەکەین کە تەنها ئەو بابەتە دیاریکراوانە ببینین کەجەختە لەگومانە دیاریکراوەکانی ئێمە دەکەنەوە. ئەگەر بڕوامان وابێت سیاسەتمەداران بڕۆکراتە خۆ ویستەکانن، لەوکاتەدا ئارەزوومان دەبێت کە هەموو رابەرانی سیاسیی کە خۆویست نەبوونو کارەکان بە ئەنجام دەگەیەنن، لەبەرچاونەگرین. (بیرهێنانەوە: چینی "سیاسەتمەدار" ئەوە دەخاتەڕوو کە تاك بەبیرکردنەوەیەکی دیاریکراو سەرقاڵ دەبێتو نەك تەنیا بە گشتاندن، چونکە سیاسەتمەدار مانایەکی کەسێکی دەگەیەنێت کە شیاوی رێزی ئێمە نییە). لەوێوەکە ئامانج لە گومانە دیاریکراوەکان، مەحکوم کردن یان پیاهەڵدانی دەستەیەك لە کەسەکانە، هەڵسەنگاندنی بەڵگەو بینراوەکان دژوار دەبێت. گومانە

دیارکراوەکان لە زەینی بینەردا جێگیر بووەو ڕەنگی هەستی و سۆزداری بەخۆ دەگرێتو وەرگرتنو ڕازیبوون بە بەڵگەو بینراوەکان کە ڕەنگە ا پێچەوانەی بێت تاڕادەیەك دەکاتە شتێکی ئەستەم.

گشتاندن لە زانستی کۆمەڵایەتییەکاندا دەربارەی چینێك لە تاکەکان بە دەرکەوتنی بەڵگەی نوێ لەبەردەم هەڕەشەی گۆڕاندا دەبێت. هەرگیز گومان ناکرێت کە ڕاستی کۆتایی لەبارەی کەسەکانەوە دۆزراوەتەوە. گشتاندن هەمیشە وەك ڕێنیشاندەرێکی نادڵنیا بۆ تێگەشتن لەبەرچاو دەگرێت نەك چۆنییەتیەکی جێگیرو دڵنیا وەکو نوسراوێك کە لەسەر بەرد هەڵکەندرابێت.

کولتووری ئێمە فێری کردوین کە "ئەوانەی لەگەڵ یەکتر پەرەستینی خوا دەکەن لەلای یەکتریش دەمێننەوە" ئەمە گومانێکی چوارچێوەییە. ئێمە لە کاتێکدا باوەڕ بەمە دەکەین کە خۆمان لەنێوان کەسانێکدابین کە بەخوا پەرەستیەوە سەرقاڵن. لەنێوان زۆربەماندا خواستو حەزێکی زۆر بەهێز هەیە تا لەبەرامبەر گۆڕانی گشتاندنمان بەرامبەر بەوکەسانەی بەشێکین لەوان، خۆڕاگری بکەین. دیراسەی وردی گشتاندن لەوانەیە نیشانی بدات کەخواپەرەستی و پاڕانەوە لەگەڵ یەکتر ڕەنگە هیچ کاریگەریەکی لەپێکەوەبەستنی خێزانەکاندا نەبێت (یان لەوانەیە نیشانی بدات کاریگەری لەسەر هەندێك هەیە)، ئێمە بە ئەگەری زۆر دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەنجامدانی هەرکارێك لەگەڵ یەکتر لەلایەن ئەندامانی خێزانەوە، لەسەر سەقامگیری خێزان کاریگەری دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، گشتاندن بەبێ بیرکردنەوە پێویستی بەوەیە کە گشتاندنەکان تەنها وەك ڕێنیشاندانێکی ئەزموونی بۆ گەشتن بەڕاستی بزانین کە هەرکات بەڵگەو بینراوی نوێ دەرکەوێت دەبێ گۆڕانی بەسەردا بهێنرێت. ئەوانەی کە بە بیرکردنەوەی چوارچێوەیی سەرقاڵ دەبن، ڕیزبەندیەکانمان زۆر گرنگ لەقەڵەم دەدەن: ئێمە ڕیزبەندیەکانمان زۆر زیاتر لەوەی کە شیاون پێی، بڕوایان پێ دەکەین.



6– ڕیزبەندی خۆی لەخۆیدا ئامانجی زانایان نییە. لەڕاستیدا، زانایان لەوڕووەوە ڕیزبەندی دەکەن کەبەدوای جۆرێکی تایبەت لەگشتاندن دەگەرێن: ئەوان بەدوای هۆکارەکاندا دەگەڕێن. لەزانستە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەمە بەو مانایە کە هەوڵدەدەین بزانین بۆچی چینێك لە تاکەکان بەگشتی تایبەتمەندیەکی دیاریکراوی هەیە. ئێمە دەربارەی توێژێك لە کەسەکان گشتاندن دەکەین تاباشتر تێبگەین چ شتێك فاکتەری بوونی ئەو تایبەتمەندیانەیە کە تایبەتن بەچینێکی دیاریکراو. ئێمە هەوڵدەدەین فاکتەری ئێسکیزۆفرنی هەست پێبکەین، بەڵام تەنها کاتێك دەتوانین دەستمان بگاتە وەها هەستێك کە تێبگەین چ شتێك توشبوانی ئێسکیزۆفرنی لە کەسانیتر جیادەکاتەوە. بە چ شێوەیەك ئەم دەستە لەتاکەکان لەگەڵ ئەوانیتر جیاوازن؟ ئێمە دەمانەوێت بزانین بۆچی هەژاری لەم کۆمەڵگایەدا بوونی هەیە. یەکەمجار دەبێ تێبگەین هەژاری چییە (واتە، هەوڵدەدەین ژیانی ئەو تاکانەی بە هەژاریان دەزانین، وەسف بکەین). ئەگەر ئەم کەسانە تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە ئەو تایبەتمەندیانە چییە. بە چ شێوەیەك ژیانی ئەوان لەگەڵ ژیانی کەسانی تردا جیاوازی هەیە؟ پاشان ئەم پرسیارە دەخەینە ڕوو کە چ شتێك ئەوانی پەلکێش کردووەتە هەژاریەوە؟

بۆ نموونە چ ژمارەیەك لەوان لەوخێزانانەن کە دایكو باوکیشیان هەژاربوون. چ ژمارەیەك لەوان دایك یا باوکێکی بەتەنیان. چ ژمارەیەکیان مندالن. چ ژمارەیەکیان بەرهەمی نوێ کردنەوەی پێکهاتەی کۆمپانیا گەورەکانن؟ چ ژمارەیەکیان لێهاتوویی کارێکیان هەیە کە چیدی جێی پێویست نییە؟ ئایا دەتوانین، لەڕێی دیراسەکانمان هەندێ لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی دیاری بکەین کە بۆتە هۆکاری هەژاری لەنێوان زۆربەی ئەم کەسانە یا تەنانەت کەمایەتی شیاوی سەرنج لەوان ؟ ئەمە ئەوشتەیە کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەگەران بەدوای تێگەیشتنییەتی.

ئەوانەی کە بیرکردنەوەیەکی دیاریکراویان هەیە بەزۆری بەدوای هۆکارەکاندا دەگەڕێن. ڕیزبەندی خۆی لەخۆیدا گرنگ دەبێت. بە بڕوای ڕاجر براون (189 -

181: 1965). ئەوەندە بەسە بڕوامان وابێت چۆنییەتیو تایبەتمەندیەکی دیاریکراو "بەشێکی سروشتی ئەوانە"و فاکتەرەکەی لەبەرچاو نەگرین. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر ژمارەیەك لە ئەمەریکیە بەڕەگەز ئیسپانییەکان، بۆ نموونە ئامادەیی تەواو نەکەن، ئەوکات زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەیانەوێت بزانن فاکتەرەکەی چییە.

کەوابوو، گشتاندنی راستەقینە لەزانستدا لەهەوڵی دەرخستنی ئەودایە کە بۆچی چۆنییەتیە دیارەکان ریزبەندیەك پێك دەهێنێتو بۆچی ئەوانە لەریزبەندیەکانی تردا کەمتر دەبینرێن. بۆچی لەناو ئەمەریکیەکاندا تاکگەراییەکی بەرچاو هەیە؟ بۆچی هەندێ لە تاکەکان زانکۆ تەواو دەکەنو هەندێکی تر تەواوی ناکەن؟ بۆچی ژنان لەپێگە بەرزەسیاسیو ئابوریەکان لەژیانی ئەمەریکیەکاندا بوونیان نییە. بۆچی ژمارەی ئەو تاکانەی کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا جوڵەی کۆمەڵایەتی روو لەدابەزینیان هەیە، زیادی کردووە؟ بۆچی رێژەی خۆکوشتن لەناو لاواندا روولە زیاد بوونە؟ لە هەریەك لەم بابەتانە ئێمە چینێك دەبینین، کەسانێ کە ئەو چینە پێکدەهێنن، وەسفی دەکەینو هەوڵدەدەین بیگشتێنین کە بۆچی تایبەتمەندیەکی دیار لەو چینەدا هەیە. بۆئەوەی هەڵسەنگاندن بکەین؟ نەخێر. ئایا دەربارەی هەریەك لە تاکەکان ئەو چینە، ئەم بابەتە راستە؟ نا. ئایا ئەمە تەنیا چینی گرنگە؟ نەخێر. ئایا چینێکی جێگیرو نەگۆڕە کە بەشێوەیەکی رەها لەنێوان گروپێكو گروپێکی تردا جیاوازی دروست دەکات؟ نەخێر. گشتاندنێکە کە دەتوانین بەبێ چەند و چون بە راستی بزانین؟ نەخێر.



## پوختەو دەرەنجام

هەندێجار خەڵك دەربڕینێکی ناراستیان بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. لە بیری نەکەین ئەو دەستە لە ئێمە کە بەبیرکردنەوەیەکی دیاریکراو سەرقاڵ دەبین، لەگەراندااین بەدوای بەڵگەو بینراودا بۆ پشت راست کردنەوە و جەخت لێکردنەوەی بیرکردنەوەی چوارچێوەی خۆمان. ئێمە لە بۆسەدا دانیشتوینو چاوەڕوانین پەلاماری ئەو بەڵگەیە بدەین کە بیروبۆچونمان پشت راست دەکاتەوە. (لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو بەڵگەو بینراوانەی کە جەخت لەسەر بیرکردنەوەی ئێمە ناکەن، لەبەرچاو ناگرین). تا زانستی کۆمەڵایەتی وردتر بێت، ئەو دەرەنجامەی کە زانایان بە دەستی دێنن، دەتوانرێت تاڕادەیەکی زۆر بەلارێدا ببرێت و بەهەڵە شرۆڤە بکرێت. بۆ نموونە بەڵگە گەلێك هەیە کە ئەمەریکیە بەڕەگەز ئەفەریقیەکان لە ئەزموونە ستانداردەکانی هۆش نمرەی کەمتر لە سپی پێستەکان دێنن. بۆ زانایەکی زانستی کۆمەڵایەتی ئەمە گشتاندنێکی دڵنیایی نییە، سەرسورهێنەرو پێویستی بە تێگەشتنی زیاترە. زانای زانستی کۆمەڵایەتی دەیەوێت بزانێت بۆچی وایە. هەربۆیە هەرجۆرە لایەنگیریەك کەئەگەری هەیە لەناو ئەزموونێکدا بێت و هەروەها بارودۆخی کۆمەڵایەتی کە پێدەچێت بەم جیاوازیەوە کۆتایی هاتبێت، لەبەرچاو دەگرێت. لێرەدا هیچ جۆرە گشتاندنێکی بە پەلەو رەها لە ئارادا نییە. لەهەرحاڵێکدا، ئێمە دەربارەی ئاستە ناوەندنییەکان قسە دەکەین. هیچ هەوڵێك لەپێناو مەحکومکردن یان بەرگریکردن لە گروپە نەتەوەییەکان یان بۆ پشت راستکردنەوە یا عەقڵانیکردنی نەژادپەرستی، شێوە ناگرێت. بەڵام بۆ نەژادپەرست ئەمە لەوانەیە هۆکارێکی تربێت کە سپی پێستان کەسانێکی باشترنو رەنگە لەوە بۆ بەهێزکردنی بیرکردنەوەیەکی دیاریکراو کەڵك وەربگیرێت. لەبەر ئەمەیە کە بەدبەختانە ئەو کەسانەی هەوڵ دەدەن ریزبەندیەکانی تاکەکان بەشێوەیەکی وردتر و بابەتیانەتر (وەکو زانایانی

کۆمەڵایەتی) هەست پێبکەن بە بینینی ئەو کەسانەی کە زێدەڕۆیی لەدەرەنجامی دیراسەکان دەکەن یان بە لارێیدا دەبەن تا لەگەڵ گومان و بیرکردنەوەی ئەواندا هاوئاهەنگ بێت، گیرۆدەی بێ هیوایی و ددودڵی دەبن.

بەرلەوەی لەبیری بکەین ئەم باسەمان لەکوێوە دەست پێکرد، جارێکی دی بەبیری دێنمەوە:

*** مرۆڤەکان گشتاندن دەکەن.**

*** ئێمە دەبێ گشتاندن بکەین.**

*** گرنگە گشتاندن بەشێوەیەك وردبکرێتو کاتی گشتاندنی تاکەکان، بۆئەوەی تێیان بگەین، دەبێ هەوڵبدەین لەبیرکردنەوەی دیاریکراو خۆمان بەدور بگرین.**

گشتاندنی تاکەکان دەبێ بەمەبەستی تێگەشتنیان بێت، گشتاندنەکانمان نابێت تەنیا وەك حەزو خواستەکان لەنێوان تاکەکاندا لەقەڵەم بدرێت . دەبێت وەکو گشتاندنی گشتیو نادڵنیا وەربگیرێن، ئێمەش دەبێ ئاگابین کە بە چ شێوەیەك بە گشتاندنەکانی خۆمان گەشتوینو هەمیشە گرنگی بەڵگەی بەهێزەکانمان لەبەرچاو بێت. گشتاندنەکان دەبێ سەرەنج بە ئاڵۆزی تاکیش بدەن و دەبێ ئێمەش هەوڵبدەین تێبگەین کە بۆچی تاکەکان جیاوازنو لەوکەسانەی کە تەنها بۆ مەحکوم کردنی تاکەکان، ریزبەندیان دەکەن، بەدگومان بین.

ئەو کۆمەڵە لەئێمە کە قوربانی بیرکردنەوەی چوارچێوەیین لەمەترسیەکانی گشتاندنی سستو لاوازو ناتەواو ئاگادارن. بیرکردنەوەی چوارچێوەیی دەربارەی گژوگیا یان تاشەبەرد یان ئەستێرەکان شتێکەو بیرکردنەوەی چوارچێوەیی شتێکی ترە. کاتێك کەئێمە دەربارەی خەڵك بە بیرکردنەوە دیاریکراوەکانی خۆمان سەرقاڵ دەبین، نائاگایی ئێمە بەگشتی کاریگەریەکی نیگەتیڤی لەسەر ئەو کەسانە هەیە کە بەشێکن لەو دەستە تایبەتە. ئێمە نادادپەروەرانە ئەوانە لە بارودۆخێکی ناسازگار جێگیر دەکەینو بوارێکی وەکو بوارەکانی تاکەکانیتریان پێنادەین، هەڵسەنگاندنی



ئێمە دەربارەی ئەوان لەسەر بنەمای بابەتە ناراست و ناتەواوەکان و پشت ئەستور بەبێزاریەکە کەبەرامبەر بەهەڵسەنگاندنی رەخنەگرانەیی گشتاندنەکەمان هەمانە.

تەنانەت ئەو کەسانەی لە ئێمە کەقوربانی نین هەندێجار هاوار دەکەن، "من مرۆڤم! ریزبەندیو دابەشم مەکە" ئێمە کەسانی مرۆین. هیچ کەس تەواو وەکو ئێمە نییە. بۆیە راستگۆییانە بڵێم، ئێمەش دەبێ بزانین ئەوانەی کە ئێمە ناناسن ناچاردەبن کە ئێمە ریزبەندی بکەنو ئەوانەی کە بەڕاستی دەیانەوێت مرۆڤەکان باشتر هەست پێبکەن بۆ ئەم کارە ناچار دەبن. ئەگەر ریزبەندی بە تەواوی شێوەی گرتبێت بۆ ئێمە کێشەیەك نییە، وە ئەگەر ریزبەندی پۆزێتیڤ بێت دوبارە بۆ ئێمە کێشە نییە. ئەگەر خوازەری کاربین، دەمانەوێت کە خاوەن کار ئێمە وەکو تاکێکی شیاوی متمانە، کارکەر، ئاگاو شارەزا، زیرەكو هاوتای کەسانیتر ریزبەندی بکات. لەراستیدا، ئێمە تەنانەت هەوڵدەدەین لە بارودۆخو پێگەی جۆراوجۆر بەجۆرێك خۆمان کۆنترۆڵ بکەین کە بتوانین لەسەر کەسانیتر کاریگەری دابنێین تا ئێمە لەریزبەندیە گونجاوەکاندا جێگیر بکەن: من خۆڕاگر، وشیار، هەستیار، خاوەنی توانایی وەرزشیو خاوەن بڕوانامەم. ئەوکاتەی من پێناسەیەك بۆ ناساندن بۆ خوێندکارانی زانکۆ دەنوسم، ئەو کەسە لە چەندین ریزبەندیدا دادەنێم بەشێوەیەك کە گۆرانی بێژ دەتوانێت ئەو شتەی دەربارەی ئەو چینە دەیزانێت بەسەر ئەو کەسەدا جێبەجێی بکات. دکتۆر لەوانەیە بە کەسەکان بڵێت "من پزیشکم" تا ئەوان دەربارەی ئەو وەکو کەسێکی رێزدار ببینن. کەسێك کە خۆی بە زۆردار دەناسێنێت پێمان دەڵێت کە کەسێکی توندوتیژە، ژەنیاری مۆسیقای رۆك پێمان دەڵێت ئەو بە توانایە، پیاوی ئایینی نیشانی دەدات کە سەرنج بەخەڵك دەدات ـ لە زۆرێك لەم بابەتانە ئەگەر ئێمە ریزبەندی بکرێین، هێندەش خراپ نایەتە بەرچاو. لەگەڵ ئەمەشدا، تاڕادەیەك بۆ هەموو ئێمە، ئەم ریزبەندیە نیگەتیڤە کە ئێمە خوازیارین لێی دوورەپەرێزبینو ئەمە ئاساییە: هیچ کەس نایەوێت لە گروپێکدا جێگیر بکرێتو

بەشێوەیەکی نیگەتیڤ هەڵسەنگاندنی لەبارەوە بکرێت بێ ئەوەی دەرفەتی هەبێت مرۆڤبوونی خۆی بسەلمێنێت.

بەڵام بەچاوپۆشین لەوەی کە ئەگەری هەیە چ هەستێکمان دەربارەی کەسانیتر هەبێت - مەبەست ئەو کەسانەیە کە ئێمە ریزبەندی دەکەن‌و ئەوەی دەیزانن بۆ تێگەشتنمان وەکو ئەندامێك لەو چینە بەکاری دەبەن - راستیەکەی ئەوەیە کە جگە لەبارەی ئەوکەسانەی کە بەباشی دەیانناسین، لەپاشماوەی مرۆڤەکان تەنها کاتێك دەتوانین تێیان بگەین کە ئەوان ریزبەندی بکەین‌و گشتاندنیان دەربارەوە ئەنجام بدەین و ئەگەر ئەم کارە بە وردی ئەنجام بدەین، دەتوانین زۆرشت سەبارەت بەوان بزانین، بەڵام ئەگەر نائاگابین ئەگەری هەیە توانایی تێگەیشتن و هەست پێکردنی ئەوان لەدەست بدەین و بەهەڵسەنگاندنە بەهاییە ناعەقڵانییەکان دەربارەی کەسەکان سەرقاڵ دەبین بێ ئەوەی دەرفەتمان بۆ ناسینی ئەوان لەبەردەستا بێت.

ئێمە نابێت بەناوی رەفتار لەگەڵ هەموو تاکەکان، گشتاندنە وردەکان پشت گوێ بخەین. هەر ئەندازە کە کەسێك شیاو بێت تا کەسایەتیەکەی لەبەرچاو بگیرێت، دیسانیش ئاگایی دەربارەی هەرشتێك - لەوانە مرۆڤەکان - تەنها لەرێگەی گشتاندنەوە ئەگەری هەیە. ڤایرۆسی HIV لەرێگەی گواستنەوەی لە شلەمەنییەکانی لەشەوە لەرێی پەیوەندی سێکسی، گواستنەوەی خوێن یان بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەوە پەرە دەسێنێت - ئەمە گشتاندنێکە ئەگەر چاوی لەئاستا ببەستین ئەگەری هەیە مەرگی بەدواوە بێت. مێژووی ئەمەریکییە بەرەگەز ئەفەریقی مێژووی جیاوازی ئاشکراو نهێنی لەلایەن کۆمەڵگای سپی پێستەوە بووە - ئەمە کلیلی زۆرێك لەو بابەتانەیە کە لە کۆمەڵگای ئەمەریکی ئەمرۆدا گرنگن. چینی بالاَ، زیاتر لە هەر چینێکیتر لە کۆمەڵگای ئەمەریکا، لە سیستمە سیاسییەکان، فێرکردن مافی تایبەتیان هەیە - ئەمە گشتاندنێکی گرنگە کە تاك لە سنورەکانی دیموکراسی ئاگادار دەکات. هیچ کام لەم گشتاندنە رەهایانە، نەشیاو بۆ نەرمی



نەنواندن، یان یا سەلمێنراو و دڵنیا نین و مەبەستی هیچ کامیان مەحکوم کردن یان بەرگری کردن لە هیچ دەستەو گروپێك نییە. ئەوانە گومانە دیاریکراو و چوارچێوەییەکان نین.

زانستە کۆمەڵایەتییەکان‌و کۆمەڵناسی وەکو یەکێك لە لقەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان - هەوڵێکە لەپێناو ریزبەندی‌و گشتاندنی مرۆڤەکان‌و کۆمەڵگا، بەڵام هەمیشە بەشێوەیەکی ورد، ئامانجەکەی رەدکردنەوەی بیرکردنەوەی دیاریکراو یا چوارچێوەییە. ئەمە بەمانای ناسینی ئەم راستیەیە کە گشتاندنی کەسەکان پێویست و نەشیاوە بۆ خۆ لێ دور خستنەوە بەڵام بیرکردنەوەی چوارچێوەیی یا دیاریکراو بەمشێوە نییە.

ئەگەر ناچاربین گشتاندن بکەین، دەبێت هەوڵبدەین ئاگادار و وردبین بین. بیرکردنەوەی دیاریکراو و چوارچێوەیی لەبەرژەوەندی ئێمەدا نییە، چونکە دەبێتە لەمپەر لەسەر رێگەی تێگەیشتن و هەست پێکردن و هیچ هاوکاریەکەی ئەو کەسانەیش ناکات کەبەشێوەیەکی دیاریکرا و چوارچێوەیی بیریان لێدەکەینەوە.

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینی خۆم دەرئەبرم بۆ هاوکاری و دڵسۆزی هەریەکە لە یاسین عمر ئیبڕایم کە هەستا بەخوێندنەوەی وەرگێرانە کوردییەکەو هەڵەبریکردنی. زایر محمد رەشید کە هەستا بەبەراوردکردنی چەند پەرەگرافێکی ئاڵۆزی دەقە فارسیەکە. کاروان عەبدولا صۆفی کە دیزانی بەرگی کتێبەکەی بۆکردین.

# بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری
# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
# ساڵانی (2008 ـ 2009)

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| 251. | هەرێمی کوردستان و تورکیا | مامۆستا جەعفەر | 2008 |
| 252. | پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی | عوسمان حەمە ڕەشید گوورون | 2008 |
| 253. | جلال الطالباني رجل القرار | حوار مع الفضائية العراقية | 2008 |
| 254. | لەکییە هاردییەوە بۆ گۆردن براون | سلێمان عەبدوڵڵا یونس | 2008 |
| 255. | دەسەڵاتی دادوەری | گۆران ئازاد حەمە گەمان | 2008 |
| 256. | جەنگی دەرونی | ئاراس فەریق زەینەڵ | 2008 |
| 257. | كركوك بموجب احصاء عام 1957 | قسم البحوث واستطلاعات الرأي | 2008 |
| 258. | مام جەلال جێگری سەرۆکی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال (ی. ن. ك) ئەندامی هەمیشەیی | مەکتەبی بیروهۆشیاری | 2008 |
| 259. | گۆڤاری نۆڤین ـ 13 ـ | | 2008 |
| 260. | پرۆژەی قانونی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی | کاوسێن بابەکر | 2008 |
| 261. | دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | د. ئەنوەر محەمەد فەرەج | 2008 |
| 262. | كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط | تأليف: فاضل رسول<br>ترجمة: غسان نعسان | 2008 |
| 263. | ئاشنابوون بەسۆسیال دیموکراتی | کارزان کاوسێن | 2008 |
| 264. | جیهانێکی دادپەروەر شیاوە | کارزان کاوسێن | 2008 |
| 265. | لێپرسراوێتی و خۆشگوزەرانی هاوبەش | کارزان کاوسێن | 2008 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 266. | پێ بەپێی مێژوو بەرەو بەهەشت | کاوسێن بابەکر | 2008 |
| 267. | كردستان والحقوق القومية للتركمان | د. مكرم الطالباني | 2008 |
| 268. | قەیرانەکانی دیموکراسی | نووسینی: رالف دارن دۆرف<br>و. لەئەڵمانییەوە:<br>ئیسماعیل حەمەئەمین | 2008 |
| 269. | قضية إبادة الأرمن امام المحكمة أو قضية طلعت باشا | ترجمة: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر | 2008 |
| 270. | ئیرلەندای باکوور | سلێمان عەبدوڵڵا یونس | 2008 |
| 271. | ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کوردو حکومەتەکانی عیراقدا | هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا<br>تاریق ڕەئوف محەمەد | 2008 |
| 272. | نوروز عيد الأمجاد ومفخرة الأحفاد | د. احمد عبدالعزيز محمود | 2008 |
| 273. | الكرد في تجارب الأمم وتعاقب الهمم | د. احمد عبدالعزيز محمود | 2008 |
| 274. | نیچەو مەسیحیەت | و: لەفارسییەوە:<br>مەسعود بابایی | 2008 |
| 275. | مێژووی قەدەغەکردنی کتێب لەکتێبخانەی گشتیی کەرکوکدا | حەمەدیان | 2008 |
| 276. | علميني يا كركوك كيف ابكيك | محمد شوان | 2008 |
| 277. | چوار ڕۆژ لەکوردستانی ئازاددا | موکەرەم تاڵەبانی | 2008 |
| 278. | مسألة إبادة الأرمن امام المحكمة ـ الطبعة الثانية | ترجمة: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر | 2008 |
| 279. | پرۆژە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی | سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم | 2008 |
| 280. | یەکگرتووی ئیسلامی لەنێوان ئیسلامیبوونو نەتەوەییبووندا | بەختیار عبدالرحمن | 2008 |
| 281. | پیسبوونی بینینو کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی | هەوراز محەمەد | 2008 |
| 282. | شارەزوورو لوڕستانی باکوور | د. حسام الدين نەقشبەندی | 2008 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 283. | خانی ـ شاعیرو بیرمەند، فەیلەسوفو سۆفی | پرۆفیسۆر. د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ | 2008 |
| 284. | زاراوەکانی کۆنفرانس | نەجاتی عەبدوڵڵا | 2009 |
| 285. | دەرکەوتنی ڕێکخراوی قاعیدە لەکوردستانی عیراقدا | یوسف گۆران | 2009 |
| 286. | سیاسەتی شیعەکان دەرهەق بەکەرکوكو فیدراڵی | ئارام رەفعەت | 2009 |
| 287. | مشكلة تقييد السلطة السياسية بالقانون | زانا رؤوف حمەكریم | 2009 |
| 288. | یاسای پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا | و. خەلیل عەبدوڵڵا | 2009 |
| 289. | سجالات عربية كردية | د. هەڵکەوت حکیم | 2009 |
| 290. | ئیدارەی کوردی ئاستەنگو ئاسۆی گەشەکردن | مامۆستا جەعفەر | 2009 |
| 291. | سۆسیال دیموکراسی (مێژوو، تیۆری، رەخنە) | د. ئەکرەمی میهرداد | 2009 |
| 292. | بیر ـ ئاوەز ـ زمان | فوئاد عەبدولڕەحمان | 2009 |
| 293. | مدينة إله القمر | تأليف: تمارا . إم. غرين<br>ترجمة: عبدالرزاق محمود القيسي | 2009 |
| 294. | ئەستێرەی سوور ـ بەشی یەکەم | بوار نورەدین | 2009 |
| 295. | ئەستێرەی سوور ـ بەشی دووەم | بوار نورەدین | 2009 |
| 296. | لەبارەی کوردو عیراقو چەند پرسێکی فکری و سیاسییەوە | نووسینی: شاکر نابولسی<br>و: عەدالەت عەبدوڵڵا | 2009 |
| 297. | هاریکاری نوێ | و: کارزان کاوسێن | 2009 |
| 298. | کاریگەری مافە سروشتییەکان لەسەرهەڵدانی شۆڕشدا | سەمەد زەنگەنە | 2009 |
| 299. | مێژووی بیری کوردی | مامۆستا جەعفەر | 2009 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 300. | بایەخی جیۆپۆلۆتیکی نەوتی پارێزگای کەرکوك | تارق کاکە رەش | 2009 |
| 301. | گەشتنامەی ئەسفەهانی بۆ ناوچەی شنۆو ورمێ و رەواندوز | و. لەئەڵمانییەوە: ماکسیمیلیان بیتنەر<br>پێشەکیو پێداچوونەوە: مامۆستا جەعفەر | 2009 |
| 302. | کۆمەڵگەی مەدەنی مێژوویەکی رەخنەگرانە | کامیل محەمەد قەرەداغی کردوویەتی بە کوردی | 2009 |
| 303. | بەرگریکردنمان لە قەڵای هەولێر ساڵی 1990 | عبدالرقیب یوسف هەینی قادر | 2009 |
| 304. | تاڵەبانی و جۆرج واشنتۆنی عیراق | خەلیل عەبدوڵڵا | 2009 |